# یوتۆپیا
## پاش پێنج سەدە




ئولریخ ئارنسڤالد
بلانگا پرات ڤالدیس
سۆنیا مۆکنی
ڤانیس شیل
ئەندرێیاس هێتسل و هانس پیتەر شیوت
نوسیویانە


Idea


لە ئەڵمانییەوە: پێشەوا فەتاح


### پێشەکی وەرگێڕ

ڕۆمانی «یوتۆپیا»ی تۆماس مۆر، هەتا ڕۆژگاری ئێستامان لێوانلێو لە ئاکۆکی ماوەتەوە، گرویەکان یەك لەوی دیکەیان جیاوازتر بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان بەکاریانهێناوە. چ ئەو هومانیستانەی کە وانەی تۆلێرانس دەخەنە پێشخانەوە، چ ئەو کۆمەنیستانەی کە هێڵیان بەژێر بنەمای یەکسانییەکەدا هێناوە. هیچ کام لەو تەفسیرانە بەڕاستی مرۆڤ ڕازیناکەن؛ ئەو گومانانەی کە ماونەتەوە لەوە زۆرترن. بەو شێوەیە خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەدا دەکەوێتە سەر تامی لەزەتێك، کە خۆی یۆتۆپیایەك بۆ خۆی دروستبکات. تۆماس مۆر، کوری جۆن مۆر، دادوەر لە دادگای شاهانە، ساڵی ١٤٧٨ لە لەندەن لەدایك بووە. وەك باوکی یاسائاسی خوێندووە و ئـەو ڕێچکەیە گەیاندوویەتی بە پلەی ڕاوێژکاری دەوڵەت، کە بەرزترین پۆستی سیاسیی ئەو سەردەمە بووە. ئەوەیش کە سەری خۆی پێ لە قوڕ ناوە دڵسۆزییەکەی بووە بۆ ئاینی کاتۆلیکی. کاتێك هاینریشی هەشتەم لە یەکەم ژنی جیابووەتەوە و ئاتا بۆلێنی خواستووە، تۆماس مۆر قبوڵی نەبووە. خەنجەری جەللاد ساڵی ١٥٣٥ کۆتایی بە ژیانی هێنا. کەنیسەش لەبەر دڵسۆزییەکەی ناوی وەك پیاوێکی موبارەك ڕاگەیاند.

یۆتۆپیا لە دوو بەشی جیاواز لە

یەك پێكهاتووە. بەشی یەكەم باس لە یەكتربینینی مۆر لەگەڵ دەریاوانێكی پرتوگالی دەكات، كە ناوی رافایل هیپلۆدۆیسە. ئەو سەرەتا پیاوی ئامێریگۆ ڤێسپۆچی بووە و پاشان ئەو دوورگەیەی دۆزیوەتەوە، كە دواتر باسی دەكرێت. (ئو = نا، تۆپۆس = شوێن، ئوتۆپیا = هیچكوێ یاخود ناشوێن).

لە بەشی دووهەمی رۆمانەكەدا رافایل باسی ئەو سەرنج و تێبینیانەی خۆی دەكات، كە لەو دوورگەیە كۆی كردوونەتەوە.

یۆتۆپیا لەڕاستیدا وەك بەریتانیا دوورگەیە، بەڵام لێرەدا بۆ مۆر هاویەشییەكانیان دەگەن بە كۆتایی، چونكە هەموو ئەو بەدخوویی و نایەكسانیانەی، كە ئینشتیمانەكەی بەدەستیانەوە دەناڵێنێت، بۆ یۆتۆپیایەكان شتێكی نامۆیە. بەم كتێبە مۆر ئاوێنە دەخاتە بەر دەمووچاوی هاوزەمەنەكانی خۆی: ئەجیبزادەكان، پیاوە ئایینییەكان و دەوڵەت، بەڵام پیاوە ئاساییەكانی سەر شەقامیش.

ئایا هۆكاری نایەكسان دابەشكردنی رسق و بارگرانی و تاوان لە كوێدایە؟ مۆر تەماحی مرۆڤ وەك سەرچاوەی هەموو خراپەكارییەكان دەستنیشاندەكات. مۆر لێرەدا هەڵوێستێكی مەسیحی دێرین و كۆمەنیستی وەردەگرێت. بە توندی رەخنە لە كۆششی مرۆڤ بۆ دەوڵەمەندبوون دەگرێت. وەك نموونەش، مەڕداری دەهێنێتەوە، كە لەو زەمەنەدا هەر دێتو لە زیادبووندایە، چونكە خوورییەكەیان پارە زیاتر فرێدەدات وەك لە كشتوكاڵ

و هەر بۆیە هەموو زەویە بەپیتەكان دەكرێن بە وێرانە و خانووەكانی ئاویان دەڕوخێنرێن و تەلبەند دەكرێن.

شتێكی دیكە لەو شتانەی كە گرپیان لە مۆر بەرداوە، ئەو گەلۆرانەن كە لەسەر كاری خەڵكی دیكە دەژین. مۆر ئەوەی حساب كردووە، كە دەكرێت رۆژێكی كار بۆ شەش كاتژمێر لە رۆژێكدا كورتبكرێتەوە، بەڵام لەكاتێكدا هەمووان لە بەرهەمهێناندا بەشدار بن.

ئەركی ئەوە بەسەر دەوڵەتدا دەدات خۆی لە جەنگ دوور رابگرێت و ناڵە و ئازار و مەینەتی كەمبكاتەوە: «بۆیە دەبێت ئەجیبترین خەمی پاشا ئاسوودەیی گەلەكەی بێت، نەوەك ئاسوودەیی خۆی.»

وەك سیاسەتمەدارەكانی ئەم سەردەمە، مۆریش لایەنگری ئاسانكردنێكی بنەڕەتی یاساكان دەكات. لەو رووەوە هەڵوێستی بەم شێوەیەیە: یاساگەلێك كە كەس پێیان ئاشنا نییە و لێیان حاڵی نابێت، مرۆڤ ناتوانێت پابەندیان بێت. لە فۆرمێكی تەواو مرۆڤدۆستانەدا مۆر پشتگیری لە ئازادی و تۆلێرانسی دینی دەكات، بەڵام لەلایەكی دیكەوە ئاتێیزم وەك ناجنسبوونێكی سروشتیی مرۆڤ رەتدەكاتەوە. پێنج سەد ساڵ لە پاش بڵاوكردنەوەی ئەو كتێبۆكەیەی، خۆزگەكانی تۆماس مۆر بە یۆتۆپیایی ماونەتەوە، بەڵام فكرە مرۆڤدۆستەكانی لە دڵی مرۆڤەكاندا رەگوریشەیان داكوتاوە. ئەگەرچی رۆمانی یۆتۆپیا هەتا ئێستا وەرنەگێڕدراوەتە سەر زمانی كوردی، بەڵام وەرگێڕانی

ئەم كۆمەڵە وتارە هەوڵێكە بۆ ناساندنی یەكێك لە كارە هەرە ناسراوە جیهانییەكان و كەشفكردنی ئەو مەرامانەی كە دەشێت لەپشت ئەو شاكارەوە هەبن. دیدی گەلێك جیاواز سەبارەت بە تۆماس مۆر هەن، لەكاتێكدا كەسانێك هەن، مۆر وەك پیاوێكی موبارەكی ئایینی دەبینن، خەڵكانی دیكەش هەن ئەو بە سەرەتای كۆمەنیزم ناوزەند دەكەن. بەو جەشنە ئەم پیاوە مرۆڤدۆستە میراتییەكی دووئادگارمان لەدوای خۆی بۆ بەجێدەهێڵێت.

**پێشەوا فەتاح**
**سلێمانی، ٢٠١٥\٢\٢**

## پێشەكی

(سەبارەت بە دەستووری نوێی دەوڵەت و دوورگە نوێیەكەی یۆتۆپیا، كتێبێكی بچكۆلانەی بەڕاستی زێڕین، كە چەند ئاسوودەبەخشە هێندەش دڵخۆشە)ی تۆماس مۆر، كتێبێكی كلاسیكۆی فەلسەفەی سیاسییە. ئەو كتێبە، كە ساڵی ١٥١٦ بۆ یەكەم جار بڵاو بووەتەوە، مۆركی خۆی لەسەر نەریتی بەرفراوانبوونی مۆدێلی دەوڵەتداری خەیاڵی بەجێهێشتووە، چ ئەوانەی كە مەرامی تیۆری و چ ئەوانەش كە مەرامی ئەدەبییان لەپشتەوە هەبووە، ئەو دوورگەیەیش كە مۆر خۆی ناوی لێناوە، بووەتە شاناوی هەموو خەیاڵە سیاسییەكان. هەر بەو هۆیەشەوەیە كە یۆتۆپیا مۆدێلی هەموو یۆتۆپیا پۆزیتیڤەكانی دەوڵەتدارییە. هێزی

ھروژانــدن و پێگە و کاریگەری مێژوویی ئەو شاکارە دەکــەن، بە یەکێك لە کاریگەرترین کتێبەکانی مێژووی هزری سیاسی.

ناوی (یۆتۆپیا) کە لە (ئو) و (تۆپۆس)ی زمانی یۆنانیەوە وەرگیراوە، گوزارشت لە (هیچکوێ) یەك دەکات، بەهۆی نەدۆزینەوەی ئەو شوێنەوە هەموو تامەزرۆیەك رووەو دووریــەك، کە دەست پێی نەگات، پەخش دەبێتەوە. کەواتە ئەوەی وەك یۆتۆپیا تەماشا دەکرێت، وێنایەکە کە لەڕاستیدا وەك ئایدیایەك بیری لێدەکرێتەوە، بــەڵام راستەوخۆ جێبەجێناکرێت. وەهەمێك، کۆنسێپت و نیگای جیهانێك یاخود زەمەنێکە، کە تیایدا یاساو رێسایەکی نوێی کۆمەڵایەتی، دینی یاخود تەکنیکی سەروەرە. هەتا کۆتایی جەنگی سارد لە سەردەمانی دوو جەمسەریی جیهاندا، هەم بەرهەمهێنانی یۆتۆپیا و هەم توێژینەوەی، لە لوتکەی بازارگەرمییدا بــوون. زنجیرەی نووسەرەکان لە ئادۆرنۆ و ئێسایا بەرلینەوە دەستپێدەکات هەتا رالف دارندۆرف، کارل پۆپەر و جێفگێنج سامجاتین، کە لەژێر ئەو ئاماژانەدا خۆیان بۆ گوزارشتی یۆتۆپیا تــەرخــان کرد، بەڵام لەو سەردەمەوە مەیدانی بەرهەمهێنانی یۆتۆپیا و توێژینەوەی لە دۆخی داڕووخانێکی هەمیشەییدایە، ئەگەرچی یورگن هابرماس هەر لە ساڵی ١٩٨٥ دا بە روونی لە دەرەنجامەکانی (ماندوویوونی وزەی یۆتۆپیایی) ئاگاداری کــردینــەوە. لــەویــادا دەڵێــت: «گــەر دوورگــە یۆتۆپیاییەکان وشکیان کرد، بیابانێك لە ئاچیزەیی و بێبۆقرەیی پەلدەهاوێت.»

ئەم نووسینەی بەردەستتان لە مشتوومڕێکی زانستی بــەرچــاو و گوێی گشتیدا دروســت بــوو، لەژێر ناونیشانی، «یۆتۆپیاکەی تۆماس مۆر و ژانری یۆتۆپیا لە فەلسەفەی سیاسیدا، کە لە ٢ هەتا ٤ی نیسانی ٢٠٠٨ی خایاند و لەلایەن ئینستیتیوتی فەلسەفەی زانکۆی کارلسرۆ بە هاوکاری ئینستیتیوتی توێژینەوەی کلتوری هایدلبێرگ سازکرابوو.» (ئینستیتیوتی توێژینەوەی کولتووری پەیمانگایەکی خۆبەخش و بێلایەنە، کە لەسەر بنەمای تۆڕێکی ئەورویی لە زانستکارانی لاو دامەزراوە).

ئامانجی سەرەکی مشتوومڕەکە ئەوە بوو، دیبەیتە کۆنەکەی جەنگی سارد زیندوو نەکاتەوە، بەڵکوو پتر ئەو پرسیارە بورووژێنێت، ئاخۆ بەچی شانس و هیوایەکەوە بۆ مشتوومڕی کۆمەڵگای سیاسیی، ئەمڕۆ دەتوانرێت کار لەسەر مۆدێلی دەوڵەتداری خەیاڵی لە دیموکراسی مۆدێرنی رۆژئاواییدا بکرێت.

لەسەر ئەو پاشخانە، لەو کۆڕەدا لێکۆڵینەوە و مشتوومڕ لەسەر پێکهاتە و کاریگەریی راستەوخۆی گوزارشتی «یۆتۆپیا» وەك فۆرمێکی فەلسەفەی سیاسیی ســەردەم، کــرا. بــەوەدا کە دیاریکردنی گوزارشتی یۆتۆپیا لە هەموو زەمەنەکاندا خاڵێکی دەستپێکی جێگیر تەنها لەناو نموونەی ئەدەبیی هەموو یۆتۆپیاکان، واتا لە یۆتۆپیاکەی تۆماس مۆردا دەدۆزێتەوە، هەموو بەشدارانی کۆڕەکە بە ئامانج دەگەڕانەوە سەر بابەتی یۆتۆپیاکەی تۆماس مۆر.

لە تۆماس مــۆرەوە وەك خاڵی دەستپێك هەڵسەنگاندنی گوزارشتی یۆتۆپیا لەلایەن نووسەرانی ئــەم کــارەی بەردەستتانەوە، لە چوارچێوەیەکی کلاسیکی فەلسەفەی سیاسییدا مشتوومڕکراوە، ئەویش بە ئامانجی دیاریکردنی لەباربوویی و سەردەمیبەتی ئەو گوزارشتە بۆ تێگەیشتن لە فۆرمی ژیانی سیاسیی ئەم سەردەمەماندا.

**کارلسرو، ١٤ی نۆڤێمبەری ٢٠١٠**

**ئولریخ ئارنسڤالد و هانس یێندەر شیوت**

**یۆتۆپیا سیاسییەکان ئەو تیۆرییە دەوڵەتداریانەن، کە وەسفی کۆمەڵگایەکی خەیاڵی و مۆدێلێکی دەوڵەتداری خەیاڵی دەکەن لەناو جیهانێکی تایبەت بە خۆیاندا**

# سەبارەت بە گوزارشت و واتای یۆتۆپیا لە فەلسەفەی سیاسییدا

ئولریخ ئارنسڤالد

هەتا «سۆسیالیزمێکی واقیعی» لە ئارادا بوو، کە مرۆڤ دەیتوانی بە پێچەوانەی خواستی باوکە زەمینییەکان وەك یۆتۆپیایەك کەرەتی سفری بکات، یاخود لە بەرخاتری لەباربووییە بۆزەتیڤە یۆتۆپیاییەکەی پارێزگاری لێ بکات، توێژینەوەی یۆتۆپیا لە ترۆپکی بازارگەرمی خۆیدا بوو. گوزارشتی یۆتۆپیا لە ململانێی ئایدۆلۆژیایی سەردەمی جەنگی ساردا خاڵێکی لەنگەرخستن بوو، کە شەڕێکی سەرسەختانەی لەسەر دەکرا. ئەوەش لەسەردەمی رووخانی دیواری بەرلین و کۆتایی دوو جەمسەری جیهانەوە کۆتایی هات. هەم بەرهەمهێنان و هەم توێژینەوەی یۆتۆپیا لە ساڵەکانی رابردوودا روویان لە کەمی کردووە. لەگەڵ رووخانی دیواری بەرلین و کۆتایی هاتنی بەرەنگار بوونەوەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا، تەنها کۆتایی سەردەمی یۆتۆپیا نا، بەڵکو هەمانکات لەلایەن فرانسیز فۆکۆیاماوە لە «کۆتایی مێژوو و دواهەمین پیاو»دا، کۆتایی مێژووش راگەیەندرا. بەپێی بۆچوونی فۆکۆیاما، لەرێی دیموکراسیەتی لیبراڵەوە جێکردنەوەی هەموو پەیوەندییەکانی کۆمەڵگا گەیشتووە بە ئاستێکی ئۆپتیماڵ، کە هیچ بەدیلێکی مێژوویی بۆ نییە و هەر بەوەش تمایشکاری دوا وشەی مێژووە.

لەو کەین و بەینەدا – لەپاش جەنگە نوێیەکان لەسەر رووبەری زەوی – رەنگە لەگەڵ ئۆپتیمیزمێکی هێندە خۆشباوەڕانەی فەلسەفەی مێژوو تەنها بزەیەکی ماندووانە بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا، خەریکە لە دوو دەیەی رابردوودا لێکۆڵینەوە لە یۆتۆپیا لەسەر سەحنی زانستی ئاسەواری بە تەواوی ون دەبێت.

لێرەدا زۆر بە کورتی کۆمەڵێك نموونە بۆ پروپاگەندەی کۆتایی سەردەمی یۆتۆپیا ناودەبرێن. لەسەر بەرگی تایتڵی کتێبەکەی بروس ئاکەرمان «دەستپێکێکی نوێ بۆ ئەوروپا لە پاش سەردەمی یۆتۆپیا»، ساڵی ١٩٩٣ دەنووسێت:

«یۆتۆپیا مەزنەکان گەیشتوون بە کۆتایی خۆیان. لە جەنگێکی جیهانی خوێناوییدا شۆڕشی فاشیستەکان هەرەسیانهێنا، پاشان – لە تەقینەوەیەکدا نا، بەڵکوو لە هەڵوەرینێکدا، فکری کۆمەنیزیم تێکشکا. ئێستا سەردەمی شۆڕشی راستەقینەی لیبراڵیزم سەری هەڵداوە.»

یوئاخیم فێست داوای کۆتایی «هەراوزەنای یۆتۆپیا» دەکات، کۆتاییەك کە لە نیگای ئەودا بە کۆتایی سۆسیالیزم وەك دواهەمین هەوڵی گەورەی یۆتۆپیا دەستپێدەکات:

«لەگەڵ سۆسیالیزمدا، لەپاش نازیزم، هەوڵێکی دیکەی گەورەی سەدە بۆ یۆتۆپیا شکستی هێنا. ئەوەی لەگەڵیدا کۆتایی دێت، ئەو بڕوا زیاد لە دوو سەد ساڵ کۆنەیە کە دەڵێت: «مرۆڤ دەتوانێت جیهان لەسەر وێنەیەکی بەرهەمهێنراو لە بنەچەوە بگۆڕێت.»

پاشان وەك دەرئەنجامی کۆتایی هەموو رێگاکان، دەڵێت:

«سیحری ئەو خواستە کاریگەری نەماوە، بەڵام ئەگەرچی مرۆڤ ناچاریش بێت لە دواڕۆژدا بەبێ هەراوزەنای یۆتۆپیاکان بژی، ناتوانێت ئەو ناڵەیەی کە بەدەست جیهان و ئەو بێسەبرییەش کە لەگەڵ مرۆڤەکاندا هەیە بە شانهەڵتەکاندنێك فەرامۆش بکات.»

هەروەها بۆ ئودۆ بێرمباخیش کۆتایی یۆتۆپیاکان سەری هەڵداوە. نزیك لە تێزەکەی فۆکۆیاماوە لەسەر کۆتایی مێژوو، ئەم نووسەرەش هیچ زەرورییەتێك نابینێت بۆ جیهانگۆڕینێکی شۆڕشگێڕانە:

«ئێمە لە سەردەمی پاش شۆڕشەکانەوە دەژین – بەو شێوەیە لەم سەردەمانەدا فکری یۆتۆپیا بەرەو گۆڕ هەڵدەگیرێت، لانی کەم وا دەردەکەوێت. لەپاش ئیفلاسی دارایی و سیاسیی ئەو سۆسیالیزمەی کە بە «سۆسیالیزمی واقیعی» ناوزەند دەکرێت، فکری ئەوەی کە گوایە جیهان پێویستی بە هەڵەچنێك هەیە و ئەوەشی لەباردایە، چیدیکە ناتوانرێت وەك شتێکی سروشتی تەماشابکرێت.»

هەر لەبەرئەوە بێرمباخ بە بەڵگەی حاشاهەڵنەگرەوە دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە ... «فۆرمی یۆتۆپیا، خزمەتی خۆی لە دیزاینی چەند مۆدێلێکی کۆنکرێتی رێکخستنی داهاتووی کۆمەڵگادا تەواو کردووە.»

بە پێچەوانەوە هێرفرید مونکلەر لەراستیدا کۆتایی یۆتۆپیا دەبینێت، بەڵام دەیەوێت لانی کەم ئەوەیش، کە کەمێك یۆتۆپیا لە خۆ دەگرێت، رزگار بکات:

«واتا، ئەگەرچی یۆتۆپیا ئاینلەیەکی نەمایێت، کنومت لەبەرئەوەیە ئەوەی یۆتۆپیاییە ئاینلەی هەیە. لەڕاستیدا دەبێت دان بەوەدا بنێین کە بەراورد بە یۆتۆپیا، ئەو شتانەی کە یۆتۆپیایین لە رێکخراوی و دەقیقیدا کەموکوڕن ...»

ئەم هەڵبژاردەیەی بەردەستتان نایەوێت دییەیتە کۆنەکەی جەنگی سارد زیندوو بکاتەوە، بەڵکوو پتر دەیەوێت ئەو پرسیارە بوروژێنێت، ئاخۆ بەچی شانس و هیوایەکەوە بۆ مشوومڕی کۆمەڵگای سیاسی، ئەمڕۆ دەتوانرێت کار لەسەر مۆدێلی دەوڵەتداری خەیاڵی لە دیموکراسی مۆدێرنی رۆژئاواییدا بکرێت. ئایا مرۆڤ دەتوانێت ئەو تێزە مۆدێرن و لیبراڵانەی کە لە میدیای جیهانیدا دەنگیان داوەتەوە، ئەسڵەن بخاتە چوارچێوەی یۆتۆپیاوە؟ بۆ نموونە: تیۆری عەدالەتی جۆن راول، ئانارخی، دەوڵەوت، یۆتۆپیای رۆبێرت نۆزیك یاخود فەزاکانی عەدالەتی میخایل ڤالتسەر یان ئێلێمێنتە خەیاڵییەکان تیایاندا هێندە لە واقیعەوە نزیکە بە جۆرێك، کە مرۆڤ چیدیکە نەتوانێت بە ئاوەڵناوی یۆتۆپیایی وەسفیان بکات؟ ئایا ئەسڵەن پێویستیمان بە یۆتۆپیا هەیە تاوەکو لە تواناماندا بێت مۆدێلگەلی نوێی رێکخستنی سیاسی کۆمەڵگایەك بەرهەمبهێنین کە خاوەنی توانستی ئاینلەیی بێت؟ یان فەلسەفەی سیاسی بە جۆرێك تێروتەسەلە کە تەنانەت لەژێر فشاری گۆڕانکاری بەجیهانیبوونیشدا، دەرفەتەکانی تەشەنەکردنی مۆدێلی پۆزەتیفی دەوڵەتداری هێند سنووردارن، کە مرۆڤ ناتوانێت لە ئاینلەیەکی نزیکدا حساب بۆ یۆتۆپیای نوێی دەوڵەتداری بکات؟

زۆرێك لە بەشەکانی ئەم نووسینەی بەردەستتان کنومت بەشوێن ئەو پرسیارەدا دەڕۆن. لەگەڵ ئەوەشدا وا دەردەکەوێت سەرچاوەی سەرەکی، کە هەمووان دەگەڕێنەوە سەری، تۆماس مۆر بێت. کتێبی (سەبارەت بە دەستووری نوێی دەوڵەت و دوورگە نوێیەکەی یۆتۆپیا، کتێبێکی چکۆلانەی بەڕاستی زێڕین، کە چەند ئاسوودەبەخشە هێندەش دڵخۆشە)ی مۆرکی خۆی لەسەر نەریتی بەرفراوانبوونی مۆدێلی دەوڵەتداری خەیاڵی بەجێهێشتووە، چ ئەوانەی کە مەرامی تیۆری و چ ئەوانەش کە مەرامی ئەدەبییان لەپشتەوە هەبووە، ئەو دوورگەیەیش کە مۆر خۆی ناوی لێناوە، بووەتە شاناوی هەموو خەیاڵە سیاسییەکان.

لە بەشی یەکەمی ئەم کارەدا، کە چوارچێوەیەکی بابەتی بۆ باسکردنی راستەقینەی یۆتۆپیا دەخاتەروو، بە وردی و راستەوخۆ رەخنە لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵگای ئەوسای بەریتانیا و ئەوروپا دەگیرێت. لە رەخنەکانی تۆماس مۆردا لەسەر سەدەی شانزە، لە فۆرمی توێژینەوەیەکی پیرتیزانە لە روانگەی دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، هاوزەمەنەکان ئاوێنە دەخرێتە پێش رووخساریان. بە تێکەڵەیەك لە توێژینەوەی فەلسەفیی سیاسی، گفتوگۆ لەنێوان پسپۆڕان و هەمانکات حیکایەتی دنیادیدەیەك کە گەشتی دووردرێژی کردێت، سکاڵا لە دۆخە کۆمەڵایەتییەکانی ئەوسای بەریتانیا دەکرێت.

بەپێچەوانەوە بەشی دووهەمی کتێبەکە باس لە دوورگە خەیاڵییەکەی یۆتۆپیا دەکات. ئەو بەشە بەتایبەتی باس لە رێکخستنی دەوڵەت دەکات، دۆخی ژیانی دانیشتووانەکەی دەخاتەڕوو. ئاماژە بەوەش دەکات، کە گوایە دیزاینی رێکخستنێکی ئایدیالی ژیانە، کە ئاشتی و بەختەوەری بۆ هەمووان مسۆگەر دەکات. دەستووری ئەو دەوڵەتە ئایدیاڵە «یۆتۆپیا» بە فۆرمێکی تەواو لۆژیك دیزاین کراوە. هەر بەو هۆیەشەوەیە کە یۆتۆپیا شامۆدێلی هەموو یۆتۆپیا پۆزەتیفەکانی دەوڵەتدارییە. ئەوەش پرسیارگەلی دیکەی لێ دەکەوێتەوە:

**خوودی یۆتۆپیا هەمیشە میتافۆری و بیزەمەنە، ئەوەش لەگەڵ خاسییەتی گێڕەرەوەیانەی رەخنەیی کۆمەڵگاکەیاندا دەگونجێت، واتا: تەنها لە گێڕانەوەدا و هەرگیز لەو زەمەنی رانەبردووەی کە تیایدا دەژین، ئەو یۆتۆپیاییە ناچێتە بواری جێبەجێکردنەوە**



گەر لوسیان هۆلشەر لە شیکردنەوەکەیدا بۆ گوزارشتی یۆتۆپیا لە (فەرهەنگی مێژوویی زمانی سیاسیی-سۆسیالیی لە ئەڵمانیا)، کە لەژێر ناونیشانی (گوزارشتە بنچینەییە مێژووییەکان)دا دەدۆزرێتەوە، راست بکات، ئەوا گوزارشتی «یۆتۆپیا» بە بەراورد گوزارشتێکی زۆر نوێیە، کە سەرەڕای ئەوەش لە سەرەتای مێژوو نووسینی یۆتۆپیاکانەوە ساڵی ١٨٤٠ هەمیشە گوزارشتێکی فرە واتا بووە، بەڵام ئایا پێکهاتە و ستراکتۆری ژانری «یۆتۆپیا» وەك فۆرمێکی فەلسەفی سیاسیی دیاریدەکرێت، لەکاتێکدا وشەکە فرەمانا بێت ؟

لەوە سەرسوڕهێنتر ئەوەیە کە ئەو گوزارشتە ئەمڕۆ لەلایەکەوە وەك گوزارشتی پێشڕەو لە دیزاینە پێشکەوتووەکانی ئەو دەوڵەتانەدا دەردەکەوێت، کە ئامەزرۆیی خۆیان بۆ کۆنسێپت و نیگایەیکی نوێی جیهانێك یاخود زەمەنێك، کە تیایدا رێکخستنێکی نوێی کۆمەڵایەتی، دینی یاخود تەکنیکی سەروەرە، دەردەبڕن، بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە ئەو گوزارشتە وەك رەخنەی ئیحتیمالی سیناریۆیەکی سامناکی هەمان ئەو رێکخستنە کۆمەڵایەتی، دینی یاخود تەکنیکییە دەبینرێت.

بەڵام ئەی جەوهەری یۆتۆپیا لە فەلسەفەی سیاسیدا چییە؟ ئایا یۆتۆپیا جۆرێك لە رەخنەی پێشوەخت و پارادۆکسی چەند تەشەنەیەکی ئایندەیی رێنێچووە، کە وەك بەرهەمی فکر هەر لە ئێستاوە بە جۆرێکی پوخت هەتا کۆتایی تمایش دەکرێت؟ یاخود یۆتۆپیا دیزاینێکی رێنێچووی سبەینێیەکی باشترە؟ جۆرێك لە ئایدیالێکی سیاسیی لەرێی دیزاینی مۆدێلێکی پێشکەوتووخوازی دەوڵەتداریەوە؟

هەر خودی وشەی یۆتۆپیا لە سەرەتای سەردەمی نوێدا گوزارشتی لە ئەو کارە ئەدەبییانە کردووە، کە وەك هاوشێوەی یۆتۆپیاکەی تۆماس مۆر دەرکەوتوون و گوزارشتی لەو شوێنە خەیاڵییانە کردووە کە هاتەدیی یۆتۆپیان. هەر بۆیەش ئەم پرسیارە لە جێی خۆیدایەتی: ئایا دەستەواژەی یۆتۆپیا لە فەلسەفەی سیاسییدا، بەپێی پێویست لە یۆتۆپیا وەك دەستەواژەی ژانری ئەدەبی، جیادەکرێتەوە؟

ئەوەی لێرەدا سەد دەرسەدە ئەوەیە، کە دیاریکردنی دەستەواژەی یۆتۆپیا لە هەموو سەردەمەکاندا بە تاق و تەنها لە ئاموونەی هەموو یۆتۆپیاکاندا دەتوانێت خاڵێکی دەستپێکی جێگیر بدۆزێتەوە، ئەویش یۆتۆپیاکەی تۆماس مۆرە. هەر بۆیە پێم رەوایە، ئەو پرسیارەی کە دەڵێت: یۆتۆپیا چییە؟ رووبەرووی یۆتۆپیاکەی مۆر بکەمەوە. لە گۆشەنیگای ئەو کارەوە، واتا بڵێین لە ئاقە خاڵی دەستپێکەوە، کە مسۆگەر لەبەردەستماندایە، دەمەوێت لێرە لە فۆرمی تێزێکدا بگەم بە ئەنجامی پێوەرگەلێك بۆ دەستەواژەی یۆتۆپیایەکی فەلسفەی سیاسیی.

ئەگەرچی دەشێت ئاماژەکەی ریچارد س لە کتێبی «پێوانی هیچکوێ»ی ساڵی ١٩٩٥یدا لە بنەڕەتدا رەوا بێت، کە دەڵێت: وە نەبێت تەنها ئەو حوکمی بەهایانەی، کە بەسەر یۆتۆپیای سیاسییدا دەدرێن، مشتوومڕیان لەسەربێت، هەر بۆیە دەستنیشانەوەی یۆتۆپیا مەرج نییە شتێکی سەپێنراو بێت. لێرەدا سەرنجمان دەچێتە سەر نۆربێرت ئێلیاس، کە یەکەم کەس پێشناری ئەوەی کرد، لەرێی گەڕانەوەوە بۆ نەریتی کلاسیکی، کە بە یۆتۆپیاکەی مۆر دەستی پێکردووە، رێگایەکی دەربازبوون لەو دۆخە ناهەمواره بدۆزنەوە، ئەویش دۆخی فرەواتایی دەستەواژەکەیە.

ئێلیاس وەك دەرئەنجامی پێشنیارەکە، بە پێچەوانەی مۆدی زانستیی باڵادەستی زەمەنی خۆیەوە، پێناسەیەکی کاری یۆتۆپیای پێشکەش کرد، کە دەکرێت وەك بنەمایەك بۆ شیکاریی مۆدێرنی یۆتۆپیا بەکاربهێنرێت:

«یۆتۆپیا وێنای فەنتازیای کۆمەڵگایەکە، کە پێشنیاری چارەسەری بۆ کێشەگەلێکی دیاریکراوی چارەسەرنەکراوی تیادایە بۆ کۆمەڵگای پەیوەندیدار، پێشنیارگەلی چارەسەر، کە یان نیشانی دەدات، ئاخۆ ئەو گۆڕانکاریانەی کۆمەڵگا کامانەن کە نووسەر یاخود هەڵگری یۆتۆپیایەکی لەو جۆرە خوازیارین یاخود لە کام گۆڕانکاریانە دەترسن، رەنگیشە هەندێکجار هەر دوو دۆخەکە لە ئارادا بن. مرۆڤ دەتوانێت هەنگاوێکی دیکەش بڕوات. من پێم وایە، هەموو یۆتۆپیایەك وەك ترس یاخود وێنایەکی خۆزگە، ئاکۆکی جدی کۆمەڵگای پەیوەندیدار دەکات بە مەرجەع. رێنیشاندەرەکەیان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە یۆتۆپیا هەڵگرەکان ئاخۆ سەرکەوتن بەسەر کام

ناکۆکیانەدا، وەك خـوازراو یاخود نەخوازراو لەپێش خۆیاندا دەبینن.»

لە کاتێکدا ئێلیاس بـەوە مەحکوم بـووە، پڕوپاگەندە بۆ دەستەواژەیەکی سیاسیی روون و بێبۆشایی یۆتۆپیا بکات، کە کاریگەرییەکەی هەتا ئەمڕۆ پێشك بەسەرنەچووە، من دەمەوێت بە سنوورکێشانێکی خودئاگایانەوە لەگەڵ ئێلیاسدا چەند پێوەرێك لەسەر دەستی یۆتۆپیاکەی تۆماس مۆر تەشەنە پێبدەم، ئەگەرچی لادانی ئەوتۆشی تیادانێت لە بەکاربردنە بـاوەکـەی ئەمڕۆی دەستەواژەی یۆتۆپیا.

بێگومان ئـەوەش رێگاپێدراوە گەر مرۆڤ بیەوێت، ئەو ژانرەی کە تۆماس مۆر ناوەکەی پێ بەخشیووە، کورتنەکاتەوە بۆ یۆتۆپیایەك یاخود فکرە یۆتۆپیاییەکەی تۆماس مۆر خۆی.

ئێرنست بلۆخ زووتـر لە بنەمای هیوادا رەخنەی لە سنووردارکردنێکی ناپێویستی لەو جۆرە گرتووە:

«سنوورداکردنی یۆتۆپیا لە بیرکردنەوەی تـۆمـاس مــۆردا، یـاخـود بەکارهێنانی وەك رێبەرێك، وەك ئەوە وایە مرۆڤ بیەوێت وشەی ئێلێکتریسیتی (کارەبا) کورتبکرێتەوە بۆ ئەو بەردەی کە ناوە ئەسڵە یۆنانییەکەی داویەتی .»

لـەگـەڵ ئـەوەشـدا کـارکـردنێـك لـەسـەر یۆتۆپیا بە گەڕانەوە بۆ دەستەواژەکەی مۆر سەرنجڕاکێشی خۆی تیادایە و لەو تێوەندەشدا لـە چـوارچێـوەیـەکـی مێـژوویـیـدا دەکـرێـت گۆشەنیگای ونبوو لەخۆبگرێت. بۆیە بەڕای من گـەر بگەڕێینەوە بۆ سـەر ئێلیاس، وەك پێوەرگەلێکی مومکین چەند گۆشەنیگایەك بۆ دەستەواژەی یۆتۆپیا لە فەلسەفەی سیاسییدا لەبەردەستدان:

یـەك: یۆتۆپیا سیاسییەکان ئـەو تیۆرییە دەوڵـەتـداریـانـەن، کە وەسفی کۆمەڵگایەکی خەیاڵی و مۆدێلێکی دەوڵەتداری خەیاڵی دەکەن لەناو جیهانێکی تایبەت بە خۆیاندا.

دوو: بـەو جـۆرە یـۆتـۆپـیـا هەمیشە تـاقـیـکـردنـەوەیـەکـی ریـسـکـئـامـێـزی ئەنتی ئیندیڤیدوالییە، واتـا دژە تاکەکەسە، چونکە دواجـار کۆمەڵگایەکی خەیاڵی لە مۆدێلێکی چەقبەستووی کۆمەڵگادا وەك (ئایدیالێکی یۆتۆپیایی) نمایش دەکات.

سێ: نووسەرەکەی چاوەڕێی جێبەجێکردنی یۆتۆپیاکەی ناکات لە داهاتوویەکی نزیکدا: واتا بە دڵنیاییەوە لەو زەمەنەدا نا کە هێشتا خۆی لە ژیاندا ماوە.

چوار: خوودی یۆتۆپیا هەمیشە مێتافۆری و بـێـزەمـەنـە. ئـەوەش لـەگـەڵ خاسیەتی گـێـڕەرەوەیـانـەی رەخنەیی کۆمەڵگاکەیاندا دەگونجێت. واتا: تەنها لە گێڕانەوەدا و هەرگیز لەو زەمەنی رانەبردووەی کە تیایدا دەژین، ئەو یۆتۆپیایە ناچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

پێنج: نەخشەسازی یۆتۆپیا هەمیشە ناچارانە وەك پێچەوانەی باروودۆخەکانی زەمەنی ئێستا خۆی جوودا دەکاتەوە،

بەڵام نابێت وەك ئالتەرناتیڤەیەك لەو دژە جیهانە دروستکراوە تێبگەین، کە گوایە دەبایە ئـەو جیهانە چۆن بێت، بەڵکو دەکرێت ئەو جیهانە چۆن بێت.

شـەش: یۆتۆپیا جۆرێك لە رەخنە یاخود تەنزی ئاییندەیەکی مومکینە. بەو چەشنە یۆتۆپیا ئایدیالێکی واقیع نمایش ناکات، بەڵکو گەمەیەکی فکرە بە نوکتە و زەینەوە.

حەوت: هەموو یۆتۆپیایەك واقیعی خۆی دروست دەکات.

وەکو لێرەدا بە ئاسانی دەبیندرێت، من دژ بە تێزێکی بەربڵاو پۆزش وەردەگـرم، کە دەڵێت، یۆتۆپیاییزم تا رادەیـەك پوختەیەك

**هەر خودی وشەی یۆتۆپیا لە سەرەتای سەردەمی نوێدا گوزارشتی لە ئەو کارە ئەدەبییانە کردووە کە وەك هاوشێوەی یۆتۆپیاکەی تۆماس مۆر دەرکەوتوون و گوزارشتی لەو شوێنە خەیاڵییانە کردووە کە هاتنەدیی یۆتۆپیان**

له واقیعی کۆمەڵگا نمایش دەکات و وێنای ژیاتێکی ئایدیالی کۆمەڵگایەك دەخاتە بەرامبەری کە شایەنی خۆزگە بۆ خواستنە. یۆتۆپیا وەك فکرەیەك حیسابە، کە لە راستیدا رێی تێ دەچێت، بەڵام راستەخۆ جێبەجێناکرێت، نوێەری فەنتازیاییەك یاخود نیگای جیهانێك یاخود زەمەنێکە، کە تیایدا رێکخستنێکی تازەی کۆمەڵایەتی، دینی یاخود تەکنیکی سەرەوەرە. بەهۆی پێرفێکتکردنی ئەو وێنایەوە وا دادەنرێت، هەر ئەندامێکی ئەو کۆمەڵگایە بەوە رازییە لە هەموو بەشەکانی ژیاندا بە زۆرینەی هەموو ئایدیاکانی ئەو کۆمەڵگایە هەڵبستێت. لە چاوی مندا ئەو تێزە خۆی بۆ کارەکەی تۆماس مۆر ناگرێت.

بۆ نموونە کارل کاوتسکی پڕوپاگەندەی بۆ ئەو جۆرە گۆشەنیگایە کردووە، ئەو لە مۆردا کۆمەنیستێکی بینیوە کە بۆ جیهانێکی باشتر خەباتی کردووە. کاوتسکی لە سووربوونەکەی خۆیدا زیاتریش رۆیشتووە:

کۆمەنیزمی مۆر بۆ مرۆڤدۆستان و هاووڵاتییان پیاهەڵدانێکی جوانە؛ رەخنەی ئەو لە هەلومەرجە سیاسییە سەروەرەکان بۆ ئەوان وەك ئەوە وابووە لە رۆحیانەوە قسە بکەیت.

لەرێی ئەو دەرەنجامە تایبەتییەوە کاوتسکی باڵ دەگرێت، پڕوپاگەندە بۆ تۆماس مۆر دەکات وەك باوکی سۆسیالیزمی یۆتۆپیایی:

ئەو باوکی سۆسیالیزمی یۆتۆپیایی بوو، کە بە ناهەق ناوی خۆی لە یۆتۆپیا وەرنەگرتووە. ئەو یۆتۆپیاییە، کەمتریش لەبەر دوورەدەستی ئامانجەکان، بەڵکوو زیاتر لەبەر کەموکوڕی ئەو کەرەستانەی کە لەبەردەستیدا بوون یاخود ویستویەتی سوودیان لێ وەرگرێت.

بەم تەفسیرە کاوتسکی، مۆر دەئاخنێتە جیهانبینییە سۆسیالیستییەکەی خۆیەوە، کە ئەویش دیسان پەیوەستە بە وێنایەکی مادیی مێژووەوە، ئەمە بەبێ ئەوەی بە ئاستەم توانجە ناسکەکەی کارەکەی مۆر ببینێت. تەنانەت دوو جار رەتکردنەوەی گێڕەرەوەکەی مۆر لە گفتوگۆی خەیاڵی ناو تێکستی یۆتۆپیادا سەبارەت بە فکرەی دەوڵەتێکی ئایدیالی کۆمەنیستی، تێگەیشتنی ئەوی لەسەر کارەکە نەگۆڕیووە. ئەو رەتکردنەوەیە بەبێ بیرکردنەوەیەکی ئەوتۆ لەرێی ئەم کۆمێنتەوە وەلادەنێت:

«نەفرەتکردنی کۆمەنیزم وەك (کفرێکی قێزەون) لەلایەن مۆری کۆمەنیستەوە ناکۆکییەکی سەیروسەمەرەیە.»

گێرارد مۆبوس راست دەکات، کاتێك تەفسیری کاوتسکی بە هەڵە لەسەر بنەمایەکی هەڵە لە قەڵەم دەدات، کە گوایە لە کتێبی یۆتۆپیادا نەك تۆماس مۆر، بەڵکو هیپلۆدۆیس دان بە بۆچوونی نووسەردا بنێت. هیچ شتێك ئەوە پشتڕاست ناکاتەوە، بەتایبەتی لەبەرئەوەی مۆر وەك نووسەر خۆشی وەك کاراکتێری گێڕەرەوە لە کتێبەکەدا بوونی هەیە. لەڕاستیدا ریچارسیش بەهەمان شێوە بۆ مەسەلەکە دەچێت، کاتێك هیپلۆدۆیس وەك خودی تۆماس مۆر تەماشا دەکات، ئەویش هیچ دەرئەنجامێکی دیکەی لێ ناکەوێتەوە جگە لەمە:

«... ئەوەی کە گوایە مۆر ویستبێتی لەرێی توانجەوە نەك ئەو وێنە خەیاڵییەی مرۆڤ خوازیارییەتی، بەڵکوو ئەو وێنە خەیاڵییەی کە مرۆڤ لێی دەترسێت، بکێشێت، تەفسیرێکە کە لە تێکستەکەدا هیچ پشتگیرییەکی چنگ ناکەوێت.»

بەڵام تێکستەکە لە چاوی مندا کتومت ئەوە ناسەلمێنێت. بەڕای من دەبێت لە کتێبی یۆتۆپیادا زیاتر ئەوە وەك راوبۆچوونی مۆر تەماشا بکرێت، کە بە روونوئاشکرایی بەناوی ئەوەوە دەگوترێت. بۆیە بەرامبەر بەو هەوڵی تەفسیرە بەربڵاوەی کە بۆچوونی هیپلۆدۆیس دەخاتە پاڵ بۆچوونەکانی مۆرەوە، ئەو تێزە دەخەمە ململانێوە کە دەڵێت: یۆتۆپیا زیاتر تاقیکردنەوەیەکی فکرییە، نەوەك نەخشەسازی دەوڵەتێکی ئایدیال، کە زۆرێك لە مرۆڤەکان نامەزرۆێن. دوورگەی یۆتۆپیا چارەسەری کۆتایی لەگەڵ خۆیدا ناهێنێت، چا نەخوازە چارەسەرێك بۆ ئەو دۆخ و هەلومەرجە ناهەموارانەی بەریتانیای ئەو زەمەنە. لێرەدا دوانزە نموونە بە کورتی دەهێنمەوە، کە لەبەرچی یۆتۆپیا تەنانەت بە بچوکترین ماناش دەوڵەتێکی ئایدیال نمایش ناکات:

یەك: ئەولەویەتی دەوڵەت بۆ کۆنترۆڵکردنی هەموو بەشەکانی ژیان: لە بێشکەوە هەتا کفن هەموو هاووڵاتییەکی دوورگەی یۆتۆپیا لەلایەن کۆمەڵگاوە ئاراستە دەکرێت، یاخود راستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ کۆنترۆڵ دەکرێت. گەر لە دەمی

هێلموت کێرنەوە قسە بکەین: «یۆتۆپیا دەوڵەتی پەروەردەکردنە نەوەك ئازادی»، وەك تۆڕێکی چاودێری راستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆکانی هەر تاکێك باڵ دەکێشێت بەسەر ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیانی یۆتۆپیادا. لەپشت لانەی ئەو دەوڵەتی ئاسوودەییەوە مۆدێلی دەوڵەتێکی تۆتالیتار لە فۆرمی دەوڵەتێکی دەسەڵاتداردا خۆی حەشارداوە. کۆنتڕۆڵێکی سەرسەخت لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە لەڕێی سیستەمی پەروەردە و کۆمەڵایەتییەوە کارئاسانی بۆ دەکرێت، بە چەشنێك کە هاووڵاتیانی یۆتۆپیا هەموو تەمەنیان هاودەمی دەکرێن و لەو چوارچێوەیەدا تەنانەت یارییەکانی کاتە سەربەستەکانیان لە خزمەتی سەرکەوتنی چاکەدایە بەسەر خراپەدا. هەموو هەڵسوکەوتێکی دژە کۆمەڵگایانە لەناودەبرێت. بۆ نموونە، لەکاتی نانخواردنە بە کۆمەڵەکەیاندا هەموو کەسێك چاودێری هەموو کەسێك دەکات بە جۆرێك کە لەسەر مێزی نانخواردن وشەیەك ناگوترێت یاخود شتێك ناکرێت لە دەست هاوسێکەت دەربچێت. هەر بۆیە لە یۆتۆپیادا ناتوانرێت چیدیکە باس لە باشترین دەستووری دەوڵەت بکرێت، بەڵکو تەنها لە یاسا و رێکخستن.

دوو: بەرەڵایی قبوڵ نییە. ئەرکی کارکردن بەردەوام سەروەرە. تەنانەت ئەو گەشتیارانەش کە لە ڕۆژێـك زیاتر لە جێیەك دەمێننەوە، دەبێت ئەرکەکانیان بەجێبهێنن. ئەرکی کارکردن بە توندی کۆنترۆڵ دەکـرێت، چونکە ئەوە گرنگترین و تاقە کاری بەرێوەبەرەکانە کارێك بکەن و یاسا و رێسا دابنێن کە هیچ کەس بێکار دانەنیشێت، بەڵکوو هەریەك سەرقاڵی پیشەی خۆی بێت. جگە لەوەش کاری کێڵگە بۆ هەموو پیاوان و ژنـان کارێکی بە کۆمەڵە، چونکە دەبێت هەموو کەس لەو کارە بزانێت و هەر لە منداڵییەوە فێردەکرێت.

لەسەرو ئـەوەشـەوە، دەبێت هەمـوو هاووڵاتییەکی یۆتۆپیا پیشەیەکی دیکەش فێربێت. ئەوەی بە وردی دیقەت بدات دەبینێت، ئەو یۆتۆپیایەی کە هیپلۆدۆیس وەك دەوڵەتێکی ئایدیاڵ بانگهێشتی بۆ دەکات، لەپشت هەموو بڕیارەکانی دەوڵەتەوە هەمیشە لەژێر فشار و زۆرەملێییەکی سەختدایە.

سـێ: رەوتـی رۆژگـار تـەواو هاوشێوە داڕێـژراوە. کاتژمێر بە کاتژمێری رۆژ پلانی بۆ دانـراوە و کۆنترۆڵ دەکرێت. شتی پڕتاو و لەناکاو لێرەدا جێگای نابێتەوە. رەوتی ڕۆژگاری هاووڵاتیانی یۆتۆپیا، کە رۆژ و شەو لە بیست و چوار سەعاتدا بەش دەکەن، لەو بیست و چوار سەعاتە تەنها شەش سەعاتی بۆ کار تەرخان دەکەن، بەم جۆرەیە:

پێشنیوەڕۆ سێ کاتژمێر کار، پاشان دەڕۆن بۆ نانخواردن؛ پاش خوانی نیوەڕۆ دوو کاتژمێر پشوو دەدەن، پاشان دووبـارە سێ کاتژمێر کاردەکەنەوە و رۆژی کارکردنیان بە خوانی ئێوارە کۆتایی دەهێنن. بەوەشدا کە لە یەکەم کاتژمێری نیوەڕۆوە حسابی دەکـەن، سەعات هەشت دەڕۆن دەخەون.

لەپاش خوانی ئێوارە کاتژمێرێك بە وەرزش و یاری بەسەردەبەن، یارییەکان لەلایەن سەرەوەوە دیاریکراون.

چوار: هەموو جۆرە ئیندیڤیدوالییەك لە فۆرمی جلوبەرگە متومیرو و خشڵ، شکۆ، نەجیبی و هتد. دەسڕدرێتەوە تاوەکو هەموو هاووڵاتییەکی یۆتۆپیا وەك دانـی چـەرخ بۆ ئامانجەکانی ئەو ئامێری چاکەخوازییە کاربکات. مرۆڤ لێرەدا دەتوانێت بێ چەند و چوون باس لە قەدەغەیەکی خۆشگوزەرانی و شادیی بکات، کە مرۆڤەکان تەنها وەك ئەندامێکی کۆکی کۆمەڵگا قبوڵ دەکات. ئەوەش لە جلوبەرگی هاووڵاتییانی یۆتۆپیادا پەخشدەبێتەوە:

**بەو جۆرە یۆتۆپیا هەمیشە تاقیکردنەوەیەکی ریسکئامێزی ئەنتی ئیندیڤیدوالییە واتا دژە تاکەکەسە چونکە دواجار کۆمەڵگایەکی خەیاڵی لە مۆدێلێکی چەقبەستووی کۆمەڵگادا وەك (ئایدیالێکی یۆتۆپیایی) نمایش دەکات**

سەرەتا بۆ کار قاتێکی زۆر سانای کار لەبەردەکەن، لە چەرم یان خوری، کە هەتا حەوت ساڵ بەرگە دەگرێت. کاتێك دەڕۆنە دەرەوە، جلێکی بەسەردا لەبەردەکەن، کە ئەو جلەی دیکە دادەپۆشێت: ڕەنگەکەی لە سەرتاپای هەموو دوورگەکەدا هەمان ڕەنگە، ئەویش ڕەنگی سروشتی قوماشەکەیە.

هەوڵ و کۆشش بۆ خۆشگوزەرانی بە هەموو جۆرەکانییەوە، لادانی ئیحساسیی و هتد مەحکومە بە ئیدانەکردن لەلایەن کۆمەڵگاوە. بۆیە هاووڵاتیانی یۆتۆپیا بە هەمان شێوە خەڵکانێك ئیدانە دەکەن، کە عاشقی یاقوت و ئەڵماسن و پێیان وایە، بە جۆرێك لە جۆرەکان بە تەشریفی خودایی گەیشتوون گەر ڕۆژێك دەستیان بە بەردێکی گرانبەها بگات. لای هاووڵاتیانی یۆتۆپیا ڕەونەقداریی لە جل و بەرگدا هیچ شەرەفمەندانەیەکی تیادا نییە، عەبای ئاوریشم تەنها قێزی لێدەکەوێتەوە، زێڕ تەنانەت وەك بێزێری تەماشا دەکرێت.

پێنج: هاووڵاتیانی یۆتۆپیا بە هیچ شێوەیەك ڕێگا بە فەزای تایبەت نادەن. لەپێش چاوی هەمووان‌دا دەبێت کاری ڕۆژانە بەجێبهێنرێت و کاتی ئازاد بەسەربەرێت. ڕژێمی ئەوتۆریتێری دەوڵەت هەموو پێداویستییە ئیندیڤیدوالییەکان و کارە مرۆییەکان بە توندی ڕێکدەخات. تەنانەت ماڵی خێزانیش بۆ هەموو کەسێك بەردەستە و شوێنێکی گشتییە. لە یۆتۆپیادا دەڵێت: «دەرگاکان جووت باڵن، بە فشارێکی بەتاڵی دەست دەکرێنەوە، پاشان خۆیان دادەخرێنەوە و بەو چەشنە ڕێگات پێدەدەن بڕۆیتە ژوورەوە. سەرەڕای ئەوەش هەموو دە ساڵێك بە تیروپشك خانووەکانیان دەگۆڕنەوە.»

شەش: جۆرێك لە تیرۆری ئەخلاق حوکم دەکات. دەوڵەت بڕیار دەدات، چی شتێك ڕێگاپێدراوە و چی شتێك ڕێگاپێنەدراوە. مەودایەك نییە بۆ بڕیاری تاکەکەس. ئەخلاق هەمیشە لەسەر بنچینەی وێناکانی دەوڵەت بۆ ئەخلاق بنیاتنراوە، نەوەك لەسەر وێنا ئیندیڤیدوالییەکانی ئەخلاق. ئازادی و سەربەخۆیی تاکەکەس لە بەرنامەدا نین. یۆتۆپیا لەسەر کۆنسێپتێکی دانایی بنیاتنراوە، کە ئاڕاستەیەکی سەختگیری تاکڕەوی و دژە تاکەکەسی هەیە. هیچ کەس ناتوانێت خۆی لە کار بدزێتەوە یاخود لە باڕ و مەیخانە و تیاترۆدا زەوقە شەرمەنەکانی خۆی تێربکات. دۆزەخی گوناهەکاران بوونی نییە، هەلێك بۆ پاشەکشێ بوونی نییە، بەو جۆرەش تەنانەت هەلێك بۆ فریوخواردن بوونی نییە. ڕافایل هیپلۆدۆیس باسی ئەو دیکتاتۆرییە ئەخلاقییەی کۆمەڵگای هاووڵاتیانی یۆتۆپیا دەکات:

«نە مەیخانە و نە بیرەخانە، تیاترۆخانە لە هیچ کوێیەك، هیچ هەلێك بۆ فریوخواردن، نە قومارخانە، نە پێکەوە دانیشتنێکی نهێنی، بەڵکو لە هەموو شوێنێك چاوی گشتی لەسەر تاکەکەسە و کار و ئەتەکیەتیی ڕاهاتووی بەسەردا دەسەپێنێت.»

حەوت: دەوڵەت بۆ کارە هەرە نزمەکان دەگەڕێتەوە بۆ چینێکی کۆیلایەتی، کە لە خزمەتی هاووڵاتیانی یۆتۆپیادایە. ئەو سیستەمی کۆیلایەتییە لەسەر دیلی جەنگ و تاوانکارانی حوکمدراوی خودی یۆتۆپیا بنیاتنراوە، هەروەها ئەوانەش کە حوکمی سێدارە بە سەریاندا سەپێنراوە و بە نرخێکی هەرزان کڕدراونەتەوە. ئەو غەریبانەشی دێنە گەڵ کە بۆ کرێیەکی ڕۆژانەی کەم خۆیان بۆ کاری کۆیلاییەتی ناونووس دەکەن، چونکە ئەو کارە مرۆییترە وەك لە ژیانی هەتا ئێستایان. ئەو سیستەمی کۆیلایەتییە لەگەڵ فکرەی کۆمەنیزمدا بۆ لابردنی دراو هەماهەنگ نییە. یۆتۆپیا زیاتر لە پشتی پەردەوە بۆ کاری کۆیلاتییەتی لە جەوهەری سیستەمی چینگەراییدا بە چەقبەستوویی دەمێنێتەوە و لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا لەسەر ڕاووڕووتکردنی کاری بێگانە بنیاتدەنرێت.

هەشت: خیانەتی هاوسەرگیری لە فۆرمی کۆیلایەتییەکی هەرە دژواردا سزا دەدرێت. دووبارەبوونەوەی ئەو کارە خۆبەخۆ لەسێدارەدان بەدوای خۆیدا دەهێنێت. یاسای هاوسەرگیری بەتایبەت دەمارگیرە، چونکە هاووڵاتیانی یۆتۆپیا خۆیان بە نەڕووخاویی هاوسەرگیرییەوە توند گرتووە. پیاو و ژن لە تەمەنی بیست و دوو ساڵی و هەژدە ساڵیدا ژیانی هاوسەرگیری دەستپێدەکەن؛ سێکسی پێش هاوسەرگیری بە قەدەغەکردنی هاوسەرگیری و دۆڕاندنی ئابڕووی خێزان سزادەدرێت. تاوەکو پێش لە ڕووداوی نەخوازراو و چاوەڕواننەکراو بگیرێت، پیاو و ژنێکی بەتەمەن بووك و زاوا بە

رووتی پێش خۆیان دەدەن. هاووڵاتیانی یۆتۆپیا ئەوە بە کارێك دەزانن کە زۆر لە خزمەتی ئامانجەکەدا بێت. دواجار بۆ کڕینی ئەسپیش، لەڕووی باری تەندروستییەوە بەهەمان هۆش و وردییەوە دەستبەکاردەبن. مۆر ئەو شۆخییە بە خۆی ڕەوا نابینێت، لە بەشی (سەبارەت بە کۆیلەکان)دا لەسەر هاوسەرگیری بڕوات.

نۆ: ئازادی جوڵەی هاووڵاتیانی یۆتۆپیا سنووردارە. گەر یەکێك بیەوێت سەردانی شارێکی دیکە بکات، پێویستی بە مۆڵەتی دەزگاکانە. سووڕانەوە بەبێ مۆڵەتی سەرەوە بە قامچی و لە حاڵەتی دووبارەبوونەوەدا بە بێگاریی سزا دەدرێت. لە یۆتۆپیادا دەڵێت:

«گەر یەکێك خۆبەخۆ لە دەرەوەی سنووری خۆیدا بسوڕێتەوە و بەبێ مۆڵەتنامەی میری بگیرێت، وەك گێرەشێوێن تەماشا دەکرێت، بە سووکایەتی پێکردنەوە دەهێنرێتەوە بۆ شار و بە توندی تەمبێ دەکرێت؛ لە حاڵەتی دووبارەبوونەوەدا سزاکەی دەربەدەرکردنە بۆ ناو کۆیلایەتیی.»

تەنانەت گەر یەکێك مۆڵەتی گەشتیشی پێبێت، ناتوانێت هیوای بە گەشتێکی ئاسوودە هەبێت، بەڵکو لە ڕێی ئەرك و عەزێتی لۆجیستی پەیداکردنی کار و کردنی کار تەنانەت لە چوارچێوەی ئازادیی گەشتەکەیدا سنووری بۆ داندراوە. چونکە، «بۆ هەر کوێیەك بڕوات، لە هیچ شوێنێك خواردنی بۆ نییە، هەتا هێندەی خواردنەکە کاری نەکردبێت، یان پێش خوانی نیوەڕۆ یان ئەوەتا پێش خوانی ئێوارە.»

دە: یۆتۆپیا لەسەر ڕژێمێك بنیاتنراوە کە سیاسەتێکی دەرەکی لە مامەڵەدا پەیڕەو دەکات، بەشێوەیەك کە وڵاتانی هاوسێ لەڕووی داراییەوە حوکم بکرێن، ئەگەرچی ئایدۆلۆژیای سەرنشینانی دوورگەکە بەحساب کۆمەنیزمە.

هاووڵاتیانی یۆتۆپیا ژمارەی گەورە لە شتومەك هەناردەی ناوچە ناموکان دەکەن و قازانجی خەیاڵی دەکەن. قازانجەکانی هەناردەکردن نەك تەنها بۆ هاوردەکردنی شتومەکی دەرەکی و هاوسەنگکردنەوەی حسابی بازرگانیی، بەڵکو بۆ بنیاتنان و گەورەکردنی ئەو سەرمایەیە بەکاردەهێنرێن کە لە هاوسەنگی حسابی بازرگانییەکە زیادەن، چونکە، «وەك قازانج تەنها ئەو شمەکانە ناهێنێتە ناوەوە کە لە وڵاتدا نوقسانن (ئەوەش هیچی دیکە نییە جگە لە ئاسن)، بەڵکو ژمارەیەکی گەورەش لە زیو و زێڕ. لەوەدا، چونکە لەمێژە بەو چەشنە ڕۆیشتووە، لەوە زیاتریان کەڵەکە کردووە کە مرۆڤ بیری لێ دەکاتەوە.»

ئەوەی کە هێندە زۆرە، بە لایانەوە گرنگ نییە ئاخۆ بە پارەی کاش یاخود قەرز دەیفرۆشن، تەنانەت بە جۆرێکە کە زۆرینەی کڕینەکان بە کۆمپیالە دەدرێن، کە هاووڵاتیانی یۆتۆپیا لە ڕێی تایبۆی مولکەوە جارێکی دیکە مسۆگەری دەکەنەوە. بەو چەشنەش بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە پارە و زێڕ بێنرخ نین، بەو چەشنەی کە هیپلۆدۆیس هەوڵدەدات لە گێڕانەوەکەیدا ڕوونی بکاتەوە. فەلسەفەی کۆکردنەوەی گەنجینەیەکی مەزنی دەوڵەت بە ڕسقی بێگانە لە فۆرمی دراو و زێڕدا هیچ واتایەکی دیکەی نییە جگە لەوەی کە لە پشتی پەردەوە نرخی دراوەکان دەهێنرێتەوە کایەوە. لەسەرو ئەوەشەوە، ئەو لێشاوە گەورەیەی بازرگانی وڵاتەکانی هاوسێ لەڕووی داراییەوە وابەستەی هاووڵاتیانی یۆتۆپیا دەکات، هەر لەبەرئەوەش دەبێت هەموو هاومامەڵەکان دەوڵەتی یۆتۆپیا وەك دەسەڵاتی سەروەر تەماشا بکەن. لێرەدا بەڕای من مرۆڤ دەبێت بێ چەندوچوون هاوڕای هێرمان ئۆنکن بێت، کاتێك بۆی دەردەکەوێت:

**هاووڵاتییانی یۆتۆپیا بە هیچ شێوەیەك ڕێگا بە فەزای تایبەت نادەن. لەپێش چاوی هەمووواندا دەبێت کاری ڕۆژانە بەجێبهێنرێت و کاتی ئازاد بەسەرببرێت. ڕژێمی ئەوتۆریتێری دەوڵەت هەموو پێداویستییە ئیندیڤیدوالییەکان و کارە مرۆییەکان بە توندی ڕێکدەخات**



«ئەگەرچی یۆتۆپیا لە ناوخۆدا مولّکی تایبەتی وەك سەرچاوەی خراپە لابردبێت، وەك دەوڵەت لەناو دەوڵەتاندا وەك دەوڵەتێکی دەسەڵات دەردەکەوێت بە مێتۆدگەلێکەوە کە مێتۆدگەلی ئیمپراتۆرێکی سەرمایەداری مۆدێرنن.»

یانزە: سیاسەتی ئیمپراتۆریی بە یەکێك لە هۆکارەکانی جەنگ هەژمار دەکرێت. بەرژەوەندی دارایی هاووڵاتیانی یۆتۆپیا وەك هۆکارێکی جەنگ بەسە، بەبێ ئەوەی دوژمنایەتی و توندوتیژی لایەنی بەرامبەر لە ئارادا هەبێت. هیپلۆدۆیس دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

«بەلایانەوە هۆکارێکی زۆر دادپەروەرانەیە، گەر گەلێك خۆی پارچەیەك زەوی بەکارنەهێنێت، بەڵکو بێ ئامانج و بەتاڵ خاوەنیی بکات، بەڵام رازی نەبێت، بەکاربردن و خاوەنداریێتییەکەی رادەستی یەکێکی دیکە بکات.»

بە وتەی هیپلۆدۆیس، هاووڵاتیانی یۆتۆپیا لەڕاستیدا رقیان لە جەنگە:

«وەك شتێکی هەتا لوتکە درندە، کە هیچ جەشنێك لە درندە کێوییەکان هێندە بێوچان سەرقاڵی نین هێندەی مرۆڤ، بەڵام بە پێچەوانەی نەریتی هەموو گەلان ئەمان هیچ شتێك لەوە بە بەدناوتر نازانن وەك لە گەڕان بە شوێن ناوبانگ لە جەنگدا.»

لەو روانگەیەوە بێت گوایە دەبێت بەم جەشنە بن:

«سەرکەوتنێکی خوێناویی بۆ ئەوان نەك تەنها قێزەونە، بەڵکو شەرمەندەشیان دەکات، بۆیەش وا دەکات بیر لەوە بکەنەوە، کە گێلێتییە بە نرختترین شمەك بە زۆر گران بکڕن.»

شتێکی سەیر و سەمەرەیە کە لەلایەکەوە هاووڵاتیانی یۆتۆپیا هێندە مرۆڤدۆستن رقیان لە جەنگ بێت، بەڵام لە جەنگدا هیچ کێشەیەکیان نییە لەگەڵ ئەوەدا کە گومانباویترین کەرەستە بەکاربهێنن، چونکە کاتێك یۆتۆپیاییەکان بەرەو جەنگ دەڕۆن، لەڕووی مادییەوە تەنها شوێن ئامانجێك کەوتوون:

«بگەن بەو ئامانجەی کە لەمێژ بوو دەبوایە دەستیان بکەوێت، تاوەکو جەنگ زەروور نەبێت؛ یاخود گەر بەپێی سروشتی شمەکەکە مومکین نەبێت، تۆڵەی هێندە زەبر لەوانە دەسەنەوە، کە گوایە بەرپرسیارن، بە جەشنێك ترس هێندەیان پێبکات، لە داهاتوودا هەمان شت دووبارە نەکەنەوە.»

دوانزە: لە یۆتۆپیا، ئەنجوومەنی پیران و کۆبوونەوەی گەلی لێدەرچێت، مشتومڕکردنی مەوزوعی گشتی و تەکبیرکردن قەدەغەیە. ئەوە وەك تاوانێك تەماشا دەکرێت، شایستەی مردن بێت. بۆیە لە یۆتۆپیا لە خراپترین حاڵەتدا، گەر یەکێك لە دەرەوەی ئەو هەلومەرجانە بە رادەربڕین بەشداری لە پرۆسەی سیاسیی بنیاتنانی ئیرادەدا بکات، دەبێت حسابی سزای مەرگ بکات. هیپلۆدۆیس دەڵێت:

«لە دەرەوەی ئەنجوومەنی پیران و کۆبوونەوەی گەلە تەکبیرکردن لە مەسەلەی گشتی، بە تاوانێکی شایستەی مەرگ تەماشا دەکرێت. دەبێت ئەو بڕیارە بۆیە دەرکرابێت تاوەکو بۆ فەرمانڕەوا هێند ئاسان نەبێت لەڕێی موئامەرەیەکەوە ستەم لە گەل بکات و سەرکوتی بکات و دەستووری دەوڵەت هەڵوەشێنێتەوە.»

مرۆڤ دەبێت بەڕاستی ئەو وتەیە لەسەر زمانی بتوێنێتەوە: لێرەدا مەرج نییە بەشێکی گەل دژ بە فەرمانڕەواکان موئامەرە بکەن، نەخێر، لێرەدا ترسەکە هیچ شتێکی دیکە نییە، جگە لەوەی کە لەڕێی تەکبیری گشتییەوە فەرمانڕەواکان موئامەرە لە گەل بکەن، ستەم و سەرکوت بکەن و دەستووری دەوڵەت هەڵبوەشێننەوە. بە کورتی: لێرەدا هەرچی ئەزموون و بەڵگەی مێژوویی لەسەر موئامەرە هەیە، سوك و ئاسان لێنگاوقوچ دەکرێتەوە، بەڵام مرۆڤ دەشتوانێت ئەوە وەکو یەکێك لە شۆخی و توانجەکانی نووسەرەکەی تەفسیر بکات. رایەکی گشتی سیاسیی لە دەرەوەی هەلومەرجە ناوبراوەکان خوازراو نییە. شتێك بە ناوی هاووڵاتی خاوەن بڕیارەوە بوونی نییە. هاووڵاتی جێبەجێکار یاخود وەرگری ئەو فەرمانانەیە کە لەلایەن دەزگا فەرمانڕەواکانی دوورگەکەوە دەردەکرێن. هاووڵاتی دەبێت بەبێ چەند و چوون لە خزمەتی کۆمەڵگادا بێت، بەڵام تکایە خۆی لە دروستکردنی ئیرادەی سیاسی هەڵنەقورتێنێت. دەزگاکان دیسان ئەرکی ئەوەیان لەسەر شانە کارێك بکەن، ئاکۆکی ئەسڵەن نەکەوێتە بەر رووناکی، بەڵکو لە دەزگاکاندا دوور لە چاوی گشتی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و کەنالیزە بکرێن. ئایا کێ دەیەوێت لەناو چوارچێوەی دەوڵەتێکی لەو جۆرەدا بژی؟

«ئەوەی لە دەرەوەی سنووری خۆی خۆبەخۆ هەڵسووڕێت و بەبێ فەرمانی سەرەوە بگیرێت، وەك گێرەشێوێن تەماشا دەکرێت، بە سووکایەتییەوە دەهێنرێتەوە

بۆ ناو شار و بە توندی تەمبێ دەکرێت؛ لە حاڵەتی دووبارەبوونەوەدا بە دەربەدەرکردن بۆ ناو کۆیلایەتی سزا دەدرێت.»


بەهەشت ئاوایە؟ ئەوە نموونەی دەوڵەتێکی ئایدیالە، وەك زۆرێك لە پڕوپاگەندەکان باسی لێ دەکەن؟ زەحمەتە. بۆیە دەگەڕێینەوە بۆ ئەو پێوەرە مومکیناتەی من بۆ دەستەواژەی یۆتۆپیا لە فەلسەفەی سیاسیدا خستمە بەردەست. لەو حەوت پێوەرانەدا دەمەوێت سەرنج بخەمە سەر پێوەری شەش و یەك، کە ناکۆکی و مشتومڕیان لە هەموویان زیاتر لەسەرە:

شەش: یۆتۆپیا ڕەخنە یاخود تەنزی ئایندەیەکی مومکینە. بەو جۆرە یۆتۆپیا ئایدیالێك نمایش ناکات، بەڵکو زیاتر گەمەیەکی فکرە بە شۆخی و زەینەوە.

مۆر کارەکەی خۆی ناو دەنێت: سەبارەت بە باشترین دەستووری دەوڵەتداری و دوورگە نوێیەکەی یۆتۆپیا، کتێبێکی خنجیلانەی بەڕاستی زێڕین، کە چەند ئاسوودەبەخشە هێندەش دڵخۆش. ئەو هۆشیارییەی لە ناونیشانەکەدا هاتووە خۆی بەناو سەرجەمی کارەکەدا کێش کردووە. ئەو کەس و شوێنانەی کە بەشێکن لە وەسفی ئەو دوورگە دووردەستە، تێروپڕ گاڵتەیان پێدەکرێت. یان ئەوەتا وەرگێڕانی ئەو ناوانەی خۆی دایناون ئاماژە بە پێچەوانەی ئەو وەسفە دەکەن کە لە پێشخاندا دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەر یان مانای ئەو ناونیشانە لانی کەم زۆر ڕێژەیی دەکرێت، ئەگەر تەنانەت مرۆڤ هێندە دووریش نەڕوات و نەڵێت، سەرجەمی شتەکان دەخرێتە قاوغێکی گاڵتەجاڕییەوە. ئەو هۆنینەوە چڕەی ئەو ناوانەی کە خۆی دایناون و قسە دەکەن، کتومت ئەو مەودایەی کە بۆ پێشوازییەکی شیاو لەو کارە زەرووره، دەخوڵقێنێت. مۆر پێدەچێت بۆ دانانی ئەو ناوانە ئیلهامی لە لوکیان وەرگرتبێت. ئەو جۆرە گێڕانەوە وەکو وتمان دڵخۆش و لێوانلێو لە زەینەی، هەمانکات لەوە بەرپرسیارە کە چوونە بنجوبناوانی مەرامی نووسەر بارگرانییەکی زۆر دەخاتە سەر شانی خوێنەر. مەبەست لەو دیالۆگە جیاوازانەی کە بەناو یەکدا هۆنراونەتەوە، لەوەیە کە خوێنەر بە چەشنێکی چالاکانە لە گەڕان بەدوای دەستوورێکی باشتری دەوڵەتداریدا تێوەبگلێنرێت. مۆر هەموو ئاراستەی ئارگیومێنتەکان لە دیالۆگدا بە هەڵواسراوی دەهێڵێتەوە. بۆیە درێژەی سەفەرنامەکە و گفتوگۆکە لە کۆتاییدا بە کراوەیی دەمێنێتەوە و دوادەخرێت بۆ ڕۆژێکی دیکە. مەبەست لەوەیە ڕێگای بڕیار بە خوێنەری ڕەخنەگر بدات. دیتمار هێرتس ڕاست دەکات، کاتێك دەڵێت: «خوێنەر هەمیشە نازانێت لەکوێدایە. دەبێت ڕێبدات لەو یارییەوە تێوەبگلێنرێت، کە یاساکانی تەنها بە پچڕ پچڕی ئاشکران.»

**سەرچاوە:**

**Thomas Morus› Utopia Und das Genre der Utopoie in der politischen Philosophie Herausgegeben von Ulrich Arnswald und Hans-Peter Schuett**


engels

# ژیان و دنیابینی کۆمەڵایەتی ئەنگلس

ئامادەکردنی: ئارۆ هەورامی

بەشی یەکەم

## ژیانی ئەنگلس:

ئەنگلس لە ساڵی ١٨٢٠زایینی لە شاری (بارمن) لەوڵاتی ئەڵمانیا لە خێزانێکی دەوڵەمەند لە دایکبوو. باوکی خاوەنی کارگەیەك بوو، ئەنگلس قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی بڕی، تا قۆناغی دواناوەندی گەیشت، بەڵام بەهۆی کۆمەڵێك گرفتی خێزانیەوە دەستی لە خوێندن هەڵگرت و نەیتوانی ئەو قۆناغی دواناوەندی تەواوبکات، ژیانی وایپێویستی کرد پەیوەندی بکات بەکارەوە، ئەوەبوو لە دەزگایەکی بازرگانی لە شاری بارمن دەستی بەکارکردن کرد.

بەڵام دیارە ئەم کارکردنەوەی ئەنگلس نەبووە هۆکاری دابڕانی ئەو و خواستی ئەو بۆزانست و رۆشنبیری مەعریفی و سیاسی. هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی خوێندنی لە قۆناغی دواناوەندی چاوی بیری خستە سەر ئەو پلیشانەوە چەوساندنەوەیەی کە بە جۆرێ لەجۆرەکان لە بیرۆقراتیەدا هەبوو ئەو هەستی پێکردو، رقی تەواوی لە ئۆتۆکراتیەتی ئیو کۆمەڵگەکەی هەڵگرت. ئەم بیرکردنەوەو رامانەش پاڵنەرێك بوو بۆ ئەوەی تێکەڵی بیری فەلسەفی و دواجار قووڵبوونەوەی فەلسەفی بۆ کۆمەڵ، و چینە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگە هەبێت. دیارە لە ئەڵمانیاو لە سەردەمی ئەنگلسدا بیرو تێفکرینەکانی (هێگڵ) باڵی کێشابوو بەسەر فەلسەفەی ئەڵمانیدا، ئەمیش سەرەتا نەیتوانی لەو بازنەی تێفکرین و فەلسەفەیە بازبداتە دەرەوە، هەربۆیە دەبینین ئەنگلس وەك یەکێك لە شوێنکەوتوانی فەلسەفەکی (هیگڵ) دەناسرێت.

لەگەڵ ئەوەی کە خودی هیگڵ پێشتر سەرسام بوبو بە دەوڵەتی ئۆتۆکراتی پروسیا، کە خزمەتی دەکرد بەو پێیەی مامۆستا بوو لەزانکۆی بەرلین، لە گەڵ ئەوەشدا رێچکەو مەزهەبی لەو کاتەشدا شۆڕشگێڕانە بوو.

دیارە هیگڵ خاوەنی رێچکەی میسالی بوو، کەچی ئەنگلس و هاورێکەی (مەبەستمان لە مارکسە) بەپێچەوانەی هیگڵەوە ماددی بوون. کە بۆ جیهان و مرۆڤایەتی تێگەیشتنێکی ماددیان بۆ هەبوو1.

وایان دەبینی کە ئەوە هۆکارە ماددیەکانن کە بنچینەی دیاردە سروشتیەکانن، هەروەها پەرەسەندنی کۆمەڵگەی مرۆیی ملکەچی

بە پەرەسەندن و پێشکەوتنی هێزی ماددی بەرهەمهێنە.2

ئەنگڵس لە ئینگلتەرا لە ناوەندی پیشەسازی ئینگلیزی لە مانچیستەر تێبینی پرۆلیتاریای کردو ناسی، ئەمەش لەساڵی ١٨٤٢ زایـنـی بـوو کاتێك لە بری باوکی لە دەزگایەکی بازرگانی کاریدەکرد، کە باوکی پشکی هەبوو لەو دەزگا بازرگانیە لەو دەزگایە مایەوە.

دیـارە ئەنگڵس تەنها بەکارکردن لەو کارگەیە وازی نەدەهێنا، بەڵکو لـە پاڵ ئەوکارەشیدا زۆرجار دەچوە دەرەوەو سەردانی شوێن و گـەڕەکـە هەژارنشینەکان و ئەو شوێنانەی دەکرد، کە کرێکارەکان دەمانەوە بە چاوی خۆی مەینەتی و بارودۆخی خراپی ئەوانی دەدی. کە ئەمانەش جۆرێك بوون لەو بازنانەو تێبینیانەی کە دواتر تێفکرینەکانی تیایاندا ووردەکـــــردەوە بۆ تـیـۆرو قسە لەسەرکردنە زانستیەکانی دەبوونە سەرچاوەی ئیلهام و رۆشنکردنی بەرچاوی. دیارە ئەنگڵس تەنها بە تێبینیکردنی رۆژانەو سەرنجەکانی لە بواری مەیدانیدا بەهەند وەرنەدەگرت، بەڵکو دەچوو سەرچاوەو ئەو نوسین و نوسراوانەی پێشتر لـەسـەر ئـەو بـابـەتـەو بابەتەکانی چینایەتی، جیاوازی چینایەتیو ئەوباسانەی کەلەسەر هەژاری و نەداری، ئەو راپۆرت و بەڵگەنامانەی باسیان لە سەر چینی کرێکارو دەستی کاریان دەکرد دەخوێندەوە.3

دیارە ئەو نوسینەی کە لەژێر ناونیشانی» بارودۆخی چینی کرێکار لە ئینگلتەرا« کەلە ساڵی ١٨٤٥ زایـنـی بڵاوکرایەوە ، دەتوانین بڵێین بەرهەمی ئەوتێفکرین و وورد بونەوەو سەرنجدانانە بـوو، کە لەسەر ئـەو چینە کۆکرابووەوە دواتر لەچوارچێوەی ئەو نوسینەدا خۆی دیتەوە؟ لە شاری مانچیستەر و بەتایبەت لەوکاتانەی کە لە بڵاوکراوەکانی سۆسیالیستی ئینگلیزی خەریکی نوسین وبڵاوکردنەوەبوو، توانی پەیوەندیەکی بـاش و پتەو لەگەڵ ئەندامانی بزووتنەوەی کرێکاری ئەڵمانیا پەیدا بکات. دیارە ئەنگڵس لەگەڕانەوەی بۆ ئەڵمانیا لە ساڵی ١٨٤٤و لە کاتی تێپەربوونی بە شاری (پاریس) دا، چاوی بە مارکس دەکەوێت و یەکتر دەناسن.4

ئیتر ئەم دوانە ماوەیەك لەگەڵ یەکتری دەبن و دواتر دوو هاوەڵی هەمیشەیی ژیانی فیکری یەکتر دەبـن »کەپاشتر باسی لێوە دەکەین«، دیارە ئەوکاتە مارکس لە پاریس و لەژێر کاریگەری ژیانی فەرەنسی و کاریگەری سۆسیالیستی فەرەنسی، مارکس دەبێتە هەڵگری ئەو بیرە سۆسیالیستیە.

دیارە ئەو دوانەی ناومان هێنان(ئەنگڵس، مارکس) هاورێیەتیان بەرهەمی فیکری و زانستی گەورەی لێکەوتەوە، ئەوەبوو پێکەوە (خێزانی پیرۆز یاخود رەخنە لە رەخنە) یان نووسی، ئەم کتێبە کە مارکس بەشی زۆری لێ نووسیوە.

پێش دەرچـون و بڵاوکردنەوەی کتێبی » دۆخی چینی کرێکار لە ئینگلتەرا«، بوەو توانیویەتی پایەکانی سۆسیالیستی مادی شۆڕشگێری دەست نیشان بکات. دیسان هەر پێش چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کتێبی (خێزانی پیرۆز) ئەنگڵس لە گۆڤارەکەی مارکس وروخە » وەرزە گۆڤاری فەرەنسی ئەڵمانی« بابەتی » لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەییانە لە سەر »ئابووری سیاسی« نووسی کە تیایدا شیکاری سیستەمی ئـابـووری هاوچەرخی لە ژێـر رۆشنایی و تێڕوانینی سۆسیالیستی دا بڵاوکردەوە کە باسی ئەو بارودۆخە نالەبارەی دەکرد، کەلە واقیعی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەوکاتەدا هەبوو لە ئەنجامی ئەو سیستەمەی کە بە سایەی موڵکایەتی تایبەت سەپێنرابوو هاتبووە کایەوە.5

دیارە پەیوەندی مارکس بە ئەنگڵسەوە وایکرد بێ مشتو مڕ، کە پاڵنەرێك بێت بۆ یەکەمیان(مارکس) بایەخ و گرنگیپێدانی بەردەوامی لە بواری ئابووری سیاسی دا، ئەو زانستەی کە نووسەرەکەی تیایدا گەورەترین شۆڕشی تیابەرپاکرد. ئەنگڵس لە ماوەی ساڵانی ١٨٤٥ بۆ ١٨٤٧ زایینی لە برۆکسیل و لەپاریس ژیا، بە لێکۆڵینەوە زانستیەکەی پەیوەست کرد بە چالاکیی پراکتیکی کرێکارانی ئەڵمانی لەو دووشارە. لەم ماوەیەدا هەردوو هاورێ ( ئەنگڵس و مارکس) لەگەڵ رێکخراوێکی سیاسی ئەڵمانی بە ناوی »کۆمەڵەی شیوعیەکان « پەیوەندیان گرت. لەو پەیوەندیگرتنەیاندا رێکخراوەکە بەڵێنی خستەڕووی هەموو ئەوبیرەنسیپانەی دا کە ئەم دوو تیۆریستە دایدەرێژن.

هــەروەهــا ئەنگڵس و مــارکــس لە ساڵی ١٨٤٨ زایـنـی پێکەوە بەیاننامە دیارو گرنگەکەیان بڵاوکردەوە کە بە »بەیاننامەی پارتی شیوعی « نـاسراوە. هەرچی شۆڕشی ١٨٤٨ زایینە کە یەکەم جار لە وڵاتی فەرەنسا سەریهەڵدا و پاشان تەنیەوە بۆ وڵاتانی تری ئـەوروپـای رۆژئـــاوا، وایکرد کە ئەنگڵس و مارکس، بڕیاری گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان واتە ئەڵمانیا بدەن. دیارە لەپروسیادا ریتانی هەبوو، ئەم دووهاوەڵە هەستان بە گۆڕینی مانشێتی رۆژنامەی دیموکراتی بۆ »رۆژنامەی ریتانی نوێ«، کە لە شاری کۆڵۆنیا دەردەچوو.

ئەم دووهاوەڵە بوونە گیانی هەموو ئەو هەوڵە شۆڕشگێریە دیموکراتیانەی لە پروسیای ریتانی دا هەبوو. دەبینین لەم ماوەیەدا ئەم دوو هاوەڵە هەموو هەوڵەکانی خۆیان دەخەنە گەڕ بۆ داکۆکیکردن لە بەرژەوەندی گـەل و ئـــازادی، بەرامبەر هێزی ستەم و چەوسانەنەوە دەوەستنەوە. هەرچەندە زاڵی و مل نەدان هەربەلای ئەو هێزە کۆنەپەرستانەدا

دەشکێتەوە دواجار ڕۆژنامەی « ڕیناتی نوێ» لەکار دەکەوێت. مارکس لەوکاتەدا کە کۆچی کرد ڕەگەزنامە برووسیەکەی ووندەکات، بۆیە بەو هۆیەوە لە وڵات دەکرێتە دەرەوە.6

بەڵام ئەنگڵس دەمێنێتەوە و بەشداری لە ڕاپەڕینی گەلی چەکدار دەکات، لە سێ شەڕدا کە لەپێناو ئازادیدا ئەنجامدراون ئەنگڵس بەشداری دەکات، بەڵام دیارە شۆڕگێڕان توانای بەردەوامی شۆڕشیان نابێت بە هۆی ڕووبەڕووبونەوەی توندی دەسەڵاتە لەبەرئەوە شۆڕشەکە شکست دەهێنێت و ئەنگڵس دووچاری ڕاکردن دەبێتە لە ڕێگەی سویسراوە بەرەو شاری لەندەن هەڵدێت. دیارە مارکس لەوکاتەدا هات بۆ لەندەن ئەویش لەوێ نیشتەجێبوو. پاشماوەیەك ئەنگڵس گەڕایەوە بۆ بەکەرخستنی دەزگا بازرگانیەکەی پێشووی کە لەساڵەکانی چل، وەك باسمان کرد، تیایدا کاری دەکرد و پاشان توانی وەك هاوبەشێك لەو دەزگایە لە مانچیستەر دەست بەکاربێتەوە دیارە تاوەکو ساڵی ١٨٧٠ ئەنگڵس لە شاری مانچیستەر و مارکس لە شاری لەندەن ژیانیان دەگوزەراند، بەڵام ئەم جیایی دانیشتنەی ئەم دوانە کە هەریەکەیان لەشارێك بوو، وایئەکرد کە لەبیرو باوەڕو خەون و خولیاو کارکردنی زانستی و فکریدا لەیەك بترازێن، بەڵکو هەر پەیوەندیەکی توندو تۆڵیان لەو بوارەوە لەنێواندا هەبوو.7

هەربۆیەش نامەگۆڕینەوەی بەردەوامی نێوانیان بەیەکێك لە هۆکاری مانەوەی پەیوەندی توندوتۆڵ، گۆڕینەوەی بیر و بۆچوون و گەشەپێدانی ئەو بیرو باوەڕە سۆسیالیستیەیە کە تا دوا هەناسەی تەمەنیان کاریان بۆکرد، خەریکی داڕشتنی سۆسیالیستی زانستی بوون، تەنانەت بابەتەکانی تریش دادەنرێت.

لە ساڵی ١٨٧٠زاینی ئەنگڵس لەگەڵ هاوڕێکەی «مارکس» لە لەندەن کاری هاوبەش و گۆڕینەوەی بیرو تاوتوێکردنی بابەتی زانستی گرنگیان ئەنجامدا، واتە ئەم پەیوەندیانە لەوساڵەوە گەرم و گوڕتر بوون تاوەکو مردنی مارکس لەساڵی ١٨٨٣ زاینی، کە بە بەهێزترین پەیوەندیان دادەنرێت بەوەی کە تواناکانی خۆیان چڕکردوەتەوە لە نوسین و ڕێکخستنەوەی پایەکانی ئەو بیروباوەڕەی، کە چەندین ساڵ ژیانیان بۆ تەرخان کردبوو. دیارە بەرهەمی ئەو پەیوەندیە توندوتۆڵو گۆڕینەوەی بیرو ڕایانە بە نیسبەت مارکسەوە بەرهەمی « سەرمایە-(رأس المال) ی لێ بەرهەم هات. کە بەگەورەترین کتێبی مارکس و نایابترین و زانستیترین کتێب لە بواری ئابووری سیاسیدا لەسەردەمی خۆی و ئێستاشدا نوسراییێتە دادەنرێت. هەرچی سەبارەت بە نوسینەکانی ئەنگڵسە لەوکاتەدا چەند نوسینی کورت و بچوك چەند نووسراوی گەورە بەردەستمان کەوتوون.8

دیارە مارکس لەوکاتەدا خەریکی شیکاری دیاردە ئاڵۆزەکان بوو لە ئابووری سەرمایەداریدا. ئەنگڵسیش خەریکی خستنەڕووی بابەتەکانی بوو بە شێوەیکی ڕوون، هەندێجاریش جەدەلیانە بەڕووی زۆرێك لە پرسە زاستی و گشتیەکان هەڵئەشاخاو ڕووداوەکانی ڕابردوو ئێستای لە دووتوێی ئاراستەی ماددی بۆ مێژوو، لای مارکس و تیۆریا ئابووریەکەی خوێندنەوەی بۆدەکردن، لەو چاپکراو نوسراوانەی ئەنگڵس ئاماژە بە کتێبی جەدەلی « دژی دوهرنگ» کە تیایدا شیکاری گرنگترین دۆزی فەلسەفەو زانستە سروشتی و کۆمەڵایەتیەکانی کردووە. وەکتێبی« ریشەی خێزان و موڵکایەتی تایبەت و دەوڵەت» و«لۆدفیگ فیورباخ».9

دیارە مارکس پێش ئەوەی کتێبە گرنگ و گەورەکەی بەتەواوکراوی وچاپکراوی خۆی ببینێت، بەڵکو هەر بەمسوەدەیی مابوەوەو دووبارە پێداچوونەوەی بۆ نەکردبوو بەناوی « سەرمایە» بۆیە ئەنگڵس وەك وەفایەك بۆ هاوڕێکەی ئەو ئەرکەی خستە سەرشانی خۆیە دوای مردنی مارکس پێداچوونەوەی بۆ مسوەدەکە کردوو بەرگی دووەم و سێیەمی: کتێبی سەرمایەی بەچاپ گەیاند، دیارە بەرگی دووەمی لە ساڵی ١٨٨٥زاینی و بەرگی سێیەمی لە ساڵی ١٨٩٤ زاینی، بەڵام تەمەن بواری نەدا

**ئەنگڵس پەیوەندی بەبزووتنەوەی چارتەری-(الوثیقیە) کرد کە ئەو بزووتنەوەیە داوای فراوانکردنی مافەکانی کرێکاری دەکرد لە دەنگدان دا پاشان هەستا بە دیراسەکردنی بواری ئابووری سیاسی ئەنگڵس ئاشکرا رای خۆی ڕاگەیاند. وتی کە ئەو نەهامەتیەی ئەو سەردەمە لەخۆی گرتوویەتی هۆکارەکەی هەژموونی دەزگای مولکایەتیە تایبەتەکانە**



بەرگی چوارەمی بەچاپ بگەیەنێت. بۆیە بۆ بەچاپگەیاندنی ئەو دوو بەرگەش ماندووبێکی گەورەی پێنی 10

دوای بزوتنەوەکەی ١٨٤٨و ١٨٤٩ زایینی، دەبینین چالاکی ئەنگڵس و مارکس لە هەندەران و وڵاتی غەربیی تەنها لە بواری زانستدا خڕ نەبوویەوە بەڵکو مارکس لە ساڵی ١٨٦٤ زایینی ڕێکخراوێکی بە ناوی « کۆمەڵەی بەکارخراوی جیهانی » درووستکرد و نزیکەی ١٠دەساڵ سەرۆکایەتی و سەرپەرشتیاری چالاکیەکانی بوو، ئەنگڵسیش پشکی بەشدارێکی چالاکی تێدا هەبوو. پاش مردنی مارکس ئەنگڵس خۆی بەتەنها بوویە ڕاوێژکارو رابەری سۆسیالیستەکانی ئەوروپا. فریدریك ئەنگڵس لە ساڵی ١٨٩٥زایینی لە شاری لەندەن کۆچی دوایی کرد.

## پاش مردنی هاورێکەی

(مارکس-١٨٨٣)، فریدریك ئەنگڵس دیارترین ژاناو پەروەردەکەرو سەرپەرشتیاری چینی پرۆلیتاریای هاوچەرخ لە جیهانی مەدەنی پەگشتی بوو. پاش ئەوەی ئەم دوانە (مارکس و ئەنگڵس) چارەنووس کۆی کردنەوە، ئیتر کاری ئەم دوو هاورێیە لە رووی پراکتیك و نوسین و خەونی دوارۆژەوە شێوازێکی هاوبەش و ئاراستەیەکی هاوکاری پەتەواوکەری کاری یەکتر رۆیشت تا هەردوکیان ژیانیان بەکۆتاگەیشت. ئەنگڵس و مارکس یەکەم مرۆڤانێ بوون ئەوەیان روونکردەوە کە چینی کرێکار وەك پێویستیەك لە گەڵ خواستەکانیان لە سیستمی ئابووری ئێستادا لەدایك دەبێت. ئەوەش لەگەڵ سەرمایەداریدا درووست دەبێت و بە شێوەیەکی حەتمی پرۆلیتاریا ڕێکدەخات.11

ئەوەشیان خستە روو کە ئەو نیەتەپاش و ئەوهەوڵانەی کە لە لایەن کۆمەڵێك خوا پێداوەوە دەگیرێتە بەر دادی نایەکسانی و ناعەدالەتی و لایەری بەڵو چەوساندنەوەکانی سیستمی چینایەتی نین، بەڵکو تەنها تێکۆشانی پرۆلیتاریایە دۆخەکە دەتوانێت یەکلا بکاتەوە. دیارە ئەنگڵس و مارکس تەنها کەس بوون کە ئەو بەڵگەیەیان دەخستە پێشچاو لە ناو کتێب و چاپکراوە زانستیەکانیاندا، کە سۆسیالیستی نەخەونە و نە نمونەیەکی خەیاڵ پڵاویە، بەڵکو ئەوە دوا ئامانج و ئەنجامی پێویستی پەرەسەندنی هێزی کارە لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا. ئەو مێژووە نووسراوەی کە هەیە ئاڵۆزیی پڕ لەگەڵدا بێت، مێژووی شۆڕش و بەرخۆدان و تێکۆشانی گەل و سەرکەوتنی چینە کۆمەڵایەتیەکانە بە سەر چینەکانی تردا. ئەم بارودۆخەش لەم جیهانەو ژیانەدا بەو پێدانگە هەر بەردەوام دەبێت، مادام چینایەتی و نایەکسانی و ململانێی چینەکان بەردەوامی هەیە.12

بەمانا مادامەکی موڵکایەتی تایبەت هەیەو چینێکی کەمینە خەریکی حەپەلووشی




زۆرینەی سامان دەکات و فاکتەری بەرهەمهێنانی فەوزای کۆمەڵایەتیە. دیارە دواجاریش کۆمەڵگەکان لەمڕۆدا و لە ژێر سایەی ئەم سیستمەدا جیاوازی چینایەتی هەیە، بۆیە ململانێی چینایەتی بەردەوامەو هەموو ململانێیەکی چینایەتیش بۆخۆی دەرگاکردنەوەیە بەرووی تێکۆشانێکی سیاسیدا.

## کاری هاوبەش و هاورییەتی ئەنگڵس و مارکس

دیارە لەم پێشەکیەی سەرەوەدا ئاماژەیەکمان دا بە پەیوەندی هاورێیانەی ئەنگڵس و مارکس، بەڵام لە راستیدا تێکەڵاوی ئەم دوو گەورە پیاوە فەیلەسوفە، ئەوە دەخوازێت کە لەم بوارەوە زیاتریان لەسەر بنووسرێت، بۆیە ئێمە پێمان باش بوو کەمێك لە سەر کارە هاوبەشەکانی ئەم دوو زانایە بنووسین

بەڵام لەمێژوودا نمونەی کەم لە هاورێیەتی دوو فەیلەسوفی مەزنی شۆڕشگێڕی سیاسی وەك ئەنگڵس ومارکس بەرچاو دەکەوێتە کە پەیوەندی کەسی ئەم دووانە لە کاتی یەکتر ناسینەوە بە درێژایی نیو سەدە زیاتر بەردەوامی هەبووە هیچ شتێك نەبێتە هۆکاری پچڕاندنی تەنها مردن کۆتایی بەو هاورێیەتیە بهێنێت.13

پەیوەندی هاورێیەتی نێوان فریدریك ئەنگڵس (١٨٢٠-١٨٩٥زایینی)، کارل مارکس (١٨١٨-١٨٨٣زایینی) رەنگدانەوەی کۆمەڵێك هەڵوێست و بیرکردنەوەو تێڕوانینی ناخی و هەوڵی گەڕان بە دووای پاشەرۆژێکی رۆشندا بوو. بەدەر لەوە ئەو سۆز و خۆشەویستیە ناخیە ئاشکرانەکراوەی کەلە نێوان ئەم دوومرۆڤە باڵایەدا بە بێ ڕێکەوتن لەسەری بوونی هەبوو. ئەم دوو مرۆڤە ( ئەگڵز و

مارکس) دیارە کە جومگی ئێو یەك خانەوادە نەبوون، ، ئەم دوانە ژیانی منداڵیان پێکەوە نەبردۆتە سەر، یاری کۆڵانی گەڕەکێك بە منداڵیش کۆی نەکردوونەتەوە جارێك، لەسەر یەك مێزی خوێندن قوتابخانەیەك پێکەوە کۆی نەکردوونەتەوە، تەنانەت لە شارێکیش لەدایك نەبوون تەنانەت چینی کۆمەڵایەتی خانەوادەی ئەم دوانەش هاو شێوە نەبووە، بەڵکو هەر جیاوازبووە.14

چونکە ئەنگڵس لە خانەوادەیەکی دەوڵەمەند لە دایك بوو، هەرچی مارکسە لە خانەوادەیەکی کە سەر بەچینی ناوەندە لەدایکبووە، دیارە مارکس لە شاری (تریێر) ی ئەڵمانی لەدایك بووە، رۆشنبیری ئەکادیمی لە شارەکانی «بۆن و بەرلین و جینا»بەدەستهێناوە. لە ساڵی ١٨٤٢ زاینی بەدواوە مارکس بەشداری لە دەرکردنی رۆژنامەی «رایچ تسایتۆك» دەکرد و دواتر وەك سەرنووسەری ئەو رۆژنامە دیاریکرا. نوسینەکانی بوونە جێگەی مشتومڕو تەنانەت شوێنگەی چاو لەسەردانانی پیاوانی دەوڵەت، کە وەك جۆرێك لە ترس و لێدانی بەرژەوەندیەکانیان تەماشەیان دەکردن، چونکە رەخنەی توندی ئاراستەی سیستەمی سیاسی و بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو کاتەی کە ئەڵمانیای تێدا دەژیا، دەکرد. دەبینین تا ئەم کاتەش مارکس وەك هاورێیەك و تەنانەت ناسراوێك بۆ فریدریك ئەنگڵس لەژیانیدا بوونی نیە. گەرێینەوە سەر ئەنگڵس و ژیانی ئەنگڵس وەك وتمان ئەم فەیلەسوفە لە شاری بارمن (برتاڵ-ی ئێستە) لەدایکبووە، بنەچەی خێزانی ئەنگڵس دەچێتەوە سەر خێزانێکی بازرگانی دەوڵەمەندی پرۆتستانتی، لەلایەن خێزانەکەیەوە ئەرکی شارەزابوون و بەرپرسیارێتی بازرگانی کردنی دەخرێتە سەرشان، دەنێردرێت بۆئینگلتەرا و ئەرکی کارکردن و شارەزایی پەیداکردنی لەکارگەیەکی رستن و چنین لە شاری مانچیستەر بەسەردا دەدرێت.

لە ساڵانی (١٨٤٢-١٨٤٤ زاینی) وەك پێشتر هێنامان ئەنگڵس رۆژانــە رووبـەروو چاوی بە نەهامەتیەکانی کرێکاران دەکـەوت لەو کارگەیەی کە کاری لێدەکرد، پاشان دەگەڕا چاودێری بـارودۆخـی ئالەباری کرێکارانی کانەکانی خەڵوز، کارگە پیشەسازیەکان، کرێکاران لە کەرتی کشتوکاڵ، هەموو ئەو جیاوازی و ناعەدالەتی و زەبـرو زەنگیەی، کە لەلایەن چینی پـارەدارو سەرمایەدارەوە تووشیان دەبوو تێبینی دەکرد، وەك وتیشمان ئەنگڵس کتێبێکی لەوبارەوە نووسی و بەناوی ( بـارودۆخـی چینی کرێکار لە ئینگلتەرا) بڵاویکردەوە.

ئەنگڵس پـەیـوەنـدی بەبزووتنەوەی چارتەری- (الوثیقیە) کرد، کە ئەو بزووتنەوەیە داوای فراوانکردنی مافەکانی کرێکاری دەکرد لە دەنگدان دا، پاشان هەستا بە دیراسەکردنی بواری ئابووری سیاسی، ئەنگڵس ئاشکرا رای خۆی راگەیاند وتی کە ئەو نەهامەتیەی ئەو سەردەمە لەخۆی گرتوویەتی هۆکارەکەی هەژموونی دەزگای موڵکایەتیە تایبەتەکانە. دیـارە ناتوانرێت ئەو موڵکایەتی تایبەتیە لەچنگ ئەو مرۆڤە چەوسێنەرانە دەربکرێت، بەبێ تێکۆشانێکی چینایەتی کە دواجار ئەو تێکۆشانە لەکۆمەڵگەی شیوعیەتدا دەگاتە ترۆپك.15

ئەم چالاکیە سەربەخۆیانەی ئەنگڵس بۆخۆی پێگەو ناسراوییەکی بۆ دروستکرد، کەوایکرد ئەنگڵس وەك ئابووریناسێکی سیاسی شۆڕشگێری لەلایەك دامەزرێنەری رەگەزەکانی هاوشێوەیی و هاوبیری لە میکانیزمەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی لە نێوان خۆی و هاورێ باشەرۆژیەکەی ( کارل مارکس)، کە ئائەم کاتە واتە ئەم قۆناغە کە ساڵی (١٨٤٤زاینی) پێی نەگەیشتبوو لەلاکەی ترەوە. دیـارە لە ساڵی (١٨٤٤زاینی) ئەنگڵس لە شاری پاریس بە « کارل مارکس» گەیشت و بۆیەکەم جار لە پاریس چاویان بەیەکتر کەوت و یەکتریان ناسی، مارکس ئەوکات کۆمەڵێك بەرهەمی لەسەر بیری شیوعیەت بڵاوکردبووەوە. لێرەدا ئەم دوو پیاوە بۆیان دەرکەوت کە هەریەکەیان لەرێگەی خۆیەوە هاوبیری یەکترەکەن و خەریکی بڵاوکردنەوەو پشتیوانی هەمان بیری یەکترین، پاشان بە خێرایی پەیان بەوەبرد کە رەگەزەکانی هاورێیەتی لە ناو ناخ و کردارو خواستی ئەم دووانە لە ئاستێکی بەرزدان و لێی هەردووکیان کۆبوونەتەوە. کە دیارە ئەم پەیوەندیە هاورێیەتییە دواتر دەبینین دەچێتە ئاستی ئەفسانەییەوە، ئەوەندە بەردەوامی و تۆخبوونەوەی تێدا دەبێت، کە دوای مردنیش ناتوانرێت جیابکرێتەوە. ئەمە بەدەر لەوەی دەبێتە فاکتەری چالاککردنی بیری و کردارەکی و سەوزکردنی ئومێدو هیوای بـەردەوام بۆ هـەردوولا ئەوەتا لینین پاش نزیکەی زیاتر لەچارەکە سەدەیەك دووای مردنی ئەم دوو فەیلەسوفە لەسەدەی بیستدا ئەوە دەدات بەگوێی هەموو شیوعیەکان و نەیارەکانیدا و دەڵێت: ئەنگڵسو مارکس بەرهەمی بیری جوانی شیوعیەتن، هاورێیەتی و دڵسۆزی مرۆیی ئەم دووانـە شاهیدی راستەقینەی ئینسانیەتی بیری شیوعیەتە، کەوادەکات نموونەی بەرزی هاورێیەتی و خۆشەویستی فێری مرۆڤەکان بکات و مرۆڤەکان لەسەری برۆن هەروەها تەحەدای بیری سەرمایەداری دەکات کە بتوانێت نموونەیەکی هاورێیەتی وەك ئـەم دوو فەیلەسووفە پێشکەش بە مرۆڤایەتی بکات.!16

پـاش ئـەوەی ئـەم دوو فەیلەسوفە لە شاری پاریس یەکتر دەبینن بەڵێنی پێکەوە کـارکـردن بەیەکتری دەدەن، ئـەم بەڵێنی

کارکردن و هاوشێوە کارکردنە دەبێتە هەوێنی ئەو هاورێیەتیە درێژخایەنەیان، ڕەگەزی کار لای ئەمان بەیەکێك لە ڕەگــەزە گرنگەکان و گەورەترین ڕەگەزێك دێتە هەژمار، بۆ بەستنەوەی ڕۆح و ئامانجی تاکەکان و دواجار بەردەوامی گیانی هاورێیەتی. وەك دەبینین دوای مردنی مارکس(١٨٨٣ زاینی) بەردەوام دەبێت. ئەمەشیان دوو ئاراستەی سەرەکی وەرگــرت، یەکەمیان شێکاری مێتۆدی بۆ پرەنسیپەکانی شیوعیەت، ئەو شیوعیەتەی کە لەم دواییەدا بە« مارکسیەت» ناسراو ناوزەدکرا.

دووەمــیـان کــارکـردن بۆ چالاککردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێری لە جیهاندا، لە ڕێگەی کۆمۆنەی میللییەوە (الاممیە الشیوعیە)، دیارە ئەم دووانە بەجۆرێ لەجۆرەکان لەسەر بەشکردنی کارەکان ڕێککەوتن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەردووکیان هەوڵی خۆیان لە بواری فەلسەفەدا بەردەوام و بەچڕی دەخستە گەڕ، بەڵام بە پێی ئەو ڕێککەوتنەی دابەشکردنی کــارە لەنێوانیان « مارکس» قوڵبوونەوەو کارکردن لە بواری بیری سیاسی و ئابووری سیاسی و مێژووی ئابووری پێ سپێردرا. هەرچی (فریدریك ئەنگڵس) بــوو بەشی زانستی سرووشتی، بیرکاری، زانستی ئەنسرۆپۆلۆجی، زانستی سەربازی و زمانی لەو دابەشکاریە پێ سپێردرابوو.17

ئەم چالاکیە تەواوکارییەی ئەم دوو هاورێیە لە پێناو داهێنانی بیر و زانستێکی نوێ دەرکەوتنی گەورەترین بەیاننامەی کە مێژووی نوێ بــەرۆژهــەڵات، ڕۆژئـــاواوە بینیێتی بەخۆیەوە لێ بەرهەمهات، ئەویش بەیاننامەی شیوعیەت بوو، کە هیچ ئەدەبێکی سیاسی شۆڕشگێری لە جیهاندا ناتوانێت کاریگەرییەکانی تێپەڕێنێت، هەروەها هیچ ئەدەبێکی شیوعی ناتوانێت کاریکات بەبێ گەڕانەوە بۆ ئــەو، کە وەك سەرچاوەیەکی فیکری و گشتگیر، سەرەڕای ئەوەی کە کەمو بوختە، چی لەپشت سەرهەڵدان یان نووسینی ئەو بەڵگەنامە مێژوویەوە هەبوو؟

ئەنگڵس بۆخۆی مسوەدەیەکی ئەو بەیاننامەیەی نــووســی، پــاشــان ئــەوەبــوو خستیە بــەردەم مارکس بۆ تەماشەکردنی و چــاوپــێــداخــشــانــەوەی و پــاشــان دوا صیاغەکردنەوەی، ئەمەش ئــەو نموونەیە دەخاتە بەردەست کە فریدریك ئەنگڵس چــەنــدە ڕۆڵــو بەشکی لــە بــونــیــادی بیری شیوعیەتدا هەبووە، هەروەها نموونەیەکی تر کە گرنگی و بایەخ و ترسناکیش تەنانەت لەوەی پێشوو کەمتر نیە، ئەویش ئەوەیە بە هۆی ئەوەی مارکس پێش مردنی نەخۆشی و مەشغوڵ بوونی بە «کارگێری ئەنجومەنی گشتی بۆ گــەلان»ەوە فرسەتی تەواوکردنی بەرگی دووەم و سێیەمی کتێبەکەی (سەرمایە)ی نەدا و گیانی سپارد، کتێبەکەی بەمسوەدەیی جێی هێشت بەسەر هاورێکەیەوە، بەڵام بەهۆی دڵسۆزی و باشی ئەم فەیلەسوفە بۆ هاورێکەی و بیرو باوەڕەکەی توانی لەرێگەی کۆکردنەوە، یەکخستنی ئەو دووبەرگە لەو کتێبەو بەچاپگەیاندنی توانی تەواوکاری بیری شیوعیەت بکات.18

دیارە ئەو بارودۆخە نەبوونی و هەژارییەی مارکس لە شاری لەندەن دووچاری دەبوویەوە، دیسان جۆرێکی تر لە ژیانی هاورێیەتی کەم نموونەی ئەم دوو کەڵە زانایە ئەنەخشێنێت، چونکە ئەگەر هاوکاریە ماددیەکانی ئەنگڵس بۆمارکس نەبوایە، ئــەوە دووەم هەرگیز نەیدەتوانی زۆرشــت کە کــردوونــی، ئێمڕۆ بەرهەمی ئاوازەی زانستی ئەو دادەنرێن هەر لەدایکبوونایە.19

تــەنــانــەت هــەنــدێ لــە مــێــژوونــوســە شیوعیەکان باوەڕیان وایە کە تەنانەت مارکس نەیدەتوانی لە شاری (لەندەن)دا ژیان بباتە سەرو بمایەتەوە لەنامەیەکی کاریگەردا کە « دیفید ریازانۆف» لە نێو کتێبی ( کارل مارکس و فریدریك ئەنگڵس- بوختەیەك لە کارو ژیانیان) بڵاویکردووەتەوە. مارکس بۆ هاورێکەی « ئەنگڵس» باسی ئەو موعاناتە و بارگرانیەی خۆی دەکات لەپشت نوسین و ئامادەکردنی کتێبی «سەرمایە»دا چی بەسەر هاتووەو دەڵێت: ئەوە دواجار لە تەواوکردنی بەشی یەکەمی ئەم کتێبە بوومەوە بەڵام من خۆم بەقەرزاری تۆ دەزانم لەوەی کە توانیم ئەمە تەواوبکەم، چونکە تۆ لەپشت تەواوکردنیەوە بووی.

بــەبــێ ئــەو یــارمــەتــیــدانــانــەو ئــەو پێشکەشکاریانەی تۆ بەمن ئەوە بەدڵنیاییەوە توانای بەردەوامیدانم بەو کتێبە نەبوو. بۆیە ئەنگڵس پشتیوانێکی بەردەوامی مادی مارکس بووە، ئەنگڵس لە پشت لێدانی ئەو هەموو تەنگو چەڵەمە مادیانەدا بووە، کە هاورێکەی لەرێگەی گەیشتن و بەدەستهێنانی ئەو بەرهەمە فیکری و زانستی و شۆرگێریانەی دووچـــاری هــاتــوون. دیــارە ئەنگڵس و مارکس پێکەوە بەبەردەوام پەیوەندیان بە شۆڕشگێرانی جیهانەوە هەبووە، لە ڕێگەی اممیەی یەکەمەوە کە لەساڵی ١٨٧٢ زاینی هەڵوەشایەوە، پاشان اممیەی دووەم کە ئەویش لەساڵی ١٨٨٩ زاینی پاش مردنی مارکس، ئەنگڵس ڕۆڵی کاریگەری تایبەتی دیارە ناردنی ئەنگڵس بۆ شاری مانچیستەر بۆکارکردن لەو کارگەی ڕستن و چنینە، دەتوانین بەوەرگەڕانێکی مێژوویی لە بیری ئەم مرۆڤە گەورەیە(ئەنگڵس) لە ژیانی فیکری و سیاسی و ئابووری دابنرێت. دیارە ئەنگڵس پارێزگاری لەپێگەی وەزیفی و ئەرکی خۆی کرد سەرەتا وەك کرێکارێك پاشان دوای ئــەوەی باوکی کۆچی دوایی دەکات و سەروەت و سامانی باوکی، کە سەرمایەدارێکی دیارو خاوەنی سامانێکی گەورە بوو، ئەمەی وەك میراسی

بۆ ئەم دەمێنێتەوە. دیارە دواتر وەك یەكێك لە سەرانی ئیداری ئەو كارگەیە كاری خۆی دەكات. ئەم كارگەیەو بوونی سەرمایەی ئەنگڵس فاكتەرێكی باش بووە، كە بتوانێت لە رێگەیەوە هەم خۆی و هەم هاورێكەی بابەتی مادی و نەبوونی ئەوەندە رێگر نەبن، بەجۆرێ لە جۆرەكان هاوكارێكی مادی باش بێت بۆ گەیشتنی هەردووكیان بەكارو ئامانجیان.

چونكە لەوكاتەدا ژیانی مادی و بژێوی پەیداكردن زۆر قورس و گران بووە پەیوەندیەكانی نێوان مرۆڤەكان بە هۆی خواستی چاوبرسی سەرمایەدارییەوە ئاڵۆزو سارد بوون و ئەنانیەت تێیاندا سەرباشقە بووە.

ئەنگڵس لەگەڵ ماركسی هاورێیدا بەشدارو هاوكاری بووە لە بونیادنانی هەموو قۆناغەكانی بزووتنەوەی شۆرگێری لە جیهاندا، لە ساڵی ١٩٤٨ هاورایی كرد لە كۆلۆن و چاودێریكردنی ئەو شۆرشانەی كە لەهەندێ وڵاتانی ئەورویی روویدەدا، پێكەوە رۆژنامەی شیوعیەتیان بۆ خزمەتی شۆرش دەركرد. دیارە پاش هەرەسهێنانی شۆرشەكە هەردوكیان گەرانەوە بۆ لەندەن.

دیارە لەم چەند ساڵەی دوایی كە ماركس وازی لە پۆستی ئەندامێتی ئەنجومەنی گشتی ئومەمی بەدەستەوەگرت. بەهۆی ئەوەی كە ئەنگڵس دەیتوانی بە زیاتر لە ١٢ زمان قسە بكات، ئاستی پەیوەندیگرتنی ئەو لەگەڵ شۆرشگێراندا فراوان و بەردەوام بوو. تواناى قەناعەت پێكردن و گفتوگۆو وتووێژی زۆری لەگەڵ شورشگێرانی دونیادا هەبوو. ئەمە سەرەرای ئەوەی خاوەنی كتێبی زەبەلاحی وەك « دیالێكتی سرووشتی» و « ریشەی خێزانی، موڵكایەتی تایبەت، دەوڵەت» و « دژی دۆهرینك» و چەندی تر. كەچی ووتەی بەناوبانگی ئەنگڵس هەر لەبەرچاوە، كەپرە لە جوانی مرۆیی و نموونەی تەواوزوع سەبارەت بەهاورێیەتی خۆی لەگەڵ ماركس كە دەڵێت: بەردەوام لەپاڵ ماركس دا دووەم ئاواز لێدەری نەی بووم20

**سوود لەم سەرچاوانە بینراوە:**


1- فریدریك إنجلس: خطوط أولیه لنقد الاقتصاد السیاسی ، كتبه إنجلس فی أواخر 1842 – كانون الثانی (ینایر) 1844. صدر فی مجله «»Deutsch-Franzosische Jahrbucher«» سنه 1844.

2- الیاس شاهین: كارل ماركس وانجلز، الحوار المتمدن، العـدد2120-5-11-2007، 12:06، المحور، الارشیف الماركسی

3- احمد زاید، واعتماد سید علام، التغیر الاجتماعی، مكتبه الانجلو المصریه م. القاهره، 2004..وەرگێرانی لە عەرەبییەوە: ابراهیم حاجی زەڵمی رۆژنامەی خەبات/پاشكۆی « هـزرو هونەر» ژمارەكانی، 106،107، 108، 109، 110.مانگی ئەیلول و تشرینی یەكەمی 2014 زاینی.

4- جواد بشاره: الأطروحه الماركسیه عن الكون المرئی، jawadbashara@yahoo.fr موقع انترنیت..

5- میشیل لوی: الماركسیه والدین، ترجمه: علی سعید:10-http://almadapaper.net/sub/10/503/p18.htm

6- مایكل لوفی: الماركسیه والدین، ترجمه : بشیر السباعی http://www.lamalef.net/ak/02/marx.htm

7- فریدریك انجلز: الموقع الفرعی فی الحوار المتمدن: http://www.ahewar.org/m.asp?i=47

8- فریدریك أنجلز: http://www.albwady.com/vb/showthread.php?t=8303

9- دیفید ریازانوف: كارل ماركس وفریدریك انجلز، مقدمه حول اعمالهما وحیاتهما، الفصل الحادی عشر - مایكروسوفت ستودینت 2009 – انكارتا.

10- فریدریك انجلز: اصل العائله والملكیه الخاصه والدوله،ترجمه احمد عز العرب،دارالطباعه الحدیثه، القاهره، بدون تاریخ.

11- فریدرخ إنغلز وكارل ماركس: البیان الشیوعی، كراسات ماركسیه،روافد للنشر والتوزیع، قاهره، 2014.

12- د.عبد الفتاح الدیدی، فلسفه هیجل، مكتبه الانجلو المصریه، 1970، ص86.


**ئەنگڵس لەگەڵ ماركسی هاورێیدا بەشدارو هاوكاری بووە لە بونیادنانی هەموو قۆناغەكانی بزووتنەوەی شۆرگێری لە جیهاندا لە ساڵی 1948 هاورایی كرد لە كۆلۆن و چاودێریكردنی ئەو شۆرشانەی كە لەهەندێ وڵاتانی ئەورویی روویدەدا پێكەوە رۆژنامەی شیوعیەتیان بۆ خزمەتی شۆرش دەركرد. دیارە پاش هەرەسهێنانی شۆرشەكە هەردوكیان گەرانەوە بۆ لەندەن**



13- أنظر مثلا ألف باو المادية الجدلية، فاسيلي پودوستنيك و أوفيشي ياخوت، ترجمة: جورج طرابيشي، دار الطليعة، بيروت، ط1، 1979م، ص64 – 69.

14- د.امام عبد الفتاح امام، المنهج الجدلي عند هيجل، دراسة لمنطق هيجل، دار التنوير للطباعة والنشر، بيروت، ط3، 2007م، ص157.

15- عيسى بشارة، مقال السوفسطائية، الموسوعة العربية، ج11ص312، انترنت، رابط: www.arab-ency.com

16- حاتم محمد ياسين ، محاضرات في الفكر اليوناني ، مطبعة دار الفكر المعاصر ، سنه النشر غير معروفه ، ص 79 ، 80 ، 84 ، 85.

17- لينين:الدولة والثورة، كراسات ماركسية،روافد للنشر والتوزيع، قاهرة، 2014.

18. «Legacies – Work – England – Manchester – Engels in Manchester – Article Page 1». BBC. Retrieved 2010-13-02.

19. Theories of Surplus Value, in Collected Works of Marx and Engels: Volumes 30, 31 and 32 (International Publishers: New York, 1988).

20. A copy of Frederick Engels› birth certificate is on page 577 of the Collected Works of Karl Marx and Frederick Engels: Volume 2 (New York: International Publishers, 1975)

Elisabeth Engels› letter contained at No. 6 of the Appendix, Collected Works of Karl Marx and Frederick Engels: Volume 38 (International Publishers: New York, 1982) pp. 540–541.21.

Tucker, Robert C. The Marx-Engels Reader, p.xv

^ Progress Publishers. «Preface by Progress Publishers». Marxists.org. Retrieved 201013.22-02-

Legacies – Work – England – Manchester – Engels in Manchester – Article Page 1». BBC. Retrieved 2010-13.23-02


## پەراوێزەکان:


1-Frederick Engels. «Letters of Marx and Engels, 1845». Marxists.org. Retrieved 201013-02-.

2- فريدريك انجلز: الموقع الفرعي في الحوار المتمدن: http://www.ahewar.org/m.asp?i=47

3- Theories of Surplus Value, in Collected Works of Marx and Engels: Volumes 30, 31 and 32 (International Publishers: New York, 1988).

4- فريدريك انجلز: الموقع الفرعي في الحوار المتمدن: http://www.ahewar.org/m.asp?i=47

5- ميشيل لوي: الماركسية واللين، ترجمة: علي سعيد http://almadapaper.net/ p18.htm/503-sub/10

6- Frederick Engels. «Letters of Marx and Engels, 1845». Marxists.org. Retrieved 201013-02-.

7- ميشيل لوي: الماركسية واللين، ترجمة: علي سعيد http://almadapaper.net/ p18.htm/503-sub/10

8- جواد بشارة: الأطروحة الماركسية عن الكون المرئي jawadbashara@yahoo.fr موقع انترنيت.

9- Frederick Engels. «Letters of Marx and Engels, 1845». Marxists.org. Retrieved 201013-02-.

10- احمد زايد واعتماد سيد علام، التغير الاجتماعي، مكتبة الانجلو المصرية، م. القاهرة 2004...وەرگێرانی لە عەرەبییەوە: ابراهيم حاجی زەلمی. ڕۆژنامەی خەبات/ پاشکۆی « هزر و هونەر» ژمارەکانی 106،107، 108، 109، 110. مانگی ئەیلول و تشرینی یەکەمی 2014 زاینی.

11- Heinrich Gemkow et al., Frederick Engels: A Biography (Verlag Zeit im Bild: Dresden, Germany, 1972) p. 53.

12- فريدريك انجلز: الموقع الفرعي في الحوار المتمدن: http://www.ahewar.org/m.asp?i=47

13- فريدريك انجلز: الموقع الفرعي في الحوار المتمدن: http://www.ahewar.org/m.asp?i=47

14- Heinrich Gemkow et al., Frederick Engels: A Biography (Verlag Zeit im Bild: Dresden, Germany, 1972) p. 53.

15- ديفيد ريازانوف: كارل ماركس وفريدريك انجلز، مقدمة حول اعمالهما وحياتهما، الفصل الحادي عشر - مايكروسوفت ستوديت 2009 – انكارتا.


16- Heinrich Gemkow et al., Frederick Engels: A Biography (Verlag Zeit im Bild: Dresden, Germany, 1972) p. 53.

17- Heinrich Gemkow et al., Frederick Engels: A Biography (Verlag Zeit im Bild: Dresden, Germany, 1972) p. 53.

18- Mike Rapport, 1848 Year of Revolution, London: Little Brown, 2008, p. 342, ISBN 9789-72965-316-0-.

19- لينين:الدولة والثورة، كراسات ماركسية،روافد للنشر والتوزيع،قاهرة، 2014.

20- لينين:الدولة والثورة، كراسات ماركسية،روافد للنشر والتوزيع،قاهرة، 2014.



ئایدیا
ئاشنابوون بە
کیرکەگۆر
پۆل ستراثێرن
لە فارسییەوە: لوقمان رەئوف - شۆرش مستەفا
سەرپەرشتیاری پرۆژە
تەیمور حسێن - لوقمان رەئوف
پڕۆژەی 25 نامیلکەی فەلسەفی ئێستا لە بازاڕدایە


louis althusser

# لوی ئالتێسێر:
# لەپێناوی تێخوێندنەوەی سەرمایەی مارکسدا

ئازاد حەمە
مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆی سلێمانی

لوی ئالتیسێر Louis Althusser(1918-1990) بیرمەندێکی فەڕەنسی مارکسییە، یەکێکیش بووە لە تیۆریزەکەرەکانی پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسی،ئەو دابڕینە ئێپستەمۆلۆژییەی ئالتیسێر لە توێژینەوە فەلسەفییە مارکسییەکانیدا باسی لێوەدەکرد، لە هزری مارکسدا پەی پێبردبوو بەری بیری بیرمەندێکی فەڕەنسی وەك گاستۆن باشلار بوو. راستیەکەی تێخوێندنەوەی ئالتێسیر بۆ مارکس بۆ تێکشکانی ئەو دۆگما مارکسییە بووە مارکسیزم لە رۆژئاوا دووچاری ببووەوە. لە زۆرێك لە توێژینەوەکانیشیدا دەستی بۆ ئەو لایەنانە رادەکێشا کە فەلسەفەی فەرەنسی بەقووڵی کاری لەسەر نەکردبوو، لەوانە پەیوەندی ئایدیۆلۆژیا بە دەزگاکانی دەوڵەتەوە، مانای هیگڵ بۆ مارکس، لینین و فەلسەفە، ئەڵبەتە لە ئایدیۆلۆژیا خستنی هزری فەلسەفی مارکسیش ئالتیسێر زۆر هیوای ئەوەشی دەکرد وێنەیێ فەلسەفی نەك تەنیا سیاسی لەسەر هزری مارکس وێنابکا کە ئەوەیان پیشەی ئەوانیتر بوو. ئەو دەمەی ئالتیسێر لە پاریس دووبارە تێخوێندنەوەی بۆ هزری مارکس دەکرد (لە دوو کتێبە ناسراوەکەی:لەپێناوی مارکس، خوێندنەوەی سەرمایە) هزری مارکس ئەوکاتە تەنیا بریتی بوو لە هزری سیاسی. تێخوێندنەوەکانی ئالتیسێر بۆ هزری مارکس دوژمنێ تیۆری ئەوتۆیان دروستکرد، هەندێك لە بیریارانی ئەو دەمەی پاریس ئالتیسێریان وەك ئەنتی هۆمانی دێتە پێشچاو، چونکە ئالتیسێر جەختی لە لایەنی زانستی تیۆری هزری مارکس دەکرد نەك لایەنە هۆمانیەکەی ئەمەو لێکدانەوە مارکسییەکانی ئالتیسێر هەڕەشەش بوون بۆسەر مارکسیزمی نەریتی و ستالینی کە ئەو کات لە 1960کان لە پاریس و رۆژئاوا زاڵبوو. نەك هەر ئەوەی

ئالتیسێر نەیویستووە بایەخ بە لایەنی هۆمانی لە هـزری مارکس بـدات، بەڵکو نەیویسـتووە بایەخ بە ڤاکتەری ئابووریش بدات وەك ڤاکتەری سەرەکی لە لێکدانەوەی مێژوو مرۆڤایەتیدا. تەنانەت ئالتیسێر لەو تێخوێندنەوە رادیکاڵییەی بۆ مارکس ئەنجامیداوە مارکسی لاوی لە مارکسی پیر جیاکردۆتەوە، دەرباززبوونی مارکسیش لە قۆناغی پاش لاوی، لە کاریگەری هیگڵ، بە هەنگاوی چاك زانیووە بۆ دروستبوونی مارکسی زانستی و تیۆری.

ئەم بیریارە پاریسییە لە 1948دا بووە بە ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسی، بــەڵام پەیوەندی لەگەڵ زۆرژ ماخشێی سەرۆکی پارتەکە هیچکات باش نەبووە، لەو یاداشتانەش لەپاش رووداوەکە نووسیویەتی باسی لەوە کردووە ماو ویستویەتی بیبینێ، بەڵام ئەم کاری بۆ یەکتر بینینەکە نەکردووە.

ئالتیسێر پـێـچـەوانـەی هـەنـدێ لە مارکسییە فەڕەنسیەکان(لویس گۆلدمان و هێنری لۆڤیڤر)، بگرە جۆرج لوکاشیش، مارکسی گەڕاندوەتەوە ناو زانست و لە ئایدیۆلۆژیا بە دووری گرتووە. لە لایەکیتر، ئـالان بادیو و ژاك رانسیێر لە قووتابییە بەرچاوەکانی ئالتیسێرن، ئەمەو جگەلە ئێتیان بالیبار، ئاگامبێن، فۆکۆ، دولـوز، دریـدـاش. بگرە ئەمانەو بەشێکی تریش لە ناو فەڕەنسا و لە دەرەوەی فەڕەنساش لەژێرکاریگەری تێخوێندنەوەی ئالتیسێر بۆ مارکس دەربازیان نەبووە، هەموو خۆیان بە قەرزاری بۆچوونە فەلسەفییەکانی ئالتیسێر سـەبـارەت بە هـزری فەلسەفی مارکس زانیووە. بە واتایەکیتر، چەپی ئەورووپایی لە تێخوێندنەوەکانی ئالتیسێر بۆ هزری مارکس سوودمەندبووە، خودی تێخوێندنەوەکانیش دەرگایی فەلسەفییان لەبەردەم چەپەکانی ئەورووپا کردۆتەوە و بناغەشیان بۆ جموجۆڵی سیاسی نوێ داناوە، بۆ نموونە دەرکەوتەی خۆی لەناو تەوژمی ئاپاریەکانی 68 ی پاریس و رۆژئـاوا هەبووە، بەڵام ئالتیسێر یەکێك بووە لە رەتکەرەوەکانی شۆڕشی ئاپاری 68 ی پاریس، تاڕادەیێك لەتەك پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسی هاو هەڵوێستبووە. واتە لاوەکانی شەقامی پاریسی بە چەواشەکار زانیوە، ئەملایەنەش دواتــر بۆتە کێشە لەنێوان خــۆی و هـاوکـارەکـانـی (بەتایبەت ژاك رانسیێر و ئێتیان بالیبار) کە ئەوکاتە پێکەوە کاریان لەسەر تێخوێندنەوەی کتێبی «سەرمایە» ی مارکس کردووە، بەڵام لەکاتی رووداوەکانی ئاپاری 68 ی پاریس ئالتیسێر وەك زۆر جاریتر لەبەر کێشە دەروونییەکانی لە نەخۆشخانە بووە. بەس 68 ییەکان یان کاتی تەوژمی قوتابیان گشت شەقامەکانی پاریسی گرتۆتەوە وایانزانیوە ئالتیسێر لە یەکێك لە ژوورەکانی ئێکۆل نۆرمال سوپەریێر سەرقاڵی توێژینەوەکانی بووە لەسەر لایەنە هزرییەکانی مارکس هەربۆیە قووتابیە تووڕەکانی 68 ی پاریس دەیانپرسی: چ بەکاربردنێکە ئالتیسێر؟ "A quoi sert Althusser?".بـەڵام ئەڤسووس ئـەو دەمــەی ئـاوا بە ئالتیسێر دەووتـرێ ناوبراو لە نەخۆشخانەی دەروونی دەبێت کەچی خوێندکارەکانی، چەپەکانی پاریس، شەستوهەشتیەکان کە گۆڕەپانەکانی پاریس و دەوروبەری زانکۆی سۆربۆنیان هێنابووە لەرزین داوای هەڵوێستیان لە مامۆستاکەیان دەکرد.

شایانی وتنە، رۆژێکی یەکشەم، لە یەکێ لە شوقەکانی نـاو ئێکۆل نۆرمال سوپەریێر (قووتابخانەی باڵا ئەو شوێنەی کەوادری ئەکادیمی بۆ زانکۆکانی فەرەنسا دابینەکا) کە شوێنی ژیان و کاری هزری لـوی ئالتیسێری بیرمەندی هاوچەرخی پاریس دەبێت، دەوروبــەری 7 ی بەیانی 16ی نۆڤەمبەری 1980 ئــەم بیریارە ژنەکەی هێلێن ریتمان Hélène Rytmann دەخنکێنێت. ئەم ساڵەی ئالتیسێر ژنەکەی دەخنکێنێت ساڵی 1980یـە کە لە ژیانی رووناکبیری هـزرەڤـانـانـی پـاریـس ساڵی شووماوییە. رۆلان بارت لەبەردەم کۆلێژی دۆ فرانس لۆرییێك لێیدەدا، ژاك لاکان لەو ماوەیەدا دەمرێت، لوی ئالتیسێر ژنەکەی خۆی دەکوژێت. ژان – پۆل سارتەر لەهەمان ساڵدا ماڵئاوای لە جیهان دەکات.

ئـەوەی جێی سەرنجی پزیشکی داد بووە، ئەوە بووە کە لەکاتی خنکاندنەکەدا هێلێن هیچ بەرهەڵستیێکی نەکردووە، تەنانەت هیچ هەوڵێکیشی نـەداوە بۆخۆ دەربازکردنیش. جلوبەرگەکەشی وەکخۆی بـووە و شوێنی دڕان لە جلوبەرگەکەیدا دەرنەکەوتووە، تەنانەت ئەشکەنجە بەسەر لەش و پشت ملیشییەوە دیار نەبووە.

کوشتنی هێلێن بۆ گەلێك لەوانەی بە دوژی نەك هەر هزری بگرە دەروونی ئالتیسێر ئاشنان شتێکی زۆر تـازە نییە. یەکێك لە ئێوارەکانی هاوینی 1980، واتە چەند مانگێ پێش رووداوەکـــە، کاتێك ئالتیسێر دەگەڕێتەوە ماڵەوە لەگەڵ هێلێن دەبێت بە ناخۆشییان، ناخۆشییەك کە گوایە هێلێن وتویەتی خەریکبووە خۆمبکوژم بەڵام ژنە دەروونناسی فەڕەنسی ئێلیزابێت رۆدینێسکۆ وتەنی: ئەمیش(واتە هێلێن) وەك ئەو(واتە ئالتیسێر)شێت بووە. ئەمەش شتێکمان بۆ بـاسـدەکـات کـە هێلێنیش وەك ئالتیسێر نایبەتبووە. با ئەوەش بڵێین

ئەو ئۆتۆبیۆگرافیەی ئالتیسێر لە ساڵی 1985 لێبووەوە، دواتر لە 1992 بڵاوکرایەوە ئامۆژگاری هاوڕێکانی ئالتیسێری لەپشتەوە بووە کە شتێك بنووسێت و دۆزی خۆی تیادا شیبکاتەوە. چونکە لەپاش رووداوەکە بەولاوە زانیاری سەیرسەیر لەسەر ئالتیسێر بڵاودەکرایەوە، کە گوایە ئالتیسێر سزانەدراوە و لێشی خۆشبوونە و ئەڵبەتە شتیتریش بۆیە هاوڕێکانی ئالتیسێر ئامۆژگاری ئەوەیان کردووە یادنامەیەك بنووسێت و راستیەکان بخاتەڕوو. هیچ نەبێت لەبەرژەوەی راگەیاندنەکان ئەو دەمەی هەواڵی کوشتنی هێلینیان بڵاوکردەوە ئالتیسێریان بە دەیەها جۆر تاوانبارکرد: ئالتیسێر رقی لە ئافرەتە، دژە جووە (چونکە هێلێین جوو بووە)، لە تۆڵەی ستالینیزم ئەمەی کردووە ( چونکە هێلێن بە رەچەڵەك رووس بووە) ترسناکترین نووسینی رۆژنامەوانیش ئەو نووسینە بووە ساڵی 1985 لە لۆمۆندی فەرەنسی بڵاوبوەتەوە، کە نووسەری ئالتیسێر بە بکوژی یابانی دەشوبهێنێ کە کچێکی هۆڵەندی بەوپەڕی بێبەزیانە پارچەپارچەکردووە. ئەمەو جگەلەوەی بەشێك لە میدیای ئەو کاتەی فەرەنسا و رۆژئاوا رووداوەکەیان وەك داکەوتنی کۆمۆنیزمی ئەورووپایش وەسفکردووە. ئەوکاتەش کە ئالتیسێر عەفوکراوە کاتێك مێتێران بووە کە ناوبراو ئەوەی بە مەرسومی کۆماریکردووە.


کتێبی ئۆتۆبیۆگرافیەکەی ئالتیسێر کە لە 1992 داچاپکراوە، لەژێر سایەی ئینستیتوتی پاراستنی یادی بەرهەمی هاوچەرخدا بووە تاکاتی چاپدانەکە، چونکە هەر ئەوان مافی چاپکردنیان هەبووە. فرانسوا بودیرت کە بڕیاردەری چاپکردنی بەرهەمەکانی ئالتیسێرە ئەو یادنامانەشی لەبەردەستدایە کە تایبەتە بە گرتنی ئالتیسێر لەماوەی ساڵانی 1940 و 1945 لەلایەن نازیەکانەوە 1.

## هزری مارکس بەپێی لوی ئالتیسێر

هەروەك لێسەرەوە وتمان لوی ئالتیسێر بەپشتبەستن بە تیۆری مارکسیی بۆچوونە فەلسەفییەکانی داڕشتووە و بناغەشی بۆ خوێندنەوەی نوێی مارکس داناوە. ئەڵبەتە ئەوە ئالتیسێریش بوو لە رێگای تێخوێندنەوەی مارکسەوە گەیشتە ئەو دیتنە فەلسەفییەی جیاوازی لەنێوان دوو قۆناغ لە بیری مارکس دا بکات: قۆناغی لاوی (کە قۆناغی هیگڵییە)و قۆناغی پاش لاوی (کە قۆناغی ئێپستمۆلۆژییە). ئەم فەیلەسوفە فەرەنسییە یەکێکە لە ئەندازیارانی بیری بنەماخوازی فەرەنسی و لە رێگای سەرلەنوێ خوێندنەوەی بیری مارکس لە کتێبی «سەرمایە» تیۆرێکمان تایبەت بە بنەما لە هزری ئابووری و فەلسەفی مارکس بۆ دەخاتەڕوو، جیاوازیش لە هزری مارکس لەنێوان زانست و ئایدیۆلۆژیادا دەکات. تەنانەت ئالتیسێر لەناوەندی 1960کانا لە هەردوو کتێبی«لەپێناوی مارکس» و « خوێندنەوەی سەرمایە» بەجۆرێك مارکس گفتوگۆ دەکات کە پێشتر لە نێوەندی فەلسەفی و روناکبیری چ فەڕەنسی و چش رۆژئاوای نەکراوە. ئەم بیریارە پاریسییە لەپاش کوشتنی ژنەکەی، لە نۆڤەمبەری ساڵی 1980، تا دوا کاتەکانی ژیانی لە ئۆکتۆبەری 1990 بە دەروون بیماری و ناساغی دەژیا. بە دوورکەوتنەوەشی لە واتای بەهای مرۆیی، کە لە کتێبی«لەپێناوی مارکس»دا کاری لەسەرکردووە، بە ئەنتی هۆمانیزم لە قەڵەم دەدرێ. هاوکات ئالتیسێر بەو خوێندنەوەیەی بۆ هزری فەلسەفی مارکسی ئەنجامداوە خۆی لەو جۆرە نەریتە مارکسییە جیاکردۆتەوە بیرمەندگەلی ( وەك هێنری لۆڤیفر، ژۆرژ لوکاش، لویس گۆلدمان) لەو دەمووەختە کار یان تیۆریزەیان بەسەرەوە کردووە.

ئالتیسێر لە کتێبی ««لەپێناوی مارکس دا»»(2)، کە لە 1965 چاپکراوە و لەماوەی ساڵانی -1960 1964 لەشێوەی سەروتار

ئالتیسێر پێچەوانەی هەندێ لە مارکسییە فەرەنسیەکان(لویس گۆلدمان و هێنری لۆڤیڤر)، بگرە جۆرج لۆکاشیش، مارکسی گەڕاندوەتەوە ناو زانست و لە ئایدیۆلۆژیا بە دووری گرتووە، لە لایەکیتر، ئالان بادیو و ژاك رانسییر لە قووتابیە بەرچاوەکانی ئالتیسێرن



بڵاوکراوەتەوە گرینگی خۆی بۆ سەرلەنوێ بەرباس خستنەوەی هـزری فەلسەفی و ئابووری مارکس هەبووە، کاتێك ئالتیسێر ئەو سەروتارانەی لە پاریس بڵاکردوٚتەوە لەناو بیرمەند و روناکبیرە کۆمۆنیستەکاندا گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر هزری مارکس و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەتەك ئەم هزرە لەئارادابووە. کەوابێت وەختێك ئەم کتێبە نـووسراوە کە دۆزێ تیۆری و ئایدیۆلۆژی لـەسـەر ئاستی فـەرەنـسـا و جیهان بۆ گفتوگۆکردنی هزری مارکس لەئارادابووە و زۆربەی هاورێکانی ئالتیسێریش سەرقاڵی فەلسەفەی مـارکـس بـوونـە. بەمجۆرە نووسینەکانی ئەم بەرهەمەی ئالتیسێر لە هەل و مەرجێکدا نووسراوە، کە گفتوگۆی تیۆری لەسەر کێشە سیاسی و هزریەکان لە لوتکەدا بوونە، گەڕانەوەش بۆ مارکس و خستنە ژێـر پرسیاری هـزری سیاسی و ئـابـووری و فەلسەفی مارکس مانای خۆی هەبووە، بـەڵام ئالتیسێر ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات کە نوسینەکانی دووتوێی ئەم بەرهەمە پەیوەندی بە ئامرازە سیاسیەکانی ئەو دۆزەوە نییە. ئەزموونی هزری ئالتیسێر لـەم بەرهەمە فەلسەفییە خـۆی وەك مارکسیزمی بنەماخواز نیشاندەدات و بۆ جەختکردنیشە لە بڕینی ئێپستمۆلۆژی لە هزری مارکسدا. گەشتی فەلسەفی ئالتیسێر لەم بەرهەمەدا هەوڵێکیشە بۆ دەربازکردنی مـارکـس لـە بـۆچـوونـی ئـایـدیـۆلـۆژی و دورخستنەوەی ماتریالیزمی مێژووی مارکس لە دیدی ستالینی و گەڕانەوەی مارکسیش بۆ ناو زانست، دوورخستنەوەی لێکدانەوەکانی مارکس لە هەڵەتێگەیشتن. ئەمەو کتێبەکە کـە هەڵوێستەی سیاسی و فەلسەفی پێویستە لە ئاست مارکس و مارکسیەکان بە هیوای زۆریشەوە نـووسراوە و گەلێك

جیهانبینی تازەشی تیا وەبەرهێنراوە. بەدەم گفتوگۆی هزری مارکس پێش و پاش نوسینی کتێبی«سەرمایە» ئالتیسێر قسە لەسەر بیروبۆچوونی سیاسی و فەلسەفی مارکسییە سۆڤیەتیەکانیش (بلیخانۆف، بوگدانۆف و...)دەکات.

دۆزینەوەی بنەما لە هزری مارکس و دەربازکردنی لە ئایدیۆلۆژیایێکی گشتکراو گشت ئەو نوێکارییە نییە، ئالتیسێر بەهۆی ئەم تێخوێندنەوەیەی بۆ مارکس بەردەستی خوێنەرانی خۆیدەخات، بەڵکو ئەوەش کە چۆن قسە لە دوو قۆناغی جیا لە هزری مارکس بکات: قۆناغی لاوی و قۆناغی پیری. بەپێی تێگەیشتنی فەلسەفی ئالتیسێر لە قۆناغی لاویدا مارکس لەژێرکاریگەری فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانییە، هەرچی قۆناغی دووەمە قۆناغی بەپیترە بۆ ئالتیسێر و مارکس لەم قۆناغە خۆی لە ئاأاستەی ئایدیۆلۆژی و ئایدیالیستی دوردەخاتەوە.




helen

ئەم قۆناغی دووەمەش کتێبی«سەرمایە»ی مارکس بەرهەمدێنێت. کەوا بێت ئالتیسێر لە قۆناغی دووەمدا بڕینی ئێپستمی (مەعریفی)لە هزری مارکسدا بەدیدەکات، ئەو بنەما نوێیە دەستنیشان دەکـات خـۆی لـەسـەر دابــڕان لـە بۆچوونی ئایدیۆلۆژی مارکس پێکدێنێت. ئـەم بڕینە ئێپستمییە هەنگاوێکە بەرەو قۆناغی لە تێپەڕینی زانستی و تیۆری و دوورکەوتنەوە لە ئایدیۆلۆژیا. بۆیە ئالتیسێر لەم توێژینەوەیەیدا هەرسی ئەو جۆرە بینینە مارکسیانە ناکات، کە جەخت لە لایەنی هۆمانی لە هزری مارکسدا دەکەن پێیوایە ئەم لایەنە پاشماوەی ئەو قۆناغەیە مارکس لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی ئایدیالیستی یان کلاسیکی ئەڵمانی بووە.

وێڕای ئەوەی وترا، ئالتیسێر لەم بەرهەمە فەلسەفەی مـارکـس دەخـاتــەڕوو، ئـەوەش نیشاندەدات کە چۆن مارکس تیۆری مێژووی خۆی (ماتریالیزمی مێژوویی)بنیات دەنێت، بـەڵام مارکس بۆ ئـەوەی ئەمە بکات دابـڕان لەتەك ئاگای فەلسەفی ئایدیۆلۆژی پێشتری خۆی دەکات، فەلسەفەیەکی نوێی (ماتریالیزمی دیالیکتیکی) دادەمـەزرێـنـێـت. کـە وابێت فەلسەفەی مارکسیستی بەرهەمی دامەزراندنی ماتریالیزمی مێژووییە. لێرەوە ئالتیسێر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات مارکسیزم بریتییە لە مێژووی زانست. ئەو دابڕانەی ئالتیسێر باسی لێوە دەکات دابڕانی ئێپستمۆلۆژییە لە هزری مارکس لەتەك ئاگای فەلسەفی (ئایدیۆلۆژی)پێشوی کە ئەمەش رێك دەکاتە دابڕان لەتەك ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی، هـەروەك پێشتریش ئاماژەی پێکرا ئەو دابڕانە ئێپستەمۆلۆژییە ئەو دوو دیسپلینە تیۆرییە جودا خوازە دەگرێتەوە کە لەی سەرەوە باسکرا. ئەم دابڕانە ئێپستمۆلۆژییە یان زانستییە دوو قۆناغی جیای مارکس دەگرێتەوە: قۆناغی یەکەم قۆناغی ئایدیۆلۆژییە، پێش دابڕانەکەیە 1845، قۆناغی دووەم قۆناغی زانستییە، قۆناغی پاش دابڕانەکەیە 1845، یەکێك لە خەسڵەتە بەرچاوییەکانی قۆناغی دووەمی مارکس گەیوی تیۆری مارکسە. ئەڵبەتە قۆناغی یەکەم قۆناغی لاوی مارکس دەگرێتەوە، واتە هەر لە نووسینی تێزی دکتۆرا نامەکەیەوە تا دەگـاتـە نووسینە ئـابـووری فەلسەفییەکان. هەرچی قۆناغی دووەمە بریتییە لە قۆناغی دەرکەوتنی تێزی مارکس لەمەڕ فیورباخ و ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی، بە بۆچوونی ئالتیسێر لێرەوە کێشەی تیۆری مارکس سەرهەڵدەدات. وەکو تریش ئالتیسێر سەرنجی زۆر دەخاتە سەر بەرهەمەکانی قۆناغی دووەمی مارکس (لەوانە کتێبی «سەرمایە»).هەر قۆناغی دووش لەسەر دەستی ئالتیسێر دەبێت بە دوو بەشەوە: قۆناغی دابڕانەکە و قۆناغی پاش دابڕانەکە، کە دەکاتە قۆناغی پاش لاوی یان قۆناغی پیری (واتە پاش ساڵی 1857 تا 1883). هاوکات ئالتیسێر پێیوایە گفتوگۆی نووسینەکانی قۆناغی لاوی مارکس سێ گفتوگۆی سەرەکی دەگرێتەوە: سیاسی، تیۆری و مێژوویی.

بۆچوونی ئالتیسێر بۆ نەوەی خۆیان بۆ ئەو روناکبیرە پاریسییانەی سەرقاڵی مارکس بوون، بەشێکە لە لایەنە تیۆرییەکانی ئەم بەرهەمە. بـاس لـەوەش دەکـات کە ئەگەرچی هـاوڕێ حزبییەکانی، تەنانەت سارتەر و ئەوانیتریش، وەك پرۆلیتاریا نەهاتوونەتە دونیاوە، بەڵام بەشداری چەندین چالاکیان کردووە. بۆ ئەوەی ئالتیسێر فەلسەفیانە بدوێت باس لەوەدەکات کە چۆن نەوەی خۆی قوربانیاندەوە، لە ململانێی سیاسی و ئایدیۆلۆژیدا ئەم قووربانییەیان داوە. باس لەم نەوەیەش دەکات کە چۆن مارکسیان پۆشیبوو، چۆن لە مارکسەوە بۆ هۆسرل لە مارکسەوە بۆ هیگڵیان پۆشیبوو. بۆ ئالتیسێر سەیرەکە لەوەدایە کە نەوەی خۆی، نەوە مارکسییەکە، وایدەزانی سیاسیانە و فەلسەفیانە قاچییان لەسەر ئەو



**بۆچونی ئالتیسیر بۆ نەوەی خۆیان بۆ ئەو روناکبیرە پاریسیانەی سەرقاڵی مارکس بوون بەشێکە لە لایەنە تیۆرییەکانی ئەم بەرهەمە، باس لەوەش دەکات کە ئەگەرچی هاوڕێ حزبییەکانی تەنانەت سارتەر و ئەوانیتریش، وەك پرۆلیتاریا نەهاتوونەتە دونیاوە بەڵام بەشداری چەندین چالاکییان کردووە**

عەرزە جێگیرە لە جیهاندا هەیە، بەڵام پێیوایە لەبەرئەوەی فەلسەفییانە نەیانتوانیبوو بوونی خۆیان نیشاندەن قاچییان لەسەر عەرز جێگیرنەکردبوو.

سەرباری ئەوی لای سەرەوە باسکرا، کتێبی «خوێندنەوەی سەرمایە (٥)»، ئالتیسێر خوێندنەوەیەکی فەلسەفییانەی، نەك ئایدیۆلۆژیانەی، کتێبی سەرمایەی مارکسە و جگەلە ئالتیسێر دوو بیرمەندی فەرەنسی تریش، ئێتیان بالیبار و ژاك رانسیێر، لەم خوێندنەوەیەدا بەشدارن. بە واتای بەرینتر، ئەم کتێبەی ئالتیسێر دووبارە خوێندنەوەیەکی فەلسەفییانەی کتێبی سەرمایەی مارکسە و دەروازەیەکی گرینگیشە لەسەر شێوازی بنەما خوازانەی ئالتیسێر. ئەمەو ئالتیسێر بەسەلیقەوە دابڕانی ئێپستمۆلۆژی لە گاستۆن باشلارەوە وەردەگرێت، پەیڕەوی دەکات بەسەر هزری مارکسداو لەو ڕێگایەشەوە دەگـات بـەوەی کە مارکسی لاو جیایە لە مارکسی بەتەمەن. تەنانەت پێگیری لەوەش دەکات کە تیۆری مارکس دوورە لە هۆمانیزمەوە بۆیە ئەم لایەنە گەلێك لە مارکسییە فەڕەنسیەکانی تووڕە دەکات و ئالتیسێر بە ئەنتیهۆمانی ناوزەددەکەن. لە خوێندنەوەکەدا ئالتیسێر شیکردنەوەی بنەماگەرانە بۆ شیکردنەوەی هزری مارکس لە سەرمایە دەخاتەگەڕ بۆچوونەکانیشی لە تەماشاکردنی ئایدیۆلۆژیانە دووردەخاتەوە و خودی هزری مارکسیش لەوبارەوە بەدوور دەگرێت. سەرباری ئەوەخوێندنەوەکەی ئالتیسێر بـۆ ڕۆشنایخستنە سـەرئـەو لایەنەشە کە ڕووناکبیرانی پاریس هزری مارکسیان لە سیاسەتدا قەتیسکردووە، ئەمەش بەو بینینەدێت کە خوێندنەوەکە بـۆ خستنەڕووی فەلسەفەی مارکسە. بۆئەوەی ئالتیسێر خوێندنەوەکەی خۆی لە خوێندنەوەی مارکسییە فەڕەنسیەکان جیابکاتەوە جەختی زۆر لە لایەنی زانستی هـزری مارکس دەکـاتـەوە نەك هۆمانی، کە لێرەوە دیوارێك دەکەوێتە نێوان بینینە مارکسیەکانی ئالتیسێر و ڕۆژیە دۆبرێوە. بەپێی بینینی مارکسی ئالتیسێر هزری مارکس دابەشی دوو قۆناغی جیادەکرێت، لەلای ئەو قۆناغەی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی کاریگەری بەسەر هزری مارکسەوە هەیە و لەلایەکی تر ئەو قۆناغەی مارکس پەیوەندی بە ئایدیالیزمی ئەڵمانییەوە نامێنێت. واتە لە مارکسی ئایدیۆلۆژییەوە بۆ مارکسی زانستی، یان لە هۆمانیزمەوە بۆ ئێپستمۆلۆژی، لە هیگڵەوە بۆ داهێنانی سیستەمی فەلسەفی یەکانگیر. هەر لەم قۆناغەش مارکس، ئالتیسێر وتەنی، بڕینی ئێپستمۆلۆژی دادەهێنێت .



ئالتیسێر لە خوێندنەوەکەدا بە شێوازێکی بنەما خوازانە، کە لە 1960 کانی پاریس بەسەر بیرکردنەوەی روناکبیراندازاڵ بوو، تا ئاگای تێکست و نەوتراوەکانی ئەو تێکستەی سەرمایەی مارکس دەخاتەڕوو، هەروەها جەخت لە پرسیارگەلێکی گرینگیش دەکات، کە مانای خۆی بۆ ئەوەی خۆی هەیە لەوانە: ئایا کتێبی سەرمایەی مارکس یەکێکە لە بەرهەمە ئایدیۆلۆژیەکان؟ یان ئەم بەرهەمەش وەك گشت بەرهەمەکانی تر ئایدیۆلۆژییە؟ ئایا سەرمایە جۆرە سەرلەنوێ دارشتنەوەیەکی هیگڵیانەی ئابووری سیاسییە یان هەوڵێکە بۆ سەپاندنی چەمکگەلێکی فەلسەفی قۆناغی لاوی؟ ئایا سەرمایە سەرلەنوێ نوسینەوەی ئابووری سیاسی کلاسیك نییە؟ یان سەرمایە تەنیا بەو رێرەوە دیالێکتیکییە لە ئابوری سیاسی جیادەکرێتەوە کە لە هیگڵەوە وەرگیراوە؟ یان جۆرە گۆڕانێکی ئێپستمۆلۆژیە لە شێواز و روونکردنەوەدا؟ کەواتە لە قۆناغی پاش لاوی، قۆناغی ئاشنابوون بە زانست و تێپەڕاندنی فەلسەفەی کلاسیکی ئایدیالیستی ئەڵمانی، مارکس لەو مێژووگەری و هۆمانیزمە دەکەوێت پێشتر کاری لەسەر کردووە. ئالتیسێر ئەمەش لەسەر ئەو بناغەیە دەڵێت کە مارکس لە پاش قۆناغی لاوی، واتە لە کتێبی سەرمایەدا، قسە لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بنەمای کۆمەڵایەتی دەکات، هێندە ئامۆی مرۆڤی بەلاوە گرینگ نییە و شتە هۆمانیەکانیش جێی باستانین لێرەوە بۆ مارکس گرینگ ململانێی چینایەتییە نەك تاك و هەر ئەم ململانێیەش رەوتی مێژوو دەستنیشان دەکات. ئەو لایەنە ئاهۆمانیەی ئالتیسێر لەم خوێندنەوەیەدا ئاشکرایدەکات لایەنی ئاهۆمانی فەلسەفییە لە بیری مارکس. خودی مارکس لە سەرمایە کار لەسەر تێپەڕاندنی تێگەیشتنی ئایدیالیستی بۆ مرۆڤ دەکات، بەلایەوە ماهیەتی مرۆڤ گرینگ نییە بەڵکو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان. بۆ ئالتیسێریش بیری تازە لای مارکس یان بیری ئێپستمۆلۆژی مارکس ئەو دەمە دەرکەوت، کە مارکس پشتی لە تێگەیشتنی ئایدیۆلۆژی و هۆمانیانە بۆ مرۆڤ کرد. کەواتە کتێبی سەرمایەی مارکس کتێبێك نییە لەسەر هۆمانیزم، بەڵکو کتێبێکە لەسەر زانستی مێژوو. هەر ئەم لایەنە جەختکردنیشە لە ژێرخانی ئابووری و رۆڵی فاکتەری ئابووری لە دیاریکردنی رەوتی مێژوو. بەمە مارکس قسە لە پەیوەندی مرۆڤ بە بەرهەمهێنان و دابەشکردنەوە دەکات و ئەڵبەتە لەو جێنەش کە تاکەکان ئێتمایان بۆیهەیە. قۆناغی دوای لاوی لە راڤەکردنی ئامۆی مرۆڤەوە بۆ راڤەکردنی فاکتەری ئابووری و رۆڵی لە بردنەڕێوەی رەوتی مێژوو دەستپێدەکات. لەڕێگای ئەم خوێندنەوەیەوە ئالتیسێر پاکسازی تیۆری لە بیری مارکس دا دەکات، بیری مارکس لە دیدی تیۆری هیگڵی و ئایدیالیستی دووردەخاتەوە. وێڕای ئەوە، ئالتیسێر بەهۆی ئەم جۆرە خوێندنەوەیەوە مرۆڤ دەخاتە دەرەوەی مێژوو، لایەنی هۆمانی ئەم مرۆڤە بایەخی نادرێنی و خودی تیۆری مارکسیش پاش قۆناغی لاوی بە دژە هۆمانی بەرباس دەخات. ئەمەو ئالتیسێر رۆشنای دەخاتەسەر ئەو لایەنەش کە فەلسەفەی مێژووی هیگڵ بەردەوامییەکە لە ئامۆی و هیچ هێزێکی مرۆی نایجوڵێنێت، ئەمەش بۆئەوە دەگەرێنێتەوە کە لای هیگڵ رۆح جوڵێنەری مێژووە نەك مرۆڤ.

سەرچاوەکان :


1.ئەوەی تایبەتە بە کوشتنی هاوسەرەکەی ئالتیسێر بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

Louis Althusser .Lettres à Hélène. Etablie par Olivier Corpet et préfacée de Bernard-Henri Lévy. 2011 Lettres à Hélène. 1947-1980,éd. Grasset/Imec.

A Living Death : The future lasts forever: A Memoir, By Louis Althusser . Translated by Richard Veasey . Introduction by Douglas Johnson; Editors› foreword by Olivier Corpet and Yann Moulier Boutang.The New Press.


Louis Althusser, Lavenir dure longtemps, suivi de Les Faits, édition présentée par Olivier Corpet et Yvan Moulier Botang, Paris, Stock-IMEC, éd., 1994.

2.Louis Althusser. For Marx. Translated by Ben Brewster. Verso. 2006.

3.Louis Althusser. Reading Capital. Translated by Ben Brewster. Verso . 2009.



martin luther




# دژی کەڵکەڵەی پۆپۆلیستی

## سلاڤۆی ژیژەک

عباس ارج پیما
لە فارسییەوە: ئەرسەلان حەسەن

بەشی دووەم

بێگومان وەڵامی نەرێنی فەرەنسی و ئەڵمانییەکان بۆ ڕەشنووسی دەستووری ئەوروپا، نموونەیەکە لە تیۆری فەرەنسیدا، بەدالی کۆتا دەخوێنرێتەوە: یەك (نە)ی مانای شێوێنراو، نەگونجاو، سەرچاوە گرتوو لەهۆکاری فرەلایەن، سندوقێك لەخاڵە هاوبەشەکان، بەرگریکردن لەمافەکانی کرێکاران و ڕەگەز پەرستی، کاردانەوەی کوێرانەو ترسناك بەهەڕەشەی واتای ئاڵوگۆڕ و ئومێدە شاراوە یۆتۆپیایەکان، هەموویان بەیەکەوە، پێماندەوترێ ئەو نەیە، لە ڕاستیدا، نە وتنە بەزۆریەی شتەکان: نیولیبرالیزمی ئەنگلۆئاساکسۆن، شیراك و حکومەتی ئەوکاتی فەرەنسا، پەلاماری کرێکارانی کۆچبەری پۆڵەندی کە حەق دەستی کرێکارانی فەرەنسی کەم دەکەنەوە و... . شەڕی ئێستا ڕاستەقینەیە: شەڕ لەسەرمانای ئەو (نە) یە، کێ داگیریدەکات؟ کێ - ئەگەر کەس هەبێ - بۆ بۆچوونی سیاسی جیاواز و گونجاو دەگۆڕێت؟

ئەگەر متاڵای زاڵی ئەم (نە) یە هەبێ، هاوتای گۆڕانکاری نوێی درووشمی کۆنینەی کلینتۆنە، «ئەوە ئابورییە، گەمژە!». بەمجۆرە ئەو نە یە وەڵامێك بوو بۆ وەستانەوەی ئابوری ئەوروپا، بەسەرنجدان بە بەربەستە نوێکانی ئابوری کە لەسەر ڕێگای دەردەکەوتن و خاوبوونەوەی ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئایدۆلۆژیەکەی، بەڵام وەڵامێکی لێکدژ، نەگونجاو، کاردانەوەیەك کە

درووست نوێنەرایەتی خاوبوونەوە و ناکردەیی ئەورووپیە ناپابەکانی دەکرد، کەساتێک کە خوازیاری ئیمتیازاتی حکومەتی خۆشگوزەرانی پێشوو بوون، کاردانەوەی ئەورووپای کۆن لە دەرەنجامی ترسی گۆڕانی راستەقینە، خۆدزینەوە لە قبوڵکردنی نەپسانی یۆتۆپیای مۆدێرانیزاسیۆنی جیهانگرا1. جێی سەرسوڕمان نییە کە کاردانەوەی ئەورووپای فەرمی بۆ ئارەزومەندییە ترسناکەکان، دژی ئەقڵخوازانە، رەگەزپەرستانەو تەریکخوازی تاڕادەیەک سەراسیمە بوو، کە پشتیوانی ئەم نە یە بوون، (نە) یەک کە بەرەنگەرەوەی تەسکبینانەی کەشی کراوەو فرەکەلتورگەرایی لیبراڵ دادەنرێت. پێستی سکاڵای گەشەکردنی بێ مەیلی نێوان دەنگدەران و دابەزینی بەشداری سیاسی خەڵک بۆتە نەریت. لیبراڵەکان بەردەوام نیگەرانی پێویستی جوڵەی خەڵک و باسی پێگەی پێشەوایانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن، تا زیاتر رایانبکێشنە پرۆسەی سیاسییەوە. هەرچەند هەر کاتێ خەڵک لەخەوی خۆشی دوور لەسیاسەت هەڵدەستن، بەپێی رێسا، دەکەونە ژێر ئاڵای ئاژاوەی پۆپۆلیستی و دەستە راستەوە، کەوایە سەیر نییە کە ئێستا زۆربەی لیبراڵە تەکنۆکراتە گەشبینەکان حەپەساون، کە چ جای ئەو سستی و خۆدزینەوە لە سیاسەت بەرهەمێکی پەنهان و پێچراوە بێت.

دەبێ لە زەینمان دابێت کە هەتا ئەو توخمانە چۆن، بەکردەوە، شوێن ئاڕازی کرێکاری داگیردەکەن، کە بەناوی رەگەزپەرستی یەتی دەستە راست سەرهەڵدەدەن. دیارە داواکاری وەستانی کۆچکردنی کرێکارانی بێگانە پێشینەی رەگەزپەرستیە، کە بەهەرەشەیەک بۆسەر کارمان هەژماردەکرێن، بەم حاڵە، دەبێ سەرنج لەو واقعیەتە ئاساییە بدەین، کە پەلاماری کرێکارانی کۆچبەر لەوڵاتانی کۆمۆنیستی پێشوو دەرەنجامی لێبوردەیی فرە کەلتورگەرایی نەبووە، لە راستیدا بەشێکە لە ستراتیژیەتی سەرمایە بۆ چاڵەوی هێشتنەوەی ویستی کرێکاران، هەربۆیە لەئەمریکا، بۆش بۆ دیموکراتەکان زیاتر هەڵدەسوڕێ، کە گیرۆدەی گوشاری یەکێتییە پیشەییەکانن، بۆ بە یاساکردنی بارودۆخی کۆچبەرانی نا یاسایی مەکسیکی. بەمەش ئەمڕۆ تەنزاویانە، پۆپۆلیزمی رەگەزپەرستی راست بەباشترین شێوە، دەیسەلمێنێ کە دژایەتی چینایەتی نەک تەنیا نەماوە، بەڵکو راستە. وانەیەک کە دەبێ چەپەکان فێری بن ئەوەیە، کە لە هەڵەی هاوکات نهێنیانەی جێگرەوەی رەگەزپەرستانەی پۆپۆلیستی لە نەفرەت بە بێگانە خۆیان بواردو تەرو وشکیان پێکەوە نەسووتاند، هەروەها نابێ بەنوێنەرایەتی لەفەزای کراوە، فرەکەلتوری، بەتەواوەتی، لەبەرامبەر پۆپۆلیزمی رەگەزپەرست و دژە کۆچبەری



بوەستێ و پێکهاتەی جینایەتی جێگۆڕکێ بووی لەبەین بیات. کاری خێرخوازانە کە ئیدیعای دەکات، پێداگری پەتی بەسەر فەزای کراوەی لەسەر بنەمای فرەکەلتوری، خاینانەترین شێوازی دەرکەوتنی دژایەتی جینایەتی دژی کرێکاریە.

لەم بارەیەوە، کاردانەوەی سیاسەتکاری سەرەکی ئەڵمانیا بۆدامەزراندنی حزبی چەپی (links parties) نوێ بۆ هەڵبژاردنی 2005 نمونەی گروپێکی باشە لە خەڵك، ئێملافێك لەحزبی چەپی ئەڵمانیای خۆرهەڵات و بیرکەرەوانی دیکەی چەپی حزبی سۆسیال دیموکراسی (SPD). کاتێك یۆشکا فیشەر سکار لافۆنتینی ئاونا هایدەرێکی ئەڵمانی (چونکە لافۆنتین بەهاتە ناوەوەی هێزی کاری هەرزان لە ئەوروپای خۆرهەڵاتەوە رازی نەبوو، کە مافی کرێکارانی ئەڵمانی دادەبەزاند) بۆ ئاستێکی زۆر خواری پیشەیی دابەزی. کاردانەوەی ئاڵۆز و زێدەڕۆی دەزگای سیاسی (تەنانەت کەلتوری)، کاتێك کە سکرتێری حزبی سۆسیال دیموکراس دەڵاڵانی دارایی ئاونا کوللەی گوتار، ئاماژەیەك بوو لە نەخۆشی، گوایە ئێمە لەسەدا سەد بووژانەوەی نیونازیزم دەبینین. لەدەستدانی تەواوی بۆچوونی سیاسی و جگە لەوە توانای لێکجیاکردنەوەی چەپوڕاست، خۆی لەخۆیدا سەراسیمەی سیاسی دەردەخات. رارا بوون و راوەدوونانی پەروەردەی هەرجۆرە ئەندێشەیەك لەدەرەوەی تایبەتی پۆست سیاسی تۆمارکراو بەناوی خەڵك خەڵەتێنی پۆپۆلیستی، تا ئەم ساتە، حەتمیترین شایستەیە بەسەر ژیانمان لەژێر یاسای ئەندێشەی (denkverbot)ی نوێ بۆوە. (تراژیدی، ئامادەیی حزبی چەپ وەك حزبی ئۆپۆزسیۆنی پاکە کە بەکردەوە هیچ بەرنامەیەکی گشتی نزیکی سەرکەوتنی نیە).

## پۆپۆلیزم: لێکدژیەکانی چەمکێك

بەمجۆرە (نە) ی فەرەنسی ئەڵمانی دوا بەسەرهاتی جەرگی پۆپۆلیزمان بۆ دەخاتەروو. پۆپۆلیزم بۆ دەستەبژێرانی لیبراڵ - تەکنۆکرات، بەشێوەی سروشتی وێنای سەرەتاییەکەی دەرخستنی فاشیزمە، مردنی ئەقڵی سیاسی، شۆرشێکە لەژێر ئاڵای خولیای کوێری یۆتۆپیایی، سادەترین وەڵام بۆ ئەو بەد گومانییە ئەوەیە، کە ئیدیعا بکەین پۆپۆلیزم لەخۆیدا ئاچالاکە: جۆرێك سامانە یان میکانیزم (deposited) رواڵەتی – باڵادەستی، کە دەکرێ ئاوێنەی کێشە سیاسیە جیاوازەکان بکرێت. ئارنستۆ لاکلاو بە راشکاوی ئەم بابەتەی شرۆڤەکردووە2. بەباوەڕی لاکلاو، لەنمونەی جوانی خود - گەڕاوە، لۆژیکی جومگە بەندی (articulation) هەژمونێك بۆ بەرەنگاری چەمکی تێوان پۆپۆلیزم و سیاسەتیش بەکار دەبرێ: پۆپۆلیزم بابەتی (a) ی سمۆڵی لکاندنی سیاسەتە، وێنای تایبەتی کە نیشانەی رەهەندی تێکڕایی کاری سیاسیە و لەم رووەوە سادەترین رێگا بۆ تێگەیشتن دەخاتە بەردەستمان. هیگڵ زاراوەیەکی بۆ دەستوەردانی کاری تێکڕایی لەگەڵ بەشێك لە ئاوەڕۆکی تایبەتی داهێنا: حەتمیەتی بەرامبەر، (gegensatzliche Bestimmung) خاڵێك کە تێکڕایی لەکرۆکی یەکێ لەبەشەکانی، رووبەرووی خۆی دەبێتەوە. پۆپۆلیزم نەك جۆری تایبەتی جوڵانەوەی سیاسی، بەڵکو پاکترین شێوەی کاری سیاسیە، هەڵاوسانی فەزای کۆمەڵایەتییە، کە هەر ئاوەڕۆکێکی سیاسی دەخاتە ژێر کاریگەریەوە. بەشەکانی بەجۆرێك پەتی وێنایی - باڵادەستی و ئا ئەنێن، کاتێك پۆپۆلیزم روودەدا، کە کۆمەڵێك خواستی دیموکراسی بەتایبەت (ئاسایشی کۆمەڵایەتی، تەندروستی، خزمەتگوزاری، باجی کەمتر، ئاشتی و...)

ئێستا ئاشکرایە کە بۆچی لاکلاو پۆپۆلیزم لەململانێی چینایەتی بە باشتر دەزانێت: پۆپۆلیزم لە ململانێی کراوەدا قاڵبی نەزۆك و باڵادەستی بەدیدێنێ کە بیروناوەرۆکی سەرەکیەکەی بەهۆی شەڕی شیمانەیی بۆ دەستەبەرکردنی هەژمونی دیاریدەکرێت



وەك زنجیر لەكۆمەڵەی هاوبەهایەكاندا دەتەنرێن، زنجیرێك كە خەڵك وەك ئاسكاری سیاسی كۆمەڵی بەرهەمدێنێت. تایبەتمەندی پۆپۆلیزم نەك ئاوەڕۆكی بوونی داواكاریەكان، بەڵكو ئەو راستیە رواڵـەتیـیـە پاكەیە كـە خـەڵك لەناو ئەڵقەكانی پەیوەندیان وەك ئاسكاری سیاسی دەردەكـەوێ، هەموو لێكگرێیە لاوەكیە جۆراوجۆرەكان و هاوشەڕەكان لەدەستەی ئۆپۆزسیۆنی ئەنتاگۆنیستی تێكڕایی و هەمەلایەنەی تێواتمان (خەڵك) و ئەمان هەڵدەتۆقێ. دیسانەوە پێشتر ئاوەڕۆكی ئێمەو ئەمانیشی جێ كردووە و جێگیر نەبووە، رێك وەك ئەو قوماریە لە ململانێ بۆ هەژمونی، هەتا توخمە ئایدۆلۆژیەكانی وەك رەگەزپەرستی درندانەو شەڕی پەهودیش، دەتوانن بۆ درووستكردنیان، بینە پێكەوە بەستراوی كۆمەڵەی پۆپۆلیزمی هاوبەهایەكان.

ئێستا ئاشكرایە كە بۆچی لاكلاو پۆپۆلیزم لەململانێی جینایەتی بە باشتر دەزانێت: پۆپۆلیزم لە ململانێی كراوەدا قاڵبی نـەزۆك و باڵدەستی بەدیدێنێ، كە بیروئاوەڕۆكی سەرەكیەكەی بەهۆی شـەڕی شیمانەیی بۆ دەستەبەركردنی هەژمونی دیاریدەكرێت، لەكاتێكدا ململانێی جینایەتی بوونی گروپێكی كۆمەڵایەتی تایبەت (چینی كرێكار) وەك فاكتەری سیاسی باش دەكاتە پێش گریمانە، ئەم باشییە بۆخۆی بەرهەمی ململانێی هەژمۆنیك نەبووە و لەسەر پێگەی كـۆمـەڵـیـەتـی واتـایـی چینی كرێكار وەستاوەتەوە، ململانێی سیاسی - ئـایـدۆلـۆژی بـەم شێوەیە لەكۆتایی دەربارەی پرۆسە كۆمەڵایەتیە واتاییەكان، دەسەڵاتەكان و لێكگرژیان، بۆ دیاردەی مام ئاوەندی دادەبەزێت. لە بەرامبەردا، راستی لای لاكلاو هەڵكشانی جۆرێكی تایبەتی ململانێی هاوسەنگە بۆ هەموو جـۆرە شـەڕەكـان، نەك راستێكی پێشتر زانـراو، بەڵكو دەرئەنجامی ململانێی سـیـاسـی شیمانەییە بـۆ هـەژمـونـی. لەسیستەمێكدا، دەكرێ ئەو ململانێیە شەڕی جینایەتی بێت، لە سیستەمێكی تـــردا مـلـمـلانێـی ئـەنـارشـیـسـتـی بۆ لێكبوردەیی كەلتوری. هیچ پێویستیەكی دەروونی خۆیی لەململانێیەكی تایبەتی نیە، كە پێشتر لەدەرونی هەژمۆنیك، وەكـو هاوسەنگی گشتی بـۆ هەموو شێوەكانی پێكدادانی بداتێ. بەمەش ململانێ بۆ هەژمونی هـەم مـــەودای كەم نەكراوەی تێوان شێوەی تێكڕایی و زۆریـنـەی بـیـروئـاوەڕۆكـی سەرەكی لاوەكی و هەم بوونی پرۆسەی شیمانەیی پێشگریمانە دەكـات، كە بەهۆی یەكێ لەم بیروئاوەڕۆكە سەرەكیە گۆڕانی ماهیەت دەداتـــە بەرجەستەكراوی یەكجێی رەهەندی تێكڕایی، بۆ نمونە (بـەپـێـی نمـونـەی خـودی لاكـــلاو) لە پۆڵەندای دەیـەی 1980 خواستەكانی Solidarnosc (جوڵانەوەی هاوپێوەندی) بووە بەرجەستەی رەتكردنەوەی رژێمی كۆمۆنیستی تێكڕای خەڵك، بەمەش هەموو ئـەو بابەتە جیاوازانەی دژی كۆمۆنیستی (لە بابەتی ئاسیۆنالیزمی موحافیزكار، لیبراڵ دیموكراسی، بیروڕا جیاوازی كەلتوری تا بابەتی كرێكارانی چـەپ) خـۆیـان لـەدالـی كـۆتـای هاو پەیوەندی ئاسینەوە پشتڕاستكردەوە.

بەمجۆرە لاكلاو بابەتەكەی هەم لـەبـەرە بـــەرە خــوازی (بـەدابـەزیـنـی رەهەندی كاری سیاسی، تێگەیشتنی قۆناغ بەقۆناغی داواكاری دیموكراسی و لاوەكی كەشی كۆمەڵایەتیە لـەسـەر بنەمای جیاوازی بەجێیەهێڵێ) جیادەكاتەوە و هەم لە ئەندێشەی بەرامبەری، واتە شۆڕشی هەمەلایەنە، كە كۆمەڵی تەواو و تاكی گەل خۆی لێدەكەوێتەوە. ململانێی هەژمونی لـەهـەردوولای ئادیارە، كە داواكـــاری تایبەتی نـاوی بۆ فاكتەری سەرەكی هەڵكشاوە و تێكڕای خەڵك پیشاندەدات، كەوایە مەیدانی سیاسی گرفتاری گـرژی تێوان دالـە كۆتاكان و لێهاتووەكان دەبێ، هەندێك كە دەوری دالی كۆتا دەبینن، بە بەرجەستەكردنی راسـتـەوخـۆی رەهـەنـدی تێكڕایی و تێكهەڵكێشی زنجیرە هاوبەهایەكان، ژمارەیەكی زۆر لەداله لێهاتووەكان یەكپارچە و یەكسان دەكەن3. لاكلاو ئەو كەشە بۆشەی تێوان پێویستی بوون ئاسی بە بۆجوونی ئۆپۆزسیۆنی پۆپۆلیستی (مـەرجـدار بـەو راستیە كـە گـوتـاری دەسەڵاتی هەژمۆنیكی، ناتوانێ كۆمەڵێك داواكـــاری جـەمـاوەری تێكهەڵكێش و یەكپارچە بكات) هانی ئاوەڕۆكی بوونی شیمانەیی دەدا، كە ئەم رایە، بۆ شرۆڤەی گۆڕانكاری لە رووی زۆر لەدەنگدەرانی فەرەنسی لـەدەیـەی 1970 لەحزبی كۆمۆنیست بۆ بـەرەی میللی (Front National) راسـتـگـەڕاو پۆپۆلیستی، دەچنەپاڵی. ئەو چارەسەرە دژە دەكاتە بابەتی داهێزرانی هاوپەیوەندی قوڵتری (بێگومان، تەواوبەتخواز)ی تێوان راستی دەمارگیرو چەپی دەمارگیرەوە4.

هەرچەند تیۆری لاكلاو دەربـارەی پۆپۆلیزم وەك نمونەیەكی باڵا (مخابن لە تیۆری كۆمەڵایەتی، دەگمەن) پێ لەسەر چەمكی زۆر بەرجەستە دادەگرێ،

بـەڵام دەبـێ دوولایـەنـی مەسەلەساز بیربهێنرێنەوە. یـەکـەم، پێناسەی بۆ پۆپۆلیزمە، کۆمەڵێك مەرجی رواڵەتی بـۆ پـاسـاودانـی بەپۆپۆلیستی زانینی دیـاردەیـەك بـەس نییە کـە هـەژمـاری دەکـات، هەروەها دەبـێ ئاراستەیەك بخرێتە ژێـر سـەرنـجـەوە، کە گوتاری پۆپۆلیستی نـاوی جێی ئەنتاگۆنیستی گرتۆتەوە و دوژمـن ئافەریدە دەکات. لەپۆپۆلیزمدا لەبەیێبردنی دوژمـن، کە بوونەوەرێکە فـرێ دراوەتـە دەرەوە، یـان لـەبـوونـەوەری ئەرێنی و بـوون ئاسانەدا بۆتە شت (تەنانەت ئەگەر ئەو بوونەوەرە تارمایی ئاسا بێ)، هاوسەنگی و دادپـەوەری دەگێڕێتەوە، بەجۆرێکی هـاو وێنە، ئاسنامەکەمان - هۆکاری سیاسی پۆپۆلیست - وەك بوونەوەری پێشوو دەربـــارەی هێرشی دووژمـــن تێگەیەنراو دەبێت. با لەشیکاری خودی لاکلاو بکۆڵینەوە، کە بۆچی چارتیزمی وەك پۆپۆلیزم هەژمار کردووە: (ناوەرۆکی زاڵـی چارتیزم دانـانـی ئاژاوەگێڕییە هەبووەکانی کـۆمـەڵ، نـەك لەخودی سیستەمی ئابوریدا، بەڵکو لەبەرامبەری، قۆرخکردنی دەسەڵاتە لەلایەن گرووپە ئەنگڵ و بازرگانانی جڵەوکەری دەسەڵاتی سیاسی، بە دەربڕینی کۆبێن «Cobbett» «گەندەڵی کۆنی»... هەر بەوهۆیەیە کە تایبەتمەندی زۆر زەقی جێنی باڵا دەست، کاهلی و ئەنگلی بوونی دەزانرێن5).

بەدەربڕینێکی دی، هەرگیز خودی سیستەم هۆکاری کۆتایی ئاڵۆز نییە بۆ پۆپۆلیستێك، بەڵکو هۆی تاکیەتی (قۆرخکردنی دارایی و هاوشێوەی و نەك حەتمەن سەرمایەداری)ە کە گەندەڵی بەسەر سیستەمەکەدا دەسەپێنن، نەك




رەوتێکی کوشندە کە خۆی لەخۆیدا لە سیستەمەکە دووردەخرێتـەوە، بەڵکو بەشێك کە خۆی لەئەنجامدانی ئەرکەکەی دەدزێتەوە. لەبەرامبەردا بۆ مارکسیستێك (هــەروەهــا بــۆ فــرۆیــدیێــك)، کــاری خەسارناسانە (هەڵەی لەخشتەبەرانەی هەندێك لەبەشەکان) ئاماژەی نەخۆشی کــاری بـەهـاداریـیـە، ئـامـاژەیـەکـە لە تێکچوونی بنەمایەك کـە راپەڕینی خەسارناسانە هەڕەشەی لێ دەکات. لای مارکس، ئاڵەو هـاواری ئابوری، کلیلی تێگەیشتنی کاری رێسایی سەرمایەدارین و لای فرۆید، دیاردەی خەسارناسی، وەك

هەستانی هیستریایی، کلیلی تێگەیشتنی جۆنییەتی پێکهاتنی ئاسکاریەکی رێوشوێنی درووستمان (شەڕی نهێنی کە کارەکەی دەپارێزن) دەخاتە بەردەست، هەروەها هەربەو هۆیەیە کە فاشیزم، بێگومان جـۆری پۆپۆلیزمە. وێنای فاشیستی لەمرۆڤی جولەکە هاوشێوەی کۆمەڵێك هەڕەشەی (ئاکۆك، تەنانەت نە گونجاو) کە تاکی بەئەزموون، جولەکە هاوکات زۆر روناکبیر، قرێژ، لـەڕووی سێکسیەوە تێر نەبوو، زۆر هەوڵدەرو لەڕوانگەی داراییەوە زۆر چەوسێنەرە. لێرەدا رووبەڕووی تایبەتمەندیەکی کلیلی تری پۆپۆلیزم دەبینەوە کە لاکلاو ئاماژەی پێ نەداوە. بەدرووستی پشتگیری دالی باڵاتری پۆپۆلیستی لەمەڕ دووژمنی کۆتایی، لاڵ و پەنهان دەکات کە:

ئـەو دەربڕینەی کە ئۆلیگاریشی بەرپرسیاری ئاکامی داواکاری کۆمەڵایەتیە بەمانای دیاریکردنی هۆکارێك نییە، کە بتوانێ لەکرۆکی داواکـاری کۆمەڵایەتی دەربێنێ، ئۆلیگاریشی جیا لەو خواستانە زادەی گوتارێکە، کە ئـەو خواستانە دەتوانن دەوری لە سەر ببینن ... ئێرەیە کە ساتی بۆشایی بەناچاری سەر وەدەردەنێ و بەدوایدا زنجیرەی هاوبەهایی جێگیر دەبێت. بەمەش (پەنهانی و لاڵی)، بێ ئـەوەی کە لەهیچ جـۆرە بارودۆخێکی پـەراوێـزی و بەرایی سـەرچـاوە بگرن، لەسرووشتی کاری سیاسیدا جێگیر بوون.

کەوایە تایبەتمەندی دەرهەستەیی لەخودی پۆپۆلیزمدا، دەبێتە پاشکۆی هەمیشەیی واتـایـی درۆیـنـی وێنای هـەڵـبـژێـرداوی دوژمـــن، ئاکە هۆکار لەودیو شتەکان کە هەڕەشە لەخەڵك دەکـەن. ئەمرۆ لاپ تۆیە کرداوەکان

لاسایی بەرگری پەنجەکان و دەنگی بەرکەوتنی پیتەکان لەسەر کاغەزی ئامێری چاپی کۆن دەکەنەوە. چ نموونەیەك بۆ پێویستی تازە سەرهەڵدراوی ڕاستی درۆیین لەوە باشترە؟ ئەمڕۆ، کاتێك نەك تەنیا پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، بەڵکو هەروەها تەکنەلۆجیا، زیاترو زۆرتر، پەنهان دەبن (کێ دەتوانێ بزانێ لەکۆمپیوتەرێکی شەخسیدا چ باسە؟)، پێویستی شاراوە بۆ ریفۆرمی واتەیەکی دەستکردی گورپێدانی تاك بۆ بەستنی پەیوەندی لەگەڵ دەورووبەری ئاڵۆزیان، بەناوی ژینگەی جیهانی بەمانا، هەیە. لەبەرنامەنوسی کۆمپیوتەریدا، ئەپڵ (Apple) ئەم هەنگاوەی - واتایی درۆیینی ئایکۆنەکانی - لابرد. لەئەنجامدا دەخرێتە سەر فۆرمۆڵی کۆنی گی دوویۆر دەربارەی کۆمەڵگەی نمایش دژواری نوێ: وێنا بە مەبەستی پڕکردنەوەی بۆشایی دەخوڵقێن، کە جیهانی دەستکردی نوێ لەدەوری ژینگەی جیهانی کۆنێدەمان جیادەکاتەوە، بەدیوێکی تردا، قبوڵکردنی ئەم جیهانی نوێیە دەوری وێناکانە. ئایا وێنای واتایی درۆیینی پۆپۆلیستی لەمرۆڤێکی جولەکە کە کەڵەکەیەکی زۆری هێزی بێ ناونیشانی کورت و پووخندەکاتەوە، وەك کیبۆردێك نییە کە لاسایی ئامێری چاپدەکاتەوە؟ جولەکە، لەبری دوژمن، بێگومان دیاردەیەکی دەرەوەیی داواکاری کۆمەڵایەتی ئاکامە.

ئەم زیادکراوە بۆ پێناسەی پۆپۆلیزمی لاکلاو، بەرەهایی بەمانای گەڕانەوە بۆ قۆناغی بوون یان ئەنتیك نییە، ئێمە لە قۆناغی وێنایی - بوون ئاسیدا ماوینەتەوە و بە قبوڵکردنی تێزی لاکلاو، پشت ئەستوور بەوەی کە پۆپۆلیزم، لۆژیکی سیاسی و وێنایی تایبەتیەکە کە بۆ هیچ ناوەڕۆکێك تەرخان ناکرێت، تەنیا کردومانەتە پاشکۆی خەسڵەتی شتبوونی (کە لەباقی تایبەتمەندیەکانی باڵادەستی کەمتر نییە) ئەنتاگۆنیزم (لەبوونەوەری ئەرێنیدا). پۆپۆلیزم هەڵگری لانیکەمی - شێوەی بەرایی - سۆفیگەرێتی ئایدۆلۆژییە، هەربۆیە هەرچەند پۆپۆلیزم بنەمایەکی وێنایی یان قاڵبێك کە دەکرێ خولانەوەی سیاسی جیاواز بگرێتەخۆ (ناسیۆنالیزمی کاردانەوەگەرا، ناسیۆنالیزمی پێشڕەو)، بەم حاڵە، تا ئەو جێیە کە ئەنتاگۆنیزم یا شەڕی کۆمەڵایەتی لەکرۆکدا ماوە، دەخاتە شەڕی نێوان خەڵکی یەکگرتوو دوژمنی دەرەکی، سەرئەنجام لەناخی خۆیدا پاڵنەری درێژماوەی بۆ سەرهەڵدانی فاشیزمی هەڵگرتووە6.


لەم ڕووەوە، هەژمارکردنی هەرجۆرە جوڵانەوەیەکی کۆمۆنیستی لەجیاتی جۆرێك پۆپۆلیزم مەسەلە ساز دەبێ. فرۆید دوای دەست نیشاکردنی ئەگەری گۆڕان لەڕووی ئاستامەی هاوبەشەوە، کە هۆکاری کۆ کردنەوەی خەڵکە، بەمجۆرە درێژە بەکەسایەتی ڕابەر بۆ ئەندێشەی ئاکەسی دەدا: (ئەم دەرهەستکارییە دووبارە، ڕەنگە بەدامێنی کەمتر یان زۆرتر لەکەسایەتیەکدا، کەسێك بەرجەستە بێ، کە دەتوانێن بە پێشەوای مام ئاوەندی بزانێن، پەیوەندی نێوان ئەندێشەو ڕابەری جۆراوجۆر، دەبێتەمایەی سەرنجڕاکێشان7.) یان ئەو دەربڕینە، بەتایبەت لەمەڕ ڕابەرێکی ستالینیست، لە ڕووبەڕووبوونەوە بەڕابەری فاشیست، وەك میکانیزمی بەرجەستەکردنی ئەندێشەی کۆمۆنیستی ڕاست نییە؟ هەر بەوهۆیەوە، جوڵانەوە و ڕژێمە کۆمۆنیستەکان ناتوانن لە ژێر پۆپۆلیزم جێن بەندی بکرێن.

شیکارەکەی لاکلاو زۆرخاڵی لاوازتری تێدایە. بچوکترین یەکەی شیکاری پۆپۆلیزم کۆمەڵێك داواکاری کۆمەڵایەتیە (لەمانای دەوالیزمیەکەی واتا دەرخستن و خواستن). هۆی ستراتیژیەتی هەڵبژاردنی ئەو زاراوەیە ئاشکرایە: ئاسکاری داواکاری لەکرۆکی مەیلی زۆری خواستدا جێگیر دەبێت، واتە خەڵك خۆی لە نێوان زنجیری هاوبەهایی داواکاری جێگیر دەکات. خەڵك گرووپێکی لەپێشدا هەبوو نین، بەڵکە ئاکامی کردەیانەی زۆربوونی ئەم داواکاریانەیە، بەڵام زاراوەی داوکاری پێویستی مەیدانی نمایشی لەسەدا سەدە کە ئاسکاری داواکاری لەناویدا، بۆئەوی دی دەگۆڕێ و پێشتر ئەگەری خەملاندنیان گریمانە دەکات. ئایا شۆڕشی ڕاستەقینە، یان کردەی سیاسی ڕزگاریخوازی فەرەنسی ئەم ئاسۆی بابەتی ئاکەوێنە سەرنەو ڕەوشە؟ ئاسکاری شۆڕشێکی دیکە هیچی لە خاوەن دەسەڵات ناوێ، ئێستا خوازیاری لەناوبردنیانە. سەرباری ئەوە، لاکلاو بابەتی بەرایی لەوجەشنەی، پێش جێگیربوونی یەکجارەکی لەزنجیری هاوبەهاییەکان، بە دیموکراسی نێدەگات، بەوجۆرەی کە لاکلاو شرۆڤەی دەکات، بۆ ئامازەکردن بە بابەتێك تا ئاستێکی تایبەتی پەنا دەباتە بەر ئەو کارایە، کە هێشتا لەسیستەمی کۆمەڵایەتی - سیاسی دەخەمڵێنێ و لە ئەنجامدا ئاکام نەبووە، لەکاتی ئاکامی ناچار دەبێت خۆی بخاتە ناو کۆمەڵێك ئەنتاگۆنیستی هاوبەهاییەوە. هەرچەند لەکەشێکی سیاسی لەباردا جەخت لەبوونی دووژمنایەتی

زۆرینە دەکاتەوە- ئەو لێکدژیانەی کە یەك بەیەك پێکەوە بەستراونەتەوە، بەپێی ئەوەی هۆکاری یەکگرتن یان دژایەتی لێکدابڕان و چەند لایەنە بێت - بەڵام باش ئاگاداری پێکهاتنی زنجیری هاویەهایە لەفەزای دیموکراسی لەباردا. بیرخۆت بێنیەوە چۆن لەبەریتانیا بەسەرۆکایەتی موحافیزکارانەی جۆن مێجەر لەکۆتایی دەیەی 1980، کەسایەتی دایکێکی رەبەنی بێکار بۆ هێمای ئاکارامەی حکومەتی خۆشگوزەران گۆڕا، هەموو نەگونجاویەکانی کۆمەڵگە بەشێوازێك بۆئەم کەسایەتییە دابەزی. (قەیرانی بودجەی حکومەت؟ پارەیەکی زۆر بۆپارێزگاری لەدایکان و منداڵەکانیان خەرجدەکرێت. هەرزەکاری لاوان؟ دایکانی سەڵت دەسەڵات و زاڵبوونی، پێویستیان بۆ سەرویەرکردنی خوێندنی منداڵەکانیان نییە و...)

لاکلاو لەجەختکردنەوە لەسەر ئاوازە بوونی دیموکراسی لە پەیوەندی بە دابەزینی چەمکی بنەمایی نێوان لۆژیکی جیاوازیەکان

**ئێستا ئاشکرایە کە بۆچی لاکلاو پۆپۆلیزم لەململانێی چینایەتی بە باشتر دەزانێت: پۆپۆلیزم لە ململانێی کراوەدا قاڵبی نەزۆك و باڵادەستی بەدیدێنێ کە بیروناوەڕۆکی سەرەکیەکەی بەهۆی شەڕی شیمانەیی بۆ دەستەبەرکردنی هەژمونی دیاریدەکرێت**



(کۆمەڵگە، وەکو سیستەمێکی گشتگیری ڕێکخراو) و لۆژیکی هاوبەهاییەکان (فـــەزای کـۆمـــەڵایـەتـی، وەکـــو درزی نێـوان دوو ئـــۆردوی تێکهەڵچوو کە جیاوازیەکانیان بەرانبەر دەکـــەن) و لە هاوتاڵۆزی تـەواودا خودی ئەو دوو لۆژیکە دریژی دەکات. یەکەم شت کە دەبێ بیرهێنرێتەوە ئەوەیە کە چۆن، تەنیا لە سیستەمێکی دیموکراسیدا، لۆژیکی ئەنتاگۆنیستی هاوبەهاییەکان لە کرۆکی بینای سیاسی، وەك تایبەتمەندی ستراکتۆری بونیادیەکەی، جێگیردەبێت. پێدەچێ بەرهەمەکانی شنتاڵ موفە (بە تایبەت Democratic Paradox, 2000) لەم بارەیەوە زیاتر بابەتی بن، لە کاتێکدا دلێرانە هەولێدەدا دیموکراسی و رۆحـــی خـەبـاتـی پـڕ کێشمەکێش کۆبکاتەوە، هـــەردوو ئاستی کۆتایی بەگوماناوی دادەنـــا: لە لایـەك، بەرز نرخاندنی رووبەڕوویی و شەڕی دلێرانە کە دیموکراسی و ڕێساکەی هەڵەواسی (نیتچە، هایدگەر، شمیت) و لەلاکەی دی، بردنەدەری خەباتی راستەقینە لە فەزای دیموکراسی کە تاکە هۆکاری رکابەرێتی ڕێسامەندو بێهێز دەبێت (هابرماس). موفە لـە پیشاندانەوەی جۆنییەتی گەڕانەوەی خێرای توونددوتیژی، بەهۆی وازێهێنانی کەسانێك لەسەر هەقە، کە ئاتەبای پەیوەندی بێ کۆت و مەرجن. هەرچەند لە وڵاتانی دیموکراسی ئەمڕۆ هـــەڕەشـــەی سـەرەکـی لـە دیموکراسی ئەو دوو لایەنەی دەمارگیری نییە، کە کاری سیاسی لەناخی بە کاڵایی بوونی سیاسەتدا دەمرێ. لە سەرەتای یەکەم، مـەتـرسـی شـێـوازی گـــورزە بـەنـدی و فرۆشی سیاسەتکاران لەهەڵبژاردنەکاندا نییە، کێشەو گرفتی ڤوڵتێ، فۆرموڵە بوونی باوەڕێکە هەڵبژادرن بەدرێژایی هێڵەکانی بازرگانی (لەم بارەیەوە، کڕینی دەسەڵات) دادەنێت، هەڵبژاردن بریتییە لەملمڵانێی نێوان حزبەکانی فرۆشیاری جیاوازی و دەنگمان وەك ئەو پارەیە، کە بۆ کڕینی حکومەتی دڵخوازمان دەی دەیـــن. لـەم کـاتـەدا - سیاسەت وەك خـزمـەتــگـوزاریـەك بـە تەنیشت هەموو خزمەتگوزاریەکانی شایانی کڕین - سیاسەت وەك گفتوگۆی گشتی و هاوبەش دەربارەی مەسەلە و بڕیاری هەمووان مانای خۆی لە دەستداوە.

لەئاکامدا پێدەچێ دیموکراسی نەك تەنها دەتوانێ ئەنتاگۆنیستی لەخۆ بگرێ بەڵکو تاکە وێنای سیاسیە کە کردویەتیە پێشگریمانە، پێیدا هەڵەواسی و بە دامـــەزراوەیـی دەکـات. دیموکراسی بۆ مـــەرجـی ئەرێنی ڕێـسـای کـــاری خۆی دەگۆڕێ، کە لەسیستەمە سیاسیەکانی تردا بە هەڕەشەیەك دەزانرێت (لە دەستدانی ئیدیعاکەرێکی دەسەڵاتی بێلایەن). پێگەی دەســـەڵات بەتاڵە، هیچ ئیدیعاکەرێکی بێلایەن بۆ ئەوە نییە، POlemos یان شەڕ کەم نابێتەوە و هەر دەوڵەتێکی نـەگـۆڕ بـۆ گرتنە دەسـتـی دەســـەڵات، دەبێ تا تێکشکانی دەوڵەتی بەرامبەر بجەنگێت. تێبینی رەخنەیی لاکلاو بۆ {کلود} لیفۆر (Lefort) خاڵی سەرەوەی نییە: (بـۆ لیفۆر، پێگەی دەســـەڵات لەدیموکراسیەکاندا بەتاڵە. مەسەلەکە بۆ من بەشێوازێکی تر دەخرێتەڕوو: مـەسـەلـەی بەرهەمهێنانی بۆشایی لـــەدەرەوەی کاری لۆژیکی هەژمۆنیك. بۆشایی جۆرێك ئاستامەیە نەك پێگەیەکی بنەمایی8). ئەو دوو بۆشاییە بە سادەیی شایانی هەڵسەنگاندن نین. بۆشایی خەڵك، پووچ بوونی دالی هەژمۆنیکە کە تـــەواوی زنجیری هاوبەهاییەکان لەخۆ دەگرێت، یان ئاوەڕۆکی تایبەتی بە بەرجەستەکردنی لە تێکرای کۆمەڵگە ماهیەتی دەگۆڕێت، لەکاتێکدا کە پووچ بوونی پێگەی دەسەڵات بیروئاوەڕۆکێکی سەرەکییە، کە هەر هەڵگرێکی دەسەڵاتی ئەزمونگەرایی ئاتەواو، شیمانەو زوو تێپەڕ دەکات.


Michael Walzer


George Lakoff

سەرباری ئەمانە، لاکلاو تایبەتمەندییەکی تریش ئادیدە دەگرێ، پارادۆکسی بونیادی فاشیزمی یاخی، پێچەوانەی پارادۆکسی دیموکراسی موفەیە. ئەگەر گەمەی دیموکراسی (بە دامەزراوەیی بوو) هەروەك ئاوێتەی شەڕی ئەنتاگۆنیستی لەفەزای دامەزراوە - جیابوونەوە و گۆڕینی بۆ کێشمەکێشی رێسامەندە، فاشیزم ئاراستەی دژ دەبڕێت. کاتێك کە ڤاشیزم، لە شێوازی کاریە لۆژیکی ئەنتاگۆنیستی بە دوا ئاستی دەگەیەنێت (باسی ململانێی تا ئاستی مردن لەگەڵ دووژمنانی و بەردەوام ئیدیعا دەکات، لەئێکەم هەرەشە بۆ توندوتیژی لەدەرەوەی مەیدانی دامەزراوەیی بەهۆی گوشاری راستەوخۆی کەسانێك هەیە، کە کەناڵە ئاڵۆزەکانی یاسایی - دامەزراوەیی دەخەنە لاوە، تەنانەت ئەگەر دیاریشی نەکەن)، ئامانجە سیاسیەکەی رێك دەخاتە لای بەرامبەرەوە: پەیکەری کۆمەڵایەتی زۆر رێکو ڤاتبەندی (جێی سەرسوڕمان نییە کە فاشیزم هەمیشە پشت بەخوازەی جەستەی گومان - ریزباوەڕ دەبەستێ). دەکرێ ئەم بەگژداچوونەوەیە لەوشە لکاوەکانی بابەتی رووبەڕوو بوونەوەی نێوان ئاسکاری دەربڕین (subject of enunciation) و ئاسکاری دەربڕاو (subject of enunciated) (ئاوەڕۆك) {(من) وەك تاکێك کە قسەدەکات، ئاسکاری قسە - (من) لەستراکتۆری دەستووری زمان، ئاسکاری لەقسە} ئاراستەکرد. کاتێك کە دیموکراسی وەك ئامانجی مقۆمقۆی ئەنتاگۆنیستی قبوڵدەکات (لەوشە لکێنراوەکاندا: بەناوی ئاسکاری دەربڕدراوی، ئاوەڕۆکەکەی)، شێوازی کاری رێکوپێك و دەوڵەمەندە، لەبەرامبەردا فاشیزم هەوڵدەدا هاوئاهەنگی پێگەی بنەما بەهۆی ئەنتاگۆنیستی لغاو پچڕاو بسەپێنێت.

لەئەنجامدا، پۆپۆلیزم (بەوشێوازەی کە ئێمە پێناسەکەی لاکلاومان تەواو کرد) تەنیا دۆخێك لە بوونی زێدەبایی ئەنتاگۆنیستی نییە بەسەر جوارجێوەی دامەزراوەیی - دیموکراسی ململانێدا. نەك تەنها رێکخراوە شۆڕشگێڕەکانی کۆمۆنیستی (پێشوو)، بەڵکو دیاردەی نارەزایی کۆمەڵایەتی و سیاسی نا دامەزراوەیی، لەشێوازی جۆراوجۆریدا، لەجوڵانەوەی خوێندکاری 1968 تا نارەزاییەکانی دژی شەڕو جوڵانەوەکانی دژی جیهانسازی دواکەوتووی شایستەی ناونیشانی پۆپۆلیزم نین. وەك نموونە جوڵانەوەی دژی جیاوازی رەگەزی لەئەمریکای کۆتایی دەیەی 1950 و سەرەتای دەیەی 1960 کە مارتین لۆسەر کینك سیمبولیەتی، هەرچەند ئەو جوڵانەوەیە هەوڵێك بوو بۆ دەربڕینی ئەو خواستانەی کە دامەزراوە، دیموکراسیەکان وەڵامی پێ بەپێستیانی نەدایەوە، بەم حاڵە، ناکرێ لە ژێر ناڵای هیچ مانایەکی پۆپۆلیزم بیگونجێنی، چونکە شێوەی رابەری خەبات و دیاریکردنی لایەنی بەرامبەر (دووژمن) هەرگیز پۆپۆلیستی نەبوو (دەبێ سەرنجێکی تێکڕایی لەجوڵانەوەی جەماوەری تاك تەوەری بدەین. بۆ نموونە ئەو شۆڕشانەی کە لەسەر دارایی لەئەمریکا روویدا، هەرچەند شێوەی پۆپۆلیستی هەبوو، هاندانی خەڵك بەپێی ئەو داواکاریانەی کە دامەزراوە دیموکراسیەکان لێی ناکۆڵنەوە، بەڵام پێناچێ پشتی بەزنجیری ئاڵۆزی هاویە هاییەکان بەستبێت، بەڵکو قوڵبوونەوەیە لەسەر خواستێك.)

## تا بنبەستی بڕیاری سیاسی

لە ساڵی 2004، جۆرج لاکۆف (George Lakoff)، فەیلەسوفی زمانی پۆست جۆمسکی کنوپر ئاویانگی دەرکرد، کە پێشتر زۆرجار وەك خوازە دەناسرا، بەهۆی خستنەڕووی گەڵاڵەی بەرایی و سادەی هۆکاری ناکارایی سیاسەتی دیموکراتەکان و چۆنیەتی لابردنی لەڕووی بووژانەوەی هێزی داینەمۆی حزب. هۆی سەرنجمان لە گەڵاڵەکەی کۆمەڵێك تایبەتی وێنایی هاویەشە، کە لەگەڵ تیۆرەکەی لاکلاو هەیەتی: بزووتنەوەی خەباتی سیاسی لەبری شەڕی نێوان ئەو بکەرانەی کە بۆ بەرژەوەندی کەسی لێپرسینەوەی ئەقڵانی دەگرنەبەر. بەبۆچوونی کراوەتر لەخەبات، واتە شەڕی نێوان ئەو نامەزرۆیانەی، کە لەقسەی خوازەیی پشتیوانیان دانابەزێ و دەپارێزرێن (لای لاکلاو، خوازە دروست دەکەوێتە کرۆکی خەبات بۆ هەژموونی سیاسی - ئایدۆلۆژی، کاری ریشەیی هەژمونی، واتە هەڵکشانی بیروناوەڕۆکی سەرەکی تایبەتی بۆ بەرجەستەکردنی راستەوخۆی گشتی، لەڕاستیدا رەوایی تەوەری پەیوەندی کورت «short circuit» خوازەییە.)

دەبێ لەبیرمان بێ لاکۆف بەڕاستی دژی جۆمسکییە کە بە ئاشکراکردنی راستی و دەسەڵاتی بەڵگاندنی ئاشکرا، باوەڕ وایە (جێی سەرسوڕمان نییە، کە لەنێوان خۆی و جۆمسکی، مامۆستای پێشووی دوژمنایەتی پیشەیی، هەروەها

کەسی نییە). لاکۆف روانگەی دژی رۆشنگەری سەیر هەڵەبژێرێ، کە بە دەوری پارادایمی ئەقڵخوازانە - ماتریالیستیدا دەخولێتەوە. خەڵك بۆ بەرژەوەندیان، لێپرسینەوەی ئەقڵانی ئاگرنەبەر، ئەمان لەجوارچێوەی رەوایی ئیمچە ئاگاییدا بیردەکەنەوە کە بەدەوری خوازەکانی ناوەندیدا رێکخراون، باوەڕیان بەهۆی ئەو جوارچێوانەوە نەك پشتیوانی دەکرێت، بەڵگاندنی ئەقڵانی، بۆیە ئێمە بۆ رووبەڕووبوونەوەی کۆنی ئێوان ئستورە و لۆگۆس، وتارێژی و بەڵگەهێنانەوە، خوازە و مانای وردو راشکاو گەڕاینەوە. شیکارەکانی جوونەوە ریزی لاکۆف لە ئێوان پێشبازی سەرگەرمکەری بابەتی جۆنیەتی گورزەکردنی راڤەکانی وتارێژانەی رۆژانە، بەهۆی گریمانە نەگوتراوەکان (بۆ وێنە، لە هەڵبژاردنی ساڵی 2004، میدیاکانیان وەك سەرجاوەی زانیاری سەیری ماڵی کبری و وەك کێڵگە سەیری ماڵی بۆشیان دەکرد)، کۆدکردنەوەی بەرایی شێوە فرۆیدی لە لەرانەوەدان. دەربارەی 11ی سێپتەمبەر دەنوسێ: تاوەرەکان هێمای دەسەڵاتن و داڕمانیان ئەندێشەی لەدەستچوونی دەسەڵات بەهێز دەکەن.... ئەو فڕۆکانەی کە بە ستونی ئاگرەوە دەجوونە ناو تاوەرەکانەوە و وەك سارۆخ لەپێتاگۆن، وێنەیەکی پێ مانا لەئاسمانەوە، دەهاتنە خوارێ9. لەروانگەی فرۆیدیزمێکی وا رواڵەتی، سەرسوڕهێنێ نییە، لای لاکۆف، سەرجاوەی خوازە رێکخراوەکانی ناوەندی بۆ بۆچوونی ئاراژی بنەمای خێزانی ئایدیالی دەگەرێتەوە. ئەرێخوازان، میللەت وەك مۆدیلێکی خێزانی باوکسالاری وێنا دەکات و بۆ دیسپلین و گوێڕایەڵی منداڵەکانی و گۆڕینیان بۆ مرۆڤی پێگەیشتووی متمانە بەخۆ، پەنا دەباتە بەر تەمبێکردن، لەکاتێکدا کە لەمۆدێلە پێشکەوتووەکان، باوان بەپەیوەندی بەرامبەرو هاوکارانە، منداڵەکانیان پەروەردە دەکەن. (بەهەمانجۆر کە تێبینیدەکرێ، هەردوو ئەلگۆکە، ئەلگۆی خێزانین، گوایە جیاکردنەوەی سیاسەت لە رەگی لیبیدۆیی خێزانییەکەی ئاسان نییە.)

لاکۆف ئەنجامگیری دەکات کە جەپ، لەجیاتی کەڵك وەرگرتن لە بەڵگە ئەقڵانییەکان و ئامۆژگاری ئەخلاقی دەرهەستەیی، کە لە زمانی خوازەیی بەهەست دووری دەخاتەوە، دەبێ لەم مەیدانە پێشوازی لە شەڕ بکرێ و فێربێ کە جوارچێوەکانی لەخشتەبەرانەتر ئاراستە بکات10. لاکۆف لە کۆتایی کتێبی بە دوای فیل دا مەگەرێ! دەنوسێت موحافیزکاران (پەی بە بەهاکانیان، بنەماکان و رێبازەکانیان دەبەن و زۆر کاریگەرتر لە سی ساڵی رابردوو لە زەینی گشتیدا بڵاویان کردونەتەوە. دەکرێ ئەو بنەمایانە لە دە وشەدا وەبیربێنییەوە: بەرگری بەهێز، بازاڕی ئازاد، باجی کەمتر، دەوڵەتۆکە، بەهاکانی خێزانی.) ئەو فەلسەفە دە وشەیە بۆ لیبراڵەکان پێشنیاز دەکات: (ئەمریکایەکی بەدەسەڵات، درەوشانەوەی بەربڵاو، داهاتووی باشتر، دەوڵەتی کارامە، بەرپرسێتی بەرامبەر.11 ) پێشتر لاوازی ئەو بەدیلەش ئاشکرایە. کاتێك کە فۆرمۆلی موحافیزکارانەی خراوەتە روو بزاردەکانی بەرواڵەت روون، دەرحەق وەرگرتنی بابەتی لێکجیا و رووبەڕووبوونەوەن (بەرگری بەهێز دژی داکۆکیکارانی داماڵینی جەك، بازاڕی ئازاد دژی جاکسازیەکانی دەوڵەت، کەمکردنەوەی باج دژی بەرنامە کۆمەڵایەتیەکان tax and spend و...)، فۆرمۆلی لیبراڵ بریتییە لەڕاڤە تێکڕاییەکان و دڵخۆشکەرە، کە هیچ ئاکۆکیەکی نییە (کێ دژی درەوشانەوە، داهاتووی باشتر و دەوڵەتی کارایە؟). هەموو ئەوەی روودەدات جێ وتارێژی تووند وتیژی - بەگوڕوتینی جۆری سەرێیی و هەستی دەگرێتەوە، خاڵی زۆر سەیری لاوازی لاکۆف، زمانناسی ورد و شارەزا لەمانا ناسی، فۆرمۆلی ئەرێییەکەی تێگەیشتنی ئاشکرایە لەم لاوازییە، لاوازیەك کە بەدیقەتەوە لەزاراوەی لاکۆف فۆرمۆل بەندی دەکرێ: فۆرمۆلی لاکۆف بەئاشکرا باری ئەنتاگۆنیستی تێدا نییە بۆ دیاریکردنی دوژمن، کە مەرجی بنچینەیی هەر فۆرمۆلێکی سیاسی راستەقینەی بزاڤی سیاسیە.

ئامانجمان خستنەڕووی ئەو درکە نییە کە لاکۆف سیاسەتی لاکلاوی پێشنیار دەکات، بەپێچەوانەوە، گەڕانەوەیە بۆ لاکۆف کە وامان لێ دەکات سنوردارییەکانی لاکۆف لەژێر لێکجووە رواڵەتیەکاندا ببینین. بەپێی وتەی سیناتۆر دیك دۆربین (Dick Durbin)، بەرگریکارێکی لاکۆف لە لیستی دیموکراتەکان، لاکۆف داوامان لێ ناکات، تێڕوانین یان فەلسەفەمان بگۆڕین، بۆ نوێکردنەوەی پەیوەندی بانگمان دەکات. کۆماری خوازەکان بەکۆکردنەوەی ئەندێشە کۆنەکان لە پێچراوەیەکی نوێدا سەرکەوتن. لە ئەنجامدا ململانێ تەنیا بۆ وتارێژی دادەبەزێت. ئەندێشەکان (سیاسەتی

راستەقینە) بەیەکسانی دەمێنێتەوە، مەسەلە هەرجۆنییەتی کۆکردنەوە و فرۆشتنیانە (یان دانانیان لەژێر ئاڵای زاراوەی مرۆڤایەتی تری بەستنی پەیوەندی باشتر). لاکۆف بە پشتگیری ئەو خوێندنەوەیە لەتێزەکەی پیشانیدەدا کە شێلگیرانە، جەخت لەهێزی چوارچێوەی خوازەیی ناکاتەوە و بۆ کۆکردنەوەی سەرلەنوێ دای بەزاندووە، لەڕووبەڕووبوونە وەی ئاشکرا بە لاکلاو کە وتاربێژی لەدڵی پرۆسەی سیاسی - ئایدۆلۆژی و لەهاتنەدی جومگە بەندی هەژموونێک، دەدۆزێتەوە، گەرچی، هەندێکات، پێدەچێ بەئاکامی وتارێژانە رادەستی کەڵکەڵەی کەمکردنەوەی ئاڵۆزیەکانی ئێستای چەپ دەبێ، وەک ئەم پەرەگرافەی خوارەوە:

زاستوچەپ لەئاستێکدا ململانێ ناکات. لەلایەک، راست هەوڵەدا کێشە جیاوازەکانی خەڵک بە خەیاڵی سیاسی بپەستێنەوە و لەلاکەی دی، چەپ لە پاشەکشێدایە بۆ گوتاری ئەخلاقی پەتی، کە ناچێتە گەمەی هەژموونیکەوە.... کێشەی سەرەکی چەپ، ڕوونەدانی ململانێیە لەئاستی شیکاری سیاسی ئەمرۆ. چەپ، پشتی بەوتاری ئەقڵگەرایانەی دەربارەی ڕاست بەستووە، وتاری دەرهەستەیی پەتی کە ناچێتە مەیدانی هەژموونیکەوە و بەبێ ئەو چوونە ناوەوە ئەگەرێک بۆ ئاراستەکردنی بەدیلی سیاسی هەڵکشاو نییە12.

بەمەش کێشەی بنەڕەتی چەپ لاوازیەتی لەپیشاندانی وێنەی بەهەست و جیهانی وەرچەرخان. بە ڕاستی ئایا مەسەلەکە بەم سادەییەیە؟ ئایا چارەسەری کێشەی چەپ، لابردنی وتاری ئەقڵگەرایانەی ئەخلاقی پەتی و نیشاندانی بۆچوونی دەستەبەرتری خەیاڵی سیاسی، بۆچوونێک کە بتوانێ بە پێشبازی نیوموحافیزکارانە، هەروەها رکابەریێتی ڕوانگەکانی پێشووی چەپ بکات؟ ئایا دەست نیشانکردنێکی لەوجەشنە هاوشێوەی ئەو وەڵامە بەناوبانگە نییە، کە پزیشکێک دەیداتە نەخۆشی پەرێشان: (تۆ پێویستت بە ئامۆژگاری دکتۆرێکی گرنگییە!)؟ دەربارەی پرسیاری یەکەم دەڵێی چی؟ ئەو بۆچوونەی چەپی نوێ، بەجۆری چوونەپاڵی، بەسەرنجدان بە ناوەڕۆکەکەی چ دەبێت؟ ئایا هەرەسی چەپی باو، پاشەکشەکەی بۆ گوتاری ئەقڵگەرایانە و ئەخلاقی کە لەمەودوا ناچێتە یاری هەژموونیکەوە، پەیوەندی بەگۆڕانکاریە گەورەکانی ئابوری دەیەکانی ڕابردووەوە نییە؟ چارەسەری باشتر، جیهانی چەپگەرایانە، بۆ فەیرانی ئێستامان لەکوێیە؟ دژایەتیکردنی ڕێگای سێیەم لانیکەم هەوڵێکە بۆ ئاراستەکردنی بۆچوونێک کە ئەم گۆڕانکاریانە لەزەین دەگرێ. جێی سەرسوڕمان نییە کە لەگەڵ نزیکبوونەوە لەشیکاری سیاسی و چوونەپاڵ، ئاڵۆزی و پشێوی هەمەگیر دەبێ. لاکلاو لەگفتوگۆیەکی ئەم دواییەی تۆمەتێکی سەیر لەدژی دەخاتە ڕوو، دەڵێت من ئیدیعام کردووە کە کێشەی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوەیە، کە وەک باڵادەستی جیهانی کاردەکات، بەڵام وەک باڵا دەستی جیهانی بیرناکاتەوە و بەتەنیا بەدوای بەرژەوەندیەکانی خۆیەوەیەتی. لەئەنجامدا دەبێ لەبری باڵادەستی جیهانی بیربکەنەوە و کاربکەن. دەبێ دەوریان وەک (پۆلیسی جیهانی) قبوڵبکەن. بۆ کەسانی وەک ژیژەک، کە هەڵتۆقیووی نەریتی هیگڵین، ئەم کارە مانای پاڵنەری ویلایەتە یەکگرتووەکان بەئاڵوگۆڕی بۆچینی تێکڕایی (universal class) ە... دەورێک کە هیگڵ دەیداتە پاڵ دەوڵەت و مارکس بەپرۆلیتاریا، ئێستا ژیژەک دەیداتە پاڵ باڵاترین ئاستی ئیمپریالیزمی ئەمریکا. ئەندێشەی لەوجەشنە هیچ پێگەیەکی نییە. من پێموانییە بکرێ هیچ ئایدیالێکی پێشڕەوی هیچ شوێنێکی دنیا لەژێر ئەندێشەیەکی وا دەربپردرێت13.

**لاکۆف ئەنجامگیری دەکات کە چەپ لەجیاتی کەلک وەرگرتن لە بەڵگە ئەقڵانییەکان و ئامۆژگاری ئەخلاقی دەرهەستەیی کە لە زمانی خوازەیی بەهەست دووری دەخاتەوە دەبێ لەم مەیدانە پێشوازی لە شەڕ بکرێ و فێربێ کە چوارچێوەکانی لەخشتەبەرانەتر ئاراستە بکات**

من بۆ ئەو پەرەگرافە، پەنجە لەسەر بەڵگەی جەواشەکاری پێکەئیناوی و جمك بە ئیبەتخرابی دانانێم. بێ ئەملاولا هیچ کاتێك لەبری جیبی تێکرا یان جیهانگیر بەرگریم لە ئەمەریکا نەکردووە. مەبەستم لەو دەربڕینە کە ئەمەریکا جیهانی کار دەکات و ئاوخۆیی بیر دەکاتەوە، ئەوە ئەبوو کە دەبێ جیهانی بیربکاتەوە و کار بکات، ئیبەتم دەربڕینی پێویستی بنەمای بۆشایی نێوان تێکڕا و بەش بوو، بەپێی هەمان پێویستی، ئەمریکا لەماوەیەکی زۆردا گۆڕی خۆی هەڵدەکەنێ و لەبڕی لەوێ، لە هیگڵ گەراییەکەمدا جێگیر بووە: ماتۆڕ پرۆسەی مێژوویی- دیالێکتیکی بۆشایی نێوان کارو بیرکردنەوەیە. خەڵك بەوشتە کار ناکەن کە پێیانوایە، مادام ئەندێشە بەرووکەش تێکڕاییە، کار لاوەکی دەبێ، هەربەوهۆیە، لای هیگڵ هیچ ئاسکارییەکی مێژوویی روون نییە. هەموو ئاسکارییەکانی کاری کۆمەڵایەتی، بەردەوام بەپێی پێناسە، دەکەونە داوی پیلانی ئەقڵەوە و دەوری خۆیان بەناکامی لە بەئەنجام گەیاندنی نیبەتیان دەبینن. لە ئەنجامدا بۆشایی جێ سەرنج تەنها کەشێکی بەتاڵی نێوان شێوەی تێکڕایی ئەندێشەو بەرژەوەندی لاوەکی پشتیوانی کارەکانیان- کۆمەڵە کارێك نییە کە بەهۆی ئەندێشەی تێکڕایی رەوا بوون -. لەڕوانگەی راستی هیگڵەوە، شێوەی تێکڕایی، لەڕووبەڕووبوونەوە بەناوەڕۆکی لاوەکی لابراو خۆی دەکاتە لاوەکی، خۆی پێشێلدەکات، بەمەش، پێویستی بە ئەو ناوەڕۆکە زیان ئاسیبە نییە کە تێکڕایی پەتی ئالودە دەکات.

هۆی گواستنەوەی ئەو پەرەگرافە، سەرنجی زارەکی وردە بۆ جۆنییەتی تێکڕایی، لێرەدا لە دوو لۆژیکی لێکدژو جیاواز دەکۆڵینەوە. لەلایەك بۆرۆکراسی دەوڵەتی وەك جیبی تێکڕای کۆمەڵگە(یا لەڕوانگەیەکی بەرفرەتر، ئەمریکا وەك پۆلیستی جیهان، بەهێزکەرو زامنکەری جیهانی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی) و هۆکاری راستەوخۆی یاسای جیهانی، لەلاکەی دی، تێکڕاییەکی «زێدەبایی»، بەرجەستە بوو لەبەشێکی زیادەی رێسای هەبوو، کە لەکاتی خۆیی بوون لەم رێسایەدا، هیچ شوێنێکی گونجاوی نییە (ئەوەی ژاك رانسیر Part of no-part دەیخوێنێتەوە)14. ئەو دوو تێکڕاییە، ئەك تەنیا هاوتا نین، بەڵکو شەڕی کۆتایی لە نێوان ئەو دوانەدا روودەدات، ئەك بە سادەیی لە نێوان تووخمە لاوەکیەکانی تێکڕایی، ئەك تەنیا لەسەر ئەوەی کە کام ناوەڕۆکی لاوەکی بەسەر شێوەی بۆشایی تێکڕاییدا زاڵدەبێت، بەڵکو لەنێوان دوو جۆر لەمبەری گشتی تێکڕایی15.

لەم رووە وە لاکلاو، ئەو کاتەی کە جیبی کرێکار و خەڵکی، لەسەربنەمای رووبەڕووی بیرو ناوەڕۆکی سەرەکی جەمکێك و کاریگەری دانانی (nomination) ریشەیی، دەخاتە بەرامبەر یەکەوە، خاڵێك لەبەرچاونەگرێ: جیبی کرێکار ناوەندی گروپێکی کۆمەڵایەتی پێشتر هەبوو، گروپێك کە بە ناوەڕۆکی گەوهەری جیادەکرێتەوە، لەکاتێکدا خەڵك لەبری هۆکاری یەکگرتوو، دروست لەکردەی دانان، دەردەکەوێ. لەئاتەبایی داواکارییەك هیچ نییە، کە خەڵك بەیەکگرتوویی لایەنگری(On Populist Reason, p. 183). مارکس جیبی کرێکاری لەپرۆلیتاریا جیادەکردەوە: جیبی کرێکار گروپێکی تایبەتی کۆمەڵایەتییە، لەکاتێکدا پرۆلیتاریا دال لەسەر پێگەی بکەرێکە (هەر بۆیە باسی رەخنەیی لاکلاو دەربارەی رووبەڕووبوونەوەی مارکسی نێوان پرۆلیتاریا و پرۆلیتاریای دواکەوتووش ئەو خاڵەی تێدا نییە، جیاکاری نێوان گروپێکی واتایی و کەسێکی دەرەوەی گرووپ «nongroup»، زێدەبایی ئەماوەتەوە، کە هیچ شوێنێکی شایستەی لەبنەمای کۆمەڵایەتیدا نییە، بەڵکو جیاکاری نێوان دوو شێوەی ئەم زێدەبایە ماوەتەوە، کە دوو پێگەی بکەری جیاواز دێنێتە ئاراوە.) ناوەڕۆکی شیکاری مارکس ئەوەیە، کە بە لێکدژی، هەرچەند پرۆلیتاریای



Mozart

دواکەوتوو بەشێوەیەکی رەگاژۆتر لەپەیوەندی بەپەیکەری کۆمەڵایەتی جێگۆرکێی پێکراوە، بەڵام زۆر زیاتر لەگەڵ یەکپارچەیی بینای کۆمەڵایەتی دەگونجێت. بەپێی جیاکردنەوەی کاتی نێوان ئاویزیوانی ئەرێنی و داوەری کۆتایی نەهاتوو، پرۆلیتاریای دواکەوتوو لە راستیدا نەك کەسێك لە دەرەوەی گروپ (ئەرێنی لەدەرووندا ماوەی گرووپێك، گرووپێك کە کەسێکی دەرەوەی گروپە)، بەڵکو گروپێك نییەو لابردنی لەهەموو چینەکاندا، نەك تەنها ئاستنامەی گروپەکانی تر یەکپارچە دەکات، بەڵکو هەروەها بۆ توخمی ئازاد و لێهاتووی دەگۆرێت، کە دەکرێت هەموو چینێك سوودی لێ وەربگرێت. دەکرێ پرۆلیتاریای دواکەوتوو بەشێك بێ لە کەرنەڤاڵی رادیکالیزە بووی خەباتی ئەو کرێکارانە، کە لەستراتیژیەتەکانی سازشکارانەو میانەڕەو بەرەو رووبەڕووبوونەوەی کراوەتریان دەبات، یان بەشێك کە بەهۆی چینی باڵادەست بۆ سەرکوتکردنی نەیارەکانیان سودی لێ وەردەگرن (ئەرێنی دوورو درێژی خزمەتی گروپە خراپەکارەکان بۆ فەرمانڕەوایان) چینی کرێکار، لەبەرامبەردا، گروپێکە کە لە خۆیدا، وەکو گروپێك لەبنەمای کۆمەڵایەتی، غەیرە گروپێکە، بەدیوێکی دیکەدا، گرووپێك کە پێگەی لە - خۆیدا - لێکدژی هەیە، چینی کرێکار هێزی بەرهەم هێنە کە کۆمەڵگە (فەرمانڕەوایان) بەمەبەستی بەرهەمهێنانەوەی خۆی و فەرمانڕەوای خۆی پێویستیان پێیانە، بەڵام بەم حاڵە، ناتوانرێت شوێنێکی شایستەیان بۆ بدۆزنەوە.

ئەم کارە رێنماییمان دەکات بۆ سەرزەنشتی سەرەکی لاکلاو لەڕەخنەی مارکسی ئابوری سیاسی: ئابوری سیاسی زانستی «ئەڤنیك» و ئەرێنییە کە سنووری بەشێك لە راستی کۆمەڵایەتی مادی دیاریدەکات، بەمەش بەتۆکمەکردنی رەخنەی ئابوری سیاسی لەسەر سیاسەتی رزگاری بەخش (یان بە دەربڕینێکی تر، رازی بوون بە ئیمبازی پاوانکاری بۆ خەباتی چینایەتی)، لە راستی مادیدا کاری سیاسی بۆ دیاردەی لاوەکی دادەبەزێت. روانگەیەکی وا ئەو شتەی تێدا نییە، کە درێدا بە رەهەندی تارمایی ئاسای رەخنەی ئابوری سیاسی مارکسی دانا، سەروتر لە ئاراستەکردنی بوون ئاسی پەراوێزێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو، رەخنەی ئابوری سیاسی پیشانی دەدا، کە چۆن ئەم بوون ئاسیە بەردەوام لەگەڵ (16haunt logy) زانستی رۆحەکان تەواو دەبێ، ئاوێکە مارکس لە وردەکاری میتافیزیکی و مەعنەوی جیهانی کاڵاکانی ناوە. رۆح یان تارمایی، دروست لەدڵی راستی ئابوری دا جێگیر دەبێ، هەربۆیە بازنەی رەخنەی مارکس بەڕەخنەی ئابوری سیاسی دەبەستڕێتەوە. تێزی بەرایی مارکس، لە بەرهەمە بەراییەکانی، ئەوە بوو کە رەخنەی ئایین خاڵی بەرایی هەر رەخنەیەکە، لەم خاڵەوە، بە رەخنەی دەوڵەت، سیاسەت و سەرەنجام بە رەخنەی ئابوری سیاسیدا تێپەڕی. رەخنەیەك بۆجووتێکی بۆ روانین لەبنچینەترین میکانیزمی بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتی پێدەدای هەرچەند لەم کۆتاییەدا، بزاوت خولانەوە دەبێ لەبازنەداو بۆ خاڵی بەرایی دەگەرێتەوە، بە دەربڕینێکی دیکە، هەمان رەهەندی خواییە لەئاخی ئەو واقعیەتە تاڵەدا ئاشکرا دەبێ. کاتێك کە مارکس سوڕانەوەی خۆزیادکەری شێتانەی سەرمایەی شرۆڤە دەکات، کە ئاراستەی بڕیاری ئەمرۆ لەئەهێشتنی گومانی سەرەوە رەنگدانەوەیەك لەبابەت داهاتوو گەیشتۆتە لوتکەی خۆی، ئەو ئیدیعایەی رۆح، ئەو زەبەلاحەی خۆبەرهەمهێن، کە بێ سەرنجدان لەمرۆڤ یان دەوروبەر رێگاکەی دەگرێتەبەر، دەرهەستەیی ئایدۆلۆژیەو لەودیوو ئەو دەرهەستەیە، خولانەوەی سەرمایە بەسەر تواناو سەرچاوەی بەرهەمهێنانی مرۆڤە واقعی و شمەکی سرووشتی وەستاوەتەوە و وەکو ئەنگڵسی زەبەلاح هێزیان لێ وەردەگرێ، زۆر سادە روانینانەیە. کێشە، واقعی بوونی ئەم دەرهەستەیە - لەچەمکی وردی دیاریکردنی بنەمای تەواو مادی پرۆسە کۆمەڵایەتیەکان، دەرهەستەیەك، کە تەنها بەدحاڵی بووتمان (مامەڵەکارانی دارایی) لەڕاستی کۆمەڵایەتیدا جێگای نییە. چارەنووسی تێکڕای چینەکانی مرۆڤایەتی و هەندێجار هەموو وڵاتان دەتوانن لەلایەك سەمای ئاك و بازرگانانەی سەرمایە دیاری بکرێت، کە لە جیاوازی نەکردنی سەرخۆشانە دەربارەی جۆنیەتی کاریگەری بەسەر راستی کۆمەڵایەتی تەنها بیر لە قازانج دەکاتەوە. لێرەدا توندوتیژی سیستەمی و بنەمای سەرمایەداری جێگیرە. زۆر گوماناوی تر لە توندوتیژی سۆسیۆلۆژی پێ داوەری پێش سەرمایەداری. توندوتیژیەکەی تر شایانی پەیوەندی نییە بە کەسە واتاییەکان و ئامانجی زیرەکیان، بەڵکو بەپەتی، واتایی، سیستەمی و بێ

ئامانژەیە. لێرەدا رووبەڕووی جیاوازی لکاندنی واقعیەت و کاری راستەقینە دەبینەوە: واقعیەت، راستی کۆمەڵایەتی خەڵکانی راستەقینەیە، کە گیرۆدەی پرۆسەی لایەنێکی کڕیار یان فرۆشیارو بەرهەمهێنەرن، لە کاتێکدا کاری راستەقینە، لۆژیکی ئاڵوگۆڕی نەبوو، ئارمانی ئاساو دەرهەستەیی سەرمایەیە، کە رەوتی راستی کۆمەڵایەتی دیاری دەکات.

لەوکاتەدا ئاماژەی رەخنەی ئابوری سیاسی فەرامۆش نەکەین: ئابوری بەجۆرێك لەخۆیدا، سیاسییە، بەمەش ئاکرێ شەڕی سیاسی بۆ دیاردە، یان ئاکامی مام ناوەندی پرۆسەیەکی ئابوری - کۆمەڵایەتی بنەمایی تر دابەزێنێت. دژایەتی چینایەتی لای مارکس، ئامادەیی کاری سیاسی دروستە لەدڵی ئابوری دا، هەرلەبەرئەوە کاتێ کە لەنوسینی بەرگی سێیەمی سەرمایە روویدا، رێك کاتێك گرنگە، کە مارکس بە نیازبوو راستەوخۆ لەدژایەتی چینایەتی بکۆڵێتەوە. ئەو کاتە تەنیا لە دەستدان یان نیشانەی شکست نییە، بەڵکو ئاماژەیەکی لاری ئەو هێڵە فکرییە لەسەر رووی خۆی و گۆڕانی بۆ رەهەندی ئامادەیە. شەڕی چینایەتی سیاسی و هەمان سەرەتا لەهەموو شیکارەکاندا بڵاودەبێتەوە، کۆمەڵێك ئابوری سیاسی (بە دەستەواژەیەکی تر بەهای هێزی کاری کاڵایی ئارادەی قازانج) نەك زانیاری واتایی ئابوری-کۆمەڵایەتی، بەڵکو رێنمایی هەمیشەیین بۆ وەدەرنانی ململانێی سیاسی و رێکەوت، پێدەچێ لاکلاو لە پەیوەندی بە کاری راستەقینەی نێوان بۆچوونی رواڵەتی، دەربارەی کاری راستەقینە وەك ئەنتاگۆنیزم و باوەڕی ئەزموونی تری رارایە، کە ناکرێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی رواڵەتی دابەزێت: (رووبەڕووبوونەوەی ئەلف - با هەرگیز بۆ بەرەنگاربوونەوەی «جگە لە ئەلف - ئەلف»، ناگۆڕێ. با بوونی با، سەرەنجام دیالێکتیرە نابێت. خەڵك بەردەوام شتێك لەسەرووی ئەیاری دەسەڵاتەوەیە. راستیەك لەخەڵك هەیە کە بەگژ یەکپارچەکردنی هێمادا دەچێتەوە 17.

پرسیاری گرنگ ئەوەیە، کە تایبەتمەندی زێدەبایی خەڵك، لەسەرووی دژایەتی دەسەڵات، چییە، یان چ شتێك لەخەڵکدا بەگژ یەکپارچەکردنی هێمادا دەچێتەوە؟ ئایا هۆکار تەنیا دیاریکردنی زۆری ئەو (ئەزموونی هتد) نییە؟ ئەگەر بەمجۆرەیە، ئەوکاتە ئێمە رووبەڕووی کاری ئەزموونی راستەقینە نابینەوە، کە لە بەرامبەر یەکپارچەکردنی هێماییدا دەوەستێتەوە (چونکە کاری راستەقینە، لێرەدا رێك شەڕ «جگە لە ئەلف - ئەلف»، بەمەش «ئەوەی لە با دا زیاتر لە «جگە لە ئەلف» هەیە)، کاری راستەقینەی هەبوو لە با دا نییە، بەڵکو دیاری کردنی هێمایینی با یە.

لەئەنجامدا، سەرمایەداری تەنها کۆمەڵەیەك نییە، کە سنوور بەدەوری مەیدانێکی کۆمەڵایەتی ئەرێنیدا دەکێشێ، بەڵکو مەترسی رووکەشی - باڵادەستیە کە تێکڕای فەزای کۆمەڵایەتی رێکدەخات، بە دەربڕینێکی دی سەرمایەداری شێوازێکی بەرهەمهێنانە. دەسەڵاتەکەی لەلاوازیەکەیدایە، سەرمایەداری، بە مەبەستی خۆدزینەوە لەبەرەنگاربوونەوەی ئەنتاگۆنیزمی بنەمایی و ناهاوسەنگی ستراکتۆریەکەی ناچارە بەجوڵەی جێگیرو ئارام گرتن بکەوێتە بەردەم بارودۆخی شێرزەیی بەردەوام. بەم رێگایە، سەرمایەداری بەجۆرێك بووئاسانەی کراوەیەو خۆی لەزاڵبوونێکی هەمیشەیی بەسەر خۆیدا، بەرهەمدێنێتەوە، گوایە قەرزاری داهاتووی خۆیەتی، قەرزی لێوەر دەگرێ و بەردەوام رۆژی دانەوەی دوا دەخات.


## مارشی تورك

ئەوە دەرئەنجامی تێکڕایی دەبێت، هەرچەند گوتەزای پۆپۆلیزم لە دوورنوێی سیاسی ئێستا گرنگ بووە، بەڵام ناکرێت وەك بنەمایەك بۆ زادەی سیاسەتی رزگاری بەکار ببرێت. سەرەتا دەبێ سەرنج لە جیاوازی پۆپۆلیزمی ئەمڕۆ لەگەڵ جۆری باوی بدەین لایەنی ئەیار، رووی جیاوازیانە کە خەڵك لە بەرامبەریدا دەجوڵێنرێن: سەرهەڵدانی پۆست سیاسەت، داشکاندنی سیاسەت بۆ بەڕێوەبردنی ئەقڵانی بەرژەوەندی لێکدژ. لانیکەم پۆپۆلیزم لەوڵاتانی پێشکەوتووی ئەوروپای خۆراوا و ئەمریکا، وەکو سێبەرێکی خۆیی پۆست سیاسەتی دامەزراوەیی، دەردەکەوێت، دوودڵ دەبین پۆپۆلیزم بە تەواوکەری پۆست سیاسەت، بەتێگەیشتنی درێدایەکەی، بزانین، مەیدانێك کە دەکرێ تێیدا خواستە سیاسییە ئاتەباکان و فەزای دامەزراوەیی پێکەوە ببەسترێنەوە. لەم چەمکەدا، سۆفیگەرێتی بنەمای هاوپێوەندی پۆپۆلیزمە. ئاماژەی بنچینەییەکەی پێویستی نەبوونە بە رووبەڕووبوونەوە بە ئاڵۆزی و دابەزاندنی بۆ شەڕێکی روونی گەل دووژمنێکی واتایی درۆیین (لە بۆرۆکراسی بروکسلەوە

تا کۆچەرانی نایاسایی)ە. لە ئاکامدا، بەپێی پێناسە، پۆپۆلیزم دیاردەیەکی نەرێنییە، دیاردەیـەك کە بنچینەکەی لەسەر پێویست نەبوون، یان تەنانەت لە پەسەندکردنی ناوەوەیی لاوازە. هەمووان ئەو نوکتە کۆنە دەزانین، ئەو پیاوەی لەژێر گڵۆپەکانی شەقامەکەدا بەدوای کلیلەکانیدا دەگـەڕا، لەوەڵامدانەوەی پرسیاری کە کلیلەکانی لەکوێ بزرکردووە، وتی، لەکونجێکی تاریك، کەوایە بۆچی لەڕووناکیدا بەدوایاندا دەگەڕا؟ چونکە دەیتوانی لە ڕووناکیدا باشتر ببینێت. بەردەوام گەمژەییەکی وا لە پۆپۆلیزمدا هەیە. بەمەش نەك تەنها پۆپۆلیزمی ڕواڵەتی بۆ وەدیهاتن پێشبازە رزگاری بەخشەکانی ئەمڕۆ نییە، بەڵکو دەبێ لە هەنگاوێکی زیاتردا بوترێ کە ئەرکی سـەرەکـی سیاسەتی رزگـاری بەخشی ئـەمـڕۆ، مـەسـەلـەی ژیـان و مـردنـی، دۆزینەوەی شێوەیەك لە بزاوتی سیاسیە کە، هەرچەند (وەك پۆپۆلیزم ) رەخنە لە سیاسەتی نـاوەنـدی دەگـرێ، بەڵام دەبێ خۆمان لە رارایی پۆپۆلیزم بە دوور بگرین.

ئێستا ئـەمـانـە پـەیـوەنـدیـیـان بە بـارودۆخـی ئـاڵـۆزی ئـەوروپـاوە چییە؟ نـزیـکـیـەکـی ئـاشـکـرا لـە بـەرامـبـەر هەلومەرجێك بۆ دەنگدەرانی فەرەنسی نەخرایەڕوو، کە بەڵێنی نایاب کرد بژاردەی پێشبازی دەستە بژێران بۆ خەڵك بژاردە نەبوو، خەڵك بەناچاری بانگکراون دەنگ بدەن، واتای هەمان دەرەنجامی شارەزای گەشبینانە. میدیاکان و دەستەبژێرانی سیاسی هەڵبژاردنیان لەبری هەڵبژاردنی نێوان زانایی و نەزانییان خستەڕوو، لەنێوان کارزانی و ئایدۆلۆژی، لەنێوان بەڕێوەبردنی پۆست سیاسی و ئارەزوی کۆنی سیاسی چەپ و راست١٨. بەمەش نە وەك کاردانەوەیەکی تەسك بینانە و ئاگا لە ئاکامەکانی وەلانرا، کاردانەوەی ترسناك و سـەرچـاوە گـرتـوو لـە ترسی سیستەمی جیهانی پۆست تەکنەلۆژی لە سەرهەڵدانیدا، غەریزەیەکی بۆ پاراستنی نەریتە ئارامی بەخشەکانی دەوڵەتی خـۆشـگـوزەران، ئاماژەیەکی پێویستی نەبوونی شتێ کە هیچ جۆرە بەرنامەیەکی ئەرێنی تێدا نەبوو جێی سەرسووڕمان نییە کە تەنها ئەو حزبە سیاسیانە هەڵوێستی نەرێنییان وەرگرت کە کەوتبوونە دوولای کۆتایی جەمسەری سیاسییەوە: بەرەی میللی لوپێن لە راست و کۆمۆنیستەکان و ترۆتسکیستەکان لە چەپ.

لەگەڵ ئەوەشدا، تەنانەت ئەگەر ئەو چیرۆکە تۆزێك راستی تێدابێت، راستە کە سیاسییەکان لە روانگەیانەوە جیاواز و گونجاو پشتیوانی لەو نە یە ئاکات، رەنگە پەتوترین مەحکوم بۆ دەستەبژێرانی سیاسی و میدیاییەکان، کـۆڕیـاد پێ بۆ لاوازی جومگەبەندی و تەرجومانی ئـارەزوو ناڕەزاییەکانی خەڵك بۆ بۆچوونێکی سیاسی. لەگەڵ خەڵك وەك ئەو بەردەستە کەم زەینانە



ڕەفتاریان کرد، کە ئامۆژگاری وەستاکەیان لەگوێ نەدەگرت، ڕەخنەیان لەخۆیان، قبوڵکردنی ئاکامی دەرس وتنەوەی مامۆستای بۆ قوتابیانی هەڵگرتبوو. ئەوەی بەرگری لە تێزی ئاگادارکردنەوە ( ئە، ی ئەڵمانی و فەرەنسی مانای شکستی دەستەبژێرانە لەپێدانی زانیاری گونجاوو بەجەماوەرە) ئاتوانێ بزانێ ئەوە کە ئەم ئە یە نمونەی لەسەدا سەدی پەیوەندیە، کە تێیدا هەروەك لێکێندراوەکان دەربڕیی، گێرەوەی پەیام چ بە پێچەوانە یان ڕاستی لە دوێنەری خۆی وەردەگرێ، بۆرۆکراتەکانی گەشبینی ئەوروپی، ڕواڵەتی بوونی پەیامەکەیان بۆ دەنگ دەران لەکاتی ڕاستیدا ئەوەیانزانی. پێشنیازی یەکیەتی ئەوروپا، کە فەرەنسا، هۆڵەندا ڕەتیانکردەوە، ئاماژەی پیلانێکی سەخیف بوو، گوایە ئەوروپا دەتوانێ خۆی ڕزگار بکات، بەهۆی متوربەکردنی باشترینیەکانی هەردوو جیهان بەسەر ڕکابەرەکانیدا سەردەکەوێ، واتە بەشکانی ئەمریکا، چین و ژاپۆن لە بوژانەوەی زانستی و تەکنەلۆژی، ئەریتە کەلتوریەکانی بەزیندوویی دەهێڵێتەوە. دەبێ پێداگرانە ڕای بگەیەنێ، کە ئەگەر ئەوروپا خوازیاری ڕزگاربوونە دەبێ ئامادەبێ مەترسی لە دەستدانی (بردنە ژێر پرسیاری ڕیشەیی) هەردوو قبوڵ بکات: سڕینەوەی بتی پێشکەوتنی زانستی - تەکنەلۆژی و خۆ بەدوور گرتن لەپشت بەستن بە بەرزتری میراتە کەلتوریەکەی.

کەوایە ئەم هەڵبژاردنە، لەنێوان دوو هەڵبژاردنی سیاسی و ڕوانگە گەشبینەکانی ئەوروپای مۆدێرن نەبوو، واتا ئامادەبێ گونجان لەگەڵ سیستەمی نوێی جیهانی و ئارەزووی سیاسی ئاڵۆزی کۆن. ڕاڤەی ئەو نە یە وەك ترسێك داماوی هەڵە بوو ترسی سەرەکی ئاراستەی دەستەبژێرانی سیاسی نوێی ئەوروپایە، ترس لەنەکرێنی ڕوانگەی پۆست سیاسیان بۆ سەرنجڕاکێشانی خەڵك. ئەو نە یە بۆ هەمووان، دەربڕی هیوایە، هیوا بە زیندوو بوون و ئەگەری سیاسەت، هیوا بەکرانەوەی پاسوخواست لەسەر جیەتی ئێستاو داهاتووی ئەوروپای نوێ. هەربۆیە ئێمە، لە باڵی چەپ، دەبێ لە درکەیەکی گاڵتەجاڕانەی لیبراڵەکان بگەین، درکەیەك کە دەڵێ ئەو نە یە دەبێتە مایەی هاوپەیمانی ئێمەو فاشیستە نوێیەکان. ڕاست پۆپۆلیستی نوێ و چەپ تەنها لەشتێکدا هاوبەشن: ئاگاداربوون لەزیندوویی خودی سیاسەت.

هەڵبژاردنی ئەرێنی لەو نە یەدا هەیە: هەڵبژاردنی خودی هەڵبژاردن، سەرپێچی لە باجدان بە دەستە بژێرانی نوێ، کە تەنها هەڵبژاردنێك پشتگیری زانستی پسپۆڕانەیان، یان نمایشی پێ نەگەیشتوویی نا ئەقڵانی ئێمە {چەپەکان}ە کە دەیخاتە ڕوو. ئەو نە یە بڕیاری ئەرێنی دەستپێکی گفتوگۆی سیاسی بە کەڵکی ئەوروپایە، کە ئێمە لە ڕاستیدا خوازیارین. فرۆید لە کۆتایی تەمەنی لە قبوڵکردنی سەرسامی خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوە بە ئاڵۆزی ڕەگەزی مێینە پرسیارێکی گرنگی کرد، ژن چی دەوێ؟[19] ئایا واق وڕمان لەقبوڵکردن یان قبوڵنەکردنی دەستوری ئەوروپا، شایەتی نییە بەسەر ئاڕوونی یەکسانەوە: ئێمە خوازیاری کام ئەوروپایەین؟

سرودی ئافەرمی یەکیەتی ئەوروپا، کە لەزۆربەی ڕووداوە سیاسی، کەلتوری و وەرزشیەکان دەبیسترێ، میلۆدی «چەکامەی سرور» (Ode to Joy)، لەدوا مووەمان سەمفۆنی نۆی بتهۆڤن وەرگیراوە، دالێکی کۆتای ڕاستەقینەیە کە دەکرێ هەمووشتێك پێشان بدات. لەفەرەنسا، ڕۆمان ڕۆلان کردیە سرودێکی مرۆڤایەتی هاوڕێیەتی کردنی هەموو خەڵك (مارسییزی مرۆڤایەتی) لە ساڵی 1938، لە لوتکەی فیستڤاڵی مۆسیقای ڕایش (Reich›s musk tag)، هەروەها بۆ لەدایکبوونی هیتلەر لێدرا، لەکاتی شۆڕشی کەلتوری چین، لەفەزای کردنە دەرەوەی کلاسیکەکانی ئەوروپا، وەك پارچەیەك بۆ شەڕی جینایەتی پێشڕە و پارێزراو لەژاپۆن بۆتە بابەتی ئاینی، کە لەکاتی ئازاری پێکهاتەی کۆمەڵایەتی تێکەڵی پەیامی جێژ کراوە. تا ساڵی 1970، واتا کاتێك کە تیمەکانی ئۆڵەمپیکی ئەڵمانیای خۆرهەڵات و ئەڵمانیای خۆرئاوا ناچاربوون لەجوارچێوەی تیمێکدا یاری بکەن، (چەکامەی سرور) لەکاتی پێدانی مەدالیای زێڕ بە ئەڵمانیا لێدەدرا و هاوکات ڕژێمی نەژاد پەرستی ڕۆدزیا بەسەرۆکایەتی یان سمیت، کە بەمەبەستی پاراستنی ئاپارتاید لە دەیەی 1960، سەربەخۆیی ڕاگەیاند، ئاوازی هاوشێوەی بە سروودی نیشتمانی هەڵبژارد. تەنانەت ئابی مایل گازمان، سەرۆکی نوێ (ئێستا لەزیندان) سێندیرۆ لۆمینۆسۆ {حزبی کۆمۆنیستی پیرۆ ناسراو بە ڕێگای درەوشاوە. و. ف} لە وەڵامی پرسیاری کە چ مۆسیقایەکی پێخۆشە، ئاماژەی بە مووەمان جوارەمی سەمۆفنیای نۆی بتهۆڤن کرد. بەمەش

بە ئاسانی دەتوانین ژەنینێکی خەیاڵی ئەو مۆسیقایە وێنا بکەین، کە تێیدا تەواوی دووژمنانی سوویێد خۆر، لەهیتلەرەوە تا ستالین، لەبۆشەوە تا سەدام، بۆ ماوەیەك دووژمنکاریەکانیان خستۆتە لاوە، لەساتێکی سیحراویدا، لە برایەکی جوان ئاسیەوە دەبنە شەریك20.

بەم حاڵە پێش ئەوەی وەك پارچەیەك بەلای مووەمانی چواردا، تێبەڕین، کە لەبەکارهێنانی کۆمەڵایەتیدا خەوشداربووە، سەرنج لەهەندێك تایبەتمەندی بنەمایەکەی دەدەین. لەناوەڕاستی مووەمان، دوای میلۆدی سەرەکی، کە لەسی ئۆرکسترا و سی واریاسۆن ئاوازی لێدەدرێ، لە یەکەم خاڵی لوتکە، شتێکی چاوەڕوان نەکراو روودەدا، کە لەیەکەم ژەنیندا پێش 180 ساڵ، رەخنەگرانی ئازاردا: لەڕادەی 331، ئاوازەکە بەگشتی دەگۆڕێ و لەجیاتی بەردەوامی رۆحانی، تیم (Joy) لەشێوەی مارشی تورك، وەرگێراو لەمۆسیقای سەربازیدا رێکخراو بۆ سازە هەواییەکان و کوپەیەك دووبارە دەبێتەوە، کە لەسەدەی هەژدە سەربازە ئەوروپیەکان لەسەربازە عوسمانییەکانیان وەرگرت، شانۆی جمك بە لسایی و گاڵتەجاڕیە وەك ریزی هەمووان و کەرنەڤاڵ ئاسا21، پاشان هەموو شتێك چەواشە دەکرێ، چیتر بەرهەمێك لە شکۆی رۆحانی بەخشی یەکەمی مووەمان نییە، دوای ئەو بەشە «تورك»، لەکنتر مووەمانی روون، لە گەڕانەوەیەك بۆ پەنهانترین ئاناتی رۆحانی، مۆسیقای کۆڕاڵ ئاسا (کە بەناوی گەڕانەوەی گریگۆریایی لەلایەن رەخنەگرانی دەرکراو) هەوڵدەدات وێنایەکی بەرز لە ملیۆنان مرۆڤ ئاڕاستە بکات، کە لەئامێزی یەکتردا چۆکیان داداوەو لەترس و رێزدا لەئاسمانی دوور، دەگەڕێن باوکی میهرەبانیان بدۆزنەوە، خوایەك دەخاتەڕوو، کە دەبێ لەبەرزایی ئاسمانی پڕ ئەستێرە شوێنی نیشتەجێ بوونی هەڵبژاردبێ22 گەرچی بەزەیین دەگا کە وشەی muss بەرایی لەلایەن باسەکان جێبەجێ، پاشان بەهۆی تێنۆرەکان و ئاڵتۆکان و سەرەنجام بەهۆی سۆپرانۆیەکان دووبارە دەبێتەوە، مۆسیقا بێجووڵە دەمێنێتەوە، بەڵام گوایە دووبارە بانگکردنەوەکە، هەوڵێکی بێ ئومێدانەیە بۆ قایلکردنی ئێمە (بۆخۆی) ئەوەی دەیزانی راستی نییە، دێڕی (دەبێ لەوێ باوکی میهرەبان شوێنێکی بۆ نیشتەجێ بوون هەڵبژاردبێ) (B. p. 109)ی دەبێتە پاڕانەوەیەکی بێ ئومێدانەو لەئەنجامدا، ئەو راستیە ئاشکرا دەکات کە بەرزایی ئاسمان هیچی بەسەرەوە نییە: هیچ باوکێکی میهرەبانی لێ نییە بمانپارێزێ و گرەنتی برایەتیمان بێت. لەدرێژەیدا، گەڕانەوە بۆ دۆخێکی شادمانانەتر لە پێچراوەی فۆگی دوو ئەوەندە جێی کراوەتەوە، کە لە درەوشانەوەی بەزۆری دەستکردیدا، بەناچاری درۆیین بەزەیین دەگات، سەنتێزی بەڕاستی ساختە، هەوڵی بێ ئومێدانە بۆ داپۆشینی لەدەستدان ی خوای نادیار، کە لەبەشی پێشوو ئاشکرا بوو، بەڵام دوا کادینزا، سەیرتریپانە، کە نەك لەو بتهۆڤنە، بەڵکو زیاتر هاوشێوەی نوسخەیەکی هەڵئمساو لە Abduction form the Seraglio بەرهەمی مۆزارتە کە رۆکۆکۆیانە متوربەی توخمەکانی توورك و تمایشی زووتێپەڕ کراوە. (با تێۆری ئۆپێرای مۆزارت فەرامۆش نەکەین: وێنای فەرمانڕەوای ستەمکاری خۆرهەڵاتی وەك ئلغایەك لەڕاستیدا گەشبین پیشاندەدرێ.) بەشی کۆتایی، بەم شێوەیە، متوربەی نائاسایی لەڕۆژهەڵاتناسی و کشانەوە بۆ کلاسیزمی کۆتایی سەدەی هەژدە، پاشەکشەیەکی دوو ئەوەندە لەکاتی مێژوویی ئێستادا، پەسندکردنی ئارامی دڵسۆزی خەیاڵ وروژێنەری تایبەتمەندی شادمانی برایەکی هەمەگیر. ئەوە تاکە نەوایەکە کە بەڕاستی خۆی نۆژەندەکاتەوە. دژایەتی ئێوان پێشڕەوی هێڵێکی زۆر رێکی یەکەمی

> **لەئەنجامدا سەرمایەداری تەنها کۆمەڵەیەك نییە کە سنوور بەدموری مەیدانیکی کۆمەڵایەتی ئەریتیدا دەکیشێ بەلکو - مەترسی رووکەشی بالادەستیە کە تیکرای فەزای کۆمەڵایەتی ریکدەخات. بە دەربڕینیکی دی سەرمایەداری شیوازیکی بەرهەمهینانە دەسەلاتەکەی لەلاوازیەکەیدایە**



مـود مـان و دۆخـی بەپەلەی ناتەباو نەگونجاوی بەشی دووەم، ناتوانی لەوە حەتمی تربێت. جێی سەرسوڕمان نییە کە لە ساڵی 1826، دوو ساڵ دوای یەکەم راپەڕاندن، هەندێ لەگەشتیاران، بەمجۆرە بەشی کۆتاییان شرۆڤەکردووە: (ئاهەنگی نەفرەت لـەتـەواوی ئـەوەی پێیدەوترێ شادی مرۆڤایەتی. جەماوەرێکی ترسناك بەهێزێکی پتەو دەردەکـــەوێ، دڵەکان پارچە پارچەو ئاگری خواوەندی خوایەکان بەگاڵتەجاڕی پڕخرۆش و زەبەلاحیەکەی تەفروتوونا دەکات). (B, p. 93) (دیارە ئەم دێڕانەی مانای رەخنەگرتن نییە، لەبتهۆڤن، تەواو بە پێچەوانەوە، بەشێوازی ئادرنۆیی، دەبێ ناکامی مودمانی چوار بـەهـونـەری کامڵی بتهۆڤن دابـنرێ: ئاماژەی راستەقینەی شکستی پێشبازی رۆشنگەرانەی برایەتی جیهانگر.)

سەمفۆنیای ژمــارە نـۆ لێوانلێوە لەوشتە کە نیکۆلاس کۆك نـاوی دەنێ (هێما بەکار نـەبـراوەکـان): تووخمە زێدەباییەکان کاریگەری (توخمگەلێك کە لەموومانێدا رووددەدا) بەم مانایە ئاکۆکن، گەرچی دیـار نییە ئـەو مانا زیادەیە چیە (B, p. 103). کۆك لیستی (مارشی پـرسـەی) لە رادەی 513 لە موومانی یەکەم، کنوبڕ کۆتایی موومانی دوو، دەنگە سەربازیەکان لەموومانی سێ، (فانفارەکانی تـرس)، مارشی تـووڕك و زۆربەی کاتەکانی موومانی چوار هەژمار دەکات، بەڵگەی ئاوەوەیی هەموو ئەو توخمانە، (سیناریۆی مۆسیقی کەڵەکە کـردووە و لێوڕێژی دەکـات) (B, p. 103). ماناکەیان، بەئاسانی، بەهۆی تەئویلی ئامانجی ئاشکرا لە رواڵەتی (سیناریۆی مۆسیقی) زاڵ، مانایەکی پێشتر جێگیرکراوی هەیێت (ئاهەنگی خۆشی، برایەتی هەمووان و هتد)، پێشتر مانای ئەو توخمە نـەدراوە و لەجۆری دیاری نەکردنی مەجازی لێهاتووە . گوایە ئێمە دەزانین لـەوێ مانایەك پەنهانە (یان دەبێ بێت) بێ ئەوەی کە هەرگیز بتوانین چییەتی ئەم مانایە بسەلمێنین.

ئێستا چـارەسـەر چـیـیـە؟ تاکە چارەسەری بنەڕەتی، گۆڕینی تێکڕای تێڕوانین و خستنەڕووی بەشی یەکەمی مودمانی چوارە لەبری کاری مەسەلەساز. لەڕاستیدا، سەرەتای لادان، تەنها رادەی 331، بە چوونە ناوەوەی Marcia Turca نییە، بەڵکو هەر لەبەراییەوە هەموو شتێك خەوشدارە. دەبێ قبوڵی بکەین، کە ساختەکاری بێ گیان لە (چەکامەی سروو)دا هەیە، لە ئەنجامدا، پشێوی دوای رادەی 331، جۆرێك گەڕانەوەیە بۆ کاری کپ کراو، سمپتۆمی کە لە هەمان سـەرەتـاوە نـادرووسـت بـوو. چ دەبێت ئەگەر لە نوێوە رووبەڕووی بیبنەوە و نادرووستەکانی بخەینە لاوە؟

ئـایـا ئـەمـڕۆ ئـەوروپـا تـووشـی باروودۆخێکی لەوجەشنە نییە؟ دوای بانگهێشتکردنی ملیۆنان کـەس، لە بەرزترین تا نزمترین بۆ لەئامێزگرتنی یـەکـتری، پارچـەی دووەم بە شوومی کۆتایی دێـت: (بـەڵام ئەو کە ناتوانێ دڵخۆشی بکات، با لە پەنایەك بگری)23. تەنزی (چەکامەی سروو)ی بتهۆڤن، وەك سرودی ئافەرمی ئـەوروپـا، کە ئامـادەیی تورکیا، هـۆکـاری قەیرانی ئێستای یەکیەتیەکەیە. بەپێی زۆرینەی دەنگەکان، ئەندامیەتی تورکیا هۆی سەرەکی دژایەتی کەساتێك بوو، کە لە دوا راپرسی فەرەنسا و هۆڵەندا وەڵامی نەرێنیان دایـەوە. دەکرێت ئەو نە بە رەگی لە راستی پۆپۆلیستدا هەبێ (نە بە هەڕەشەی تورکیا بۆسەر کەلتورەکەمان، نە بەکرێکارانی هەرزانی تـورك) یا لە فرە کەلتوری لیبراڵ (تورکیا رێی هاتنە ژوورەوەی پێ نەدراوە، شێوەی مامەڵەی لەگەڵ کوردەکان ئاماژەی نەپاراستنی مافەکانی مرۆڤە)، لە روانگەی دژەوە، بەڵێ بە هەمان ئاتەواوی، دوا کادێنزای بتهۆڤنە. ئایا دەبێ تورکیا رێی چوونە ژوورەوە بدۆزێتەوە، یان دەبێ رێپێدراو بـۆ پەنهانکردنی خـۆی، گـریـان، لە یەکیەتیەکە (Bund) بێت؟ ئایا ئەوروپا دەتوانێ پاش (مارشی توورك) بمێنێتەوە؟ هەروەك کۆتایی سەمفۆنیای ژمارە نۆ، چ دەبێ ئەگەر کێشەی سەرەکی نەی تورکیا، بۆخۆی میلۆدی سەرەکی بێت؟ ئـاوازی یەکیەتی ئەوروپا، وەك دەستە بژێرانی تەکنۆکراتی پۆست سیاسی برۆکسل بۆمان دەژەنێ. ئێمە پێویستمان بەمیلۆدیەکی تـەواوو نوێیە، پێناسەی تازەی خودی ئەوروپا. کێشەی تورکیا، سەرلێشێواویی ئەوروپا لەپەیوەندی بە تورکیا، نەك دەربارەی تورکیا، بەڵکو دەربـــارەی ئـاڵـۆزی پێناسەی خـودی ئەوروپایە.

تەنگژەی ئێستای ئـەوروپـا چیە؟ ئەوروپا کەوتۆتە قەپاڵی نێوان ئەمریکاو چینەوە. هەردووکیان، میتافیزیکیانە، یـەکـسـانـن شێـتـی نـائـومـێـدانـەی یەکسان بەتەکنەلۆژیای لغاو پساو رێکخستنەوەی سەرێیی مرۆڤی مام نـاوەنـدی. کاتێك تەکنیك دوورتـریـن قوژبنی دنیای داگیرکردووەو دەتوانێ بیێتە وەبەرهێنەری ئـابـوری، کاتێك هەر رووداوێـکـت بـوێ، لەهەر شوێن

و کاتێك کە بەدوێی چوونکان دەوێ بەو خێراییە لەبەردەستە، کاتێك کە لەڕێگای پۆشەری زیندووی تەلەفزیۆنی دەتوانی هاوکات شەڕێك لە بیابانەکانی عێراق و ئۆپێرایەك لەپەیجینگ ئەزموون بکەی، کاتێك کە لەتۆڕی دیجیتاڵی جیهانی، کات شتێك جگە لەخێرایی، یەکسەرو هاوکات نییە، کاتێك کە براوەی تەلەفزیۆنی بە بەرزترین مرۆڤ دا دەنرێی، پاشان بەڵێ، پرسیار وەك تارماییەك بەسەر تێکڕایی ئەو هاتوهاوارانەوە دەردەکەوێ، بۆچی؟ بۆ کوێ و پاشان چی؟24

ئەوروپییەکان هایدگەر ئاسا پێویستیان بەڕووبەڕووبوونەوەی ئەڵوێلیە (Auseinandersetwng)، ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەوانی دی، هەروەها رابردووی خودی ئەوروپا لەڕوانگەی تەواوەوە، لە کۆنەوە و رەگی جوولەکەیی - مەسیحی تا ئەندێشەی دەوڵەتی خۆشگوزەران کە بەم دواییە مرد. ئەمڕۆ ئەوروپا بۆ دوو ئەلگۆ دابەش بووە، مۆدیلی وەك دەڵێن ئەنگلۆساکسۆن، واتە پەسندکردنی مۆدێرنیزاسیۆن (هاوتای یاسای سیستەمی نوێی جیهانی) و مۆدیلی فەرەنسی - ئەڵمانی، واتە پاراستنی هەرچی زیاتری دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆنی ئەوروپی. ئەو دوو بژاردەیە دوو رووی دراوێکن و ئەرکی راستەقینەمان، ئەگەڕانەوەیە بۆ جۆری رابردووی ئایدیالیە - ئەڕازی کردنی ئەوروپییەکان بەوەی کە، ئەگەر خوازیارن ئەوروپا وەك دەسەڵاتێکی جیهانی بمێنێتەوە دەبێ بەخێراترین ڕێگای گونجاو خۆیان لەگەڵ مەیلی ئەم دوایەی بە جیهانی بوون بگونجێنن، هەروەها ئابێ ئەو ئەرکە پەیوەست بێ بەوەی، کە لەوانەیە خراپترین بژاردەیە، گەڕان بۆ (سەنتێزی ئەخلاقی) نێوان نەریتی ئەوروپی و بەجیهانی بوون، بە ئامانجی گەیشتن بەکەڵکەڵەی ناونانی بەجیهانی بوون بە رووخساری ئەوروپی.

هەر قەیرانێك بەجۆرێك لەخۆیدا، داینەمۆی سەرەتایەکی نوێیە، هەر شکاتێکی ستراتیژی و کرداری لە لێپرسینەوەی ماوە کورت (بۆ ڕێکخستنەوەی سەرلەنوێی دارایی یەکیەتیەکە و هتد) بە نیعمەتێکی پێچەراوە دادەنرێ، دەرفەتێك بۆ پێداچوونەوەی هەموو بنەمایەکان. ئێمە پێویستمان بە بەدەستهێنانەوەی - لەکاتی - دووبارە کردنەوەین (Wieder - Holung) لە ڕووبەڕووبوونەوەی رەخنەیی بە تێکڕای نەریتە ئەوروپیەکان، دەبێ ئەو پرسیارە دووبارە بکەینەوە، کە ئەوروپا چیە؟ یان ئەوروپی بوون ماناى چی؟ بەم شێوەیە بەرایی نوێی دانا، کاری دژوار کە ئێمە بەهەنگاوێنی ئاشارەزایی، تا چارمان دەکات مەترسی گەورە قبوڵ بکەین. هێشتا تەنها ئاڵوگۆڕ، ئەمانی ئارامییە، گۆڕانی شێوەی پەیتا پەیتای ئەوروپا بەوەی حوکمی یۆنانی بۆ ئیمپراتۆری کامڵبووی رۆم هەیە، ئامانجێك بۆ جیهانگەری نوستالیزیك بەبێ هیچ هاوپەیوەستیەکی کرداری25.

لەسەرووی ئەوەوە، دەبێ دەربارەی گریمانەی لەسەر هەق بوونی هایدگەر بخەینە مەترسیەوە، هەر چەند ئەك لەمانایەك کە دووراییبووچ دەبێ ئەگەر دیموکراسی دەرووی چوونە دەرەوە ئەبێ لەم تەنگژەیە؟ لە یاداشتەکانی دەربارەی پێناسەی کەلتور، موحافیزکاری گەورە، تی سی ئەلیۆت بیرماندێنێتەوە کە هەندێجار تاکە ڕێگات، هەڵبژاردنی نێوان دەستەگەرایی و بێ باوەڕییە، مادام کە تاکە ڕێگای زیندوو هێشتنەوەی ئاینی دروستکردنی درزی دەستەگەریە لەجەستەیدا. ئەمڕۆ ئەوە تاکە چانسمانە. تەنها بە (درزی دەستەگەری) لە میراتی باوی ئەوروپا، یان جیاکردنەوەی تابوتی هەڵساوی ئەوروپای کۆن، دەتوانین میراتی زیندوکراوەی ئەوروپا بەزیندوویی بهێڵینەوە. دەبێ درزێکی وا ئامانجی گریمانەیمان بکاتە مەسەلە، پێش نووسین دەربارەی تەنگژەی ئێستا، کە نەخراونە بەرباس، وەك دیاردەیەك کە زۆرجار وەك سیستەمی نوێی جیهان دیاریدەکرێ، هەروەها پێویستی بەپاییکردنە لەڕێگای (مۆدێر نیزاسیۆن). بەڕاشکاوی دەبێ بوترێ، ئەگەر سەرهەڵدانی سیستەمی نوێی جیهانی، جوارچێوەی بۆ مێژگرد - دانەنراوە - بۆ هەموومان بێت، ئەوکاتە ئەوروپا دۆڕاوە، بەمەش تاکە چارەسەر خستنە مەرتسیەوە و شکاندنی تەلیسمی چارەنووسمانە. هیچ شتێك نابێ وەك کاری رووماڵ ئەکراو لەوینەمایە نوێیە قبوڵبکرێ، ئەپێویستی بە (مۆدێرنیزاسیۆن)ی ئابوری و ئەبێ پیرۆزی لیبراڵ و دیموکراسی.

بەمەش هەرچەند بۆچوونی جیاواز، یەکپارچەو رەوا پشتیوانی لە ئە ی ئەڵمانی - فەرەنسی ئاکا، بەڵام لئیکەم فەزا بۆ سەرهەڵدانی بۆچوونێکی وا دەکاتەوە، بەدەستەواژەیەکی دی، چالێك لێدەدا کە داواکاریەکان، بە پێشنیازی نوێ بریدەکەنەوە - لەدژایەتی بابەتی پارێزەرانی دەستوور سیاسیە کە بەکردەوە، بەربەستی ئەندێشە و

خستنەڕووی بارودۆخی نەگەڕاوەی کاری ڕاپەڕاندن -. پەیامی نە ی فەرەنسی، بۆ هەموومان کە گرنگی بە ئەوروپا دەدەین، ڕەتکردنەوەی شارەزایانی گومناو کە لەگوزەی ڕەنگاوڕەنگ و درەوشاوەی فرە کەلتورگەرایی لیبراڵ، کاڵاکانیانمان پێ دەفرۆشن، کاڵاگەلێك کە ئاپێتە بەربەستی بیرکردنەوەمان. کاتی ئەوە هاتووە کە بەناچاری ئاگامان لە بڕیاری سیاسی بەجێ بێ بۆ خواستەکانمان. هیچ ئاسۆیەکی گەشبین لەبەرچاوی جوانی ئێمە ئەم کارە ناکات.


**سەرچاوە:**

**- Ziezk, Slavoj, «Against the Populist Temptation», Critical Inguiry 32 (Spring 2006).**


**پەراوێزەکان**

1- زۆربەی شرۆڤەکارانی پارێزەری یەکیەتی ئەورووپا بەبۆچوونی کۆك، ئامادەیی ئەندامی خۆرهەڵاتی نوێی یەکیەتیەکەی بۆ بەرگەگرتنی زیانە داراییەکان بە ڕەفتاری خۆخوازانە و سەرسەختانەی بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیاو هەموو ئەندامە کۆنەکانی دەشوبهاند؛ بەم حاڵە دەبێ ڕیاکاری سلۆڤێنی و ئەندامەکانی دیکەی خۆرهەڵاتی لەبیربوو؛ ئەمان بەشێوەیەك ڕەفتاریان دەکرد کە گوایە دوایین ئەندامی یانەیەکی پاوانکارین و دەیانەوێ دوا کەس بن کە مۆڵەتی پەڕینەوە وەردەگرێت. کاتێك لەلایەك کە فەرەنسایان بە ڕەگەزپەرستی تاوانبار دەکرد، لەلاکەی دیکە دژی هاتنەناوەوەی تورکیا بوون.

2- بڕوانە: Emesto Laclau, On (Populist Reason (London, 2005

3- ئەم جیاکاریە وەك ئەو جیاکاریەیە کە مایکل والزیر (Michael Walzer) لە تێوان ئەخلاقی کاڵ و تۆخدا دەیکات 1994Michael Walzer, Thick and) (Thin گردبوونەوەی زۆری ساڵی 1989 لە پراگ بە نموونە دێنێتەوە، کە بووە هۆی ڕووخانی ڕژێمی کۆمۆنیستی، لەسەر زۆربەی لافیتەکان تەنیا نوسرابوو حەقیقەت، دادپەروەری و ئازادیە درووشمە تێکراییەکان کە تەنانەت دەسەڵاتدارانی کۆمۆنیستیش ناچار بوون پشتگیریان بکەن؛ مەسەلە لە تۆڕی خواستە تۆخەکان (دەستنیشانکراوو دیان) پەنهان بوو - خواستی وەك ئازادی چاپەمەنی، هەڵبژاردنی فرە حزبی و... - کە ئەو درووشمە سادە و تێکراییە ئاماژەی بە نیازی خەڵك دەکرد. بەکورتی، کێشە تەنیا لەسەر مانای وشەی ئازادی و دادپەروەری بوو.

4· On Populist Reason, P.88.

5· On Populist Reason, P.90.

6- زۆربەی داکۆکیکارانی ڕژێمی هۆگۆ چاڤێز لە ڤەنزویلا دژی ڕەوشی خۆهەڵکێشانە و هەندێجار دێهاتیانەس لە وەگەڕخستنی جوڵانەوە جەماوەریە گەورەکان بۆ خۆڕێکخستنی هەژاران و نەداران، ڕەوشێك کە دوای لەکار لابرانی لە کودەتایەك کە بە هوکاری ئەمریکا ئەنجامدرا، دووبارە گێڕاپانەوە سەر کورسی دسەڵات؛ دەگمەنە ئەگەر گومان بکەین کەسێك دەتوانێ دووەم بەبێ یەکەم بەدەست بێنێت. جوڵانەوەی جەماوەری پێویستی بە کەسایەتی هاوشێوەی ڕابەری کاریزماتیك هەیە. خاڵی لاوازی چاڤێز لە شوێنێکی ترە، هەمان هۆکار کە وای لێ دەکات بتوانێ دەورەکەی ببینێت: پارەی نەوت. گوایە نەوت، ئەگەر ڕێ و ڕاست مایەی هیلاکی نەبێت، بەخششی دووفاقی (هەم باش و هەم خراپ)ە. بەهۆی بوونی پاشەکەوتێکی وایە کە دەتوانێت بە فیگۆرە پۆپۆلیستیەکان درێژە بە ڕێگاکەی بدات، بەبێ دانی بەهای تەواوویان، بەبێ هیچ جۆرە تازەگەریەکی حەقیقی ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی. پارەکەی دەتوانێ سیاسەتی ئاتەبا بگرێتەبەر (بەهێزکردنی هەنگاوەکانی دژی کەپیتالیستی - پۆپۆلیستی و دەست نەکراوی دانانی بیناى سەرمایەداری)، ئەو سیاسەتانەی کە جگە لە هەڵزاسینی کار (وەرچەرخانی بنەمایی) نین. (چاڤێز بەپێچەوانەی دەمەقاڵێکانی دژی ئەمریکا، بەزۆری چاودێرە کە قەرزەکانی ڤەنزویلا بەڕێکوپێکی بدرێتەوە بە ئەمریکا؛ بە کردەوە فیدلێکە خاوەن نەوت.)

7- Sigmund Freud, Group Psychology and the Analysis of the Ego (1921).

8- On Populist Reason, p. 166.

9- George Lakoff, Dont Think of an Elephant (New York, 2004), p.55.

10-بەکەمێك بەزۆزیەوە دەبێ بوترێ: هەندێجار جەپ لە خستنەڕووی جوارجێوەیەکی لەم جەشنە سەرکەوتووە،

هەرچەند ئەك جمك بە خۆش ئاوی، بۆ نموونە لە كۆتایی دەیەكانی 1930 و دەیەكانی 1940 لەكاتی پتەوكردنی ستراكتۆری یەكێتی جەماوەری سۆڤیەت (پێشوو) بەرێگایەك كە دادگایی كردنی نمایشی دەیەكانی 1930 رەوایی بەدەست بێنێت.

11- Lakoff, Dont Think of an Elephant, pp. 9394-.

12- بە وەرگرتن لە: Mary Zournazi, .Hope (London, 2005), p. 145

13- Laclau, «Las manos en la masa,» Radar, 5 June 2005, p. 20.

14- Jacques Ranciere, Disagreement; politics and philosophy, trans. Julie Rose (Minneappolis, 1998), p. 23.

15- باشترین نموونە بۆ مەسەلە بوونی شێوەی بەرایی تێكڕایی، چیرۆكێكی جەنگی جیهانی یەكەمە دەربارەی سەربازێكی ئینگلیزی چینی كرێكار، كە لە مۆڵەتدا ڕووبەڕووی گەنجێكی چینی باڵا بۆوە، كە لە ئاسودەیی دا بەبێ هیچ نیگەرانیەك لە شەڕ درێژەی بە ژیانی خۆشی ئینگلیزی دەدا. (ئێوارانێكی پڕ پێشوازی و هتد) كاتێك سەربازەكە بە تورەییەوە لە گەنجەكەی پرسی، (چۆن دەتوانی دابنیشی و چێژ وەرگری كاتێك ئێمە خوێنی خۆمان دەكەینە قوربانی رەوشی ژیانمان؟) گەنجەكە بە هێمنی وەڵامی دایەوە، (من ئەو رەوشەی ژیانم كە تۆ لە سەنگەردا بەرگری لێ دەكەیت!)

16- Ontologie و logie haunt هەر دووكیان بەفەرەنسی بەشێوەیەك كۆ دەكرێن. ئەویش لە یاری قسەی دریدا لە كتێبی تارماییەكانی ماركسیە. و. ف.

17- On Populist Reason, p. 152.

18- سـتـوورداری پۆست سیاسەت بەباشترین شێوە بە هەڵبژاردنی ساڵی 2005 دەركـەوت (نـەك بە سەركەوتنی پۆپۆلیزمی دەسـتـی راسـت)؛ وێـڕای دابەزینی خۆشەویستی تۆنی بلێر (وەك ناخۆشەویسترین تاكی بەریتانیا دەنگی هێنا)، هیچ رێگایەك بۆ دەربڕینی سیاسی ئەو ناڕەزایەتیە نەبوو؛ بنبڕ كردنێكی وا تەنها دەیتوانی تەقینەوەكانی دەرەوەی پەرلەمانی لێ بكەوێتەوە.

19- Was will das weib?

20- بـڕوانـە: Nicholas Cook, Beethoven: Symphony No. 9 ((Cambridge, Mass., 2003 كە لە دەقەكەدا B بەسمۆڵی هاتووە.


21- تەنانەت هەندێك لە رەخنەگران ئەزگەرەی پێكەنیناوی بە ئالی و تەپڵەكان لەبەرایی Marcia turcaیان بۆ دەركردنی یا لە سك شوبهاند؛ بڕوانە B,p. 103

22- «u»berm Stemenzelt Muss ein lieber Vater wohnen› B, p. 108.

23- Und wers nie gekonnt, der stehle Weinend sich aus disem Bund (B, pp. 1089-).

24-هەركەسێك كە لایەكەم ئاشنایی لەگەڵ ئەندێشەكانی هایدیگەر هەبێت، بە ئاسانی لەو پەرەگرافە گێڕانەوەی تـەنـزاوی پـارچـەی بـەنـاوبـانـگ لە سەرەتایەك بەسەر میتافیزیكی دەست نیشان دەكـات: Manin Heidegger, Introduction to Metaphysics, trans. Gregory Fried (New Haven, .29-Conn., 2000), pp. 28

25- لە مارسی 2005، پوختەیەكی لە بەڵگەنامەی سەرەوەی بە نهێنی بڵاو كـردەوە، كە نەخشەكێشی بەرنامەی ئەمریكا دەسـەڵاتی سـەربـازی بەسەر جیـهـانـەوە بـوو. ئـەم بەڵگەنامەیە بۆچوونێكی كردەگەرایانەی بۆ شەڕ، هـەمـەلایـەنـەی تـێـڕوانـیـنـی لاوازتـــر لەسەربنەمای هەنگاوی بەرگرانە و بەرگریە كە لەسەر چوار شەركی سەرەكی دەوەسـتـێـتـەوە: بـەشـداری پێكردنی دەوڵـەتـانـی سـەرنـەكـەوتـوو لاواز بۆ ئەزۆك كردنی هەڕەشەكانی تیرۆریستی ناوخۆیی، بەرگری لە نیشتمان، بریتیە لە پەلاماری زۆربەیان لە گرووپە تیرۆریستیە نـەخـشـە داڕێــــزەری پـەلامـارەكـان؛ كارتێكردنی بژاردەكانی وڵاتانی وەك چین و روسیا لەدوو رێگای ستراتیژەوە؛ رێگری دەوڵەتانی نەیار و گرووپە تیرۆریستیەكان لـە گەیشتن بـە چەكی كـۆكـوژی ئایا ئەوروپا لەسەر ئەمە رازی نیە؟ ئایا بە بینینی دەوری یۆنانی خاوبووەوەی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی زەبەلاحی رۆم رازی دەبێت؟


immanuel
wallerstein



# ئیمانۆیل والرشتاین:

# ژیان و بەرهەمەکانی

لەفارسییەوە: ئەکرەمی میهرداد

ئیمانۆیل و الرشتاین لە ۲۸ ی سێپتەمبەری ۱۹۳۰ لە نیویۆرك لەدایك بـووە، لە ساڵی ۱۹۵۹ دکتۆرای زانستی کۆمەڵایەتی لە زانکۆی کۆڵۆمبیا بەدەست هێناوە. نووسین و لێکۆڵینەوەکانی ساڵانی ۱۹۵۰ و ۱۹٦۰ ی لەسەر هەلومەرجی کیشوەری ئەفریقا چڕ کردۆتەوە، هەتا ساڵی ۱۹۷۰ لە زانکۆی کۆڵۆمبیا کاری مامۆستایی کردووە.

لەدەیەی ۱۹۷۰ ناوبانگی والرشتاین سەبارەت بە نوسین و کتێبەکانی بوو دەربارەی (سیستەمی جیهانی مۆدێرن)، کە لە ساڵی ۱۹۷٤ دەستی پێکردن. لە زانکۆی رەسمی نیویۆرك لە پێنگ هامتون بە هاوکاری (ترنس هۆپکینز) و (جیۆڤانی ئەریگی) پێشرەوایەتی ئاراستەیەکی دامەزراند لە خوێندنەوە و ناسینی گەشەو گۆڕانی کۆمەڵایەتی، کە بە شیکردنەوەی سیستەمە جیهانیەکان ناسراوە. لەم ناسین و نووسراوانەدا، لە شیکردنەوەی سیستەمە جیهانیەکاندا لە جیاتی لێکۆڵینەوەی دەوڵەتی نەتەوەکان، وەکو یەکە و بنەما(نەریتی و مۆدێرنەکان) یان(پێشکەوتوو و تازە پەرەسێند) یەکە و بنەمایەکی دیکەیان هێنایە ناو ئابوری و کۆمەڵناسی، کە بە ئابوری و کۆمەڵناسی سیستەمی جیهانی دەناسرێت.

لـەم ئاراسـتـە نوێیـەی ئـابـوری و کۆمەڵناسیدا شێوازێکی دیکە لە رەوشی پەیوەندی و مێژوویی بۆ روانگەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی مـۆدێـرن هاتە کـایـەوە، کە هاوشێوەی شۆڕشی کۆپەرنیکی بوو لە گەردووناسی بەرامبەر شێوازی کۆنی بەتلیمۆسی لە کەیهان ناسیدا.

والرشتان لە ساڵی ۱۹۹٤ هەتا ۱۹۹۸ سەرۆکی ئەنجومەنی جیهانی کۆمەڵناسی

بـووە، ئێستاش مامۆستای لێکۆڵینەوە پێشکەوتووەکانی دکتۆرایە لە زانکۆی yale تازەترین کتێبەکانی ئەو بریتین لە: بەشی چوارەمی (سیستەمی مۆدێرنی جیهان)، پیرۆزی لیبراڵیزم لە نێوان ١٧٨٩-١٩١٤، کتێبی ئاوابوونی هەژموونی ئەمریکا.

کتێبی (سیستەمی جیهانی مۆدێرن) کـە لـە ساڵی ١٩٧٤ هەتا ئێستا چـوار بـەرگـی نـووسـیـوە، هـۆکـاری سـەرەکـی ناوبانگی والرشتاین بووە لە شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی جیهاندا و بە نۆ زمانی دیکە وەرگێردراون و چاپکراون. لە ساڵی ١٩٧٥ خەڵاتی نـاوداری (سۆرۆکین) بۆ کتێبی (سیستەمی جیهانی مۆدێرن) وەردەگرێت. کتێبەکانی دیکەی والرشتاین بریتین لە: (کۆمەڵناسی بیرنەکردنەوە) ١٩٩١، (لە دوای لیبراڵیزم)١٩٩٥، (کۆتایی ئەو جیهانەی کە ناسیومانە)١٩٩٩، (هەرەسی هەژموونی ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان لە دنیای ئاشوویدا) ٢٠٠٣ (روانـگـەی جیهانداری ئەوروپا: گوتاری دەسەڵات) ٢٠٠٦.

## زەمینەی بیرياری

والرشتاین لە پێشەکی کتێبی (سیستەمی نوێی جیهان) بە رۆشنی کاریگەری (کارل مارکس) و (ماکس وێبەر) لەسەر دیدگا و نووسینەکانی ئاماژە دەکات. بەبڕوای ئەو هەم مارکس و هەم وێبەر بڕوایان بە یەك سیستەمی ئابووری جیهانی سەرمایەداری هـەبـووە، ئەویش ئـەم چەمکە لـەم دوو بیرمەندەوە وەردەگرێت، دەیکاتە بنەمای شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەکانی دەربـارەی چەمکەکانی سەرمایە، پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان، پەیدابوون و کەڵەکەبوونی سەرمایە لە جووڵەی مێژوودا. بیرمەندێکی دیکە کە والرشتاین قەرزداریەتی(کارل پۆلانی)ە. ئاراستەکانی والرشتاین زۆر نزیکە لە شێوازی بیرکردنەوەی پۆلانی، وەکو چەمکەکانی(جیاوازیی نێوان بازرگانی و بـازاڕ) کە دەبێتە هـۆی دابەشکردنی کۆمەڵایەتی و ئابووری بۆ کار، پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان دەوڵەتەکان و رێکخراوە سەرمایەدارییەکان، کاریگەری و ئاکامی هەژموونی بازاڕ بەسەر شێوازی ژیانەکان، سەرئەنجام سووڕی مێژوویی نێوان بازاڕە ئـازادەکـان و بەربەرەکانێی لە دژی ئاکامە وێرانکارەکانی.

والرشتاین دیدگای ناوەند و پەراوێزی نێوان وڵاتانی لە (راوڵ پریبیش)ی ئەرجەنتینی و کۆمسیۆنی ئابوری نەتەوە یەکگرتووەکان کە بۆ ئەمریکای لاتین بەکارهاتبوو، وەرگرت و کردیە روانگەیەکی دیکە بۆ لێکۆڵینەوەی تیژ و بڕوا سەرەکیەکەی خۆی کە (سیستەمی مۆدێرنی جیهانی)ە.

## سیستەمی نوێی جیهان

زۆرێك لە مارکسیستەکان بڕوایان بە لێکۆڵینەوەی مێژوویی هەیە، ئـەوان بە پەسەندکردنی ئاراستە و میتۆدی مێژوویی، دەیانەوێت بیسەلمێنن کە هێشتا وەفادارن بۆ بنەمای (مێژووگەرایی) لەلای مارکس. بەرجەستەترین لێکۆڵینەوە مێژووییەکانی مارکس، شیکردنەوەکانیەتی دەربـارەی شێوازە ئابوورییەکانی پێش سەرمایەداری، (والرشتاین) یش لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا ئاراستە و بنەمای مێژوویی دەکاتە میتۆدی نووسینەکانی. یەکەی شیکردنەوەکانی والرشتاین لە تەواوی نووسین و کتێبەکانیدا بنەمای «سیستەمی جیهانی»ە. ئەم چەمکە بریتییە لە سیستەمێکی تـەواو جیهانی کەپشت دەبەستێ بە خـۆی و سنوورە دیاریکراو و پانوپۆڕەکانی تەمەنی خۆشی، واتـە چارەنووسیشی هـەر لـەو بنەمایە وەردەگرێت.

شێوازەکانی سیستەمی جیهانی لە دیدی والرشتانیدا لە سەرەتادا دوو شێوازی رژێمی جیهانی لەیەك جیا دەکاتەوە، سەرئەنجام شێوازی سێهەمیشیان دەخاتە پاڵ.

١-ئیمپراتۆریە جیهانیەکان، کە بریتین لە: تۆڕێك لەو کۆمەڵنەی کە بە هۆیەك دەسـەڵات یان دەوڵـەت یان هەژمونی سیاسی یەکێتی پـەیـدا دەکــەن، وەکـو ئیمپراتۆریەکانی رۆم، چین وعوسمانی.

٢-ئابووریە جیهانیەکان: ئەم شێوازە تەنها یەك سیستەمی مێژوویی پایەدار بووە، کە ئەویش هیچ شتێك نیە جگە لە ئابووری جیهانی سـەرمـایـەداری. تایبەتمەندیی ئەم رژێمە جیهانییە، بریتی یە لە زۆری دەوڵەتەکان یان ناوەندە سیاسیەکان، کە بنەمای یەکبوونیان تەنها لە سەرمایەدارییەوە پەیدا دەبێت کە ئەویش دابەشکردنی کار و پەیوەندیەکانی ئابووریی سیاسی بەرهەم دەهێنێ و بەشەکانی سیستەمی جیهانی بەیەکەوە دەبەستێ.

٣-دەوڵـەتـی جیهانیی سۆسیالیستی، والرشتاین ئەگەری سێهەمیش لەبەرچاو دەگرێت کە لەوانەیە لە ئاییندەدا «دەوڵەتی سۆسیالیستی جیهانی» جێگای سەرمایەداری بگرێتەوە. بەبڕوای ئەو (یەکێتی سۆڤیەت)ی جاران و (چین) شێوازێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی نوێ نین، واتـە بەشێك نین لەو دەوڵەتە چاوەڕوانکراوە، بەڵکو ئەوان تەنها دەوڵەتە کۆنترۆڵکراوە (سۆسیالیستی یەکانن!!) کە بەشێکن لە ئابووری جیهانی سەرمایەداری.

## ئابووریی جیهانی

والرشتاین ئابوریی جیهانی دابەشدەکات بۆ سێ جۆر:

دەوڵەتانی ناوەند، ناوچەکانی پەراوێز، ناوچە نیوە پەراوێزەکان.

نـاوچـە نیوە پـەراوێـزەکـان بازنەی پەیوەندیی نێوان ناوەندو دەوروبەرەکانن.

بە بڕوای والرشتاین سیستەمی جیهانی لـە سـەدەی شـازدەوە بـە پەیدابوونی سەرمایەداری و پەیوەندییە تایبەتیەکانی بەرهەم هێنانی ئەو رژێمە هاتۆتەدی. تەنها رژێمێك کە لە جیهانی نوێدا خاوەنی یەك شێوازی بەرهەم هێنان بێت بریتییە لە سیستەمی جیهانیی سەرمایەداری.







١-دەوڵەتانی ناوەند لە سەرمایەداریدا ئەو کۆمەڵانەن کە خاوەنی تایبەتمەندییەکانی سیستەمی بانکداری بەهێزن، بەرهەم هێنانی مەزنی پیشەسازیە تەکنیک و هونەریی پێشکەوتووی بازرگانی و پیشەسازی و بەرهەم هێنان، سەرمایەی فراوانو ناوەندگەرا، چینێکی بەهێزو دەسەڵاتداری سەرمایەدار، چینی فراوان و زۆری کرێکارن.

٢-کۆمەڵانی پەراوێز یان دەوروبەر: لە سەدەی شازدەدا تەواوی ئەوروپای خۆرهەڵات، جگە لە روسیا لەم کۆمەڵانە بوون. ئەم کۆمەڵانە خاوەنی بەرهەمهێنانی تاك و لاواز بوون، واتە هەریەکەیان جۆرێك بەرهەمیان هەبوو، کرێکارانی زۆرەملێ و ئیجباریان بەکاردەهێنا و دەچەوساندەوە. تایبەتمەندییەکانیان بریتین لە: کشتوکاڵ و خزمەتگوزارییەکانی مەوادی خام و یەدەگە نەبوونی سیستەمی بەهێزی بانکی، نەبوونی سەرمایەی رێکخراو، بوونی چینی سەرمایەداری لاواز و بوونی جەماوەرێکی زۆر و فراوانی جوتیاران و کرێکارانی هەژاری شارەکان، کەوتنە ژێر دەسەڵات و کاریگەریی دەوڵەتانی ناوەند. گرنگترین تایبەتمەندیی دەوڵەتانی پەراوێز هەوڵدانە بۆ ریفۆرم و نوێسازی ئابووری و کۆمەڵ، بۆ هەماهەنگکردنی زیاتر لەگەڵ رەوتی گەلەکەبوونی سەرمایەی جیهانیدا.

٣-کۆمەڵە نیوە پەراوێزەکان: ناوچە مەسیحی نشینەکانی دەریای ناوەڕاست لە سەدەی شازدە بەشێك بوون لە کۆمەڵە نیوە پەراوێزەکان، ئەوان ئاڕادەیەك لە سیستەمی بانکداری نێودەوڵەتی و بەرهەم هێنانی پیشەسازیدا بەشدار و خوازراو بوون. شێوازی کۆنترۆڵی کار لەلایەن هەردوو سیستەمی ئازاد و زۆرە ملێدا بوو. ئەم وڵاتانە خاوەنی دوو تایبەتمەندیی بەرچاون:

أ-ئەگەر ئاڵوگۆڕ و بازرگانییەکانی نێوان ناوەند و پەراوێزی ئابووریی سەرمایەداری جیهانی بەشێوازی ئاڵوگۆڕی بەرهەم پڕ کرێ و کەم کرێکار بن، ئەم ئاڵو وێرە نایەکسان دەبێت، چونکە دەبێت کرێکارێکی ناوچە پەراوێزەکان بۆ بە دەست هێنانی کاڵایەك کە کرێکارێکی ناوەند بەیەك سەعات کاری خۆی بەرهەمی دەهێنێ، ئەو چەندین سەعات کاری بۆ بکات. وڵاتانی نیوە پەراوێز لە هەلومەرجی بەرهەمە هەناردەکان و لە ئاستەکانی کرێشدا لە نێوان هەردووکیاندایە:

ب/دەوڵەت لە پێناوی بەرژەوەندییە راستەوخۆ و تایبەتیەکانیدا کۆنترۆڵی بازاڕی ناوخۆ دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

**کتێبی (سیستەمی جیهانی مۆدێرن) کە لە ساڵی 1974 هەتا ئێستا چوار بەرگی نووسیوە هۆکاری سەرەکی ناوبانگی والرشتاین بووە لە شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی جیهاندا و بە نۆ زمانی دیکە وەرگێردراون و چاپکراون**

## مێژووی سیستەمی جیهانی سەرمایەداری

والرشتاین مێژوی سیستەمی جیهانی سەرمایەداری بە چوار سەردەم دابەش دەکات:

١-سەرهەڵدانی ئابووری جیهانی سەرمایەداری لە ئەوروپا لەنێوان ١٤٠٠-١٦٠٠،

٢-سەردەمی جێگیربوون و دەسەڵتدارێتی سەرمایەداری لە ئەوروپا ١٨١٥-١٩١٧.

٣-سەرەتای ئابووریی جیهان و سیستەمی کۆمەڵیەتی راستەقینەی جیهانی لە ژێر هەژموونی بەریتانیا(١٨١٥-١٩١٧).

٤-بەدەست هێنانی دەسەڵتی هەژموونێك لە سیستەمی نوێی جیهانی لەلایەن ئەمریکاوە (١٩١٧-١٩٦٠).

لەم چەند دەیەی دوایدا ئەمریکا لە رەوشی لە دەستدانی هەژموون و دەسەڵتی کۆمەڵایەتی و جیهانیدا بووە. بەبڕوای والرشتاین بزاڤەکانی دژی ئیمپریالیزم، بەشداری ژاپۆن، برازیل و ئەڵمانیا لە جەرگەی دەسەڵتە پلە یەکەکانی ئابووریی جیهان، هاوڕێ لەگەڵ بەهێزبوونی دەسەڵتی ئابووریی دەوڵەتانی عەرەب و وڵتانی ئاسیا، کێشە و قەیرانی سەربازیی ئەمریکا و شۆرەوی (روسیا) زەمینەیان بۆ بەهێزبوون و توندبوونەوەی کێشە و ئاستەنگەکان بووە، لە پێناوی بەدەستەوە گرتنی دەسەڵت و هەژموونی جیهانیدا.

## قۆناغەکانی پێکهاتنی سیستەمی نوێی جیهانی

١-گەشە و بڵاوبوونەوەی جوگرافیایی:
گەشەی جوگرافیایی پێشنیازی دوو قۆناغی دیکەشە. پورتوگال لە دۆزینەوە جوگرافیەکاندا پێشڕەو بوو. گرویە نوخبەکان، وەکو نەجیب زادەکان بە هۆکاری جۆراوجۆر پێویستیان بەم گەشە و دۆزینەوە جوگرافیانە بوو.

یەکەم، لەبەرئەوەی دەرگیر و رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خەبات و نەبەردی چیناپەتی تازە پەیدا بوو کە دابڕان و قرتانی ئابووریی فیۆدالی هێنایەدی، بازرگانی کۆیلەداری، هێزی کاری هەرزان و فراوانی بۆ ئەوان فەراهەم کردبوو بۆئەوەی لەسەرشان و ژیانیان ئابوریی جیهانی بینا بکەن ئەوان پێویستیان بە گەیشتن بە جیهان و بازاڕەکانی جیهان بوو بۆ فرۆشتنی کاڵکانیان کە بۆ گەشەی سەرمایەداریش ئەویەڕی نیاز و پێداویستی بوون.

٢-دابەشکردنی کاری جیهانی، لەدوای گەشە و دۆزینەوەی جوگرافی، دونیا ئامادە کرا بۆ گەشەو دامەزراندنی شێوازێك لە دابەشکردنی کاری جیهانی لە سەدەی شازدە سەرمایەداری جیگای دەوڵەت



گەرایی گرتەوە، کە پێشتر شێوەی سەرەکی بوو بۆ هەژموونی جیهانی، بەڵام سەرمایەداری بە تەنها شێواز و ئاوازێك لە دنیادا گەشەی نەکرد، بەشە جیاوازەکانی سیستەمی جیهانی سەرمایەداری هەر کامەیان کارکردێکی تایبەتیان پەیداکرد. هەرکامیان لە هەرسێ بەشی(ناوەند، پەراوێز، و نیمچە پەراوێز) بۆ شێوەی چاودێری و کۆنترۆڵی هێزی کار، جیاواز بوون. وڵاتان و ناوچەکانی ناوەند سوودیان لە کاری ئازاد دەبینی، ناوچە پەراوێزەکان لە کاری ئیجباری بەهرەیان وەردەگرت و ناوچەکانی نیوە پەراوێزەکانیش ناوەندی کشتوکاڵی بەشدار بوون لەو سیستەمە جیهانییە، یان ئەو وڵاتانە بوون کە تارادەیەك تایبەتمەندییەکانی هەردوو وڵاتانی دیکەیان لەقەدەر خۆیان هەبوو.

٣-گەشەی دەوڵەتان: ئەم قۆناغە بەرەو بەشداری و گەشەی سیاسی دەڕوات. لەم سەردەمەدا شانشینە ڕەهاکانی ئەورووپای خۆرئاوا هاوکات لەگەڵ گەشەی سەرمایەداریدا پەیدابوون. لەسەدەی شازدە هەتا هەژدە، دەوڵەتەکان بکەرە سەرەکییەکانی ئابووری بوون لە ئەورووپا. پاشان ئەم نەخشەیە، واتا لەدوای سەدەی هەژدە، درا بە دامەزراوە ئابوورییەکان. دەوڵەتانی ئەورووپا لە سەدەی شازدە بەهۆی گەشەی سیستەمە بیرۆکرات و دیوان سالارەکان، بەڕێگای کۆنترۆڵ و پاوانکردنی دەسەڵات و هەژموون لە کۆمەڵگادا و بەهۆی گەشەی سوپاکان و ڕەوایی دان بەکار و هێزەکانیان، خۆیان بەهێز کردبوو بۆئەوەی دڵنیابن تاماوەیەکی زۆرتر بەهرەمەندبن لە سەقامگیریی ناوخۆیی. لە کاتێکدا لە ناوچە پەراوێزەکان دەوڵەتانی لاوازیان دروستکرد و هێنایانە سەرکار.

## گەشە و پێشکەوتنی سیستەمی جیهانی

بەبڕوای والرشتاین، نایەکسانی بنەمای سەرەکی و هێزی بزوێنەری سیستەمی جیهانییە. ئەو دەڵێ تەنانەت لە باری تیۆریشەوە گەشە و پێشکەوتنی هاوکاتی هەموو دەوڵەتەکانی مەیسەر نابێت، چونکە کەلێنی زۆر و جیاوازی فراوان میکانیزمی هەمیشەیی کارکردی ئابووریی جیهانییە، بەڵام هەندێك ستراتیژ و ڕێکاری جێگرەوەی گەشەی ئێستا لە هێنانەدی زەمینەیەك بۆ لێکۆڵینەوەی توانا و ئەگەرەکانی گۆڕینی ئەم سیستەمە نایەکسانە دەخاتە ڕوو:

١-ستراتیژ یان ڕێکاری سوود لە هەلەکان: بەشێوەی ئاسایی لە بازاڕی جیهانیدا و لەماوەی سەدەی ڕاوەستان، قەیرانی بەهایدا خاوەکانی وڵاتانی پەراوێز زۆر خێراتر لە بەهای بەرهەمە پیشەسازییە پێشکەوتووەکانی وڵاتانی ناوەند دێتە خوارەوە. لە ئەنجامدا حکومەتەکانی وڵاتانی پەراوێز ڕووبەڕوو دەبنەوە لەگەڵ کێشەکانی بەدیهێنانی بودجە، زۆربوونی بێکاری و کەمبوونەوەی دەرامەتی حکومەتەکان. ڕێگا چارەی ئەم کێشەیە بریتییە لە: ستراتیژی جێگاگرتنەوەی هاوردەکان، واتە بەرهەم هێنانی پیشەسازی لەناو وڵاتدا بەهۆی تەکنیکی هاوردەکان دەبێت. ئەم ستراتیژە بەمانای سوودوەرگرتن لە هەلومەرجی سیاسی لاوازی وڵاتانی ناوەند لە سەردەمێکی تایبەتی و هاوردەکردنی تەکنیك لەو وڵاتانە تەواو دەبێت. مانای وڵاتانی پەراوێز دەتوانن لەو سەردەمانەدا تەکنیك و هونەری بەرهەم هێنان بە بەهایەکی کەمتر لە وڵاتانی ناوەند بکڕن.

٢-ستراتیژ و ڕێکاری ڕێگادان بە سەرمایەی دەرەکی: لەم ستراتیژەدا گەشە بەهۆی ڕێگادان و لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای تایبەتمەندییە ڕێژەییەکانی وڵاتانی پەراوێز، وەکو ئاستی نزمی دەرامەتی تاکو پەسەندکردنی زیاتر بۆ سەرمایەگوزاری دێتەدی. ئەمشێوازەی گەشە پەیوەندارە بە سەردەمی پێشکەوتن و دەوڵەمەندبوون، کاتێکیش دەچێتە بواری کارەوە کە وڵاتانی ناوەند خۆشیان کێشەی ئابووریان نەبێت. هەروەها ئەم شێوازەی گەشە تەنانەت بۆ وڵاتانی خاوەن پیشەسازی سەرەتاییش دەست دەدات.

٣-ستراتیژ و ڕێکاری حکومەتێك کە پشت بە خۆی ببەستێ: ئەم ڕێکارە بۆ سوودی وڵاتانی پەراوێز پشت بەستنە بە شێوازێك لە تەکنیکی ناوخۆیی، بە بڕوای والرشتاین لەم سەردەمەدا ئەمڕێکارە بەهۆی سیستەمی جیهانییەوە کە خۆشی لەم ستراتیژە نایەت، ناتوانێت سەرکەوتنی باش بەدەستبهێنێ.

**بەبڕوای والرشتاین نایەکسانی بنەمای سەرەکی و هێزی بزوێنەری سیستەمی جیهانییە. ئەو دەڵێ تەنانەت لە باری تیۆریشەوە گەشە و پێشکەوتنی هاوکاتی هەموو دەوڵەتەکانی مەیسەر نابێت. چونکە کەلێنی زۆر و جیاوازی فراوان میکانیزمی هەمیشەیی کارکردی ئابووریی جیهانییە**

## شۆڕش لە هەموو وڵاتان

لەدوای خۆپیشاندان و نائارامیەکانی ئـەم دواییانەی تورکیا، خۆپیشاندان و ڕاپەڕینی گەورەتریش لە بەرازیل ڕوویانداو لەدوای ئەویش لە بولگاریاش شایەدی ئەو ڕووداوانـە بووین، کە کەمترگرنگیان پێدرا. هەڵبەت، ئەم خرۆشان و خۆپیشاندانانە یەکەمین شۆڕشەکان نین، بەڵام تازەترین ئەو شۆڕشانە بوون کە لەم ساڵانەدا ڕوویاندا. زۆر شێواز و ڕێکار هەن بۆ شیکردنەوەی ئەم دیاردانە. بەبڕوای من، ئەوان ڕەوتێکی بـەردەوامـی ئەو دیاردەیـەن کە لە دوای شۆڕشی جیهانی ساڵی ١٩٦٨ ڕوویاندا.

بێگومان هەر شۆڕشێك وردەکاریی تایبەتی و هاوسەنگیی هێزی ناوخۆیی خـۆی لەهەروڵاتێك هەیە، بـەڵام ئەگەر کەسێك بیەوێت ناسینی باش لەم ڕووداوانە بەدەست بهێنێ، یان ئەوەی ئێمە وەکو تاك و گرویەکان دەبێت چی بکەین، پێویستە لایەنی هاوبەشی ئەو شۆڕشانە بزانین

یەکەمین تایبەتمەندیی هاوبەش ئەوەیە کە هەموو ئەم ڕووداوانە لە سەرەتادا زۆر بچووك بـوون، ژمارەیەك کەسانی ئـازا بۆ ئامانجێك ڕژانە ناو شەقامەکانەوە، پاشان خۆپیشاندانەکان فراوان بوون، کە تاڕادەیەك پێشبینی نەکراو نەبوون. ئاگەهان، نەك تەنها شاندی دەسـەڵاتـدار و حکومەت، بەڵکو ئاڵەندازیەکیش دەوڵەتیش کەوتە بەرامبەر هێرش و پەلامارەکان. ئەم شۆڕشانە ئاوێتەیەك بـوون لە داخـوازی ئاڵوگۆڕی حکومەت بۆ حکومەتی باشتر و پاشان بوونە ئەو شۆڕشانەی کە ڕەوایی دەسەڵاتەکانیان خستە ژێر پرسیارەوە. هەردوو گرویەکە(ئەوانەی داوای ریـفـۆرم دەکـەن و ئـەوانـەش کە دەیانەوێت دەوڵـەت بڕوخێنن) باسیان لە دیموکراسی و مافەکانی مـرۆڤ دەکـرد. هەرچەندە پێناسەکانی ئەم دوو داخوازیە زۆر لەیەك جیاوازن، بەڵام بەشێوەی گشتی مەیلی ئەم شۆڕشانە لە باڵی چەپەوە نزیکن و دەچنە ناو مەیلانی سیاسەتەوە.

هـەڵـبـەت ئـەو حـکـومـەتـانـەش کـاردانـەوەیـان هەبوو، یا هـەوڵ دەدەن شۆڕشەکان سەرکوت بکەن، یان دەیانویست بە پێدانی ئیمتیازات ئارامیان بکەنەوە و لەهەردوو ئاڕاستەکەشدا کاریان کرد. زۆربـــەی جـارەکـان پـەنـایـان بـردە بەر سەرکوتکردن، بەڵام کاتێك کە بۆ حکومەت و دەوڵەت ئەنجامی پێچەوانە یان دڵخوازی نەبوو، سەرەنجام خەڵك لە شەقامەکاندا داواکارییەکانیان زیاتر کرد. دەوڵەتەکان زۆربەیان سەرکوتیان کـردە ڕێگا چارەی دەربـازبـوونـیـان. نەکری فـۆرم و پێدانی ئیمتیازات و سەرکوتەکانیشیان لە ماوەیەکی کەمدا بەکارهێنا.

دووەمین تایبەتمەندیی ئەم شۆڕشانە ئەوەیە کە هیچکامیان بەو خێراییە زۆرەوە بۆ سەردەمێکی درێژتر بـەردەوام نابن. ناڕەزاییەکان لە بەرامبەر هەوڵەکانی سەرکوت و تەسلیم بـوون یا دەوڵـەت داوای بەشداری و هاوکاریلێکردن لە دوای بەهێزبوونیان. یان خودی شۆڕشەکانیش لە دوای هەوڵی زیاتر کە خۆپیشاندانەکان بۆ بەردەوامبوون پێویستیان پێی بوو، ماندوو بوون. ئەم کاڵ بوونەوەی خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکان بە تەواوی سروشتیە و نیشانەی شکست نییە.


تایبەتمەندیی سێهەمیش کۆتایی هاتنی خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکانە، بەڵام میراتێك بەجێ دەهێڵێ، ئەویش ئەوەیە کە شتێك لە سیاسەتی وڵات لە زۆربەی کاتەکاندا بە ئاڕاستەی باشتر دەگۆڕێت. پرسی سەرەکی، لەلایەنە نایەکسانیەکاندایە کە دەچێتە بەرنامەی کـاری گشتییەوە. یان هەستی هاویشتی خەڵکانی خـوارەوەی کۆمەڵ زیاد دەکات. یان گومان لەبارەی بەڵێن و درۆکانی دەوڵەت، کە سیاسەتەکانیان لەوێدا شاراوە بوون، لەناو خەڵکا زیاتر دەبێت.

چوارەمین تایبەتمەندیی هاوبەش ئەوەیکە لەهەر شۆڕش و خرۆشانێکدا، زۆرینەی ئەوانەی کە دەرەنگ پێوەی پەیوەند دەبن، کارێك ئەنجام دەدەن کە بێگومان لە پێناوی ئامانجە سەرەتاییەکاندا نیە(کە ریفۆرم و دیموکراسی و چاکسازییە)، بەڵکو بۆ بەلاڕێدابردنی ئەو بزاڤانە یان پێدانی دەسەڵاتی سیاسیە بە گرویەکانی باڵی ڕاست، کە لەگەڵ ئەوانەی ئێستا لە دەسەڵاتدان لە ڕوخساردا جیاوازن، بەڵام بەهیچ ناونیشانێك دیموکراتتر یان پابەندترنین بە مافەکانی مرۆڤەوە.

پێنجەمین تایبەتمەندیش ئەوەیە کە هەموو ئەم شۆڕشانە دەرگیری ناکۆکیی جیۆپۆلیتیکن. دەوڵەتانی بەهێزی دەرەوەی ئەو وڵاتانەی کە شۆڕشیان تێدا ڕوودەدات، بەویەڕی تواناوە هەوڵ دەدەن یارمەتی ئەو گرویانە بدەن کە بەرژەوەندییەکانی دەرەوە دەبەنە پێشەوە، بۆئەوەی بە دەسـەڵات بگەن. ئەگەرچی ئەم هەوڵانەش سەرکەوتوو نابن. ئەم پرسە بەشێوەیەك ڕوودەدات کە هەتا ئەمڕۆش یەکێکیان یەکێك دەبێت لە کێشە سەرەکی و بەردەوامەکانی هەر شۆڕشێك، کە پەیام و ئامانجەکانی لەسەر بنەمای سیستەمی جیهانی بەگشتی ڕوودەدات. ئەمەش زۆر دژوارە، چونکە ڕەهەندە جیۆپۆلیتیکەکان دەتوانن ببنە هۆکاری جـوڵەن و خرۆشان لەناو پرسی نەیاریی لە دژی هەژموونگەرایی وڵاتان.

سەرئەنجام ئـەوەی کـە دەبـێـت لە بیرمان نەچێت ئەوەیە، ڕووداوەکانی ئێستا لە سەردەمێکی تێپەڕدا ڕوودەدەن کە پێکهاتەی ئابووریی جیهانیی سەرمایەداری ڕووی لە کۆتاییە، یان لەوانەیە سیستەمێکی نوێ بهێنێتەدی. بەڵام ئەم سیستەمە نوێیە دەتوانێ چاکتر یان خراپتربێت. ئەمەش نەبەرد و خەباتی ڕاستەقینەی ئەم ٢٠تا ٤٠ ساڵەی ئایندەیە. لێرە و لەوێ یان لەهەموو شوێنێك و چ بڕیارێك بـدەیـن، دەبێت بەشێکبێت لەمنەبەردە سیاسی فراوان لە ئاستی جیهاندا. (١ی٦/٢٠١٣)

**سەرچاوە: سایتی (اخبار روز)**



MAO TSE TUNG
ماو تسی تۆنگ
کتێبی سور
وەرگێڕانی:
فازل حسێن مەلا رەحیم
2014
لەبڵاوکراوەکانی
دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


kant

# من ئەمەم

# سارتەر لەپیریدا

## لە نۆزدە ساڵیدا لەخۆم تێگەیشتم

بەشی دووەم


چاوپێکەوتن: ناقیر

وەرگێڕانی: کاروان حەسەن


**لە ئێستادا ژیانتان چۆنە؟**

+ ژیانم زۆر بە سادەی دەگوزەرێنم، چونکە ناتوانم زۆر لە ماڵەوە بچمە دەرەوە. کاتژمێر هەشت و نیوی بەیانی لە خەو هەڵدەسم بەیانیان لە پاش ئەوەی لە یەکێك لە کافێکانی سەر ڕێگە قاوڵتی دەخۆم دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە. زیاتر لەو کافێیەدا ئاسودەم، کە دووسەد مەترێك لە ماڵەکەمەوە دوورە و لە گەڕەکی مونپارناسە و ناوی (Liberte -ئازادی)یە، ناوەکەیم زۆر بەلاوە خۆشە.

پێشتر لە گەڕەکی (سەن ژرمن دیرە) بووم خانووەکەیان تەقاندمەوە. دوازدە ساڵە لەشەقامی (ڕاسپای) دەژیم. ئێستاش لە گەڕەکی مۆنپارسم و ئاپارتمەیەك هەموو نزیکەکانم ماڵیان لەم گەڕەکەیە. ئاپارتمەیەکیش خەڵکی گەڕەك و کارگوزاری خواردنگەکان و ڕۆژنامە فرۆشان و چەند کاسبێك دەناسم.

**وەك جاران حەزتان لە ژیانی نێو کافێکان هەیە؟**

+ بەڵێ، ژیانم هەروابووە و هەمیشەش هەروا دەبێت، لەڕاستیدا نابێ بوترێ ژیانی ناو کافێ، چونکە من دەونگ فراڤین دەخۆم، لە دەوروبەری کاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆ تاکو کاتژمێر چوار لە کافێ دا دەمێنمەوە. هەندێجار بەدەگمەن لەگەڵ سیمۆن دیبۆڤار لە ڕستۆرانتێکدا شیو دەخۆین هەندێجار دەڵێت بڕۆین بۆ فڵانە ڕستۆرانتی تازە، بزانم بە دڵتە یان نا، بەڵام من بۆ خۆم ئەم جۆرە پەیجۆریانەم نییە.

**– ئایا لە ئێستا کەسانی زۆر دەبینی؟**

+ ئەو کەسانەی کە دەیانبینم هەمیشە دیاریکراون و ژمارەیان کەمە، بە تایبەت ئەو ژنانەی کە لەڕووی بیرکردنەوەوە لەمنەوە

نزیکن کەسانی دیکەش سێ چوار پیاون کە بەردەوام دەیانبینم: واتە دەستەی نوسەرانی بۆڤاری (سەردەمی نوێ)، کە هەر پازدە ڕۆژ جارێك چوارشەمان دانیشتنێکمان هەیە.

**بنەمای ئەم دیسپلینە لە ژیانی ئێودا چییە؟ هەموو هەفتەیەك وەك هەفتەی پێشوو. بینینی هەر کەسێك لە ڕۆژ و کاتژمێری دیاریکراودا، هەمیشە هەمان ئەو پیاو و ژنانە..**

+ لاموایە بنەماکەی ئەو دیسپلینەیە کە بۆ نوسینم شتێکی بەکەڵك پێویستە. من لە ژیانی خۆمدا بە نوسینی سێ ڕۆمان ڕازی نەبووم. زۆرم نوسیووە. هەرکە بەرهەمێکم کەمێك پوخت دەکەم بەبێ دیسپلین کار ناچێتە پێشەوە. لەهەمانکاتدا من لە هەر کوێیەك بوویم شتم نوسیووە. بە نموونە بەشێکی کتێبی (بوون و نەبوون)م لە کێوەکانی (پیرنە) نوسیووە. لەو ڕۆژانەدا لەگەڵ سیمۆن دیبۆڤارو بۆست دا بە پاسکیل ڕێپێوانمان دەکرد، من زوتر لەوان دەگەیشتم و لەسەر زەوی و ژێر گاشەبەردێکدا دادەنیشتم و دەستم دەکرد بە نوسین، پاشان هاورێیانم دەگەیشتن و دادەنیشتن، بەڵام من هەر خەریکی نوسین بووم.

بێگومان لە کافێکانیشدا زۆر شتم نوسیووە، بەنموونە بەشی سەرەکی ڕۆمانی (هەڵبەساردن) و کتێبی(بوون ونەبوون)، بەڵام لە پاش شەڕ کاتێك لەگەڵ دایکم لە ماڵێکدا پێکەوە دەژیاین و دواتر کە هاتم بۆ شەقامی ڕاسپا، تارادەیەك هەمیشە لە ژوورەکەمدا دەمنوسی، بەڵام لەکاتی گەشتەکانیشمدا شتی نوسیووە و زۆریش گەشتم کردووە.

ئەو دیسپلینەی کە ئێوە ئاماژەی پێدەکەن، پەیوەستە بەوەی من پێشتر بەپێی کاتژمێر کارەکانم ڕێك دەخست. کاری من بەیانیان لە نۆ و نیو یان دە دەستی پێدەکرد، تاکو یەك و نیوی پاش نیوەڕۆ بەردەوام دەبوو. پاش نیوەڕوانیش لە پێنج یان شەشەوە بۆ کاتژمێر نۆ، لەهەموو ماوەی تەمەنمدا بەم جۆرە کارم کردووە، لە ئێستاشدا لەو کاتانەدا کە ناتوانم کار بکەم بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دیسپلینەم هەر پاراستووە. بۆ نموونە هەموو بەیانییەك لە دەوروبەری کاتژمێر دە و نیو و یازدە لەگەڵ هاورێکانمدا بە هاوبەشی بۆ کاتژمێر یەك و نیو دووی پاشنیوەڕۆ کاردەکەین، پاشان دەڕۆم لەکافی ڕستۆرانتێکدا فراڤین دەخۆم، لە دەوروبەری چوارو نیو دەگەڕێمەوە ماڵەوە.

بەزۆری سیمۆن دیبۆڤار لە ماڵەوە چاوەڕێم دەکات، کەمی گاڵتە دەکەین پاشان ئەو شتگەلێکم بۆ دەخوێنێتەوە، کتێبگەلی کە بۆ بەرنامە تەلەفزیۆنییەکە خوێندنەوەیان پێویستە، یان هەر کتێبێکی دیکە، یاخود ڕۆژنامەی (لوەوند) و (لیبراسیۆن) یان ڕۆژنامەگەلی دیکە. ئەم کارە تاکو دەوروبەری هەشت و نیو درێژە پێدەدەین، پاشان بەزۆری دەچین بۆ ماڵی سیمۆن دیبۆڤار شەو بە گوێگرتن لە مۆسیقا، یان خوێندنەوەی کتێب بەسەر دەبەین. من هەمیشە لە دوای دوازدە و نیوی شەو دەخەوم.



**کەم کەس دەزانن کە مۆسیقا لە ژیانی ئێوەدا پێگەیەکی گەورەی هەیە!**

+ مۆسیقا هەمیشە بۆ من بەهایەکی زۆری هەبووە. هەم لە ڕووی بەسەر بردنی کاتێکی شاد هەم وەك ڕەگەزێکی پێویستی کولتور. خێزانەکەم هەموویان کەسانی مۆسیقی بوون. باوەگەورەم پیانۆ و ئۆرگی دەژەنی، دایەگەورەشم بە باشی پیانۆی دەژەنی. دایکشم بە هەمان شێوە، بە باشیش گۆرانیان دەوت. دوو خاڵەکەشم کە هاوسەری یەکێکیان مۆسیقارێکی باش بوو، پیانۆژەنێکی لێهاتووش بوو. دەزانیت کە کوڕەخاڵەکەشم ئۆرگی دەژەنی... بەکورتی خێزانی شوایتزەر هەموویان کەسانی مۆسیقی بوون و هەموو سەردەمی منداڵیم لە ژینگەیەکی لێوڕێژ لە مۆسیقا بەسەر بردوە.

لە تەمەنی هەشت نۆ ساڵیمدا فێری مۆسیقایان کردم، پاشان لە تەمەنی دوازدە ساڵیمدا ئەوەی کە مابوو تەواوم کرد. لەو کاتەدا لەگەڵ زڕباوك و دایکم لە لاروشل دەژیام. لە خانووەکەی ئێمەدا هۆڵێکی تێدا بوو لەگەڵ چەند پیانۆیەکدا، هەندێجار بە تەنیا پرۆڤەی پیانۆم دەکرد، پاشان لەگەڵ دایکم پیانۆم دەژەند، لە ئاوازی ئاسانەوە دەستم پێکرد و بە بەرهەمەکانی بتهۆڤن و شۆپان و تەنانەت بە باخ گەیشتم. دەنگێکی نیوەبەرزیشم هەبوو، بەڵام هەرگیز پرۆڤە گۆرانیم نەکردوە، پرۆڤەی پیانۆش هەروا- پرۆڤە بە مانای تایبەت- بەڵام هەندێك لە پارچە مۆسیقاکانم ئەوەندە ژەندبوون تارادەیەك شیاوی بیستن بوون. تەنانەت کاتێك لە تەمەنی ٢٢ ساڵیدا لە خوێندنی باڵا دەمخوێند وانەی پیانۆشم دەوتەوە.

دواجار ژەنینی پیانۆ لەلام گرنگی وەرگرت. هەندێجار لەگەڵ سیمۆن دیبۆڤار پاشیوەڕوان پێکەوە پیانۆمان لێدەدا، هەندێجار دوو کاتژمێر. ئەڵبەتە ئەم کارەمان بۆ چێژ لێوەرگرتن بوو لە مۆسیقا.

**هەرگیز بووە بۆ هاوڕێکانتان پیانۆ بژەنن؟**

+ نەخێر، کەسیش داوایەکی لەم جۆرەی لێ نەکردوم. دواتر لەگەڵ بەناو کچەکەم ئارلت یش پیانۆم دەژەند. ئارلت یان گۆرانی دەوت یان فلۆتی لێدەدا، من هاوڕاییم دەکرد. چەندین ساڵ درێژەمان بەم کارەدا. ئەڵبەتە ئەمڕۆ ئیدی ناتوانم پیانۆ بژەنم. تەنانەت بەر لە نەخۆشی چاویشم ئیدی نەمدەتوانی، چونکە دەستەکانم لێهاتووی خۆیان لە دەست دابوو، نەمدەتوانی جوڵەکان هەماهەنگ بکەم. ئێستا زیاتر گوێ بۆ مۆسیقا دەگرم. دەتوانم بڵێم کە کولتورێکی مۆسیقا باشم هەیە.

لە ماڵی سیمۆن دیبۆڤار تارادەیەك هەموو شەوێ گوێ لە قەوانێکی مۆسیقا دەگرین، لە هەموو جۆرێك. هەندێجاریش بە ڕۆژدا گوێ لە بەرنامەی مۆسیقای ڕادیۆی ( فرانس مۆسیقا) دەگرم. پێشتر کاتێ دەمتوانی بنوسم هەرگیز گوێم لە مۆسیقا ڕادیۆ نەدەگرت، کارێك کە بەڕواڵەت هەندێ لە نوسەران دەیکەن، بەڵام ئەمڕۆ کە کەمتر دەنوسم حەزم لێیە گوێ لە بەرنامەکانی (فرانس مۆسیقا) بگرم، کە بە گشتی خراپ نین.

**- ئەو مۆسیقارانەی کە ئێوە حەزتان لێیانە کێن؟**

+ بتهۆڤن. کە بە بڕوای من مەزنترین مۆسیقارە. شۆپێن و شۆمانیش. لە مۆسیقای نوێشدا سێ کەسی بەناوبانگ واتە: شوێنبەرگ و بەرگ و ڤیبرن کە زۆر حەز لە هەر سێکیان دەکەم بە تایبەتی بەرگە بێگومان (وزەك) ی. کەمتر حەزم لە شوێنبەرگە، چونکە زۆر مامۆستایانە دەژەنێت. مۆسیقارێکی دیکەش هەیە زۆر حەزم لێیەتی، بارتوك . ئەوم لە ساڵی ١٩٤٥دا لە ئەمەریکا کاتێك لە نیۆیۆرك بووم ناسی. پێشتر ئەوم هەر نەدەناسی، من هەمیشە هۆگری بارتوك بووم و دەبم.

**ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە من لە کتێبەکانم دا سەبارەت بە مۆسیقا هیچم نەنوسیوە. لەو باوەڕەدام لەبەر ئەوە بووە لەم بارەیەوە قسەیەکی گرنگم نەبووە کە کەس نەیزانیت. ئەڵبەتە بۆ کتێبێکی ڕنە لیبۆ ویتز - یەکێك لە مۆسیقارە دەگمەنەکانە و لە نزیکەوە دەیناسم**



بەهەمان شێوە بۆلزیشم زۆر خۆش دەوێت. هەڵبژاردە نییە، بەڵام بەهرەیەکی زۆری هەیە. هەر بەو جۆرەی دەبینیت لە مۆسیقادا لە هەر گوڵزارێك گوڵێکم چنییەوە. هۆگری مۆسیقای کۆنیشم، بەرهەمەکانی مۆنتەردی و ژزواڵۆ و ئۆپێراکانیم زۆر حەز لێیە، لە بنچینەوە زۆر هۆگری ئۆپێرام.

هەر بەو جۆرە کە تێبینی دەکەن مۆسیقا زیاتر لەمە شوێنی لە ژیانی مندا داگیرکردوە، بەم دوایانەش زیاتر. بێگومان ئەگەر بمتوانیایە لە نێوان لە دەستدانی بیستن و بینینمدا یەکێکیان هەڵبژێرم، بە باشم دەزانی کە کەڕ بم، بەڵام ئەمیشیان ئازاری زۆری دەدام. بەتایبەتی بە هۆی گوێگرتنم بۆ مۆسیقا.

**هەرگیز ئاوازتان دانەناوە؟**

+ بەڵێ، تەنانەت (سۆناتا)یەکم ڕێکخست و خستمە سەر کاغەزیش وابزانم هێشتا سیمۆن دیبوڤار نۆتەکانی لا مابێت. بە پێی ڕێسا لە سۆناتاکانی دیبوسی دەچێت. من حەزیشم لە دیبۆسی و ڕاڤێل یشە.

**لە جیهانی مۆسیقادا کەسێك هەیە پێی قەڵس بن؟**

+ بە تەواوی مانا نەخێر. شۆبرت ئاڕادەیەکە کارەکانی لەگەڵ شۆماندا هەرگیز بەراورد ناکرێ، بڕۆن بزان بەراورد دەکرێن.

ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە من لە کتێبەکانم دا سەبارەت بە مۆسیقا هیچم نەنوسیوە. لەو باوەڕەدام لەبەر ئەوە بووە لەم بارەیەوە قسەیەکی گرنگم نەبووە کە کەس نەیزانێت. ئەڵبەتە بۆ کتێبێکی رنە لیبۆ ویتز - یەکێك لە مۆسیقارە دەگمەنەکانە و لە نزیکەوە دەیناسم- پێشەکییەکم نوسیوە، بەڵام لەوێدا زیاتر لە سەر مەسەلەی مانای مۆسیقا دواوم. بێگومان ئەم وتارە لە کارە باشەکانی من نییە.

**لە ڕۆمانی (هێڵنج)دا دەستەواژەیەکی بەناوبانگ هەیە کە ئەوانەیە ئەو ئەنجامەی لێ بکەوێتەوە کە ئێوە ڕقتان لە کۆنسێرتە گەورەکانە، ((لەبەردەرگای هۆڵەکانی کۆنسێرتەوە، ژمارەیەك شەرمەزار و سوك دێنە دەرەوە... لایان وایە کە جوانی یاری خۆشەویستیانە. بێ عەقڵەکان.))**

+ ڕاستە. من هەرگیز ئەوەم قبوڵ نەکردووە کە مۆسیقا بۆ ئەوە ئافەرێنرابێ لە کۆنسێرتەکاندا بیبسترێت. مۆسیقا یان دەبێت لە رادیۆوە بیبسترێ یاخود لە قەوانەوە، یان کاتێك سێ چوار هاوڕێ لەدەوری یەکدی کۆببنەوە و مۆسیقا بژەنن. گوێگرتن لە مۆسیقا لەنێو کەسانێکی نەناسراودا کە هاتوون وەك ئێوە گوێ لە مۆسیقا بگرن بێمانایە.

مۆسیقا بۆ ئەوەیە هەر کەسێك بە تەنیا گوێی لێ بگرێت. بەناچارییەوە دەتوانین کۆنسێرت بۆ مۆسیقای سەمفۆنیا قبوڵ بکەین- هەرچەندە ئەویش بۆ ئەوە ئافەرێنراوە کە بە تەنیایی گوێی لێ بگیرێت، بەڵام بە دەر لەمە کۆنسێرت زۆر بێمانایە.

**ئایا ئێوە مۆسیقای ئاسەمفۆنی پەسەند دەکەن؟**

+ بە بڕوای من هیچ کەسێك بەتەواوی نەیتوانیوە سەمفۆنیا بەرهەم بهێنێ، کارێکی زۆر سەختە.

**تەنانەت بتهۆڤنیش؟**

+ تەنانەت ئەویش. هەرچەندە سەمفۆنیا نۆیەمی ئاڕادەیەك سەمفۆنیایەکی جوانە.

**حەزنەکردنتان لە کۆنسێرت، ئایا بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە قەڵسن بە ڕێوڕەسم (کۆبوونەوە)؟**

+ ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت. بەهەرحاڵ جگە لە هاوڕێ تایبەتەکانم- کە کەمتر بانگهێشتم دەکەن- من هەرگیز سەردانی کەس ناکەم. هەمیشە لەوە بێزاربووم لەگەڵ ژمارەیەکی نەناسراودا شیو بخۆم. لەجۆرە شوێنانەدا مرۆڤ هیچی پێناخورێت، لەناو دەچێت.

**لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئایا کاتێك هەبووە بە نموونە بخوازن کەسانی تازە بناسن؟**

+ بەڵێ، بەنموونە لەپاش شەڕ هەمەنگوای و دوس پاسوس م ناسی. هەروا نوسەرانی وەك سالاکرۆ، لیریس و کینۆ و کۆکتۆ م ناسی. منیش وەك هەر نوسەرێکی دیکە لەگەڵ نوسەرانی هاوسەردەمم پەیوەندیم هەبووە. ئەمە لە ساڵانی ١٩٤٢-١٩٤٣ دەستی پێکرد. هەموو ئەو نوسەرانەی کە دەمبینین دژی نازی بوون و بە جۆرێك لە جۆرەکان بەرەنگاری فاشیزم دەبوونەوە. پاش شەڕ هەندێك لە نوسەرانی ئەمەریکی و ئیتالی و چەند نوسەرێکی بەریتانیشم ناسی، پاشان بە کەسانێك ئاشنابووم کە دەهاتن بۆ فەرەنسا و دەیان ویست من ببینن: لە ساڵانی ١٩٤٥ بۆ ١٩٤٨ کەسانێکی زۆر سەردانیان دەکردم.

**ئەم پەیوەندییە ئەدەبیانە کە دیارە زۆریش دۆستانە بوون، چۆن لاواز بوون؟**

+ برێکی پەیوەندی بەوانەوە بوو و هەندێکیشی بە منەوە. لەگەڵ نوسەرانی دەرەوەدا مەسەلەی دووری مەودا لەگۆڕێ بوو، هەروا ئەو هۆکارەش کە من زۆر

کەم نامە دەنوسم: هەرگیز لەگەڵ نوسەران نامەگۆڕینەوەم نەبووە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەرکاتێك ئەم نوسەرانە دەهاتنە پاریس یەکترمان دەبینی، لەگەڵ نوسەرانی فەرەنسیدا بابەتەکە جیاوازە. لەم نێوەدا کەسانێك هەبوون کە نەمدەبینین بەڵام بچوکترین زیزبوون لە گۆڕێ نەبوو، بەڵام سەرڤاڵی و هەم و خەمان زۆر جیاواز بوو، ئیدی خۆت دەزانیت چی لێدێت.

کەسانێکیش هەبوون سەرباری جیاوازییەکانمان پەیوەندیمان کەلێك یارانی بووەبە نموونە من کۆکتۆم زۆر خۆش دەویست. ئەوم لە ساڵی١٩٤٤ دا ناسی و تا کۆتای تەمەنی بەزۆری دەمبینی. کەسێکی زۆر خۆشەویست بوو، ئەو لەیەنە (لێبوك)یەی کە ئەمرۆ دەیدەنە پاڵ ئەو، من لەناو ئەودا زۆر بەکەمی دەمبینی.

لە دیدارەکانماندا بەزۆری ئەو قسەی دەکرد. سەبارەت بە بیرو تێڕوانینەکانی خۆی دەدوا کە من زۆر بەدوایاندا نەدەچووم. چونکە لە ڕوانگەی منەوە زۆر ڕواڵەتی بوون. کەسێك بوو زۆر ڕێکوپێك و زۆریش قسەی دەکرد، هەستیارییەکی بەرچاوی هەبوو، بەڵام بەشێکی کەم لە بیرکردنەوەکانی سەرنجڕاکێش بوون، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەو بە شاعیرێك دەزانم کە بەهرەیەکی لێوڕێژی هەبوو.

**لەم ماوەیەدا، ئێوەش لە کۆمەڵەی(ناوداران)دا بەشداریتان هەبوو.**

+ لە ڕاستیدا من لە کۆمەڵەی ناوداراندا هاوبەشیم نەکردوە، لە جیهانی شانۆدا بە کۆمەڵە کەسێك ئاشنابووم کە تا ئەو کاتە نەمدەناسین. بە نموونە من کۆڵت م لە ماڵی سیمۆن بریۆ بینی، لەگەڵ بریۆ پەیوەندیم زۆر تایبەت بوو، چونکە هەموو شانۆنامەکانی من، جگە لە (گۆشەگیرانی ئاڵتونا) ئەو هێنایە سەر تەختەی شانۆ. ئەم ژنە کەسانێکی زۆری دەناسی و میوانداری دەکردن.

من زۆر پفیس میراند م خۆش دەویست، کە لەو سەردەمەدا لەگەڵ بریۆ دەژیا. پفیس میراندی پیاوێکی هەستیار و خۆشمەشرەب بوو. بیرمە ڕۆژێکیان شانۆنامەی (شەیتان وخودا)م بۆ لویی ژوڤی دەخوێندەوە. ژوڤی لە بەڕێوەبەری شانۆ مۆڵەتی وەرگرت بوو ئەم شانۆنامەیە نمایش بکات، لە کاتێکدا من تەنیا پەردەی یەکەمم نوسیبوو. ژوڤی کاتێ گوێی لە خوێندنەوەی ئەم پەردەیە دەگرت، میراند لە تەنیشتییەوە دانیشتبوو، ژوڤی بێدەنگ بوو، بڕۆی هێنابوویەوە یەك و بە ڕواڵەتێکی گرژو مۆنانە گوێی لە من دەگرت. کاتێ من خوێندنەوەکەم تەواو کرد، بێدەنگی باڵی کێشا. پاش ماوەیەك بێدەنگی، میراند لەناکاو وتی: ((قسەکان وەك ئەسپد وابوون)). ئەمە تەنیا ڕاڤەیەك بوو کە بیستم ژوڤی هەستایەوەو وتی: لەبەرئەوەی من بەیانی بۆ ئەمریکا دەچم پێویستە هەر ئێستا بڕۆم میراندی بێچارە کە دەیویست ستایشی شانۆکە بکە، جگە لەم دەستەواژە پەند ئاسا زۆر کۆنە هیچ شتێکی دیکەی نەدۆزیوەوە.

ئەم جۆرە بەرکەوتنانە- کە هەمیشە لە شانۆکاندا دەهاتە پێشەوە- ئەو دەستاوێژە بوو کە من ناودارانم ناسی. ئەگینا من هەمیشە لە کانزێرێکی دیاریکراودا پێشوازی لە کەسەکان دەکەم پاش تەواوبوونی کارم لە بەیانیاندا، واتە یەکی پاشنیوەڕۆ. ئەم کەسایەتیانە کەسانێك بوون کە دەیان ویست من ببینن، دەیان ویست ئەو کتێبەی کە نوسیوویان نیشانی منی بدەن. یاخود ڕوانگەی من سەبارەت بە شتێك بزانن.

**لە ئێستاشدا پێشوازی لەو گەنجانە دەکەن کە سەبارەت بە بەرهەمەکانی ئێوە کار و لێکۆڵینەوە دەکەن؟**

+ بەڵێ، هەمیشە پێشوازیان لێ دەکەم ڕۆژی پێشتر چەند گەنجێکی خوێندکاری ئامادەیی لە هاوڕێکانی سکرتێرەکەم، دەیانویست سەبارەت بە شانۆنامەی (سۆزانی پایەبەرز) شتێك بنوسن. هاتبوون من ببین و ڕوانگەی من سەبارەت بەم شانۆنامەیە بزانن.



**من هەرگیز ئەوەم قبوڵ نەکردووە کە مۆسیقا بۆ ئەوە ئافەرێنرابێ لە کۆنسێرتەکاندا ببیسترێت، مۆسیقا یان دەبێت لە رادیۆوە ببیسترێ یاخود لە قەوانەوە یان کاتێك سێ چوار هاوڕێ لەدەوری یەکدی کۆببنەوە و مۆسیقا بژەنن. گوێگرتن لە مۆسیقا لەنێو کەسانێکی نەناسراودا کە هاتوون وەك ئێوە گوێ لە مۆسیقا بگرن بێماناذایە**

**هەرگیز ویستووتانە کەسانی ناودار بناسن؟**

+ لە ڕاستیدا من هەرگیز بە دوای ئەم جۆرە کەسانەوە نەبووم. ئەوان یان نامەیان بۆ دەنوسیم یان لەلایەن سکرتێری پێشوەمەوە ژان کو پەیوەندیان پێوە دەکردم، منیش یان قبوڵم دەکرد یان ڕەتم دەکردەوە. بەنموونە لەم ڕێگەیەوە لەگەڵ هونەرمەندێک کە زۆر خۆشم دەویست ئریک ڤۆن شترۆهایم ئاشنا بووم. ئەوم چەند جارێک بینی، بەڵام لە دیداری لەم جۆرەدا هەرچەندەش بەرانبەر یارانی بێت، دیسانەوە گفتوگۆ تاڕادەیەک ناسروشتی دەبێت، ئەگەر کەسێک ببینم کە لەدۆخی ناوداربووندا بێت، بینینی سەرنجڕاکێشتر دەبێت: ئەو قۆناغ و پێگەیەی کە دەیبڕێت دەبینم، دەتوانم گۆڕانکاریەکانی و بوونی هەست پێبکەم، بەڵام ئەگەر بەڕێز چارلی چاپلین یان بەڕێز ڤۆن شترۆهایم ببینم، تەنیا ئەو دیوەی دەبینم کە بەزۆری دەیخاتەڕوو. کەسایەتیشی هەمیشە هەمان ئەو کەسایە کە بووە. نەک ئەوەی تەڵکەبازی بکات و دیلی (کەسایەتی) خۆی بێت.

**ئایا ئێوەش دیلی (کەسایەتی) خۆتان نین؟**

+ نا، چونکە من (کەسایەتی)یەکی لەو جۆرەم نییە، باش دەزانم بۆ من وێنەیەکیان کێشاوە، بەڵام ئەمە وێنەی کەسانی دیکەیە نەک وێنەی من. من نازانم وێنەی خۆم چۆنە. شتێکی زۆرم لەبارەی خۆمەوە وەک تاکێک بیر نایەتەوە. کاتێک بیر دەکەمەوە، زیاتر ئەو هزرانە بە مێشکمدا تێدەپەڕن کە لەبارەی هەموانەوە جێگەی بایەخن.

لە دەوروبەری تەمەنی نۆزدە ساڵیمدا لە خۆم تێگەیشتم، پاشان کاتێک بۆ نوسینی کتێبی (کارێکی خەیاڵی) خوێندنەوەم بۆ



خۆم دەکرد و لە ناخی خۆمم دەکۆڵییەوە، زیاتر بەدوای شتە هەمەکییەکانەوە بووم کاتی کتێبی (وشەکان)م نوسی، دەمویست سەردەمی منداڵیم ئـەو منەی کە لە ڕابـــردوودا هەبووە هەست پێ بکەم، تاکو لەوە تێبگەم چۆن بەم قۆناغەی ئێستام گەیشتووم. واتە بەو کەسەی کە لە ساتی نوسیندام بەڵام پێویست بوو کتێبگەلێ بنوسم تاکو ئەوە دەربیخەم ئێستا کێم. ئەمە کارێکە لەئێستادا دەیکەم، ئەڵبەتە هەر کاتێك دەرفەتم هەبێت. ئەم کارە بە هاوکاری سیمۆن دیبۆڤار ئەنجامی دەدەم و ئەمە ژیاننامەی من دەبێت.

هەوڵدەدەم لەوێدا ڕوونی بکەمەوە کە چۆن باروودۆخ گۆڕاوەو چۆن هەندێك لە ڕووداوەکان کاریگەریان بەسەر منەوە بەجێ هێشتەوە. من لەو باوەڕەدا نیم کە ژیانی مرۆڤ لە ناخی لاویدا قاڵبی وەرگرت بێت، لەو باوەڕەدام کە قۆناغگەلی زۆر گرنگی دیکەش هەن، لەوانە مێرمنداڵی و گەنجی و تەنانەت تەمەنی پێگەیشتنیش، کە ڕووداوەکانیان کاریگەری بەسەر مرۆڤەوە جێ دەهێڵن. ڕوونـتر بڵێم شتێك کە من دەیبینم ئەوەیە کە ژیانم وەها بۆ دوو بەش دابەش بووە، کە تارادەیەك لە هەموو ڕووێکەوە، لە بەشی دووەمی ژیامدا، خۆم لە بەشی یەکەمیدا بەباشی ناناسمەوە. ئەم دوو بەشەی ژیانم دابەش بووە، بۆ پێش شەڕ و دوای شەڕ.

شەڕی دووەمی جیهانی بەڕاستی ژیانی منی کرد بە دوو بەشەوە. کاتێك من ٣٤ ساڵ بووم شەڕ دەستی پێکرد، کە تەواو بوو چل ساڵن بووم ئەمەش لە ڕاستیدا تێپەڕاندی قۆناغی لاویم بوو بەرەو پێگەیشتن، لە هەمانکاتدا شەڕ هەندێك لایەنی نادیاری خۆم و جیهانی بۆ ئاشکرا کردم بە نموونە لە سەردەمی شـەڕدا بوو کە من لە خۆبێگانەیی قوڵی مرۆڤەکانم بەهۆی دیلییەتیەوە هەست پێکرد، لەسەردەمی شەڕدا بوو، لە مانای پەیوەندی نێوان کەسەکان تێگەیشتم، بە هەمان شێوەش لە مانای دوژمـن، دوژمنی ڕاستەقینە

نەك نەیارێك کە لەگەڵ ئێمەدا لە کۆمەڵگەیەکدا دەژیت و بە زمان هێرش دەکات، بەڵکو دوژمنێك کە بە ئاماژەیەکی سادە بە سەربازان خەڵکی دەسبەسەر دەکەن و دەیخەنە گۆڕەوە.

بەهەمان شێوە لەسەردەمی شەڕدا بوو، منی تێکشکاو و ستەم دیدە، سیستەمی کۆمەڵایەتیم ناسی، هەروا کۆمەڵگەی دیموکراسیش کە کۆت و بەند و وێران کرابوو، ئێمە هەوڵمان دەدا بەهاو ڕێزی بۆ بگێڕینەوە، بەو هیوایەی لە پاش شەڕ دیسانەوە ژیانی وەبەربێتەوە.

لە سەردەمی شەڕدا بوو، من لە ئاندیڤدوالیزم و تاکخوازی پەتی سەردەمی پێش شەڕ و لە (دۆخی کۆمەڵایەتی) و قوتابخانە کۆمەڵایەتییەکان تێگەیشتم. وەرچەرخانی گـەورەی ژیانی مندا لێرەدایە: پێش شەڕ دوای شەڕ سەردەمی بەر لە شـەڕ بـووە هـۆی ئـەوەی من بەرهەمێکی وەك(هێڵنج) بنوسم کە لە ڕۆمانەکەدا پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەدا پەیوەندیەکی فەلسەفییە، سەردەمی پاش شەڕیش ورده ورده ڕێنمای منی کرد بۆ نوسینی بەرهەمێکی وەك(ڕەخنەی عەقڵی دیالێکتیکی).

**ئایا نزیکی ئێوە لە کۆمەنیستەکان لە ساڵی ١٩٥٢، پاشان ساڵی ١٩٦٨، کاریگەر نەبوون کە ژیانی ئێوە بگۆڕن؟**

+ ساڵی ١٩٥٢ ئەوەندە کاریگەری نەبووە، چوار ساڵ لە کۆمەنیستەکانەوە زۆر نزیك بووم، بـەڵام بیرکردنەوەم لەگەڵ ئـەوان جیاواز بوو، ئەوانیش ئەمەیان دەزانی. مەزەندەی ئەوەشیان دەکرد، ئەگەر ڕووداوێکی وەك ڕووداوی هەنگاریا ڕوو بـدات، من ئەم پەیوەندیەم دەپچڕێنم، هەروەك کە کردم، لە ڕووی بابەتییەوە لەوانەیە ئەم سەردەمە گرنگ بێت، بەڵام لە ڕووی دەروونییەوە گرنگ نەبووە چونکە من تارادەیەك لە هەموو ئەو ماوەیەدا بیرکردنەوەی خۆمم پاراست و نەگۆڕام. هەر ئەم بیرکردنەوانەیە کە لە کتێبی (ڕەخنەی عەقڵی دیالێکتیك)دا دەرکەوتن و بەرفراوانتر بوون.

**لە دەوروبەری تەمەنی نۆزدە ساڵیمدا لە خۆم تێگەیشتم پاشان کاتێك بۆ نوسینی کتێبی (کارێکی خەیاڵی) خوێندنەوەم بۆ خۆم دەکرد و لە ناخی خۆمم دەکۆڵییەوە زیاتر بەدوای شتە هەمەکییەکانەوە بووم، کاتی کتێبی (وشەکان) م نوسی دەمویست سەردەمی منداڵیم ئەو منەی کە لە ڕابردوودا هەبووە هەست پێ بکەم**

بـەڵام ساڵی ١٩٦٨ گرنگ بـووە بۆ هـەمـووان و بۆ منیش بە تایبەتی بۆ مـن، چونکە ئەگەر من سەردەمێك لە کۆمەنیستەکان نزیك دەبوومەوە لە ڕووەوە بوو، جگە لەوان هیچ جۆرە چەپێك نەبوو.

**جگە لە هاوڕایانی یارانیت، کە خۆتان ئەوان بە (خێزان) ناویان دەبـەن، ئێوە زۆر بەکەمی کەسانی دیکە دەبینن. ئایا ئەو کەسانەی کە سەبارەت بە بەرهەمەکانتان شتێك دەنوسن دەتوانن ئێوە ببینن؟**

+ بەڵێ، ئەو کەسانەی کە سەبارەت بە بەرهەمەکانی من لێکۆڵینەوە دەکەن، ئەگەر من بتوانم هاوکاریان بکەم بەو پەڕی خۆشحاڵییەوە پێشوازیان لێدەکەم. بە نموونە ئەو ڕەخنەگرە گەنجەی کە ئێوەش دەیناسن: میشێل سیکار کە خەریکی لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بە کتێبی (گەمزەی خێزان). بـەزۆری فێرخوازانی بەریتانی، یان ئەمەریکی کە سەبارەت بە لایەنێکی بەرهەمەکانی من نامەی زانکۆیان دەنوسن، سەبارەت بەو بابەتەی کە لە کتێبەکانی مندا شاراوەیە پرسیارگەلێکیان هەیە. نوسەران هەر بابەتێکی کورتیش کە دەینوسن، دەکرێ سەد جۆر ڕاڤەی بۆ بکرێ. باشتروایە ئەگەر کێشەیەك هەبێت، لە خودی نوسەر بپرسرێ ئەگەر زیندوو بوو.

**لە بەرانبەردا، ئایا هەرگیز بووە ڕاڤەیەکی نوسینەکانتان، هەندێك لایەنی بەرهەمەکانی خۆتان بۆ ئێوە ڕوون بکەنەوە؟**

+ نـا، مـن هەرگیز لـە هیچ کـام لە ڕاڤەکارانی بەرهەمەکانم شتێك فێر نەبووم، لەگەڵ ئەوەشدا لە ساڵی ١٩٤٥ بەدواوە چاوەڕێم ڕۆژێـك کەسێك لەبارەی منەوە شتێك بنوسێت، کە بیرکردنەوەی خۆمم بۆ ڕوونـتر بکاتەوە. بە جوانی دەبینم کاتێك بەرهەمەکانی زۆلا یان هۆگۆمان لە ساڵانی ١٩٤٠یـان ١٩٤٥ دەخوێندەوەو ڕاڤە و لێکدانەوەیەکمان بۆ دەکرد، خودی زۆلا و هۆگۆ ئەو هزرانەیان ئاگایانە لە بەرهەمەکانیاندا نە دەخشاندبوو، بەڵام بەرهەمەکانی زۆلا و هۆگۆ لەسەردەمی ئێمەدا بەجۆرێکی دیکە خوێندنەوەیان بۆ دەکـرێـت. من وام دەزانـی لەبارەی نوسەرێکی زیندوشەوە دۆخەکە هەربەم جۆرەیە، بـەڵام ئەمە ڕاسـت دەرنەچوو، ئەگەر ڕاڤەیەکی لەم جۆرە لەپاش مردنی نوسەرەوە ئەنجام بدرێت، یان ئەوەی کە ڕاڤەکار تێگەیشتنێکی باشتری هەبێت، لـەبـارەی تێکڕای مەسەلەکانی ژینگەی نوسینەکە، بەڵام ئەمە گەلێك دەگمەنە.

**ئایا ئەو هەمووە لاپەڕە زۆرەی لێکۆڵینەوە کە بۆ بەرهەمەکانی ئێوە کراوە، هیچ شتێکی بەکەڵك نابینن؟**

+ نابێت تا ئەم ڕادەیـە زیاد بڕۆین، بـەڵام دەتوانم بڵێم لە نێو ئەوانەدا کە خوێندومنەتەوە (بێگومان من هەموویانم نەخوێندوەتەوە، بەڵکو بەڵێ زۆرییەوە ئـەویـەڕەکـەی یـەك لـەسـەر دەیـانـم خوێندوەتەوە) شتێکیان فێر نەکردووم

ئـەم نوسینانە لە دوو شێوە بـەدەر نین: یان لەباشترین شێوەیاندا ڕاڤەیەکی وردن لەمەڕ بیرکردنەوەی من، یاخود ئەو ڕەخنانەی کە لە من گیراون هیچ جۆرە بەهایەکیان نییە و ناتوانن ڕازیم بکەن، چونکە نوسەرەکەی ئەوەی من ویستوومە بیڵێم لە بنەڕەتەوە لێی تێنەگەیشتووە.

**بـەهـەرحـاڵ ڕەخنەگرێکیان لەنێوانیە دەمێکە بە مکوڕییەوە نەیاری بیرکردنەوەی ئێوە دەکات.**

## هاوڕێی دێرینی ئێوە ڕیمۆن ئارۆن

+ بە باشی لە بیرکردنەوەی ئـارۆن تێدەگەم دەشزانم بەرەو کوێ دەڕوات، تائەو شوێنەی پەیوەندی بە منەوە هەیە، دەمێکە ڕوانگەکانی ئەوەم پشتگوێ خستووە. کاتێك لەبارەی منەوە شتێك دەنوسێت، تەنیا بیرکردنەوەی خۆی دەخـاتـەڕوو، ئەوەی پەیوەندی بە بیرکردنەوەی منەوە بێت هیچ ناوەڕۆکێکی نییە، دواهەمین کتێبیم خوێندوەتەوە کە دەژایەتی کتێبی (ڕەخنەی عەقڵی دیالێکتیك) دەکات. مەسەلەگەلی دەخاتەڕوو و بە پرسیارگەلێکەوە دەپەرژێت کە لە ڕوانگەی ئەوەوە مافی خۆیەتی، بەڵام بەشێوەیەکی ڕەهـا پەیوەندی بە منەوە نییە، بە بڕوای من ئەو بۆچوونەکانی من دەشێوێنێ، تاکو باشتر بتوانێت دژایەتییان بکات.

**ئـارۆن بە ڕیتمێك کە زیاتر دەرخـەری خەمە، بە نیگەرانییەوە دەڵـێـت، ئـێـوە هـەرگـیـز وەڵامـی پرسیارەکانی ئـەوتـان نـەداوەتـەوە، بەڵکو بەدگۆییتان بەرانبەری کردوە**

+ لـە مـــاوەی تـەمـەنـمـدا کەمترین بەدگۆییم بەرانبەری کــردوە. بەڵێ، لە ڕووداوەکانی مارتی ١٩٦٨ بەدگۆیم بەرانبەر کردووە، چونکە بۆچوونەکانیم سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژانە بۆ قوت نەدەدرا، لـەبـەرئـەوەی ئـەم مامۆستا هۆشیار و تێگەشتووە، لە ڕووداوەکانی مارتی ١٩٦٨دا تێنەدەگەیشت و نیشانی دەدا، کە هۆش و تێگەیشتنی سنووردارە. ئەم تێنەگەیشتنەی لە نوسینەکانیدا دەرخست. لەوەی کە لەو ڕۆژانەدا ڕوویاندا هیچی دەستگیر نەبوو.

**بە تەنیا ئەمە نابێتە بەڵگەیە بۆ ئەوەی بەدگۆیی بەرانبەر بکەن؟**

+ بۆ نا، من ئاگایانە ئەم کارەم کردوە. بەم کارە ویستم نیشانی بدەم، ئەو خۆی لە دەرەوەی ئەو کۆمەڵگەیە دانا، کە ڕووداوەکانی مارتی ١٩٦٨ تێدا دەرکەوتن. بەر لەم ڕووداوانە، ئارۆن مامۆستایەك بوو لە مامۆستاکانی زانکۆ، بە بیروبۆچوونگەلێکەوە کە لەوانەبوو بەلای منەوە قبوڵ نەبن. ئەم بیروبۆچوونانەی لەگەڵ فێرخوازەکانیدا دەهێنایە گۆڕێ لەوانەش بوو ببنە هۆی قسەوباس. هەموو ئەمانە بەر لە مارتی ١٩٦٨ قبوڵ دەکران، بەڵام کاتێك ڕوانگەی ئەوم لەبارەی فێرخوازەکانی خۆیەوە زانی، فێرخوازانێك کە ڕەخنەیان لە تێکڕای ڕێساکانی زانکۆ دەگرت، زانیم ئارۆن هەرگیز هیچ لە فێرخوازانی تێنەگەیشتووە. من هێرشم بۆ سەر ئارۆنی مامۆستا کرد، مامۆستایەك کە لەگەڵ فێرخوازانی خۆیدا دوژمن بوو، نەك بۆ سەر ئارۆنی وتارنوسی ڕۆژنامەی فیگارو، کە هەرچییەکی پێخۆشە دەتوانێ بینوسێ.

**بە شێوەیەکی گشتی ئێوە کەمتر مل بۆ گفتوگۆ دەدەن؟**

+ من کتێبگەلێکم نوسیوە و لەخۆگری هزرگەلێکە. هەر کەسێك دەیەوێت وەڵامم بداوە برۆات کتێبم لەسەر بنوسێت.

**بەڵام ئێوە لەبەرانبەر مرلۆپۆنتی و لوی ستروس و ئارۆن دا کە ڕەخنەیان لە بیرکردنەوەکانی ئێوە گرتووە، هیچ وەڵامێکتان نەبووە؟**

+ نەخێر، جا چ پێویست دەکات؟ من ئەوەی هەمبووە بۆ گوتن وتمە. ئەوانیش بۆچوونێکی دیکەیان خستوەتەڕوو. ئەوانەی لەگەڵ ڕوانگەکانی من دا هاوڕا نین دەبێ ئەوان بنوسن نەك من. ئەم قسانە بەمانای بێڕێزی کردن بە ئەوان نییە، بە نموونە من هەرگیز بێڕێزیم بەرانبەر لوی ستروس نەکردوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، لەبواری ڕەچەڵەکناسی دا ئەو بە بیرمەندێکی لێهاتوو دەزانم. بەڵام ئەو لەبارەی (ڕەخنەی عەقڵی دیالێکتیك)ەوە شتگەلێکی بێمانای نوسیوە. من نایێت ئەمە بەو بڵێم، دەبێ بۆ بیڵێم؟

**کەوایە گفتوگۆ بەکەڵکی چی دێت؟**


+ من قەڵسم بە گفتوگۆ. ڕۆشنبیران لە گفتوگۆدا هەمیشە لە ئاستی بیرکردنەوەی خۆیان نزمتر دەبنەوەو عسەکانی گەڕانەوە دەکەن.

**ئایا هەرگیز ڕوویداوە لەکاتی دەربڕینی بیرکردنەوەکانی خۆتاندا بۆ کەسێکی دیکە، تێگەیشتنێکی تەواوەتی لەمەڕ ئەو بیرکردنەوەیەتان بەدەست بهێنن؟**

+ نەخێر. تەنیا لەگەڵ سیمۆن دبوڤوار توانیومە بیرکردنەوەکانی خۆم داتی بەتەواوی جێگیر تەرح بکەم. بەم شێوەیە من بابەتە کێشەکانی دەتبیرەوەن ونەبوون)م کاتێك هێشتا دەستنوسبوونە سەر پەڕەی کاغەز، لەدڵ ئەو باسم کردوون. هەموو بیرکردنەوەکانم کاتێك لە دۆخی پێکهاتندا بوون، لەگەڵ ئەودا باس کردەوە.

**بەو هۆیەی کە سیمۆن دبوڤوار لەڕووی زانیارییەوە هاوئاستی خۆتانە؟**

+ تەنیا لەبەر ئەو هۆکارە نییە. بەڵکو لەو ڕووەوە کە یەکەم سیمۆن تەنیا کەسێك بووە لە ڕووی زانیارییەوە هاوئاستم بووە، دووەم: لەبەرئەوەی لەگەڵ ئەوەی من ویستوومە، بەتەواوی هاوڕام بووە. بەم پێیە گوێگرێکی نموونەی من بوو، گوێگرێك کە هەرگیز کەس نەیبووە. بەڕاستی ئەمە بەخششێکی نائاسایە. لەوانەیە کەلێك



FIDEL CASTRO



ALBERT CAMUS

نوسەر لە پیاو لە ژن هەبووین، کە مرۆیەکی زۆر هۆشیار ئەوانی خۆشویستوە و هاوکاری کردون بەنموونە جۆرج ئیلۆت مێردی دووەمی زۆر هاوکاری کردوە، بەڵام ئەوەی لەنێوان من و سیمۆن دیبۆڤاردایە زۆر بێ وێنەیە و هاوسۆزی وەك یەکی ئێمەیە.

**ڕەنگە بتوانین بڵێین کە هەریەکەتان بەوی دیکەتان (مۆڵەتی بڵاوکردنەوە) دەدەن؟**

+ ڕێك بەمجۆرەیە. ئەمە دەستەواژەیەکی گونجاوە بۆ دۆخی ئێمە. ڕەخنەگەلێ کە لەدوای بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا دەیبینم لەوانەیە زۆرو کەم ببێتە هۆی خۆشحاڵیم بەڵام لەڕاستیدا ئەوەندە بە هێند وەریناگرم، لە مێژووی بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی (هێڵنج)ەوە، تاکو ئەمڕۆ هەمیشە دۆخەکە بەم جۆرە بووە

**لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، بێگومان ڕوویداوە لەبەرانبەر ڕەخنەکانی سیمۆن دیبۆڤار بەرگری لەخۆتان بکەن، وانییە؟**

+ بە تێروتەسەلی. تەنانەت هەندێجاریش هێرشمان کردوەتە سەر یەکدی بەڵام دواجار من دەمزانی ئەو ڕاست دەکات. ئەم قسەیە بەو مانایە نییە، هەموو ڕەخنەکانی ئەوم قبوڵ کردبێ، بەڵکو زۆربەیانم قبوڵ بووە.


**ئایا بەو ڕادیەی کە ئەو لە بەرانبەر ئێوەوە سەختگیرە، ئێوەش لە بەرانبەر ئەوەوە بەوجۆرەن؟**

+ بێگومان. دوا ڕادەی سەختگیری. کاتێك کەسێکت خۆش بوێت، پێمانایە بە توندی ڕەخنەی لێبگریت.

**بە وتەی خۆتان گوێگری تاقانەی ئێوە سیمۆن دیبۆڤارە، بەلام ئایا گفتوگۆی سەردەمی فێرخوازی ئێوە لەگەڵ پۆل نیزان و ریمۆن ئارۆن بۆ ئێوە هیچ شتێکی بەدوای خۆیدا نەهێناوە؟**

+ ڕاستت دەوێ نەخێر. من لەگەڵ ئارۆن و پلیتزەر زۆر گفتوگۆم کردوە، بەڵام بێهودە بووە، لەگەڵ نیزان بۆ نا کەمێك بەسود بووە. ئەوەی ئێمەی لێکجیا دەکردەوە ئەوە بوو کە ئەو بووە مارکسی. واتە کاتێك ئێمە هاوڕێ بووین، بیرێکی قبوڵ کرد کە هی ئەو نەبوو، لەوەی کە ئەو بیری لێدەکردەوە بەستێنی گەلێك فراوانتر بوو. لەناکاو من خۆم لەبەرانبەر بیرکردنەوەیەکەوە بینی کە بەباشی لێی تێنەدەگەیشتم و لەو سەردەمەدا زانیارییەکی کەمم لەبارەیەوە هەبوو-کتێبی(سەرمایە)م خوێندبووەوە، بەڵام بەباشی لێی تێنەدەگەشتم واتە منی نەگۆڕیبوو- ئەم بیرەش وەك شتێکی مۆن و گاڵتەپێکەر بێزاری دەکردم لەو ڕووەوە ئیدی ئەو کەسەی من خۆشم دەویست، مارکسیزمی هەم وەك حەقیقەتێك و هەم وەك دەستئاوێزێك بۆ گاڵتە پێکردنی من بەکاردەهێنا.

مارکسیزمم بە هزرێك دەبینی کە منی ڕەتدەکردەوە، چونکە بیرکردنەوەی هاوڕێکەی من بوو، لە هاوڕێیەتیمانەوە هەڵقوڵا بوو. مارکسیزمیش بەلای کەمیەوە تاکو دەسێکی شەڕ هەروا دەست و پێی دەبەستم، شتێکی بوو ئازاری منی دەدا، بە منی دەوت هەموو شتێك نازانم و لەو قۆناغەوە زۆر دوورم و پێویستە فێری بم لە فێربوونیدا سەرکەوتوو نەدەبووم کاتی لە (لوهاوز)بووم کتێبەکانی مارکس یان بەرهەمی مارکسیستەکانم خوێندەوە، بەڵام



لە مێشكم دا شوێنیان نەدەبووە، لە ماناكەیان تێنەدەگەیشتم.

لە سەردەمی شەڕ و داگیركردنی فەرەنسادا، كاتێك بوومە ئەندامی ڕێخراوی بزوتنەوەی بەرنگاری، كە چەند ئەندامێكی كۆمەنیست بوون، ماركسیزم بۆ من بووە مەسەلەیەكی جدی، پاشان لەدوای شەڕ لە دە دوازدە دەفتەردا یاداشتگەلێكم سەبارەت بە مەسەلەی ئەخلاق نوسی (كە بەداخەوە هەموویان وون بوون)، ئەم یاداشتانە تەنیا گفتوگۆ بوون لەگەڵ ماركسیزمدا...

**ئایا هێشتا ئەوەتان قبوڵە بە فەیلەسوفی بوونخواز (ئیگزیستانسیالیست) ناوتان بێەن؟**

+بونخواز(ئیگزیستانسیالیزم) وشەیەكی بێمانایە. هەروەك تۆ دەزانیت من ئەم ناونیشانم هەڵنەبژاردوە. كەسانی دیكە نوساندویانە بە منەوەو منیش قبوڵم كردوە. ئەمڕۆكەش ئەم ناونیشانەم قبوڵ نییە، لەلایەكی دیكەوە هیچ كەس من بە بوونخواز (ئیگزیستانسیالیست) ناونابات، تەنیا لە كتێبە فەلسەفییەكاندا نەبێت، كە لەوێشدا دیسانەوە بێمانایە.

**وەك پاشناوێك بۆ خۆتان بوونخواز (ئیگزیستانسیالیست) بە باش دەزانن یان ماركیست؟**

+ ئەگەر پێویست بێ بەدڵنیاییەوە پاشناوێك بە منەوە بنوسێنرێت، ئەوا بوونخواز (ئیگزیستانسیالیست) بە باشتر دەزانم.

**بوونخوازی (ئیگزیستانسیالیزم) وەك ئەزمونێك تاقی نەكراوەتەوە لە بەدەست هێنانی فەرمانڕەوایەتیدا. ئەمڕۆ كەسانێكی زۆر لەو باوەڕەدان ماركسیزم لە دوای ئەوەی وەك ئایدۆلۆژیایەك دەستەلاتی فەرمانڕەوایەتی لە یەكێتی سۆڤیەدا بەدەست هێنا، ئاشكرا بوو لە قوڵایی سروشتی خۆیدا، هزرێكە لەسەر بنەمای فەرمانڕەوایەتی. ڕای ئێوە لەمبارەیەوە چییە؟**

+ ئەم قسەیە بەمانایەك ڕاستە، بە بڕوای من لەگەڵ ئەوەی ماركسیزم لە یەكێتی سۆڤیەتدا وەلانخراوە، دیسانەوە لە سیستەمی سۆڤیەتدا بوونی ئامادەیە. ماركسیزم بە هیچ جۆرێك فەلسەفەیەكی ئەڵمانی، یان بەریتانی سەدەی نۆزدەهەم نییە، كە لە سەدەی بیستەمدا پەردەیەك بێت بۆ داپۆشینی سیستەمی دیكتاتۆریە بەبڕوای من ماركسیزم لە چەقی سیستەمی سۆڤیەتدا پێگەی هەیە و ئەم سیستەمە ئەم بیرەی نەگۆڕیوە.

**بەڵام بە بڕوای ئێوە ڕژێمی سۆڤیەت ڕووبەڕووی شكستێكی تەواوەتی بووەتەوە. ئایا ئەمە سەلمێنەری بڕوای ئێوە نییە، كە لە ساڵی ١٩٥٧دا وتان، ((ماركسیزم لە سەردەمی ئێمەدا فەلسەفەیەكی لەناچوو نییە))؟**

+ بە بڕوای من لایەنە سەرەكییەكانی فەلسەفەی ماركسیزم ماوەتەوە: لەڕووی شەڕی چینایەتی و زێدەبەها و هتد...

ئەوەی سۆڤیەت لە ناوەڕۆكی ماركسیزمەوە وەریان گرتووە ڕەگەزی دەسەڵاتە، بە بڕوای من ماركسیزم وەك فەلسەفەی دەسەڵات هەموو ئیمكانەكانی خۆی لە سۆڤیەتدا ئەنجامداوە. ئەمڕۆكەش هەر بەوجۆرەی لە یەكێك لە كتێبەكانمدا وتومە ئەوەی كە پێویستە هزرێكی دیكەیە. هزرێك كە بۆ تێپەڕاندنی ماركسیزم، خودی ماركسیزم بە گرنگ وەربگیرێت، بۆ ئەوەی ماركسیزم ڕەت بكاتەوە و سەر لەنوێ بیخاتەوەڕوو، پێویستە ماركسیزم لە خۆبگرێت. ئەمە مەرجی گەیشتنە بە سۆسیالیزمی ڕاستەقینە.

لەو باوەڕەدام من و كەسانی دیكەش، ڕێگەكەلێكمان بۆ گەیشتن بەم (بەرەوپێشچوونە) كە پێویستە بیگرێتەبەر نیشان دابێت. دیسانەوە لەمبارەیەوە بوو كە من دەمویست كار بكەم،



**ماركسیزمم بە هزرێك دەبینی كە منی ڕەتدەكردەوە چونكە بیركردنەوەی هاوڕێكەی من بوو لە هاوڕێیەتیمانەوە هەڵقوڵا بوو. ماركسیزمیش بەلای كەمییەوە تاكو دەسپێكی شەڕ هەروا دەست و پێی دەبەستم شتێكی بوو ئازاری منی دەدا بە منی دەوت هەموو شتێك نازانم و لەو قوناغەوە زۆر دوورم و پێویستە فێری بم**

بەڵام پیری گەیشت. تەنیا ئاواتم ئەوەیە کە کەسانی دیکە کارەکەی من تەواو بکەن. هیوادارم بە نموونە پییەر ڤیکتۆر هەم وەک ڕۆشنبیرێک و هەم وەک خەباتگێڕێکی سیاسی ئەم کارە ئەنجام بدات.

**ئەو باوەڕەدای پییەر ڤیکتۆر چانسی سەرکەوتنی لەم کاردا زیاتر بێت؟**

+ بەڵێ، لە ناو هەموو ئەو کەسانەی کە من ناسیومن، پییەر تاکە کەسێکە کە لەم ڕووەوە بە تەواوی من ڕازی دەکات.

**بەرواڵەت ئەوەی ئەودا ستایشی دەکەن، (ڕادیکاڵ بوون)ی ئامانجەکانیەتی. ئەمەش هەمان ئەو شتەیە کە وای کرد جیاکۆمیتش ستایش بکەن.**

+ بەڵێ، ڕێک وایە. پۆل نیزان ئامانجی ڕیشەی لەم چەشنەی نەبوو. حزب کارێکی کردبوو نەتوانێت لەم ڕووەوە بە قوڵی تواناکانی خۆیدا ڕۆبچێت، ئەگەر نەمردایە بێگومان بە قوڵی تواناکانی خۆی دەگەیشت، چونکە دواتر لەو باوەڕەدا بوو حزب خیانەتی لێکردوە.

**لە ڕاستیدا، ئەو کەسانەی کە لەلایەن ئێوەوە زۆر ستایش دەکرێن، ئەوانەن کە بەپێی چەمکی سەدەی نۆزدەهەم (تینووی ڕەهاخوازین)؟**

+ بەڵێ بێگومان. واتە ئەو کەسانەی کە هەموو شتێکیان دەوێت. خودی منیش هەر بەو جۆرەم بە سروشتی ناتوانی بە هەموو شتێک بگەیت، بەڵام پێویستە خوازیاری هەموو شتێک بیت.

**ئایا لە کەسانی هاوچەرختان کەسێک هەیە تا دوارادە بەلای ئێوەوە بەڕێز بێت؟ بەنموونە لە ساڵی ١٩٦٠دا ئێوە گوتان کاسترۆ لەلای ئێوە بە تەواوی بەڕێزە و هاوڕێی ئێوەیە.**

+ بەڵێ، بەڵام لە گۆڕانکارییەکانی دوایی کاسترۆ بێئاگام. کاتێ ئێمە ڕەخنەمان لە زیندانی کردنی پادیلا گرت، کاسترۆ لە ئێمە دابڕا. پەرچەکرداری ئەو لە کارەکانی ئێمە بەهێزتر بوو. من هێشتاش لەبەرانبەر ئەو مرۆڤەی کە ئەو ڕۆژگارە ناسیم، لە قوڵیی بوونمەوە بە هاوڕێتەی ڕازیم. ئەوم خۆش دەویست. بەدەگمەن ئەمە ڕوودەدات.

**چ کەسێکی دیکە؟**

+ بەلانی کەمەوە تاکو چەند ساڵێک لەمەوبەر (ماو) لە لام زۆر بەڕێز بوو. من لە (شۆڕشی کولتوری) ماو زۆر تێنەگەیشتم نەک ئەوەی نەیاری بم، بەهیچ جۆرێک. بەڵام نەمدەتوانی لە مانای ئەم شۆڕشە، بیرێکی ڕوونم هەبێت. بە بڕوای من شۆڕشی کولتوری لە کرداردا ئەوەندە ڕوون نەبوو.

یەکێک لەو دواین گەشتانە کە حەز دەکەم بیکەم، گەشتکردنمە بۆ وڵاتی چین. لەساڵی ١٩٥٥دا سەردانی چینم کرد. پاش ئەوەی (شۆڕشی کولتوری) ڕوویدا، ئامەزرۆم دیسانەوە سەردانی چین بکەم لەو باوەڕەدام لە مانای ئەو ڕووداوانە باشتر تێبگەم.

**ئایا ئێوە ئاشنایەتیتان لەگەڵ هەستی (ستایش)هەیە؟**

+ نا، من هیچ کەسێک ستایش ناکەم و حەزیش ناکەم کەس من ستایشی بکات. مرۆڤەکان نابێت ستایش بکرێن، چونکە هەموویان یەکسان و وەک یەکن. ئەوەی کە گرنگە کاری مرۆڤەکانە.



**لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئایا رۆژێـك نەتان وتـووە، ڤیكتۆر هۆگۆ ستایش دەكەن؟**

+ زۆر بەكەمی. بۆ من كێشە بوو هەستی ڕاستەقینەی خۆم سەبارەت بە هۆگۆ ڕوون بكەمەوە. شتگەلی لە هۆگۆدا هەیە كە پێویستە ستایش بكرێن و شتگەڵێكیشی هـەن بـە ڕاسـتـی زۆر جـوانـن. هەمووی بیركردنەوەكانم لەو كاتەدا شێواو و نادروست بوون بۆ ئەوەی لەم دۆخە دەربچم گوتم هۆگۆ ستایش دەكەم، بەڵام لەڕاستیدا ئەوانی دی چەندە بەلای منەوە ستایش دەكرێن هۆگۆش هەر ئەوەندە. نا ستایش هەستێكە لەسەر بنەمای ئەو گریمانەیە كە ستایشكەر نزمترە لە ستایشكراو. دەشزانیت بەبڕوای من هەموو مرۆڤەكان یەكسانن، ستایش لەم نێوەدا لە گۆڕێ نییە، ڕێز هەستێكی ڕاستەقینەیە كە دەتوانرێ لە مرۆڤێكەوە بۆ مرۆڤێكی دیكە چاوەڕێ بكرێت.

**لە خۆشەویستیش زیاتر؟**

+ نا، خۆشەویستی و ڕێزگرتن دوو ڕووی یەك ڕاستین، لە پەیوەندییەكی مرۆڤانەدا، لەگەڵ یەكدیدا ڕاستگۆن. ئەمە بەو مانایە نییە، كە خۆشەویستی پێویستی بە ڕێزی تەواوەتی بێت، یاخود ڕێز پێویستی بە خۆشەویستی بێت، بەڵام كاتێك هەردووكیان پێكەوە بن، دۆخی ڕاستەقینەی مرۆیی لە بەرانبەر مرۆڤێكی دیكەوە دێتەدی، بەڵام ئێمە هێشتا بەم قۆناغە نەگەیشتووین. ڕۆژێ دادێ كە دونیا نـاوەوەی مرۆڤ بەتەواوی بدۆزرێتەوە.

**ئـێـوە چـۆن ئـەم مەسەلەیە لای خـۆتـان چـارەسـەر دەكـەن، لەكاتێكدا لە هاوڕێیەتیدا ناپەیدار، لە خۆشەویستیدا پایەدارن؟**

+ من لە هاوڕێیەتیدا ناپایەدار نیم. دەتوانی بڵێی پەیوەندی هاوڕێیانەی من لەگەڵ كەسانی دیكەدا كەمتر لەبەرچاو گیراوە، تاكو پەیوەندی خۆشەویستیم. ئێوە چۆن دەڵێن كە من لە هاوڕێیەتیدا ناپایەدارم؟

**بەنموونە لە هاوڕێیەتیتاندا لەگەڵ كامۆ؟**

+ بەڵام من هەرگیز دژی كامۆ نەبووم. من لە دژی ئەو وتـارە بـووم كە ئەو بۆ گۆڤارەكەی منی ناردبوو و منی بە (بەڕێز بـەڕێـوەبـەر) نـاوبـردبـوو، لە وتارەكەیدا قسەگەلێكی هەڵیت و پەڵیتی لەبارەی وتـارەكـەی فرانسس ژانـسـۆن كردبوو. وەڵامدانەوەی وتارەكەی ژانسۆن مافی خۆی بوو، بەڵام نەك بەوجۆرەی كە نوسیبووی. وتارەكەی كامۆ منی توڕە كرد.

**ئایا پچڕانی پەیوەندیتان كە لە دوای ئەمەوە بوو، كاریگەری زۆری لە ئێوەكرد؟**

+ لە ڕاستیدا نەخێر، لە دوای ئەمەوە گەلێك كەم یەكترمان دەبینی. لەو ساڵانەی دواییەوە هەر جارێك منی دەبینی دەستی دەكرد بە گلەی و گازندە: من فڵانە كارم كردبوو، من فڵانە شتم وتبوو، تۆ شتێكت نوسی بوو بەلای منەوە خۆش نەبوو، لەسەر بنەمای ئەمانە مقۆمقۆمان دەكرد. هێشتا كار نەگەیشتبووە ناخۆشی، بەڵام پەیوەندیشمان بەو ڕادەیە نەبوو.

كامۆ زۆر گـۆڕا بـوو، لـە سـەرەتـای كاركردنییەوە نەیدەزانی نوسەرێكی مەزنە. مرۆڤێكی خـۆشـمـەشـرەب بـوو، لەگەڵ یەكدی گاڵتەی زۆرمان هەبوو، سەبارەت بە مەسەلە تایبەتەكان بێباكانە قسەی دەكرد. منیش هـەروا بـووم. لەگەڵ یەكدی زۆر قسەی گاڵتەئامێزمان دەكرد و هاوسەرەكەی ئـەو و سیمۆن دیبۆڤار وایـان دەنواند لەم قسانە نیگەرانن. دوو سێ ساڵ بە ڕاستی پەیوەندییەكی زۆر باشمان هەبوو. سەبارەت بە بابەتە ڕۆشنبیرییەكان نەدەكرا، لەگەڵ ئەو زۆر دوور بڕۆیت، چونكە زوو مەترسی لێ دەنیشت، لە ڕاستیدا كامۆ شتێكی لە تایبەتمەندییەكانی گەنجانی گەڕەك و شەقامەكانی جەزائیر تێدا بوو.بە خۆشمەشرەبییەكی زۆرەوە. لەم دوایانەوە ئەمە لەناو ئـەودا هاوڕێیەتییەكی باشی دەرەخساند .

**بەهەر حـاڵ، كەسانێكی زۆر لـە ژیـانـی ئـێـوە چـوونـەتـە دەرەوە بەتایبەتی ئەوانەیان كە پیاو بوون.**

+ زۆرێـك لە ژنانیش لە ژیانی منداچوونەتە دەرەوە. هەندێكیان بەهۆی كارەساتی مردنەوەو ئەوانی دیكەیان بە هۆكارگەلی دیكە. بەگشتی وانـازانـم لە هاوڕێیەتیدا لە كەسانی دیكە ناپایەدارتر بم. بەنموونە پەیوەندیم لەگەڵ بۆست بەهەمان ئەنداوەی سیمۆن دیبۆڤار كۆنە. ئەو كەسانەی بە (خێزان) نـاوم دەبـردن هێشتا تا ڕادەیــەك لـەگـەڵ هەموویان پەیوەندیم هەیە. بەنموونە من و پۆیۆن سی و پێنج ساڵە هاوڕێین.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، هاوڕێیەتیم لەگەڵ جیاكۆمتی دەرئەنجامێكی سەیری هەبوو، هۆكارەكەی هەڵەتێگەیشتنێك بوو كە بە تـەواوی سەرم لێ دەرنەكرد، بەڵام ئەمەیان چیرۆكێكی ترە. ئەویش كەمێك بەر لە مردنی ڕووی لە من وەرگێڕا، ئەمە لە ڕوانگەی منەوە لە هەڵەتێگەیشتنی منەوە سەرچاوەی گرتبوو.

**زۆر کەس ئەوەی کەسێکی وەک (ژان کۆ) ئەم دوایانەوە دووچار ئەو دۆخە بووبوو، کە سەردەمێکی زۆر سکرتێری ئێوە بوو، سەرسامی خۆیان دەردەبڕن!**

+ بڕوانە، گۆڕانی ئەم دوای (ژانکۆ) هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نییە.

**ئەو کاتەوەی ئێوە دەناسم، ئەوەی من سەرسام دەکات ئەوەیە کاتێک ئێوە سەبارەت بە هاوڕێکانی خۆتان دەدوێن، بەزۆری بەتوندی ڕەخنەیان لێ دەگرن؟**

+ چونکە دەزانم چۆنن! دەزانم خۆشم چۆنم هەمان سەختگیرم لە بەرانبەر خۆشمەوە هەیە.

**ئەگەر بڕیار بێت سەبارەت بە خۆتان سەختگیر بن، لەبارەی خۆتانەوە چی دەڵێن؟**

+ بەگشتی بابەتێکی لەم جۆرە، هەمیشە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە (ڕادیکاڵ)بوونی خۆم تاکو دوا ڕادە نەپاراستووە. بە سروشتی من لە ژیانمدا هەڵەی گەورە و بچوکم کردووە کە هۆکارگەلی جۆربەجۆریان هەبووە، بەڵام لە قوڵی دۆخەکەدا هەر جارێك هەڵەیەکم کردبێت بەهۆی ئەوەوە بووەوە کە بەڕادەی پێویست (ڕادیکاڵ) نەبووم.

**ئەوەی ئێوە بەجۆرێکی سەیر لێی دوورن هەستی کەمتەرخەمییە!**

+ ڕاستە. من هەستێکی لەم جۆرەم نییە، هەرگیزیش نەمبووە، لە ڕاستیشدا کەمتەرخەم نەکردوە. هەر لە دەسپێکی منداڵیمەوە خێزانەکەم واهایان تێگەیاندووم کە من منداڵێکی بەکەڵکم. لەهەمانکاتدا ئەو هەستەی کە من بوونێکی(پێویست) نیم، لەناو مندا ئاڕاستەیەك لەگەڵ هەستی بە بەهابووندا لە دژایەتیدا بوون، چونکە بەها کە کەتوارێکی پەتییە، دەرکەوتنی ئایدۆلۆژیاکان و لەخۆبێگانەبوون و ناپێویست بوون دەهێنێتەئاراوە. من دەستناوێژێکم بۆ ڕزگاربوون لەم دۆخە دۆزیوەتەوە. خۆم بە خاوەن بەها دەبینی، لەو ڕووەوە کە کەسانی دیکە (ناپێویست بوون)خۆیان هەست پێدەکرد و من هەستم پێدەکرد. بەم جۆرە من بوومە مرۆڤێك لە دۆخی(مومکین) بدوێت، لە ئەنجامدا بوومە کەسێك بەهای خۆی لە دۆزینەوەی مانا وتێگەشتنی ئەم بەهایە بزانێت، ئەمە مەسەلەیەکی زۆر ڕوونە.

**ئایا لاتان وا نییە، بۆ نموونە شێوازی پارەخەرجکردنی ئێوە ئەوانەیە نیشانگەلێکی کەمتەرخەمی تێدا بێت؟**

+ وانازانم. یەکەمین بابەتێك شیاوی وتن بێت ئەوەیە کە من لە خێزانێکدا گەورە نەبووم کە تێیدا پەیوەندی پارەوە ئیش بە شێوەیەکی ڕوون بە دژوار و خەمهێنەر تەماشا بکرێت. باوەگەورەم زۆر کاری دەکرد، بەڵام سەروکاری لەگەڵ نوسیندا بوو، لە ڕوانگەی منەوە خوێندن و نوسین بە جۆرێك سەرگەرمی دەزانرێت. باوەگەورەم دەینوسی و سەرگەرم بوو، تێکستگەلی بۆ چاپکردن پاکنوس دەکرد، ئەمەش منی دەهێنایە جۆش. لە هەمانکاتدا ژووری کارکردنەکەی پڕ بوو لە کتێب. باوەگەورەم لەگەڵ خەڵکی گفتوگۆی دەکرد و وانەی ئەڵمانی دەوتەوە، هەموو ئەمانە دەبوونە هۆی ئەوەی پارە بەدەست بهێنێ، دەبینیت پەیوەندی کارو پارە ئەوەندە ڕوون نییە، لە پاشان کاتێکیش خۆم دەستم بە نوسین کرد، لەنێوان ئەو پارەیەی کە بەدەستم دەهێنا و ئەو کتێبانەی کە دەمنوسین پەیوەندییەك نەبوو: من لەم پەیوەندیە هیچ تێنەدەگەیشتم چونکە بەهای کتێبم بە شتێك دەزانی کە پێویستە لەماوەی سەدەکاندا دەرکەوێت، لەئەنجامدا ئەو پارەیەی کە کتێب بۆی بەدەست دەهێنام بۆ خۆی نیشانەی دۆخێکی (ناپێویست) بوو. دەسپێکی پەیوەندی پارەو ژیانی من چۆن بوو هەر بەوە جۆرە مایەوە: پەیوەندیەکی ئالۆزیکی

کاری من و شێوەی ژیانم لەگۆڕێ بوو، هەوڵدانێك کە من چێژم لی وەردەگرت- نوسین هەمیشە بۆ من خۆشحاڵکەربووە، هەروەها کاری ئەوەکی مامۆستایی کە ئاڕاستەیەك پەیوەست بوو بە هەموو ئەمانەوە بێزاری نەدەکردم. من ئەمانەم خۆشدەویست. لەم دۆخەدا دەبێ بۆچی پارە بە من بدەن؟ لەگەڵ ئەوەشدا پێیان دەدام

**سەبارەت بە هەستی کەمتەرخەمیتان، من زیاتر بیر لەشێوەی پارەبەخشینی ئێوە دەکەمەوە.**

+ بۆ ئەوەی پارە ببەخشم سەرەتا دەبێت هەمبێت. تاکو بەر لە تەمەنی هەژدە نۆزدە ساڵی نەمدەتوانی پارە بە هیچ کەسی ببەخشم کاتێ لە خوێندنی باڵا بووم وانەی تایبەتی ئەڵمانیم دەوتەوە و پارەیەکم بەدەست دەهێنا. کەوایە دەمتوانی پارە بە کەسێك بدەم، بەڵام چ شتێکم دەبەخشی؟ ئەو پارە کاغەزەی کە لەبەرانبەر کارێکەوە کە من خۆشم دەویست بەمیان دابوو. من وەك خۆم هەستم بە سەنگین و قورسایی بەهای پارە نەدەکرد: پارە کاغەزەکانم هەست پێ دەکرد، هەر بەوجۆرەی بەدەستم هێنابوون بەم و بەوم دەبەخشین هیچ بە هیچ.

**ئێوە توانی بەو پارانەتان شتێك بكڕن و بینە موڵكدار.**

+ ئەمەشم دەكرد. هەموو ئەو پارانەی كە بەدەستم دەهێنان ئەمدەبەخشین و شتگەلێكیشم دەكڕین، بەڵام هەرگیز نەمویستووە ببمە خاوەن خانوو یان ئاپارتمانێكی خۆم. وانازانم بچوكترین هەستی كەمتەرخەمی لە شێوەی پارە بەخشینی مندا هەبێت. دەمبەخشی، چونكە دەمتوانی ببەخشم، بەو كەسانەم دەبەخشی كە پێویستیان پێ بوو. هەرگیز بۆ قەرەبووكردنەوەی هەڵەیەك، یان بۆ ئەوەی پارەكانم زیاد بكەن، پارەم بەكەس نەبەخشیووە.

**دوای ناسینتان، ئەوە لە سەرەتاوە منی سەرسام دەكرد ئەوە بوو كە بەزۆری ئێوە بڕێكی زۆر پارە لە گیرفانتاندا هەڵدەگرن، بۆچی هێندە پارە هەڵدەگرن؟**

+ ڕاستە. من بـەزۆری زیاتر لە دە هەزار فرنكم لە گیرفانمدایە. زۆر جار بەم بۆنەیەوە سەرزەنشتیان كردووم بەنموونە سیمۆن دیبۆڤار ئەم كارەی من بە گاڵتەجاڕی دەزانی، لە ڕاستیشدا گەمژانەیە، بەڵام ڕاستییەكەی ئەوەیە ئەگەر ئێستا ئەم بڕە پارەیە لە گیرفانمدا هەڵئەگرم لە ترسی ون كردن و گیرفانبڕەكان نییە، بەڵكو بەهۆی لاوازی بینینمەوەیە. ئیدی پارەكاغەزییەكانم بۆ لێك جیاناكرێنەوە، ئەمەش كێشەیەكی زۆرم بۆ دروست دەكات. مەسەلەكە ئەوەیە حەزم لێیە هەمیشە پارەم پێ بێت، پێچەوانەكەی بۆم نائاساییە.

دەبێ ئـەوەش بڵێم كە ئەمە یەكەمجارەمە هۆكاری ئەم كارەم لێ دەپرسن. دەزانم ئەگەر بڕێكی زۆر پارە هەڵگریت، ئەو هەستە لای كەسانی دیكە دروسـت دەكـات، كە ئەو كەسە ((پــارەدار))ە.( بیرمە لە (كوت دازۆر) لەگەڵ سیمۆن دیبۆڤار بەزۆری بۆ هۆتێلێكی دیاریكراو دەچووین ڕۆژێكیان خانمی خاوەن هۆتێل گلەی لەلای سیمۆن دیبۆڤار كردبوو، وتبوو فڵانە كەس هەركات پارە دەدات، بەستە پارەیەكی قەبە بـەڕووی مرۆڤدا دەكێشێ)، لەگەڵ ئەمەشدا من كەسێكی پـارەدار نیم. نەخێر من پـارەدار نیم، ئەگەر حـەزدەكـەم پـارەی زۆر هەڵگرم، هۆكارەكەی بە جۆرێك لە جۆرەكان پەیوەستە بە پێداویستیەكانمەوە لە ماڵەوە، هەرچەندە هەموو ڕۆژێك هەمان جلی ڕۆژی پێشوو لەبەردەكەم و بەدەگمەن دەیان گۆڕم، زیاتر پەیوەندی بە چاویلكە و جگەرەو چەرخەكەمەوەیە.

من حـەزم لێیە لە پێداویستیەكانی ژیان هەرچەند بۆم بلوێت پێم بن، ئەو دۆخەش كە وەك بڵێی ژیانی ڕۆژانەم لەم ساتەدا پێناسەكەری تـەواوی ژیانی منە. واتـە هەرچییەك هەم، بەتەواوی لەم ساتەدا بم و وابەستە نەبم بە هیچ كەسێكەوە، جا ئەو كەسە هەركەسێك بێت، هیچ شتێكم نەوێت و هەموو پێداویستییەكانم لەبەردەستدابن. ئەم دۆخە بەجۆرێك لە جۆرەكان، نیشاندەری ئەوەیە كە من خۆم لەوانی دیكە بە زیاتر دەزانم، هەستێك كە بێگومان نالۆژیكیە، من لەم خاڵە بەئاگام.

**ئێوە بـەزۆری بەخشیشی زۆریش دەدەن؟**

+ هەمیشە.

**ڕەنگە ئـەم كـارە بـەلای وەرگرانی بەخشیشەوە بێزاركەر بێت!**

+ لێرەدا ئێوە زیادەڕۆی دەكەن.

**وتنی ئەم بابەتە بە ئێوە كارێكی زیادەیە، بەڵام پێویستە ئیمكانی بەخشیشی بەرانبەر بوونی هەبێت، تاكو بەخشیشەكە بەجۆرێك لە جۆرەكان لەلای كەسی وەرگر بە كەمزانی دروست نەكات.**

+ لەم ڕووەوە ئیمكانی بەخشیش بەرانبەری نییە، بـەڵام ئیمكانی(باش بـوون) لەگۆڕێیە. خزمەتكاری ڕیستۆرانتێك دەزانـــی، كـە من بەخشیشی زۆر بەو دەدەم، ئەویش لەبەرانبەردا

**من حەزم لێیە لە پێداویستیەكانی ژیان هەرچەند بۆم بلوێت پێم بن، ئەو دۆخەش كە وەك بڵێی ژیانی ڕۆژانەم لەم ساتەدا پێناسـەكەری تەواوی ژیانی منە. واتە هەرچییەك هەم بەتەواوی لەم ساتەدا بم و وابەستە نەبم بە هیچ كەسێكەوە**



دەبێتە خزمەتکارێکی نەجیب و باش. من وا بیردەکەمەوە لەبەرئەوەی بڕیارە مرۆڤێك بە بەخشیشی من و تۆ بژیت، ئەگەر بۆم بلوێت زۆرترین پارەی دەدەمـێ، چونکە ئێستا گوزەرانی ژیانی کەسێ لە ئەستۆی مندایە، پێویستە چەندە بۆم دەلوێت ژیانی باشتر بکەم.

**ئێوە پارەیەکی زۆرتان بەدەست هێناوە..**

+ بەڵێ، من پارەم بەدەست هێناوە.

**ئەگەر ئەو پارانەی کە بەدەستتان هێناون کۆبکەنەوە بڕێکی زۆرتان بەدەستهێناوە چیتان لێکردووە؟**

+ وتنی بۆم دژوارە. بڕێکیم بەخشیوە بە کەسانی دیکە. بڕێکی زۆریشـم بۆ خۆم خەرجکردوە، واتە بۆ کڕینی کتێب و خەرجی گەشتی بەکارم بردووە- ڕاهاتبووم لە گەشتەکانمدا پارەی زۆر خەرج بکەم پێشتر کە لە ئێستا پارەی زیاترم بەدەست دەهێنا، هەمیشە دەمویست لە ڕادەی پێویستی خۆم زیاتر پارە هەڵگرم.

**لە ترسی پارە لێ بران؟**

+ تاڕادەیەك، لەوانەیە. نەنکم هەمیشە هەرکاتێك پـارەی بە من دەدا دەیـوت: ((ئەگەر شوشە یان شتێکتان شکاند پێویستە پارەیەکت لە گیرفاندا بـێـت)). هێشتا شتێکم لە بیرەوەری ئەو ڕۆژانە لەبیرماوە. تەنانەت ئەمڕۆش کاتێك پارەیەکی زۆرم بۆ نامێنێتەوە، نیگەرانم. دۆخی لەم جۆرەشم بەسەردا هاتووە. چەندین جار ڕوویداوە بە تەواوەتی پارەم لێبڕێ. جارێکیشیان دایکم دوازدە هـەزار فرانکی پێدام بۆ بژاردنی باجەکانم. ڕاستییەکەی ئەوەیە من هەمیشە زیاتر لەوەی کە هەمبووە خەرجم کردووە...

بەنموونە بژاردنی باجەکانم لەبەرچاو ناگرم.. چەند ساڵێکە دەزگای بڵاوکردنەوەی گالیمار بڕێك پارە بۆ بژاردنی باج لە حسابەکەم دەردەهێنن.

**پارەکانـتان لە چیدا خەرج دەکەن؟**

+ بـە چـاوپـۆشـیـن لــە خـەرجـی گەشتکردنم بۆ خۆم بەشێوەیەکی گشتی کەم خەرجم، لە شەو و ڕۆژێکدا یەك جار لە ڕیستۆرانت نان دەخۆم (هەمیشە لەگەڵ کەسێکدا)، ڕۆژانـە لە دەوروبـەری سەد فرانك خەرج دەکـەم، پاشان پارە جگەرە پەدەگمەنیش خەرجی جل و بەرگ. کتێب (چاپخانەکان) بۆم دەنێرن-پێشتر زۆر کتێبم دەکڕی بەڵام زۆر بەر لە ئێستا دەمێێتەوە خەرجی پاککردنەوەو کرێی ئاپارتمان کە تا ڕادەیەك گرانە- دوو هەزار فرانك دەبێت، بەڵام بێجگە لەمانەش دیسانەوە خەرجی دیکەم هەیە.

**مانگی چەند خەرج دەکەیت؟**

+ کەسانێك هەن خەرجی ژیانیان من بەڕێوەی دەبەم: کۆی ئەم پارانە لە مانگێکدا پازدە هەزار فرانکە، کە لە خەرجی تایبەتی خۆم زیاترە (لە دەوروبـەری سێ هەزار فرانکە لە مانگێکدا).بەم شێوەیە کۆی ئەو پارانەی کە لە مانگێکدا خەرجی دەکەم لە دەوروبـەری هـەژدە هـەزار فرانکدایە. سکرتێرەکەم (بویەك) هەر مانگێك بڕی ٧٢٥٠ فرانك کە دەزگای گالیمار لەبەرانبەر مافی کتێبەکانمدا بە منی دەداو دە هەزار فرانکی دیکە بە دەست دەهێنێت.

**ئەو دە هەزار فرانکە، لە کوێوە دێت؟**

+ یەکەم لە ئەنجومەنی نوسەرانەوە، لەبەرانبەر بەرهەمەکانمەوە کە لە فەرەنسادا دەخرێنە ڕوو، یان ئەو پارەیەی کە ڕادیۆ، یان تەلەفزیۆن بۆ سود وەرگرتن لە کتێبەکانم دەیدەن، دووەمیش لەلایەن بریگرتەکەمەوە ژیزل حلیمی لەبەرانبەر شانۆنامە، فیلم چاوپێکەوتنەکانمەوە و هتد... ئەم پارانە لەو پارەیە زیاترە کە بەهۆی پۆلێنبەندی کتێبەکانمەوە- بە مانای تایبەت- دەستم دەکەوێت، ئەگەر هەڵە نەبم ساڵی ڕابردوو دەبوو سەد و پەنجا هەزار فرانك باج بدەم سەرباری ئەمانەش پارەی خانەنشینی کاری ئازاد وەردەگرم، کە هەر شەش مانگ جارێك لەدەوروبەری هەشت هەزار فرانك دەبێت. لەم نێوەدا گەورەترین بڕە پارە پەیوەستە بە ژیزل حلیمی و ساڵی دوجار چەند هەزار فرانکێك بە من دەدات، بەڵام لە ئێستادا دەنگوباسی هیچ یەك لەم دەرامەتانە نییە، بۆ یەکەمین جارە نازانم دەبێ چی بکەم.

**ئیدی هاوکاری گروپگەلی وەك (لیبراسیۆن)ناکەن کە پێشتر پارەتان پێ دەدان؟**

+ نا ئیدی ناتوانم.

**با لەم بابەتە بگەڕێین. ئێوە لە دەوروبـەری ساڵی ١٩٦٧دا وتـان، ((ئیلیاد ) کێلی گۆڕە، من نامەوێت بـە زیـنـدووی بـەخـاك بسپێرێم))، پاشان بیروڕاتان گۆڕاو مۆڵەتتان دا کە ڕۆمانەکانتان لە کۆبەرهەمی پلییاد دا چاپکرێن. چۆن لە بیروڕای یەکەمتان پاشگەزبوونەوە؟**

+ کەوتمە ژێر کاریگەرییەوە، بە تایبەتی کاریگەری سیمۆن دیبۆڤارو چەند کەسێکی دیکە، کە لەم بارەیەوە پرسیارم پێکردن و هەموویان لایان باش بوو بەرهەمەکانم لەم کۆبەرهەمەدا چاپ بکەم. بەدەر لەمەش بەرهەمی نوسەرانی زیندووی دیکە لە کۆبەرهەمی پلییاد دا بڵاوکرابوونەوە. کەوایە




پلپاد تایبەتمەندی کێلی گۆڕی تێپەڕاندوە. چاپکردنی بەرهەم لە پلپاد واتە قۆناغێکی دیکەی بەناوبانگ بوون: واتە کتێبەکانی منیش بەشێکن لە بەرهەمی (کلاسیك)، لە کاتێکدا بەر لەمەش نوسەرێك بووم وەك نوسەرانی دیکە.

**بە کورتی، واژووتان لەسەری کرد؟**

\+ بە تـەواوی وایـە. لـەم ڕووەوە خۆشحاڵم، دەمـەوێـت هـەرچـی زووە کتێبەکانم لەم کۆبەرهەمەدا ببینم. لەوایە ئەم هەستە پاشماوەی سەردەمی منداڵی بێت، بەناوبانگیم لەوەدا دەبینی هەموو بەرهەمەکانم لە کۆبەرهەمێکی شێکدا بڵاوبێنەوە، کە بەرهەمەکانی هەموو کەسێك بڵاوئەکاتەوە. دەبێت شتێك لەو ڕۆژانە لە زەینمدا مابێتەوە: واتە بەرهەمەکانی من لە هەمان کۆبەرهەمدا بڵاوبکرێنەوە کە بەرهەمەکانی ماکیاڤیلی و...

**ئێوە لە ئێستاوە نوسەرێکی (کلاسیك)ین، کلاسیك و پابەند، بەڵام لاتان وانییە کە سەرەکیترین بەشی بیرکردنەوەی ئێوە، واتە ئـازادی و بەرپرسیارییەتی تاك، بەربەستێك بێت لە ڕێگەی ئاگای ڕاستەڕەوانە سیاسی؟**

\+ لـەوانـەیـە، بـەڵام بـە بۆچوونی من هەرکە بەرهەمێك لەناو خەڵکیدا بـڵاوبـووەوە، هـەمـیـشـە ئـەم جـۆرە هەڵەتێگەیشتنانە ڕوودەدەن. زیندوترین و قوڵترین هـزر ئـەوەیـە زۆر بەرهەم هاتبێت، بـەڵام ئەگەر بە هەڵە ڕاڤـەی بۆ بکرێ زیانێکی زۆری لێدەکەوێتەوە، بـەبـڕوای مـن ئـەگـەر تـیـۆری ئـازادی لە هەمانکاتدا جۆرەکانی(لەخۆبێگانەبوون) ڕوون نەکاتەوە، لەوانەیە ئـازادی ساختە و وەلابخات ، یان بە شێوەی دژە ئازادی دەرکەوێت. تیۆرێکی لەم جۆرە لەوانەیە ببێتە هۆی گومڕای کەسێك، کە لە هەموو ئیمکان و پێداویستییەکانی ئازادی تێناگات، یان لای وایە ئازادی لە هەموو شوێنێکدا هەیە، بەڵام ئەگەر ئەوەی من نوسیومە بە باشی بخوێنرێتەوە، لام وانییە هەڵەیەکی لەم جۆرە بهێنێتە ئاراوە.

لـەو بەرنامە تەلەفزیۆنیانەی کە بـەدەسـتـمـانـەوەیـە ڕوونـکـردنـەوە لەم بـارەیـەوە دەدەم، یەکێکە لە گرنگترین بابەتی بەرنامەکان کە وەك ئەنجامی گفتوگۆکەیە لەسەر ئەم بابەتە دەبێت، بـەڵام ئـەم ڕوونـکـردنـەوەیـە بابەتێکی کەسی و ناڕاستەوخۆیە، پەیوەست نییە بە بواری فەلسەفییەوە، یان بەلایەنی کەمەوە دەربڕینەکەی فەلسەفیانە نییە.

**ئەو بـاوەڕەدان خەڵکی ڕازی بکەن؟**

\+ نازانم، من هەوڵی خۆم دەدەم.

**فرانسوا ژیـرۆ لە دواهەمین وتاری خۆیدا لە ڕۆژنامەی(سەردەمی نوێ) دا دەنوسێت، ((ئەگەر ئەندێشەکانی من نەیان توانیوە هەموو خەڵکی ڕازی بکەن، زۆر گومانم ئەوە هەیە کە هۆکارەکەی ئەوە بووە کە لە سەداسەد ڕاستیەتی تێدا نەبووە)). ئایا ئەگەری**

**هەیە ڕستەی ئەم جۆرە بە فەلسەفەی ئێوەش بنووسرێت؟**

+ ڕستەیەکی جوانە. ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە لە ساتێکی دیاریکراودا بە بیری هەرکەسێکدا دێت. ئەم قسەیە بەو مانایە نییە، کە ئەم ڕستەیە ڕاست بێت. هزرگەلێك هەن بۆ ئەوەی خەڵکی باوەڕیان پێ بهێنێت کاتیان پێویستە. ساتگەلێکیش هەن هەموو کەسێك دووچـاری نائومێدی دەبێت. لە ساتێکی لەم جۆرەدا ئەگەری زۆرە منیش ڕستەیەکی لەم جۆرە بنوسم. لەم ڕستەیەدا دەسـتـەواژەی (هەموو خەڵکی) لەشوێن خـۆیـدا نییە، چونکە چەقی بابەتەکە حەقیقەتی هـزرە نـەك هەموو خەڵکی. ئـەوەش هەڵەیە کە وابزانرێت هزرگەلی ڕاستەقینە یەکسەر شوێنی خۆیان دەگرن. گریمان سوقرات لە ساتی مردنیدا ڕستەیەکی وەك ئەمەی فرانسوا ژیرۆی بوتایە، دەزانی گاڵتەجاڕانە بـوو! هزرەکانی سوقرات کاریگەریان لە جیهان کرد، بەڵام دواتر.

**ئـێـوە چـی؟ ئـەو بـــاوەڕەدان هزرکانتان گاریگەرییان هەبوو بێت؟**

+ هیوادارم کاریگەر بن، بە بڕوای من خودی نوسەر سەبارەت بەوەی کە هزرەکانی لە ماوەی ژیانیدا چ کاریگەرییکیان هەبووە، بەڵگەی پێویستی لەبەر دەستدا نییە، لە ڕاستیدا بەم جۆرەیە.

**بــە نــمــوونــە نــامــەی خوێنەرەکانتان لەم بارەیەوە، شتێك بۆ ئێوە دەرناخەن؟**

+ نامەی خوێنەرێك دەتـوانـی چی دەربخات ؟ لە هەمانکاتدا لەم دوایانەوە زۆر نامە بە من ناگات. سەردەمانێك نامەی زۆرم بۆ دەهات، بەڵام لە ئێستادا تاڕادەیەك ژمارەیان بە سفر گەیشتووە. ئەو نامانەش کە بەدەستم دەگەن، ئەوەندە سەرنجڕاکێش نین، بە نموونە کاتێ بنوسرێت حەزمان لە نوسینەکانی تۆیە، بۆ من بەرهەمێکی نییە، شتێکی گرنگیش نییە.

**ئایا لاتـان وانییە پیری واتە نـەمـە، واتـە خـوێـنـساردی و گوێ پێنەدان؟**

+ من کەی وتوومە خوێنسارد و گوێ پێنادەرم

**ئەوەی تاکو ئێستاش سەرنجی ئێوە ڕادەکێشی چییە؟**

+ هەر بەو جۆرەی کە وتم مۆسیقا و فەلسەفە و سیاسەتە.

**ئایا ئەمانە ئێوە دەوروژێنن؟**

+ نەخێر، ئیدی شتێکی گرنگ نییە، کە من بوروژێنێ. خۆم تاڕادەیەك بەرزتر لەم ئاستە دەبینم

**ئایا شتێکتان بە بیردا دێت بۆ ئەم چاوپێکەوتنە زیاد بکرێت؟**

+ لەلایەکەوە هەموو شتێك و لەلایەکی دیکەوە هیچ شتێك. هەموو شتێك، چونکە ئەو قسانەی کە کردمن هەموو شتێکە، لە کاتێکدا هەموو شتێك پێویستە بە وردی و تاکو قوڵی لێی بکۆڵرێتەوە، بەڵام ئەم بەجکۆڵییە لە چاوپێکەوتن دەست نادات. ئەمەش شتێکە من لە کۆتایی هەموو چاوپێکەوتنێکدا ڕووبـەڕووی دەبمـەوە. چاوپێکەوتن هەمیشە کەموکورت و ناتەواوە، چونکە لە کۆتایی هەر چاوپێکەوتنێکدا هەمیشە زۆر شت دەمێنن کە نە وتراون، ئەگەر چاوپێکەوتن بابەتگەلێك و وەڵامی ئەو بابەتانە بخاتەڕوو، پێچەوانەی ئەوانەش لەخۆ دەگرێت، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، چاوپێکەوتنەکەی ئێوە وەك وێنەیەك بۆ تەمەنی حەفتا ساڵی من، ئەمە بوو کە ئەنجام درا.

**ئایا ئێوەش بەهەمان شێوەی سیمۆن دیبۆڤار لە کۆتاییدا بەو ئاکامە دەگـەن، کـە (فـریـو)ی ژیـان ئێوەی هەڵخەڵەتاندووە؟**

+ نەخێر، من بانگەشەی لەم جۆرە ناکەم. لە هەمان کاتدا دەزانـن سیمۆن دیبۆڤاریش نوسیویەتی مەبەستی ئەوە نەبووە کە لە ژیاندا فریوو دراوە، بەڵکو لەسەرویەندێکدا کە کتێبی ئەو ی دەنوسی، واتە پاش شەڕی جەزائیر، هەستی بە فریوو خواردنی خۆی کـردووە، بەڵام من قسەی لەم جۆرە ناکەم، من فریوی هیچ شتێکم نەخواردوە و هیچ شتێکیش منی نائومێد نەکردوە. من خەڵکی باش و خراپم ناسیوە، لە هەمانکاتدا خەڵکی خراپیش هەمیشە بۆ گەیشتن بە هەندێك لە ئامانجەکانیان بەم جۆرەن- من لە ژیانمدا شتگەلێکم نوسیوەو ژیاوم و شتێك نییە، خەفەتی بۆ بخۆم.

**بە گشتی تاکو ئەم ساتە، ژیان بەلای ئێوەوە خۆش بووە؟**

+ بە گشتی بەڵێ. شتێك بێتە هۆی ناڕەزایی من لە ژیاندا نەمبینیوە. ئەوەی لە ژیـان دەمخواست پێی بەخشیم، لە هەمانکاتدا تێگەیاندم شتێکی گرنگ نەبوو، بەڵام لەم بارەیەوە چی دەکرێت؟

))چاوپێکەوتنەکە لـە نـاو قاقای پێکەنیندا، کە لەڕیتمی دواهەمین ڕستەوە سەرچاوەی گرتبوو و نیشانەی نائومێدی بوو کۆتایی پێهات. ((


+ پێویستە پێکەنینەکەش تۆمار بکەیت. بنوسە بە پێکەنینەوە.

**سەرچاوە(اگزیستانسیالیسم و اصالت بشر)**


**وەرگێـرانـی بۆ فارسی، مستەفا رحیمی**

# فایلی ژماره (1)

# جاك لاكان




پۆرترێیەك لەسەرزیانو.................لە ئەڵمانییەوە: پێشەوا فەتاح......................119
پێشەکیەك لەبارەی......................لە فارسیەوە: ئارام مەحمود ئەحمەد..................125
جاك لاكان بیرمەند......................لە فارسیەوە: ئەکرەم میهرداد.........................133
تێرمە بەکارهاتووەکانی..................لە عەرەبییەوە: ئومێد عوسمان.......................141
جاك لاكان...............................لە ئینگلیزییەوە: پێشڕەو محەمەد......................145
جاك لاكان شا رێگەی....................لە ئینگلیزییەوە: ماجد خەلیل.........................151
گەشەی سێکسی و.......................لە ئینگلیزییەوە: شاسوار کەمال مەحمود............157


Jaques Lacan



# پۆرترێیەك لەسەر

# جاك لاكان

**لە ئەڵمانییەوە: پێشەوا فەتاح**

ژاک ماغی ئێمیل لاکان، کە بە ژاک لاکان بەناوبانگە ١٣ی ئیسانی ساڵی ١٩٠١ لە پاریس لەدایکبووە و ٩ی سێپتێمبەری ١٩٨١ لە ئێبندا کۆچی دوایی کردووە. دەروونناس و دەروونشیکارێکی فەرەنسی بووە، کە لەرێی تەفسیرکردنەوەیەکی نوێی کارەکانی سیگوموند فرۆیدەوە ناوبانگی جیهانی بەدەستهێناوە. تەفسیرەکەی لەژێر ناونیشانی «گەڕانەوە بۆ فرۆید» بڵاوکردەوە و ئامانجەکەی ئەوەبووە لەو شوێنانەدا کە پێی وابووە فرۆید لەپشت مەعریفەکانی خودی خۆیەوە بەجێماوە، درێژەی بە تەشەنەی تیۆرییەکەی بدات. لێرەدا گەڕاوەتەوە بۆ میتۆدەکانی ستراکتورالیزم «پێکهاتەگەرایی» و لینگویستیک «زمانەوانی»، دواتریش بۆ مۆدێلی گرافیکی تۆپۆلۆژیا و مێگەلناسی. ئەم تیۆرسازە کە لە مەودای دەرونشیکاریدا مشتومڕێکی زۆری لەسەر بووە و هەیە، کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر پۆست-ستراکتۆرالیزمەوە هەیە.

ژاک-ماغی ئێمیل لاکان یەکێک بوو لەو کەسایەتیانەی کە زۆرترین مشتومڕ و ئاکۆکی لەسەر هەبوو. بۆ هەندێک بلیمەت و بۆ هەندێکی دیکەش دەجالێک بوو، و لە سەدەی بیستەمدا تەنها کەم بیرمەند هەبوون لە وێنەی ئەو فەزای فکریان لە فۆرم دابێت، ئەویش نەک تەنها لە فەرەنسای نیشتیمانی

خـۆی. لـە ژێـر کـاریـگـەری پێکهاتە زمانەوانییەکانی فێردیناند دێ سۆسیور و ڕۆمـان جاکۆبسن و توێژینەوەکانی ئەلێکساندەر کۆژێڤ لەسەر هیگڵ، و هەروەها لە دیسیپلینی دیکەشەوە، لاکان مادەیەک بۆ مەدرەسە ڕەسەنەکەی خۆی هەڵدەهێنجێت، کە ئامانجەکەی ڕیـفـۆرمـکـردنـەوەی دەرونشیکارییە لـەڕووی پێکهاتەی زمانەوانییەوە. لاکان، کە داوای خوێندنەوەیەکی نوێی فرۆید دەکـات، پێی وایـە کە دواجـار پێکهاتەی هەموو شتێك لەسەر بنەمای زمانەوانی یاخود ئانالۆگی زمانەوانی بنیاتنراوە. لە ئەنجامی تێزەکەی ئەودا دەبێت دەروونشیکاری وەک شیکاری زمـان تێبگەین. تێزە بنەڕەتییەکانی تیۆرییەکەی، کە لەو کەین و بەینەدا زۆر بەناوبانگن، دەڵێن:

«ناخودئاگا خاوەنی پێکهاتەی ڕیشەیی زمانە» و «ناخودئاگا وتەی کەسەکەی تـرە». لەکاتێکدا ناخودئاگا پێکهاتەیەکی میتافۆری-میتۆنیمیکی (میتۆنیمیک واتا ئاڵوگۆڕبوونی ناو) لێ دەردەکەوێت و لە گفتوگۆ لەگەڵ ئەوی دیکەدا پەردەی لەسەر لادەچێت، زمان و سوبێکت لەگەڵ یەکدا لە پەیوەندییەکی مـەرجـداردان: یەکیان بـەبێ ئـەوی دیکەیان بیری لێ ناکرێتەوە. لەگەڵ ئەوەدا ئارەزوو بۆ ڕەزامەندی خەڵکی، کە بڕیار لەسەر جەوهەری مرۆڤ دەدات و دەیخاتە ناو ڕەوتی زمانەوە، کاراکتێری سەرەکی بیرکردنەوەی لاکانییە.




### مرۆڤ بریتییە لە ئارەزوو.

بـە وتـەی لاکـان سـێ پێـوەری جـەوهـەری، کە دەبێت مـرۆڤ وەک سێ سترۆکتۆری بەناویەکداچنراو لێیان تێبگات، دیاردە دەروونییەکانی مرۆڤ و بەو پێیە دیسکۆرسەکەشی دیاریدەکەن: خەیاڵ و سیمبۆل و واقیع. پێوەری خەیاڵی بنچینەکەی خۆی لە قۆناغی ئاوێنەوە 1 وەرگـرتـووە. تۆماربوونی جەستەی خـود لە ئاوێنەدا بۆ ئەو منداڵە واتـای وەهمی یەکەیەک، کە

«من» وەک شکڵێکی ڕووکەش جێگیر دەکات. لەگەڵ ئـەوەدا ئەزموونی «من» لە ئاوێنەدا مۆدێلێکمان دەداتــێ بۆ خۆشووناسکردن لەگەڵ ئـەو کەسەی دیـکـەدا. ئـەو کەسەی دیکە لە دیدی منداڵەکەدا وەک وێنەیەکی لەیەکنەترازاوی فکری دەردەکـەوێـت، کە ئەو خۆی پێ شووناس دەکـات و دەیەوێت بچێتە جێگاکەیەوە. بەڵام ئەوە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە «من» دەبێت ئەو کەسەی دیکە لەناویەرێت، تاوەکو خۆی بکاتە خاوەنی ئەو ئیماگۆیە2. بەڵام لەناوبردنی ئەو کەسەی دیکە لەلایەکی دیکەوە واتـای لەناوبردنی سوبێکتی نەرجیسی3 دەگەیەنێت. ئەو دۆخە بێچارەیە دەتباتە سـەر ڕێگای بازنەیەکی خودکوژی و توندوتیژی و لەبەرئەوە پێویستی بـە کەسێکی سێهەمە، بـە ڕێکخستنێکی سیمبۆلی، واتا زمان، بۆ ئەوەی بتەقێنرێتەوە. ئـەوەی لێرەدا سیمبۆلییە کردەیەکی زەین نییە بەڵکو پێکهاتەیەک، کە تیایدا سوبێکت لە تۆڕێکی پەیوەندیدایە. ئەوەش کۆتایی بە قۆناغی وێناکراو دەهێنێت و سوبێکت لەگەڵ جیهاندا دەخاتە ململانێوە. لەگەڵ ئـەوەدا سوبێکتی «من» لەڕێی کەسەکەی دیکەوە فڕێدەدرێتە ڕێکخستنە سیمبۆلیەکەوە و تیادا ئەخشەسازی بۆ دەکرێت. لاکان ئەو پرۆسەیە بەم شێوەیە ڕوون دەکاتەوە:

«بـوونـەوەری مـرۆڤ پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ ئەو وێنەیەدا هەیە، کە وێنەی خـودی خۆیەتی - پەیوەندی دەلاقـەیـەک، پەیوەندی گرژییەکی خاڵیکراو لە ئامۆیی. لەویادا دەرفەتی ڕێکخستن، ئامادەگی و غائیبی واتا ڕێکخستنی سیمبۆلیی دادەگیرسێت.»

غائیبی و ئامادەگی ئەو کەسەی دیکە یـەکـەم تـۆڕی سیمبۆلی پێکدەهێنێت، کە وادەکات کۆسێپتە وەهمیەکەی «من»یش، کە لە خەیاڵدا تەشەنەی کـردووە، تێپەڕێنێت و بێتە هۆی سەرهەڵدانی «من» لە چوارچێوە سیمبۆلییەکەدا. زمان کە بریتییە لە چوارچێوە سیمبۆلییەکە، هـەوڵـدەدات خـۆی لەگەڵ جیهاندا بگونجێنێت بەڵام «سیستەمی واقیعی چەندەش تەشەنە بە خۆی بدات، دیارە بەشێکی جەوهەری ئەوە لە تۆڕەکانی بنەمای ئارەزوودا بە هەڵواسراوی دەهێڵێتەوە ...»

هـەمـوو ئـەوانـەی کـە لـە سیمبۆلدا دەروازەیـــەک ئـادۆزنـەوە و بـەتـووڕدراوی دەمێننەوە بەڵام بەتەواویش ناتوانرێن سەرکوت بکرێن، لاکان بە واقیع ئاوزەدیان دەکات:

«ئێستی سوبێکت، بیـرکـردنـەوەی بیۆگرافیی خود تەنها تا سنوورێکی دیاریکراو دەڕوات، کە من بە واقیع ئاوزەدی دەکەم»

بەپێی ئەوە واقیع لە فۆرمێکی زمانەوانیدا ناتوانرێت بگونجێنرێت و دواجار دەکرێت مرۆڤ وەک غائیبێک تەفسیری بکات. کەواتە بەکورتی دەتوانین بڵێین، پەکەی وەهمی «من»، کە لە چوارچێوەی خەیاڵدا ئەزموون دەکرێت، لەلایەن چوارچێوە سیمبۆلییەکەوە هەڵدەوەشێنرێتەوە. سوبێکتی «مـن» ژێـردەسـتـەی ڕێکخستنی سیمبۆلییە و هەموو ئەو شتانەی کە دەکەونە دەرەوەی بەسیمبۆلیبوونەوە و شکستی خۆیان بەیان دەکەن، دەڕژێنە چوارچێوەی واقیعەوە، واتا دەڕژێنە ناو جیهانی نەگوتراوەوە. بەو پێیە لای لاکان سوبێکت دوو بنچینەی هەیە. یەکەم بنچینەی سوبێکت، وەکو گوتمان، لەسەر ئاستی

**بە وتەی لاکان**
**سێ پێوەری**
**جەوهەری، کە**
**دەبێت مرۆڤ وەك**
**سێ ستراکتۆری**
**بەئاویەکداچنراو**
**لێیان تێبگات.**
**دیاردە**
**دەروونییەکانی**
**مرۆڤ و بەو پێیە**
**دیسکۆرسەکەشی**
**دیاریدەکەن: خەیاڵ**
**و سیمبۆڵ و واقیع**

خەیاڵ سەرهەڵدەدات. «من»ی خەیاڵی لە شووناسکردنی وەهمی خۆیدا بەو کەسەی دیکە، کە وێنەی ئاوێنەییەتی، خۆی لە بازنەیەکی خودوێرانکاری ئارەزوودا بە بەندکراوی دەبینێتەوە، چونکە ئەو دەیەوێت جێگای یەکەی وێنەی ئەو کەسەی دیکە بگرێتەوە کە خودی خۆیەتی سوبێکتی «من» سەرەتا لە ڕێکخستنی سیمبۆلیدا دروستدەبێت، بەو زمانەش کە سوبێکت دەخاتە پێکهاتەی خۆیەوە و ناوی لێدەنێت. بەڵام ئەو ڕێکخستنە سیمبۆلییە سەرەتا لە مەیدانی ئەو کەسەی دیکەدا دەردەکەوێت، کە ئارەزووی ئەو سوبێکتەی، کە ئێستا چەقی لێ زەودکراوە، سنووردار دەکات. بۆ ئەوەی دانی پیادا بنرێت، سوبێکت دەبێت زمانی ئەو کەسەی دیکە قسەبکات و لە هەمانکاتیشدا سەرەتا لە زمانی ئەو کەسەی دیکەدا، لەو کەسەی دیکەدا دەبێت بە سوبێکت. کەواتە زمان هەمیشە زمانی ئەو کەسەی دیکەیە، کە ئێستا لەنێوان «من» و ئەو کەسەی دیکەدا پردی گواستنەوەیە. بەو شێوەیە ئەرکی زمان «زانیاری دان نییە بەڵکو هۆشیارکردنەوەیە. ئەوەی کە من لە وشەدا بۆی دەگەڕێم، وەڵامی ئەو کەسەی دیکەیە. ئەوەی وەک سوبێکت بنچینەی بۆ داناوە، پرسیاری منە.»

سوبێکت سەرەتا لەڕێی وەڵامی ئەو کەسەی دیکەوە ئەوەی بۆ پشتڕاست دەبێتەوە کە وەک سوبێکت (لە قسەی ئەوی دیکدا) بوونی هەیە، واتا لەڕێی ئەو کەسەی دیکەوە «پەیام»ی خۆی بۆ پشتڕاست دەبێتەوە.

ئارەزوو بۆ ڕەزامەندی، کە دواجار ئارەزوویەکە بۆ ئارەزووی ئەو کەسەی دیکە، لە زماندا ناتوانرێت بەتەواوی تێربکرێت، چونکە هەموو جۆرە تێربوونێک خاوەنی سروشتێکی سیمبۆلییە. بەو شێوەیە هەمیشە کەموکورییەکی تێرکردنی ئارەزوو لە سوبێکدا خەست بووەتەوە. ئەو کەموکورییە دیسان لەناو چوارچێوەی سیمبۆلدا دەنیشێت، چونکە ئەوە تەنها زمانە کە لەنێوان ئۆبجێکتی خوازراو، واتا ئەو کەسەی دیکە و سوبێکتدا دێتە سەر سەحن و ئەسڵەن دەبێتە هۆکاری ئارەزوو و خواستەکان. ئەو کەموکورییە کە ئەنجامی بەجاویدییوونی ئارەزووە لە ڕێکخستنی سیمبۆلی بیدا، بە وتەی لاکان ئەوە دەردەخات کە دواجار ئارەزوو، کە پەیوەندییەکەی بوونە لەگەڵ کەموکوریدا، دەبێت ببێتەوە بە هۆکاری داگیرساندنی ڕێکخستنە سیمبۆلیەکە. چونکە ملکەچ بوون بۆ زمان واتا دەستبەرداربوونی تاقە «من»ێک، کە «بڕییەکەی» لە زماندا جیدیکە دەست پێی ڕاناگاتەوە.

**سەرچاوە:**

**http://jetzt.sueddeutsche.de/texte/anzeigen/560278/Der-Psychoanalytiker-Jaques-Lacan**


**(le stade du miroir)**

**پەراوێزەکان**


**1- قۆناغی ئاوێنە (le stade du miroir) لە تیۆری ژاک لاکاندا دۆخێکی زەمەنیی ئەشەنەکردنی منداڵە لەنێوان تەمەنی ٦ بۆ ١٨ مانگی، کە تیایدا «من» ئەشەنە دەکات. لاکان بەو تیۆرە هەوڵدەدات وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە دەڵێت، لە مرۆڤدا خودئاگا چۆن سەرهەڵدەدات و کار دەکات.**

**2- ئیماگۆ (بە لاتینی «وێنە») وشەیەکی سەر بە دەروونشیکارییە و بۆ یەکەمین جار لەلایەن کارل گوستاف یونگی دامەزرێنەرییەوە بەکارهێنراوە. بە وشەی ئیماگۆ وێنەی وێناکراوی ناخەکی ناخودئاگای کەسێکی دیاریکراو ناوزەد دەکرێت، کە لەپاش ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەقینەش لەگەڵ ئەو کەسەدا لە دەروونیدا درێژە بە بوونی خۆی دەدات. بەو شێوەیە پەیبردن بە پەیوەندی دواتریش کاریگەری ئەو وێنایەی لەسەر دەمێنێتەوە. مرۆڤ دەبێت وەک دیاردەیەکی نۆریۆ-سایکۆلۆژی لە ئیماگۆ تێبگات، کە ئەو پەیوەندیە دەروونیانەی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە، کە بە «وێنە»ی کەسی پەیوەندیداری نزیکەوە بەستراونەتەوە.**

**3- بە مانای خۆشەویستی خود، ئەو خۆشەویستییەیە کە مرۆڤ ڕووبەڕووی وێنای خودی خۆی دەکاتەوە.**



گەشتە
بێ ئاکامەکانی
سەرکردەیەک
نهێنییەکانی دەستگیرکردنی ئۆجەلان
نوسەر: بریتا بولەر
وەرگێرانی لە هۆڵەندییەوە: ڕێکەوت ئیسماعیل
2015
نوێترین بڵاوکراوەی دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە


Jaques Lacan

# پێشەکیەك لەبارەی جاك لاکان

نوسینی: ژان میشێل راباته
لە فارسییەوە: ئارام مەحمود ئەحمەد

## دژی شیکار

ئەم کتێبە تیشك دەخاتە سەر پشکی لاکان لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، یان راستتر بڵێین ئەوەی کە دەتوانرێت بە تیۆری لاکان لە بابی ئەدەبیات ناو بنرێت. هەرچەندە لەم دواییانەدا چەند هەوڵێك بۆ داپێکردنی خوێندنەوەی لاکان بۆ بابەتە ئەدەبیەکان بدرێت، بەڵام زۆرێك لەم هەوڵانە ئەنجامیان نەبووە. جگەلەوە هێشتا هیچ کەسێك گرنگی نەداوە بە گرێدراوی لاکان بە ئەدەبیاتەوە. کتێبی ئاپاپ لەبارەی شیکاری لایەنی ئەدەبی نوسینەکانی لاکان نوسراون (بۆ نمونە بەدواداچونی دەوشاوەی «سالکوم بوی»، لە شێوازی ئەدەبی پرتێچونی لاکان و پەیوەندیەکانی بە «پروست»ەوە)، بەڵام بابەتی ئەوان زیاتر ئاڵۆزی شێوازی لاکانە.

هەرچەندە ئەم هەوڵانە بەنرخ و زۆر کات بەسودن، بەڵام ئەم کتێبە رێڕەوێکی جیاواز دەگرێتە بەر: من پێموایە لاکان نەك تەنیا سودی لە نمونە ئەدەبیەکان وەردەگرت، بەڵکو خوێنەر یان شیکەرەوەی دەقە ئەدەبیەکان بوو، هەروەها دەتوانرێت سیستمێکی تەواوی رەخنە – جۆرێکی تایبەت لە رەخنە – لە سمینار و نوسینەکانی ئەودا بدۆزرێتەوە.

زۆرێك لە دەروناسە بەریتانی و ئەمریکاییەکان کە بۆ کردنەوەی ئاڵۆزیەکانی شێوازی شاراوەی لاکان هەوڵیانداوە، داخی خۆیان بەرامبەر کەمی لێکۆڵینەوەکان لە دەقەکانی ئەودا دەربڕیوە. هەڵەیە ئەگەر گومان بکەین کە توێژینەوە لاکانیەکان بزر بوون و لە سمینارە چاپ نەکراوەکانی ئەودا دەدۆزرێنەوە: ئەم سمینارانە کە بەپێی رەخنەی زۆرێك پڕ لە پارچەی بەنرخن پێدەچێت زۆرتر خوێندنەوەی سیستماتیك لە دەقە بنچینەییەکانی فرۆید و شیکاری تێگەیشتنەکانی لاکان خۆیان هەبێت، تا شیکاری تیۆری وردی پشتبەستو بە چەند بابەتی راستی هەڵبژێردراو.

لەگەڵ ئەوەشدا وەك ئەوەی لاکان لە بینینی نەخۆشێکیدا باس لەوە دەکات، کە نیشانەکان (symptoms)ی ئێستا زیاتر لەوەی فرۆیدی کلاسیك بن، لاکانین، لە ئەمڕۆدا ئێمە بینەری دەروناسیەکی لاکانین، کە بەروونی نیشانەی ئەم وتە دانراوانە واتە خەیاڵە روکان راستەقینە لەخۆ دەگرن، من پێش تیشکخستنە سەر ئەم تێگەیشتنانە دەمەوێت وەبیرتان بێنمەوە، کە پێدەچێت رێژەی کەمی شایەتەکانی کلینیك و وتە سەرسوڕهێنەرەکان



گۆڤارێکی تایبەت ...

بکە ئەو بابەتانەی لێیان دەکۆڵرایەوە لەلایەن خۆیەوە رووبەڕووبوونەوە، وەك «ئامی» ناسراوی تیژی ئەو لە رێگەی زیاد کردنی نزیکەیی هاوسەنگی شیکاری ئەدەبیەکانی هەموارکراون، گوایە کەمی سەرگوزەشتەکانی لە رێگەی دەوڵەمەندی ئەدەبی و لێکدانەوەی فەرهەنگیەوە پڕ کراونەوە. ئایا دەتوانرێت بوترێت کە ئەدەبیات - لە بەرهەمە چاپکراوەکانیدا - جێگەی لێکۆڵینەوە کلینیکییە وردتر و ژانستیرەکانی گرتۆتەوە؟


لەراستیدا سەرجەم هەوڵەکانی لاکان بۆ لەناوبردنی سادەیی شاراوە لە پرسیارەکەی سەرەوەدا بووە. ئەو نەك نیشانی دەدات تا چ رێژەیەك فرۆید و سەرجەم هاوکارانی، لە زۆرێك لە لێکۆڵینەوەکانی بوارەکەدا پشتیان بە روخسارە ئەدەبیەکان، لەگەڵ سەرجەم بابەتە دەروونناسیەکانی دواتر لەگەڵ ئەواندا بوون بەستووە، بەڵکو لەهەمان کاتیشدا لەراگەیاندنی ئەوەی کە بواری ئەدەبیات و بوارە راستەقینەکان دژی یەکتر نین، بەڵکو یەکتر تەواو دەکەن. پەیڕەوی لە فرۆید کردووە. هاوشێوەی فرۆید کە لە نمایشنامەی ناسراوی (سوفوکل) پاڵەوانی مەحکوم بە لەناوچوونی دۆزیەوە، کە چارەنوسی ئەو دەیتوانی کۆمەڵێکی زۆر لە دەرکەوتەکان روون بکاتەوە، لاکان بۆ دۆزینەوەی رێگەیەکی نوێ بۆ درك پێکردنی نیشانەکان پەنا بۆ بەرهەمەکانی (جویس) دەبات.

بەمشێوەیە لەم کتێبەدا هەوڵدەدرێت ئەوەی لاکان لە ئەدەبیات -هۆنراوە، نمایشنامە، رۆمان- هێناویەتیە ناو بواری درك پێکردنی ئێمەوە، بەشێوەیەکی سیستماتیك روونبکرێتەوە و بێجگە لەوەش تیشکێك بخرێتە سەر تێگەیشتنی زۆر گرنگ، کە لەگەڵ بابەتە بنچینەییەکان لە دەقە ئەدەبیەکاندا لەگەڵ ئەدەبیاتی ئەواندا گرێدراون. وەك «نامە»، «نیشانەکان» و «ژوئیسانس Jouissance».من زۆرتر واژەی «درك پێکردن» بەکاردێنم، چونکە لاکان ئیمتیازی تایبەتی بۆ دەقە تایبەتیەکانی کە سێکی تایبەت لەبەرچاو نەگرتووە، لە سیمیناڕەکانیدا بە ئاسانی لە «دانتی»وە تا « گۆتلۆب فریگە Gottlob Frege»، لە ئەفلاتۆنەوە تا «ژید» باس دەکات. ئەو ئەم دەقانە دەخوێنێتەوە بۆ ئەوەی درك بە سروشتی مرۆڤەکان بکات، کارێك لەوانەیە ئاڵۆز بێتە بەرچاو، بەڵام نابێت بیرمان بچێت کە تێڕوانینی ئەو پشتی بە شتێك بەستووە کە خۆی بەردەوام بە ئەزموونی دەروونناسی ناوی بردووە. ئەم «ئەزموونە» لە چی پێکهاتووە؟

لە بنەڕەتەوە لە دوو کەس، کە تەنیا لە رێگەی زمانەوە لەگەڵ یەکتر هەڵسوکەوت دەکەن، کە لەسەرەتاوە لە مامەڵەیەکی تایبەتیدان (یەکێك پارە دەدات و قسە دەکات، ئەویتر گوێ دەگرێت و کەم قسە دەکات) مامەڵەیەك بە ئامانجی چارەسەری ژمارەیەك گرفتی تایبەتی کەسەکە یان گۆڕینی ژمارەیەك دۆخی رێگرە. ئەم ئەزموونە، ئەزموونی زمان وەك وتە زیندووە، هۆکاری بنچینەیی کە لاکان بەردەوام جەختی لەسەر کردۆتەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەزموونی جۆرێك (نوسین) یان (خوێندنەوە)یە - نەك تەنیا لەبەرئەوەی شێوازی لاکان دووبارە خوێندنەوەی دەقەکانی فرۆید بێت، نەك تەنیا لەبەرئەوەی نیشانەکانی نەخۆشە دەروونیەکە وەك دەقێکی نوسراو بێت، کۆمەڵێك بابەت کە دواتر دەگەڕێمەوە سەریان، بەڵکو بەو هۆیەی کە «ئەزموون»ی دەروونناسی ئەم دوو هۆکارە {دەروونناس و نەخۆش} دەخاتە تۆڕێکی ئاڵۆزی وتە و نوسینەوە. بنەمای سەرەکی لاکان ئەوەیە کە ئەدەبیات کۆمەڵێك نمونە دەردەخات، کە بەشێوەیەکی تایبەتی واتادارن و رێگە بە دەروونناس و نەخۆش بە هەردوویان دەدات کە رێکخستنی نوێ لە خەون و نیشانەکاندا درك پێبکەن.

لەبەر ئەوەیە کە رووبەڕووبونەوەی لاکان لە تەمەنیدا لەگەڵ ئەدەبیات بە پرسیاری بنچینەیی و زۆرتر سادەوە گرێدراوە: بۆچی دەنوسین؟ بۆچی دەخوێنینەوە؟ لەم پرۆسە لە روکار سادەیەدا چ شتێك کاریگەری لەسەر ئێمە دروست دەکات؟ بۆچی چێژ لە خوێندنەوەی هەندێك دەق دەبینین و لە هەندێکیان بێزارین؟ ئەو ئاپورییە دەروونیەی باڵی کێشاوە بەسەریدا چییە؟ «بیتە» ئەدەبیەکان لە کوێ و چۆن بەر جەستەی ئێمە دەکەون؟

یەکێك لە دەرەنجامەکانی ئەم پرسیارە بنچینەییانە ئەوەیە، کە هەڵگری رەخنەیەکی بنەڕەتین لە هەر شتێك، کە لەژێر ناوی



sigmund freud

ده‌روونناسی كـرداری یـان ڕه‌خنه‌ی ده‌روونناسانه‌ به‌رهه‌مهاتووه‌. وه‌ك ئـه‌وه‌ی ئه‌و له‌ كۆتاییدا به‌ تایبه‌تی به‌ نوسه‌رێكی وه‌ك «دوراس» یان «جویس» ده‌ڵێت، لاكان له‌ ده‌روونناسی نوسه‌ریان به‌رهه‌م خۆی ده‌پارێزێت. ئه‌مه‌ كارێكی زۆر ساده‌ بوو له‌ قۆناغی په‌رت بوندا. له‌ پێشه‌كی ده‌قێكدا كه‌ تایبه‌ت بوو به‌ ئه‌و، له‌ كاردانه‌وه‌یدا به‌رامبه‌ر ئه‌وه‌ی ڕه‌خنه‌ی ئه‌ده‌بی چی به‌سه‌ر ده‌روونناسیدا دێنێت، ئه‌م وته‌ كورتكراوه‌یه‌ی ئه‌و ده‌خوێنینه‌وه‌:

به‌هۆی ئـه‌وه‌ی ده‌روونـی نائاگا پێویستی به‌ نوسراوه‌، كه‌ ڕه‌خنه‌گران كاتێك به‌هه‌مان شێوه‌ له‌ نوسراوێك ده‌ڕوانن كه‌ به‌ نائاگایی ده‌كه‌ونه‌ هه‌ڵه‌وه‌. هه‌موو به‌رهه‌مێكی نوسراو له‌هه‌ر ساتێكدا چاره‌یه‌كی بێجگه‌ له‌ خۆبه‌ده‌سته‌وه‌دان بۆ شیكار له‌ واتایه‌كی ده‌روونناسیدا نییه‌، به‌ڵام چه‌سپاندنی هه‌رچه‌ندێك نه‌رم و نیانیش بێت، به‌ واتای ئه‌وه‌یه‌ كه‌ به‌رهه‌مه‌كه‌ به‌ ساخته‌ یان ده‌ستكاری كراو هه‌ژمار بكه‌ین، چونكه‌ هه‌ر ئه‌وه‌نده‌ی كه‌ ده‌نوسرێت، ئاسایی نمایشی نائاگایی ناكاته‌وه‌. به‌رهه‌م نائاگایی هاوسه‌نگه‌ له‌گه‌ڵیدا، هاوسه‌نگیه‌ك به‌لایه‌نی كه‌مه‌وه‌ وه‌ك ئه‌و ڕاسته‌قینه‌یه‌، چونكه‌ نائاگایی له‌ چه‌مانه‌وه‌ی ئـه‌ودا ساخته‌كاری ده‌كـات، بۆ به‌رهه‌م، بۆ نمونه‌ نوسه‌رێك كه‌ به‌رهه‌می دێنێت به‌لایه‌نی كه‌مه‌وه‌ له‌ ساخته‌كارێك كه‌متر نیه‌، ئه‌گه‌ر هه‌وڵبدات له‌كاتی به‌رهه‌مهێنانیدا دركی پێبكات، كارێك كه‌ (ڤالیری) كردی، كاتێك له‌باره‌ی ڕۆشنبیره‌ نوێیه‌كانی نێوان هه‌ر دوو شه‌ڕه‌كه‌ ده‌ینوسی.

مه‌به‌ستی لاكان هه‌وڵه‌كانی (پۆڵ ڤالیری) بۆ شیكاری كرداری هزری خۆی كردی كاتێك سه‌رقاڵی خوێندنه‌وه‌ی ژماره‌یه‌ك هۆنراوه‌ی به‌ناوبانگ بوو، هه‌وڵێكی هاوشێوه‌سازی ئه‌فسانه‌ی ناسراوی «ئالن پۆ»، له‌باره‌ی په‌یدا بوونی (فه‌له‌ڕه‌ش) له‌ فه‌لسه‌فه‌ی نوسیندا. ئه‌و دژ یه‌كیه‌ی لاكان په‌نجه‌ی خسته‌سه‌ر (نوسه‌ر له‌ كاتی نوسیندا ناتوانێت بزانێت چی ده‌كات، چونكه‌ نوسین له‌ژێر كاریگه‌ری نائاگاییدایه‌ و هه‌ردویان به‌رهه‌می نوسینن) واته‌ ناتوانرێت نوسین

له‌ شێوه‌ی كورتكراوه‌ وه‌ك به‌یانی نه‌خۆشیه‌كی ده‌روونی دركی پێبكرێت. له‌مڕووه‌وه‌ ئه‌و كاره‌ی ئه‌و له‌گه‌ڵ ده‌قه‌كان كـردی، هاوشێوه‌ی ئه‌و كاره‌یه‌ كه‌له‌گه‌ڵ نه‌خۆشه‌كان ده‌یكات: ئه‌و «نیشانه‌كان وه‌ك چیرۆكێك له‌ناو چیرۆكێكدا لێكده‌داته‌وه‌، هه‌وڵ ده‌دات له‌و كونه‌ تێبگات كه‌ به‌ هۆی هۆكاره‌وه‌ دروست بووه‌، كونێك كه‌ هۆكاره‌كان ده‌ڕژێنه‌ ناویه‌وه‌ و بزر ده‌بن. هه‌رچۆنێك بێت له‌ هه‌ر دوو بواره‌كه‌دا «پێویست ناكات شیكار ڕاسته‌قینه‌ یان درۆینه‌ بێت، به‌ڵكو پێویسته‌ ڕاست بێت». لاكان درێژه‌ به‌ هێرشی خۆی بۆ سه‌ر ئاسایی كردنه‌وه‌ ده‌دات:

به‌رهه‌می ئه‌ده‌بی یـان سه‌ركه‌وتو ده‌بێت یان شكست ده‌خـوات، بـه‌ڵام شكست له‌ ئاسایی كردنه‌وه‌ی ڕوكـاره‌ دروستكراوه‌كان نییه‌. به‌رهه‌م ته‌نیا له‌و چه‌مانه‌وه‌یه‌دا بوونی هه‌یه‌، ئه‌ویش چه‌مانه‌وه‌ی پێكهاته‌ی خودە. له‌به‌ر ئه‌وه‌ ئێمه‌ له‌ ڕووبه‌ڕووبونه‌وه‌ی لێكچوودا نین. ئه‌و چه‌مانه‌وه‌یه‌ی كه‌ لێره‌دا ئاماژه‌ی پێكرا به‌ هه‌مانشێوه‌ی كه‌ ئاماژه‌یه‌ بۆ پێكهاته‌، پێكهاته‌ش ئاماژه‌یه‌ بۆ ڕاستی نائاگایی. {چه‌مانه‌وه‌} ڕاسته‌قینه‌یه‌، به‌و واتایه‌ی به‌رهه‌م ئاسایی هیچ شتێك ناكاته‌وه‌. {به‌رهه‌م} له‌ پله‌ی چیرۆكدا، پێكهاته‌یه‌كی ڕاستگۆیه‌.

ئێمه‌ پێویسته‌ دوباره‌ پێداچوونه‌وه‌ به‌ {نامه‌ی بزربوو}ی «پۆ» و سودی سیستماتیكی لاكان لێی بكه‌ین، بۆ ئه‌وه‌ی بتوانین بگه‌ینه‌ ناوه‌ڕۆكی ئه‌و تێگه‌یشتنه‌ له‌ زمان كه‌ ده‌توانێت نهێنی چونه‌ ناو پێكهاته‌ی نائاگایی و پێكهاته‌ی پێكهاتوو، كه‌ بنچینه‌ی نهێنیه‌كانی كۆمه‌ڵگه‌ شیده‌كاته‌وه‌ بخاته‌ به‌رده‌ستی ئێمه‌. لاكان له‌م پێشه‌كیه‌دا ناوی سێ نوسه‌ر ده‌بات كه‌له‌ قۆناغه‌ جیا جیاكانی كاره‌كه‌یدا بۆ دروستكردن و باڵاوتنی تێگه‌یشتنه‌كان سودی لێوه‌رگرتوون: {پۆ} به‌و نامه‌ به‌ناوبانگه‌ی كه‌ هه‌رگیز واتاكه‌ی ئاشكرا نه‌كرا، {ڕاسین} كه‌ لاكان {ئاتالی} ئه‌وی خوێنده‌وه‌ بۆ ئه‌وه‌ی بگاته‌ تێگه‌یشتن له‌ خاڵی پاشه‌كه‌وت له‌ سیمیناری سێیه‌مدا، هه‌روه‌ها نمایشنامه‌ سیاسیه‌كانی سارته‌ر. لاكان به‌و ئه‌نجامه‌ ده‌گات كه‌ ئه‌و وه‌ك ئه‌و

**لاكان له‌ بینینی نه‌خۆشیكیدا باس له‌وه‌ ده‌كات، كه‌ نیشانه‌كان (symptoms)ی ئێستا زیاتر له‌وه‌ی فرۆیدی كلاسیك بن، لاكانین؛ له‌ ئه‌مڕۆدا ئێمه‌ بینه‌ری ده‌روونناسیه‌كی لاكانین**



نوسەرانە ناتوانێت لە کاتی نوسینێدا خاوەنی مەبەستەکانی خۆی بێت.

بە مەبەستی چاکسازی لە تیۆری لاکان لە بابی ئەدەبیات - وەك ئەوەی بینیمان هیچ تیۆرێك بێ ئەزمون بێ تێگەیشتنێکی پتەو ناتوانێت بونی هەبێت - پێویستە سەرەتا بحثێك لە زەمینەی هاوچەرخ لە درکی لاکان لە وڵتانی ئینگلیزی زمان دەدەین بەدەستەوە. بە بڕوای من ئەم زەمینەیە بە توندی لە (سلاڤۆی ژیژەك وێنا دەبێت، کە رێڕەوەکانی رۆشنبیرانە و سیاسیداهێنەرانەی ئەو هەرگیز بەشێوەی راستەقینە نیگەرانی پێگەی ئەدەبیات لە تیۆری لاکاندا نەبووە. دوای ئەم رێخۆشکردنە تیشك دەخەینە سەر ژمارەیەك (وشەی کلیی)، (کۆمەڵێك پێشنیار) کە پێویستە لە تۆری فەلسەفی خۆیاندا بخرێنەڕوو. لە ئەنجامدا چەند بەشێك لە چەند (خوێندنەوە)ی نمونەیی لە دەقە ئەدەبیەکانی لاکان دەکۆڵینەوە: چیرۆکەکانی دوپن بەرهەمی پۆ، چەندین تمایشنامە، لەوانە هاملێت و ئانتیگونە و تریلۆژی کوفونتین بەرهەمی کلودێل بەرهەمەکانی هید و هنە، رۆمانەکانی مارگرێت دوراس، رۆمان و نامە سیاسیەکانی مارکی دوساد و سەرجەم بەرهەمەکانی جویس.

دامێنی خوێندنەوە ئەدەبیەکانی لاکان زۆر بەرفراوان نییە (لەگەڵ ئەوەشدا خستنەڕووی ئەو بابەتانەی گرنگی پێداون زۆر بەرفراوانن، مرۆڤناسی، فەلسەفە و زانست لەخۆدەگرێت)، بەڵام دەقە بنەڕەتیەکان لە کۆبەرهەمە باڵاکانی رۆژئاوا لە ئەفلاتۆن و ئەرستۆوە تا جویس و دوراس، هەروەها بوارە پەرت و دورەکانی وەك نهێنیە ژنانەکان، گەریدەکان، دانتە، ژید ژنە، هۆنراوەی سوریا کیستی لەخۆ دەگرێت و سەرجەمی ئەمانە بە گەڕانەوەی بەردەوام بۆ خوێندنەوەکانی فرۆید پشتیوانی دەکرێن. ئاماژەی (وتەی کۆتایی) لە ناوی ئەم کتێبەدا ئاماژەیەکە بۆ شێوازی خیتاب (پەیامبەرانە)ی لاکان، هەروەها لێکۆڵینەوەکانی کۆتایی لەبارەی ئەوەی گێڕانەوەی (بە مەسیحی بووی) ئەو لە تیۆرەکانی فرۆیدەوە لێکدەدرێتەوە. هەوڵدان بۆ گەیشتن بە هاوڕایی لەگەڵ ئەوەی لاکان بە ماددی بونی نوسین و ماددی بونی پیت ناوی بردووە، رێکخستنی پیتەکانی ئەلف با بەشێوەی سیستماتیك لەبەرچاو دەگیرێت. لە ئەنجامدا (وتەی کۆتایی) ئاماژەیە هاودەردی لاکان بە دەنگی زیندوو، کە بەرهەمی چێنگ هاویشتنی بۆ خەستەی راستەقینە نەبوو (چێنگ هاویشتنێك کە وەك یاری وایە، بەڵام بڵێسەی خەیاڵی شکۆ و گەورەیی هەیە). لاکان زیاتر نیوە جدی و نیوە یاری، وتویەتی کە (راستی وتەی منە) ئێمە دەتوانین لەم شێوازی وتە دوولایەنیە بکۆڵینەوە، کە چۆن و بۆچیە و بزانین چۆن دەقدۆزی ماددی خودی ئەم (وتەیە) لەڕێگەی نوسینەوە، بگەینە دانانی پەیوەندیەکی تیۆری یان تیۆرێك لە نێوان تێڕوانین نوسەرێك بە وتەی فۆکۆ (دامەزرێنەری گفتوگۆکەرا) لەگەڵ خەیاڵی پێویست لەگەڵ ئەو لە بابی دامەزراندنی بیروڕایەك لێکبدرێت. نوسەر بۆ ئەوەی رێگە بدات (گیان) - یان شەبەح - رزگاری بێت، پێویستی بە بەکارهێنانی (پیتی مردوو)ە.

ئەم کتێبە هەوڵدەدات بۆ شیکاری توێژینەوە جۆراوجۆرەکان لەبارەی تیۆری «رینۆرێڤا»ی لاکان، سودی ناکی ئەو لە (ئیستیعارە) و (خەیاڵی نێرەر) وەك هاوشێوە بۆ پرۆسە فرۆیدییە رەسەنەکان (پەستاوتن و جێگۆڕکێ) دوبارە ناکاتەوە، ئەم کارە چەندین جار ئەنجام دراوە و بەرهەمی ئەویش کۆپیەکی سادە کراوەی لاکانی (پێکهاتەگەرا)ی نایاب بووە، کە بیروڕا و تێزەکانی تێبینییە فرۆیدیەکانی بۆ «بوگیفا»ی فۆرمالیستی رومن یاکوبسنیان زیاد کردووە، بەڵام ئەو باسەی من گرنگی پێدەدەم چوارچێوەی کارایی ئەدەبیات یان وردتر بڵێم پێگەی ئەدەبیات لە تۆری لاکاندایە، بابەتێك کە لاکان دەخاتە بەرامبەر دریدا و شوێنکەوتوانی. من هەوڵدەدەم نیشانی بدەم چۆنە کە لاکان و دریدا کە هەردویان دژی تێگەیشتنی (دەرونناسی کرداری)ن، لەبارەی رۆڵی ئەدەبیات جیاوازی بیروڕای بنچینەییان هەیە. ژمارەیەك پرسیاری جێی مشتومڕی ئەوان زۆر بەرفراوانن. ئایا دەتوانرێت ئەدەبیات بۆ راستەقینە کورت بکرێتەوە؟ دەتوانرێت ئەم راستیانە وەك نمونەکانی تیۆرێکی گشتی بەکاربهێنرێت؟ ئایا ئەدەبیات بە واتای تەواوی وشە خۆی بۆ لە قاڵب دانی تیۆری بەدەستەوە دەدات؟ بێجگە لە ئەوەی هیچ نیشانەیەك لە بەرگری سونەتی لە (خود ئایینی) ئەدەبیات لە بیروڕای دریدادا نابینرێت - ئەدەبیاتێك کە پێویستە لە تیۆری دەرونناسی ئیمپریالیستی بپارێزرێت، بەڵکو دریدا بەرامبەر ئەو ئایدیایەش کە دەتوانرێت وەك نمونە سود لە دەقە ئەدەبیەکان وەربگیرێت، بەرگری دەکات. ئەمەیە تێڕوانینی ئەو لەبارەی خوێندنەوەی لاکان کە لە سیمیناری خۆیدا لەبارەی پۆ پێشکەشی کردووە:

ئێمە لەسەرەتاوە تێڕوانینی کلاسیك و دەرونناسی کرداری دوبارە دەناسین. لێرەدا دەرونناسی لە بواری ئەدەبیاتدا بەکارهاتووە. دەقی پۆ کە هەرگیز پێگەی ئەو لێکۆڵینەوەی لەبارەوە ناکرێت - لاکان تەنیا ئەو بە چیرۆك ناودەبات - لە ناکاو وەك نمونە دەردەکەوێت. نمونەیەك کە وەك شێوازێکی فێرکردن یاسایی و راستەقینە کە بابەتی تەواوی سیمینارێك پێکدێنن (روون دەکاتەوە). لێرەدا نوسینی ئەدەبی چۆتە پێگەی رونکردنەوەوە.

ڕونکردنەوە، لێرەدا واتە خوێندنەوەی ئەو یاسا گشتیەی لەم نموونەیەدایە، ئاشکرا کردنی واتایەك یان ڕاستیەکە تیشك خستنە سەریان بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر یان نموونەیی. دەق لە چوارچێوەی ڕاستەقینەدایە، لە چوارچێوەی ڕاستەقینەیەك کە دەخوێندرێت.

بەمشێوەیە دریدا نەبوونی قازانج و نەبوونی سنورداری ئەدەبیات لەبەرامبەر هەر ئاوەزێك دەزانێت، کە مەبەستی نموونەسازی لە ئەوە لەژێر فەرمانی ڕاستەقینەیەکی لەپێشدا چەسپێندراو، کە تەنیا شوێن گریمانەی خۆی دەکەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا بەهەمانشێوەی کە دوو قوتابخانەی دریدایی کە لە تیۆری «لاکان»یان لە یابی ڤان و نامەدا لە دیدی ڕەخنەگرانەوە لێیان کۆڵیەوە بەو ئەنجامە دەگەن کەبەهۆی ئەوەی تیۆرەکانی لاکان سیستەمێکی گشتساز پێکناهێنن بەڕێزەیەك لەم ڕەخنانە پارێزراون. تێزەکانی لاکان نموونە ئەدەبیەکان تەنیا وەك نموونە بۆ سەلماندنی بینیە فرۆیدیەکان بە خراپ سودیان لێوەرناگرن بەڵکو لەهەمان کاتیشدا لەو لایەنەوە کە نموونەکان لە بنەڕەتدا ئەدەبین ڕۆڵی شاراوەتر دەخەنە ئەستۆی ئەدەبیات، کە لەو نموونانەدا و بۆ ئەو نموونانە یاری بکەن: ئەدەبیات بە تەنیا ناتوانێت شتێك بێت کە پاسوخواستێك کە عەوداڵی پاساوێکی سادە لە ڕێگەی دروستکردنی نموونەوەیە، لەگەڵیدا بگونجێت، لەو دەگا یان تێدەپەڕێت، یان نمایشی دەکات، [ئەدەبیات] لەو سەرەتایەوە لە تیۆرەکەدا جێگەیەك بۆ خۆی دەگرێت، ئەو دێێتە لەرزین، لەناویدا لەبارەی خۆیەوە دەکەوێتە گومانەوە، سەرایی تیۆرێکی نایاب کەبە جوانی بەرامبەر چەند نموونەیەکی بەباشی هەڵبژێردراو دەردەکەوێت، وێران دەکات. لاکو – لابارت و نانسی لە کتێبی ناونیشانی نامەی شیکاری خود لە شیکاری لاکاندا لەبارەی ئیستیعارە بەمشێوەیەی خوارەوە کۆبەندی دەکات:

بە دڵنیاییەوە ئەمە لەخۆوە نییە، کە لاکان لەپاڵ واتای ناسراوی وشەی [ئیستیعارە] ئەو ژانرە ئەدەبیەش، کە زیاتر لە جێگەیەکیتر پێ لە ئیستیعارە لەبەرچاو دەگرێت – وتاە هەنراوە و بەتایبەتی هۆنراوەیەك کە تایبەتە بە دوو سەرچاوە: هۆگۆ و سوریالیزم... واتە هۆنراوەیەك کە دەتوانین بە هۆنراوەی کەلام – هۆنراوەی گوتاری خودایی یان هۆنراوەی گوتار – و هۆنراوەی [هێز] یان [جادو]ی وشەکان ناوی بنێین. سەرچەمی «بوگیقا» یان هۆنراوە ناسی ئەم سیستەمە و سەرجەم شێوازی شاعیرانەی ئەم شێوازە لە ڕاستیدا دەقی لاکانی لێرە و لەهەر شوێنێکیتر لە سەرچاوە ئەدەبیەکانیدا، شێوازەکانی شێوازناسی دوور لە هزری ئەو و لە ئەنجامدا زنجیر و پەناگەی تیۆری ئەو دەگرێتەوە.

هەرچەندە ئەوان لە کۆتاییدا بە هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانەتر دەگەن بەنجە دەخەنە سەر گشت وتەکانی لاکان لەبارەی ڕۆڵی هایدیگەر لە پاسوخواستی خود و ئەو ئاماژە شاراوەیە بۆ ڕاستیەك کە شاراوەیە، بەڵام دەروونناس دەتوانێت بیناسێت یان دەریبخات، لەگەڵ هەمو ئامانەدا پێیان وایە هەرچەندە لاکان ناتوانێت بنەمای پتەو بۆ باسەکانی خۆی دروست بکات، بەپێی پێویست ناتوانێت لە نێوان ئاکار گەرایی چارەسەر و پەند وەرگرتن لە زۆر تیۆریتر لە فەلسەفەدا، زمانناسی، مرۆڤناسی و هیتر هاوسەنگی دروست بکات، بەڵام بەلایەنی کەمەوە دەتوانرێت وەك تیۆر دانەرێکی [ئەدەبی] ناوی ببرێت.

لاکو – لابارت و نانسی لە کاریگەرییە نهێنیەکان کە لەلایەن لاکانەوە لەکاتی پێشڕەویدا تا سنوری نهێنی ئەو دەگاتە



edgar allan poe

ئەنجام غافڵ نین و «دژە پـەروەردەی» ئەو روخسارێکی جوانتر و بەهێزتر لە دەسەڵات دەناسێنێت:

ئەمە یە هۆکاری گەڕانی لاکان بۆ ئەوەی خۆی ... بە کاریگەری بنیاتنەر ناوی دەبات، گەڕانێك کە پەنایەکی تایبەتی بۆ گوتار، سودوەرگرتنی تایبەت لە کارایی گوتار و وەك دەوترێت هێزی قایلکردنی دەوێت. لە ڕاستیدا هەمان ئەو شتەیە کە سەرجەم ستراتیژی لاکان دەهێنێتە جوڵە و بەڕێوەی دەبات و بەرێژەیەك رونکردنەوەیەکە بۆ ئەو هەوڵدانە، بۆ ئەو تەکان و ئاڵۆزیانەی ڕەنگی دەرەکی گوتار دەگۆڕێت... بەپێچەوانەوە ئەو ڕاستیەی کە لاکان عەوداڵی ڕزگارکردنی دەروونناسی لە جۆرێك نەخۆشی ئێسکە، ڕێگر نابێت لەوەی سەرجەم پرۆژەی ئەو چاك نەکرێتەوە

رونە ئەگەر لاکان لە ژیاندا بمایە هیچ یەکێك لەمانەی رەتنەدەکردەوە، پێیوابوو هێڵێك سوقرات بە فرۆید و دوای ئەویش بە خۆی دەبەستێتەوە. لەلایەکیترەوە لەوانەیە ئەو لەگەڵ ئەم دوو رەخنەگرەدا [لاکو، لاپارت و نانسی] لەولایەنەوە، کە ئەو لەگەڵ پـرۆژەی رۆشنگەری بە تەریب دەزانـن، نەیدەتوانی پەسەندی بکات: بەمشێویە «فۆرماسیۆنی لاکـان، گوایە شتێك نەبوو بێجگە لە نوێکردنەوەی ژیانی لەو بیلدۆنگی رۆشنگەریەدا (کەلاکان خۆی دەخاتە ژێر چەتری ئەوەوە) و بیلدۆنگی ئایدیالیزمی ئەڵمانی، هەرچەندە وەك ئـەوەی ئەوان لە سەرچاوەکانی خۆیاندا باسی دەکەن، سـەرەتـای کتێبی نوسینەکان بە زمانی فەرەنسی بە ئاماژەیەك بۆ (رۆشنگەری) دەسـتـپـێـدەکـات و وتێکی شـاراوەی خۆویستانە کە بەناوی من بەردەوام بووە لە بەرامبەر (سپێنە)ی کەسێکی نوێ دادەنێت کە میراتی فرۆیدە، چونکە وەك ئەوەی لە خوێندنەوەی خۆی بۆ وتاری لاکان بە ناوی (کانت و ساد) دەبینین، لە چۆن و بۆچی لەبارەی سەرجەمی تێگەیشتنەکانی هیومانیستی و دژە هیومانیستی رۆشنگەری دوا ناکەوێت.

باسی تیۆری پێویستە تیشك بخاتەسەر دەرەنجامە ریتۆریقایی و ستراتیژیەکانی تێزێکی ناوەندی لە تیۆری لاکان- دا، ئەوەی کە (هیچ فرەزمانێك) بوونی نییە، واتە هەرگیز راستی لە باسوخواسێکی فەلسەفی یان زانستی، کە لە باسی پێشەکی و تێگەیشتنی بنچینەیی و شێوازی بونیادی پێکهاتووە، ناتوانرێت بەتەواوی بوترێت. ئێمە وەك ئامانجە وتەبێژەکان کە لە زماندا ماڵمان کـردووە، هەمـووی پێش لەدایکبونیشمان، هەڵدراوینە جیهانێك لە وێنا زمانناسیەکان، وێـنـایـەك کـە هـەمـویـان دیـاری کـەرن، لەبەرئەوەی چارەنوسی ئێمە دیاری دەکەن و لەهەمان کاتیشدا شیکار ناکرێن، چونکە تایبەتن بە سنوری بێئاگاییەوە، یان بە وتەی لاکان بە باسێکیترەوە گرێ دراون لە ئەنجامدا نابێت وەك نمونە ئایدیا بنیاتنەرەکانی فرۆید لە کۆمەڵێك دەستەی رێکخراوی تۆپۆلیزیکدا کورت بکرێتەوە، وەك ئەو پرۆژە سیانەیەی کە ئامانج لە نێوان [من، منی بەرزتر، ئۆرگان] دا دابەش دەکات، تێڕوانینێکی سادە کە لە وڵاتانی ئەنگلۆساکسۆنی کە فرۆیدیان تێدا کورت کردۆتەوە. تەنیا رێگەی خۆپاراستن لەم کورت کردنەوە ئایدۆلۆژیە بۆ ئێستا بریتیە لە گەڕانەوەی دوبارە بۆ دەقەکانی فرۆید و خوێندنەوەی ورد و وشە بە وشەیان.

ئایا ئەم وتانە ئاماژەن بۆ واتای پێویستی رزگـاری ئەدەبیات لە یـاری دەرونناسی لاکانی؟ نیگایەك بۆ تێڕوانینێکی تەواو جـیـاواز، واتـە ستراتیژی سلفۆی ژیـرەك دەتوانێت بەسود بێت. ئەو نەك تەنیا ئەو






ئایدیایە پەسەند دەکات کە ئەدەبیات دەتوانێت نمونە بۆ شیکاری تیۆرەکانی لاکان و تیۆرەکانی ئەو پێشکەش بکات، بەڵکو لەهەمان کاتدا زۆر سود لەم نمونانە وەردەگرێت. بەبڕوای ئەو لەوانەیە کەسەکە بڵێت هەر شتێك دەتوانێت بۆ نمونەیەك بگۆڕێت. هیچ جیاوازیەك پێش ئەزمون لە بابەتی پلە، نێوانی دەقە ئەدەبیەکان، فیلمەکان، بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان، کارتۆن وتاری ڕۆژنامەوانی، ئەو چیرۆکانەی بەخێرایی بیستومانە، خەونەکان، نوکتە و ئامانەوێت هەر ناوێکیان لێبنێین، بونی نییە. لەو لایەنەوە کە هەرشتێك بە بەرهەمی کلتورەوە گرێدراوە، هەرشتێك دەتوانێت بەپێی ئەو هەلومەرجانەی کەلە شێوازەکانی لاکاندا فەراهەم کراون، بەتێگەیشتن بگات. بۆ نمونە لە کتێبەکانی awry looking و لە نیشانەکانی تمایشی خود چێژ وەرگرە!

ئێمە بە ناو فیلمەکانی هیچکاك و فەلسەفەی پێش سوقرات، تراژیدیاکانی شکسپیر و فەیلەسوفی هیگڵ، چیرۆکە زانستی – خەیاڵیەکان و فیلمە ترسناکەکان، فیلمی کاسێت و چیرۆکەکانی کافکا، نوکتە دژە روسیەکان و ئەندێشەکانی پەیوەندیدار بە نەتەوەگەرایی و پۆرنۆگرافی و .... هتددا، دەگەڕێین. لاکان کۆمەڵێك شیکار یان خوێندنەوەی بنچینەیی پێشکەش کردووە، ئەمانە بە سودوەرگرتن لە کلتوری گشتی،«وەدیهاتوو» یان کارێکراون.

ئایا دەتوانرێت ئەمە بە گەڕانەوە بۆ دەرونناسی کارێکراو لێکبدرێتەوە؟ بەڵێ، بە پاڵپشتی ئەوەی کە فرۆید هەرگیز خۆی لە نوکتە و گێڕانەوەی وتەی شکسپیر، گوتە یان ئاڵوواڵترین ئاماژە کلتوریەکان بۆ دروستکردنی خاڵە تیۆریەکان لانەدەدا، نەخێر، بەو واتایەی لێرەدا بەرنامەیەکی سیستماتیك بۆ پەرەپێدانی هەنگاو بە هەنگاوی یەك «سەرو دەرونناسی» یان بەکارهێنانی تەواوی پائیدیایەکی (paideia) کلاسیك ناتوانرێت بلۆزرێتەوە. خوێندنەوەی کلتوری لەم شێوازی دوای لاکانیەدا پردێك دروست دەکات لە نێوان بینینی دریدا لەسەر بنەمای ئەوەی کە «هیچ لەدەرەوەی دەقێك بوونی نیە» – یان بە واتایەکیتر ناتوانرێت جارێك و بۆ هەمیشە بڕیار بدرێت کە دەقێك لە کوێ «کۆتایی دێت» و «ئەوەیتر»ی ئەو (ئەگەر «ژیان» بێت، یان «راستەقینە» یان «جیهان») دەستپێدەکات – و بینینی ژیژەك لە بابی نمونەدا بووە بە گشتی و گرێدراو.

ژیژەك لەگەڵ تێگەیشتنەکانی لاکان نەك یەك، بەڵکو چەند نمونەیەکی دۆزیوەتەوە کە زیاتر لەوەی لەناو سیستمێکی ڕێکخراین لەناو تۆڕێکی بەهێز لە پێشنیار و کۆمەڵێکی زۆر نهێنی و دژیەکەکاندا ڕێکخراون، پێشکەوتنێك لە ڕێگەی چینە جیاوازەکانی نیشانە و رویەر «نمونە سازی» نیشان دەدەن.


لە بەرئەوەیە شێوازی لاکان کە لە ئاوازی کەلەی فرەدەنگ و رویەری نایەکسان لە خەیاڵ دروستبووە، نابێت بەردەوام یان هەڵبوەشێنرێتەوە –ئەم شێوازە رۆڵی سەرەکی لە باسوخواسێکدا دەگێڕێت کە هەوڵدەدات لەکاتێکدا کە ڕێگەمان پێدەدات لە دەریای ئەو وشانەدا مەلە بکەین کە ئەوانی وەك راگەیاندنێك پێویستە، لەسایی نادیاری کاری پێداگا بکاتەوە زیاتر لەهەرشتێك ئەم ئاڵۆزیە نا هاوسەنگە پێویستە بەشێوەیەك سودی لێوەربگیرێت کە بتوانرێت چێژی لێوەربگیرێت. ئەمەش بەو واتایەیە کە چری یان پەستێوراوی شێوازناسی نابێت رێگری نێوان دەق و خوێنەر دروست بکات، بەڵکو پێویستە خوێنەر والێبکات بگەڕێت.

بەکورتی پێویستە خوێنەر بانگهێشت بکرێت بۆ ئەوەی زمان نەك تەنیا وەك ئامرازێکی بەسود بۆ پەیوەندی، بەڵکو وەك راگەیاندنێکی چالاکی پێگەی کلتوری ئەزمون بکات و توانای بیرکردنەوەی رەخنەگرانە و هەستێکی نوێ لە کارایی سیاسی یان رەوشتی فەراهەم دەکات، بێجگە لەوەی هەندێك جار رێگە بە دەرونناس دەدات وەك «گوتارێکی چارەسەر» کار بکات.

سەرچاوە:

**http://library.tebyan.net/newindex.**aspx

**لاکو – لابارت و نانسی لە کاریگەرییە نهێنیەکان کە لەلایەن لاکانەوە لەکاتی پێشڕەویدا تا سنوری نهێنی ئەو دەگاتە ئەنجام غافڵ نین و «دژە پەروەردەی» ئەو روخسارێکی جوانتر و بەهێزتر لە دەسەڵات دەناسێنێت**



# Jaques Lacan



# جاك لاكان

## بیرمەند و دەروونناس


جۆن لچت

لە فارسییەوە: ئەکرەم میهرداد


هەرچەندە جاك لاكان ئەو بیرمەندە بوو، کە هەموو ئاڕاستەکانی دەروونناسی لە فەڕەنسا و وڵاتانی دیکەدا گۆڕی، بەڵام پـەروەردە و خوێندنی سەرەتایی بەتەواوی نەریتی و ئاینی بوو. لاكان لە ساڵی 1901 لە خێزانێکی بـۆرژوای کاسۆلیك لە پاریس هاتۆتە ژیانەوە، پێش ئـەوەی لە دەیـەی 1920 لە ژێر سەرپەرشتی پزیشکی نـاودار، گیتان دوکولورامبۆ، درێژە بە خوێندن بدات، لە سۆربۆن بڕوانامەی پزیشکی وەرگرت، کە لەو سەردەمەدا کارێکی نەریتی بوو بۆ خوێندن و پسپۆڕی دەروونناسی. لاكان لەو پزیشکە ناوبراوە هونەری کلینیکی دەروونی و لە سۆریالیستەکان هونەری هێمایی (ڕەمـزی) پڕ نەخش و نیگاری (باڕۆك) فێربوو. ئەمەش ئەو زانیاری و شارەزاییە بوو کە یەکێك لە مێژووناسانی دەروونناسی فەڕەنسا، کە (ئەلیزابێس ڕۆدینیسکۆ) بوو بە جوانناسی دەروونی ناوی دەبـات. ئەم مێژوونووسە کاتێك باسی کارکردنی لاكان دەکات بەم شێوەیە لە سیمینارەکانیدا دەدوێت:

((لاكان وەکو شێوازی پڕ نەخش و نیگاری خۆی، جلەکانی دەپۆشی. پاش ماوەیەکی کـورت لە دوای یەکەمین جیابوونەوە بەرەو شانۆی (ئامفی تیاتر سانت ئـان) چـوو... لـەوێ بۆ مـاوەی دە ساڵ، سەرەتا بە دەنگی لـەرزۆك و زمانی ناپاراو و سەرئەنجام بەدەنگی بروسکە ئاسا بەشداربوو. لەپێشدا ئەوەی دەیویست بیڵێ دەینووسییەوە، بەڵام لە دیداری بینەران و بیسەراندا، وەکو ئەکتەری (ڕۆیـال شکسپیر کۆمپانی) کارامە بوو. ئەو هونەری بەیانکردنی لـەلای (گرتا گاربۆ) خوێند و ڕێبەری

ڕۆحانیشی (ئارتۆرۆ تۆسکانینی) بوو. لاکان هەمیشە نەخشی ئەو کارەکتەرەی دەبینی، کە خۆی بڕوای پێبوو، بە هاوکاری دەنگە بەهێزەکەشی، کە هەمیشە لە بۆسەی شکستابوو، نواندنی ئەنجام دەدا. هەرچەندە ئەو بڕوای بەو بنەمایەش هەبوو، کە ئەگەر کەسێك دەنگی لە جێگایەکی دیکەوە بێت، دەبێتە هۆی دەرکەوتنی ئاوێنەی شاراوەی (نەست)ی خۆی، کە ئەمەش نیشانەی ئەو هێزەیە کە بۆ هەمیشە لە ئاستانەی پاشەکشەدایە. ئەو وەکو سیحربازێکی بێ جادوو، گۆرۆیەکی1 بەبێ هیپنۆتیزم و پەیامبەرێکی بێ خودا، بەزمانێکی پاراو بیئەرانی سەرسام دەکرد و دەبووە هۆی ژیانەوەی یەك سەدەی رۆشنگەری لە کەنارەکانی ئارەزوو.))

لاکان لە سیمینارەکانی خۆیدا بە هونەری گوتاربێژی ئەو بنەمایەی پیادە دەکرد، کە زمان جگە لە ئاخاوتن و وتنی ئەوەی کە هەیە، توانای دیکەشی هەیە. ئەم بنەمایەی سەرەتا لە دەیەی 1950 فۆرمۆلە کرد. چونکە زمان بەهۆی مرۆڤەکانەوە دەدوێت و هەر بەو پێیەی مرۆڤەکانیش بە هاوکاری زمان دەدوێن.

هەوڵەکانی لاکان بۆ سەرلەنوێ شیکردنەوەی تیۆری فرۆید- یان ئەوەی کە خودی لاکان بە (گەڕانەوە بۆ فرۆید) ناوی دەبرد- لە دەیەی 1930 و بەئیلهام لە بیروباوەڕەکانی (ئەلکساندەر کۆژێڤ) دەربارەی هیگڵ دەستی پێکرد. بێگومان لە نووسینەکانی دەیەی 1950دا کاریگەری زاراوەکانی هیگڵ و هەستیاریی هیگڵی سەبارەت بە جیاوازییە وردەکانی نێوان سوژەیی (بکەری) دیالەکتیکی خودایان و هیگڵی بەندە، بەچاو دەبینرێت. ئەوەی کە لاکان دەیویست نیشانی بدات، نەخشی other یان (ئەوی دیکە)یە، مەبەستیشی لەم زاراوەیە other تەنها کەس یان کەسانی دیکە نیە، بەڵکو هەموو پرس و باسەکانی دیکەشە، مەبەستی ئەو هۆکاری بنەڕەتییە لە بەیانکردنی مەیلی مرۆڤ، ئەو مەیلەیە کە لەسەر نەبوونی بەرکار بونیادنراوە و لە قۆناغی سەرەتایشدا ئەو بەرکارە دایکە لەلای منداڵ. ناسنامە پشتیوانی لە بکەر ناکات، بەڵکو دەیباتە ژێر پرسیارەوە: لە راستیدا مەیل یان ئارەزوو کەلێنی ناو خودی بکەر ( subject) نیشان دەدات.

لاکان بۆ ئەنجامدانی باشتری کارەکانی، دووبارە گەڕایەوە بۆ تیۆری بکەر و رەگەز (سێکس) لەبەرهەمەکانی فرۆید، دیسان ئەو بەرهەمانەی خوێندەوە، بۆئەوەی کۆمەڵێك لە چەمکەکان و بەتایبەتی چەمکی (نەست) رۆشن بکاتەوە و سەرلەنوێ بیان ژێنێتەوە. ئەو لەدەیەی 1950 بانگەوازی دەکرد کە ئەوەی لە هەموو شت رێگری دەکات لە سروشتی گۆڕانساز و شۆڕشگێڕی بەرهەمەکانی فرۆید، ئەو دیدەیە کە (خود) Ego لە تێگەیشتنی رەفتاری مرۆڤدا نەخش و کاریگەری بنەڕەتی هەیە. ئەم تیۆرە کە (خود) هۆکارێکی هاوتایە لەگەڵ هەمان مرۆڤدا و یەکسان و سەرچاوەی نایابی هەموو ناسنامەیەکی ئاکە، کە نەك تەنها بەهۆی کاریگەریی (هایتنس هارتمان) کرابووە تیۆری دەسەڵاتدار لە دەروونناسی (خود) لە ئەمریکا، بەڵکو بەناو تەواوی رشتەکانی زانستی کۆمەڵایەتی و مرۆییشدا بڵاودەبێتەوە.

لە راستیدا، سەرەتاکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم (بەتایبەتی لە ئەمەریکا و وڵاتانی ئینگلیزی زماندا) دەبێتە سەردەمی مرۆڤباوەڕی و باوەڕکردن بە بنەڕەتی بوونی نیەت (خواست)، تێگەیشتن و هۆشیاری مرۆڤ. لەم سەردەمەدا ئەو باوەڕە فەرماندار بوو کە خود- چاك یان خراپ- لە چەقی ژیانی دەروونیی مرۆڤدا بڕیاردەدات. لاکان بە پەیڕەو و دڵنیابوونی بونیادگەری، زمانی وەکو سیستەمێك لە جیاوازییەکان و نەبوونی بەشە پۆزەتیف و ناهاوکارەکان دەبینی، واتە دیدی ئەو بۆ زمان لە جیاوازییە نیگەتیفەکاندایە و هەر لەم روانگەیەشەوە گرنگی و نەخشی زمان لە بەرهەمەکانی فرۆیدا بەرجەستە دەکات. پێش ئەوەی کە ئاراستەی بونیادگەری ناوبانگ پەیدابکات، لاکان لە ساڵی 1936 تیۆری ((قۆناغی ئاوێنەیی)) Mirror Stageی خستەڕوو. قۆناغی ئاوێنەیی کاتێك دەست پێدەکات کە تواناکانی کۆرپەی بێ زمان (6-18 مانگ) دەرئەکەون، تەنانەت پێش ئەوەی کە بتوانێ قسەبکات و کۆنترۆڵی جوڵە و تواناکانی خۆی بکات. ئەمەش ئەو قۆناغەیە کە منداڵ دەیەوێت لە ئاوێنەدا خۆی ببینێ یان لە هەڵسوکەوتەکانیدا خۆی تاقیبکاتەوە. ئەم ناسینە بێگومان پرسێکی بەڵگە نەویست نییە، چونکە منداڵ دەبێت وێنەی خۆی هەم لە خۆیدا (رەنگدانەوەی خۆی) و هەم لە کەسێکی دیکەدا (تەنها یەك رەنگدانەوە) ببینێت. وێنەکانی منداڵ لەگەڵ خۆیدا تەواو وەکو یەك نییە، بوون بە بکەرێکی کۆمەڵایەتی (یان بونەوەری کۆمەڵایەتی) دروست پەسەندکردنی هەمان ئەو

شتەیە. گەشەکردنی منداڵ بۆ قۆناغی قسەکردن بە تەواوی پەیوەستە بەم ناسینەو پەیدا بوون یان پێگەیشتنی (خود) کە ناوەندی هۆشیارییە، هەمان ئەو ناسینەیە. سەرئەنجام لەم قۆناغەدا زمـان و توخمەکانی هێمایی (واتــە توخمە فەرهەنگیەکان) بە بنەڕەتی دەژمێردرێن، بەڵام پێش ئەم باوەڕە گشتییە، لە بنەڕەتی بنەمای بکەرێتی مرۆڤدا توخمە بایۆلۆجیەکان یان سروشتیەکان زاڵ بوون بۆ پشتیوانی ئەم وتەیە، ئەوەبوو لاکـان لە ساڵی 1953 و لە گوتاری سیمیناری رۆمادا دەیگوت: (مرۆڤ قسە دەکات، بەڵام بەو هۆکارەی کە هێمای ئەو دەبێتە مرۆڤ، یان بە رەو مرۆڤبوون دەچێت.))

تـیـۆری سـۆسـۆر دەربـــارەی پەیوەندی دڵخوازی نێوان (دال) و (مـەدلـول) هاوکاتە لەگەڵ دیدگای ئەو بۆ زمان وەکو سیستەمی جیاوازییەکان، و ئەمەش وای لە لاکان کرد لە سەرەتای دەیەی 1960 بڵێت:

((بـکـەر Subject، بـکـەری (دال)ە)). لەبەرئەوەی کە (دال) هەمیشە لە (مەدلول) جودایە (وەکو هێڵی ئەلگوریتمی- فۆرمۆلی- سۆسۆر)2 و بەهرەمەندیشە لە سەربەخۆیی راستەقینە، لە ئاکامدا هیچ (دال)ێك بۆ هەمیشە دالـی (مەدلول)ێك نییە. قەڵەمڕەوی (دال) بریتی یە لە قەڵەمڕەوی سیستەمێك لە هێماو سیستەمی جۆراوجۆری نیشانەکان، رەمزەکان،

**هەوڵەکانی لاکان بۆ سەرلەنوێ شیکردنەوەی تیۆری فرۆید- یان ئەوەی کە خودی لاکان بە (گەڕانەوە بۆ فرۆید) ناوی دەبرد- لە دەیەی 1930 و بەئیلهام لە بیروباوەڕەکانی (ئەلکساندەر کۆژۆ) دەربارەی هیگل دەستی پێکرد**



Hegel



GRETA GARBO

دەلالەتەکان، نواندن و وێناکان. لەم سیستەمەدا تاك دەتوانێ ببێتە بکەر (Subject).

وەکو چارەسەر و کلینیکی دەروونی، کە تاکی دەروون پەرێشان هان دەدرێت هەرچی بە مێشکیدا بێت بیخاتە سەرزمان، زمان دەبێتە ئەو هۆکارە بڕیاردەرەی کە وەکو بیرەوەری کاردەکات. هەر لەبەرئەوەیە کە سیستەمی هێماکان و واژەکان (لە زماندا) لەسەر ڕێگای مرۆڤ پەیدا دەبن یان بڕیار دەدەن.

بەڵام زمان، تەنها هەڵگری ئەندێشە و زانیاریەکان نییە وە نە تەنها هۆکاری پەیوەندیشە. لاکان دەڵێت: ئەوەی کە دەبێتە هۆی نەهێشتن یان کەمکردنەوەی پەیوەندیش، هەر دیسان ماناداره. خراپ تێگەیشتن، تێکەڵ و پێکەڵی ئاخاوتن، ڕەنگدانەوەی شاعیرانە، بەشێوەی گشتی کۆمەڵێك لەو شتانەی (کە وەك مەتەڵ و نەزانینەکانی ناو زمان، یان ئاشوبی فکری، فەرامۆشی و لەبیرچوونەوەی ناو و شتەکان، خوێندنەوەی هەڵە و هەموو ئەو شتانەی کە لەکتێبەکەی فرۆید (ئاستەنگ ناسی دەروونی ژیانی ڕۆژانە) باس و شیکردنەوە کراون) لە زماندا و بەهۆی زمانەوە ڕوودەدەن. ئەمانەش ئەو شتانەن کە کاریگەری (نەست) بەهۆیانەوە دەبینرێ یان دەردەکەوێت، هەمان ئەو پرسانەشن کە وایان لە لاکان کرد کە هەڵبژاردە ناودارەکانی زمان و (نەست) بەیەکەوە ببەستێ: ((پێکهاتەی ویزدانی ناهۆشیار (یان خۆنەناس) وەکو پێکهاتەی زمان وایە)). بۆیە نەست کە ئاخاوتنی پەیوەندار دەپچڕێنێ ئەمەش بەهۆی ڕێکەوتەوە نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای سیستەمێکی بونیادی دیاریکراو دامەزراوە.

لاکان لە ڕۆشنکردنەوەی بەرهەمەکانی (ڕۆمان یاکۆبسن) لە زەمینەی زمانناسیدا، چەمکەکانی ((چڕبوونەوە))، ((لە جیاتی دانان))، (جێگۆڕکێ)ی فرۆید لەگەڵ چەمکەکانی ((وەرگرتن-استعارە)) و ((مەجازی نێردراو))ی یاکۆبسن، پێکەوە گرێدەدا. ئەو لەسەر بنەمای ئەم پەیوەندییە، (وەرگرتن) بە (جێگۆڕکێی واژەیەك بەواژەیەکی دیکە) پێناسە دەکات، لە

کاتێکدا کە (مەجازی نێردراو) بە (پەیوەندی واژە بەواژەیەکی دیکە) یان جووت بوون دەزانێت. ئەم ئاڕاستەیە توانای ئەوەی بە لاکان داوە کە ((ئامادەبوون))ی نەست لە زماندا لەگەڵ ئەو کاریگەریانەی کە (وەرگرتن-استعارە) و (مەجازی نێردراو) دروستی دەکەن، بە هاوتا بزانێت. ئەمەش دروست هەمان شێوەی فرۆیدە لە شیکردنەوەی خەوندا، کە بینینەکانی نەست لە خەوندا یەکسان بکات لەگەڵ چالاکی چڕبوونەوە و جێگۆڕکێ.

هەرچەندە زمان، وەکو بەشی ئاپایی سیستەمی (هێما و بەهایی) لە تیۆری لاکاندا نەخشی سەرەکی هەیە، بەڵام تەنها یەکێکە لە سێ سیستەمە پێکهێنەرەکانی بکەر Subject لە دەروونناسیدا. سیستەمەکانی دیکەش بریتین لە (پرسی خەیاڵی))3 و ((پرسی واقعی)) یان رووداو.

لە کاتێکدا کە نەست لەگەڵ پەیدابوونی کەلێن لەبکەردا ئەم سیستەمە بێ ناوەند دەکات، بەڵام لە ئاستی پرسی خەیاڵیدا، واتە لە گوتاری رۆژانەی ژیاندا، کاریگەری نەست بەرەسمی ئاناسرێت. لە پرسی خەیاڵیدا بکەر بڕوای بە تیواریی (شەفافیەت) پرسی هێمایی هەیە و نەبوونی واقعیەت لە پرسی هێماییشدا ئاناسێت. سەرئەنجام، پرسی خەیاڵی تەنها ئەو جێگایە نییە کە تیایدا وێنە یان وێنا پەیدابێت، یان بکەر لە چێژەکانی خەیاڵدا نقوم بێت. لە راستیدا، پرسی خەیاڵی ئەو جێگایەیە کە تیایدا بکەر سروشتی پرسی هێمایی بەهەڵە وەردەگرێت، هەربۆیەش پرسی خەیاڵی دەبێتە مەیدانی تەوەهم، بەڵام وەهمێکی پێویست، کە بریتی یە لەوەی دۆرکهایم باسی ئاینی پێدەکات.

یەکێك لە فۆرمۆلەکانی لاکان دەربارەی (پرسی واقعی) ئەوەیە کە ئەم پرسە هەمیشە لە (جێگای خۆیدایە)، بۆیەش لە جێگای خۆیدایە، چونکە تەنها ئەوەی لەخۆیدا نەبێت نادیارە یان نائامادەیە، دەشتوانێ خۆی بکاتە پرسی هێمایی (رەمزی) و هەر لەبەر ئەوەشە کە دەبێتە پرسی وێنایی. پرسی هێمایی جێنیشینی ئەو شتەیە کە لە جێگای خۆیدا نییە. رەمز، واژە و زاراوە و هاوتاکانی هەمیشە لە نەبوونی بکەردا پەیدا دەبن یان ئاماژەیان بۆ دەکرێت. لاکان ئەم ئاڕاستەیە بە (پرس واقعی) شارەزا بۆ شیکردنەوەی چیرۆکی (نامەی دزراو)ی (ئەدگار ئالان پۆ) بەکاردەهێنێت.

بەڵام لە ئاستی پێکهاتەی بکەری تاکدا (وەکو بکەرێکی رەگەزی-جنسی) ئەو شتەی کە لە جێگای خۆیدا نیە نێرەی دایکە. چیرۆکەکە بەوشێوەیە دەبێت کە پێگەیشتنی کۆرپە بەرەو قۆناغی زمان هاوکاتە لە جودایی ئەو لەگەڵ دایکی. پێش ئەم جیابوونەوەیە، ئاوێتەبوون و پڕبوون هەیە، کە بریتیە لە یەکێتی دایك و منداڵ. دوای جودایی، دایك دەبێتە بەرکاری منداڵ، واتە دەبێتە یەکەمین ئەزموونی لە غیاب. لەلایەکی دیکەوە، منداڵ بۆ دایك جێنیشینی نێرەی لە دەست چووە. دایك لە تروسکایی پەیوەندی نزیکی خۆی لەگەڵ منداڵ، هەست بە پڕبوون و کەماڵ دەکات. بەڵام، بەبێ جیابوونەوە زمان پەیدا نابێت. باوکیش بەنۆبەی خۆی ئەو هۆکارەیە کە هەمیشە لە پەیوەندی دایك و منالدا دەخالەت دەکات، بەوشێوەیەی کە منداڵ خۆی بە باوك دەزانێت، دەتوانێ ناسنامەی خۆی دروست بکات. لەم سێناریۆیەدا کە نابێت رەوشی استعاری فەرامۆش بکەین- جێگای دایك (کە جێگایەکی ژنانەیە) لە جێگای (پرسی واقعی)یە، لە کاتێکدا باوك نوێنەری پرسی (هێمایی یان بەهاییە) و جێگای منداڵیش دەبێتە (پرسی خەیاڵی) یان ئەو خەیاڵدانەی کە (لە نێوان هێما-دەسەڵات) و (پرسی واقعی)دا پەیدا دەبێت. بەمانایەکی وردتر و بەتایبەتی لەمانای ئاکێتی دا، ناسنامەی منداڵ بەرهەمی


**لاکان لە رۆشنکردنەوەی بەرهەمەکانی (رۆمان یاکۆبسن) لە زەمینەی زمانناسیدا، چەمکەکانی ((چڕبوونەوە))، ((لە جیاتی دانان))، (جێگۆڕکێ)ی فرۆید لەگەڵ چەمکەکانی ((وەرگرتن-استعارە)) و ((مەجازی نێردراو))ی یاکۆبسن پێکەوە گرێدەدا**



پەسەندکردنی جیاوازی ڕەگەزی یان سێکسیە لەلایەن خۆی. ئەوەی کە لەم جیابوونەوە ڕەگەزییەدا لە هەموو شتێك گرنگترە، دووبارە ناسینەوەی ئەو خەیاڵە لەلایەن منداڵەوە، کە دایکی ئەندامی زاوزێی پیاوانەی نیە: منداڵ لەم کاتەدا دەبێتە هەڵگری نیشانەی نەشاردنەوەی جیاوازی. لێرەدا لاکان ئەوە نیشان دەدا کە ئەندامی زاوزێی پیاوانە جێگای هێمایی دەبێت و هەرگیز لەوەش کەمتر نابێت، جێگایەکە کە بۆنیشاندانی نێرەبوون باسی دەکات. ئەندامی سێکسی پیاوانە واقعییەو دیارە، بەڵام نێرەی (هێمایی)ە کە دەبێتە (دال)، لەراستیدا نێرە بەهۆی نەخش و کاریگەرییەکەی لە دەلالەتدا دەبێتە دالی دەلالەت.

ئەم ئەزموونە تەنها لە ناسینی نەبوونی ئەندامی زاوزێی پیاوانە لە دایکدا (لەلایەن منداڵەوە) پەیدا دەبێت، بەڵکو سەرچاوە لەوە دەگرێت کە (بوونی) دایك چیرۆکی ئەگەری نەبوون بوونە لە خودی منداڵدا لە ڕێگای خەساندنەوە (واتە لەبەرئەوەی ئەندامی زاوزێی دایك وەکو هی باوك نیە، بۆیە منداڵ پێی وایە ئەندامی زاوزێی نیە). لە ئەنجامدا (پرسی هێمایی) لە ڕێگای نەخشی نێرەوە وەکو نمادێك کە خاوەنی هەوو مانایەکە، بگەر لەگەڵ ئاستەنگ یان مردنی خۆی ڕووبەڕوو دەکاتەوە.

((پرسی هێمایی)) یان ڕەمزی (نمادین) لە گشتی ترین ماناداو، ئەو شتەیەکە ماناو یاسا-تەنانەت سیستەم و دەسەڵاتیش- دەبەخشی. لاکان لەدەیەی 1950دا کە باسی یاسا دەکات، باسی ئەو شتە دەکات کە (بەناوی باوك4) بەرجەستە دەبێت. بەم شێوەیە سیستەمی هێمایی لەناوی باوکدا بەرجەستە دەبێت و کۆمەڵگاش دروست دەکات، وەکو ئاماژەیەك کە باوك و دەسەڵات لەیەك جێگادان. یان دەتوانین بڵێین بە پەیڕەوی لە داستانی فرۆید لە کتێبی (تەوتەم و تابۆ)دا لە ڕێزی باوکی مردوودا منداڵەکان هەقی خۆیان لە خاوەنداریێتی ژناندا بەدەست دەهێنن. بەبڕوای (لوی ستراوس) کە بەرهەمەکانی لەسەردەمی خۆیدا شایانی باس و گرنگی بوون لەلای لاکان، لە هەمان جێگادایە کە یاسا لە دژی زینا لەگەڵ مەحارمدا (واتە سێکس لەگەڵ کەسانی نەشیاو) بەدی دێت.



بەبڕوای هەندێك لە نووسەرانی فیمینیست پەیامی زاڵـی مرۆڤناسی فرۆیدی لاكان، سیستەمێكی باوك سالارە، كە تەنها نرخ دەدات بە ڕەگەزی پیاو، یان زیاتر بەها بۆ پیاو دادەنێت. بێگومان لە دیدی زۆرێك لە ژنان، لاكان لە زۆربەی بەرهەمەكانیدا شتەكان وەكو ژن نابینێ یان ژن ناكەتە گشت. مەبەست لە گوتەی یەكەم، نیشاندانی ئەو خەڵەیە كەلەلای لاكان هیچ چوارچێوەیەك پەیدا نابێت كە (خود)ی ژنانەی تیابێت، یان ژنێتی هیچ خودێكی نیە. هەربۆیەش ڕەگەزێتی (Sexuality) هەمیشە یاری سەرپۆش و پۆشاكە گۆڕاوەكانە. سەرەنجام وتنی ئـەوەی كە (ژن) بوونی نیە بەومانایە دەبێت كە جیاوازی ڕەگەزی ناتوانێ لە هیچ شێوەیەكی هێما یان بەهادا خۆی بگونجێنێ، یان ناتوانێت سەرلەنوێ خۆی بنوێنێ. گوتەی دووەم دەربـارەی ئەو هەڵوێستەیە كە ژن ئەندامی سێكسی پـیاوانـەی نیە، و هـەربـۆیـەش نایێتە بەشێك لە پرسی (هێما-بەها) یان دەبێتە بەشێكی لاوەكی لەپیاو. ئەندامی زاوزێی پیاوانە ئـەو نێرەیە كە خـودی (دال) ی دەسـەڵاتـدارە پێش ئـەوەی یەكسەر بڵێین كە ئەم وێنایە لە ژن وێنەیەكی نێگەتیفە (وێـنـایـەك كـە لـە هەموو شێوەكانیدا لەبەرژەوەندیی پیاودایە)، دەبێت بڵێین (پیاو)یش زیاتر لە ژنان نایەوێت، ژن وەكو بونەوەرێكی خەساو بناسێ. لەڕاستیدا دەبێت بەرەنگاری لـەبـەرامـبـەر (واقـعـیـەت) ئەفسانەی خەساندن لەبەرنامەدابێت، كە هەمیشە لە ژیانی كۆمەڵایەتیدا دەرئەكەوێت. ئەم بەرەنگاریە نەك تەنها لـەزاراوە و وێنەكاندایە، بەڵكو دەبێت لەو هەوڵانەدا بێت كە دەسەڵاتداركردنی ئەم مانای نەهێشتە كە لەئەنجامی خەساندندا دێتە دی. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئایا ئەم خاڵە ڕاست بێت یان هەڵە، دیان ئەو پرسیارە دەمێنێتەوە- هەرچەند ناتوانین لێرەدا وەڵامـی بدەینەوە- كە ئایا ئەم ((داستان))ەی كە دەروونناسان هەمیشە باسی دەكەن، سەرئەنجام پاساو بۆ ئەو ستەمە پەیدا ناكات كە ژنـان لە باری كۆمەڵایەتیەوە دەیبینن؟ پرسیارێكی تەواوكاری دیكەش لەوانەیە ئەوەبێت: ئایا پرسەكە تەنها ئەوەیە كە لە نێوان پـەسـەنـدكـردنـی ڕوخـسـاری هێمایی (ڕەمـزی) درۆیین بۆ ژن (وەكـو دایكی نێرە) و لەبەرچاوگرتنی ژنی بەیانكراو بەناونیشانی حەقیقەت، دەبێت چۆن مامەڵە بكرێت؟

ڕەهەندێكی دیكەی تیۆری لاكان، كە بەتایبەتی لە سیمینارەكانی كۆتایی ژیانیدا ، هەوڵی ئەوە بۆ پایەداركردنی دەروونناسی لەسەر بنەمای ماتماتیك. بەوشێوەیەی كە ئەگەر (دال)ێك تەنها لەپەیوەندی لەگەڵ (دال)ەكانی دیكەدا مانای هەبێ، كە بتوانین بە (x) ئاماژەی بۆ بكەین. واتە لـەلای لاكـان (دال)ێـك لـەبـەرئـەوەی كە تەنها وێنەیی بێت، دەتوانرێت لە زمانی ماتماتیكدابێت. لاكـان، تەنها لـــەدوای خوێندنەوەی بەرهەمەكانی (جاك-ئالان میلەر) وتی: ئەستێش تەنها (دال)ێكی لەمجۆرەیە، بۆیەش دەتوانی هەر مانایەكی هەبێت. واتە مانای ئەو یەكسەر پەیوەستە بەو زەمینەوە كە تیایدا پەیدا دەبێت لە دەیـەی 1960 و سەرەتاكانی دەیـەی 1970، بڕواكانی لاكان لەژێر كاریگەری زانـای ماتماتیكی وەكو (فرگە، گودل و كانتور) دابـوو. ئـەو لـەم سـەردەمـەدا زیاتر لە جـاران لە ڕەوشـی گوتار بێژی دەرسەكانی خۆی كە لەدەیەی 1950دا سەرگەرمی بوو، دووركەوتەوە. بەبڕوای ڕۆدینـسـكـۆ ((بـەنـابـردنـی لاكـان بۆ ماتماتیك و ڕوخساركردنی دەروونناسی دوایین هەوڵی ئەوبوو بۆ ڕزگاركردنی دەروونناسی هەم لە دەستی ڕیشەكانی هیپنۆتیزم و هـەم لـە دەسـتـی ئـەو نەریتانەی كە لە قوتابخانە و كلێسەكاندا دەوترانەوە.

**سەرچاوە:**

**جـان لچت، پنجاه متفكر بزرگ معاصر (از ساختاگرایی تا پسامدرنیته)، ترجمەی محسن حكیمی، انتشارات خجسته، چاپ اول 1377، ل ل 111-116.**


**پەراوێز:**

**1- گۆرۆ: ڕێبەرو مامۆستای ڕۆحانی لە ئاینی هیندۆسیدا.**

**2- دال-مەدلول: ئەمە ئەلگۆرسیتم یان فۆرمۆلی سۆسۆرە، كە لاكان ناوبانگی بۆ پەیداكردوە. ئەو هێلەی كە (دال) و (مەدلول) لەیەك جیادەكاتەوە، هەمان هێڵی دابەشكردنە لە زانستی جەبردا.**

**3-Imaginary ، وەرگیراو لە چاوگی image كە پێشتر بەمانای وێنە باسمانكرد، نەك خەیاڵ. لەلاتینیدا ئەم دوانە هەمان چاوگیان هەیە. مەبەست لەو ساتەیە كە منداڵ وێنەی خۆی لە ئاوێنەدا دەبینێت.**

**4-:name of the father بەناوی باوك ئەم ڕستەیە لە ئاینی مەسیحیدا لە جیاتی ناوی (خـودا) بەكاردێت كە سەرچاوەی هەموو هێماو بەهاكانە.**



JAQUES LACAN

# تێرمە بەکارهاتووەکانی
# لاکان

لە عەرەبییەوە: ئومێد عوسمان

جاک لاکان-جیاوازتر لەدەروونشیکارەکانی تر باوەڕی بەوە نییە، کە ئەرکی شیکاریی دەروونی چارەسەر بێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو پێیوایە تەنیا ڕێگەیەکە بۆ ناسینی هەقیقەتی مرۆڤ، هەرچی چارەسەریشە کارێکی لاوەکییە.

بیردۆزی زمانەوانی بەیەکێک لەگرنگترین تیۆرەکانی لاکان دادەنرێت لەسایکۆلۆژیادا ئەویش بەو پێیەی پەیوەندی نێوان دەروون و زمان بەدەردەخات، ئەوەش وادەکات بەقووڵیی ناخ و دەروونی مرۆڤدا ڕۆبچین بەتەنیا لەوێشدا ریشەی وشەو نهێنی شاراوەی زمان لە قووڵیی نەستدا دەبینەوە، کە وابوو کرۆکی زمان لەنەستیدا خۆی دەبینێتەوە و خودی زمانیش لۆژیکی نەست پێکدەهێنێت.

لەوسۆنگەیەشەوە ئەوەی پێویستە لەسەرشیکاریی دەروونی بونیاد و ستراکچەری زمانە، هەرئەوەشە وایکردوە لاکان گرنگی بەوشە بدات لەگۆڕەپانی شیکاریی دەروونی


نەستیش بریتیە لەقەوارەی زمانەوانی و کار لەسەر واتاکان دەکات نەک مەدلولەکان.

## Mirror stage

تیۆرەی ئاوێنە یەکێکە لەو زیادکاریانەی کە لاکان لەشیکارییەکاندا بەکاریهێناوە، تیایدا پشتی بەزمان بەستوە بەوپێیەی ئاوێنەی نەستە، کە بەوەش کاریگەری لەسەر لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و ئەدەبی بەجێهێشتووە.

هەرچەندە جاک لاکان- لەقۆناغە بەراییەکانی ژیانی زانستی خۆیدا ٣ تێرمی (سیمبولیک، ئەندێشەگەرایی، ریالیستیک)ی بەکارهێناوە، بەڵام لەساڵی ١٩٥٣وەک سێ سیستم یاخود سێ ئاست قسەیان لەسەردەکات، دواتریش ئەو زاراوانە بۆ سیستمێکی سەرەکی دەستنیشانکردن دەگوێزرێن، لەو ڕێگەیەشەوە ڕووناکی دەخاتە سەر کارەکانی فرۆید، تەئکیدیش لەوە دەکاتەوە کە ئەگەر پشت بەو سیستمە سیانەیە نەبەسترێت ئەوا مەحاڵە لەتەکنیک و ئەزموونی فرۆید بگەین

## برۆمۆ كۆمپلێكس



هەریەك لە زاراوەكانی(سیمبولیك، ئەندێشەگەرایی، ریالیستیك) جیاوازییەكی گەورە لەنێوانیاندا هەیە و دیدێكی هاوبەش كۆیان ناكاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لاكان وەك سێ سیستم مامەڵەیان لەگەڵدا دەكات، كە خاڵی هاوبەشیان هەیە و وەڵامی ئەو پرسیارەش (خاڵی هاوبەشیان كامەیە؟) لەمیانەی ئەو سیمینارە دەداتەوە كە لەساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ سازیكردبوو ئەویش لەرێگەی تۆپۆلۆژیای گرێكوێرەی بۆرومۆ.

ئەوسێ سیستمە لەئاستی هێزی عەقڵگەرایی هەرسێ دەستەكەی فرۆیددا نین ،كە لەمۆدێلی ناسراو بەبونیاتگەرایی بەرجەستەبوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەر هەرسێكیان پێكەوە رووماڵی سەرلەبەری كایەی شیكاری دەروونی دەكەن، هەریەكەشیان لەچوارچێوەی پەیوەندی لەگەڵ دوو سیتسمەكەی تردا پێناسە دەكرێت.

هاوكات سەربەخۆبوونی بونیادگەرایی ئەوسێ سیستمە لەگرێكوێرەی بۆرومۆیدا بەدەردەكەن، بەجۆرێك رزگاركردنی هەریەكێك لەبازنەكانی گرێكوێرەی بۆرۆمۆ دەبێتە هۆی سەربەخۆبونی دوو بازنەكەی تر.

### Symbolic

زاراوەی سیمبولیك لەنووسینە بەراییەكانی لاكاندا بەكارهێنراوە، دواتر فۆرمێكی ئەنسرۆپۆلۆژی وەرگرتووە. سیستمی سیمبولیك رۆڵێكی یەكلاییكەرەوەی هەیە لەشیكاری دەروونیدا، لەكاتێكدا سیمبولیك بۆخۆی بریتییە لەرەهەندی زمانەوانی، كە وابوو رەهەندی سیمبولیك یاخود ئاماژەسازی بریتیە لە دال (signifier) وێنەی رەمزی لە زیهندا. بێگومان جیاوازی هەیە لەنێوان چەمكی ئاماژەسازی لاكان لەگەڵ چەمكی سیمبولیكی فرۆیددا، بەجۆرێك لای فرۆیدا پەیوەندیەكی دوالیزمی، ئاكێتی نیمچە نەگۆڕ لەنێوان واتا و فۆرمدا هەیە، لەكاتێكدا ئەو پەیوەندییە لەسیمبولیكی لاكاندا نائامادەیە.


### ئەندێشەگەرایی imaginary

زاراوەی خەیاڵگەرایی لای لاكان بریتییە لە پەیوەندی فرە جەمسەری نێوان منی باڵا (ego) و وێنەی هەڵگەڕاوە، هەروەها تەماهی (گۆڕینەوەی ناسنامە) لەنێوان من و وێنەی هەڵگەڕاوەدا هەیە و ئەو ئاڵوگۆڕی ناسنامەیە(IDENTIFICATION) بریتیە لە لایەنێكی گرنگی سیستمی خەیاڵگەرایی. پەیوەندی نێوان منی باڵاو هاوشێوەكەی پەیوەندییەكی نێرجسییە و بەردەوامیش جۆرێك لە شەڕانگێزی هاورێی نێرجسیەتە.

وەك لاكان دەڵێت كاتێك بۆ جاری یەكەم منداڵ وێنەی خۆی لەئاوێنەدا دەبینێت برەو بەتوانای خۆی دەدات بۆ ناسینەوەی وێنەكەی خۆی لەئاوێنەدا، بەڵام دواتر تێدەگات ئەو وێنە هەڵگەڕاوەیە وێنەی تەواوەتی خۆی نییە، بەڵكو تەنیا وێنەیەكی ئایدیالی جەستەیە كە منداڵ دەیەوێت ناسنامەی لەگەڵدا بگۆڕێتەوە.

لەم تان و پۆیەدا(imaginary matrix') لاكان ئەوە روون دەكاتەوە كەچۆن بواری بینین بەپیاسای رەمزی بونیاتدەنرێت. خەیاڵگەرایی رەهەندی زمانەوانیی هەیە و (دال)یش بنەمای سیستمی سیمبولیك و مەدلول(SIGNIFIED) و واتاش پاشكۆی سیستمی خەیاڵگەرایین كەوابوو زمان لەیەك كاتدا سیمایەكی رەمزی و سیمایەكی خەیاڵی هەیە و لەسیمای خەیاڵیدا (دیواری زمان) گوتاری ئەویتر دەشێوێنێت.

imaginary matrix')





ریالیستیك

لاكان ئەم چەمكە وەك لێكدژی خەیاڵگەرایی دادەنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی كردووە لەنێوان واقعی و راستەقینەیدا، دەڵێت ریالیستی قوربانی تەمومژێكە و هیگل گوتەنەی هەموو واقیعبوونێك بریتییە لە لۆژیكی بوون و بەپێچەوانەشەوە.

واقعی بوون شیاوی ژانین نییەو لەدەرەوەی خەیاڵگەرایی و سیمبولیكە.

**سەرچاوە:**

لەئینتەرنێتەوە وەرگیراوە.


یوتۆپیا
پاش پێنج سەدە
چەند نووسەرێک
لە ئەڵمانییەوە: پێشەوا فەتاح
لە بڵاوکراوەکانی
دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


Jaques Lacan

# جاک لاکان

## شا ڕێگەی زمانی عەقڵ و شاگردە زیتەڵەکەی سیگمۆند فرۆید

لە ئینگلیزییەوە: ماجد خەلیل

جاک لاکان پزیشك و شیكەرەوەی دەروونی و زانای فرە بوارو فرە ڕەنگی سەدەی بیستەمی فەڕەنساو خۆرئاوا، قوتابخانەی دیاری دنیای ڕەوانشوناسی و داهێنەر و دۆزەری زمانی شاراوەی عەقڵی مرۆڤەكان. ئەو تەنیا بیرمەندێكی كاریە و كیانی فەلسەفەی دەروونـزانـی نەبوو، ئـەو تەنها پرۆفیسۆرو وانەبێژێكی نێو زانـكـۆی پـاریـس نەبوو، بەڵكو شۆڕشێك بوو لە گۆڕینی ئاڕاستەی تێگەیشتنەباوەكانی دونیا سەبارەت بە زامانی فەلسەفەو فەنی دووانلنی عەقڵی مرۆڤ.

لاكـان شۆڕشێك بـوو لەنێو زانكۆی پاریسدا، شۆڕشێك بوو هێنلەی شۆڕشی فەڕەنسی دەیـان ساڵ پێش خـۆی، تین و تاوی دایە زانستە مرۆڤایەتییەكانی خۆرئاوا. ئـەو دیـارتـریـن نمـوونـەی ئـەو پزیشكانە بوو كە بەڕۆحێكی ڕەسـەنو ڕەوگەیەكی كلاسیكییەوە، ژیانی دایــەوە بەسیگمۆند فرۆید. چونكە كاتێ ئەو هەبوو، دروست سیگمۆندیش هەبوو، ئەو ڕۆحێكی نوێی فرۆید بـوو، بـەڵام ڕۆحێك لەپاش جەنگی جیهانی دووەم، لەپاریسەوە هەڵتۆقا. لاكان بۆ ماوەی ٢٠ ساڵی ڕەبەق لە زانكۆی پاریسدا بێ دابڕان سیمینار و موحازەرەكانی بوونە سەنەمێك و شەیدایانی دەروونزانی بوونە بەندەی.

بیرمەندانو دەروونناسان و ئاشنایانی بواری دەروونناسی، جاك لاكان بەیەكێك لە هەرە زانا مەزنەكانی بـواری شیكەرەوەی دەرونـــی دادەنـێـن، كە لەپاش فرۆیدەوە توانیویەتی دەستكەوت، دەرەنانێكی ئێجگار مـەزن بداتە توێژینەوە ئەكادیمییەكانی بواری زامان، ڕۆچوون لە دەروونـــی مرۆڤ

و لەمەیدانی شیکردنەوەی دەروونی فرۆیدزمیشدا هەنگاوی گەورەو بێ وێنەی هاویشتووە.

سیمینارە زارەکییەکانی جاك لاکان وەك مامۆستایەکی زانکۆی پاریس ناوبانگی ئەویان هێند بردە پێشەوە، کە لە ساڵی ١٩٥٢ بەدوواوە ئیدی ئەو بۆخۆی بووە مەدرەسەیەکی سەربەخۆو سەهەندی تیۆرەکانی بەسەر بیرکردنەوەی دەروونناسانی تەواوی ئەورویاو دنیاوە جێهێشت. هەتاوەکو ئێستەیش توێژینەوە لەمەڕ بەرهەمو بیروڕاکانی جاك لاکان بەرەو بەرینتر دەڕوات و دیارترین وەرچەرخانێکیش کە ئەو کردی ئەوە بوو، کە تیۆرەکانی بوونە قەڵایەکی تۆکمەو تەیار بۆ پشتیوانی لە دەرونشیکاریی فرۆیدو ئیدی ڕەوتێکی تری دایە نەیارانی فرۆید، ئاراستەی فرۆیدیزمی خستە سەر ڕەوگەیەکی نوێ و لەتەك ئەکادیمیستانی بواری شیکارە دەرونییەکان ئاشتی کردەوە .

جاك لاکان لەخانەوادەیەکی بۆرجوا هاتە دوونیاوە ناویراو ساڵی ١٩٠١ هاتووەتە دونیاوە. ئەو بۆخۆی لەسەرەتادا رشتەی پزیشکیی دەخوێنێت، دوواتر وەدەوردە دەست و پەنجەی لەتەك زانستی دەرونشیکاریدا نەرم دەکات. بەجۆرێك لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا بەفەرمیی تێکەڵ دەبێت بەکۆمەڵەی پاریسیی بۆ شیکارە دەروونییەکان. لاکان پێشتر لەساڵی ١٩٣٢ توانی دکتۆرا بەدەستبێنێت، ئیدی بەتەواوی یەکلا بوویەوە بۆ تێکەڵکاری و بەراوردی نێوان پزیشکیی دەروونی و شیکاری دەروونی، ئیدی جاك لاکان لەو مەیدانەدا بووە پێشەنگی تیۆرە ورووژێنەر و جێبایەخەکان، لەسەر دونیای ژن و مەفهومی سەرنجڕاکێش و پەی پێنەبردووی لەمەڕ پرۆسەی سێکس، جوتبوون، ژانیاری نوێی لەسەر خۆشەویستی، ماهییەتی نزیکبوونەوەی کچ و کوڕی هێنایە ئاراوە، چونکە هەوەڵجاربوو لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا ڕاڤەی وتەگەلێك بکرێت کە شەیدایانی بواری سێکس بەپیرییەوە بچن.

جاك لاکان وتەکانی هەمیشە ببونە سەرنێڕی نوسین و هەواداریی گەنجان بۆی مشتومڕو جەدەلێکی نوێی زانستی لەتەواوی ئەورویادا خولقاندبوو. هۆڵی موحازەرەکانی لەپاریس ببویە شوێنی کەیفی هەموو ئەو میوانە زانستخوازانەی کە دەهاتن لەوێ بەدرێژایی دەیان ڕۆژ لە وانەکانیدا ئامادە دەبوون. جاك لاکان بەتوانا نوێگەرییەکەی لەنەخۆشییەکانی عەقڵ، شێتی و تایبەتمەندیی بیری ژن دەدووان، هەموو تیۆرەکانی قوتابخانەی سایکۆلۆجی و سایکۆلۆجی فرۆیدی دایە بەر نەشتەری توێژینەوە، لەبەرامبەر کۆمەڵەی ئێونەتەوەییدا بیرەکانی خۆی نومایاندەکرد.

جاك لاکان بەسود وەرگرتن لە دونیای فەلسەفەو بە شەنو کەوکردنی هیگڵ، هایدگەر و ئاشنایەتی بەتەواوی ئەم بیرمەندانە پۆل ألیوار وأندریە مالرو وجورج باتای وجان لوی بارو. چەندانی تری کایەی زانستە مرۆڤایەتییەکان تایبەتمەندییەکانی هەمویانی تێپەڕاند. چونکە ئەو پێی وابوو پزیشکی دەرونی و شیکاری دەرونی لەنەخۆشییەکانی زیهن و خودو عەقڵدا کافی نین، بەڵکو ئاڵایە زمازو ئەدەبی سوریالی و لەو پێودانگەشەوە قەسیلە شێوە زانستی، ئەدەبییەکانی ئێجگار ڕەواجیان پێداکرد. ئەو ئەدەبوو کەشفکردنی موعەمای زمانی لە زانستی شیکاری دەرونیدا، بۆ یەکەمجار بە شێوەیەکی زانستی سەلماندو تێکەڵکارییەکی جدی لەو پێناوەدا هێنایە بەرهەم

لاکان لەمیانی شیکارەکانیدا ئیدی بوویە خاوەنی تیۆرێکی دیارو بەرچاو کە ناسرابوو بە تیۆری زمانەوانی لەشیکاری دەرونیدا، ئەو پێی وابوو زمان و وشە دەربڕی ناخن، وابەستەیەکی تەواوی دەلالەتەکانی خەونیشی لەپەیوەست بە زمانەوانییەوە لێکدابوویەوە، بەم هەنگاوەی نوێترو قوڵتر لە فرۆید توانی شۆڕبێتەوە بۆ نێو دونیای خەون. دیارە جاك لاکان بێبەش نەبوو لەرەخنەو ڕەخنەگرتن و هەڵلوسانی دەنگی جیاواز لەبەرامبەر تیۆرەکانیدا. هەربۆیە هەندێك بە شێت و سەرلێشێواو ڕاڤەی بۆچونەکانیان دەکرد، بەڵام تاوەکو ئێستایش تیۆری زمانەوانی لە زانستی دەرونناسیدا بە گرنگترین ئەو تیۆرانە دادەنرێت کە پەیوەندی نێوان دەرون و زمان نومایان دەکات و کۆدی عەقڵی مرۆڤ لە سەرنجەکانی ئەودا دەدۆزرێتەوە. هەرچەند کە نوسینەکانی جاك لاکان دژوارو ئاڵۆز بوون و بەسانایی لێیان تێنەدەگەیەنران، بەڵام لەنێوەندی ڕۆشنبیریدا لەوەدەمەدا گرەوی لە زۆرترین بیرمەندانی فەرەنسا، ئەورویا بردبوویەوە چەنکە نوسین و مەقالەکانی پڕفرۆشترینی پەنجاو شەست و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوویوون

جاك لاکان لەبەرئەوەی پێی وابوو زمان بریتییە لە دەربڕی لاشعور و هەستی شاراوەی مرۆڤ، بۆیە کلیلی دواندنی لائیرادی مرۆڤی لەشێوە و شکڵ و کۆدەکانی زمانی مرۆڤدا دۆزییەوە، لەوێوە هەم ڕاما هەمیش شۆڕبوویەوە بۆنێو دونیای لاشعوری مرۆڤەکان. ئەو لەومیانەدا نێوبانگی گەیشتە لوتکە بەتایبەتی کاتێك کتێبەکەی بەنێوی (کتابات) بڵاوکردەوە. هاوکات توانی بەم شێوەکارەی سەرلەنوێ لەسەرپنەمای زانستی زمانەوانی وابەستەییەك بەشیکاری دەروونیو شیکاری پزیشکی دروستبکات




**جاك لاكان لەبەرئەوەی پێی وابوو زمان بریتییە لە دەربڕی لاشعور و هەستی شاراوەی مرۆڤ، بۆیە کلیلی دواندنی لائیرادی مرۆڤی لەشێوە و شکڵ و کۆدەکانی زمانی مرۆڤدا دۆزییەوە. لەوێوە هەم راما هەمیش شۆڕبوویەوە بۆنێو دونیای لاشعوری مرۆڤەکان**

کە هەم کارەکانی لەدی فردیناند دی سوسیر ورومان یاکبسونی لەم بوارەدا پێشخستن، هەمیش سەرلەنوێ تیۆرەکانی سیگمۆند فرۆیدی بە رەگێکی نوێترەوە نومایان کردنەوە.

پێشتریش تێزەکەی خۆی لەساڵی ۱۹۳۲ بەناوی دەروون و زهانی پارانۆیی بڵاوکردەوە، کە وابەستەی کردبوو بە کەسایەتی مرۆڤەکانەوە. ئەو پێچەوانەی قوتابخانەی ئەمریکییەکان لە پەنجاکاندا کە لەبواری شیکاری دەرونیدا کاریان دەکرد، پێی وابوو ئاوێتەبوونی گونجانی تاکەکان لەتەك کۆمەڵگەدا لەپێشەوەی کارە نەك بەپێچەوانەوە. هاوکات لەساڵی ۱۹٥۴ دا راپۆرتی رۆمای خستەڕوو کە لەوێدا رۆڵ و کایەی زمان و وتەی لەشیکاری دەرونیدا خستەڕوو. جاك لاكان هەر لەکایەی زانستی خۆیدا ژیا تاوەکو ساڵی ۱۹۸۱ کۆچی دوایی دەکات.

خاڵی گرنگی جاك لاكان و تایبەتمەندی ئەو لەوەدایە کە دەستی بۆ بابەتێك برد، لەسەر ئاستی نوسەرو بیرمەندو شیکەرەوە مەزنەکانی وەك سیگمۆند فرۆید، بە بەڵگەی زانستی رووبەڕووی مەترسی و عەیب و عار ببوویەوە، بەڵام جاك لاكان هات ئەو بوارەی نەك هەر زیندوو راگرت، بەڵکو بوویە شاگردێکی زیتەڵی سیگمۆند فرۆید و لەو پێناوەدا ئەسپی خۆی تاودا. جاك لاكان جیاوازی لەتەك بیرمەندو تیۆری قوتابخانە مەزنەکانی وەك ئەمریکا و ئەوروپا ئەوە بوو، کە بەشێوەیەکی ئەکادیمی و بەدرێژایی ژیانی لەگەرمو گوڕترین ناوەندی دونیادا بۆ فیکرو فەلسەفەو دەروناسی لەپاریسەوە دەستپێکرد، بۆیە هەم ئەزموونی هەبوو ، هەمیش زانست و شیکاری هاوکات لەمەودای کاریدا ئەو داهێنانەی کە جەختی لەسەر دەکردەوە، کە پەیوەندی و پەلکێشی مانا و

مەدلولی زمان بوو بۆنێو کایەی زانست و دەروون و هەستی شاراوەی مرۆڤ، ئیلی ئەو توانی چەمکەکان لێك بداتەوە و قسەی خۆی لەسەر گوتار و وتارە جیاوازەکان هەبێت کە لە زمانەوە دەهاتنە گۆ.

دیارە لەئێستادا شیکاری نەفسی و سایکۆلۆجی نوێ کە بایەخی ئەوتۆ بە تیۆرەکانی سگمۆند فرۆید و شوێنکەوتووانی دەدەن، لەوانە جاك لاكان کە دیارترین مەچەکی بەهێزی فرۆیدە لەنێو شیکارەکانی زانستی نوێدا بۆ شیکاری دەروونی، کە لەزانکۆ گرنگەکانی دونیادا باسی لێوەدەکرێت، تیۆری ئەکادیمی لەبارەیەوە دەخرێتەڕوو. جاك لاكان بۆخۆی روونتر و نیانتر فەلسەفە و بایەخی زمانی هێناوەتە نێو بیۆلۆجی و دەروونی مرۆڤەوە ئەویش وەك فرۆید گرنگترین وەستانی لەسەر پەیوەندییە سۆزداری و جنسییەکان کردووە، توانیویەتی بەچەمك گەلێك بایەخی پەیوەندی زارۆی شیرەمرو خواستە لاشعورییەکانی بەدایکییەوە ببەستێتەوە بەو خواستە لاشعورییەی کە نێرینەییەکی مرۆڤ لەتەك مێینەیەکدا هەیەتی.

جگەلەوەش جاك لاكان ئەوەی کە لەپەیوەندی سۆزداریدا خستویەتە روو، لە ئێستادا دەروونناسان بایەخی زیاتریان خستووەتەڕوو، بەتایبەتی لەئێستەی کۆمەڵگەی ئەورووپیدا دەزانین کە رەوشی ناهەمواری ئابووری، کێشە، گرفتەکانی جەنگ، ململانێ و ئەو کەئابەی ژیانی تاکی ئەورووپی تەنیوە، هەمووی بە وابەستە بە زمان و ئەداو دەنگ شیکارکردووە. هاوکات بەشێك لە قوتابخانە شیکارییەکانی دەروونناسی، هێزی سێکس، تین، ئاوی وابەستەبوونی لەنێوان دووکەسدا، کە دەیگەڕێننەوە بۆ بونیادی پێکهێنانی خێزان و رێکخستنی داهاتووی کۆمەڵگە و پاراستنی نەژادی مرۆڤ، لەفەلسەفە و روانگەی جاك لاكانەوە باشترین هەڵهێنجانیان کردووە بۆ پاراستنی بونیادی خێزان و پەیوەندی تاکێك بەتاکێکی ترەوە.

دیارە جاك لاكان لەتیۆرەکانیدا مانا دەدات بەهێزی لاشعوری تاکێکی تر بۆ نزیکبوونەوە لە تاکەکەی بەرامبەری لەچەند رووییەکەوە، جیاوازی ئەم هێزە و تایبەتمەندی ئەم خواستەی مرۆڤ لەنێوان جوتەکانیدا جیادەکاتەوە لەوەی کە ئاژەڵان هەیانە بۆیەکتری. ئەویش بریتییە لە هێزی زمان لەو نێوەندەدا، ئەم تایبەتمەندییە کە مرۆڤ هەیەتی بەشێکی گەورەی پەیوەندییەکان نیشاندەدات. کەدەبێتە هۆی تێگەیشتن وەك دەزانین لەنێو ئاژەڵاندا ئەم تێگەیشتن و نیاز و مەبەستە تەنها بۆ خاڵی کردنەوەیە، جاك لاكان پێی وایە کە مەبەستی سێکس لەمرۆڤدا، زمان رۆڵی گرنگی تێدا دەبینێت بۆئەوەی تەنها بۆ خاڵی کردنەوە نەبێت و روانگەیەکی لاشعوری تێدا دەخاتە روو، کە بەهەموو مانایەك پەیوەندی سۆزداری لەتەوەرەی ئاژەڵەوە دوور دەخاتەوە. جاك لاكان بەم پێیە تیۆرەکانی بوونەتە بناغەیەك بۆ زامنکردنی کۆمەڵگەیەك لەسەربنەمای لێکتێگەیشتن، لەسەربنەمای ئامانجێکی زیندوو، واتە رۆڵی زمان وەك سێکس بۆ وابەستەبوون و نەمانی گۆشەگیریی دەخاتە



FERDINAND DE SAUSSURE

پرسێکەوە کە کۆمەڵگە وابەستەبکات بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیەوە. دیارە کە تیۆری لاشعوریی لەپەیوەندی نێوان تاکەکان، کە جاک لاکان جەختی لەبارەوە دەکاتەوە بەدەر نەبووە لە رەخنەو قسەی دەروونناسانی هاوسەردەم و سەردەمی دووای جاک لاکان.

بۆنموونە فۆن هارتمان فەیلەسوف و زانای بەناوبانگی ئەڵمانی، لەم بارەیەوە و لەکتێبە بەناو بانگەکەیدا بەناوی فەلسەفەی لاشعوور باس لەوەدەکات، کە لاشعوور ژیانی عەقڵی دامەزراو دەکات هەروەك چۆن ژیانی لاشەییو جەسەدیی چەسپاو و دامەزراو دەکات، چونکە بەبڕوای ئەو هەموو چالاکییە پاڵنەرەکانی عەقڵیی جەسەدی و شعوری مرۆڤ وابەستەیە بەهێزی لاشعورییەوە. ئەو پشت بە نوسینێکی کارل غوستاف کروس دەبەستێت، کە پێی وایە هەمو زانیاری و مارێفەیەکی ژیانی عەقڵیی هەستەوەریی و ئیرادی مرۆڤ بەتەواوی لە نێچەو لەجیهانبینی لاشعوری ئەودا چەسپاوو جێگیرە. هەر ئەمەیش خواست و ئیرادەمان دەگۆرێت بۆ ئیرادەیەکی لاشعوریی هەروەك چۆن نیتچە لەم بارەیەوە جەختی لەسەر ئەم تیۆرە دەکردەوە. هەرئەمەیش لەسەرئاستی دەروونــی دەمانگوێزێتەوە بۆ مەیدانی میتافیزیا.

دیارە ئەمەیش لە شوێنەواری زانای نەمساوی سیگمۆند فرۆیدا وتە، بەڵام بوونی جاك لاکان لەم نێوەندەدا وابەستەییەکی لەنێوان هــەردوولادا دروست کـرد. جاك لاکان لەهەمووان روونتر چەمکە ئاڵۆزەکانی شیــکــردەوە، نوێتر خیتاب و گوتاری مرۆڤیشی شۆڕکردەوە بۆ نێو گەمەی لاشعور، لەوێوە دیسانەوە وەك بازنەیەکی تەواوکار لاشعوریشی هێنایەوە بۆ نێو کــاروبارو هەست و ئیرادەی مرۆڤ، چونکە لەباوەڕی جاك لاکاندا دوانو زمانی مرۆڤ ئێکرای لاشعورییە و دەربڕی ئەو جیهانەیە، بەڵام ئەو زیاتر وردەکاری کردووە لەوبێتاوەدا.

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە جاك لاکان یەکێك بوو لەو قەڵەمانەی کەتوانی مێشکی مرۆڤی هـاوچـەرخ بخوێنێتەوە، لەچوارچێوەی زماندا کۆی گرێ دەروونییەکان کــورت بکاتەوە. ئـەو هـەم لەسەرئاستی دەروونــی لەسەردەمێکدا هاتە پێش کە کۆمەڵگەی دووای جەنگی جیهانی دووەمی ئەوروپا ئاتاجی پێی بوو، هەمیش لەسەر ئاستی سیاسیدا توانی بنچینەیەکی گونجاو لەسیاسەتی خۆرئاوادا دابرێژێت، کە دیالۆگ و نەرمی لێدوان و وتارە ئاگرینەکانی ماوەی جەنگ ئید حسابی رەوەنــدی دەروونیان بۆدەکرا، چیلی سیاسییەکان بە رەوەنەقێکی زانستیانەوە حسابیان بۆ ئـەو ئەدەکێتە دەکرد، کە قوتابخانەیەکی زەنگین بەعەقڵ لە زانیارییەکانی جاك لاکاندا شیمانەی دەکرد.

مــاوەتــەوە بڵێین ئـەو مەرجەعە رۆشنبیرییە و ئەو دونیا تەواوکارەی لە ئەمرۆدا خـۆرئـاوا پێی گەیشتووە، بەرهەمەکەی وابەستەیە بە هەڵکشان و بەرەو لوتکەچوونی زانستە مرۆڤایەتییەکانەوە، چونکە هیچ کات زانایانی خۆرئاوا زانستە سروشتییەکانیان لە زانستە تیۆری و مرۆڤایەتییەکان دانەبڕیوە، ئێستەیش فەلسەفە، دەروونزانی و مێژوو، هەموو ئەمانە تێکەڵن بەو دەستاوردانەی لە فیزیا، کیمیا و زانستی پزیشکیدا هاتوونەتە گـۆڕێ. خـودی جاك لاکانیش یەکێك بوو لەوانەی کە درێژە پێدەری نەزمی کلاسیکی بـوو، بـەڵام بەرۆحێکی نوێوە، کە توانی زانستی پزیشکی کە بۆخۆی دەیخوێند بکاتە هەوێنی زانستێکی بەهادارو پێویستی وەك شیکاری دەروونی لە کۆمەڵگەکەیدا...

**سەرچاوە:**

http://www.cla.purdue.edu/english/theory/psychoanalysis/lacanstructure.html

http://www.critical-theory.com/this-so-called-crisis-it-does-not-exist-jacques-lacan-on-psychoanalysis-in١٩٧٤-/

http://www.critical-theory.com/this-so-called-crisis-it-does-not-exist-jacques-lacan-on-psychoanalysis-in١٩٧٤-/

http://www.cla.purdue.edu/English/theory/psychoanalysis/lacandevelop.html


http://www.critical-theory.com/this-so-called-crisis-it-does-not-exist-jacques-lacan-on-psychoanalysis-in١٩٧٤-/

http://www.cla.purdue.edu/english/theory/psychoanalysis/lacanstructure.html

http://www.lacan.com/seminars١a.htm

http://www.lacan.com/seminars١a.htm

http://www.cla.purdue.edu/English/theory/psychoanalysis/lacandevelop.html



Jaques Lacan



# گەشەی سێکسی و پێکهاتەی دەروونی تاك لای جاك لاكان

لە ئینگلیزییەوە: شاسوار کەمال مەحمود

Idea

### لەبارەی گەشەکردنی دەروونی سێکسی تاکەوە

جاك لاكان سەلماندی هێزێکی کاریگەرە لەسەر تیۆری رەخنەگرانەی هاوچەرخ، کە کاریگەری هەیە لەسەر زۆر رێبازی دیکە لەوانە: فێمینیزم، تیۆری فیلمسازی، پاش بونیادگەرایی، مارکسیزم، هەروەها لاكان نمونەی ئەو دیاردەیەیە کە ئێمە وەك داهێنانی پۆستمۆدێرن لە سیگمۆند فرۆید لێی تێدەگەین.

لەکاتێکدا فرۆید لە شێوازی کارکردنیدا پشتی دەبەست بە رێبازی ئەزموونی- empirical و تراوسیۆنی مرۆڤانە و پێی وابوو (خودی سەقامگیر) لە تواناییدایە بگاتە «راستی»، بەڵام لاكان وەك پۆست بوونیادگەرایەك تەنیا کار لەسەر (خود و راستی) ناکات، بەڵکو هەوڵی دۆزینەوەی ئەوە دەدات کە چۆن زانیاری دروست



دەبێت لە رێگای پێکهاتە زمانەوانی و ئایدۆلۆژییەکانەوە، ئەم پێکهاتەیەش نەک تەنها ئاگاییمان کۆنترۆڵ دەکات، بەڵکو ژیانی نائاگایشمان کۆنترۆڵ دەکەن.

لەگەڵ ئەوەی فرۆید شێوازی ئۆرگانیکی و بوونی ئارەزووی بەلاوە پەسەند بوو بۆ دۆزینەوەی دەماری و زانینی هۆکارە سروشتیەکانی گەشەکردنی سێکسی، بەڵام لاکان مۆدێلێکی زمانەوانی پەرەپێدا بۆ تێگەیشتن لە دەروازەی بابەتی مرۆیی بەرەو سیستەمی کۆمەڵایەتی. هەربۆیە لاکان کەمتر گرنگی دەخاتە سەر هۆکارە جەستەییەکان (وەك: تەرکیزی فکری، ئارەزووی جنسی، غەریزە) بۆ ئاراستەکردنی هەڵسوکەوت، بەڵکو زیاتر گرنگی دەخاتە سەر پێکهاتە ئایدۆلۆژییەکان بە تایبەتی لە رێگەی زمانەوە، کە مرۆڤ لە رێگایەوە لە پەیوەندی لەگەڵ خودی خۆی و ئەوانی دی تێدەگات.

لە راستیدا، بە بۆچوونی لاکان جوونە ژوورەوە بەرەو زمان لە خۆیدا دەبێتە هۆی دابڕانی ریشەیی لەهەر هەستکردنێکی ماتریالیدا. لاکان پێی وایە دەبێت هەر کەسێك جیاوازی بکات لە نێوان واقیع (ئەو جیهانە خەیاڵییەی پێمان وایە جیهانی راستەقینەی دەوروبەرمانە) لەگەڵ راستەقینە_ حەقیقەت ( بوونی ماتریالی لەسەروو زمان و دەربڕینەوە). بەمانایەکی تر، گەشەکردنی بابەتی مرۆیی، دروست دەبێت لەرێگای ئاسیبی هەڵە دەربارەی حەقیقەت، ئەویش بۆ پێویستیمان بۆ دروستکردنی هەستی واقعی لە ناو زمان و لە رێگەی زمانەوە.

بەشی زۆری دەوەستێتە سەر تێگەیشتنی زمانەوانی و کۆمەڵایەتی خۆمان لەبارەی (واقع) و ئەوەش هەڵچوونی ماتریالی راستەقینە (حەقیقەت) بۆ ناو ژیانمان بەتەواوی تێکچووە. هەربۆیە، حەقیقەت بەردێکە دژی هەموو پێکهاتە زمانەوانی و کۆمەڵایەتییە دەستکردەکان کە بەحەتمی فەشەل دێنن. کەواتە ئەو گرژییەی نێوان راستەقینە و یاسا کۆمەڵایەتیەکان، ماناکان، رێکەوتەکان، ئارەزووەکانن... هتد... کە بڕیار لەسەر ژیانی دەروونی و سێکسیمان دەدەن. تەنانەت نائاگایشمان ناتوانێت لە زمان رابکات، لەبەر ئەوەیە لاکان پێی وایە « نائاگایمان داڕێژراوە وەکو زمان».

کەواتە تێگەیشتنی لاکان لەسەر گەشەکردنی دەروونی، رێکخراوە لەدەوری توانای بابەت بۆ ناسینی هێما دیارەکان و لە کۆتایشدا بۆ زمان. جێگەی ئاماژەیە لاکان هاوشێوەی فرۆید، پێی وایە قۆناغەکانی گەشەکردنی دەروونی تاکەکان جیاوازە لە یەکتری، تەنانەت قۆناغەکانی گەشەکردن لەناو یەك

تاکیشدا بوونیان هەیە هەروەك لە خوارەوە روونکراوەتەوە:

- لەدایك بوون هەتا ٦ مانگی: بە بۆچوونی لاکان لەم قۆناغەدا گەشەکردنی تاك تێکەڵەیەکە لە تێگەیشتن و هەست و پێداویستی. لەم قۆناغەدا تاك هەست بەجیاوازبوونی خودی خۆی ناکات لەگەڵ باوانی و جیهانی دەوروبەری. هەربۆیە تاك ئەزموونی شتەکانی دەوروبەری دەکات وەك شتی چێژبەخش و لەزەتیان لێ وەردەگرێت بەبێ بوونی هیچ بەراست دانان و سنووردانانێك. لەم قۆناغەدا تاك نزیکە لە (ماتریالی پاك) کە لاکان ناوی دەنێت « راستەقینە-حەقیقەت»، هەرچەندە لەم قۆناغەشدا چەند شوێنێکی بزواندنی سێکسی بوونیان هەیە، دایك هەوڵ دەدات ئاگاداری تایبەتی ئەو بەشانەی جەستە بێت.

- لە ٦ مانگی بۆ ١٨ مانگی: لاکان ناوی

**جاك لاکان سەلماندی هێزێکی کاریگەرە لەسەر تیۆری رەخنەگرانەی هاوچەرخ. کە کاریگەری هەیە لەسەر زۆر رێبازی دیکە لەوانە: فێمینیزم. تیۆری فیلمسازی. پاش بونیادگەرایی. مارکسیزم. هەروەها لاکان نمونەی ئەو دیاردەیەیە کە ئێمە وەك دابڕانی پۆستمۆدێرن لە سیگمۆند فرۆید لێی تێدەگەین**



sigmund freud

ناوە (قۆناغی ئاوێنە)، تاك شوناسی دەربارەی خۆی بۆ دروست دەبێت و لەم قۆناغەدا منداڵ هەست بەوێنەی خۆی دەکات و خۆی دەناسێت وەك (مـن). پێویستە ئاماژە بـەوە بکرێت وێنەی منداڵ لـەم قۆناغەدا تێکەڵ بەشتەکانی دەرەوەی خۆی نەبووە، زمان نەچۆتە ناوی هەربۆیە وێنەکە گشتییە و وەك بـابـەت کـاردەکـات. بەمانایەکی تـر، ئـەم وێنە دروسـت بووە پێش هاتنە نـاوەوەی زمانە، کە دوای ئـەوەی زمـان دەچێتە نـاوەوە، خود دەبێت بزانێت چۆن ئەم وێنەیە لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا جێگیر بکات و گفتوگۆ بکات بۆ رێکخستنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەوانی دیدا. ئەم خود ناسینە زۆر گرنگە، چونکە خود ناسین وەك (مـن) وەك ناسینی (ئەوانی دی) وایە.

- لە ١٨ مانگی بۆ ٤ ساڵی: لەم قۆناغەدا، کە منداڵ زمـان بەدەست دەهێنێت، وردە وردە پەیوندەی لەگەڵ حەقیقەت دەپچرێت. لاکان ئەمە بنیات دەنێت لەسەر واناسازی سوسێر (Ferdinand de Saussure)، کە نیشانی دەدات زمان سیستەمێکە، تەنها ئەو کاتە مانا پەیدا دەکات لەناو لۆجیکی ناوەکی جیاوازییەکاندا، بۆ نمونە وشەی (باوك) ئەوکاتە مانای خۆی پەیدا دەکات کاتێك لەگەڵ وشەکانی دی و دژەکـانی بــەراووردی دەکەین (وەك: دایك، من، یاسا، کۆمەڵایەتی... هتد...). وەك Kaja Silverman، باسی دەکـات، دەلالەتی گرنگی بـاوك هیچ



Jaques Lacan

پەیوەندی بەراستی فیزیکی باوەك وەك تاك نییە، بەڵكو گرنگییەکەی دەردەکەوێت لەناو تۆڕێکی دیکەی گرنگی کە هەموویان یەکسانن لە سۆنگەی حەقیقەتەوە، لەگەڵ چوونە ناو سیستەمی زمانەوە، تاك تێکەڵی (ئیزامی هێماکان) دەبێت و (من) تێکەڵ بە ئەوانی دی دەبێت ئەویش لە ڕێگای زمان و کلتورەوە.

گرێی ئۆدیب، لای لاکان هاوشێوەی فرۆید گرنگی خۆی هەیە، بەڵام جیاوازیەکەی ئەوەیە کە لاکان نەخشەڕێژی دەکات لە ڕێگای بەدەستهێنانی زمانەوە. پرۆسەکە دەجوڵێت لە ڕێگای (زانینی ئەوەی کە ناتوانین لەگەڵ دایکمان بخەوین، یاخود بەتەواوی ئەومان هەبێت) بەرەو ناسینی ئەوەی کە پێویستە ملکەچی پێکهاتەکانی کۆمەڵگا ببین، پەیڕەوی لە سیستەمی جیکارانەی داخراوی زمان بکەین، کە لە ڕێگەیەوە لە (خود) دەگەین لەپەیوەندی بە (ئەوانی دی)یەوە.

لێرەدا فالۆس ( هێمای ئێرینە، کە نایێت هەمیشە مانای پێنیس) بگەیەنێت، مانای بابەتی خۆی لەدەست دەدات و بەهۆی زمانەوە مانایەکی (تەواو فراوان) وەردەگرێت لە کاتێکدا ئەمە شتێکی مەحاڵە. فالۆس هەموو ئەو مانایانە وەردەگرێت کە پەیوەستن بە ئەوەی لاکان پێی دەڵێت (باوکی سیمبوڵی).

هاوشێوەی فالۆس (کەهیچ پەیوەندی بە پێنیس)ەوە نییە، ناوی باوك، ماناکەی زۆر زیاترە لە باوکی فعلی. بەشێوەیەکی زۆرتر ئەو پرۆسەیە هاوشێوەی ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیانەیە کە ژیانمانی کۆنترۆڵ کردووە، هەروەها بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کۆنترۆڵی هەندێك لە کردارەکانمانی کردووە لەڕێگەی ( یاسا، ئاین، دەرمان، پەروەردە). کاتێك کەسێك بە گرێی ئۆدیدا تێدەپەڕێت، شوێنی فالۆس (لەناو سیستەمی جیاکاریدا) لەلایەن هەمووانەوە گریمانە دەکرێت (لەوانە: مامۆستا، سەرکردەکان، تەنانەت دایکیش) و بەهۆی زۆر دووبارەکردنەوەی فالۆس هاوواتی پێنیس یاخود باوکی بایەلۆژی ناگەیەنێت.

شایەنی باسکردنە، لە سیستەمی لاکاندا، جیاوازی تویکاری نێوان کچان و کوڕان دەبێتە هۆی ئەوەی پیاوان و ژنان دوو ڕێگای جیاواز بگرنە بەر. لاکان پێی وایە پیاوان دەتوانن ئیمتیازەکانی فالۆس بەدەست بهێنن لە ڕێگەی ئینکاری کردنی حەقیقەتی سێکسوالێتی خۆیان (پێنیسی ڕاستەقینە)، لەبەر ئەم هۆیە خەساندن کار دەکات وەك چەمکی سەرەکی گەشەکردنی دەروونی و سێکسی کوڕان.

بەقبوڵکردنی ناوی باوك کە پەیوەستە بە سیمبوڵی فالۆس، نێر پێویستە جەسیەکانی خۆی ئینکار دەکات، پاشان بۆ هەتا هەتایە لەپەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەوانی دی تێدەگات لەسۆنگەی پێگەی خۆی لەناو سیستەمێکی گەورەتری یاساکان، جیاوازی جێندەری، ئارەزوو. لەبەر ئەوەی ژنان، وەك پیاوان (پێنیس)یان نییە، بۆیە بەهەمان ئەزموونی خەساندندا تێناپەڕن و بەهەمان شێوەی پیاوان پەیوەندی کۆمەڵایەتی نابەستن، بۆیە نزیکترن لەو شتەی لاکان پێی دەڵێت (چێژ)، چونکە پیاوان دەستیان لە ژمارەیەك غەریزەی زۆری جەستەیان هەڵگرتووە لە پێناو بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیمبوڵی فالۆس.

لەبارەی پێکهاتەی دەروونی تاکەوە

بەشێوەیەکی سەرەکی، دەروون دابەش دەبێت بۆ ٣پێکهاتە کە کۆنترۆڵی ژیان و ئارەزووەکانمان دەکەن و کاری سەرەکی لاکانیش لە دەوری ئەم ٣ پێکهاتە دەسوڕێتەوە،

**سیستەمی سیمبولی مومکینە بەهۆی قبولکردنی ئەو یاسا و سنوورانەی کۆنترۆلی هەلسوکەت و پەیوەندیەکانمان دەکەن. بەهۆی قبولکردنی (ناوی باوك- مەبەست لێی سیمبولی کۆمەلگا) دەتوانین بچیتە ناو کۆمەلگای ئەوانی ترەوە. سیستەمی سیمبولی لە ریگەی زمانەوە بریتیە لە پەیمانێك کە هەموو بابەتەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە لە یەك کرداردا**



ئەوانیش: ڕاستەقینە، سیستەمی خەیاڵی، سیستەمی سیمبوڵی (ئەوی دی گەورە):

١- پێکهاتەی ڕاستەقینە- The Real:

ئەم چەمکە بریتییە لە دۆخی سروشتی خۆمان، کە بەهۆی چوونە ناو زمانەوە بۆ هەتا هەتایە لەدەستمانداوە. تەنها تازە لەدایك بووان لەم دۆخەوە نزیکن، ئەویش بەهۆی ئەوەی هیچ شتێك نییە تەنها پێویستی ئەبێت. منداڵ تەنها بەدوای تێرکردنی پێداویستیەکانیدا وێڵە و هیچ جیاوازییەك لەنێوان خۆی و جیهانی دەرەوەدا ناکات. لاکان ئەم دۆخە وەك (پڕبوون یاخود کامل) دەشوبهێنێت، کە بەهۆی هاتنەژوورەوەی زمانەوە لەدەست دەچێت. منداڵ (هاوشێوەی ئاژەڵ) کاتێك پێداویستیەکی دەبێت هەوڵی تێرکردنی دەدات.

هەرچەندە دوای هاتنە ناوەوەی زمان بەدەستهێنانی دۆخی ڕاستەقینە مەحاڵە، بەڵام لاکان پێی وایە ئەم پێکهاتەیەی منداڵی کارگەری لەسەر ژیانی هەرزەکاری هەیە، وەك بەردێك وایە کاتێك خەیاڵ و پێکهاتە زمانەوانیەکان لە کۆتاییدا فەشەل دەهێنن. بۆ نموونە ڕاستەقینە دەگەشێتەوە کاتێك دەمانەوێت مادیەتی بوونمان بزانین.

٢- پێکهاتەی سیستەمی خەیاڵی - The Imaginary Order:

ئەم قۆناغە هاوتەرییە لەگەڵ (قۆناغی ئاوێنە)، کە تاك دەجوڵێت لە بەدەستهێنانی پێداویستیەوە بۆ بەدەستهێنانی داواکاری. پێداویستیەکان لەوانەیە داین بکرێن، بەڵام داواکاریەکان تێرناکرێن. ئەمە ئەو شتەیە لاکان وەك کەموکوڕی لە (بابەتی مرۆیی) باسی دەکات.

کاتێك منداڵ هەست دەکات جەستەی لە جیهان و دایکی جیاکراوەتەوە، ئیتر هەست بە دڵتەنگی و وونبوون دەکات. وێنەی منداڵ لە بارەی خۆیەوە جیاوازە لە وێنەی ڕاستەقینەی سەرەتا. ئەم وێنەیە خەیاڵیە و منداڵ دەیەوێت تەعویزی ئەو لەدەستدانە بکاتەوە، کە هەی بووە لەڕێگای (منی باڵا)وە، بە چاولێکردن لە کەسانی دی (بۆ نموونە کەسی نموونەیی ناو کۆمەڵگا).

٣- پێکهاتەی سیستەمی سیمبوڵی (یان ئەوی دی گەورە) - The Symbolic Order(the «big Other»):

لە کاتێکدا قۆناغی خەیاڵی دەربارەی هاوکێشەکان و شوناسەکانە، قۆناغی سیستەمی سیمبولی دەربارەی زمان و گێڕانەوەیە. کاتێك منداڵ دەچێتە ناو زمان و یاساو فەرمانەکانی کۆمەڵگا جێ بەجێ دەکات، لە توانایدا هەیە مامەڵە لەگەڵ (ئەوانی دی)دا بکات. بە بۆچوونی لاکان قبوڵکردنی یاساکانی زمان هاوبەستە لەگەڵ گرێی ئۆدیپ.

سیستەمی سیمبولی مومکینە بەهۆی قبوڵکردنی ئەو یاسا و سنوورانەی کۆنترۆڵی هەڵسوکەوت و پەیوەندیەکانمان دەکەن. بەهۆی قبوڵکردنی (ناوی باوك- مەبەست لێی سیمبولی کۆمەڵگا) دەتوانین بچینە ناو کۆمەڵگای ئەوانی ترەوە. سیستەمی سیمبولی لە ڕێگەی زمانەوە بریتیە لە پەیمانێك کە هەموو بابەتەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە لە یەك کرداردا. بە تێگەیشتنی فرۆید، کردارەکانی مرۆڤ لە بناغەوە لەسەر دنیای هێماکان بنیاتنراون، ئەوانیش بریتین لە یاسا و گرێ بەستەکان.

بە بۆچوونی لاکان، پێکهاتەی ڕاستەقینە هەوڵی دابینکردنی پێداویستیەکان دەدات، هەروەها پێکهاتەی سیستەمی خەیاڵی هەوڵی تێرکردنی داواکاریەکان دەدات، پێکهاتەی سیمبولیش هەوڵی بەدەستهێنانی ئارەزووەکان دەدات لە ڕێگای زمانەوە. لەوکاتەوەی تێکەڵ بەزمان دەبین، ئیتر بۆ هەتا هەتایە وابەستەبین بە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لە کۆمەڵگادا.

**سەرچاوە:**

http://www.cla.purdue.edu/English/theory/psychoanalysis/lacanstructure.html

فایلی ژماره (2)



# Gottfried Wilhelm von Leibniz


ئاشنابوون بە لایبنتز........................لە فارسییەوە: سەرهەنگ عەبدولرەحمان..................................165

لایبنتز مەزنترین بیرمەندی..........لە فارسییەوە: ڤارین عەبدولڕەحمان.............................................185

لایبتز........................................................لە ئەڵمانییەوە: پێشەوا فەتاح...................................................193

گۆتفرید ویلهیلم ڤۆن لایبنتز.......لە فارسییەوە: ئارام مەحمود ئەحمەد..............................................199

فەلسەفەی لایبنتز..........................لە فارسییەوە: سەعید کاکی....................................................203



# Gottfried Willelm Leibniz

# ئاشنابوون بە لایبنتز

پۆل ستراتێرن
لە فارسییەوە: سەرهەنگ عەبدولرحمان

**پێشەکی:**

لایبنتز سەرمەشقی بلیمەتی کاریکاتێر ئاسا بوو. ژیانی لێوڕێژ لە ڕووداوی هێندە پێکەنیناوی بوو، کە ئەو بە دەگمەن ئاگای لە ناوەڕۆکەکانیان بوو.

هەمووشتێکی دەربارەی هەموو شتێك دەزانی، بەڵام بەهیچ شێوەیەك نەیدەزانی خەڵکی ئاسایی چۆن بیردەکەنەوەو هەڵسوکەوت دەکەن ئەمە بە جێگەی خۆی، ئەو بەدڵنیاییەوە یەکێك لە خەمڵاوترین فەیلەسوفەکان بوو (هەرچەندە ئەم شیمانەیە زیاتر نوکتەیەکە سەبارەت بە فەیلەسوفان تا دەربارەی لایبنتز). لەسەرایای کۆشکەکانی ئەوروپادا دەردەکەوت، کە تەنانەت پادشا و خانەدانەکانیشیان بە بایەخەوە لێیانئەڕوانی (هەرچەندە ئەمە لەوانەیە زیاتر نوکتەیەك بێت دەربارەی پادشایان و خانەدانەکان...). لایبنتز دەتوانین بڵێین لەسەرایای تەمەنی گەورەساڵی خۆیدا لە خزمەت کۆشکی هانۆڤەر-و لە هەمانکاتدا چەندین کۆشکی تردا-بوو. هەمیشە هەرچەند کارێك کە دەیتوانی وەریدەگرت و پێداگر بوو لەسەر ئەوەی کە بۆ هەموو ئەم کارانە موچەی تەواوەتی وەربگرێت. کاتێکیش کە موچەکەیان (بەهۆی ئەوەی کە ئەربابەکانی زانیان لە شوێنی تر کاردەکات) بڕی، زۆر دڵتەنگ بوو.

پێرستکردنی دەستکەوتەکانی لایبنتز جارێکی تر دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو وەك زیادەڕۆییەکی نائاسای بلیمەت بێتە بەرچاو. لەراستیدا بەپێرستکردنی هەموو ئایدیا و دۆزینەوەکانی زەحمەتە کە زۆربەیان لە پەڕەکانی جانتایەکدا هەڵگیراون کە هێشتا هەموویان بڵاونەکراونەتەوە. خۆشبەختانە لایبنتز پێو لە پلەی فەیلەسوفی جێگە سەرنجداندایە. بەڵام تەنانەت لێرەدا وێنەکە زۆر روون

نییە. بێرتراند راسڵ، کە یەکێك لە باشترین بەرهەمە رەخنەییەکانی دەربارەی فەلسەفەی لایبنتز، نوسی، لەسەر ئەم باوەڕە بوو کە لایبنتز دوو فەلسەفەی بەدیهێنا.

یەکەمیان فەلسەفەیەکی سادە بوو بۆ بەکارهێنانی گشتی (واتە هەموو کەسێك-وەرگێڕ)، میتافیزیکێکی ساکاری گەشبینانە بەمەبەستی خۆشحاڵکردنی خاتوونە شازادەکان. ئایدیاکانی تر و کەمتر گەشبینانەکانی بە جانتا سپێردران. ئەمانە بەشێك لە سیستەمێکی ئاڵۆزو لۆژیکی و قووڵ بوون کە تەنیا ئەو هزرانەی لە ئاستی خودی لایبنتز ( هەڵبەتە راسڵیش) دەیانتوانی ئەوە بەزەحمەت تێبگەن. هەردوو ئەم فەلسەفانە لە بنەڕەتەوە وەکو تێزێکی لەبڕان نەهاتوو مانەوە-هەڵبەتە ئەگەر بەڕاستی دوو فەلسەفەی لێکجودا بن. زۆربەی ئەو شرۆڤەکارانەی تری، کە هزری هاوتای (لایبنتز یان راسڵ )یان نیە، سکاڵاکارن فەلسەفە سادە و ئاڵۆزەکان لەراستیدا پارچەی یەك شتن کە بە ئەندازەی دوو هێندەی خۆیان نە سادەو نە ئاڵۆزن. بە روونکردنەوەی ئەم خاڵە بنەڕەتیانە، ئێستا بە ژیانی لایبنتزەوە سەرقاڵ دەبین.

## ژیان و بەرهەمەکانی لایبنتز

ژیانی ئەو، ئەمجارە بەبێ هیچ جۆرە ئاڵتەیەك لە 1 تەمموزی 1646 لە لایپزیگ دەستیپێکرد. سێ ساڵ دواتر جەنگی سی ساڵە، کە سەراپای ئەوروپای گرتبۆوە و ئەڵمانیای لە دۆخێکی وێراندا بەجێ هێشتبوو، کۆتایی پێهات. ئەم کارەساتە سایەی خۆی تا دەیان ساڵ دوای وەستانی شەڕەکەش لەسەر گۆڕەپانی سیاسی ئەوروپا هەڵدا، کەم تا زۆر بەهەمان شێوەی کە سایەی شەڕی دووەمی جیهانی، جارێکیتر تەنیا دەستی بە وێرانکردنی ئەوروپای خۆرهەڵات کردووە.

باوکی لایبنتز، فریدریش لایبنتز، مامۆستای فەلسەفەی ئاکاری بوو لە زانکۆی لایپزیگ. دایکیشی کاترینا ئاشموك سێیەمین هاوسەری فریدریش بوو. کوڕەکەشیان بە ناوی گوتفرید ڤیلهیلم لایبنوتس داشۆری(1) ( لە تەمەنی بیست ساڵیدا ڕێنوسی ناوی بنەماڵەکەی خۆیانی گۆڕی). تەمەنی پێنج ساڵ بوو کە باوکی کۆچیدوایکرد و بەخێوکردنی ئەو و خوشکەکەی کەوتە ئەستۆی دایکیان بە پێی گێڕانەوەکانی کاترینا لە بڕوادارە دڵکارەکانی تەبایی و هەماهەنگی بوو، هەرگیز بە خراپە باسی کەسی نەدەکرد. بەشێوەیەکی ئاسایی ئەمە بە بەشێك لە هەوێنی ئەفسانە باوەکان دەژمێردرێت. بەڵام لە مبارەیەوە دەبێت راست بوو بێت. لایبنتز زۆر لەژێر کاریگەری دایکیدا بوو ئەم خەسڵەتانەشی تا دواهەمین رۆژەکانی تەمەنی پاراست.

وێڕای هەموو ئەم شتانە ( لەراستیدا لەم هەموو شتەشدا شتێك بەگرنگ دەزانرا) ژیانی لایبنتز بەوردی یەك ریتم بوو. (ئیکهاران)ی سکرتێرە درێژخایەنەکەی دەڵێت کە هەرگیز نەیبیستووە ئەو بە خراپە باسی کەس بکات. فەلسەفەی لایبتزیش پڕە لە هەستی قووڵی هەماهەنگی، و هەوڵە سیاسیەکانی سەراپای تەمەنیشی هەمیشە بزوێنەری هەماهەنگی بەخشین بوو بە گۆڕەپانی سیاسی ئەوروپایی.

لایبتز چوو بۆ قوتابخانە، بەڵم دەبوت فێربوونی خۆی زیاتر لە ماڵەوە و بە خوێندنەوە لە کتێبخانەکەی باوکیدا بینیوەتەوە. هەمیشە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە خۆی خۆی پێگەیاندووە و ئەمە تەنانەت لەهەمان ئاستی بەرزی بلیمەتیشدا دیارو بەرچاوە. کوڕێك بوو زۆر هۆگری خوێندنەوە بوو شوێن زنجیرەی بیرکردنەوەکانی دەکەوت تا هەر جێگەیەك کە خەیاڵی دەیبرد- تا ئەو شوێنەی کە تەختی کتێبخانەو هەموو مێزو کورسیەکان بە کتێبی کراوە دادەپۆشرێن. لە گەورەیشدا دیسانەوە دەکرا هەمان کوڕ بدۆزیتەوە. لە گەورەساڵیدا توانای هەبوو هەفتەی پێنج شەش پرۆژەی سەیر و نامۆ لە سەریدا بەرهەم بهێنێ، کە لەژێر دەریاییەوە بگرە تا شێوەیەکی تەواو تازە لە کاتژمێر، لە فانۆسێکی تازەوە تا عەرەبانەیەك بە ئاستی خێرایی ئۆتۆمبێلێکی ئەمڕۆ (لە سەردەمێکدا کە جادەکان هێشتا کوێرە رێگەیەکی کوتراو زیاتر نەبوون) لە ئاشی بای ئاسۆییەوە تا دەزگایەك بۆ پێوانەی باشی و خراپی لەخۆ دەگرت- و هیچکامیان هەرگیز تەواو نەبوون.

لایبتز لە تەمەنی چواردە ساڵیدا ئامادە بوو بۆ چوونە زانکۆی لایپزیگ. لەوێ ماف (قانون)ی خوێندو بەخێرایی لێکۆڵینەوەکانی بۆ هەموو شیکردنەوە شیاوەکانی ئەم بابەتە پەرەپێدا، لەوانە یاساکانی فیزیك، یاساکانی فەلسەفە، یاساکانی ماتماتیك و گشت چەمکە سیاسی و مێژووییەکانی ماف، لەم قۆناغەدا بوو کە لایبتز بۆ یەکەمجار رووبەڕووی نوسینە قانون دانەرە بەرجەستەکانی وەك گالیلۆ، دیکارت و هۆبز بوەوە کە لە حاڵەتی شۆڕشێك دابوون لە ئەندێشەی زانستی، فەلسەفی و سیاسیدا. لایبتز لەسەر بنەمای خەسڵەتی خۆی بەزوویی کەوتە بیری هەماهەنگبوونی هەموو ئەم ئەندێشە شۆڕشگێڕییانە لەگەڵ رێبازی قوتابخانەیی ((سکولاستیك) کە لە ڕەوتی پێ سپاردن و رادەستکردندا جێگەی خۆی بۆ ئەو کردبۆوە.

لایبتز لەکاتە دەستبەتاڵەکانیدا لێکۆڵەرێکی نامەزرۆی کیمیا (بەنیازی سازاندنی لەگەڵ شیمی) بوو، و شتێکیشی نوسی کە بنەمای تیۆری کۆمپیوتەری (نزیکەی سێ سەد ساڵ بەر لە ئیشکردنی سەرەتایی تورینگ لەسەر ئەم بابەتە)دادەنا.

کاتێ کە لایبنتز هەموو ئەمانەی بە کۆتا گەیاند تەمەنی نزیکەی بیست ساڵ بوو، بەڵام کاتێ کە داوای پلەی لە زانکۆ کرد پێیانوت تەمەنی کەمە. کاتێ دەرکەوت لە ئامێرێکی ژمێرەیی کە توانای پێزانینی لەسەر ئەوە نیە ئاتەواوی هەیە لایپزیگی بەجێهێشت و هەرگیز نەگەڕایەوە. لەباتی ئەوە چوو بۆ ئالدوروف، شارۆچکەیەکی زانکۆیی شاری نۆرنبێرگ کە لەوێ دەستبەجێ پلەی دکتۆرای پێ بەخشرا و پێشنیاری پلەی ئۆستادیان پێدا. ئەمەی دووەمیانی ڕەتکردەوە و وتی: ((کۆمەڵێك شتی زۆر جیاوازی لە مێشکدایە)).

لایبنتز بەرزەفڕ بوو دەیەویست ببێتە دەسەڵتێك کـە درگـــای جیهان بـەحـسـاب دابـگـرێـتـەوە. خۆشبەختانە بۆ جیهان هەرگیز-لانیکەم بەو جۆرەی کە ئومێدەوار بوو- بەم ئامانجە نەگەیشت (بـــەڵام ئومێدەوار بـوو بەچی؟ لە دۆخـی ئەو سـەردەمـەدا، دەیتوانی بەچی ئومێدەوار بێت؟ پلەیەکی سیاسی بەرجەستە؟ ئایا دەبێت یەکێ لە گەورەترین بیرمەندەکانی هەموو سەردەمەکان وەها وێنا بکەین کە لەپلەی وەزیری ڕاوێژکاری پێشکەوتووی پاشای ئەڵمانی بە ئەندازەی ریلئایلند کار بکات؟ گۆتە لەوانەبوو پلەیەکی هاوشێوەی سەدەیەك دواتر لە وایمار (2) داگیرکردبێت، بەڵام ئەمە بە قازانجی ئەدەبیات تەواو بوو. لایبنتز بە دڵنیاییەوە ڕۆڵێکی چالاکتری وەردەگرت. دەتوانین وایدابنێین ئەو نەخشەی زێراوکێشییە(3) نوێیە، ئەو عەرەبانە خێرایانە، ئەو ئاشە پێشکەوتوە، ئەو پۆلە هەماهەنگەی کیمیاگەران، ئەو دادگایانەی کە ئامێری ژمێریاری سەرۆکایەتیانی دەکـرد، لە سەردەمی دەستپێشخەری لایبنتزدا چۆن بوون. ئـەوە با واز لـە کاریگەرییان بهێنین لەسەر سەلامەتی هاووڵتیان ).

ئێستا لایبنتز، کە بێگومان هەموو ئەمانەی کە لە مێشکدابوو، دەستیکرد بـەوەی کە لـەرووی کۆمەڵایەتیەوە جێگەی خۆی لە چینە باڵاکانی کۆمەڵگادا بکاتەوە. سەرەنجام پلەیەکی ناسەرەکی لە کۆشکی شالیاری هەڵبژێردراو(4) ، ئۆسقۆف مایتس، یوهان فیلیپ فۆن شونبورن، پێدرا. ناونیشانەکانی پاشایانی ئەڵمانی لەو ڕۆژانە پڕ بە ئەندازەی ئەو خاکەی کە فەرمانڕەوایەتیان دەکرد و بایەخی گشتیان ئاستێکی پێچەوانەی هەبوو. زنجیرەی ئەو ناونیشانە تا ڕادەیەك هاوسەنگەی یوهان نوێنەری کەسێك بوو کە لە گۆڕەپانی سیاسی ئەڵمانیادا زۆر بێ کاریگەر نەبوو.

لەم سەردەمەدا ڕۆڵی ئەوروپای ئەڵمانی زمان لە شێوەی جامێکی سەردەمانی مینگ(5) دا بوو کە لە زۆر بەرزیدا کەوتبێت و پاشان سوریالیستێك سەرلەنوێ کۆیکردبێتەوە.

ئەم بەشە لە خەیاڵپەروەری روکوکو(6) لەگەڵ هەمان متمانەبەخۆی سوریالیستی، بە ئیمپراتۆریای پیرۆزی ڕۆما ناودەبرێت (کە هیچ یەك لەم سێ خەسڵەتەی نەبوو). زیاتر پاشای جیاجیا، کۆشك نشینەکان، هەڵبژێردراوەکان و هەرجێی خۆتان پێتانخۆشبێت کە ئەم ئاێمپراتۆریانەیان پێکدەهێنا لە حاڵەتێکی زۆر ئاسوودەو تا رادەیەك سەربەخۆدا ڕۆژگـاریـان بەسەردەبرد و گشت ئەم ناوچەیە بەو جۆرەی کە لە نەخشەدا بەرچاودەکەوێت، لەوانەیە جێگەیەکی زۆر دڵگیربێت بۆ ژیان. لە دوای جەنگی سی ساڵە خەریك بوو دۆخەکان ئاسایی دەبوونەوەو زۆربـەی خەڵکی ڕازیبوون کە لەوڵاتێکدا (یەکۆمەڵێك ویلایەتی نادیارەوە) بژین کە گرگنێکی بێ زیان بەناوێکی مەزنەوە فەرمانڕەوایەتی دەکرد.

بەدبەختانە لەوبەری ڕاین(7) لە فەرەنسا دۆخەکان جیاواز بوون- لەوێ کە جێگەی نزیك بە دوو سەد فەرمانڕەوا و تاکەبەنیرێك کە شیاوی ناوەکەی بێت، (دەنکە مێوژێك و چل قەلەندەر) ئێستا تەنیا فەرمانڕەوایەك و دنیایەك نەوستێ لەبار بۆ پادشای خـۆر لە ڤێرسایان هەبوو. لویسی چواردەهەم ڕەنگ و ڕوویەکی گەشەخوازانەی هەبوو، فەرەنسا کاسۆلیك بوو، زۆربەی دەوڵەتە بچوکەکانی ئەڵمانیای ئەوبەری ڕاین پرۆتستانت بوون (یان کاسۆلیك، لە ڕاستیدا بایەخێکی نەبوو). سەرۆکۆسقوف(8) مایتس تێگەیشت دەبێت هەرجۆرێك بووە لویس لە گەشەخوازیی لە ئەڵمانیا لابـدات. مەسەلەکەی لەگەڵ ڕاوێـژکـارە گەنجە زیرەکەکەیدا باسکرد و لایبنتز دەستبەجێ پێشنیاری پلانێکی ناوازەی کرد. چونکە سەرۆکۆسقۆف هەوڵی

**هەمووشتێکی دەربارەی هەموو شتێك دەزانی، بەڵام بەهیچ شێوەیەك نەیدەزانی خەڵکی ئاسایی چۆن بیردەکەنەوەو هەڵـسوکەوت دەکەن**

ئەدەدا لویس بۆ شەڕێکی خاچپەرستیانە، بەخستنەڕێی لەشکرکێشییەکی گەورە بۆ داگیرکردنی میسر هانبدات؟ و ئەگەر ببوایە وڵاتەکانی تری بۆ پەیوەستبوون بەم جەنگە پیرۆزە بەسەر کافراندا هاندەدا، لەوانەبوو تەنانەت رێگە بۆ یەکێتی و هەماهەنگی دووبـــارەی کەنیسەکانی کاتۆلیك و پرۆتستانت هەموار بێت.

سەرئۆسفۆف لە ژێر کاریگەری ئەم پرۆژە بوێرانەدا ئارامی گرت و لایبنتز بەرێکەوت بۆ پاریس تا ئەم مەسەلەیە بە لویس بڵێ. بـەڵام لێرەدا لایبنتز رووبـــەڕووی چەند کێشەیەك بووەوە. دواتلنی پادشا خۆر ئاسان نەبوو. دەبوایە وەزیـرەکـان قەناعەتیان بکردایە کە ئەو راسپاردەیەکی گرنگی پێیە، وا دەرنەدەکەوت کە وەزیرانی لویس دەرك بە جدیبوونی پرۆژەکەی لایبنتز بکەن. ئەمەش پێویستیەکی زۆری بە وردەکارییە قەناعەتپێکەرەکانی وەك نەخشەرێگەکان، قەبارەی سوپا هەبوو، و نەخشەی ئەو شارانەی کە دەبوو هێرشی بکرایەتەسەر. هەموو ئەمانە ستراتیژیاسێکی دیاری ئەڵمانی دروستیکردبوو کە شارەزایی لەرادەبەدەری سەربازی و خوێندنەوەکانی لـەم بـابـەتـەدا زۆر زیـاتـر بـوو لەهەر ژنەراڵێکی ئاسایی. بـەڵام وەزیرەکانی لویس پـێـداگـربـوون بیریخەنەوە کە فەرەنسا لەسەردەمی سەن لویسەوەو زیاد لە چواردە سەدە بەرلەوە دەستی بۆ هیچ شەڕێکی خاچپەرستی نەبردووە.

لایبنتز دەبوایە چوار ساڵی داهاتووی لە پاریس بەسەر ببردایە، هەرچەندە شەوق و ئارەزووی بۆ بردنەپێشی پرۆژەکەی میسر بەزوویی دامرکایەوە. کاری زۆر گرنگتری هەبوو (بەخەرجی سەر ئۆسفۆف). لەو رۆژانـــەدا پاریس لەسەرپای ئەوروپادا بە ناوەندی رۆشنبیری و فیکری ئەوروپا دەنـاسرا، پێگەیەك کە تا ئەمڕۆ لە چاوی دانیشتوانی ئـەوێـدا گـۆڕانـی بـەسـەردا نەهاتووە. لایبنتز بەخێرایی دەستیکرد بە خـولانـەوە لە هۆڵەکاندا و هەوڵیدا پەیوەندی لەگەڵا زۆربـەی رۆشنبیراندا دروستبکات. رۆحیەتی چما وەك پرۆفیسۆر شێتانە بوو بەڵام لەم تەمەنەدا هێشتا توانای شاردنەوەی ئەم راستییەی هەبوو.

بەباشترین جلوبەرگی کۆشکەوە، شکڵ و سیمایەکی تەواو بەشکۆی هەبوو، لەویارەدا درەوشانەوە هزرییەکەی بەئاسانی لەگەڵ دەماخی بێخەوشی لاوێکدا بەهەڵەیدا دەبردی. بەتایبەت دوشس(9) ئورلئان کە گوایە بەهەمانشێوە دەیڕوانیە روناکبیران کە ئەمڕۆ ئێمە، لە ژێر کاریگەری ئەم لاوە هۆشیارە ئەڵمانییەدا وەستاوین: ((زۆر دەگمەنە کە (رۆشنبیرێك)جلی جـوان لەبەربکات، بۆنی لێ نەیەت، لە سوعبەتیش تێبگات)). دوش کە بۆ خۆیشی ئارادەیەك رۆشنبیر بوو، زۆر زوو لەگەڵ لایبنتزدا بووە هاوڕێ- یەکێك لە یەکەمین ئەڵقە زنجیرەییەکانی دوشسەکان و ئەو شازادە خاتمانەی کە لایبنتز هەتا کۆتایی تەمەنی پەیوەندی لەگەڵیاندا نەپچڕا.

وێـــڕای هـــەمـــوو ئـــەم پـەیـوەنـدیـیـە کۆمەڵایەتیانە، لایبنتز وەکـو رابـــردوو لە رووی هزرییەوە زۆر کـارا مایەوە. سێڵاوێك لە ئەندێشەی درەوشـــاوە لە مێشکیدا بەخوڕ بوو کە زۆربەیان بایەخی بنەڕەتیان هەبوو کە هەر یەکێکیان ئەمری خاوەنەکەی لەو بوارەدا دەستەبەردەکرد. لەم سەردەمەدا بوو کە بیردۆزی (ژمێرەی دیفرانسیل و ئینتگرال)ی داهێنا. هەروەها ژمێرەی دوو لایەنەی دۆزییەوە هەرچەندە (بەهەڵە) بیریلەکردەوە چینیەکان پێش ئەو دۆزیویانەتەوە – هەروەها (بەباشی) هەستیپێدەکرد کە تیۆرەکانی ((یین)) و ((یانگ))ی ئای چینگ ئاماژەو نیشاندەری ئەوانەیە. (ئـەوە جـۆرە دەرکپێکردنێکی تایبەتی کەسێکە لە پلەی لایبنتز). لەکاتێکدا ئەو ئامێرە کەرتی دەییەی ئێمە پێی ئاشناین دە ژمـارە (سفر تا نـۆ) دەخوێنێتەوە، ئامێری دوو ژمارەیی تەنیا سوود لە دوو ژمـارەی سفر و یەك وەردەگـرێـت. ئەمە لەوانەیە زۆر دوورو درێژ دەربکەوێت، بۆ نموونە 1=1، 2=10، 3=11، 4=100 تا 9=1001، 18=010010 و هەتا دوایی، بەڵام لایبنتز زانی کاتێك هەندێ چەمکی تایبەتی لە ژمـارە دوو دانەییەکان (بۆ نمونە سێ ژمارەییەکان) لەژێر یەکترییدا ریز بن سفر و یەکان زۆرجـار لە ستونە عەمودییەکاندا بەشێوەیەکی سیستماتیك دووبارە دەبنەوە. ئەمە ئەوی ئومێدەوار کـرد کە لەوانەیە بنەما ((یاسا))یەکی گشتی تەواو تازە بۆ ماتماتیك بدۆزێتەوە- هـەرچـەنـدە هـەرگـیـز ئـەم ئامانجەی وەدینەهێنا. بەڵام پەی بەوەبرد کە شێوەی دوو دانـەیـی بـۆ ئامێرێکی میکانیکی باشترینە، چونکە دەتوانێت بەکرداری سادەی: وەستان- جوڵە یان پڕ- بەتاڵا کار بکات. لە روانگەی ئـەمـڕۆوە دەتوانین بزانین چۆنە، بەتایبەت لە ئامێرێکدا کە بە کارەبا کاردەکات و خاوەن ئەرێنی و نەرێنییە. ئەمە کشا بۆ بەکارهێنانی ژمێرەی دوو ژمارەیی لە کۆمپیوتەرەکاندا. لایبنتز هەوڵیدا سود لە باشی میکانیکی دەزگای دوو ژمارەیی وەربگرێت و تەنانەت ئامێری ژمێرەیی ((حاسیبە))ی هێنایە ئاراوە کە ئەمە ماتماتیکی تازەی بەدواوە بوو، بەڵام بەزوویی تێگەیشت کە ئامێرێکی لەوجۆرە لە پشت تەکنەلۆژیاوە لەبەردەستدایە.

لەم سەردەمەدا فەلسەفەی نوێی دیکارت (کارتزیانیزم) شتێکی وەکو پێکهاتەخوازی ئەمڕۆ لەنێو کۆڕو کۆبوونەوەکانی پاریسدا بوو. بەڵام بەپێچەوانەی پێکهاتەخوازی (کە رووبـــەرووی دەقێکی وەکـو پێکهاتەیەك بێ دانەر دەبێتەوە) ئەوە دەبوو بەجدیش بیگرێ. فەلسەفەی دیـکـارت نوێنەری پچڕانێکی جـدی بـوو لـەگـەڵ رێـبـازی قوتابخانەگەرایی (سکۆلاستیك)ی چاخەکانی

ناوەڕاستدا. لەباتی دەستبردن بۆ ژێلەری (واتە زیاتر فێرکارییە ئەرەستۆییەکانی رابـردوو) پشتبەستوو بوو بە ئەقڵ و ڕەوشی زانستی. زانست هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ رەوشی ژیرانەدا دروستدەبوو بە دڵنیایی و بێ دوودڵی دەستپێدەکرد. وێکچوونی ئـەو بە ماتماتیك ڕێکەوت نەبوو. دیکارت لەم بوارەشدا سەری هەڵهێنابوو. ئەو بوو کە پێشنیاری چەمکی ئەندازەی تایبەتمەندی کرد( کە تایبەتمەندییە دیکارتییەکانیش بە ناوی ئەوەوە ناودەبرێت). بەهۆی سێ تەوەری تایبەتمەند لە سێ ڕەهەندەوە کە پێکەوە گۆشەیەکی پتەویان هەیە. پێگەی هەر خاڵێکیان لە فەزادا زیاتر لەگەڵ ئەندازە تایبەتمەندەکاندا نیشاندا. سەیر نیە کە ئەم پێکهاتە ماتماتیکیانە، ئەقڵ، و رەوشـی زانستی دیکارتییان بـە وەرگرتنی ئایدیایەکی میکانیکی لە جیهاندا ڕێنوێنی کرد. جیهان هەروەکو ئامێرێك یان سەعاتێکی گەورە وابوو کە لە سەرەتادا خودا خستبویە جوڵە. بەو پێیە، شتەکان لە فەزایەکی ڕەهادا بونیان هەیە: جیاوازییەکی تەواو لە نێوان پێگەکانیاندا بوونی هەیە، و یان بەتەواوی بێ جووڵە بوون یان لە حاڵەتی جوڵەدا بوون.


لایبنتز لێهاتووانە خەوشەکانی ئەم بۆچوونەی دەستنیشانکرد. وێڕای دیدی بێ سنور روانینیان، فەزا دەبێت جیاواز بێت لەوشتانەی کە تیایدا لە حاڵەتی سکون یان جوڵەدان، لەو حاڵەتەدا دەبێت سەرانسەری فەزا بە تەواوی یەکجۆر، هەروەکو خانەیەکی تەواو، بێت. بەڵام ئەگەر بەو شێوەیە بێت چۆن دەتوانین بۆ پێوانەی شوێن بەهۆی تایبەتمەندییەکانەوە سودی لێوەربگرین. ئەو جۆرە تایبەتمەندیانەی دەبێت ناخەیاڵی بن- ناتوانرێت ئەوەی لەبەرچاوە لەیەك جۆری بێ سیمادا بونیان هەبێت بەڵام ئەگەر ئەو جۆرە تایبەتمەندیانە خەیاڵی بن کەواتە ئێمە ئەوانەمان بەدڵی خۆمان سەپاندووە بەسەر فەزادا. کەواتە چۆن دەتوانین بزانین ئەوانە بێ جوڵەن (راوەستاو)ن. سەبارەت بە چ شتێ ڕاوەستاون؟

لـێرەدا دەتوانـیـن بەڵگەهێنانەوە بـۆ تیۆری رێژەیی ئەنشتاین لە حاڵەتی ئاوڵەمەییدا ببینین. بـەڵام لایبنتز لەباتی ئـەوەی کە ئەمە (وەکـو ئەنشتاین) ماتماتیکیانە لێی بکۆڵێتەوە، بەباشیزانی میتافیزیکیانە پێیەوە سـەرقاڵ بێت. تـۆوی فەلسەفەی بە کامڵبوونی لایبتز تا لێرەدایە.

لەبەر رۆشنایی بەڵگاندنەکانی پێشوو، لایبتز بەم ئەنجامە سەرنجراکێشە گەیشت کە فەزا بوونی نیە. (بەڵگاندنێکی هاوشێوەشی دەربارەی زەمەن بەکارهێناو بەم ئەنجامەش گەیشت). لایبتز بڕوای وابوو کە هیچ چوارچێوەیەکی ژێلەری ڕەها بوونی نیەو چەمکەکانی ئێمە بۆ فەزاو کات تەنیا گریمانەی بێ بنەمان. ئەگەر لەبەر رۆشنایی ئەو بەڵگانەدا لێکۆڵینەوە بکەین، تەنیا شتەکان بونیان هەیە.

ئەمەی کە شتێك خێراتر لە شتێکی تر دەجوڵێت، لەکاتێکی درەنگتر لە شتێکی تر دەردەکەوێت، یا بەلای ئێمەوە لە شتێکی ترەوە نزیکترە بەتەواوی پەیوەندی بە خاڵی روانینی رێژەگەراییانەی، ئێمەوە هەیە. کەسێکی تر کە لە روانگەیەکی ترەوە دەروانێت، شتەکان بەشێوەیەکی جیاوازتر دەبینێ. شوێن و کاتی ڕەها بوونی نیە. تەنیا خودا دەتوانێت شتەکان بەو جۆرەی کە بەراستی بوونیان هەیە، ببینێت- لە خاڵێکی روانینەوە بەگشتی بەبێ بەرچاوگەو خاڵی لە کات و شوێن. تا ئێرە فەلسەفەی لایبتز دەنگدانەوەیەکی باشی لە ئایدیالیزمی ئەفلاتونیدا هەبوو کە تیایدا جیهان سەبارەت بە وەهمێك لێکدەدرێتەوە کە رەنگدانەوەی واقیعیەتی کۆتایی فۆڕمە ئامانجیەکانە. بەڵام دیکارتگەرایی نوێ نیشانیدابوو چـۆن دەتـوانـرێ حەقیقەتی فەلسەفی لەسەر بنەمای ئەقڵ و نـەك لەسەر بنەمای واقیعیەتێکی ئەودیوی نابەرچاو بنیاتبنرێت. بەمەی کە لایبتز بە تەواوی لەگەڵ دیکارتدا هاوڕا نەبوو هەستیدەکرد کەوابوو نابێت بە ئاراستەی ئایدیالیستی نازانستی ئەفلاتونیش بڕوات. لایبتز لەباتی دیدی میکانیستیانەی دیکارت بۆ جیهان، وێنایەکی پتەوی پێشنیارکرد کە وێنەی بزوتنەوەیەکی دەهێنایە ئاراوە. لایبتز لە ئەنجامی دۆزینەوەی ژمێرەکانی (دیفرانسیل و ئینتگرال) کە ژمێرەکانی لەخۆگری ئەندازە سـەرەو خـوارەکـان بوو کە تا ئەندازە بێکۆتا بچوکەکان کەمدەبوونەوە بەو جۆرە بیریکردەوە کە شتەکانیش لە کۆتاییدا بریتین لەو خاڵە بێکۆتا بچوکانەی کە نە کات و نە شوێن لە

لێرەدا دەتوانین بەلگەهێنانەوە بۆ تیۆری ریژەیی ئەنشتاین لە حالەتی ئاولەمەییدا ببینین. بەلام لایبنتز لەباتی ئەوەی کە ئەمە (وەکو ئەنشتاین) ماتماتیکیانە لێی بکۆڵێتەوم بەباشیزانی میتافیزیکییانە پێیەوە سەرقالا بێت. تۆوی فەلسەفەی بە کامڵبوونی لایبتز ئا لێرەدایە



خەسڵەتەکانیاندا نیە. ئەم خاڵانەی سەرەنجام ناونا ((مۆناد))).

لەم کاتەدا لە پاریس سەرەتاکانی دەیەی 1670، لایبنتز بیری لە چەمکێکی گرنگتریش دەکردەوە کە لە فەلسەفە کاملکردووەکەی دواتریدا رۆڵێکی گرنگی هەبوو. ئەویش (بنەمای هۆکاری بەس بوو) بوو، کە لەسەر ئەوەی هیچ شتێك رووناداتـ مەگەر (هۆکاری بەس بوو) بۆ ئەم کارە بوونی هەبێت. یاسای لایبنتز بووە یەکێك لە ناوەرۆکە دیاریکراوەکانی فەلسەفەی ئەقڵگەرایی.

بەڵام یەکەمجار پێویستە ئەم یاسایە لە ناوەرۆکی ئەندێشە کاملبووەکانی تری لایبنتز دا جێ بکەینەوە. یەکێك لە ئەندێشە ناوەندییەکانی زانینی هەمەکی (گشتی) بوو کە وتەکانی تری ئەو بوو لە بارەی پرۆسەی زانینەوە. ئەم فکرە جەختی لەسەر شیکردنەوەو راسپاردەی زانستی دەکردەوەو هەڵگری شیکردنەوەی analysis چەمکەکان بوو بە سادەترین توخمیانەوە (زاراوەی analysis زاراوەیەکی یۆنانییە بە مانای لێککردنەوە، هەڵوەردن، پشکنین دێت). ئەم سادەترین توخمانە بەشێوەی ناساندن دەردەبڕدرێت. شیکردنەوەی وردی لۆژیکی چەمکەکانیان بۆ هەقیقەتە زەرووریە لۆژیکیەکانە- واتە ئەو هەقیقەتانەی کە پێویستە دامەزراوبن- هەروەها کە لە هەر پێناسەیەکدا بەو جۆرەیە، بەڵام ئەم پێناسانە دەتوانرێت لێکبدرێن تا ئەو هەقیقەتانە بەرجەستە بکەن کە لێکدراوبن- واتە ئەو هەقیقەتانەی کە شوێنکەوتەی زەرورەتی لوژیکی نین

لەلای لایبنتز سێ جۆرە راستی بوونی هەیە. ئەو راستیانەی کە دەکرێت بە پێناساندنیان کەم بینەوە. بۆ نموونە پێناسەی ئەقلیدس لە گۆشەیەکی خێراوە: گۆشەیەك کە لە راوەستاو کەمتر بێت. دووەم لێکدانەوە ئەم وەك ئەوی ترەکان، لەو جۆرەی کە لە ماتماتیکدا دەدۆزرێتەوە. بۆنموونە: 142857x7=999999. هەردوو راستییە هەڵێنجراوەکانی ناڵی دەتوانرێت بە یەکێك لەم دوو جۆرە راستییە دابەزێت. جۆری سێیەمی راستی بریتی بوو لە لێکدانەوە ئەزموونیەکان، ئەوانەی کە دەبوو لە ئەزموونەوە هەڵێنجرێن. بۆنموونە: ((رووباری تایمز بە لەندەندا تێدەپەڕێت)). ئەمە راستیەکی زەروری نیە، ژێهاتییە.

بەڵام رەخنەگرێکی وردبینی هاوچەرخی لایبنتز بیری هێنایەوە کە هەموو راستییەکان لەم سێ چەمکەدا جێگەیان نابێتەوە. لەو نێوانەدا دەتوانرێت باس لە یاسا بابەتیەکانی ماتماتیك بکرێت بۆنموونە یاسای جێ باسی ئەقلیدس لە بەرچاو بگرێت: ((گشت لە بەش گەورەتر) و ((دوو شتی یەکسان لەگەڵ شتێکدا لەگەڵ یەکتر یەکسانن)) (بە گوزارشتێکی تر ئەگەر A=B و B=C، لە ئەنجامدا دەبێتە A=C). ئەم وتانە لەوانەیە زۆر روون و ئاشکرابن بەڵام بەدەربڕینێکی ورد هیچ یەك لەم دووانە نە پێناسەیەو نە لێکدانەوەی وەکیەکی. تەنیا یەکجۆریان توانیویەتی لەنێوان ئەم دووانەدا جێبگرن.

لایبنتز دەبوویست دان بەمەدا بنێت، بەڵام ئەو باوەڕی وابوو ئەم جۆرە بنەما بابەتیە، ئەگەر زانین بڕیار بێ بەجۆرێك بڕواتە پێش پێویستە قبوڵ بکرێت.

هەروەها پێشنیاری شێوازێکی کرد بۆ سەلماندنی ئەم جۆرە بنەما بابەتیانە بەهۆی بنەمای جیاوازی (لێکدژی) بنەڕەتی. ئەو بڕوای وابوو کە ئەم جۆرە راستیانە لەراستیدا بەم بەڵگەیە زەرورەتی لۆژیکیان هەیە کە باوەڕبوون بەجیاوازییەکانیان دەگاتە لێکدژی

بنەمای جیاوازی بنەڕەتی ماتماتیك و هەموو ئەوەی کە لەسۆنگەی لۆژیکیەوە رەنگە جێبگرێت، بەڵام تەنیا ئەمەی کە شتێك لەوانەیە لۆژیکی بێت بەمانای ئەمەی کە ئێستا لەبەرچاوە روودەدات نییە. بۆ رونکردنەوەی ئەوەی وەدیهاتوە بونی هەیە بنەمای دووەمیشیان پێویستە. زانین لەباتی ئەمەی کە بەتەواوی لە لێکدژی دوور بکەوێتەوە، پێویستی بە (هۆکاری بەس



بوو) هەیە بۆ ئەم کارەی کە روویداوە. ئەم بنەمایە هۆکاری بەس بوو دەڵێت هیچ شتێ لە جیهان روونادات مەگەر هۆکاری بەس بوو بۆئەمەی کە بەو شێوەیەو نە بە جۆرەی تری روودەدات، بوونی هەبێت. بەڵام لێرەش دیسانەوە لایبنتز لە زانست دوورکەوتەوەو هاتە نێو چوارچێوەی میتافیزیکەوە. ئەو سودی لەبنەمای هۆکاری بەس بوو وەرگرت بۆ سەلماندنی بوونی خودا و هەروەها زۆرێك لە هۆی میتافیزیکی و خوداناسی تر کە لەگەڵ مەسیحیەتی سەردەمی ئەودا دەگونجان.

بەڵام بە چاوپۆشین لەم ئەندێشە دوورپەسە تیۆریانە، لایبنتز پەیوەندی خۆی لەگەڵ بابەتی کەمتر ژیرانەش لە دەست نەدابوو. هەندێ تەختەی بۆ بەلەمێك داڕشت کە لەژێر ئاودا بەدەست دەڕۆیشت. ماتۆڕی هەوای گوشراو کە کاریگەرییە لاوەکیەکانی تەقینەوەکەی دەکرا بۆ بەڕێکردن و هاویشتنی بەکاربهێنرێت. تەنانەت بیری لە توانای کەشتییەکیش کردەوە کە بتوانی لە فەزادا بڕوات، گەرچی ئەمەیان کاتێ بەباشی بیری لێکردەوە هەوای پێویست نەبوو بۆ بەکارخستنی بایەوانە میکانیکیەکانی، وازیلێهێنا.

ئەوکاتە کتوپڕ بارودۆخی لایبنتز ئاڵوگۆڕی بەسەرداهات. لەساڵی 1673 سەرۆسقۆف مایێنس کۆچیدوایکرد. موچەکەی لایبنتز بڕا، و هەوڵدان بۆ پەیوەستبوونی لویسی چواردەهەم بەجەنگی خاچپەرستان لە میسر وازیلێهێنرا. (بۆنموونە کتێبێکی سەبارەت بەوە نوسیوە کە فەرەنسا بۆ پاراستنی ئەڵمانیا لەگێچەڵی لویسی چواردەهەم، پێویستە هێرش بکاتە سەر میسر چونکە ئەو وڵاتە شوێنێکی زۆر گرنگی هەبووە لەبەرنامەی سیاسی فەرەنسادا- وەرگێڕ) (ئەم گومانە هاتەپێش کە ناپلیۆن ڕەنگە لەژێر کاریگەری ئەم پلانەدا بووبێ، کاتێ کە (سەدەیەك زیاتر دوای ئەوە) دەستیکرد بە لەشکرکێشیەکی زۆری هاوشێوە بۆ میسر. ئێستا زانراوە کە لە ڕاستیدا ناپلیۆن کاتێ کە لە 1803 هانۆڤەری داگیرکرد پلانەکانی لایبنتزی بینیوەو کاغەزەکانی لایبنتز لە ئەرشیفەکانیدا دەرکەوتن، بەڵام ئەمە چوار ساڵ دوای لەشکرکێشیە کارەساتبارەکەی بوو بۆ نیل. ئەگەر ناپلیۆن پلانەکانی لایبنتزی چەند ساڵ پێشتر بدیایە، ئایا ئەگەری ئەوە هەبوو ئەوانە وا بەهێزییکردایە لەشەڕی نیلدا نیلسۆن تێکبشکێنێ؟ دەزانین ئەگەر لایبنتز بوایە چۆن بیرێکی دەکردەوە.)

ئێستا لایبنتز خۆی ڕووبەڕووی مەسەلەیەکی پراکتیکی کردۆتەوە، کە زۆرێك لە باشترین ئەقڵە بیرمەندەکانی مێژووی شکست پێهێناوە، لەبنەڕەتەوە دەبێ چۆن ژیانی خۆی دابین بکات؟ دەستبەجێ دەستیکرد بەناردنی نامە بۆ سەرجەم کۆشکەکانی ئەڵمانیا: ئایا حەزدەکەن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ سود لەدەرفەتی کەموێنەی خزمەتگوزاری بلیمەتێك وەربگرن؟ لەهەمانکاتدا، بۆئەوەی کە دەستبەجێش بڕێك پارەی نەخت دابین بکات دەستیکرد بە دروستکردنی ئامێرێکی ژمێریاری تازە (حاسیبە) کە بەسەر کێشەکانی ئەو حاسیبەیەدا زاڵدەبوو کە پێشتر پاسکاڵ دروستیکردبوو. بەداخەوە لایبنتز لە تێفکرینە دوربینەکانی خۆی لەم بارەیەوە بەلاڕێدا ڕۆیشت. یەکەمین نیازی ئەو کۆششکردنی بوو بۆئەوەی کە هەرچی زووترە حاسیبەکەی خۆی بخاتە بەردیدی بازرگانی هەمیشەییەوە، بەدەر لەم شێوەیە ڕەنگە نزیکەی 150 ساڵ بەر لە بیبج(10) (کە بۆخۆی نزیکەی 150 ساڵ لەپێش سەردەمی خۆیەوە بوو) بەیەکەمین کۆمپیوتەر گەیشتبێ. ئەمەش لاف لێدانێکی فیشاڵ ئاسا نییە لەلایەن لایبنتزەوە، هەروەکو بینومانە، پێشتر ماتماتیکی دوو ژمارەیی کە ڕەگەزێکی جێگیرکەرە لە پێکهاتەی ((تەواوکاری)) ژمێریاری میکانیکی، داهێنابوو. هەروەها نامیلکەیەکی نوسیبوو کە فۆرمی تەواوەتی ماتماتیکی لێکدراو کە ڕۆڵی زۆر بنەڕەتی لە تیۆریزەکردنی کۆمپیوتەردا نواند. ئەمە لقێکە لە ماتماتیك کە ئەنجامە گریمانەییەکانی پێگەیەك یان مەسەلەیەك، شکاندنی بەرەگەزە بچراوە سادەکان لێك دەدرێتەوە. وێکچوونی نێوان کارەکانی کۆمپیوتەرو شیکردنەوەکەی لایبنتز بە پرۆسەی زانین، زانینە هەمەکیەکەی، ئێستا دەرکەوتووە. هەروەکو زانیشمان، لەگەڵ ئەوەی کە هەڵهێنجانی لایبنتز لە سروشت تەواو

> **ئەو ڕاستییانەی کە دەکرێت بە پێناساندنیان کەم ببنەوە، بۆ نموونە پێناسەی ئەقلیدس لە گۆشەیەکی خێراوە: دووەم لێکدانەوە ئەم وەك ئەوی ترەکان لەو جۆرەی کە لە ماتماتیکدا دەدۆزرێتەوە. لێکدانەوە ئەزمونیەکان. ئەوانەی کە دەبوو لە ئەزموونەوە هەڵێنجرێن**

میکانیکی نەبوو کارکردەکانی هۆیی ئەو شێوەیان زۆر لە کاری کۆمپیوتەر دەچوو.
لایبنتز تا 1676 لە پاریس مایەوە تا سەرەنجام یوهان فریدریش، دۆکی بیرنشڤیك و لونبێرگ، تسێل، و هانۆڤەر پێشنیاری پلەوپایەیەکی بۆکرد. لایبنتز ناچاربوو بەبێ مەیلی بەرەو هانۆڤەر بەڕێکەوێت، هەرچەندە بیری لە چەند ڕێوشوێنێك کردەوە کە لەڕێگەی دوون، لەڕێگەی لەندەن و پاشان لاهای-ەوە سەفەربکات کە لێرەوە توانی چەند بیرێکی تازە لە سپینۆزا وەربگرێ.
لایبنتز بەدرێژایی تەمەنی لەخزمەت کۆشك و دیوانی هانۆڤەردا بوو. یەکەمین کاری ئەو بەڕێوەبردنی کتێبخانە بوو، و بەدەرووێکی ئاسایی و خێراوە سەرکەرمی ئەم هەوڵە بوو کە جگە لە بەڕێوەبردنی کتێبخانە هەموو کارێکی تریش بکات . شێلگیر بوو هەتا لەتوانایدا بێت یارمەتی ئەربابەکەی بدات لە بەڕێوەبردنی دۆك نشینەکەیدا(11) ، دۆك هەمیشە لە پێدانی پاداشتی بەردەوامدابوو بۆ بیرۆکەو پلانی تازە: سیاسەتێکی دراوی تازە، پێشنیارێك بۆ سود وەرگرتن لە گەرمای سود وەرنەگیراوی زۆپا دیواریەکان، پرۆژەیەك بۆ پەیوەستکردنی هەموو رووبارەکانی میرنشین(دۆك نشین) بە تۆرێکی ئاوەڕۆکان، سەرچاوەیەکی داهێنانی تازە بۆ باخەکانی کۆشك پرۆژەی بیمەی گشتی (زیاد لە دوو سەد ساڵ بەر لەسەردەمی خۆی) و چەندین پێشنیار بۆ ئەو لایەنانەی تری کە لایبنتز دەیتوانی پێیانەوە خەریك بێت- سەرپەرشتی لیژنەی دادوەری بۆ چاودێری بەسەر دەزگای پەروەردەیی میرنشین، سەرکەشیگەری ئاوەکان، سەرکەشیگەری بارکردن و گواستنەوە، پەرستگاکان و هتد. (ناچار دەبوایە هەموو موچەکانیشی لەیەککاتدا وەربگرتایە) لایبنتز مرۆڤێکی چاوچنۆك نەبوو، بەڵام هەر کە مێشکی سەرقاڵی شتێکی وەك پارە راکێشان، یان ڕێکخستنی سەرلەنوێی سیستەمی ژێراوکێشی کۆشك-دەبوو، هەمیشە لێشاوێك لە ئەندێشەی نوێی وەڕێ دەخست.
هێندەی نەبرد کە دۆك هەستیکرد ئارامی گەیشتۆتە لوتی. ئیتر دەربار(12) ی بەس بوو. چۆن دەبێت لەدەست ئەم بەڕێوەبەری کتێبخانە تازەیە رزگاری بێت. سەرەنجام بڕیاریدا کە بینێرێت بۆ چیاکانی هێرتس تا بزانێت ئایا دەتوانێت سیستەمێکی ترومپای نوێ بۆ پێشگرتن لە هەڵوەرینی کانزای میرنشین دروست بکات یان نا. بۆ کتێبدارێك(13) کارێکی سەیر بوو، بەڵام باشە کتێبدارەکەش کتێبدارێکی سەیر بوو.
هەر لەو کاتانەدا لایبنتز حەزی بۆ کیمیا تیایدا چەکەرەی کرد. لەوانەیە بەلاتانەوە سەیر بێت زمینێك بە ئەندازەی لایبنتز و حەزی ئاوەزخوازانە، بۆچی دەبێت کەمەندکێشی بابەتێکی جێ شکی وەکو کیمیا بێت، بەڵام لەراستیدا کیمیا ئەو رۆژگارە زۆر جێ شك نەبوو. شیمیای ئەزمونگەراپانە هێشتا وەکو زانستێکی ناکامڵ، و زۆرێك لە کارکردەکانی هێشتا زیاتر لە چوارچێوەی کیمیادا بوون، کە ئەم چەشنەیان بەدرێژایی چەندین سەدە بە ئەنجامی رەمزاوی راهێنرا بوو. لەسەدەی حەڤدەهەم شیمیازانان و کیمیاگەران زۆربەیان لێکجیا نەبوون. (تەنیا ئەمڕۆ نەبێت کە کیمیاگەران فڕیان تێکەوتووە، زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت لێکجیابکرێنەوە). بەڵام هیچیەك لەمانە بیانو نین بۆ لایبنتز کە پەیوەستبونی بەکیمیاگەری بە ساویلکانەترین ئاماژە بوو. ئەگەر بیتوانیایە بەردی فەیلەسوفان(14) بدۆزێتەوە، ئەگەر ڕێگەیەك بدۆزێتەوە کە بتوانێت کانزا بێ بەهاکان بکات بە ئاڵتون، دەیتوانی لەرووی مادیەوە سەربەخۆ بێت. ئەوکاتە ناچار نەبوو ئەمەندە لەکاتە بایەخەکانی بە راکەراکی ئەرکە فەرمیەکانی خۆی لە کتێبخانەی کۆشك بەسەر بەرێت.
لایبنتز لەسەراپای ئەو ساڵانەی کە لە هانۆڤەردا بەسەریبرد، بەردەوام خەریکی دەعوەتکردنی کیمیاگەرانی گەرۆك بۆ کۆشك تا بتوانن تواناکانی خۆیانی بۆ بسەلمێنن. زۆر چووە ژێر کاریگەری کەسێك بەناوی جاناتان کرافت کە لەگەڵیدا چووە مامەڵەوەو تێچووی مادی تاقیکردنەوەکانی بۆ دابینئەکرد. ئەمە بۆ لایبنتز کە زۆر پیسکەو رەزیل بوو گۆڕانی رێبازێکی گرنگ بوو. هەرکاتێ کەسێك لە کۆشك هاوسەرگیری بکردایە نەریت وابوو کە ئەو دیاریەکیان پێبدات، دەفتەرۆکەیەکی (دروستکراوی خۆی) پڕ لە رستەی فەلسەفی خۆی دەربارەی ژیانی دوای هاوسەرگیری پێشکەش بە هاوسەرەکان دەکرد.
لە 1960 دۆکە پیرەکەی هانۆڤەر بەو جۆرەی کە لایبنتز لە نامەکانیدا دەینوسێت (لەتەمەنی 64 ساڵی و دوومانگی و دوو رۆژی و 3 سەعاتیدا)) کۆچی دوایکرد. براکەی جێگەی ئەوی گرتەوە کە دەیەویست ناونیشانێکی زیادەی ((هەڵبژێردراوی هانۆڤەر)) یش بۆخۆی دەستەبەر بکات. بۆئەوەی کارەکەی بەرێتەپێش هاتە سەرئەوەی کە بەڕێوەبەری کتێبخانەکەی لە ئەرشیفەکاندا بخاتە کار تا بە شەجەرەنامەکاندا بگەڕێت و لە هەمانکاتدا کورتە مێژوویەکی بنەماڵەیی بنوسێتەوە
لایبنتز خۆی لە کتێبخانە بەدوور گرت و پاش ماوەیەك بە ناميلکەیەکی تازەوە دەرکەوتەوە کە ئەندێشەکانی دەربارەی ژمێرەکانی (( دیفرانسێل و ئینتیگراڵ) دەخستەروو. پەرچەکرداری کۆشك بۆ ئەم دیکۆمێنتە تۆمار نەکراوە بەڵام کاتێ لە ئەوروپا بڵاوبۆوە بووە هەراوهۆریا. نیوتن سکاڵاکار بوو کە ئەم ژمێرانەی ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر دۆزیوەتەوە، لایبنتزیش ئەم

بیرۆکەیەی لە نوسینە چاپ نەکراوەکانی ئەودا دزیوە کە لە لەندەن پیشانی دابوو. هێندەی نەبرد کە گەنگەشەکە پەرەی سەند و باشترین ئەقڵەکانی ئەوروپا دەستیان بە لایەنگری و نوسینی نامەی تورە ئامێز کرد بۆ بڵاوکراوە خاوەن فەرهەنگەکان. لەراستیدا نیوتن زووتـر ئـەم جـۆرە حسابەی دۆزیبۆوە، بەڵام لایبنتز ئەوەی بە جیا لەنیوتن و ماوەیەك بەرلەوەی نوسینە بڵاونەکراوەکانی نیوتن ببینێ، دۆزیبۆوە. لایبنتز بەدرێژایی تەمەنی توشی چەندین مشتومڕ بوو لەسەر دزینی ئەدەبی. ئەو توانایەکی هزری زۆری هەبوو کە پێویستی بە دزی ئەدەبی نەبوو و لەرووی ئاکارو عادەتی خۆشیەوە بـەدوور بوو لە گونجاندنی ئەندێشەی کەسانی تر لەکاری خۆیدا. بەڵام دەکرا لەوشوێنانەی کە بەڵگەی بەرەتی لە ئەندێشەی کەسانی تردا ببینرێت، کە وا دیاربوو خاوەنەکانیان ئەوانەیان نـەدۆزیـوەتـەوە. لـەم حـاڵـەتـەدا هـەنـدێ جار ئەندێشەی بنەرەتی بەوەی خۆی لێکدەدایەوە، چونکە کەڵکی لەوە وەرگرتبوو. بێگومان کاتێ کە هەندێ لە ئەندێشەکانی سپینۆزای دزی، بەمجۆرەبوو.

رەوشـی دۆخـی سیاسی ئـەوروپـا هــەروا بە مـەتـرسـیداری مـایـەوە. یەکێتیە لەقەکەی وڵـاتـانـی ئەڵمانیا، کە بە ئیمپراتۆری پیرۆزی رۆم ناودەبرا، لەهەموو لایەکەوە کەوتبووەبەر هەڕەشە. لویسی چواردەهەم ستراسبۆرگی گرتبوو خەریکبوو، خوازیاری تەواوی ئالزاس(15) دەبوو، لەخۆرهەڵاتەوەو لە هەنگاریا شۆڕشێك روویدابوو تورکەکان لە دەروازەکانی ڤیەننا بوون.

لایبنتز وێڕای هەموو ئەو پرۆژە نەشیاوانەی، بە ڤوناییەکی کاریگەری پیشەیی سیاسەتی پراکتیکی مایەوە. لە پۆستەکەی لە کۆشکی هانۆڤەر هەروا بە کۆڕی روو لەفراوانی خۆی لەستایشکەرانی کۆشك و پایەبەرزان نامەنوسی دەکرد و ژمارەیەك پێشنیاری سیاسی زۆر زیرەکانەی دەخستەڕوو. ئەمانە نـەك تەنیا جۆرەها رێگە چـارەی لەو بارەیەوە بۆ مەسەلەکانی رۆژ بەڵکو ژمارەیەك پرۆژەی دووربینانەتریشیان لەخۆدەگرت. یەکێك لە ئەندێشە هەمیشەییە خۆشەویستیەکانی لایبنتز بناغەداڕشتنی سەرلەنوێی یەکگرتنی کەنیسەکانی کاتۆلیك و پرۆتستان بوو. ئومێدەوار بوو سەرەنجام ئەمە بە یەکێتی ئەوروپا کۆتایی پێبێت. ساڵانێکی زۆر بێهودە هەوڵیدەدا بیتەری مـەزن، لویسی چـواردەهـەم، ئیمپراتۆری پـیـرۆزی رۆمـی بەم پرۆژەپێشنیارە پەیوەست بکات-و نەگەیشتە هیچ ئەنجامێك.

بـەڵام دۆکـی هـانـۆڤـەر هێشتا دەیەویست هەڵبژێردراوی هانۆڤەر بێت، و بـەردەوام لە لایبنتزی دەپرسی چی دەربـارەی ئەم پرۆژە زۆر گرنگە کـردووە- کە هەرچیەك بێ کارێك بوو کە بەهۆیەوە پارەی وەردەگـرت، سەرەنجام لە ئەنجامی گەڕانە نابەدڵ و دواکەوتوەکەی لایبنتزدا دۆك بووە هەڵبژێردراوی هانۆڤەر لە میانەی مەراسیمی دواتردا رادەستکردنەوەی درەنگوەختی لایبنتز تا رادەی ئەنقەستانە لەبەرچاونەگیرا. ئینجا لەساڵی 1798 هەڵبژێردراو مرد و گیورگی لودڤیگ جێگەی گرتەوە.

لودڤیگ بەپێچەوانەی پادشایانی پێشووی خۆیەوە رۆشنبیر نەبوو، لەبەرئەوەی کە کەمترین پەیوەندی بە دواهەمین بیرۆکە هزریەکانی بەڕێوەبەری کتێبخانەکەی خۆیەوە نەبوو. لایبنتز بانگهێشتکرا تا روونکردنەوە بدات بۆچی تا ئێستا کورتەمێژووی بنەماڵەی هانۆڤەر کە فەرمانی پێکرابوو بینوسێت، نەنوسیوە- کـارێـك کـە جـارێ ناونیشانەکەی ((کورتەمێژووی خانەدانی برۆنشڤیگ- لۆنبێرگ، و هانۆڤەر بریتییە لە نەسلی سێل و ویلفنبوتێل(16 ) و هەروەها پەیوەستە بەخانەدانی گوێلف و ئێست، کە لە دوورترین سەردەمەکانەوە دەستپێدەکات)) بـوو. فەرمانیش درایــە لایبنتز دەستبەجێ بگەڕێتەوە بۆ کتێبخانە. ئەو بەبێ مەیلیەوە ئامادەی کاری لێکۆڵینەوە بوو، بەڵام بەخێرایی پرۆژە بەرزەفڕانەکەی باسکردنی چڕوپڕی تەواوی فەلسەفەکەی مێشکی بەلارێدا برد.

فەلسەفەی لایبنتز یاسایەکە بـە جوانیەکی زۆرەوەو بەسادەییەکی سەرسوڕهێنەر لەلایەنە سەرەکیەکانی خۆیدا، ئەو بڕوای وابوو جیهان

**فەلسەفەی لایبنتز یاسایەکە بە جوانیەکی زۆرەوەو بەسادەییەکی سەرسوڕهێنەر لەلایەنە سەرەکیەکانی خۆیدا. ئەو بڕوای وابوو جیهان پێکدێت لەژمارەیەکی بێکۆتا لەگەوهەر**



پێکدێت لەژمارەیەکی بێکۆتا لەگەوهەر. ئەمانە بەمۆناد ناودەبرێن، فۆرمی کۆتایی هەموو شتەکان لەوانە خودایە. ئەگەر شتێك فـەزا داگیربکات دەبێت خـاوەن رەهەنـد بێت. واتـە دەبـێت بتوانرێت دابەشبکرێت و لـەم روەوە لێکدراوە. وێڕای ئەمە مۆنادە کۆتا سادەکان ناتوانن خـاوەن رەهەند بن و لەئەنجامدا مادی نین، هەموو جیهانێك لەژمارەیەکی بێکۆتا خاڵی میتافیزیکی دروسـتـبووە. بـەڵام چونکە ئەم خاڵانە میتافیزیکین ناتوانن هیچ مامەڵەیەکی فیزیکیان هەبێت. شوێنکەوتەی یاساکانی هۆو بەرهۆ نین: هۆیەکی لەنێوانیاندا بوونی نیە، وێڕای ئەوەی بە نەستی ئێمە دەگات کە لەجیهانی مادیدا روودەدات. رەفتاری رووکەشیانەی ئەو مۆنادانەی کە جیهان بەرجەستە دەکەن ئەنجامی یەك (هەماهەنگی پێشوەختی بنچینەیی)ە کە لەنێوانیاندا بوونی هەیەو لـەوکـاتـەی کـە گـەوهـەری ئـەوانـە خـودا ئەفراندی بوونی هەیە. لەوکاتە بەدواوە، گۆڕانکارییەکانی حاڵەتی مۆناد سەربەخۆ بـەهـۆی حـاڵـەتـی پێشوەختی هەمان مۆنادەوەیە. بەدەربڕینێکی تر هەریەك لەوانە شوێنکەوتەی زنجیرەیەك هۆ و بەرهۆی خۆیەتی، کەبەهۆی ((هەماهەنگی پێشوەختی بنچینەیی)) هاوشان لەگەڵ هەموو مۆنادەکانی تردا دەمێننەوە. ئەم هەماهەنگیە خـودا ئەفراندی و تـەواوی سروشت سەعاتی خودا (horlogivm dei) یە. ئەوەی بوونی هەیە دەشێ داهێنانێکی کاملا نەبێت، بەڵام ناکامڵی ئەو بەهۆی سروشتەکەیەوە ناچارییە.

لایبنتز توانی ئەمە بەهۆی دوو بنەمای بـنـەڕەتـی خـۆیـەوە بـنـەمـای جـیـاوازی (لێکدژی)بنەڕەتی و بنەمای هۆکاری بەس بوو، بسەلمێنێ خودا دەشێ ناکۆتا بوویی، بەڵام کاتێ کە بە دروستکردنی جیهانەوە خەریك بوو توانا ناکۆتاییەکانی ئەو سنوردار بوون. بۆچی؟ بۆ دروستکردنی ئەم جیهانە، بەناچاری ئەم جیهانە دەبوایە جیهانێکی رەخساو بوایە. و بۆ ئەوەی کە رەخساو بێت، دەبوایە لەگەڵ بنەمای جیاوازی بنەڕەتیدا بگونجێت (ئەگینا رەخـسـاو نـەدەبـوو) هەربۆیە، بۆئەوەی کە جیهان داهێنراو بێت دەبێت (بەڵگەی بەس بوو) بونی هەبێت. ئەم (بەڵگە)یە خـودا بـوو. چونکە خودا باشە، هەڵبەتە دەبێت باشترین جیهانی خوڵقاندبێت. بەڵام بەپێی بنەمای جیاوازی بنەڕەتی ئەم جیهانە دەبوایە جیهانێکی شیاوەکی بێت. ئەمە واتە خودا ((باشترین جیهانی لە جیهانە شیاوەکییەکان)) ئەفراند. جیهانی کامڵ بەروونی نەشیاو بوو، هەر کەموکوڕییەکیشی کە جیهان هەیەتی بەهۆی کاریگەری شیاوەکی بوونیەوە پێلەرەتانە.

ئەم لایەنەی فەلسەفەی لایبنتز بوو کە ڤۆڵتێری وا لێکرد لە رۆمانی کاندید و لەژێر ناوی دکتۆر پانگلۆس دا گاڵتەی پێبکات. دکتۆر پانگلۆس گاڵتەجاڕی بێترخ پێداگرە کە راییگەیەنێت ((هەموو شتێ لەم باشترین جیهانەدا بـەرەو باشی دەڕوات)) بەبێ سەرنجدان بـەرووداوە کتوپڕەکانی جیهان و ئەو کارەساتانانەی وەکو زەمینلەرزەی لیسبون(17) کە (30) هەزار کەسی کوشت. هەروەها ئەمە بەشێك بوو لە فەلسەفەی لایبنتز کە بێرتراند راسڵ، ڤۆڵتێری سەرەتای سەدەی بیستەم، ئەوەی بە میتافیزیکێکی گەشبینانەی روکەش بۆ شازادە خانمەکان وەسـفـکـرد. راسـڵ ئـەم رەخـنـانـەی بە گشت مـۆنـادنـاسـی لایبنتز، نـاوی ئەو کتێبەی کە لایبنتز سەرەنجام لە 1714 بۆ روونکردنەوەی فەلسەفەی مۆنادەکانی خۆی بڵاوکردەوە، پەرەپێدا. وێڕای ئەوانە، مۆنادناسی بەرهەمێکە دەربڕی بلیمەتی و دژوارییەکی بەرچاو.

ئەو لەم کتێبەی ئەخیریدا روونیدەکاتەوە ئـەو ئەندێشانەی هەمیشە لە حاڵەتی گـۆڕانـی خـۆیـانـدان کـە چـۆن هەریەك لەم ژمارە ناکۆتاییانەی مۆنادەکان کەلە هەماهەنگی پێشوەختی بنچینەییدا بوونیان هەیە بەتەواوی تاقانەن. لایبنتز ئەم مۆنادانەی بەشتی وەکـو گیان وێنا دەکـرد: ئـەوان میتافیزیکی، هەمیشەیی و هەریەك بێهاوتان و مۆنادەکان ((بێ پەنجەرە))ن چونکە ناکرێت هیچ شتێك بچێتە ناویانەوە، یان لێی بێتە دەرەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمەشدا، دەوترێت هەر مۆناد ئاوێنەی جیهانە. ئەوان پێکەوە لەیەك زنجیرەی بێوچاندا بەسەردەبەن مۆنادە بـەرزتـرەکـان پلەی بەرزتریان لەئاگایی هەیە. ئەوان بەروونی و جیاوازیەکی زۆر زیاتری ئاوێنەی جیهانن. مۆنادەکانی تر لەم بارەیەوە لێڵترن، بەڵام هیچ دوو مۆنادێك بەوردی بەقەدەریەك ئاگاییان نیە و گەرنا نەدەکرا ئەوانە لەیەکتری جیابکرێنەوە-و وێڕای ئەمە بەشێوەیەکی بێ هاوتا تەنیا نەدەبوون، بۆنمونە لەشی مرۆڤ پێکهاتووە لە هـەزاران هـەزار مۆناد کە ئاگاترینیان گیانیەتی- کە خاوەنی باڵاترین ئاگاییە.

بـەڵام بۆچی هەر مۆناد دەبێت بێهاوتا بێت؟ بۆچی دوو مۆنادی وەکیەك ناتوانن بوونیان هەبێت؟ لایبنتز لـەم خاڵەدا بەتەواوی راشکاوە، و تەنانەت بۆ پشتیوانی بانگەشەکەی خۆی بنەمایەك دەباتەپێش و ئەویش بنەمای ((لەیەکتری چووەکان))ە کە وێڕای ئەوەی دووشت کە بەتەواوی لەیەك بچن، ناتوانن بونیان هەبێت، چونکە لەو حاڵەتەدا ئەوان یەك شتن. ئەوان بەتەواوی دەستنیشان نەکراون و لەم رووەوە وەك یەکن! لایبنتز تەنانەت بۆ ((سەلماندن))ی ئەم خاڵە سودێکی بلیمەت ئامێز لەبنەمای (هۆکاری بەس بوو) دەکات. گریمان خودا دوو دەست نیشان نەکراوی یەکێکیان لێرە و دووەمیانی لەوێ دانابوو. (هۆکاری بەس بوو) نەبێت بۆ ئەمەی کە ئەو دووانە بە پێچەوانەوە لێرەو لەوێ دانەنرابن کەواتە

بنەمای (هـۆکـاری بـەس بـوو) کە بۆ هەبوونی جیهان پێویستە، هەڵدەوەشێتەوە لە بەرزترین پلەکانی عەقڵانیەت، تەنانەت ئەقڵیش بە تێڕوانینی ناعەقڵانی دەگات.

لاینیتز ترسی نەبوو لە قبوڵکردنی بەڵگە زۆرینە سەرسورهێنەرەکانی روکــردە ئەقڵگەرا رەق و پتەوەکانی خــۆی. ئەم بیرەی کە هەر مۆنادێك ئاگایی کەم تا زۆر روونی خۆی لە تەواوی گەردوون لە خۆیدا هەیە، هاوکات لەگەڵ بەڵگەی ناوبراوی ئـەو بۆ ئەمەی کە زەمــەن وجــودی نیە، ئەوی بۆ ئەنجامێکی هەڵخڕێن کشاند. هەر مۆنادێك دەبێت لە ناخی خۆیدا لە تەواوی ژیانی گەردوون ئاگایی هەبێت. بەڵام چونکە رۆحی هەر مرۆڤێك مۆنادێکە، ئەو ئەنجام وەردەگرێت ((تێگەیشتنی سەربەخۆی هەرکەسێك بەیەکجاری هەرشتێك کە بۆ ئەو لەهەر زەمەنێکدا روودەدات لەخۆ دەگرێ)). ئەمە دەشێ زایەڵەیەکی لاواز لە هەندێ تیۆری دەروونناسی ئەمرۆ بەرچاو بکەوێ، بەڵام راستەوخۆ لەگەڵ مەسیحیەتی ئەو سەردەمە لە ناکۆکیدا بوو. وەها هزرێك رۆژی دادوەری نەك تەنیا بێ پەیوەندی بەڵکو نادادپەروەری دەسازاند. ئەمە یەکێك لەو تیۆرانە بوو کە لاینیتز خۆپارێزانە سپاردیە چەکمەجەکەی خۆی.


هەموو ئەم مۆنادناسیە لەوانەیە بۆ ئێمە وەکو چیرۆکی پەریانی ئاشکرا بگاتە بلیمەت ئامێزی، هەروەکو بۆ بێرتراند راسلیش وابـوو. ژمارەیەك هەڵەی ئاشکراشی هەیە. بۆنمونە چۆن دەکرێت جیهانی مادی لە شتی نامادی پێکهاتبێت؟ لاینیتز روونیدەکاتەوە کە ئەمە تەنیا ((رووکـەشـی)) ئەوانەیە. ئەم جۆرە چالاکیە فیکرییە بۆ هەستیاری ئـەمـرۆ کـە لـەگـەڵ واقیعیەتە سەختەکاندا رونکردنەوەی زانستی زیاتری لەخۆگرتوە دەبێتە مایەی نـارەزایـەتـی. بـەڵام مۆنادەکانی لاینیتز وێکچوویەکی سەرنجراکێشیان- ئەگەرچی بێ ئاگا- لەگەڵ هەندێ لە رەگەزەکان لەسەر لێواری ئەندێشەی زانستی ئەمرۆدا هەیە. ناوکی مادی ئەتۆمێك لە پێوانە لەگەڵ ئـەنـدازەی ئەتۆمێك کە ئـەوە لە خۆیدا جێیکاتەوە وەکو ئەندازەی دەنکەنۆکێکە لە کڵێسای کۆمەڵگادا. لە پاشماوەی ئەتۆمدا کەرەستەی زۆر بوونی نیە. بەگوزارشتێکی تر جیهان بە زاراوەی مادی ئێمە پێکهاتووە لە برێکی لەرادەبەدەری زۆری ((نامادی)). میکانیکی کوانتۆمیش(18) زۆربەیان لەگەڵا ئەو ئەلکترۆنیانەی کـە لـە مـەدارەکـانـی دەوری نـاوکـی ئەتۆمی دەخولێنەوە وەها رەفتار دەکەن کە وەکو بڵێی تەواو شەپۆلگەلێکی بێ گەوهەری (مـادی)ن. تەنانەت ناوەڕۆکی ناوکی ئەتۆمیش ئێستا بەچەندین ناوك وردکراونەتەوە کە زۆربەیان زیاتر شێوەیان لە وزە دەچێت تا مادە. لاینیتز هەڵبەتە لە ئاستی زانستی و ئاستی فیزیکی، بەڵگاندنی نەدەکرد. مۆنادەکانی ئەو بێ چەندو چوون میتافیزیکی بوون. ئەوەی سەیرە ئەمەیە کە فەلسەفە ئەقڵانییە پەتیەکەی دەبوایە وێکچوونێکی سەیری بە تیوریزەکردنی ماتریالیزمی زانستی ئەمرۆ هەبێت. بەراست ئێمە دەربارەی دنیا چەند دەزانین. چەند لەوە دەزانین بەهۆی شێوەی بیرکردنەوەمان داسەپێنراوە؟ لاینتز گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئێمە سەر لە وردەکاری پێکهاتنی کۆتایی جیهان دەرناکەین. هەموو ئەوەی دەرکی پێدەکەین رووکەشەکەیانە. ئەفلاتون ئەم واقیعیەتە کۆتاییەی لە دنیای ئەولادا بە مەتەڵۆك دانا. مۆنادەکانی لاینیتز لەوانەیە میتافیزیکی و بێ رەهەند بن بەڵام حاشا هەڵنەگرانە لە هەمان جیهانن کوت و (پارچەدارن) و لە راستیدا ئەوانەن کە جیهانیان پێکهێناوە.

لـێـرەدا لاینیتز یەکێك لـە قوڵترین پرسەکانی دەخاتەڕوو کە بەوجۆرە زانینی مرۆیی، چ لەرووی زانستی و چ لەرووی فەلسەفیەوە ئازار دەدات.

زانین لە جیهان بەتەواوی وابەستەیە بە کۆئەندامی زانینی هەستەکی ئـێـمـەوە: هەستی بینین، بەریەککەوتن و جـوڵان (دینامیکی) و بیستن و هتد. بەتایبەتی بینین هەست و سۆزی ئێمە بۆ ئەم باوەڕەیە کە جیهان هەر ئەوەیە کە دەیبینین. بـەڵام تەنانەت لێرەدا، لەوپەڕی دۆزراوەتـریـن شێوەی تێگەیشتنی هەستەکی لەسەدەی رابردوو یان هەمان سەردەم بۆمان دەرکەوتووە کە هەندێ لایەن لە جیهان هەن کە توانای ((بینین)) یمان نیە. دەزانین لەهەر دوو کۆتایی شەبەنگی دیار هەندێ شت لەپشت سنوری توانای تێگەیشتنی چاوی

**فەلسەفەی لایبنتز پاسایەکە بە جوانیەکی زۆرەوە بەسادەییەکی سەرسورهێنەر لەلایەنە سەرەکیەکانی خۆیدا. ئەو بڕوای وابوو جیهان پێکدێت لەژمارەیەکی بێکۆتا لەگەوهەر**

ئێمەوە بوونیان هەیە. شەپۆلەکانی سەروو وەنەوشەیی و تیشکی ژێر سوور هەن، ئەوە با واز لە شەپۆلە رادیۆیی و تیشکە جیهانیەکان، و ئەم جۆرە بابەتانە بهێنین. هەموو ئەمانە تەنیا بە ئامێرە زانستیەکان دەتوانین بیانپێوین. بەڵام ئەم ئامێرە ناسکانەی پێوانەی زانستی بەمانایەکی زۆر مەبەستدار، تەنیا وەکو ئیدامەو بەردەوامی کۆئەندامی هەستەکی ئێمە کامڵبوون. ئەوانە لەرووی بابەتەوە جیا نین لە هەستی بینین و بەریەککەوتن و هەستەکانی ترمان. لەکوێ دەزانین کە واقعیەتی کۆتایی ((کە لەوێیە)) بۆ کۆئەندامی هەستەکی، مایەی تێگەیشتنە، یان تەنانەت بە درێژەکێشانێکی زۆر ئاڵۆز پێکهاتەی زانینمان مایەی تێگەیشتنیەتی؟ راستیەکەی ئەمەیە کە نازانین. واش دێتە




بەرچاو ئەسڵەن رێگەیەکمان نیە بۆ زانینی ئەمەی مایەی تێگەیشتنە یان نا. هەموو ئەوەی تێیدەگەین ئەوەیە کە کۆئەندامی هەستەکیمان توانای تێگەیشتنی ئەوەی هەیە. ئەمە چ وێکچوونێکە دەتوانێت لە واقیعیەتی کۆتایی بچێت کە هەستەکانمان بوروژێنێن؟

بەمانایەکی زۆر واقیعی، هەر وەڵامێك بۆ ئەم پرسە پێشبینی ناکرێت. فەلسەفەی ئەقڵگەرایانەی لایبنتز یەکەمین هەوڵی چاخی نوێ بوو بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسەی بەگوێرەی روونکردنەوەیەکی کۆمەڵگای جیهان بوو. ((سیستم))ی ئەو لەکاتی خۆیدا ئیلهامی بە سیستەم سازانی گەورەی فەلسەفی بەخشی. بەڵام فەلسەفەی سەرەتایی دەبوایە سەرنجی زۆر ناسکتری بەشۆرشی زانستی بدایە کە لە... لایبنتزدا تارادەیەك کەوتبوە ...ەوەوە. سیستەمی مۆنادناسی لایبنتز ...ێوەی خۆی وەڵامێکی فەلسەفی ...ستەمی زانستی هەمەلایەنە بوو، ...وتن کەمتر لەسی دەیە پێشتر بە دۆزینەوەی کێشکردن دایمەزراندبوو.

...اربوو بەشێکی گرنگی تری لایبنتز ...ەو لەبواری لۆژیکدا. ئەمە یەکەمین ...ی بەرچاوی لۆژیکە لەسەردەمی ...تۆدا بەدەستهات. بەداخەوە ...یبنتز زۆر ستایشی ئەرەستۆی دەکردو ...دەکی لە هەموو شتزانانی تاك و ...ای بەرزتر لەخۆی بەدرێژایی مێژوو ...ت. لایبنتز قبوڵیدەکرد کە پتر ئەو ...سکۆلاستیکەی سەدەکانی ناوەراست ...ە لە ئەرەستۆ وە وەرگیراوە ئێستا ...دوای دوو هەزارە) شتێکی پێکەڵکە. ...بەڵام وەکو بڵێی بەئەرکی دەزانی رێز لە ...ۆژیکەکەی ئەرەستۆ بگرێت. لەهەر ...ن کە ئەنجامگیریەکانی جیاوازیەکی ...نەرەتیان لەگەڵ ئەرەستۆ دا هەبووایە ...ارپیدەکرد. بەدەر لەم هەستە نەبوو کە

شوێنێك لە بەڵگانەکەی ئەو دەبێت کەموکوڕیەکی شاراوە بێت، خاڵێکی جوان کە ئەو ئاماژەی پێ نەکردووە کەسانی تر، جەخت ئاساتر ئەمەیان بەشێکی پێمانا دەزانی. ئەوان باوەڕیانوابوو کە لەراستیدا ئەو ترسی لە تووشبوونی بەربەرچدانەوەی باس و وتوێژێکی هەمەلایەنە هەیە، لۆژیکی ئەرەستۆ هێشتا فێرگەی فەرمی کڵێسا بوو. نکۆڵیکردنی لەوە کۆتایی بەتەمەنی کاری دیپلۆماسی ئەو دەهێناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و حزبیەکانیشی لەگەڵ شازادە خانمەکان و فەرمانڕەوایانی سەرابای ئەوروپا تێکدەدا.

بەهەر شێوەیەك بوو، لایبنتز وای بەباشزانی لۆژیکی خۆی بەفەرامۆشگای هەگبە گەورەکەی خۆی بسپێرێت کە تا سەدەو نیوێك دواتر بە نەدۆزراوەیی مایەوە. تا ئەوەی رۆژگارێك کەسانی تر هەندێك ((بەڵام نەك هەمووی)) داهێنانە لۆژیکیەکانی ئەویان دۆزیبووەوە. لۆژیکی لایبنتز بەرهەمی باوەڕی زۆری ئەو بوو بۆ ئاوەزخوازی هەروەها دەگەڕایەوە بۆ پرۆسەی ((زانینە گشتی))یەکەی کە ژێرخانی ئەو بوو. وەکو زانینی گشتی، لێرەشدا لایبنتز لەسەر ئەوە بوو کە گشترین چەمکەکان (لێکدراو)ن. واتە پێکهاتووی ژمارەی بەدیهاتووی تێگەیشتنە بنەما بنچینەییەکانن. ئەو باوەڕیوابوو دەتوانرێت ئەوانە بەشێوەیەکی ((شکڵی)) لەگەڵ هێماکان یان ئەو سیمبولانەی کە نیشاندەری ناوەڕۆکەکانیان بێت، بەرچاو بکەوێت. ئەم کارە دەکرێت بەشێوەی خەتی چینی یان هیرۆگلۆفی میسری کۆنیش ئەنجامبدرێت. ئەم شێوەیە دەکرێت ((زمانی پیتە گشتیەکان)) دروستبکرێت. ئەو جۆرە زمانە نەك تەنیا بۆ هەمووان دەبووە مایەی تێگەیشتن، بەڵکو تێگەیشتنیشی بنەمایەکی هاوبەشی دەگەیاندە هەموو مرۆڤایەتی. زمانێکی گشتی بیرۆکەکان بوو کە لە

ڕوانگەی سەرنج بە زمانی گشتی ژمارەکاندا دەبووە پێوانە وەرگر. لە کاتێکیشدا کە ژمارەکان لە ژمێرەی ماتماتیکیەکاندا بەکاردەهاتن، هیرۆگلۆفەکانی لایبنتز دەکرا لە ((حسابی ژیری))دا بەکاربهێنرێت. لایبنتز پێشبینی دەکرد کە شێوازەکەی ئەو لە ئایندەدا بتوانی زۆرێك لە نەریتە کۆمەڵایەتیەکانمان لە ناوەدبینی تێکچڕژاویان بۆ ڕەفتاری ئاوەزخوازانەی نەگۆڕ بگۆڕێت. ((ئەگەر باس و گفتوگۆیەك بێتەپێش، پێویستی دوو فەیلەسوف بە مشتومڕ زیاد لە پێویستی دوو ژمێریار نابێت. چونکە ئەوەندە بەسە پێنوسەکانیان بخەنە دەستیانەوە کاغەزەکانیان بخەنە بەردەمیان، و بەیەکتری بڵێن ((ئەگەر ویستیشیان هاوڕێیەك بە شایەتحاڵ وەربگرن) ((وەرن حساب بکەین)). هەموو دۆسیە دادگاییەکان، وتووێژە کۆمەڵایەتیەکان، هەموو جۆرە مشتومڕەکان بە قازانج و ئاکامی کۆمەڵێك ماتماتیك دەبڕێنەوە. لەڕاستیدا تەنانەت دەتوانرێت وەڵامەکە بە ئامێری ژماردن ((حاسیبە))ش تاوتوێ بکرێت، تا نیشانی بدات هەڵەیەك لەکاردا نەبووە. بە گەڕاندنەوەی ئەم پرۆسانەش ئەم ئەگەرەش هەبوو کە لەڕوانگەی ژیرییەوە تاوتوێ بکرێت ئایا فڵان چەمکی لێکدراو پشتەستوو بە بونیادی پتەوی چەمکە بنەماداریەکان یان نا. یان ڕاستییەکەی لـەڕووی نەزانیەوە لەخۆگری گریمانەیەکی نا دروست بووە.

هەموو ئـەم پرۆسانە لەخۆگری ((زمـانـی پیتە گشتیەکان))ی لایبنتز بـوون کە ئەوانە، ئێستا گشتیان بە یەکەمین لۆژیکی هێمادار ((سیمبۆلی)) دەناسرێنەوە (هەرچەندە سـەرچاوەی لۆژیکی سیمبۆلی ئەمڕۆ نەبوو، چونکە سەدو پەنجا ساڵ لە جانتای لایبنتزدا بەشاراوەیی مانەوە). بەداخەوە لایبنتز نەیتوانی زاڵ بێت بەسەر ئەو گرفتانەی کە دوژەڕەوانـی سەربەخۆ ئایندەی ئەویان هەراسان کـردبـوو. لۆژیکی سیمبۆلیکی تا ئاستێکی زۆر بەهەمان شێوەی جەبر هەڵسوکەوت لەگەڵا سیمبۆلییە گشتیەکاندا دەکات. ((هەموو سێوەکان میوەن)) دەتوانرێت بەشێوەی ((هەموو ئەلفەکان (ب) ن)) بەرجەستە بکرێت کە لە سیمبول دانەری لایبنتزدا بەشێوەی ((A,B)) دەنـوسرێـت. ئەو جەبرە لەتواناییدا نەبوو بەشێوەیەکی ڕەزامەند بە لێکدانەوە پارچەیی یان نەرێنییەکانەوە خەریك بێت. بـەڵام درێــژدادڕی، بایەخی پەتی لۆژیکی سیمبۆلی نیە، لە سەدەی دواتر لە بونیادی سەرەتای لایبنتز ئەم بەشە بووە خاوەنی ڕۆڵێکی بەرچاو لە فەلسەفەو هەروەها بووە بنەمای ماتماتیك لە دەورانی سەدەی بیستەمدا خودی بێرتراند ڕاسڵ لە هەوڵ و کۆششێکی بەرچاودا بەشدار بوو بە جێکردنەوەی ماتماتیك لەسەر بنەمای لۆژیکی پتەو. (کۆششی بێهودە ئەو جۆرەی کە دیار بوو). لە هەمانکاتدا هێزو وزەیەکـی فەلسەفی زور لەپێناو زمانشیکاری لۆژیکدا خەرجکرا (خەرجیش دەکـرێـت). بەشی گرنگ لـەم کـارە بریتییە لە پارچە پارچەکردنی چەمکە لێکدراوەکان بۆ بەشە لێکهاتووەکانیان. ڕێك هەمان ئەوەی کە لایبنتز وەسیەتی کردبوو. هەوڵە بەلاڕێدا ڕۆیشتووەکەی لایبنتز بۆ کەمکردنەوەی تایبەتمەندی خواستە کۆمەڵایەتیەکان بۆ فۆرمۆلە لۆژیکیەکانی ئەمڕۆش لەگەڵماندایە.

ویلیام، دۆکی گلوستەر(19) میراتبەری تاج و تەختی ئینگلتەرا لە ساڵی 1700 کۆچی دوایکرد. ئەم ژێهاتیە بەئاشکرا هاتەپێش کە گیورگ لودڤیگی هانۆڤەر میراتبەری ئەو بێت. گفتوگۆکانی نێوان لەندەن و هانۆڤەر دەستیپێکرد، و گیورگ لودڤیگ لەسەر ئەوە بوو کە سوود لە کارامەیی سیاسی و ڕەچەڵەکناسی بـەڕێـوەبـەری کتێبخانەکەی وەربگرێت کە ڕێزێکی زۆری لە کۆشکەکانی سەراپای ئەوروپادا هەبوو. سەرەنجام گفتوگۆکان لەگەڵ لەندەن بەسەرکەوتوویی کۆتایی پێهات، و گیورگ لودڤیگ بە میراتبەری تەخت و تاجی ئینگلتەرا ناسێنرا. لایبنتز لافی لێدەدا کە زیاتر ئەو هۆکاری ئەم سەرکەوتنە بووە بەڵام لێکۆڵینەوەکانی دواتر وێنەیەکی جیاوازتری نیشاندا. وا دیار بوو لایبنتز ئەم گفتوگۆ ئاسکانەی تێکدابێت، چونکە بەیارمەتی جاسوێکی سکۆتلەندی بەناوی کیر کراسلەندی چوبووە ناو پەیماننامە نهێنییەکانیەوە.

لایبنتز ئێستا کاتە زیادەکانی خۆی بە سەردانی کۆشکەکانی دراوسێ بەسەردەبردە کە توانیبووی چەندین پلەو پۆستیان بۆخۆی لی بەدەستبهێنێ

**لایبنتز لە ڕووی لۆژیکیەوە پرسە فەلسەفیەکانی بۆ دوو گروپ دابەشکرد: ڕاستییە ئەقلیەکان و ڕاستیە ئابژێکتیڤەکان. ئەم جیاکارییە ئاوەکو ئێستاش ڕۆڵێکی گرنگ لە فەلسەفەدا دەبینێت**

(هەموو کاتەکان و بەموچەی تەواوەوە). چەندین ساڵ بوو کە لێپرسراوی کتێبخانەی کۆمەڵەی ئاوداری ولفنبوتل بوو، هەرچەندە وێڕای پێشنیارە یەك لەسەر یەکەکانی بەتایبەتی لەبەڕێوەبردنی هەریەك لە پلانەکانی بۆ ڕێکخستنەوەی دووبارەی ئەو کۆمەڵە قەدەغەکرابوو. هەروەها، ئەکادیمیای زانستی ئەڵمانیا لە ئەنجامی نامەنوسینەکانی لەگەڵ سوفی شارلۆتی هەڵبژێردراو (شاژنی ئاینلەی پروسیا) لە بەرلین دامەزرا. لایبنتز بەشێوەیەکی سروشتی ریزبەندی ناوەکانی دا کە خۆی وەکو یەکەمین سەرۆکی ئەو ئەکادیمیایە دانرا، بەڵام موچەکەی دڵتەنگی کرد. لەساڵی (1711) لەگەڵ پیتەری مەزنی(20) روسیادا چاویان بەیەکتری کەوت و پیتەر زۆر پێی کاریگەر بوو، کردیە راوێژکاری کۆشکی پروسیا. بەڵام لایبنتز بەبوونی ئەو هەموو پلەو پۆستەی و دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی پاوانکاری سەرگەرمی هەندێ مەسەلەی ناپەیوەندیدار بە ئەرکەکانی خۆیەوە بوو. ئەمەش جێگەی خۆشحاڵیە، چونکە وادیارە کاری ئەو لە بوارەکانی ماتماتیك و لۆژیکدا، کە بۆ ئەم قۆناغە دەگەڕێتەوە بەهایەکی بەردەوامتری هەبوو لە دۆزینەوەی رەوشێکی تازە بۆ جۆماڵی هەسێلەکانی کۆشك.

لە ساڵی 1712 دا لایبنتز لە هانۆڤەرەوە بەرەو ڤیەننا بەڕێکەوت. لێرەدا سەرقاڵی خستەڕووی هەندێك لە بیروڕاکانی خۆی بوو بۆ ئیمپراتۆر. لەوانە ئەم پێشنیارە بوو کە ئەو دەست بە سەرۆك لەکاربکێشێتەوە، ئیمپراتۆرە هەزار ساڵەکەی خۆی هەڵوەشێنێتەوەو لەگەڵا روسیاو فەرەنسادا تێکەڵی بکات. بۆ هیچ کەس، جگە لە لایبنتز، مایەی سەرسوڕمان نەبوو کە ئیمپراتۆر بە باشیزانی ئەم پێشنیارە لە بەرچاو نەگرێت- و لایبنتزیشی بە لەبەرچاونەگرتنی داخوازیەکەی بۆ بەریرسێکی پایەبەرز لە سیستەمی بەڕێوەبردنی ئیمپراتۆریەتدا خستە سەرسامیەوە. لەم قۆناغەدا لایبنتز لە خزمەت لانیکەم پێنج کۆشکی جیاوازدا بوو، با نەشێتە بێ ئینسافی، هەمیشە هانۆڤەری لەویستی خزمەتەکانی خۆی بە لەپێشتر دەزانی ((ئەگەر بتوانرێ ئەوانە بەخزمەت بزانرێت). هانۆڤەریش لەژێر کاریگەری ئەودا مایەوە و واقوڕماوانە بەپێدانی موچەی بەڕێوەبەری کتێبخانەکە هەمیشە غایبەکەی بەردەوام بوو. ئێستا لایبنتز زیاد لە سی ساڵ بوو کە لەسەر مێژووی برونشڤیك لونبێرگ و هتد کاری دەکرد. لەماوەی ئەم قۆناغە درێــژەدا پێلەچوو نوسینەوەی رووداوە مێژوویەکانی گەیشتبێتە سەدەکانی ناوەڕاست. بەڵام گیورگ لودڤیگ، پادشای داهاتووی ئینگلتەرا، کاتێك کە زانی مێژووی بنەماڵەکەی هێشتا دەبێت هەزار ساڵی تریش لەخۆبگرێت تا لە سەر تەختەی شانۆ دەربکەوێت، زۆر خۆشحاڵ نەبوو. لەراستیدا هەروەك یەکێك لە راڤەکاران باسیلەکات ئەوەی هانۆڤەریەکان دەیانەویست هەر لەسەرەتاوە هیچ نەبوو جگە لە دەفتەرۆچکەیەکی بچووك نەبێت، کە بتوانن بۆ کاریگەری دانان لەسەر فەرمانڕەوا هاوتاکانیان دەستاودەستی پێبکەن لە هانۆڤەرەوە چەندین نامەی هەڕەشە ئامێز بەرەو ڤیەننا بەڕێکەوت، کە داوای گەڕانەوەی لایبنتزی دەکرد، سەرەنجام بەرپرسانی هانۆڤەر دەستیان بەهەنگاوی توند کردو موچەکەیان بڕی، بەڵام لایبنتز بەدڵگاریەوە سەرگەرمی داواکردنی پلەوپایە، هەوڵدان بۆ وەڕێخستنی کۆمەڵگەی زانستی (گومانبەرە بەسەرۆکایەتی کێ)، پێشنیارەکانی بۆ ئاینلەی ئەوروپا، دەرئەنجامی توێژینەوە زماناسیەکان، پێنراوە موگناتیسیەکان لە سیبیریا و هتد بوو. لەدوای دوو ساڵە ئەوکاتەی کە لایبنتز بیستی شاژنی ئینگلتەرا کۆچی دواییکردووە دەستبەجێ لەویەڕی ئەوروپاوە بەرەو هانۆڤەر تێی تەقاند، ئامادەیی هاوسەفەری سەرۆکەکەی بەرەو ئینگلتەرا- کە بێگومان سیستەمی تازەی پاشایەتی پلەو پایەکی بێ شوماری لەلابوو. لایبنتز کاتێك گەیشتە هانۆڤەر زانی کە گیورگ لودڤیگ سێ ڕۆژ لەمەوبەر بەرەو ئینگلتەرا بەڕێکەوتوە. بەڵام خزمەتکارەکەی ئەو کتێبدارە غایبەکەی لەبیرنەکردبوو کۆمەڵێك رێساو یاسای تایبەتی لەبارەی مزووڵیەکانی ئەوەوە دەرکردبوو. لەمەبەدوا نەدەبوو مۆڵەتی چوونەدەرەوەی هانۆڤەر بە لایبنتز بدرێت. لەراستیدا وایێدەچوو ئەو لە کۆشکدا دەستبەسەرکرابێت. لایبنتزی داماو هەرکەس بەرژەوەندی یان دەسەڵاتێکی هەبووایە بارگەوبنەی بۆ ئینگلتەرا تێك نابوو، لە هانۆڤەر تەنیا تڵپەو لیتەی کۆشك مابوونەوەو سوکایەتیان بە لایبنتز دەکردو ئەو ئێستا بۆتە بابەتی گاڵتەپێکردن. فەیلەسوفی لاوی تەڕپۆش کە سەردەمێك رازێنەرەوەی هۆڵەکانی پاریس و ڤیەننا بوو، ئێستا لە حەفتا ساڵی نزیك دەبێتەوە. زۆر چەماوە بەرێدا دەڕۆیشت و قەمور دەردەکەوت، بەڵام هەر پێداگر بوو لەسەر ئەوەی کە جلوبەرگی کەشخە بپۆشی بەداخەوە، بەهۆی رژدی لایبنتز ئەم جلوبەرگە زۆر لەبەرکراوانە لەئێستادا ستایلەکەیان بەسەرچوو بوو. پەخە لۆچدار و کڵاوی پرچدارە لێوار رەشەکەی ماوەیەکی زۆربوو باویان نەمابوو، هەروەکو یەکێك لەپیاوەکانی کۆشك دەیگوت، لایبنتز وەکو ((ئاسەوارێکی کۆن)) وابوو.

تاج لەسەرنانی گیورگی یەکەم لە کاتی خۆیدا لە لەندەن ئەنجامدرا، و لایبنتزی هەمیشە گەشبین دەستیکرد بە ناردنی چەند پێشنیارێکی سەرەتایی دەربارەی ئەو لایەنانەی کە خۆی زیاتر ئەمادەکردنیانی دەزانــی. وێڕای رابــردووەکــەی لەبارەی کــورتــە مــێــژووی بنەماڵە، زۆر بەجدی پێشنیاریکرد کە وەکو مێژوونوسی ئینگلتەرا

دابمەزرێت. بەڵام هیچ دەعوەتێك لە كۆشكی پاشایەتیەوە نەهات. لایبنتز لەناخەوە هەستی بە سوكایەتی دەكرد. بەڵام هەروەكو هەمیشە درێژەی بەكارەكەیداو كۆمەڵە زۆركراوێكی زیاتری بۆ جاناتاكەی خۆی بەرهەمهێنا. تەنانەت كورتە مێژووی برونشویك لونبێرگ ی تا ساڵی 1009 بردەپێش. ئەوسا، لە پاییزی 1716 دا تووشی دەردەمیران ی توند بوو، ناچار بوو بۆ ماوەیەكی دووردرێژ لەسەر جێگە ئارام بگرێت. رۆژ بە رۆژیش لاوازتر دەبوو، سەرەنجام لە 14 نۆڤەمبەری 1716 دا كۆچی دوایكرد. بەمەی كە جۆرج ((گیورگ)) ی یەكەم لە حاڵەتی چاوپێكەوتن لە یەكێك لە كۆشكەكانی نزیك بوو، نە ئەوو نە كەسێك لە كۆشكەكەی نەهاتنە بەخاكسپاردنەكەی لایبنتز. تاكە بەرێكەری ئەو بۆسەر قەبران سكرتێرە وەفادارەكەی ئەكهارت بوو كە ماوەیەكی زۆر دوای ئەوە بووە یەكەمین بیرەوەری نووسی ئەربابە بێوێنەكەی. وێنەیەك كە ئەو دەیكێشی لە پیاوێكی زۆرجـار بیربڵاو، و تا رادەیـەك سەیر، بوو كە باسی هیچ كەسی بەخراپە نەدەكرد. لەوانەیە تەنها چێژی ناوداری دەعوەتكردنی مناڵانی كۆشك بوویێت بە یاریكردن لەسەر فەرشی ژوورەكەی، كاتێ دەیانەویست برۆن بەهەر یەكەیان شیرینیەكی چكۆڵەی پێدەدان و ئەوسا لەكاتی دیاریكراوی خۆیدا دەگەڕایەوە لای كاغەزەكانی، كـە شـەوو رۆژ كـاری لەسەر دەكردن، بەبێ ئەوەی كە لەسەر كورسیەكەی خۆی هەڵبستێت.

## وتەی كۆتایی

لایبنتز یەكەمین فەیلەسوفی گەورەی ئەڵمانی بوو. هەروەها یەكەمین كەس لە هاونیشتمانیەكانی كە سیستەمێكی فەلسەفی هەمەلایەنی بەدیهێنا- كە لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا بووە شتێكی شیاو و گرنگ. نەرێتێك كە لەگەڵ لایبنتزدا دەستیپێكرد، دەستپێكی پێرستێك بوو كە زۆربەی سیما فەلسەفیە دیارەكانی ئەم دوو سەد ساڵەی دوایی لەخۆدەگرت. ئەم دەستنوسە لەخۆگری كانت، هیگڵ، شۆپنهاوەر، نیچە، ڤینگنشتاین، و هایدگەرە.

لە درێـژەی ئـەم قۆناغەدا پـرۆسـەی هاوشێوە لەبواری مۆسیقاشدا بەرجەستەبوو، كە ئەڵمانیەكان ئەوەشیان تا رادەیەكی زۆر بە قەڵەمڕەوی خۆیان دەزانی. ئەمجارە پێرست لە باخ- ەوە دەستپێدەكات و لە مۆزارت و بتهۆڤنەوە دەگات بە ڤاگنەر. بۆ ئەم باڵادەستیە بەڵگەگەلێكی زۆر پێشنیار كراوە. پەسەندترینیان پەیوەندی بە سروشتی هاوبەشی فەلسەفەو مۆسیقاوە هەیە. هیچكامیان دەربڕینێكی ورد لەبارەی ژیانی رۆژانەوە لەخۆناگرن بەوجۆرەی كە لە رۆماندا بەرچاودەكەوێت.

ئەم ساڵانە ساڵانی دەسەڵاتی روو لەزیادبوونی پرۆسیا بەسەر دەوڵەتانی بەدەر لەهاو ئەڵمانیا بوو. پۆست و بیرۆكراسی هەمەلایەنەی ئازادی دەربڕینیان بێ ئەندازە بە نەخوازراو دەزانـی. زۆرێـك لـە سیما هۆشمەندو ئەفرێنەرەكان كـە مومكین بـوو رۆمــان بنوسن باشترینیان بینە مۆزیكزان یان فەیلەسوف. ئەمانە زیاتر ئاشنایەتییان لەگەڵا ((كـاری باشی))دا هەبوو. هیچ كێشەو بەرەیەكی پێڕاگەیشتو رووبـەرووی دۆخــی مــەوجـودی بیرۆكراسیانە نابێتەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا بەرهەمەكانی كانت لە سەردەمی پاشا فێردیكی مەزن فەدەغە بوو. بەڵام كاتێ كە بە جێگیرەوەكەی ((هیگڵ)) دەگەین، دەزانـیـن فەلسەفە سیستەمیەكەی بەهەمان رادەی سیستماتیك شكۆ دەبەخشێتە دەوڵەتێك. دەزانین كە ئەم سیستەمە، هاوچەرخانی هیگڵ، شۆپنهاوەری خستەبەر بای سەركۆنەكردن. بەڵام شۆپنهاوەر تەنیا سیستەمی فەلسەفی هیگڵی سەرزەنشتكرد بەكێشەوە، نەك سیستەمی دەوڵەتێك. ئەو لە دیدگا سیاسیەكانیەوە زۆر بە كۆنەپارێزی مایەوە، فەلسەفە رەشبینانەكەشی بەتەواوی تا دواهەمین ساڵانی ژیانی بایەخی پێنەدرا.

فەیلەسوفێكی گـەورەی نـابـاوی تـری سـەدەی نۆزدەهەمی ئەڵمانیاش تا رادەیەكی زۆر هەمان چارەنووسی هەبوو. لە كۆتاییەكانی ئەو سەدەیەدا، نیچەش لەسەردەمانی تەمەنی خۆیدا تا رادەیەك بەشێوەیەكی باش بایەخی پێنەدرا، زۆربەی تەمەنی خۆشی دوور لە نیشتمان بەسەربرد. تەنیا ئەوكاتەی كە تووشی شێتی بوو گەڕایەوە بۆ ئەڵمانیاو لەوێ

**بیركردنەوەی ئێمە پشتی بە دوو بنەمای گەورە بەستوە: بنەمای لێكدژی(پارادۆكس)، كە هەمان بنەمای لەیەكتری چووەكانە... و دووەم بنەمای هۆكاری بەس بوو، كە لەسەر بنەمای ئەوە دەڵێین هیچ واقعیەتێك ناكرێت بێتەدی یان بوونی هەبێت. و هیچ راڤەیەك ناتوانێت راستگۆ بێت مەگەر هۆكاری بەس بوو بۆ ئەوەی كە دەبێت بەوجۆرە بێت**

بۆ تەواوکردنی قۆناغەکانی تەمەنی بە خەستەخانەی دەروونی سپێردرا.

ئـەمـجـۆرە هەڵسوکەوتەی ئەڵمانیا لەگەڵ فەیلەسوفەکانیدا لەسەدەی بیستەمیشدا دەنگیدایەوە. ڤیتگنشتاین بـەپێـچـەوانـەی پێشینانی خـۆیـەوە یەهودییەکی ڤیەنایی بیرئاڵۆز (بەو مانایەی کە لەهەمان شـارو هەمان ئایینی هـاوچـەرخـی خـۆی، فـرۆیـد) بـوو. ئـەویـش زۆربـەی سـەردەمـانـی ژیانی دوور لە نیشتمان و وانەبێژی لـە کامبرێجی ئینگلتەرا بەسەربرد. لەهەمانکاتدا سیمایەکی تری گەورەی فەلسەفەی ئەڵمانیا، هایدگەر، لەکاری وانەبێژی لە فرایبۆرگی ئەڵمانیا مایەوە. ئـەویـش وەکـو هیگڵ پشتگیری لە دەوڵەتی هەڵبژارد، هەرچەندە ئێستاکە تۆتالیتاریزمی توندی دەسەڵاتی پرۆسیا جێی بۆ خەیاڵپڵاوییە نەژادپەرستانە دیکتاتۆرییەکەی هیتلەر کـردبـۆوە. بەزەحمەت دەتـوانـرێ پێهێنەپێش چاومان فەیلەسوفێکی دڵکار بەو شتە پێکەڵکانەوە هـاودەنـگ بێت، بەڵام لەبارەی هایدگەرەوە وادەردەکەوێت کە ئەمە زیاتر بەهۆی بێ ئاکاری و بـەرزەفـڕی پیشەییەوە روویدابێت. خـودی فەلسەفەی هایدگەر رێگە بە لێکدانەوەی هەمەچەشن دەدات. ئەم شیکردنەوانە لە ئێگزیستانسیالیزمی سارتەرەوە بگرە تا پێکهاتەخوازی فۆکۆو دریـدا (پێویستە هەندێ پێکهاتەی ((ڕەمـەکـی)) فاشیزمیشی بـۆ زیـاد بکرێ) دەگرنەوە. بەهەموو شێوەیەك وادەردەکـەوێت بە هایدگەر لقێك لە رسکی گەورەی ئەڵمانی، کە بە لایبنتز دەستپێکردبوو، کۆتایی پێهاتبێ. ئێستا لقە تازەکانی ئەو لە شوێنەکانی تری ئەوروپا بنجیان داکـوتـاوە، کە لەوێ شکۆفەی پێکهاتەخوازییەکی سەیرو ئامۆیان بەعەتر و بۆی فەرەنسی داوە.

لـقـەکـانـی تـری رسـکـی ئـەڵـمـانـی لە فەلسەفەدا، کە نوێنەرەکەی ڤیتگنشتاینە، لە بیابانەکانی زمانشیکاری دا بەکۆتا گەیشتوە. بۆ پەیڕەوانی ڤیتگنشتاین، مەسەلە گەورەکانی فەلسەفە بەشێکی نـەزۆر زیـاد لـە هـەڵـە زمانەوانیەکان کـەمـکـراونـەتـەوە. لایبنتز لـەوانـەیـە هەڵەیەکی زۆری لەتەمەنی خۆی و بگرە لە فەلسەفەکەی خۆیشیدا کردبێت، بەڵام خۆشبەختانە ئەمانە زۆر سەرنجڕاکێشتر بوون لە هەڵە زمانەوانیە پەتییەکان.

## لە نوسینەکانی لایبنتز

مـۆنـاد، ئـەوەی کە لـێـرەدا قسەی لێوە دەکەین شتێك نیە جگە لە گەوهەرێکی سادە کە لە پێکهاتەکاندا هەیە، سادە واتە پارچەدار نیە.

گەوهەرە سادەکان دەبێت هەبن، چونکە پێکهاتەکان هەن، چونکە پێکهاتە شتێك نیە جگە لە کۆمەڵێك یان کەڵەکەبوونێك لە سادەکان.

لەو شوێنەی کە کوت و پارچە نەبێت، نـە ڕەهـەنـد ڕەخـسـاوە، نـە فـۆڕم، نە دابـەشـبـوون. و ئـەم مـۆنـادانـە ئەتۆمە راستینەکانی سروشت و بەکورتی پێکهاتەی ((سەرەتایی)) هەموو شتەکانن.

**مۆنادناسی، بەشەکانی3-1**

مـۆنـاد ناکەوێتە بـەر مەترسی پارچە پـارچـەبـوون و بـۆنـەوەی کـە وەکـو گەوهەرێکی سادە بتوانێت لە پرۆسەی سروشـتـدا لـەبـەریـەك هەڵبوەشێتەوە رێگەیەکی گونجاو بوونی نیە.

هەربۆیە، بۆ ئەوەی کە گەوهەرێکی سادە بتوانێت لە پرۆسەی سروشتدا دەستپێبکات رێگەیەك بوونی نیە، چونکە ناتوانێت لە هیچ پێکهاتەیەك دروست ببێت.

بـەمـجـۆرە دەتـوانـرێـت بـوتـرێـت مـۆنـادەکـان تـەنـیـا دەتـوانـن هـەمـوو بەیەکجار دەستپێبکەن و کۆتاییان بێت، بەدەربڕینێکی تر تەنیا دەتوانرێت بە خوڵقاندن دەستپێبکەن و بەوێرانکردن کۆتاییان پێ بێت، بەوجۆرەی پێکهاتە بە پارچە دەست پێدەکات و کۆتایی پێدێت.

**مۆناد ناسی بەشەکانی6-4**

رێگەیەك نیە بۆ روونکردنەوەی ئەوەی کە مۆنادێك چۆن دەتوانێت لە ناخی خۆیدا بەهۆی شتێکی تری ئەفرێنراوەوە بگۆڕێت، چونکە زەحمەتە بتوانرێت شتێك لەناویدا بگوێزرێتەوە و یان دەستپێکی هـەرجـۆرە بزوتنەوەیەکی ناوەکی وێنا بکرێت و بزوتنەوەیەکی ناوەکی لەوجۆرە ناتوانێت دەستپێبکات، ئاراستەکە روو لەوە، زیاد یان کەم دەکات، بەوجۆرەی کە لە پێکهاتەکاندا روودەدات، دەتوانرێت گـۆڕان لەنێوان پارچەکاندا روویـدات. مۆنادەکان پەنجەرەیان نیە کە شتێ بتوانێ بچێتە ناویەوە یان لێی بێتە دەرەوە.

**مۆناد ناسی بەشی7**

هەقیقەتە سەرەتاییەکان، کە بەهۆی ئاگامەندییەوە زانـراون، دوو جۆرن. یان هەقیقەتە ژیرییەکانن یان هەقیقەتە واقـیـعـیـەکـان. هەقیقەتە ژیرییەکان پێویستن. واتـە نـاتـوانـرێـت نکۆڵیان لێبکرێت. دژایەتیکردنیان ئەستەمە. هەقیقەتە واقیعیەکان شـیـاون. واتـە دژایـەتـیـکـردنـیـان شـیـاوی ڕەخـسـانـن. هەقیقەتە سەرەتاییەکانی ئەقڵ ئەوانەن کە من بەناوی گشتی ((ئەم وەك ئەوی)) ناو دەبـەم، چونکە ئـەوان تەنیا شتێکی (تاك) بەشێوەی جیاواز دەردەبڕن، بەبێ ئەوەی کە شتێك فێری ئێمە بکەن. نمونە ئەرێنییەکانیان لـەمـجـۆرەن: (( هەموو شتێ ئەوەیە کە هەیە))، (( ئەلف ئەلفە، ب ب))یـە، لاکێشە یەکسانە بە لێپاڵوی لاکێشە)).. ئێستا دەگەین بە (ئەم وەك ئـەوی) نەرێنی، کە نە پەیوەندییان بە

بنەمای لێکدژییەوە هەیە، نە بە بنەمای لەیەکتری نەچووەکانەوە. بنەمای لێکدژی بە شێوەیەکی گشتی ئەمەیە: راڤەکە یان راستگۆیە یان درۆزن...

**کۆی بەرهەمەکانی، چ پێنج 343**

بیرکردنەوەی ئێمە پشتی بە دوو بنەمای گەورە بەستوە: بنەمای لێکدژی(پارادۆکس)، کە هەمان بنەمای لەیەکتری چووەکانە... و دووەم بنەمای هۆکاری بەس بوو، کە لەسەر بنەمای ئەوە دەڵێین هیچ واقعیەتێك ناکرێت بێتەدی یان بوونی هەبێت، و هیچ راڤەیەك ناتوانێت راستگۆ بێت مەگەر هۆکاری بەس بوو بۆ ئەوەی کە دەبێت بەوجۆرە بێت نەك بەدەر لەمە، بوونی هەبێت، هەرچەندە لە زۆربەی بوارەکاندا بەڵگەکان ناتوانن بۆ ئێمە زانراوبن.

**مۆنادناسی، بەشەکانی سەرەتا**

لەبارەی راڤەی یەك بەخستنەسەری دوو دەبێتە سێ- ئەمە تەنیا پێناسەی دەستەواژەی سێ یە. راستە کە ئەمە راڤەیەکی شاراوەی لەخۆگرتووەو ئەو ئەمەی کە بیرۆکەکانی ئەم ژمارانە رەخساون. ئەمە لێرەدا بە ئاگامەندی دەزانین، لەم رووەوە دەتوانین بڵێین پێناسەکان، کاتێ کە شیاوی ئەوان بێ ناویزیوان بەڵگەنەویستە، لەخۆگری زانیاری ئاگامەندین.

**مۆنادناسی، بەشەکانی والآکەر**

بەتەواوی راستە کە بڵێین ژمارەی شتەکان بێکۆتاییە. واتە هەمیشە شتگەلێك زیاد لەوەی کە دەتوانین دەستنیشانی بکەین بوونیان هەیە. بەڵام بەئاسانی دەتوانرێت بسەلمێنرێت ژمارەی ناکۆتایی، هێڵی ناکۆتایی، یا هەر ئەندازەیەکی ناکۆتایی تر، ئەگەر ئەمانە وەکو هەموو راستییەکان لەبەرچاو بگرین، بوونیان نییە... بەدەربڕینێکی ورد ناکۆتایی هەقیقی تەنیا لە رەهادا بوونی هەیە کە بەسەر هەر پێکهاتەیەکدا لەپێشەو لەزیادبوونی پارچەکان پێك نەهاتووە. ئەندێشەی کۆتایی و ناکۆتایی تەنیا جێگەیەکی گونجاوە کە برێك یان زۆرینە بوونی هەیە. ناکۆتایی راستینە ((گۆڕان))ێك نیە: رەهایە. لەراستیدا بەوردی لەگەڵ گۆڕانی ئەودایە کە خۆمان سنوردار دەکەین و کۆتایی پێك دەهێنین.

تێزە تازەکان لە تێگەیشتنی مرۆیی، بەشی 17

هەر مۆناد (یان گەوهەر)ێك شتێکی لە بێکۆتاییدا هەیە، چونکە لەخۆگری هۆکاری خۆیەتی: خودا. واتە دۆخێك لە هەموو شت زانی و هەمە توانایی لەودا هەیە. چونکە لە تێگەیشتنی تەواوی هەموو گەوهەرێکی تاکدا، ئێکراى هەڵگیراوەکانی ئەو چ زەروری و چ ژێهاتی، و هەروەها رابردوو ئێستاو ئایندەی ئەوی جێکرتۆتەوە. هەموو مۆناد (یا گەوهەرێك) گشت گەردوون (هەمگەل) بەپێی پێگەو لایەنی خۆی دەردەبڕێت، چونکە شتەکان بۆ ئەو دەگەڕێنەوە. کەواتە پێویستە هەندێ لە هەستەکانمان، بەهەر رادەیەك کە رۆشن و روون بن، بە ئاڵۆزی بمێنێنەوە، چونکە لەخۆگری ئەوشتانەن کە بێکۆتان.

**کۆی بەرهەمەکانی، چ دوو، 311**

چەمکی هەماهەنگی پێشووی بونیاد لە چەمکی مۆناد (یان گەوهەر) ئەنجام دەدرێت. چونکە بنەمای ئەمە، ئایدیای هەر مۆناد (یان گەوهەر)ێك لەخۆگری هەموو ئەوانەیە بۆی روودەدات... بەراستی ئەمە پەرجویەکە لە سیستەمی بنەڕەتی هەماهەنگی پێشوەخت. بەڵام ئەمە تەنیا لەسەرەتادایە، کە خودا دەچێتە ناویەوە. لەدوای ئەوە هەر شتەو رێگەی خۆی لە دیاردە سروشتیەکاندا بەپێی یاسا رۆحی و جەستەییەکان، تەی دەکەن... ئەمە گریمانەیە، دڵخوازانە نیە، هەرچەندە ناتوانرێت ئەوە بەشێوەیەکی پێشوو بسەلمێنرێت.

**کۆی بەرهەمەکانی، چ سێ، 144**

فەلسەفەی من... لەخۆیدا کامڵ نیە، و بانگەشە ناکەم بۆ هەرچیەکی کە کەسانی تر بیریان لێکردۆتەوە دەتوانن بەڵگە بهێننەوە، بەڵگەیەکم هەیە... بە بڕوای من زۆربەی سیستەمە فەلسەفیەکان بەشێوەیەکی گشتی لەوەی خوازیاری راستی و دروستی ئەون، راستن بەڵام نەك لەوەی خوازیاری نەبوونی راستی و دروستی ئەو بن

کۆی بەرهەمەکانی، نامەکان

باش دابەش دەبێت بۆ سەرڤانی، بەچێژ، و بەسوود. بەڵام بە باوەڕی من لەبنەڕەتەوە هەرچیەك بێت دەبێت لەخۆیدا بەچێژ بێت، یان بەشتێکی تر کۆتایی بێت کە هەستێکی بەچێژمان دەداتێ واتە باش یان چێژبەخشە یان بەکەڵك. سەرڤانی بۆخۆی بریتییە لە یەك چێژی دەروونی.

تێزە تازەکان لە تێگەیشتنی مرۆیی بەشی 20

## مێژووی رووداوە گرنگەکانی فەلسەفە

سەدەی شەشەمی (پێش زاین): سەرهەڵدانی فەلسەفەی خۆرئاوا بە ئەندێشەکانی تالیس مەڵتی

کۆتایی سەدەی (پ.ز): مردنی فیساگۆرس.

399 (پ.ز) : سوقرات لە ئەسینا فەرمانی مردنی بەسەردا دەسەپێنرێت.

387 (پ.ز) : ئەفلاتۆن ئەکادیمیاکەی خۆی کە بەیەکەمین زانکۆ دەژمێردرێت لە ئەسینا دادەمەزرێنێت.

335 (پ.ز) : ئەرستۆ قوتابخانەی لیسیۆم

له ئەسینا بنیاتدەنێ کە دەبێتە ڕکابەری ئەکادیمیا.

324 (ز) : ئیمپراتۆر ((کۆنستانتین)) پایتەختی ئیمراتۆریەتی ڕۆما دەگوازێتەوە بۆ شاری بیزەنتە.

400 : قەشە ئاگۆستین کتێبی (دانپیانانەکان)ی خۆی دەنوسێ، فەلسەفە لە خوداناسی مەسیحیدا دەبێتە شتێکی ئەستەم.

410 : ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆما بەدەستی بەربەرییەکان.

529: داخستنی ئەکادیمیای ئەسینا بە فەرمانی ئیمپراتۆر یۆستینین، کە ئەمەش نیشانەی کۆتایی چەرخی حیکمەتی یۆنانی و سەرەتای چەرخی تاریکی بوو.

ناوەڕاستی سەدەی سیانزەهەم: تۆماس ئەکویناس باسەکەی خۆی لەسەر ئەرەستۆ دەنوسێ. سەردەمی فەلسەفەی قوتابخانەی (سکۆلاستیك).

1453 : روخانی بیزەنتی بەدەست تورکەکان، کۆتایی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی.

1492 : کریستۆف کۆلۆمبس دەگاتە ئەمریکا. سەردەمی ڕێنسانس لە شاری فلۆرەنسا و سەر لە نوێ ژیانەوەی ڕێنماییە یۆنانیەکان

1543 : کۆپەرنیکۆس کتێبی (دەربارەی سوڕانەوەی هەسارە ئاسمانیەکان) بڵاوکردەوە و لەڕووی ماتماتیکیشەوە سەلماندنی کە زەوی بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە.

1633 : کەنیسە گالیلۆی ناچارکرد کە بە فەرمی نکوڵی لە تیۆری سەنتەربوونی خۆر بکات.

1641 : دیکارت (رامانەکان)ی خۆی بڵاودەکاتەوە. دەستپێکی چاخی فەلسەفەی مۆدێرن.

1677 : کتێبی (ئاکار)ی سپینۆزا لە دوای مردنی، مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی دەدرێتێ.

1687 : نیوتن کتێبی (بنەماکان) بڵاودەکاتەوە و تیایدا بە ناسینی چەمکی (کێشکردن)ەوە خەریك دەبێت.

1689 : لۆك (نامیلکەیەك دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ) بە چاپدەگەیەنێ. دەستپێکی سەردەمی فەلسەفەی ئەزمونگەرایی.

1710 : بیرکلی کتێبی (بنەمای زانستە مرۆییەکان) بڵاودەکاتەوە و ئەزمونگەری دەگەیەنێتە سنوری تازەتر.

1716 : مردنی لایبنتز

1740-1739 : هیوم (نامیلکەیەك لەبارەی سروشتی مرۆییەوە) بڵاودەکاتەوە و ئەزمونگەرایی تا رادەیەکی لۆژیکی تر دەباتە پێش.

1781 : کانت کە لە خەوی دۆگماتیکی خۆی بە ئاگاهاتۆتەوە بە یارمەتی هیوم کتێبی (رەخنەی ئەقڵی پەتی) بڵاودەکاتەوە. سەردەمی شکۆداری میتافیزیکی ئەڵمانیا دەستپێدەکات.

1807: شۆپنهاوەر کتێبی (جیهان وەکو ئیرادە و وێناکردن) بڵاودەکاتەوە و فەلسەفەی هیندی لە میتافیزیکای ئەڵمانیدا دەخاتەڕوو.

1889: نیچە بە راگەیاندنی ئەم بابەتەی کە (خودا مردووە) لە شاری تۆرینت دووچاری شێتی دەبێت.

1921: ڤیتگنشتاین (پەیامی لۆژیکی – فەلسەفی) خۆی بڵاودەکاتەوە و بانگەشەی ئەوە دەکات کە تیایدا گەیشتۆتە دوا ڕێگە چارەی مەسەلە فەلسەفیەکان.

دەیەی 1920: ئەڵقەی ڤیەننا، برەویدا بە پۆزیتیڤزمی لۆژیکی.

1927: هایدیگەر کتێبی (بوون و کات) چاپدەکات، کە باس لە جیابوونەوەی فەلسەفەی شیکاری و فەلسەفەی ئەوروپایی دەکات.

1943: سارتەر بە بڵاوکردنەوەی کتێبی (بوون و نەبوون) هزرەکانی هایدگەر تەواو دەکات و فەلسەفەی بونگەرایی دەخاتەڕوو.

1953: بڵاوبوونەوەی کتێبی (لێکۆڵینەوەی فەلسەفیەکان) ی ڤیتگنشتاین لە دوای مردنی لوتکەی سەردەمی زمانشیکاری.

## ڕۆژمێری ژیانی لایبنتز

1646/ لەدایکبوون لە لایپزیگ ی ئەڵمانیا

1652/ مردنی باوکی

1661/ چوونی بۆ زانکۆی لایپزیگ بۆ خوێندنی ماف لە تەمەنی چواردەساڵیدا.

1666/ وەرنەگیرانی لە پلەی دکتۆرای ماف لە لایپزیگ بەهۆی تەمەنەوە. وەرگرتنی دکتۆراکەی لە زانکۆی ئالتدۆرف ی نۆرنبێرگ.

1667/ دامەزراندنی لە کۆشکی ئۆسقۆف مایتس.

1672/ ناردنی بۆ پاریس بەمەبەستی کاری دیپلۆماسی لە کۆشکی لویسی چواردەهەم.

1675/ تەواوبوونی کۆتایی (حاسیبە) پێشکەوتووەکەی دۆزینەوەی بیردۆزەی ژمێرەیی (بەبێ ئەوەی ئاگاداری ئەوەبێت کە نیوتن بەرلەو، ئەمەی دۆزیبوەتەوە).

1676/ وەرگرتنی پلەوپایە لە کۆشکی دوکی هانۆڤەر و دیداری سپینۆزا لە هۆڵەندا لە سەفەر بۆ ئیش وەرگرتن لە هانۆڤەر

1680/ مردنی دوکی پیری هانۆڤەر و جێگرتنەوەی براکەی، کە حەزیلەکرد هەڵبژێردراوی هانۆڤەر بێت.

1685/ لایبنتز ڕاسپاردەی لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی مێژووی بنەماڵەی هانۆڤەر بەمەبەستی دەستەبەرکردنی هەڵبژاردنی دوك، وەردەگرێت.

1692/ دوکی هانۆڤەر زیاتر بەهۆی هەوڵەکانی لایبنتزەوە هەڵدەبژێردرێت.

1698/ هەڵبژێرداوی هانۆڤەر دەمرێت و کوڕە بێ دەربەستەکەی (گیورگ) جێگەی دەگرێتەوە.

1700/ لایبنتز دەبێتە یەکەمین سەرۆکی ئەکادیمیای نوێی زانستی پرۆسیا، کە هەوڵێکی زۆریدا بۆ بونیاتنانی.

1714/ هەڵبژێردراوی هانۆڤەر دەبێتە پاشای ئینگلستان و سەفەر بۆ لەندەن دەکات و لایبنتز بەجێدەهێڵێت. لایبنتز سەرەنجام مۆنادناسی بڵاودەکاتەوە کە کەڵاڵەی گشتی سیستەمی فەلسەفەکەیەتی.

1767/ مردنی لایبنتز لە هانۆڤەر.

**دەقی پێشنیارکراو بۆ خوێندنەوە**


E.J. Aiton, Leibniz: A biography ((hilger,1985

ئەمە تاکە ژیاننامەی یێکەموکورییە بە زمانی ئینگلیزی لە ژیانی فرە هەمەچەشنی لایبنتز. گەڕان بۆ ئەو لە کتێبخانەی زانکۆکان و کتێبخانە جێ بڕواکان، کارێکی نایابە.

Nichilas Jolley, ed., the Cambridge companion to Leibniz (Cambridge .(university press, 1994

چەند ئامیلکەیەك بۆ خوێنەری ناپسپۆڕ لە پسپۆڕ لە ڕەهەندە جیاوازەکانی فەلسەفەی لایبنتز.

Gottfried Willelm Leibniz, philosophical papers and letters .((kiuwer, 1976

ئەم بەرهەمە باشترین هەڵبژاردەی بەرهەمە پڕ قەوارەکانی لایبنتزە، زۆربەیان تا ماوەیەکی زۆر لەدوای مردنی لە جانتاکەیدا مانەوە.

Gottfried Willelm Leibniz, philosophical writings, G.H.R. (Parkinson, ed. (everyman,1990

هەڵبژاردەیەك لەبەرهەم و نوسینە هەرەباشەکانی ئەو، لەوانە مۆنادناسی

Bertrand Russell, A critical Exposition of the Philodophy of Leibniz .((routledge, 1993

ئەم بەرهەمە کلاسیکە بەرچاو ڕوونترین و لەوانەیە گەنگەشە هەڵگرترین ڕەخنەی لایبنتز بێت.

**سەرچاوە:**

**أشنايي با لايبنتس، پل استراترن، ترجمەی فريدون فاطمي، نشر مرکز، چاپ اول 1387**


**پەراوێزەکان:**

1- داشۆرین: لەئاو هەڵکێشان، ڕێوڕەسمی تایبەتی هەندێك ئاین (وەك ئاینی مەسیحی) بۆ باوەڕهێنانی کەسێك کە لەگەڵا شۆردن یان تمایشی شۆردنیدا هاوڕێیە.

2- وایمار: (weimar) شارێکی فەرهەنگییە کە دەکەوێتە ناوچەرگەی ئەڵمانیا لە ویلایەتی تورینگن. بەهۆی دامەزرانی کۆماری وایمار (1933-1919) خاوەن بایەخێکی مێژووییە.

3- زێراوکێشی: وشککردنی ئاوی زۆنگاو. کاری دروستکردنی زێوار.

4- ئەڵمانیای ئەو سەردەمە دابەشکرابوو بۆسەر چەند شالیارێکی سەربەخۆ، کە حەوت دانەیان لە هەڵبژاردنی ئیمپراتۆری ئەڵمانیادا مافی دەنگدانیان هەبوو.

5- مینگ: ئیمپراتۆری مینگی مەزن: بنەماڵەی پاشایەتی چین لەساڵی 1368 تا ساڵی 1644 زاینی بوو. کە لەدوای رووخانی سیستەمی پاشایەتی مەغۆلەکان دامەزرابوو.

6- روکوکو: بەفەرەنسی(Rococo) زاراوەیەکە لەمێژووی هونەردا بۆ وەسفکردنی هونەری جوانکاری لەبوارەکانی تەلارسازی و نیگارکێشان و پەیکەرسازی و.......هتد. ئەم زاراوەیە سەرەتا لەلایەن پیر- موریس کی لەساڵی 1797 لەپێکهاتەی دەستەواژەی فەرەنسایی(rocaille) و دەستەواژەی ئیتالی (baroco) وە دروستبووە.

7- راین: ڕووبارێکە لە وڵاتی ئەڵمانیا.

8- سەرئۆسقۆف: پلەیەکی بەرزتر لە قەشە. کاردیناڵیشی پێدەوترێت. پلەیەکە لە کڵێسای کاسۆلیك.

9- دۆشس: ژنی دۆك.

10- بیچ:

11- دۆك نشین: زاراوەیەکە وەکو میرنشین. سنوری دەسەڵاتدارێتی دۆك.

12- دەربار: کۆشکی پادشاو ئیمپراتۆر.

13- کتێبدار: بەکەسێك دەوترێت کە کاری کتێبخانە بکات وەك: بەرێوەبردن و ریزبەندی و پێڕستکردن و .......هتد. هاوشێوەی زاراوەی دوکاندار، سەرمایەدار.

14- بەردی فەیلەسوفان: تەنێك بووە کەبەهۆیەوە تەنی کەم بایەخیان دەگۆڕی بۆ تەنی پڕ بایەخ. ئەم تەنە بێگومان بەرد نییە. بەڵکو شتێکە وەکو بەرد رەقەو وەکو مۆم نەرمە، ئامرازێکی ئەفسوناوییە لە کیمیاگەریدا.

15- ئالزاس (بەفەرەنسی Alsace) یەکێك لە 26 دەڤەرەکەی فەرەنسایە کە کەوتۆتە خۆرهەڵاتی ئەم وڵاتەو لەسەر سنوری ئەڵمانیاو سویسرایە.

16- وێڵفینبوتڵا: (بەئەڵمانی wolfenbuttel) دەکەوێتە ویلایەتی نیلێرزاکسین لە ئەڵمانیا.

17- لیسبۆن: پایتەختی وڵاتی پورتوگالە.

18- میکانیکی کوانتۆم: لقێکە لە زانستی فیزیك کە باس لە فیزیکی لە ئەندازەی نانۆدا دەکات.

19- گلوستەن:

20- پیتەری مەزن:(1725-1672) پادشای روسیا بوو کە روسیای تێزاری لە حاڵەتی هێزێکی ناوچەییەوە کرد بە هێزێکی گەورەی جیهانی و ئیمپراتۆریای روسیای دامەزراند.


Leibniz

# لایبنتز

## مەزنترین بیرمەندی فرەلایەن

برایان ماگی

لە فارسییەوە: قارین عەبدولڕەحمان

لایبنتز لە ڕووی لۆژیکیەوە پرسە فەلسەفیەکانی بۆ دوو گروپ دابەشکرد: ڕاستییە ئەقڵیەکان و ڕاستیە ئابزێکتیڤەکان. ئەم جیاکارییە، تاوەکو ئێستاش ڕۆڵێکی گرنگ لە فەلسەفەدا دەبینێت.

گوتفرید ڤیلهێلم لایبنتز (1646-1716) مرۆڤێکی ئێجگار بلیمەت بوو، تەنانەت لە پلەی فەیلەسوفێکی مەزندا بوو. ئەو بەدەر لە نیوتن بیردۆزی ژمێرەکانی (ئەنتیگراڵ و دیفرانسێل)ی دۆزیوەتەوەو بەرلەویش بڵاویکردۆتەوە، هەرچەندە نیوتن بەرلەو ئەم بیردۆزەی دۆزیوەتەوە. کەچی ئێستا ماتماتیکزانان سود لە سیستەمی ژمارەنوسی لایبنتز وەردەگرن نەك نیوتن. ئەو سەرەتا چەمکی وزەی جوڵە ناساند و لۆژیکی ماتماتیکی داهێنا، ئەگەرچی ئەوەی بڵاونەکردەوە، ئەگەر بڵاوی بکردبایەتەوە، بەکارهێنانی ئەم بابەتە سەدەو نیوێك زووتر دەستی پێدەکرد. هەروەها لایبنتز هەم یەکێك بووە لە مەزنترین ماتماتیکزانەکانی هەموو سەردەمەکان و هەم یەکێك لە کاریگەرترین فەیلەسوفەکان بوو.

ئەو کوڕی مامۆستایەکی فەلسەفەی ئاکار بوو لە زانکۆی لایپزیگ. ڕەفتارو زیرەکی لەقۆناغەکانی خوێندنیدا هێندە سەرسامکەر بوو کە لە بیست

و یەك ساڵیدا پێشنیاری کورسی مامۆستای زانکۆیان بۆ کردووە، بەڵام قبوڵی نەکردوە، چونکە دەیەویست ساردی و گەرمی دنیا تاقی بکاتەوە. زۆربەی تەمەنی خۆی لە کاروباری میریدا وەك کارمەندی کۆشکی پاشا، دیپلۆمات، بەڕێوەبەری کتێبخانە و مێژوونوسی بنەماڵە لە خزمەت چەند نەوەیەکی یەك بەدوای یەك لە دۆکەکانی هانۆڤەر دا بردۆتە سەر کە یەکێك لەوانە بەرێکەوت بووە پادشای ئینگلتەرا: شا جۆرجی یەکەم. لایبنتز لەم بەرپرسیارێتە جۆر بە جۆرانەدا سەفەرێکی زۆری کرد و هەر ئەم سەفەرانەش هاوکات لەگەڵ ئەو نوسینانەی کە بڵاوی دەکردنەوە، ئەوی لە گەنجیەتیدا کردە سیمایەکی ناودار، بەڵام لە کۆتاییەکانی تەمەنی و بەساڵاچوونیدا دەتوانین بڵێین بووە جێگەی بایەخ پێنەدان و فەرامۆشکرا. بەڵام بە درێژایی ئەم ماوەیە، لەخەڵوەتی کتێبخانەکەیدا بەکاری هزری ئاکەکسیەوە سەرگەرم بوو، هەڵبەتە نەك بەشێوازی دانانی سیستماتیکی ئەو کتێبانەی کە تا خۆی لەژیاندایە بڵاویان بکاتەوە. ئەو روونکردنەوەیەی کە خۆی دەربارەی شپرزەیی لەکاری نوسینیدا داویەتی، دڵتەزێنەو مایەی بەزەیی پێدا هاتنەوەیە: ((ئەو شتەی کە نوسیومە، لەماوەی چەند مانگێکدا بەتەواوی بیرم دەچێتەوە و بۆئەوەی ئەگەرێیم بەتێو ئەو هەموو لاپەڕە پەرش و بڵاوانەدا کە هەرگیز دەرفەتی ڕێکخستنەوەو پێرستکردنیانم نەبووە، ناچار دەبم دووبارە هەموویان لەسەرەتاوە بنوسمەوە.)) سەرەنجامی ئەو دۆخەش، لەکاتێکدا کە فەیلەسوفێکی وەك سپینۆزا سیستەمی فەلسەفەکەی بەشێوەیەکی کامڵ و تەواو لە فۆرمێکی وردو لێك دانەبڕاو بۆ خوێنەران دەخاتەڕوو، بەڵام لەبارەی لایبنتزەوە، خوێنەر لە دۆخێکی تەواو جیاوازدایە و دەبێت خۆی پارچە پەرشوبڵاوەکان بخاتەوە پاڵ یەك.

## هۆکاری جیاوازی بنەڕەتی

ئەگەر کەسێك بڵێت: ((دراوسێکەی تەنیشتم بریتین لە پیاوێکی قژ سوور و ژنە قەڵەوەکەی))، ئەم دەستەواژەیە لەوانەیە زۆر ڕاست بێت، بەڵام لەوانەشە ڕاست نەبێت. تاکە رێگەی دڵنیا بەخش بۆ سەلماندنی ئەوە، لێکۆڵینەوەی وردە تا دەربکەوێت ئایا ئەو پیاوە لە تەنیشت ماڵەکەی ئەوکەسەوە دەژیت، قژی سورە (نەك بۆ نمونە رەش یان قاوەیی یان ئەسڵەن سەر رووتاوە) و ئایا ژنی قەڵەوی هەیە (نەك بۆ نمونە ژنێکی لاواز و یان هەر ژنی نەبێت) و ئایا بەس ئەم دوو کەسە لە تەنیشت ئەو ماڵەوە نیشتەجێن یان نا. بەڵام ئەگەر کەسێك بڵێت: ((دراوسێکەی تەنیشتم بریتین لە پیاوێکی سەڵت و ژنە قەڵەوەکەی))، دەستبەجێ دەزانین کە ئەمە قسەیەکی ڕاست نیە. بگرە پێویستیشمان بە دواداچوون و لێکۆڵینەوە نیە بۆ سەلماندنی، چونکە ((پیاوی سەڵت)) واتە ژنی نیە، کەواتە ناکرێت ئەو دراوسێیە سەڵتیش بێت و ژنیشی هەبێت، ئەم لێکدانەوەیە لەخۆیدا لێکدژی (پارادۆکس)ی تێدایە و هەرگیز ناکرێت ڕاست بێت. لایبنتز دەیگوت هەموو ڕاستییەکان دەبێت بە یەکێك لەم دوو جۆرە لۆژیکەوە پەیوەست بن. یان دەبێت لە ڕاستیەکان بکۆڵینەوە تا بزانین بزارە تایبەتەکە ڕاستە یان ناڕاست، یان دەتوانین بەبێ لێکۆڵینەوە پەی بەوە بەرین، کە لەم حاڵەتەدا، هەواڵەکە دەبێت بەهۆی جۆنیەتی کاربەرو گوتەکانی، ڕاستە یان ناڕاستە. لەوێوەیە کە دەتوانین ڕاستی بزارەکانی جۆری دووەم بە ناوتوێکردنیان و بەبێ ئەوەی پێویست بەهیچ لێکۆڵینەوەیەکی دەرەکی بکات، ئاشکرا بکەین، پاشان لە مێژووی فەلسەفەدا بەناوی ((بزارە شیکەرەوەکان)) ناسراون، جۆرەکەی تریشیان بە ((بزارە لێکدراوەکان)) ناویان هێنراوە. ئەمڕۆکە هەردوو زاراوەکە بەشێوەیەکی گشتی بەکاردەهێنرێن.

ئەم هۆکارە جیاوازانە بەدرێژایی ماوەی نزیك بە سێ سەد ساڵ بە دەسەڵات و دژوارییەکی زۆر پەرەی سەندو بڵاوبۆوە و لە رێچکەی فەلسەفەی ئەزمونگەریدا کە لەسەردەمی لایبنتز تا کانت دەرکەوت، بووە بنەمایەکی سەرەکی و لە فەلسەفەی (کانت) یشدا رۆڵێکی سەرەکی هەبوو. لەسەدەی بیستەمیشدا پایەو بناغەی پۆزێتیڤیزمی لۆژیکی بوو. زۆر کەس وتویانە ئەگەر خوێندکارێکی فەلسەفە تەنیا بتوانێت هەمان ئەم جیاوازییە بەباشی دەرك پێبکات، ئەوکاتە کەڵکی لە خوێندنی ئەم بەشە وەرگرتووە. بە تێپەڕینی رۆژگار، کار

گەیشتە شوێنێك كە گشت لۆژیك و ماتماتیك پێكهاتوو لە بژارە شیكاری و گشت ئاسیئمان لە دنیای ئەزموونی بە ئاوێتەكراو ((لێكدراو) دەزانرێت. ئەمەش كاریگەرییەكی قووڵی لەسەر لایەنی تێڕوانین و مامەڵەكردن لەگەڵ ئەم زانینانەدا هەیە.

دەرەنجامە ئەرێنی (ئێگەتیف)ەكانی ئەم جیاوازییەش جێگەی بایەخن. بە درۆخستنەوەی یەك راڤەی شیكەرەوەی دروست، پێویستی لێكدژییە و ناكرێت راست بێت، لەكاتێكدا كە بە درۆخستنەوەی یەك راڤەی لێكدراوی دروست، پێداویستی لێكدژی نیە و تەنیا راڤەیەكی لێكدراوی ترە كە دەشێت راست بێت، بەڵام راست نیيە، وێڕای ئەمە، نكۆڵیكردنی یەك راڤەی شیكەرەوەی راست، ئەستەمە، لەكاتێكدا كە نكۆڵیكردنی یەك راڤەی لێكدراوی راست، رەخساوە.
لایبنتز لە درێژەی ئەمەدا، تیۆری جیهانە شیاوەكانی ئەلتەرناتیڤی لە فەلسەفەی نوێدا ئاسائد. بەتەواوی دەگونجێت مرۆڤەكان لەهەر دەستێكیاندا شەش یان سێ پەنجە یان هەبێت، بەڵام لە هیچ كوێی جیهاندا ناكرێت لە یەككاتدا هەردوو حاڵەتەكە هەبێت، لەكاتێكدا هەردوو حاڵەتەكە بوونیان هەیە، بەڵام هێنانەدی ئەگەرێكیان، هێنانەدی ئەگەرەكەی تریان دەكاتە ئەستەم. لە درێـــژەدا، دەگـاتـە چەمكی ((گریمانە هەماهەنگەكان))، واتە ئەو ئەگەرانەی پێكەوە گونجاون، بە پێچەوانەی گریمانە ناهەماهەنگەكان، كۆی گشتی هەر كۆمەڵەیەك لە گریمانە هەماهەنگەكان، جیهانێكی شیاو پێكدەهێنن، كە ژمارەیان بێ سنورە.
لایبنتز لەسەر ئەم باوەڕە بوو كە خودا دەتوانێت هەر جۆرە جیهانێك كە خۆی بیەویت، بەفرێنێت. هەڵبەتە


> **لایبنتز لەسەر ئەم باوەڕە بوو كە خودا دەتوانێت هەر جۆرە جیهانێك كە خۆی بیەویت. بەفرێنێت. هەڵبەتە بەمەرجێك كە جیهانێكی گونجاو بێت. بەلام خودا وەكو خاوەن توانای رەها بڕیاریدا باشرین جیهانی گونجاو بەفرێنێت. جیهانێك كە ویست و خواستی ئازاد و لە ئەنجامیشدا تاوان و شەڕەنگێزی تێدابێت**



KANT

بەمەرجێك كە جیهانێكی گونجاو بێت، بەڵام خودا وەكو خاوەن تواناى رەها بڕیاریدا باشترین جیهانى گونجاو بەفرێنێت. جیهانێك كە ویست و خواستى ئازاد و لە ئەنجامیشدا تاوان و شەڕەنگێزى تێدابێت، باشترە لە جیهانێك كە ویست و هەڵبژاردنى تێدا نەبێت و ئەمە روونیدەكاتەوە كە بۆچى خودایەكى بێ كەموكوڕ جیهانێكى خوڵقاندووە كە ئەم هەموو خراپەیەى تێدایە.

ڤۆڵتێر لە رۆمانى كانديد (١٧٥٩)، لایبنتزى خستە قاڵبى كەسایەتیەك بەناوى پانگلۆس لەفۆرمێكى زۆر گاڵتەجاڕانەدا. پانگلۆس، فەیلەسوفێكە بەو گەشبینیە نەفامانەى كە بانگەشە دەكات هەموو شتێ لەم باشترین جیهانە گونجاوەدا بە چاكە تێدەپەڕێت. هەڵبەتە وەكو هەموو نیگاركێشە تەنز ئامێزە رەسەنەكان، دادپەروەرى دەرهەق بە قوربانى لەبەرچاو نەگیراوە، چونكە هیچ ئاماژەیەكى بەم خاڵە نەكردووە كە ماناو مەبەستى زۆر جدى و گرنگ لە پشت قسەكانى (لایبنتز)ەوەن.




## هۆكارى بەس بوو

ئەندێشەیەكى ترى كە لایبنتز خستیە ناو فەلسەفەوە بە بنەماى (هۆكارى بەس بوو)ناودەبرێت. ئەو وتى بۆ هەموو مەسەلەیەك كە راستێتى تێدابێت (واقعیەت یان راستێتى ئەوە دەربكەوێت)، دەبێت هۆكارو بەڵگە بوونى هەبێت. ئەگەر بابەتى جێ سەرنجمان شیكارى بێت، دەتوانرێت راستێیەكەى بەبێ گەڕانەوە بۆ واقعى دەرەكى بسەلمێنرێت. یان بە بەڵگەى لۆژیكى یان ماتماتیكى، یان بەجۆرێكى تر لە بەڵگەى بەراوردكاریانە، ئەگەر مەسەلەكە پەیوەست بێت بە ماناوە، بەسود وەرگرتن لە پێناسەكان، ئەگەر كارى رێسامەندى وەك یارى یان پێشبڕكێ یان چالاكیەكى گرێبەستى بێت، بەسود وەرگرتن لە یاسا و بنچینە باوەكان. ئەگەر راستیەكە لە جۆرى لێكدراو و پەیوەست بە دۆخى كاروبارى واقیعى بێت، ئەوكاتە هۆكارە بەس بووەكان هەمان ئەو هۆكارە مادییانەن كە ئەم دۆخەى كارە تایبەتەكانیان دروستكردووە. كەواتە، خستنەڕووى روونكردنەوەیەكى قەناعەت پێهێنەر بۆ هەرشتێك، هەمان هەڵژماردنى هۆكارى بەس بوویەتى، لەهەر بارێكى تایبەتدا، سەرەتا دەبێت دیارى بكەین چ جۆرە راستیەك لەكاردایە و پاشان لە دەڤەرێكى گونجاودا كنەوپشكێن بۆ دۆزینەوەى (هۆكارى بەس بوو) بۆ ئەو جۆرەى راستى. ئەم رێسایە بووە بنەماى رەوشتێك بۆ لێكۆڵەران كە لەوەبەدوا بەكاریان دەهێنا.

لایبنتز بەشێوەیەكى سەرنجراكێش لەزۆر لایەنەوە بیرمەندێكى سەردەمیانە بوو. بیرمەندانى پێشوو بڕوایان وابوو كە مادە بێ جوڵەیە و بزاوتن بەهۆى جۆرە فشارێك بەو مادە پێجوڵەوە دروستدەبێت، بەڵام لایبنتز پێیوایە جوڵە - یان چالاكى یان حەز بۆ چالاكى - لە گەوهەرى

مادەدایە. لەراستیدا، باوەڕی وابوو بەشە سەرەکییەکانی دروستکەری مادە، خۆیان نەك لە ڕەگەزی مادە، بەڵکو چەقە چالاکەکانی ئاماتەریالن. هەڵبەتە ئەمڕۆکە دەزانین کە هەر مادەیەك سەرەنجام قابیلی گۆڕانە بۆ وزە، کەوابوو بیروڕاکانی لایبنتز لەم بارەیەوە پێشبینییەکی سەرسوڕهێنەر بوون. بەڵام لەسەدەی حەڤدەهەمدا، ئەو دەستەواژانەی کە خەڵکی بۆ قسەکردن دەربارەی چەقی چالاکیە ئاماتەریالیەکان هەیانبوو، ئەو دەستەواژانە بوو، وەك گیان یان ڕۆح یان تارمایی. لایبنتزیش هەوڵیدا هەر بەوجۆرە بیروڕاکانی خۆی دەرببڕێت. ئەو بەشە چالاکیخوازەکانی پێکهێنەری مادەی هەروەك گەردیلەکانی ئاگایی ((زانین)) دەبینی کە خاڵێك لە فەزادا داگیر دەکەن. ئەو ئەم گەردیلانەی بە ((مۆنادەکان)) (گەردیلە پارچە نەبووەکان) ناویرد و بڕوای وابوو کە هەموو شتێ لەم گەردیلانە دروست بوون. هەموو مۆنادەکان بێ مەوداو پێکەوە بەستراون بەڵام هەر بەو جۆرە کەڵەکەبوونیانی زۆر بە جیاواز دەبینی، لە نزمترین ئاستی مادەی پێکیانەوە تا دەگاتە هزری مرۆیی و تەنانەت خوداش هەموویان (مۆناد)ن. هەر مۆنادەو لەخۆیدا بوونێکی تایبەتی و سەربەخۆی هەیەو لەڕوانگەی تایبەتی خۆیەوە جیهان بەرجەستە دەکات. لەم ڕوانگەوە، مۆنادەکان پێکەوە پەیوەندی ڕوویەڕوویان نیە-(واتە کاریگەریان بۆسەر یەکتر نییە-وەرگێر) بۆ نمونە ئێمەی مرۆڤ بەشمان لە ئاگایی (زانین)ی یەکتر نیەو بەوتەی لایبنتز ((بێ دەلاقە))ین. بەڵام هەموو ئێمەی مۆناد لەلایەن یەزدانەوە دروستکراوین، تا پێکەوە لە دنیای پێهاوتادا بەسەر بەرین. هەماهەنگییەکی کرداری بۆ ئێمە دامەزراندووە تا هەموو کەس و هەموو شتێ بتوانن لەپاڵ یەکیدا چالاکی بکەن. دەستەواژەی ((هەماهەنگی پێشوەخت)) زۆرجار بۆ ئاساندنی سیستەمی لایبنتز بەکاردەهێنرێت.

لایبنتز دەتوانرێت بە فەیلەسوفی فەیلەسوفەکان ناوببرێت. باشترین بەرهەمەکانی ئەو بۆ خوێنەری ئاسایی زیاد لەرادە پسپۆڕانەیە، بەڵام کاریگەرییەکی زۆر قووڵی لەسەر گشت فەیلەسوفەکانی تر هەبووە.

**سەرچاوە/**

**کتێبی ((داستان فلسفه))- برایان مگی- ترجمەی: مانی سالحی علامه-چاپ نخست 1388**

**پەراوێزەکان:**

1- بەرهەمە سەرەکیەکان: لایبنتز دەربارەی زۆربەی بوارەکانی فەلسەفە بابەتی نوسیوە، بەڵام تەنیا چەند وتارێکی کورتی بڵاوکردۆتەوە. تیۆدیسە یان خوداناسی بەڵگەیی (1710) دەربڕی باوەڕی ئەوە بۆ بزوتنەوەی ڕۆشنگەری و ئەقڵ. ڤۆڵتێر ئەم ئامیلکەیەی ئەوی لە کتێبی (کاندید)دا کردە شتێکی گاڵتەجاڕی. لایبنتز لە مۆنادناسی (1714)دا دەڵێت هەموو شتێك لە چەند پارچەیەك بەناوی مۆناد پێکهاتووە.

2- زمانی ئەڵمانی: لایبنتز فەلسەفەکەی بەزمانی لاتینی و زۆربەی نامەکانیشی بەزمانی فەڕەنسی دەنوسی. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو وەکو نەتەوەپەرستێك و بە ڕۆحیەتی سەدەی هەژدەهەمی ڕێنسانس و بۆ جوانکاری زمان، پێشنیاری دامەزراندنی ئەکادیمیایەکی زمانی ئەڵمانی کرد بۆ گەشەپێدانی تواناکانی ئەو زمانە. فەیلەسوفەکانی دوای لایبنتزیش بەرهەمەکانیان بەزمانی ئەڵمانی نوسیوە،

**بیرمەندانی پێشوو بڕوایان وابوو کە مادە بێ جوڵەیە و بزاوتن بەهۆی جۆرە فشارێك بەو مادە بێجوڵەوە دروستدەبێت. بەڵام لایبنتز پێیوایە جوڵە — یان چالاکی یان حەز بۆ چالاکی — لە گەوهەری مادەدایە.**

کە بووە هۆی کەشەسەندن و دەوڵەمەندی زمانی ئەڵمانی.

3- شاژنە سۆفیا شارلۆتە: سۆفیا شارلۆتە (1705-1668)، خوشکی جۆرجی یەکەمی پادشای بەریتانیا و هاوسەری فێردریکی یەکە لە ساڵی 1701، وەکو یەکەمین شاژن (پاشای تازە دامەزراو) ی پروسیا ناسێنرا. ئەو کیژی ئێرنێست ئۆگۆستۆس، فەرمانڕەوای هانۆڤەر و سۆفیا کچی ئەلیزابێت شاژنی بۆهیمیا بوو. ئەو لەساڵی 1684دا لەگەڵ شازادە فێردریك (پاشان فێردریك یەکەمی پادشای پروسیا) هاوسەرگیری کرد و هاندەری سەرەکی ئەو لە پشتیوانیکردن بوو لە زانست. هەربۆیە لایبنتز کتێبەکەی پێشکەش بە سۆفیا شارلوتەی شاژنی پروسیا کردووە. هەر بە پشتیوانی ئەم شاژنەش بوو کە لە حوزەیرانی 1700 دا ئەکادیمیای زانستی ئەڵمانیا لە بەرلین دامەزرا .

4- لۆژیکی ماتماتیك: لێکۆڵینەوەکانی لایبنتز لە بواری لۆژیکی ماتماتیکدا، ئەگەر بڵاوی بکردنایەتەوە، دەکرا زۆر گرنگ بن و ئەو وەکو دامەزرێنەری لۆژیکی ماتماتیك لە سەدەو نیوێك بەر لە دەرکەوتنی بناسێنێت. لەگەڵ ئەمەشدا تەنیا لەدوای توێژینەوەکانی فرێگە و راسڵ بوو کە پێشبینیەکانی لایبنتز لەم بوارەدا سەلمێنرا.

5- شاژنە کارۆلین (1737-1683): جوان و ژیر، ژنی جۆرجی دووەمی پادشای ئینگلتەرا بوو کە لە دەمەقاڵەی نێوان لایبنتز و نیوتن لەسەر ئەوەی کامیان بیردۆزەی ژمێرەکانی (ئەنتیگراڵ و دیفرانسێل) یان زووتر دۆزیوەتەوە، لایەنی لایبنتزی گرت. ئەم مشتومڕە لەگەڵ نیوتندا بووە هۆی بێسۆزی بۆ لایبنتز لە ئینگلتەرا و وێڕای دلۆڤانیەکانی شاژنە کارۆلین، لایبنتز لەو وڵاتە گرنگی پێ نەدرا.

6- بیردۆزی ژمێرەکانی (ئەنتیگراڵ و دیفرانسێل): لایبنتز لە ساڵی (1676) سەفەری بۆ لەندەن کرد و توێژینەوەکانی لەوێ لەگەڵ ماتماتیکزانانی کۆڕی ئیزاك نیوتن لەسەرئەوەی ئەو و نیوتن کامیان سەرەتا ژمێرەکانی داهێناوە، درێژەی کێشاوە بۆ دەمەقاڵەیەکی توند. لایبنتز سیستەمە داهێنراوەکەی خۆی لە ساڵی 1684دا بڵاوکردەوەو نیوتنیش بەرهەمەکەی خۆی لەساڵی 1687دا بڵاوکردەوە، بەڵام دۆزینەوە سەرەکیەکەی گەڕاندەوە بۆ بەرهەمەکانی پێشووی خۆی. ئەنجومەنی پاشایەتی لە ساڵی 1711دا لەبەرژەوەندی نیوتن دەنگیدا، بەڵام ئەم مشتومڕە هەرگیز بەبێ هیچ گومان و دڕ دۆنگیەك کۆتایی نەهات.

7- وزەی جوڵە: هەرشتێك کە دەجوڵێتەوە خاوەنی هێزێکە کە بە وزەی ((جوڵە)) ناودەبرێت. هەر کاتێك شتێك خێراتر بجوڵێتەوەو کێشی زیاتر بێت، وزەی جوڵەی زیاترە. لەساڵی 1686دا واتە زیاد لە سەد ساڵ بەر لەم دۆزینەوەیە، لایبنتز زاراوەی ڤیس ڤیوا بەواتە ((هێزی ژیان))ی بەکارهێنابوو. ((هێزی ژیان)) شتێکە پەیوەندی هەیە بە کێش و خێرایی ئەوەوە. ئەم بیردۆزەش لەسەرەتاکانی سەدەی هەژدەهەمدا هەراوزەنای بەرپاکرد.

IDEA FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

Idea
Idea Deplomatic
Kurdistan Deplomatic

IDEA FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea
0533302318 - 0533300391



Leibniz



# لایبنتز

کارل فۆرلێندەر

لە ئەڵمانییەوە: پێشەوا فەتاح

## خاڵی دەستپێک

لایبنتز وەک خۆی باسی دەکات، هەر لە سەرەتای گەنجییەوە نەیتوانیبوو ئارام بگرێت، هەتا گەیشتووەتە یەکەم بنەماکانی هەر زانستێک، کە لەو ئان و ساتەدا خەریکی بووە. بەو شێوەیە لە تەمەنی بیست ساڵیدا لە (Ars combinatoria) دا نەخشەسازی بۆ ئەلفوبێی فکری مرۆڤ دەکات، کە بڕیارە لەسەر چەند بنەمایەکی دیاریکراوی ئاسان هەموو دەستەواژە و فکرەکان بخاتە ڕێکخستنێکی ماتماتێکی و پرۆسەیەکی سەلماندنەوە کە حاشاهەڵنەگر بێت. بۆ ئەو مەبەستە دەبێت تایبەتمەندییەک یاخود زمانێک لە ئاماژە جێگیر بکرێت، کە هەموو نەتەوەکان لێی تێبگەن و هەموو پرسیارە فەلسەفییەکان بۆ ژمارە کورتبکاتەوە و بەو شێوەیە نەخشەیەکی دانایی نمایش بکات؛ فکرەیەک کە هەتا دوا ڕۆژەکانی تەمەنی سەرقاڵی کردووە. ئەو ئەلفوبێ نوێیەی فکر دەبوو هیچ پەیوەندییەکی بە هونەری لولیانییەوە نەبێت، بەڵکو دابەشکردنێکی سەرسەختی دەستەواژە مرۆییەکان لەخۆبگرێت، کە بتوانێت بگەڕێندرێتەوە بۆ ئاساییترین توخمەکان و بەو جەشنە "لە کۆگای مەعریفی مرۆڤدا ڕێکخستنێک دروست بکات." ئەو شیکارییە گشتگیرە تێزێکی گەوێی بەدوادا دێت کە لە بنەماکانەوە دەستپێبکە بە ڕێکخستنێکی جێگیرەوە هەتا حاڵەتە تاق و تەنهاکانیش دەڕوات و نەشەنە دەکات. لێرەدا زانستێکی گشتی دەخولقێت، کە

مەرج و بنچینەی هەموو زانستە ئاکەکانە، یاخود میتافیزیکێکی نوێ و باشتر. چونکە میتافیزیک، وەک خۆی زۆر بەڕوونی لە وتارە کورتەکەیدا "سەبارەت بە کامڵکردنی یەکەم فەلسەفە" شیدەکاتەوە، ئەمڕۆ وەک سەردەمی ئەریستۆ یەکێکە لەو زانستانەی کە مرۆڤ زۆرتر بەدوایدا دەگەڕێت. ئەویش وەک هەموو زانستێکی دیکە پێویستی بە بەڵگەی بەهێز هەیە لە جەشنی بیرکاری، میتۆدێکیش پشتپێبەستراو لە جەشنی میتۆدەکەی ئوکلیدێس. ئەگەرچی ئەم فەیلەسووفە لاوەمان نەشگەیشتێتە بواری جێبەجێکردنی پلانە بلیمەتەکەی گەنجێتی خۆی، ئەوا تەشەنەکەی لە هونەری سەلماندنی میتۆدیی زانستەکانیدا تۆمارکردووە. بەڵام بەر لەوەی لەو دیوە گرنگەی کارە فەلسەفییەکەیدا هاودەمی بکەین، پێویستە سەرەتا نیگایەکی کورت لە تیۆرە مەعریفییەکەی بکەین.

پلە مەعریفییەکان

لایبنتز پلە مەعریفییەکان لەڕاستیدا لەسەر بنەمای دابەشکردنەکەی دیکارت و سپینۆزا دیاریدەکات، بەڵام بە گۆڕانکاری و تەشەنەی تایبەتمەندەوە. وێنایەک تاریکە، گەر بەشی ئەوە نەکات، شتە وێناکراوەکە بناسێتەوە؛ وێنایەک ڕوونە کە دەتوانێت ئەو توانایەمان بداتێ. سەرەڕای ئەوەش ئەو وێنا ڕوونە دەشێت ئاڵۆز بێت، گەر من نەتوانم نیشانەکانی ئەو شتە بەدیاریکراوی هەژمار بکەم؛ وەک گەر بۆ نموونە نیگارکێشێک هەڵەی نیگارێک لەڕاستیدا "بەڕوونی" هەستپێبکات، بەڵام لە توانایدا نەبێت هۆکارەکەی بەدیاریکراوی بدات بەدەستەوە، یاخود وەک چۆن مرۆڤ ناتوانێت بۆ نابینایەکی ڕوون بکاتەوە، کە "سوور" چییە.

بەپێچەوانەوە، ئەگەر هەموو نیشانەکان بەدیاریکراوی درابن، ئەوا پێی دەگوترێت " distinkt " واتا "جوداکراو"، کاتێکیش دابەشکردنە شیکارییەکە هەتا کۆتایی بە ئەنجام گەیەندرا، پێی دەگوترێت "adäquat" واتا "گونجاو". لە کۆتاییشدا لەگەڵ توانینمان لە یەک کاتدا بیر لە هەموو نیشانەکان بکەینەوە، پێی دەگوترێت "intuitiv" واتا "ڕەمەکی"، لەکاتێکدا لە حاڵەتەکەی تردا، کە تیایدا لە کەموکوڕیدا ناچاربین لەڕێی ئاماژەوە ناوەڕۆک دەرببڕین، بە سیمبۆلی ناوزەد دەکرێت - بۆ مەعریفەیەکی ئاڵۆز هەموو هەستەوەرەکان زەروورن، بۆ ڕوونبوونەوەش هەموو پێناسە جاوگییەکان؛ بۆ "ئادێکوەیت"یش ڕەنگە مەعریفەی مرۆڤیمان نموونەیەکی تەواوی پێ نەبێت، بەڵام لە دەستەواژەی ژمارەییەکانی زۆر نێزیک دەبینەوە. نموونەش بۆ مەعریفەی سیمبۆلی ئەو دەستەواژانەن، کە مرۆڤ ناتوانێت ئامادەگی نیشانەکانیانی لە یەک کاتدا لەبەردەستدا بێت، بۆ نموونە کیلیاگۆن، دەستەواژەیەکی ئەندازەیییە واتا هەزارلا. هەڵبەت کاملترین وێنا ڕەمەکییە. داخڵبوونی مەعریفە بۆناو ئاڵۆزیی زەین و بۆناو ڕوونایی عەقڵ شتێکە کە لایبنتز دواتریش تۆماری دەکات، بۆ نموونە لە نووسراوە بەجێماوەکەیدا لەدژی لۆک. بەڵام بەگشتی ڕووی سەرنجی لەو پۆلێنکردنە تیۆری-مەعریفییە نییە، کە لەڕاستیدا بەپێی دەرفەت بەرکەوتنی لەگەڵیدا هەیە، سەرنجی ئەو پتر لەسەر مەرجە فەلسەفییەکانی ئەو ئاکە زانستە دیاریکراوانەیە کە بۆ بنیاتنانی سیستەمەکەی مادەیان داوەتێ. بەڵام کام لەو زانستانە لە سەدەی ماتماتیکدا و لە بابەتەکانی خۆیدا هێندەی ماتماتیک لای ئازیز بوون؟

## پێوەری خودئاگا

ڕووداوە ڕۆحی و جەستەییەکان تەنها لە پەیوەندیدا بە گۆشەنیگای تێڕوانینەوە جیاوازن، بەڵام بەپێچەوانەوە لە خودی بابەتەکەدا هاوتان. هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی ئۆرگانیزم، کە بە خەیاڵی مرۆڤدا دێن، لە بوونەوەری ناویراودا خۆیان دەخەنە بواری جێبەجێکردنەوە، هەموو وێناکانیش بە هەمان شێوە لە یەک ڕۆحی ئاکی پەیوەست بە یەک جەستەوە جێبەجێدەبن، کە لەگەڵ ئەوەدا ئاوێنەی سەرلەبەری ئەو سەرنجە مادییانەی، کە دەبنە بەشی جەستە، دەداتەوە. بەو شێوەیە لای لایبنتز ئەنجامی تێگەیشتنێکی قوڵتری ئاکەکەس هەیە بەرامبەر بە شوێنکەوتووەکانی فکری ئەرستۆ لەو زەمەنەی خۆیدا، کە لە نووسراوێکیدا ساڵی ١٧٠٢ "سەبارەت بە وانەی ئاکە زەینێکی گشتگیر" جەنگ بەرامبەریان ڕادەگەیەنێت. تەنها ئەو لە ڕووی تیۆری مەعریفییەوە لەگەڵ ئەو تەریبگەرایییە سایکۆفیزیکییەدا نامێنێتەوە؛ ئەگەرنا لەو دوالیزمەی جەوهەری بیرکەرەوە و بەرینەی، کە دیکارت پێوەی سەرەڕای خەڵی دەستێکە ئایدۆلۆژییەکەی کۆتایی کارەکانی پێ هێنا، نەدەهاتە دەرێ.

بەڵکو لەو ئامەگۆڕینەوەیەدا، کە لەم ڕووەوە گرنگییەکی زۆری هەیە، لەگەڵ دێ ڤۆلدەر سەبارەت بە دەستەواژەی جەوهەر لە کۆتاییدا بەجەختەوە ڕوونیدەکاتەوە، کە لە دەرەوەی ئەو سوبێکتەی کە توانای وێناکردنی هەیە، جەوهەر و دەوکەوتەی سانا بوونی نییە، و لە جێیەکی دیکەشدا زۆر



SPINOZA

ڕووتۆرە کە دەڵێت: "بەڵام من لە هەمووشێوێێک هیچ شتێکی دیکە دانانێم جگە لەوەی ئێمە لە خودئاگاماندا دانی پیادا دەنێین ... و لەوەوە بە بەندی پیاکێشان کۆی تەواوی شتەکان هەڵدەهێنجم ... لەبەرئەوە کشان، مادە و جووڵە دەرکەوتەی ڕووتی، کە بنچینە ڕاسیۆنالەکەیان لە دەستەواژەی هێزدا دەدۆزنەوە؛ وێنەی ئاو ئاوێنە یاخود پەلکەزێڕینە چەند شتن، ئەوانیش هەر ئەوەندە." تاکە نیشانەی ڕاستەقینەی واقیعی دەرکەوتەکان، کە بتە دەتوانین داوای بکەین ئەوەیە "کە لەناو خۆیاندا وەک لەگەڵ حەقیقەتگەلی ئەبەدیدا کۆکن." خودئاگا واتای "دەربڕینی فرەیی لە یەکەدا" و لەبەرئەوەی ئاوزەدکردنی کێشە بنچینەیەکەی فکری لایبنتزە. "من" تەنها دەمبووسێکی پەیوەندی هەموو دۆخە جۆراوجۆرەکانی خودئاگام نییە، بەڵکو ئەو یاسا پێداگرەشە لە خولقانی پێوجانی ڕیزە دەرکەوتەکانی. لە دەستەواژەی "خود"ی مندا هەموو فکرەکانی بوون و حەقیقەت، هەم هی سانا و هەم هی پێکەوەنراویش، کۆبوونەتەوە. بەو مانایە بەرپەرچی ئیمپراتۆرییەتەکەی لۆک و "هیچ شتێک لە عەقڵدا نییە کە پێشتر لە زەیندا نەبوویێت" دەکەی بەم ڕستە تایبەتەی خۆی دەداتەوە: "جگە لە عەقڵ خۆی."

## دانایی و حەقیقەتە ڕاستەقینەکان

سەرەتا یەکەی خودئاگایە کە یەکەی سوبێکتیش دەخولقێنێت. گەر "من" بوونی نەبایە، ئەوا یەکەی "حەقیقی"ش بوونیان نەدەبوو؛ هەموو شتێک لە جەستەکاندا تەنها "تراویلکە"یەک دەبوو. بەڵام بە شێوەیە لە ڕاستیدا مادە جەوهەر نییە، بەڵکو دەرکەوتەیەکی بنچینەدار، کە تەنها خێوی ئاو خەیاڵەکان نییە، گەر مرۆڤ یاسا فکرییەکانی ئاریتمێتیک و ئەندازە و دینامیکی لەسەر بەکاربهێنێت. بەڵام مرۆڤەکان لە چوار سێی کردارەکانیاندا وەک ئاژەڵ کوێر شوێن ئەزموون دەکەون، چونکە خۆیان تەنها بە حەقیقەتە ڕێکەوتەکان یاخود کردەییەکانەوە هەڵدەواسن. بەڵام بەپێچەوانەوە فەلەکناس هاتنی ڕۆژی داهاتوو لەسەر هۆکاری زانستی پێشبینی دەکات؛ ئەو تەنها متمانە بە حەقیقەتە زەروور و ئەبەدییەکان دەکات، "تەنها ڕاستییەکانی لۆژیک، فەلسەفەی ژمارە، ئەندازە"، کە ناتوانرێن لەڕێی ئەزموونی هەستەوەرییەوە بیبرێن. هەستەوەرەکان تەنها نمایشی تاکێک دەکەن، بەڵام لە خودی خۆیانەوە هەرگیز ناتوانن بگەنە فکرەی گشتی و زەرووری وەک: جەوهەر، شووناس، زەرووریەت، چاکە، حەقیقەت، خودا.

هەڵبەت پێشەکییەکە دەتوانێت نیشانی بدات، کە شتێک هەیە، بەڵام نەک بەردەوام و زەروور؛ بۆیەش تەنها دەرەنجامەکەی حەقیقەتە

لایبنتز پلە مەعریفییەکان لەڕاستیدا لەسەر بنەمای دابەشکردنەکەی دیکارت و سپینۆزا دیاریدەکات بەڵام بە گۆڕانکاری و تەشەنەی تایبەتمەندموە. وێنایەك تاریکە گەر بەشی ئەوە نەکات. شتە وێناکراوەکە بناسێتەوە

کردەییەکانە (vérites de fait)، ئەوەک حەقیقەتی دانایی (vérites de raison). گەر بڕیار بێت زانست بخوڵقێت، دەبێت حەقیقەتی یەکەم بڕواتەوە سەر حەقیقەتی دووهەم. چونکە، گەر هەموو شتە ڕاستەقینەکان ملکەچی دانایەکی باڵابن، ئەوا دەبێت حەقیقەتە "ڕێکەوتەکان"ی ئەزموونی زەمەنی وەک زەروورییەتەکی لۆژیکی شرۆڤەبکرێن. ئـەوەش لـەڕێی ئەو فکرەیەوە ڕوو دەدات، کە لەسەرەوە بەریەککەوتمان لەگەڵیدا هەبوو؛ ئەوەی کە لە سەرچەمی بـووندا بووتێکی ئاییندەئامێز هەیە، ئەوەی کە شتێک هەیە بەپێی چارەنووسە جۆراوجۆرە یەک لەدوای یەکەکانی تەشەنەدەکات. بۆیە هەموو پێناسە ڕاستەقینەکان – فکرێک کە هۆبیس و سپینۆزاش بڵاویان کردووەتەوە – لە توخمی سەبەبین. ئەو پێناسانە دواتر لای لایبنتزیش وەک بنچینەیەکی هاوپەهای ماتماتیک بۆ ڕستەی شووناسەکە دەردەکەون (سەرنجی سەرەوە بدە)، بەڵێ ئەو ڕستە شووناسیانە لە جێگای دیکە – ئـەویش بـە ئـاهـەق نـا – وەک کەرەستەیەکی ئاسانکاری و گواستنەوە بۆ پێناسەکان تەماشادەکرێن. پێناسەی واقیعی ئوە بازنەیە سەرەتا دەرەنجامی ئەو یاسایانەی بنیاتە، کە لەسەریان دروست دەبێت. بەو شێوەیە دواجار سـەرلـەبـەری کـەون هـەڵـگرتـەی بەرجەستەبووتێکی هاوکێشەی دانایی زەروور و گشتییە. تەنها بەو مانایە مەعریفەی خودایی هەمانکات بنەمای هەموو زانستەکان دەبێت و زەینی ئەو – وەک لایبنتز بە پەنای "فایدۆن"ەکەی پلاتۆ وەڵامـی دیـکـارت و سپینۆزا دەداتـەوە – "سـەرچـاوەی هەموو شتێکە"، نـەوەک ئیرادای خودایی – حەقیقەتە ئەبەدییەکان وابەستەی ئەو نین –، بەڵکو عەقڵی خودایی، واتا بەرجەستەی ئەو ڕاستییە جاویدانەی، کە ئێمە دەتوانین بە زەین تێیان بگەین، ئەو ڕاستییە ئەبەدیانەی، کە یاسا لۆژیکی و ماتماتیکییەکان پێوەی پەیوەستن.

## دامەزراندنی میتۆدیی زانستە مرۆییەکان

کۆششی مەعریفی لایبنتز نەیهێشتووە ئۆقرە بگرێت، هەتا گەیشتوە بە بنەماکانی زانستە مرۆییەکان. جووداکاری ئەو لەنێوان فەزای سروشت و فەزای ڕەحم یاخود ئاماجەکاندا [illegible] دەکەوێتە سەر دامەزراندنی [illegible] گەر ئەوەی لە [illegible] توێژینەوەیەک [illegible] ئـەوا فکرە [illegible] زاقەداتیش چـەنـد جـارێـک [illegible] فکرە هـاوەدەمـە [illegible] و لاهـووتـ[illegible] داپـۆشراون، بەو شێوەیە دەتوانرێت لە [illegible] پـەرژوبـڵاوە[illegible] سـەبـارە[illegible] بابەتە جەوهەرێکی میتۆدیی [illegible] بکرێت. ئایدیالی عەدالەتی [illegible] یاسای بنچینەیی میتۆدی سەروەرێتر، هەروەک حەقیقەتە ئەبەدییەکانی ماتماتیک و [illegible] هێندەش وابەستەی ئەو حەقیقەتەیە، [illegible] پیادە دەکرێت و لەلایەن [illegible] پیادە [illegible] وەک چۆن حەقیقەتی پەیوەندیە ژمارەیەکان وابەستەی ئەو بڕیاردراوەکان یاخود کەسە ژمێریارەکانن. هەروەها وەک چۆن لەوێ حەقیقەتە زەرووریەکانی زانست وابەستەی ئیرادەی خودا نین، بەو شێوەیە لێرەش فکرەی چاکە و عەدالەت وابەستەی ئەو نین. هەمان "مافی کەونی" بۆ خوداش و بۆ مرۆڤەکانیش دەخوات. ئەگەر وەحیش نەبایە، تیشکی دانایی ئەبەدیی فێری ڕەوشت و مۆڕاڵی دەکردین. بەڵێ، تەنانەت لە پارچە نووسینێکیدا لە بواری فەلسەفەی مافناسیدا دەڵێت: دین بۆ دانا وەک ئەخلاق و کۆششکردن بۆی وایە؛ تەنها بۆ ئەوانەی کە نەگەیشتوون بە دانایی ڕاستەقینە، دەتوانێت شتێک بۆ ئەخلاق زیاد بکات [illegible]



لانی کەم هێڵە بنچینەییەکانی ئێتیکێکی سەربەخۆ لەئارادا هەن، کە لەپشت فکرەی هەدەفی بەختەوەری و پێرفێکتبیەوە زۆر بەتوخی پاشەکشێ دەکەن. لەوە توخترفکرە مێژوویی-فەلسەفەییەکانی لایبنتز ژێردەستەی ئاسپێکتێکی دینین، و بەپێی ئەوە کامڵبوونی هەمیشەیی ئەوەک تاکەکەس بەڵکو سەرلەبەری توخمی مرۆڤ لە پلانەکەیدا رەچاوکردووە. فەلسەفەی مافناسی و کۆمەڵگاکەی فەلسەفەیەکی سەربەخۆترە. لەگەڵ گرۆتیوس و دژ بە هۆبێس بەشێوازێکی زیندوو نوێەرایەتی فکرەی مافی سروشتی دەکات بەرامبەر بە یاسا ئێجابییەکان. هەروەها زانستی ماف لەسەر ئەزموون بنیات نەنراوە؛ تەنانەت گەر هیچ یاسا و رێسایەک لەسەر زەوی نەشمابایە، ئەوا دەستەواژەی ماف هەر دەمایەوە. ئێمە دەستەواژەی ماف لە عەقڵمانەوە دەخولقێنین. هەروەها دەستەواژەی خوداییش. دەستەواژەی خودا بۆ لایبنتز واتای تەنها سەرچاوە و ئایدیالی مەعریفەیەکی پێلەکە نییە، بەڵکو سەرچاوە و ئایدیالی ئەخلاقێکی هەرە باڵاش؛ هەروەها دواجار شتێکی سێهەمیش: ئەویش فکرەی گواستنەوەیە لەنێوان هەردوو فەزای سروشت و فەزای "رەحم"، واتا ئەخلاق. باوەڕ بە خودا واتا هەمانکات باوەڕ بە دەرفەتی بەدیهاتنێکی ئەخلاق لە سروشت و مێژووی مرۆڤایەتیدا.

لایبنتز لەڕاستیدا ئیستاتیکایەکی سەربەخۆی نەخولقاندووە، بەڵام بڵاوی کردووەتەوە. لە چەند جێگایەکی جیاوازدا هەستی ئیستاتیکایی لە مەعریفەی عەقڵ جوودا دەکاتەوە. ئیستاتیکا وەک مەعریفە لەسەر وێنای روون نا بەڵکو "ئاڵۆز" بنیاتنراوە. شادی ئێمە لەگەڵ جوانیدا پەیوەست نییە بە عەقڵمانەوە، بەڵکو بە رۆحمانەوە و لە "ئیراماتیک"ی پێگەرد و بێ بەرژەوەندیدا خۆی دەردەبڕێت، هەروەها لە هەستێکی عاتیفیشدا، کە مرۆڤ ناتوانێت رووینبکاتەوە. بەڵام وەک نیشانەیەکی پێلایەن ئەو دەستەواژەیە لە خزمەتی رێکخستندایە. لە وتارێکدا لەسەر ریتمی مۆسیقا دەڵێت: "گەر رۆح لەناو خۆیدا کۆکبوونێک، رێکخستنێک، ئازادییەک، هێزێک یاخود پێگەردییەک هەست پێ بکات و چێژی لێ ببینێت، ئەوا دەبێتە هۆکاری شادی."

هارمۆنی ئیستاتیکاش دەگەڕێتەوە بۆسەر ئەو بنەما سەرەکییەی، کە لە سەرەتاوە کاریگەرییەکەیمان لە فەلسەفەی لایبنتزدا بینی: "زۆرێک لە یەکێکەوە و لەناو یەکێکدا". بەو چەشنە فکرە ئیستاتیکییەکانی ئەم فەیلەسووفەمان کۆتاییەکەی خۆیان لە دواهەمین فکرە بنچینەیی سەرلەبەری سیستەمەکەدا دەدۆزنەوە: فکرەی هارمۆنی یونیڤێرسال.

ئێمە لێرەدا سکێچێکی کورتی پرینسیپە میتۆدییەکانی فەلسەفەی لایبنتزمان خستەڕوو. ئەو پرینسیپانەی هەمیشە لە جێبەجێکردنی ئەو سیستەمەی خۆیدا، کە لەگەڵ خوێندەوەی کارەکانیدا پێی ئاشنا دەبیت، زاف و روون دەرناکەون. وەک فکرە سەرەتاییەکانی لەسەر ئەخلاق بەرگی دینیان لە خۆیان دانەماڵیوە، بەو شێوەیەش زانستە مەعریفییە رەخنەییەکانی هێشتا بەرگی میتافیزیکیان لە خۆیان دانەماڵیوە. بەڵام ئەو خستەڕووەی بنەما زانستییەکان و مۆتیڤە میتۆدییەکان دەبوو لەپێش خۆیەوە بخرێتە روو، چونکە تەنها بەو جۆرە مرۆڤ دەتوانێت لەو یەکنەترازاوی و زانستی و گەورەییە تێبگات، کە سەرەڕێی هەموو لاوازییەکان و ناهاوسەنگییەکانی لە فەلسەفەی لایبنتزدان.


**پەراوێز:**

1- یودایمانیزم، کە لە زمانی یۆنانی کۆنەوە هاتووە و واتا بەختەوەری، هەڵوێستێکی فەلسەفییە لەبواری ئێتیکدا، کە بەختەوەری، واتا ژیانێکی سەرکەوتوو و خۆش ئامانجێتی.

**سەرچاوە:**

http://www.textlog.de/6440.html

**کۆششی مەعریفی لایبنتز نەیهێشتووە ئۆقرە بگرێت. هەتا گەیشتوە بە بنەماکانی زانستە مرۆییەکان، جووداکاری ئەو لەنێوان فەزای سروشت و فەزای رەحم یاخود ئامانجەکاندا خۆبەخۆ رێی دەکەوێتە سەر دامەزراندنی ئێتیک**


Leibniz

# Gottfried Wilhelmvon Leibniz

# گۆتفرید ویلهیلم ڤۆن لایبنتز

لە فارسییەوە: ئایسا

گۆتفرید ویلهیلم ڤۆن لایبنتز (١٦٤٤ - ١٧١٦) فەیلەسوف و بیرکاریناس و فیزیایی ئەڵمانی، هەروەها لە بواری سیاسەتیشدا رۆڵی بەرچاوی لە ئەورووپای سەردەمی خۆیدا بینیوە، پلەیەکی باڵای لە مێژووی فەلسەفە و مێژووی بیرکاریدا هەیە.
لە میکانیکی کلاسیکدا ئەو پێوابووە کە بۆشایی و شوێن رێژەیین، لە کاتێکدا کە نیوتن پێداگری لەسەر رەهایی کات و شوێن دەکردەوە. لایبنتز جیهانی بە گیانەوەرێك دانابوو، پێوابوو جیهان وەك کاتژمێرێك وایە کە دروستکەرەکی پەروەردگارە. ئەو بڕوای وابوو سەرجەم لقەکانی زانست (مرۆڤایەتی، تاقیکاری، تیۆری و.....) پەیڕەوی لە یەك سیستەم دەکەن و رەوشی هاوبەش دەسەڵاتی بەسەریاندا هەیە. روانینی ئەو بۆ بوون لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە گیان و زیرەکیەك دەسەڵاتی بەسەر کاروباری جیهاندا هەیە، سەرجەم گەردیلەکانی جیهانی گەمارۆ داوە.

## ژیانی لایبنتز

ساڵی ١٦٤٦ لە شاری (لایپزیك)ی ئەڵمانیا لەدایکبووە. باوکی مامۆستای فەلسەفەی ئەخلاق بووە لە زانکۆ.

زمانی یۆنانی لە منداڵییەوە فێر بووە. لە تەمەنی پازدە ساڵیدا چۆتە زانکۆ، بە بیروڕای فەیلەسوف و زانایانی باڵای وەک (فرانسیس بیکۆن، تۆماس هۆبز، دیکارت، کاپلەر، گالیلە) ئاشنا بووە. ساڵی ١٦٦٣ چۆتە (ئینا) و بیرکاری خوێندووە، دواتر خۆی بۆ خوێندنی زانستی یاسا تەرخان کرد و ساڵی ١٦٦٧ سەرکەوتو بوو دکتۆرای لە زانستی یاسا لە زانکۆی (ئالتدۆرف) بەدەستهێنێت. دوای ئەوە دەستی بە چالاکی سیاسی کرد. بۆ کاری سیاسی سەردانی پاریسی کرد و تا ساڵی ١٦٧٦ لە پاریس مایەوە. لایبنتز لەکاتی مانەوەیدا لە فەرەنسا سەردانی بەریتانیای کردووە، لەگەڵ زانایانی ئینگلیز یەکتریان بینیوە و ئەمەش زەمینەیەک بووە بۆ زیاتر کردنی زانستی خۆی.

لایبنتز لە گەڕانەوەیدا بۆ ئەڵمانیا (سپینۆزا)ی بینی، پێشتر تەنها نامە لە نێوانیاندا بوو، بەڵام لە ساڵانی دواتردا رەخنەی لە فەلسەفەی (سپینۆزا) گرت. ساڵی ١٦٨٢ گۆڤاری (زانستخوازان)ی لە لایپزیك دەرکرد، ساڵی ١٧٠٠ بوو بە یەکەم سەرۆکی ئەنجومەنی زانستی لە بەرلین، کە دواتر ناوی (ئەکادیمی پروس)ی لێنرا. ئەو هەوڵی بۆ یەکێتی نێوان مەزهەبەکان و دەوڵەتانی مەسیحی و پێکهێنانی جۆرێك ئەوروپا دا، بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ چەند پاشایەکی ئەورووپی کۆبۆوە، بەڵام ئەنجامی نەبوو.

لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا لەسەر داوای دوکی هانۆڤەر( Hanover) بوو بە بەرپرسیاری کتێبخانەی بەرلین و تا کۆتایی تەمەنی لەوێ مایەوە، لەو ماوەیەدا سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی زانستی و کاروباری وڵات، نووسین، رێکخستن و خوێندن لەگەڵ نوخبەکان بوو. پۆلێن کردن و نووسینی زۆری لەپاش خۆی جێهێشتووە.

بۆ تێگەیشتن لە فەلسەفە و بیروای زانستی ئەو پێویستە چاو بەسەرجەم نامە، نوسراوە ئاڵوگۆڕکراوەکانی لەگەڵ کەسانێکدا بخشێنرێتەوە، بەڵام ژمارەیان چەندین هەزارە.

ژمارەیەك لە تیۆریزەکان، لایبنتز بە هاوشێوەی ئەرستۆ دەزانن. بێجگە لەوەی سیاسی بووە و دەستی لە کاروباری وڵاتدا هەبووە، چۆتە ناو سەرجەم زانستەکانەوە. لە جێگەیەك شاعیر، ئەدیب، زمانزان، مێژوونوس، لە جێگەیەکیتر ئیلاهی و لۆجیکی، بیرکاریناس، سروشتی و فەیلەسوف بووە.


چۆتە هەر زانستێکەوە لە رووی فەلسەفییەوە لێی روانیوە، لە لێکۆڵینەوەکانیدا بنەما و بنچینەی لەبەرچاو گرتووە. لە تایبەتمەندییەکانی ئەوە بووە کە وتارەکان کۆبکاتەوە و لە یەکتریان نزیك بخاتەوە، وەکچۆن لە ئاینیدا دەیویست کاسۆلیك و پرۆتستان لەگەڵ یەکتر رێکبخات، لە حیکمەتیشدا دەیویست ئەرستۆ و دێرینەکان لەگەڵ دیکارت و دواترەکان نزیك بکاتەوە.

خاوەن رای سەربەخۆ بووە و لەگەڵ ئەوەی بەرهەمی نوسەرە ناودارەکانی خوێندۆتەوە، بەڵام هەرگیز لاسایی نەکردنەوە، بەڵکو هەوڵیداوە بەشێوەیەکی باش سود لە تیۆر و دیدە جیاوازەکانی زانایان لە تیۆر و نوسینەکانی خۆیدا وەربگرێت.

**بەرهەمەکانی لایبنتز**

- سەرەتا: ساڵی ١٦٨٤ لە نامەیەکدا بە ناوی (meditations de cognition, veritate et ideis) رەخنەی لە بەشی لۆجیکی فەلسەفەی دیکارت گرت و یەکێك لە بنەماکانی لەرزاند.






دیکارت زۆر بە نیشانەی راستەقینە دادەنێت، جیاوازی بە هاوشێوە یان پێویستی رونکردنەوە هەژمار کردبوو، بە بڕوای لایبنتز رونی و جیاوازی بە هیچ شێوەیەك پێویستیان بە یەکتر نیە. لایبنتز لە پەیوەندیدا لەگەڵ فەلسەفەی دیکارت دەڵێت:"ئەگەر دیکارت بنەماکانی خۆی وەك بنەماکانی ئەندازەیی "اقلیدس" لەسەر بنەمای هەڵێنجانی هزری دادەمەزراند، بیرکردنەوەکەی بە تەواوی سەرکەوتو دەبوو، بەڵام لەنگی کارەکەی ئەو لێرەدایە کە ئەم بنەمایانەی وەك زانایانی ئەندازە نەسەلماندووە، لەبەرئەوە بنەماکانی ئەو دڵنیایی تەواویان نیە."

-دووەم: ساڵی ١٦٩٩ فۆناغێکی نوێ دەستپێدەکات. لەم ساڵەدا لایبنتز چەند نامەیەك دەنێرێت، لە نامەیەکیدا بۆ (باسناك) دژایەتی (بایل ١٦٩٨) دەکات و بەڵگەکان بۆ (بایل ١٧٠٢) "ئەفس" ...ە هێز و گیان و بنچینەی ...ەسەرەوە، بنچینەی گیان و هزر و سروشتی مرۆڤ دادەنێت. ساڵی ١٧٠٣ لایبنتز گرنگترین بەرهەمی فەلسەفی بە واتای تایبەتی خۆی ...وسی بە ناوی (لێکۆڵینەوەی نوێ ...ارەی تێگەیشتنی مرۆڤ)، ...ەروەها رەخنەی لە کتێبی جۆن لۆك) گرتووە و بە هۆی مردنی جۆن لۆکەوە چاپی نەکردووە، ساڵانی ١٧٠٥ و ١٧٠٦ کۆمەڵێك نامەی لەبارەی (ئەفس) بە تایبەتی لای گیانداران چاپکردووە.

-سێیەم: هیچ کاتێك لایبنتز کاروباری تایبەت بە ماددە و گیان (روح) ی بێ سەرنجدانە کاروباری ئیلاهی تێپەڕ نەکردووە. بەرهەمێکیتری کە لە کاتێکدا کەلە ژیاندا بووە چاپی کردووە (تیۆدیسە)یە، کە جۆرێك هەوڵی پاساو هێنانەوەیە بۆ بوونی خراپە، کتێبێکی فەلسەفی و لە هەمان کاتیشدا ئیلاهی و لەسەرجەم بەرهەمەکانی لایبنتز پەسەندکراوترە، کە ساڵی ١٧١٠ چاپکراوە. لەم کتێبەدا لایبنتز هەوڵیداوە ئاشتی، شەڕ و تواناى هەڵبژاردنی مرۆڤ لەگەڵ بەخشندەیی و دەسەڵاتی تەواوی پەروەردگار بەیان و دیاری بکات.

-چوارەم: دوا بەرهەمی لایبنتز بریتیە لە (مۆنادولۆژی ١٧١٤)، تایبەتمەندی سروشت، گەورەیی و بەخشندەیی پەروەردگار، لە ماوەی ساڵانی کۆتایی لایبنتز لە چەند نامەیەکدا کە بۆ چەند زانایەکی نوسیوە، ژمارەیەك لە خاڵە گرنگەکانی سیستمی خۆی باس کردۆتەوە، لەگەڵ (دبوس) لەبارەی مادە و جەستە و جەوهەر دواوە، لەگەڵ (بورگە) لەبارەی تێگەیشتن و تەواوی خوڵقێنراوەکان، لەگەڵ (کلارك) لەبارەی پەروەردگار و کات و شوێن دواوە.

**مردنی لایبنتز**

لایبنتز یەکێك لە بەرجەستەترین کەسایەتیەکانی سەردەمی خۆی بووە، لەلایەن زۆرێك لە کەسایەتییە بەرجەستەکانی هاوچەرخیەوە پشتیوانی کراوە، بەڵام لە ساڵانی کۆتایی تەمەنیدا بەهۆی ئەوەی پشت گوێیان خست، وردە وردە پێگەی خۆی لەدەست دا.

لایبنتز لە تەمەنی ٧٠ ساڵی و لە رێکەوتی ١٧١٦/١١/١٤ کۆچی دوایی کردووە.

**سەرچاوەکان**

http://www.ihoosh.ir/Articles/Article.aspx?id=50607
http://www.beytoote.com/scientific/scientist/german2-mathematician1-physicist.html
http://www.aftabir.com/articles/view/religion/philosophy



Leibniz

# فەلسەفەی لایبنتز

## 1636 _ 1717

لە فارسییەوە: سەعید کاکی

**پوختەی باسەکە:**
سەرهەڵدانی فەلسەفەی مودێرن (نوێ) لە سەدی شازدە و حەڤدەی زایینی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێنسانسەی کە پشتی بە زانستی نوێ و عەقڵی نوێ بەستبوو. هەزار ساڵ ئایینی مەسیحی کە وەکو مۆتەکەیەك خۆی بە سەر کومەڵگادا سەپاندبوو، جگە لە گەمژاندن و دواخستنی کۆمەڵگا شتێکی ئەوتۆی بۆ مرۆڤ نەبوو. تێکەڵبوونی ئایین و سیاسەت و داگیرکردنی رۆح و لەشی مرۆڤ لە لایەن کڵێسەوە، کە خۆی بە نوێنەری خودا دەزانی، جگە لە دواکەوتووی تاسەر ئێسقان شتێکی دیکەی بەدواوە نەبوو. لە کۆتاییەکانی سەدەی ناوەڕاست هەندێ لە پیاوە ئایینییەکان هەستیان بەوە کردبوو ئایین ئیدی پشت و پەنایەك نییە بۆ مرۆڤ کە تێدا هەست بە ئۆقرەیی بکات، سیستەمی کڵێسە هەمووشتێکی قۆرخکردبوو و ئازادییەکانی مرۆڤی زەوتکردبوو، کۆلۆنیالیزمی ئایینی دەروونی مرۆڤی داگیر کردبوو، عەقڵ لە سەدەی ناوەڕاست کۆیلەی ئایین بوو و هەر بیر و بۆچوونێك لەگەڵ ئایین ناتەبا بووایە مەحکوم دەکرا، بەڵام پێشکەوتنی زانست و مەعریفەی مرۆڤ هەرەسی بە بیری سەقەتی سەدەکانی ناوەڕاست هێنا. لە بواری فەلسەفەدا دوو ڕێباز سەرهەڵدەدا، یەکەم ڕێبازی عەقڵی و دوو ڕێبازی ئەزموونی. لە ڕووانگەی عەقڵییەکان ئەزموون یان هەستەکان پاشکۆی عەقڵن و هەموو شتێك بە پێی یاساکانی عەقڵ لێك دەدرێتەوە، ئەم ڕێچکەیە لە کۆتاییەکانی سەدەی شازدە سەرهەڵدەدا و بە عەقڵگەرایی کلاسیکی ناسراوە. لایەنگرانی ئەم ڕێبازە بریتین لە، دیکارت، سپینۆزا، مالبرانش و لایبنتز. لەم ڕیبازەدا

دیکارت وەکو باوکی فەلسەفەی نوێ ناسێندراوە، کەسێك کە بە میتۆدێکی نـوێ و بە پشت بەستن و متمانە بە عەقڵ بەردی بناغەی فەلسەفەی نوێی دانا. زانست لە فەلسەفەی نوێدا بەم شێوەیە پۆلێنبەندی کراوە:١-زانست کە بریتین لە ئا) زانستی ئاکار ب) زانستی میکانیك ج) زانستی پزیشکی ٢-فەلسەفەی سروشتی بۆ نموونە فیزیا ٣- میتافیزیك

ژیان و بەرهەم: لە پاش فەلسەفەی دیـکـارت، دوو فەیلەسووفی مەزن سـەرهـەڵـدەدەن، سپینۆزا و لایبنتز کە بە کارتزیەن نـاودێـرکـراون، واتە لایەنـگـرانی فەلسەفەی دیـکـارت. لایبنتز کەسایەتییەکی گــەورەی ئاڵمان بـووە و لە ســەدەی حەڤدە بناغەدانەری ئایدیالیزمی ئەڵمانی بــووە. لـە ســەردەمـێــك دا ژیـا وە فەلسەفەی دیـکـارت جێگیر ببوو جـۆن لـۆك فەلسەفەی ئەزموونی خـۆی بـڵاوکــردبـۆوە، لـە فـەڕەنـسا بزوتنەوەیەکی زانستی بەربڵاو هاتبووە ئاراوە، تیۆریی نیوتن پەرەی سەندبوو و لە ئەوروپا پەیوەندی نێو نەتەوەیی گەشەی کـردبـوو لەسـەردەمی ئەو پۆست (بەرید) هەبووە، بۆ خۆیشی دیپلۆمات بـووە و لە بلیمەتەکانی سەردەمی خۆی بـووە و بۆ زۆربـەی وڵاتانی دونیا سەفەری کردووە، تەواوی ژیانی تەرخانکردووە بە نووسین و خوێندنەوە و نووسینەکانی ئێجگار زۆربــوون و زیاتر لە ٤٠بـەرگـە، لە سەردەمی خۆیدا باوەڕی بە کۆدەنگی نێوان جووولەکە و ئەڵمانییەکان بووە، هـەربـۆیـە نازییەکان لـە ســەرەتـای سەدەی بیست رێگرییان کرد لەوەی کە بەرهەمەکانی کۆ بکرێنەوە، هەر لە تەمەنی ١٤ساڵیدا بەردی بناغەی فەلسەفەکەی خـۆی دادەنــێ و لە تەمەنی ١٩ساڵی لە بوواری یاسا، زانکۆ تەواو دەکات. زۆربەی نووسراوەکانی لە بوواری بیرکاری، لۆژیك، ئەدەبیات و فەلسەفەیە. لایبنتز داهێنەری حـەسـێـبـی ئـەنـتـیـگـراڵ و مــادەی کیمایی فسفۆر بــووە. دەرەنجامی توێژینەوەکانی لە بــواری لۆژیکی نوێ(سیمبولیکی) لە خاڵە گرینگەکانی بیری لایبنتزە. لە دوای گەشتەکانی بۆ وڵاتانی ئەوروپی دەچێتە لای سپینۆزا و کتێبی ئاکارەکەی دەخوێنێتەوە و دەکەوێتە ژێرکاریگەری ئەو کتێبەوە.

**فەلسەفەی لایبنتز**

لایبنتز لای وابــوو جیهان سەعاتی خـودایـە، واتـە تێکرای گــەردوون لە سەعاتێك دەچێت لە شێوازی ڕێکخستن و کـارکـردەکـەیـدا بـــەرەو ئامانجێك هەنگاو دەنێت، لایبنتز بوونی بە نەزم و ڕێکخستن شڕۆڤە کردووە، ئەم بیرۆکەیە لـە فەلسەفەکەیدا بـە دوو شێواز دەردەکـەوێـت.١- گــەردوون جێگەی ڕووداوی لە ناکاو و لەخۆوە نییە، بەڵکو لە ناو گەردووندا پەیوەندییەکی لۆژیکی و عەقڵی لە نێوان دیاردەکاندا هەیە، گـەردوون لانکەی دەرکەوتنی ڕێکخستن و نەزمە. ٢- لە گەردووندا تێکڕای شتەکان پێکەوە پەیوەندییان هەیە، واتـە پێکەوە گــرێــدراون. لە دیـاردە سروشتیەکانی وەکو جووڵەی تەنە ئاسمانییەکان، جووڵەی گەلە ئەستێرەکان و گۆڕانکاریی کولتووری، سەرهەڵدانی یاسا، عیرفان، سیاسەت، مێژوو و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی مرۆڤ لە مێژووی کۆیلایەتی تا دەگاتە دەسـەڵـتـی ئـازادیـی و دیکتاتۆری تێکڕای ئەمانە بەشێکن لەم ساعەتە و پەیوەندییەکی لۆژیکیان پێکەوە هەیە. لایبنتز لە ژێــر کاریگەری دیکارت و بەیکن دا بـوو، کە خوێندنەوەی فەلسەفەی کۆنی زیندوو کــردەوە، هـەنـدێ لـە وتـارەکـانـی ئەفلاتوونی وەرگێڕایەوە سەر زمانی ئەڵمانی. لە بواری فەلەکناسی و فیزیا لە ئاستی کپلێر، دیــکــارت، لــۆك و کەسانی دیکەدا بـوو، فەلسەفەکەی مۆرکی (عەقڵباوەڕێکی تێکەڵەیی) پێوە دیارە. تایبەتمەندی بیری لایبنتز ئەوە بوو، سنوورێکی بۆ لۆژیك و فەلسەفە دانـەنـاوە و لای وابـــوو بەدیهاتنی بـوونـەوەرەکـان، هەمان بەدیهاتن و جێبەجێ بوونی ڕێساکانی لۆژیکە، جێگەی سەرنجە پێشتر ئەرستۆ وتبووی بیرۆکە لۆژیکییەکان لەگەڵ زەین و عەینیدا یـەك دەگــرنـەوە. لایبنتز مێشکێکی بیرکاریانەی هـەبـوو، هەربۆیە گرفتێکە سەرنجی زانایانی بیرکاری ســەدەی حـەڤـدەی بـۆ لای خۆی ڕاکێشا، چەمکی پێوانەیی بێ بـڕانـەوەیـە و لای وابـــوو لـە لایـەك خـــودا بــی بــڕانـــەوەیـــە، بـــە هەمان شێوەش جیهان بێ بڕانەوەیە. نیوتن

و لایبنتز شێوازی پێواندنی بێ بڕانەوەیان حسابکردبوو بە بۆچوونی لایبنتز چەمکی (بێ بڕانەوەی بچووك) بریتییە لەو رادەیەی، کە لە شتەکاندا هەیە و شیاوپی پێواندنە بچووکتر بێت و لەهەمان کاتیش دا لە ژمارەی سیفریش گەورەترە. ئەو شتانەی دەچنە ریزی بێبڕانەوە بچووکەکان و پێکهێنەری وردیلەکانی گەردوونن، پاشان لایبنتز بەم دەرەنجامە دەگات ئیشی عەقڵ ئەوەیە شتە بچووکە بێ بڕانەوەکان بناسێت و بیژمێرێ، کەواتە (ئەندازەی لە رادەبەدەر) هەوێنی گەردوون پێکدێنێ و لە دوو جیهانی سروشتی و میتافیزیکیدا، دەبنە هۆی پەیدابوونی بوونەوەرە جۆربەجۆرەکان. لایبنتز لای وابوو ئێمە لە رێگەی کەشفی ئەندازەکان و ئاولێنانیان و دیاریکردنی سیمبولی بیرکاریانە، ئەلف و بێی بۆ دیاریی بکەین ناوبی بنێین ئەلف و بێی گەردوون، ئەمەش دەبێتە نوێنەری بابەتێکی ئاقانە و هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە جیهان نوێنەری یەك شت بێت و پردی پەیوەندی نێوان نەتەوەکان بێت، بەڵام داتائی ئەم زمانە سەری نەگرت. پاشان لایبنتز سەرنجی بەرەو خاڵێکی گرینگ کە هەمان میتۆدی شیکردنەوە بوو راکێشرا و بایەخی زۆری پێدەدا، بە پێچەوانەی هۆبز و دیکارت کە زانینیان شیدەکردەوە، لایان وابوو زانست جگە لە شیکردنەوەی دیاردەکان شتێکی دیکە نییە، بەڵام بۆ لایبنتز شیکردنەوە پەیوەندی بە چەمك و واتاوە هەبوو. شتە فیزیاییەکان پشتیان بەم شیکردنەوە چەمکیانە بەستووە، واتە یاسایەك بە یەکسان بۆ دیاردە مادییەکان و ئایدیاکان بەکاردێت. گرفتێکە لە سەرەتادا هەیە ئەوەیە، پلانەکە بە دوو شێوەی شیاوەکی و پێویستی دێنە ئاراوە. بۆ نموونە لە لۆژیك دا لە نێوان بنە و بار پەیوەندیەکی زاتی هەیە، وەکو (جەستە درێژ دەبێتەوە) یان ئەوەی کە پەیوەندیەکە پەیوەندیەکی زاتی نییە، وەکو ئەم نموونەیە ( کەش و هەوا گەرمە). دووجۆر گوزارە هەیە:١- گوزارەی پێویستی ٢-گوزارەی شیاوەکی

جیهانیش بەم شێوەیە دابەش دەبێ بۆ دوو لایەن، یەکەم جیهانی پێویستی و دووەم جیهانی هەبووەکان کە ئەویش شیاوەکییە. پاشان لایبنتز وای بۆ دەچێ زنجیرەی حەقیقەتە پێویستیەکان پشت بە بنەمایەکی لۆژیکی دەبەستێ، کە هەمان ئەسڵی نەبوونی ناکۆکییە(ناوەندنەگری)، گەر لامان وابێ مادە درێژ دەبێتەوە، واتە (مادە، مادەیە) چونکە واتای درێژبوونەوە ئەوەیە مادە بگۆردرێ یان ئەوەی کە بۆشاییەك پڕبکاتەوە. گەر دژی بەم بۆچوونە بجوڵێینەوە تووشی ناکۆکی دەبینەوە. لە فەلسەفەی نوێدا دیکارت و سپینۆزا بە پێچەوانەی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست، کە لایان وابوو هۆی ئاکامەکی یان (غایەتی) هەیە، هۆی ئاکامەکی لە ئارادانییە و دژی وەستانەوە، بەڵام لایبنتز ئەم ئەسڵەی زیندوو کردەوە. کەواتە لایبنتز دوو هۆی زیندوو کردەوە، ١- هۆی بکەر ٢- هۆی ئاکامەکی، پێشتر دیکارت و سپینۆزا هۆی ئاکامەکیان رەتکردبووەوە، بەڵام لایبنتز ماتریالیست بوون دەخاتە پاڵ ئەوان و لای وایە لە جیهانی شیاوەکیدا ئەوەی روودەدا پێویستیە و پێویستیەکەی زاتی نییە، بۆ نموونە (مادە کێشی هەیە) و( ٢+٢=٤) بار لەم گوزارانە راستەوخۆ لە بنەی بابەتەکە کەوتووەتەوە و پێویستی راستبوونی گوزارە، کە پەیوەندی هەیە بەو واتایەی کە لە نێوان بنە و بارەکەدایە، بەڵام لە حەقیقەتی

**لایبنتز لای وابوو جیهان سەعاتی خودایە واتە تێکرای گەردوون لە سەعاتێك دەچێت لە شێوازی رێکخستن و کارکردەکەیدا بەرەو ئامانجێك هەنگاو دەنێت. لایبنتز بوونی بە نەزم و رێکخستن شرۆڤە کردووە**



شیاوەکییدا، پەیوەندی نێوان بنە و بار هۆکارەکەی دەرەکییە، بۆ نموونە (کتێب سوود بەخشە)، یان (شەربەت بۆ کۆکە باشە) دابەشبوونی حەقیقەت لە فەلسەفەی لایبنتز بۆ سەر حەقیقەتی میتافیزیکی و عەقڵی و ئەخلاقی پەیوەندی بە جیهانی مرۆڤەوە هەیە، لە جیهانی (خودا) تێکڕای گوزارەکان شیکارییانەیە. واتە زانست لای خودا لە جۆری پێویستیە و پەیوەندی بنە و بار لە جۆری پێویستیە. بۆ نموونە (هەوا گەرمە) لە زانستی خودا پەیوەندییەک لە جۆری پێویستیە. کەواتە پێویستی دوو جۆرە: ١- پێویستی زاتی (میتافیزیکی، هەندەسی و عەقڵی) ٢- پێویستی ئەخلاقی. لە پێویستی ئەخلاقی جێگیر بوونی چاکە لە دیاردەکاندایە، لایبنتز وتبووی جیهان کاتژمێری(سەعاتی) خودایە و لای وایە خودا کەماڵی پەتیە و باشترین جیهانی خوڵقاندووە، کرداری خوداوەند باشترینی کردارەکانە و کەماڵی خوداوەند بێ برانەوەیە و شەڕیش لە گەردووندا سنوردارە، دواتر لایبنتز باسی لە دوو جۆر شەر کردووە: ١- شەڕی میتافیزیکی ٢- شەڕی سروشتی. شەڕی میتافیزیکی دەگەڕێتەوە بۆ سنوردار بوونی گەردوون، واتە گەردوون بێ برانەوە نییە، هەربۆیە کەماڵی گەردوون، کەماڵێکی سنوردارە و لە مرۆڤدا بە شێوەی گوناحە خۆی دەردەخات، گوناحەش دەرکەوتن و سەرهەڵدانی شەری میتافیزیکی لە کرداری مرۆڤدایە، بەڵام شەڕی سروشتی وکو رەشەباو بوومەلەرزە و گڕکان دەگەڕێتەوە بۆ کەموکورتی گەردوون.

لایبنتز خودای لە کێشەکانی گەردوون دوورخستوەتەوە کەواتە پرسیار، ئەوە بکەین تێدا جگە لەم گەردوونە دەیتوانی گەردوونێکی دیـکـه بـخـوا ة ؛ : ـ ٢ ولّه ، سپینۆزا ئەرێنی بوو، بەڵام لایبنتز وڵامەکەی ئەرێنییە و لای وابوو ئەم جیهانە باشترین جیهانە کە خودا خولقاندوویەتی و بە ئیختیارەوە ئەم جیهانەی سازکردووە.

## موناده‌كان لە فەلسەفەی لایبنتز

پێشتر ئەرستۆ وتبووی جەوهەر راستیەکی سەقامگیر و نەگۆڕە و ئەمە رووکەشەکانە دەگۆڕدرێن (عەرەزن)، بەڵام لایبنتز لای وایە وێنای ئێمە لە سەر جەوهەر، ئەوەیە جەوهەر چەمکێکی روون و راشکاوە، ئێمە لە ناخی خۆماندا وینەیەکمان لە راستیەکی سەقامگیر و نەگۆڕ و بەردەوام هەیە، کە جەوهەر یان ناوەڕۆکی ئێمە پێك دێنێ و جەوهەر لە ناخی ئێمەدایە و ئەزموونێکی دەروونییە، کە لە خۆماندا هەمانە. لایبنتز باسی لەوە کردووە موناد دوو جۆرن، منادی سادە و منادی لێکدراو. کاتێ دەڵێین منادلێکدراوە، واتە شتێکە لە بەشی ورد پێکهاتووە و ئەم زنجیرە ئەوەندە بەش دەبێ تا دەگاتە شوێنێك کە ئیدی دابەش نابێت. یەکەم خەسڵەتی موناد ئەوەیە سادەیە و منادی لێکدراو دەکەوێتە پاشکۆ و لاوەکییە. کاتێ دەڵێین شتەکان لێکدراون و ئەو بەشانەی لێدەکەوێتەوە و ئیدی دابەش نابن و سادەیە، لەم کاتەدا شتێك نایەتە ناوی و شتێکی لێدەرنارچێت و رۆحانییە، هەربۆیە لایبنتز ئەمەی بە موناد ناودێر کردووە. موناد جەوهەرێکی سادەیە و دابەش نابێت و دەرگا و پەنجەرەی نییە، واتە هیچ نایەتە ناوی هیچ شتێك تەشەنە ناکاتە ناوی، هەر مونادێك پێکهێنەری تەواوی خەسڵەتەکانی خۆیەتی و ئەم خەسڵەتە بە کۆناتووس ناودێر کراوە. واتە مونادەکان خاوەن خەسڵەتێکن بە ناوی کۆناتووس کە بە مانای جۆرێك کۆشش و چالاکییە. تێکڕای مونادەکان خاوەن وزەن، مونادەکان مەعنەوین و

ڕۆحانین و سادەن و بەدوور لە هەرچەشنە مادە و درێژبوونەوەیەکن. لایبنتز لای وایە یاسای جیاوازیی لە ناو موناددەکان حاکمە، واتە دوو موناد نییە لە هەموو لایەک هاوشێوەی یەکتر بن، لەهەمان کاتدا یاسایەکی دیکە هەیە، ئەویش یاسای یەکێتی و یەکگرتنەوەیە، واتە لە ناو موناددەکاندا یەکگرتنەوەیەک هەیە، سەرەڕای ئەوەیکە موناددەکان سەربەخۆن، بەڵام لە نێوانیاندا پردی پەیوەندی لۆژیکیانە هەیە. یاسای یەکگرتنەوە بۆ شرۆڤەی تیۆریی شتە بچوکەکان بەکارهاتووە، واتە بەو شێوەیە نییە لە جیهاندا لە قۆناغی جووڵە بەرەو قۆناغی نەجووڵانی ڕەها بگەین، لایبنتز لای وایە جەستەی نەجووڵاو، جووڵەکەی لە ڕادەبەدەر ورد و بچووکە و لە ناو موناددەکان جۆرێک لە ڕێکخستن هەیە. کەواتە یاسایەک کە لە سروشتدا هەیە، یاسایەکی گشتگیرە و بۆ تێکڕای شتەکان بە یەکسان بەکار دێت. یەکسانی بریتییە لە نەبوونی یەکسانی لە ناو ئەو شتانەی کە لە ڕادەبەدەر بچووکن. لایبنتز ئەم یاسایەی لە بواری زانستی فیزیا لە نێوان جووڵە و نەجووڵان بەکارهێناوە، لە بیرکاریدا لە نێوان شکڵەکانی بازنەیی و هێلکەیی بەکارهێناوە و لێرەدا لە سەر یاسای یەکگرتنەوە بەم دەرەنجامە دەگات، کە لە جیهاندا دوو دیاردەی بە تەواوەتی لێک جیاواز لە ئارادا نییە و پاشان بەم ئەنجامە دەگات، گەڵایەک کە لە درەختێک بەر دەبێتەوە تێکڕای گەردوون دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو بەربوونەوەیە. کاتێک بە توندی مستێک لە ئاو دەدەین شەپۆل ساز دەبێت و شەپۆلەکە بڵاودەبێتەوە و پەرە دەسێنێت و پاشان شەپۆلەکە ئارام دەبێتەوە، بەڵام ئاگاتە خاڵی سفر و تێکڕای گەردوون دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە، لێرەدایە لایبنتز دەگاتە بەردی بناغەی فەلسەفەکەی کە هەمان مونادۆلۆژییە و لای وایە جیهان لە زنجیرەیەک موناد پێکهاتووە، نە لە مادە پێکهاتوون و نە درێژ دەبنەوە، بەڵکو موناددەکان ڕۆحانین و لای وایە سێ جۆر خاڵ هەیە: ١- خاڵی میتافیزیکی ٢- خاڵی بیرکاری ٣- خاڵی سروشتی. خاڵە سروشتیەکان بوونی دەرەکییان هەیە و واقیعین، لە لایەکی دیکە موناددەکان وەکو خاڵی میتافیزیکی لە بوونی دەرەکییان هەیە و لە لایەکی دیکە دابەش نابن و ڕۆحین.

## خاڵی کۆتایی

لە کۆتاییدا بەم ئەنجامە دەگەین لایبنتز فەیلەسوفێکی عەقڵباوەڕ بووە، لە هەمان کاتیشدا پشتی بە زانستی سەردەمیش بەستووە، بۆ نموونە لە بواری فیزیا بەو ئەنجامە گەیشت کە نیوتن پێیگەیشتبوو، بەڵام لە فەلسەفەکەیدا باسی موناددەکان دونیایەکی خەیاڵی سازدەکات، هەر وەک چۆن ڕاسل لە سەر فەلسەفەکەی وتبووی، موناددەکان لە خانووی جاڵجاڵۆکە دەچن، هێندەش لە گرفتە بنەڕەتییەکانی گەردوون دوورە جۆرێک لە گەشبینی ساویلکانە بە فەلسەفەکەیەوە دیارە. کێشەیەکی دیکە ئەوەیە، لایبنتز خۆی لە کێشەی شەڕی سروشت دوور خستووەتەوە.


**جیهانیش بەم شێوەیە دابەش دەبێ بۆ دوو لایەن. یەکەم جیهانیی پێویستی و دووەم جیهانیی هەبووەکان کە ئەویش شیاوەکییە. پاشان لایبنتز وای بۆ دەچێ زنجیرەی حەقیقەتە پێویستیەکان پشت بە بنەمایەکی لۆژیکی دەبەستێ، کە هەمان ئەسڵی نەبوونی ناکۆکییە(ناوەندنەگری)، گەر لامان وابێ مادە درێژ دەبێتەوە واتە (مادە مادەیە)**


### سەرچاوەی وەرگێران


**١-فلسفەي جديد، از بيكن تا هيوم. ن. د. محسن جهانگيري١٣٧٩**

**٢- ميتافيزيك در غرب ، سانعي درەبيدي١٣٨٠**


**٣- مختصرتاريخ فلسفە، سكروتن، ت. اسماعيل سعادتي١٣٨٥**



24
تەنها بیرکردنەوە ئازادمان دەکات
ئایدیا
ئاشنابوون بە
یۆرگن هابرماس
کۆمەڵێک نووسەر
سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنوەر حسێن - لوقمان رەئوف
پرۆژەی 25 نامیلکەی فەلسەفی ئێستا لە بازاڕدایە




کتێبی
وەرگێڕدراوی
ئایدیا


karl marx

# کارل مارکس کێ بوو؟

## شرۆڤەی ژیانی تایبەتی کارل مارکس

لە فارسییەوە: مەجید مارابی

بەشی دوانزدیەم

### لۆرا لافارگ

لۆرا دووەمین کچی مارکس بوو، کە کەمێك زیاتر لە ساڵێك دوای جێنی شن لە رۆژی شەشی ئەیلولی ساڵی 1845 لە شاری برۆکسل لەدایکبوو. ئەو تەنها کچی مارکسە کە تا سەدەی بیستەم بە زیندوویی ماوەتەوە. لۆرا جوانترین و رێکپۆشترین کچی مارکس بوو، لە سەدان بواری جۆراوجۆردا لێوەشاوە و خاوەن بەهرەی سروشتی بوو، دایکی دەربارەی ئەو دەیوت:»لۆرا هەموو کارێکی لە دەست دێت، لەگەڵ هەموو جۆرە کارێك ئاشنایەتی هەیە و بە ئاسانی خۆی لەگەڵ هەموو دۆخێك دەگونجێنێت، لە دەریا، لە ناوماڵ، لە مۆزەخانەی بەریتانیا و لە هۆڵی سەماکردنیشدا.«

لۆرا بە قژێکی لوولی ئاڵتوونی رەنگ جوانییەکی سەرنجراکێشی هەبوو. دایکی سەبارەت بەو دەیوت:»بە هەبوونی قژی زێرین و رەنگی درەوشاوەتر و رێك و جوان بوونی بەشەکانی دیکەی روخساری برۆی پڕ رەنگ و بژۆڵی درێژ و لێوانی بەبژەی لۆرا لە جێنی شنی خوشکی گەورەی جوانتر دەنوێنێت.« بەڵام ئاکاری ئەو هەندێك توندە، مارکس لە نامەی بەرواری یەکی ئایاری ساڵی 1865 رۆژی لەدایکبوونی بیست و یەك ساڵەی جێنی شن بۆ ئەنگلسی نووسی:»لە جەژنێکی بچووکدا کە بە بۆنەی لە دایکبوونی جێنی شنەوە گرتبوومان گەنجێك بە ناوی چارلز مانینگ بەشداربوو، ئەو گەنجە لە ئەمەریکای باشوور لە باوکێکی بەریتانی و دایکێکی ئیسپانیۆلی لەدایکبووە. ئێستا بە قووڵی عاشقی لۆرا بووە. بەڵام لۆرا ئەوی خۆش ناوێت، لەو جەژنەدا زۆر بە توندی لەگەڵی مامەڵەی دەکرد. لەو رووەوە کە

خوشکەکەی هاورێی لۆرایە و خۆشی بە سەختی عاشقی لۆرایە، هەڵسوکەوتی لۆرا لەگەڵی منی زۆر ئازاردا.»

پاول لفـارگ زۆر چانسی لە چارلیز مایێنگی دامـاو زیاتر بوو. ئەو تەمەنی بیست و چوار ساڵان بوو لە بەشی پزیشکیدا دەیخوێندە لە مانگی شوباتی 1866دا بە پێناسەی یەکێك لە کۆمۆنسیتەکانی فەڕەنسا بە ناوی «هانری لویی تولن» ڕەوانەی لای مارکس کرابوو لە لەندەن پاول لە ئەندامانی گروپی «پرهودنیستەکان» بوو بە هۆی دەربڕینێکی پڕ حەماسەی شۆڕشگێڕانەی کە لەمانگی تشرینی یەکەمی 1865 لە کۆنگرەی خوێندکاران لە شـاری «لیژ» پێشکەشی کردبوو، لە زانکۆ دەرکرابوو، لەو کاتەشدا بە مەبەستی فێربوونی زمانی ئینگلیزی هاتبووە لەندەن بۆ ئەوەی دواتر درێژە بە خوێندنەکەی لە بەشی پزیشکی لە نەخۆشخانەی «سن بارتولۆمیۆ» بدات.

ئـەو زۆر هاتوچۆی ماڵی مارکسی دەکـرد، مارکس و هاوسەرەکەی تووشی سـەرسـووڕمـان بـوون کاتێك دەرکـەوت مـەبـەسـتـی پـاول لـە چـاوپـێـکـەوتـنـە بەردەوامەکانی ئاشنابوونی زیاتری لەگەڵ بـیـروبـاوەڕە کومۆنیسـتییەکانی مارکس و سیاسـەت نییە، بەڵکو هـیـوای ئەو نزیکبوونەوەیەتی لە لـۆرا، بەو جۆرەی کە مارکس دەیڵێت:«ئەو گەنجە سەرەتا شەوقێکی بە ئاشنایەتی لەگەڵ من لە خۆی نیشاندەدا. بەڵام دواتر ئاراستەی ئەو حەز و خولیایەی لە منی ریش سپییەوە بەرەو کچە جوانەکەم وەرگەڕاند.»

دایـك و بـاوکـی لـۆرا سـەرەتـا بە گەشبینییەوە سـەیـری ئـەو گەنجەیان نەدەکرد. پاول گەنجێکی زەیتونی ڕەنگ بوو، قژی لوول و باوکی نیوەی فەرەنسی و سەر بە نەژادی «کریول» و لە دوورگەی کوبا لە دایـك ببوو. دایکیشی خوێنی جولەکە لە دەماریدا بوو و باپیرو نەنکی ئـەو لـە بـواری نـەژادیـیـەوە «مـولاتـۆ» بـوون کە لە سـەردەمـی شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا لە «سانتۆ دۆمینگۆ» وە بەرەو کوبا رایانکردبوو. پاول لە دوورگەی کوبا لەدایکبوو، مارکس جاروبار لە رووی سۆز و خۆشەویستیەوە بە ناوی «رەشەی ئێمە» یان «کریولی ئێمە» بانگی دەکـرد. بە هەرحاڵ، لە کۆتاییدا بە هۆی خۆڕاگری و پشوو درێژی لە ڕێگەی بە دەستهێنانی دڵی خۆشەویستەکەی، لۆرا قبوڵی کرد کە ببێتە دەزگیرانی. ڕۆژی شەشی ئابی ساڵی 1866 جەژنێکی بچووکیان بە ناوی نیوە دەزگیرانی (بە پێی قسەی مارکس) لۆرا لەگەڵ پاول لفارگ پزیشکی کریولی من(وتەی مارکس) بەڕێوە چوو.

ڕۆژی دواتر بە مەبەستی شیکردنەوەی ڕووداوەکە مارکس لە نامەیەکدا بۆ ئەنگڵس نووسی:» لە ڕاستیدا لۆرا لەم ئاهەنگەدا لەگەڵ ئەو گەنجە هاوشێوەی گەنجەکانی پێشووتر مامەڵەی دەکـرد. بەڵام جۆش و خرۆشی هەستەکانی کریول، ترس لەوەی کە ئەم گەنجە لەوانەیە زیانێك لە ژیانی خۆی بدات لۆرا کە هەمیشە لەوەها حاڵەتێکدا بە تەواوەتی سارد و سڕ بوو تا ڕادەیەك ڕازیی کرد، بەڵام ئەوەی کە لۆرا و باوك و دایکی ناویان نابوو نیوە دەزگیرانی لە ڕوانگەی پاولەوە دەزگیرانی تەواوەتی و ڕەسمی بوو. ئەو دەیویست لەوە بەدواوە پەیوەندییەکی جدیتر و نزیکتر لە نێوان خـۆی و لۆرا دروست بکات، بەڵام مارکس (لەوانەیە بە هۆی پێداگری جێنی)یەوە بە پشت بەستن بە نەریتی خەڵکانی چینی مامناوەندی سەردەمی شاژنە ڤیکتۆریا، ڕۆژی سیانزەی ئاب، واتا کەمتر لە یەك هەفتە دوای ئەو ڕۆژەی کە لۆرا (نیوە دەزگیرانی) قبوڵکرد، ئەم نامەیەی خوارەوەی بە زمانی فەرەنسی بۆ پاول نارد:»

ئەگەر تۆ دەتەوێت پەیوەندیەکەت لەگەڵ کچەکەی من درێژە بدەیت پێویستە کۆتایی بە گەمەی خۆشەویستی لەگەڵی بهێنیت، تۆ دەبێت ئـەوە بزانیت کە هێشتا بڕیاری یەکلاکەرەوە سەبارەت بە هاوسەرگیری نەدراوە. کۆڵەکەی ئەم بڕیارە هێشتا لە هەوادایە، تۆ دەبێت ئەوە بزانیت ئەگەر ئەم گرێیەستە دەزگیرانی ڕەسمیش بووایە، دیسان سەرباری ڕازایی بوونت تۆ ڕێگە پێدراو نەبوویت پەیوەندی نزیکترت لەگەڵ کچەکەی من هەبێت، چونکە ڕێسا ئەخلاقییەکان چاوەڕوانی ئەوە لە گەنجان دەکەن تا ڕۆژی هاوسەرگیری لەو پەڕی دانبەخۆگرتوویدا چاوپێکەوتنیان پێکەوە هەبێت.

لە ماوەی یەك هەفتەی ڕابردوودا من گۆڕانکارییەکی زۆرم لە هەڵسوکەوتەکانی تۆدا بەدیکردووە، بە بڕوای من یەکێك لە نیشانەکانی خۆشەویستی هەمان دانبەخۆدا گـرتـوویـی و تـەنـانـەت شـەرمـن بوونی عاشقە لە بەرامبەر خۆشەویستەکەیدا، نەك توندبوونەوەی وەسوەسەی نەفس و داواکـاری پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لە سەردەمێکدا کە غـەریـزەی نـەژادی کرۆئێلی هانتەدات. من ئەرکی خۆم دەزانم کە لە نێوان تۆ و کچەکەمدا بێمە ناو گۆڕەپانەکەوە، ئەگەر تۆ ناتوانیت خۆشەویستی خۆت بەو جۆرەی کە لە ناو خەڵکی لەندەندا باوە دەربخەیت، لەم حاڵەتەدا پێویستە لە دوورەوە خۆشت بـوێـت.» دواتـر مـارکـس لـە نامەکەیدا دەچێتە سـەر باسی مەسەلەی دارایـی

هاوسەرگیرییەکە»، بەر لەوەی کە هاوسەرگیری نێوان تۆ و لۆرا یەکلایی بێتەوە، پێویستە من بە تەواوەتی لە دۆخی دارایی ئێوە ئاگادار بم (لەو رووەوە کە مارکس دەیزانی دەستکورتی دارایی ئەو بووەتە مایەی چ نیگەرانییەك بۆ جێنی هاوسەری، لەو کاتەدا دەیویست تا ئەو شوێنەی کە بۆی دەکرێت پێش لە دووبارە بوونەوەی وەها چارەنووسێك لە ژیانی کچەکەیدا بگرێت.)

لە درێـژەی نامەکەیدا دەڵێت:«تۆ خۆت ئاگاداریت کە من تێکڕای دارایی خۆم تەرخانی شۆڕش کرد، هیچ کاتیش پەشیمان نیم، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەگەر دەرفەتی دووبـارە ژیانەوەم هەبووایە دیسان ئەوەی کە لە رابردوودا کردوومە دووبـارەم دەکـردەوە، تەنها یەك شت نەبێت، هاوسەرگیریم نەدەکرد.

تۆ چۆن دەتوانیت ژیانی هاوسەری داهاتووت دابین بکەیت، رێساکانی ژیانی رابردووی ئێوە لە فەرەنسا لە ناو چووە، داهاتووی ئێوە لە بەریتانیا بە نەزانینی زمان و هەبوونی ئاواتی بەرز، تەمو مژاوی و نادیارە. سەرباری ئەوەش بە هۆی چالاکییە زۆرەکانـتـەوە لە رێگەی شۆڕشدا پشتکارێکی ئەوتۆت نییە.

لەوەها حاڵەتێکدا پێویستت بە هاوکاری خەڵکانی دیکە هەیە، چاوەڕوانی وەها هاوکارییەك لە چ سەرچاوەیەك دەکەیت؟ لە خانەوادەکەی خۆت لە شاری بۆردۆ؟

من هیچ زانیارییەکم سەبارەت بە خانەوادەی تۆ نییە، گریمان ئەوان لە دۆخێکی دارایی زۆر باشدا بن، دیسان مەرج نییە ئەوان دارایی خۆیان بکەنە قوربانی لە پێناو ژیانی ئێوەدا. من تەنانەت نازانم ئەوان سەبارەت بەم هاوسەرگیرییەی ئێوە بۆچوونیان چییە؟ دیسان دووپاتیدەکەمەوە، پێویستە بە راشـکـاوانـە وەڵامـی هـەمـوو ئەم پرسیارانەم بدرێتەوە.

مارکس لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت لافارگ کە بە وتەی خۆی ریالیستە ناتوانێت چاوەڕوانی ئەوەی لێبکات کە سەبارەت بە کاوریاری پەیوەندیدار بە داهاتووی کچەکەم ئایدیالیست بێت:«ئێوە کە دەڵێن بۆ لەناوبردنی هەژاری لە جیهاندا خەبات دەکەن، ناتوانم رێگە بدەم کچەکەم بەرەو لێواری هەژاری ببەیت.»

دواتر نامەکەی بە ئاگادارکردنەوەیەکی توند و راشکاوانە کۆتایی پێدێنێت:« بۆ ئەوەی کە هیچ جۆرە خراپ تێگەیشتنێك سەبارەت بە شرۆڤەکردنی ئەم نامەیە لە لایەن تۆوە روو نەدات، راشکاوانە سەرنجت بۆ ئەم خاڵە رادەکێشم، ئەگەر پێتوایە دەتوانیت بە بێ دابین کردنی مەرجەکانی پێشوو بچیتە ناوقۆناغی هاوسەرگیرییەوە، سەرکەوتوو نابیت، کچەکەی من قبوڵی ناکات، منیش رێگات پێنادەم. پێویستە پێشەکی تۆ هەندێك سەرکەوتن لە ژیانتدا تۆمار بکەیت و بیسەلمێنیت بۆ ئەوەی بتوانیت بیر لە هاوسەرگیری داهاتووت بکەیتەوە. یەکەم هەنگاوی ئەو کـردارەش ئەوەیە کە تۆ و لـۆرا قۆناغێکی تاقیکردنەوەی دوورو درێژ تێپەڕێنن.»(ئەم نامەیەی سەرەوە کە مارکس بۆ زاوای داهاتووی خۆی نووسی، شایستەی ئەوەیە بۆ هەموو زمانەکان وەرگێڕدرێت و بڵاو بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ببێتە رێنماییەك بۆ خەزوورەکانی داهاتوو).

مارکس لە هەمان رۆژدا نامەیەکی چڕ وپڕی بۆ باوکی پاول جەنابی «فرانسوا لافارگ» کە لە شاری بۆردۆ نیشتەجێ بوو نارد، تێیدا ئاماژەی بەوەدابوو بەر لەوەی کە بتوانن سەبارەت بە پراتیککردنی بڕیارەکەی پاولی کوڕت بۆ هاوسەرگیری لەگەڵ لـۆرای کچم هەنگاوێك هەڵبگیرێت، پێویستە سەرەتا دۆخی دارایـی پاول بە تەواوەتی رۆشن بێت. لە وەڵامی نامەکەی مارکسدا ئاشکرا بوو کە باوکی کە لە ساڵی 1951 (کاتێك کە پاول نۆ ساڵان بـووە) بـەرەو فەرەنسا کۆچی کـردووە. پیاوێکی دەوڵەمەندە و خاوەنی موڵکێکی بەرچاوە لە دوورگەی کوبا، لە شارەکانی نیو ئۆرلیانس و بۆردۆ و ئێستاش خاوەنی ناوەندێکی بازرگانی گەورەی فرۆشتنی شەرابە. کوڕەکەی لە قوتابخانەکانی

**«مارکس دەڵێت لافارگ کە بە وتەی خۆی ریالیستە ناتوانێت چاوەڕوانی ئەوەی لێبکات کە سەبارەت بە کاوریاری پەیوەندیدار بە داهاتووی کچەکەم ئایدیالیست بێت:«ئێوە کە دەڵێن بۆ لەناوبردنی هەژاری لە جیهاندا خەبات دەکەن، ناتوانم رێگە بدەم کچەکەم بەرەو لێواری هەژاری ببەیت.»**

بۆردۆ و تۆلۆز بە باشی پەروەردە کراوە و لەو رووەوە کە پاوڵ تەنها کوڕی ئەوە، ئەو ناوەندە بازرگانییە پاش مردنی باوکی دەکرێت بە ناوی ئەوەوە. ئێستاش بۆ جێبەجێ کردنی کاروبارەکانی هاوسەرگیری سەد هەزار فرانکی پێداوە. (بەڵام روون نییە کە پاوڵ ئەو بڕە پارەیەی پێگەیشتبێت).

بەهەر حاڵ لە ئێستادا، مارکس لە بابەت دۆخی زۆر باشی دارایی زاوای داهاتوویەوە دڵنیا بووەوە. لەوکاتەشدا پاوڵ تاقیکردنەوەکانی بەشی پزیشکی بەریتانیای تێپەڕاند. (باوکی پاوڵ لە نامەیەکدا کە بۆ مارکسی نووسیبوو تەئکیدی کردبووەوە، کە بە پێویستی دەزانێت کوڕەکەی بەر لە هاوسەرگیری تاقیکردنەوەی کۆتایی کۆلیژی پزیشکی بەریتانیا و فەرەنسا تەواو بکات. ئەو بەشەی نامەکەی باوکی پاوڵ لە رادەبەدەر بە دڵی مارکس بوو و لەو بارەیەوە بۆ ئەنگڵسی نووسی تا ئێرە هەموو شتێک بە خواستی دڵ دەچێتە پێش».


بۆ مارکس ئەوە سەخت بوو کە دەربڕین و هەڵسوکەوتەکانی (کە ئەو بە عاشقێکی دێوانەی وەسفدەکرد) خاو بکاتەوە. مارکس هەوڵیدەدا ئارامی بکاتەوە بە بەردەوامی ئاگاداری دەکردەوە، کە تا کاتێک هەڵسووکەوتەکانی ئەو بە گوێرەی هەڵسوکەوتی کۆمەڵگەی بەریتانیا نەبێت، ناتوانێت لەگەڵ لۆرا هاوسەرگیری بکات. لە لایەکی دیکە توندی خۆنواندنی عاشقانەی پاوڵ کە ببووە هۆی نارەزایی مارکس لە هەمان کاتدا دەیهێنایە پێکەنین و بزەی دەخستە سەر لێوانی. کاتێک لۆرا وەکو یاریدەدەرێکی مامۆستا لە یەکێك لە قوتابخانە شەوانە رۆژییەکانی دەرەوەی لەندەن سەرقاڵی وانە وتنەوە بوو، رەفتار و هەڵسوکەوتەکانی پاوڵ مارکسی دەخستەوە یادی «دان کیوتە»!

لەگەڵ ئەوەشدا هاتوچۆی رۆژانەی کێشەیەکی دارایی نوێی پێکدەهێنا، چونکە لەو کاتەدا نانخۆرێکی دیکە بۆ سەر سفرەکەی ئەو کە لەو کاتەدا زۆر رەنگین نەبوو زیادی کردبوو. جگە لەوەش جێنی پێی خۆش نەبوو زاواکەی داهاتووی تا ئەو رادەیە ئاگاداری رەوشی دارایی خێزانی لۆرا بێت. جاروبار هەڵسوکەتەکانی مارکسی تووڕە دەکرد، هەڵبەت دواتر پەشیمان دەبووەوە. پاش یەکێك لە تووڕەبوونەکانی مارکس نامەیەکی کورتی بۆ نووسی: «ئەگەر قسەکانی من تۆی رەنجاندووە داوای لێبوردن دەکەم و ببورە، هەڵبەت زۆر خراپە مرۆڤ تووڕە ببێت، تەنانەت کە هەقیشی لە لێبێت». بەڵام لای مارکس و جێنی سەخت بوو کە رۆژانێکی زۆر بەرامبەر بە پاوڵ بە تووڕەیی بمێننەوە، چونکە لە راستیدا لە ناخەوە هەردوکیان خۆشیان دەویست، بە تایبەت جێنی ستایشی زۆربەی سیفاتەکانی ئەوی وەك: راستگۆیی، ئازادیخوازی، بە تایبەت راستگۆیی، بەویژدان بوون، نیازپاکی و رادەی خۆشەویستی ئەو بەرامبەر بە لۆرا دەکرد.

مارکس رۆژی 23ی مانگی ئاب سەبارەت بە پاوڵ لە نامەیەکدا بۆ ئەنگڵس نووسی: «ئەگەرچی هەڵسوکەوتەکانی تا رادەیەك منداڵانە و بە گشتی سروشتێکی منداڵانەی هەیە، بەڵام لە راستیدا گەنجێکی باشە».

رۆژی 26ی ئەیلولی ساڵی 1866 کە بیست وشەشەمین ساڵیادی لە دایکبوونی لۆرا بوو، ئەڵقەیەکی دەزگیرانی پێشکەشی لۆرا کرد. ئەو کارەش روویەکی دڵنیاکەرەوەی بە دەزگیرانییەکەی لۆرا دەبەخشی. ئەگەرچی جێنی سەبارەت بە هاوسەرگیری کچەکەی، بە تایبەت سەبارەت بە ژیانی داهاتووی بە تەواوەتی دڵنیا نەبوو، بەڵام ئەوی خۆشحاڵ کرد، چونکە ئەو رووداوە جێنی خستەوە یادی دەزگیرانییەکەی خۆی لەگەڵ کارل مارکس کە زیاتر لە چارەکە سەدەیەك پێش ئەو کاتە روویدابوو. بە تایبەت ئەو کێشانەی هێنایەوە یادی ئەو کە لەو کاتەدا ئەو و مارکس لە بواری ئابینەیەوە لەگەڵی بەرەورووبوون. ئێستا نەبوونی ئەو کێشانە لە سەر رێگای دەزگیرانی لۆرا جۆرێك لە ئاسودەیی تێیدا پێکدەهێنا!

لە مانگی شوباتی ساڵی 1868دا باوکی بەڵگەی پێویستی بۆ دابینکردنی هاوسەرگیری کوڕەکەی، کە بڕیار بوو مانگی نیسان رووبدات رەوانەکرد و رەوانە کردنی ئەو بەڵگەنامانەش سەبارەت بە داهاتووی لۆرا تا رادەیەك دڵنیایی بەخشییە مارکس بەڵام لە لایەکی دیکە، سەرباری ئەوەی کە مارکس دەیویست هەرچی زووتر کۆتایی بە پرسی هاوسەرگیری کچەکەی بهێنێت، بە تایبەت ئەوەی کە بوونی هەر رۆژەی لە ماڵەکەیدا قورسایی بە سەر خەرجی رۆژانەیانەوە دەبوو، کۆتایی هاتنی ئەو پرسە رەوشێکی سەختی بۆ ئەو دروست دەکرد. بەو واتایە کە ئەو بۆ دابین کردنی رێوڕەسمی هاوسەرگیری تەنانەت یەك پاوەنیشی نەبوو. ، جگە لەوەش لە ماوەی ئەو چەند رۆژەی دوایدا بڕی (پێنج پاوەند) پارەی ئاو و کارەبای بەسەردا کەوتبوو، کە ئەگەر پارەکەی نەدایە لەوانە بوو ئاو و کارەبایان ببڕدرێت و ماڵەکەی ئەو تووشی بێ ئاوی و تاریکی ببێت! ئەو کێشانەش وەکو هەمیشە، ببووە هۆی سەر ئێشەو و قوڵبوونەوەی ئازاری زیپکە و دومەڵەکانی لەشی ئەو.




مارکس بە ناچاری نامەیەکی ئاڕاستەی خزمەکانی لە هۆڵەندا کرد داوای هاوکاری لێکردن، ئەوان وەڵامی نامەکەیان نەدایەوە! مارکس لەو پەیوەندییەدا ڕۆژی 14ی ئازار نامەیەکی بۆ ئەنگڵس نارد:« ئەوان تەنها کاتێک وەڵامی داواکارییە داراییەکانی من دەدەنەوە کە من بۆ خۆم بە شێوەی سەرزارەکی پێیان بڵێم لە ئێستاشدا وەها هەنگاوێك بۆ من مەیسەر نییە.» بەڵام وەڵامی نامەیەك کە مارکس بۆ دکتۆر کوگلمانی هاوڕێی نارد لە شاری هانۆڤێر، ئەرێنی بوو، دکتۆر «کوگلمان» پانزە پاوەنی بۆ نارد و لە نامەیەکدا کە مارکس ڕۆژی 17ی ئازار بە مەبەستی سوپاس و پێزانین ئاراستەی هاوڕێکەی کرد، ئاگاداری کردبووەوە کە وەرگرتنی وەها دیارییەك ئەو نیگەران و لە هەمان کاتدا زۆر خۆشحاڵ کردووە. هۆکاری نیگەرانیەکەی ئەوەیە کە بۆ ئەو کارێکی سەختە وەها دیارییەك وەرگرێت، بەڵام خۆشحاڵە لەوەی کە ئێستا ئەو دیارییەی وەکو قەرزێك وەرگرتووە و لە داهاتوودا دەیداتەوە!

لەگەڵ ئەوەشدا خودی لۆراش لەو بارەوە نامەیەکی بۆ ئەنگڵس نووسی:«پاول بۆ ئێوەی نووسیوە کە بۆچی دەبێت ئەو هەنگاوە هەڵگرێت؟ من خۆم ئیتر زیاتر لەوەی کە پاول نوسیویەتی سەبارەت بە هاوسەرگیری خۆم شتێك زیاتر نانووسم. تەنها دەمەوێت بڵێم گەورەترین خۆشحاڵی بۆ من ئەوەیە کە ئێوە لە ڕۆژی هاوسەرگیرییەکەی خۆمدا ببینم و ئەگەر نەیەن زۆر بە داخەوە دەبم. .» کاتێك پاول بیستی کە ئەنگڵس بەشداری لە زەماوەندەکەیاندا دەکات، سوپاسنامەیەکی زۆر گەرم و گوڕی لە ژێر ناوی:«ئەنگڵسی هەمیشە دەم بە پێکەنینی» بۆ ئەو نووسی:«ئەگەر تۆ نمرەیەکی باش بە ئینگلیزییەکەی من دەدەیت من ستایشی فەرەنسییەکەی تۆ دەکەم، بە تایبەت ئەوەی کە تۆ وەکو من، وەها مامۆستایەکی جوانت لە لا نییە کە هەڵەکانت ڕاست بکاتەوە. ئەوانەی کە فەرەنسییان فێری تۆ کردووە بە گوێرەی پێویست ئەرکی خۆیان ڕاپەڕاندووە، تۆ ئیتر پێویستت بە مامۆستا نییە.»

سەرەتای مانگی نیسان ئەنگڵس بە مەبەستی بەشداری کردن لە زەماوەندی لۆرا سەردانی لەندەنی کرد. ڕێوڕەسمی ئاینی لە ئارادا نەبوو. (چونکە لە بواری یاساییەوە لە بەریتانیا ڕێوڕەسمی ئاینی لە هاوسەرگیریدا ناچاری نەبوو) ڕۆژی دووی نیسان ئەنگڵس و مارکس (لە کاتێکدا برین و زیپکەکانی سەر دەستیان پێچابوو) وەکو شایەت چوونە فەرمانگەی تۆمار کردنی هاوسەرێتی و لۆرا و پاول گرێبەستی هاوسەرگیریان واژۆ کرد. .

لە کۆتایی مانگی نیساندا بووك و زاوا(کە مارکس سوتاوانی خۆشەویستیی پێدەوتن) لە سەفەری مانگی هەنگوینی گەڕانەوە لەندەن و لە ئاپارتمانێکدا لە گەڕەکی «پریم رز هیل» نیشتەجێ بوون. پاش وەرگرتنی دیپلۆم لە نەخۆشخانەی «سن بارتۆ لۆمیۆ» کە لەوێدا ببوو بە یاریدەدەر لە ڕۆژی 22ی تەموزدا بوو بە

ئەندامی ئەنجومەنی پاشایەتی پزیشکان و نەشتەرگەران، عەیادەی تەندروستی خۆیی کردەوە. مارکس بە بۆنەی کردنەوەی عەیادەکەی پاول وتی:«ئێستا زاواکەم مافی ئەوەیی هەیە کۆتایی بە تەمەنی مرۆڤەکان و ئاژەڵەکان بهێنێت!» لە لایەکی دیکەشەوە لەوە بەدواوە مارکس دەیتوانی لە کاتی پێویستدا قەرز لە کچەکەی بکات!

بەڵام پاول هۆگری و حەز و خولیای بەرامبەر بە سیاسەت زۆر زیاتر لە پزیشکی (مارکسیش لەو بڕوایەدا بوو کە زاواکەی لێوەشاوەیی تایبەتی تێدایە بەرامبەر بە سیاسەت) بڕیاریدا بگەڕێتەوە فەرەنسا، رۆژی 16ی ئۆکتۆبەری 1868 ئەو و لۆرا گەیشتنە پاریس و لە نهۆمی دووەمی ئاپارتمانێك لە کۆڵانی «شرێش میدی» نیشتەجێی بوون. پاول بە زوویی تێگەیشت کە بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی پزیشکی لە فەرەنسا کێشەی زۆری لە بەردەمدایە. چونکە ئەو بڕوانامەی دیپلۆم و پزیشکییەی کە لە لەندن بەدەستیهێنابوو لە فەرەنسا کاری پێنەدەکرا. مارکس لەو پەیوەندیەدا لە نامەیەکدا کە بەرواری 7ی نۆڤەمبەر بۆ ئەنگلسی نووسیوە دەڵێت:«رەشەی ئێمە لە فەرەنسا کێشەی هەیە، لەوێدا دیپلۆمە بەریتانییەکەی پەسەند ناکەن، بە بەردەوامی پێیدەڵێن پێویستە تێکرای وانەکانی، نەك هەر ئەوانەی کە ئەو پێیوابوو یەك یان دوو وانەیە، بەڵکو پێویستە لە سەر هەموویان سەر لە نوێ تاقیکردەوە ئەنجام بداتەوە!»

پاول لافارگ لە پاریس بوو بە ئەندامی «فیزیراترە» کە لقی ئەنتەرناسیۆناڵی پاریس بوو. لە ئەنجامدا ئەو و لۆرا چوونە ریزی رادیکاڵە فەرەنسی و غەیرە فەرەنسییەکانەوە. لە نێوان هاوڕێ غەیری فەرەنسییەکانی ئەواندا کەسانێکی وەکو «ڤیکتۆر شیلی» ئەڵمانی (هاوڕێی کۆنی مارکس) و«ژرمان ئەلەکسەندەر لۆپاتین» (وەرگێڕی کتێبی داس کاپیتالی مارکس بە زمانی روسی)، کۆمۆنیستێکی هەنگاریایی بە ناوی «لیۆ فرانکل» هەبوون. هەڵبەت مارکس زۆر ناڕازی بوو بەرامبەر بە لادانی زاواکەی لە رێگای پزیشکی و چوونی بۆ گۆڕەپانی سیاسەت. بە زوویی لۆرا دەستی بە منداڵدار بوون کرد. یەکەم منداڵی ئەو، کوڕێك بوو کە رۆژی یەکی کانوونی دووەمی ساڵی 1869 رێك 9 مانگ دوای هاوسەرگیریان لە دایك بوو. ناوی منداڵەکەیان نا «چارلێز ئاتین» لە ناو خانەوادەدا بە «شناپس» یان «شناپسی» بانگیان دەکرد. ئالئۆر کچە بچووکەکەی مارکس(پووری منداڵە کوڕەکە) تا ئاستی شێتێتی خوشکەزاکەی خۆی خۆش دەویست ئەوی بە «فوشتزا» بانگهێشت دەکرد، مارکس کە بە لەدایکبوونی ئەو منداڵە لە رادەبەدەر خۆشحاڵ بوو، لەگەڵ ئەوەشدا سەبارەت بە دۆخی میزاجی لۆرا زۆر نیگەران بوو، بە زاواکەی راگەیاند کە بەنیازە بەو زووانە سەردانی پاریس بکات بە مەبەستی بینینی ئەوان. بەڵام نامەکەی ئەو دەستی پۆلیسی نهێنی پاریس کەوت و بە هۆی ئاگادار بوونی پۆلیس بە ناچاری مارکس لە سەفەرەکەی پاشگەزبووەوە. ئەو مەسەلەیەش بووە هۆی ئەوەی مارکس (کە تا ئەو کات وەکو تاکێك و بە بێ هەبوونی نیشتمانێکی دیاریکراو ژیانی دەکرد) ببێت بە هاوڵاتی بەریتانیا، بۆ ئەوەی بتوانێت بە پاسپۆرتە بەریتانییەکەی ئازادانە سەفەری هەموو وڵاتان بکات و بە بێ هیچ مەترسییەك سەردانی پاریس بکات. بەڵام وەکو چەند جارەکەی پێشوو، لەو کاتەدا دەستی لەو کارە هەڵگرت، تاکو لە کۆتاییدا چەند ساڵ دواتر بوو بە هاوڵاتی بەریتانیا!

لۆرا وەکو جێی شێی خوشکە گەورەی زۆربەی کاتەکان نەخۆش بوو. بەو هۆیەشەوە مارکس مەترسی دەستگیرکرانی لە لایەن حکومەتی پاریسەوە قبوڵ کرد، رۆژی حەوتی تەموز بە پاسپۆرتێکی ساختەوە بە ناوی «ئا. ویلیام» گەیشتە پاریس. لەو کاتەشدا پۆلیسی گومرگی بەندەری «دایپ» سەبارەت بە چەند کەسێك لە سەرنشینەکان کە هەندێکیان ئەمریکی و هەندێکیش ئیتالی بوون زۆر بە سەختی پشکنینیان دەکرد. بە هیچ شێوەیەك ئاوڕیان لە مارکس نەدایەوە، جەنابی «ئا. ولیام» لە نزیك ماڵی لافارگ ژوورێکی راخراوی بە کرێ گرت بارودۆخی لورا مارکسی بە تەواوی ترساند، چونکە ئەو زۆر بە سەختی نەخۆش بوو، پاش راوێژکردن لەگەڵ پزیشکەکانی دیکە، پزیشکە دەرمانکارەکەی بڕیاری ئەوەیدا کە پێویستە نەخۆشەکە سەفەری کەناری دەریا بکات، بۆ ئەو مەبەستەش پێشنیاری بەندەری دییپی کرد. قبوڵی کرد کە لۆرا ببات بۆ دییپ، لەگەڵ ئەوەشدا بەڵێنی ئەوەی بە خەزوریدا زۆر بە زوویی تاقیکردنەوە پزیشکیەکانی فەرەنسا تێپەڕێنێت و بە شێوەیەکی جیدی سەرقاڵی کاری پزیشکی بێت. تەنها شتێك کە دەبووە هۆی شادی مارکس لەو گەشتەدا دیتنی «شناپسی» نەوەی بوو. مارکس لە بەرواری 10ی تەموزدا نامەیەکی بۆ باوکی پاول نووسی»: نەوەکەی ئێمە کوڕێکی زۆر جوان و سەرنجڕاکێشە، بە درێژایی تەمەنم منداڵێکم نەبینیوە ئەوەندە سەری جوان بێت!»

لە کۆتاییی مانگی تەموزدا لفارگەکان بەرەو لەندەن سەفریان کرد و ماوەی یەك مانگ لە ماڵی مارکس مانەوە، بەڵام لۆرا و کۆرپەکەی هەردوکیان نەخۆش بوون. لە بەرواری 15ی ئەیلولدا جێنی نامەیەکی بۆ دکتۆر کوگلمان لە هانۆی نووسی»:کۆرپە خۆشەویستەکەم خەریکە ددان دەردێنێت و بە سەختی نەخۆش کەوتووە. رومەتە جوانەکەی بە تەواوەتی کز و بچووك بووەتەوە چاوە گەورەکانی ئەو لەو روومەتە بچووکانەدا زۆر گەورتر دەرکەوتوون، بەڵام سەرباری نەخۆشی، ئەو زۆر شاد و خۆشرووە. دوای رۆشتنەوەی ئێمە زۆر دڵگران دەبین!« لەو نێوەندەدا مارکس، بۆ بینینی چاپگەری کتێبەکەی سەردانی هامبورگی کردبوو و لە نێو رێگادا بۆ دووەمینجار چووە ماڵی دکتۆر کوگلمانی هاوڕێی لە هانوڤێر.

رێك ساڵێك دوای لە دایکبوونی »شناپسی« لۆرا رۆژی یەکی کانوونی دووەمی ساڵی 1870 منداڵێکی تری بوو ئەو کچ بوو، هەواڵی لەدایکبوونی ئەو منداڵە، ئەوەندە جێنی دایکی لـۆرای خۆشحاڵ نەکرد، بەڵکو بە پێچەوانەوە، جێنی دەیویست کچەکەی واز لەو دوگیان بوونە بەردەوامە بهێنێت. »دەترسم لەمە بەدواوە هەموو ساڵێك لۆرا لە کاتی ساڵی نوێدا وەکو دیاری منداڵێك پێشکەشی ئێمە بکات. یەك، دوو، سێ، چوار، پێنج، منداڵی رەش رەش!«

کۆرپە نوێیەکە کە لە سەرەتادا لاواز بوو پاش دوو مانگ لە کۆتاییەکانی مانگی شوباتدا، لەو رۆژانەدا بوو کە پاریس روویەرووی سەرماییەکی زۆر سەخت ببووەوە، کۆچی دوایی کرد، مارکس دڵنیابوو لەوەی کە هۆکاری مردنی ئەو منداڵە سەرمای زستان بووە. نیگەرانییەکی قوڵی لە ناخی خۆیدا بەرامبەر بە لۆرا و هاوسەرەکەی هەست پێدەکرد. لە بەرواری 5ی ئازاردا نامەیەکی بۆ لۆرا نووسی»: بە داخـەوە من بۆ خۆم لەو بارەیەوە ئەزموونی زۆر تاڵم هەیە، بە باشی دەزانم کە لەو کاتانەدا سەرەخۆشی و دڵنەوایی دانەوەی کەسانی دەورویـەر لە بری ئـەوەی ببێتە هۆی ئارامی، ئازارەکان توندتر دەکەن.« لەو کاتەدا مارکس زیاتر لە هەر شتێك نیگەرانی تەندروستی شناپسی لە وەها وەرزێکی سەرماو سۆڵەدا بوو وە دەیوت:» لە دەمارەکانی ئەو کورەدا لە 50% خوێنی نەژادی رەش هەیە و خـۆڕاگـری رەشپێستەکانیش لە بەرامبەر سەرمادا کەمە.«(لەو بارەیەوە مارکس بڕوا بە بۆچوونەکانی »کنت دووگوبی نوو« هەبوو کە گەورەترین رەچەڵەکناسی فەرەنسی سەردەم بوو) (بۆچوونەکانی ئەو بیرمەندە دواتر لە ئەڵمانیا، بە تایبەت لە سەردەمی نازییەکاندا رۆڵێکی گەورەی گێڕا.)

مارکس دەنـووسێـت:»ئـەم کەسە »گوبی نـۆ« نزیکەی دە سـاڵ پێش ئێستا سەبارەت بە یەکسان نەبوونی رەگەزەکانی مـرۆڤ، بە مەبەستی سەلماندنی ئەوەی کە »رەگەزی سپی وەکو خواوەندێکە لە نێوان رەگەزەکانی دیکەدا« لە نێوان رەگەزی سپیدا چینی نەجیبزادەکان و ئەشراف سەرترن لە چینەکانی دیکە، کتێبێکی لە چوار بەرگدا نووسیوە، بە بڕوای من باوباپیرانی کنت خـۆی سکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە سـویسرا، نـەك هـەر لە شوالییە کۆنەکانی فەرەنسا نەبوون، بەڵکو سەر بە چینی دەرکەوانەکانی ئەمڕۆی فەرەنسا بوون، بە هەر حاڵ هەر چییەك بێت، جێگای بەختەوەرییە کە وەها کەسایەتییەك خۆی لە رەشپێستەکان بە سەرتر دەزانـێـت ئـەوەی لا پەسەندە، کە تێکەڵبوونی رەشپێستەکان لەگەڵ سپی پێستەکان لە زۆریـەی کۆمەڵگەکاندا هۆکاری پێکهاتنی زۆربەی هونەرە جوانەکانە.

لە کۆتاییی هەمان ساڵدا، 1870 لۆرا منداڵێکی دیکەی بوو کە ئەویش تەنها چەند مانگێك زیاتر نەمایەوە، »شناپسیش« ماوەیەکی کەم دوای مردنی ئـەو منداڵانە لە تەمەنی سێ ساڵاندا کاتێك لفارگەکان لە شاری مەدرید بوون، بە هۆی سکچوونەوە کۆچی دوایی کرد.

**سەرەتای مانگی نیسان ئەنگلس بە مەبەستی بەشداری کردن لە زەماوەندی لۆرا سەردانی لەندەنی کرد. رێورەسمی ئاینی لە ئارادا نەبوو. (چونکە لە بواری یاساییەوە لە بەریتانیا رێورەسمی ئاینی لە هاوسەرگیریدا ناچاری نەبوو) رۆژی دووی نیسان ئەنگلس و مارکس (لە کاتێکدا برین و زیپکەکانی سەر دەستیان پێچابوو) وەکو شایەت چوونە فەرمانگەی تۆمار کردنی هاوسەرێتی و لۆرا و پاول گرێبەستی هاوسەرگیریان واژۆ کرد**

دکتۆر لافارگ، لەو ڕووەوە کە نەیتوانی منداڵانی خۆی لە چنگ مەرگ ڕزگار بکات، بە تەواوەتی پیشەی پزیشکی وەلا نا دوای ئەوەش لۆرا ئیتر دووگیان نەبووەوە.

پاش کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆناڵ کە لە ساڵی 1870 لە شاری لاهای بەڕێوە چوو، لۆرا و هاوسەرەکەی لە شاری لەندەن نیشتەجێبوون و بۆ ماوەی 10 ساڵ لەو شارە مانەوە، هەڵبەت مانەوەی ئەوان لە لەندەن(لەو ڕووەوە کە ئیتر منداڵیان نەمابوو کە سۆمای چاوانی مارکس بێت و یاری لەگەڵ بکات!) بۆ مارکس کە لەو سەردەمەدا بەریتانییەکان باوکە مارکسیان پێدەوت، مایەی ئاسودەیی بوو. چونکە لەو کاتەدا هەموو ئەندامانی خێزانەکەی لێی دوورکەوتبوونەوە و لەوە بەدواوە کەس لەو دوور نەبوو.

لافارگ کە پیشەی پزیشکی بۆ هەمیشە وەلانابوو، لە لەندەن دەستی بە پیشەی وێنەگری کرد. لەسوچێکی چێشتخانەی ماڵەکەیدا کارگەیەکی بچووکی دروست کرد. بەڵام لەو ڕووەوە کە ئەو بە هیوای بازرگانی گەورە دستی دەدایە کاری مەحاڵ، لەو کارەشدا بە قسەی خەسووی:« هەمیشە وەکو کۆیلەیەکی ڕەش بەیانی تا ئێوارە کار دەکات، سروشتی ئەو هاوشێوەی جیوەیە، ئەو بە بەردەوامی لە گومانی ئەوەدایە کە ئەڵمانیا پڕە لە مۆسیقا. جێگەی داخە کە ئەو درێژەی بە پیشەی پزیشکی نەدا ، ئەو بەڵێنەی بەجێنەهێنا کە بە « سکۆلاپ» باپیری هەموو پزیشکەکانی دابوو.»

کاتێك کە لۆراو هاوسەرەکەی لە فەڕەنسا دەژیان، هەر کات ڕووبەڕووی دەستکورتی دارایی دەبوونەوە، ئەنگڵس بە هانایانەوە دەچوو. لۆرا لە یەکێك لەو حاڵەتانەدا نامەی سوپاسگوزاری خۆی لە ڕۆژی 15ی کانوونی یەکەمدا بۆ ئەنگڵس نووسی»هەر ساتێکی دڵخوازی ژیان، دەیەوێت لە سەر سفرەی نانێکی ئێوارانەی بەتام، یان لە کاتی خواردنەوەی بیرەیەکی سارد یان لە کاتی خوێندنەوەی کتێبێکدا من بە بەردەوامی دەکەومە یادی ئێوە زۆر بە ئاواتەوەم بۆ هەمیشە لە لای ئێوە یان لە وڵاتەکەی ئێوە لە نزیك تۆ ژیان بەسەر بەرم» دواتر، لۆرا نامەکەی بە 2 پارچە شیعر لە شیعرەکانی «ڕۆبەرت برێنز»کۆتایی پێهێنا:

دڵی من لە ئینگلتەرایە (لێرەدا نییە)

بەو ماسیە سوور و شەرابە زۆردانەیەوە

لافارگ لە مانگی ئایاری 1887 بۆ ئەندام بوون لە ئەنجومەنی شار لە بازنەی پێنجەمی پاریس کاندید کرا. بازنەیەك کە باخچەی ئاژەڵان و باخی گوڵە بەرۆژەی تێدا بوو، ڕۆژی 26ی نیسان ئەنگڵس لە نامەیەکدا نووسی: « پیرۆزبایی کاندید بوونت لە بازنەیەکدا دەکەم کە باخچەی ئاژەڵان و باخی دانەوێڵەی تێدایە. لەو ڕووەوە کە ڕەشپێستەکان زیاتر لە خەڵکانی دیکە لە ئاژەڵان نزیکن هەڵبژاردنی ئێوە بۆ بازنەی پێنجەم کارێکی زۆر ژیرانەیە، هیوادارم لە ژێر چاودێری ئێوەدا ئاژەڵان لە داهاتوودا ژیانێکی باشتریان لە پەنای مرۆڤە درندەکاندا هەبێت .»

لافارگ لە ڕووبەڕووبوونەوەی «مرۆڤە وەحشیەکان»دا سەرکەوتوو نەبوو، بە بەدەستهێنانی 568 دەنگ پلەی سێهەمی لە هەڵبژاردنەکدا بە دەستهێنا.

دواتر، لافارگەکان خانوویەکی بچووکیان لە گەڕەکی پیرۆ لە نزیك شاری نۆژان سورمان کە نزیکەی بیست خولەك بە شەمەندەفەر تا ناوەڕاستی پاریس دووربوو بە کرێ گرت. لە مانگی تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا، لۆرا بە بۆنەی چەکی پارەیەك کە لە ئەنگڵسی وەرگرتبوو نامەیەکی سوپاسگوزاری بۆ نارد، داوای لە ئەنگڵس کرد سەردانی ئەو و خوشکەکەی بکات. « لێرەدا نووستێکی بچووکمان هەیە کە ئەگەر تۆ بێیت، لەگەڵ هەوای خۆش و ئازادی دەشت و دیمەنی ڕووبارو باخچەیەکی بچووك کە لە بەردەم ژوورەکەدایە هەر هەموویان پێشکەشی تۆ دەکەین.»

لۆرا تا سی ساڵ پاش مردنی ئەنگڵس لە ساڵی 1895 لە گەڕەکی پیرۆ ژیانیان بەسەر برد، لۆرا ساڵانێکی ژیانی خۆی لەو گەڕەکەدا بە سەختی و هەژاری و تەنیایی بەسەر برد. ئەوێی بە خراپترین قۆناغی ژیانی خۆی وەسفدەکرد. لۆرا لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی 1887 لە نامەیەکدا بۆ ئەنگڵس» ئەم شوێنەی کە ئێمە لێیدەژین دیمەنێکی زۆر جوانی هەیە، بەڵام دڵگیر و ئاسودیی تێدا نییە. هەر کات بۆ سەردانی جێنی شنی خوشکم سەردانی ئارژان توی دەکەم، هەردوکمان نانەی زۆر لە فەڕەنسای جوان دەدەین! کاتێك مارکس لە مانگەکانی ئاب و ئەیلولی 1882 بە مەبەستی چارەسەری نەخۆشی بۆ حەمامی ئاوی دەوڵەمەند بە گۆگردی شاری ئینگن دەچوو لەگەڵ ئەوەش سەردانی شاری لۆزان و ڤەیڤی سویسراشی دەکرد، لۆرا لەو گەشتەدا هاوسەفەرێکی باش بوو بۆ مارکس، کە تەنها چەند مانگێك لە مردنی هاوسەرەکەی تێپەڕیبوو بە هۆی شێرپەنجەوە. هەرگیز نەیدەهێشت باوکی تەنها بێت، بە سەبر و وردبینی زۆرەوە گوێی بۆ ئامۆژگارییەکانی رادەگرت. لەو سەفەرەدا نەك هەر مارکس، کە لە پیاوانی

بەناوبانگی جیهان بوو، بووە جێگەی سەرنج و بایەخی خەڵك، بەڵكو لۆراش كە لەو كاتەدا بە قژی لوولی ئاڵتوونی چاوانی و شێوەوە زۆر جوان بوو سەرنج و نیگای خەڵكی بە لای خۆیدا رادەكێشا. كاتێك شەش مانگ پاش ئەو سەفەرە ماركس كۆچی دوایی كرد. لۆرا كە لە ژینگەی موحافزكاری و پاك داوێنی ژنانەی سەردەمی شاژنە ڤیكتۆریادا گەورە ببوو، تێكرای نامە تایبەتیەكان بە تایبەت ئەو نامە خۆشەویستیی و عاشقانانەی كە باوك و دایكی لە سەردەمی گەنجێتیدا بۆ یەكتریان نووسیبوو خستە ناو ئاگردانەوە، بەو كارەی تاوانێكی گەورەی بەرامبەر بە مێژوو ئەنجامدا.

ئەنگڵس كە لەو سەردەمەدا تووشی شێرپەنجەی قورگ ببوو، رۆژی 14ی تشرینی دووەمی ساڵی 1894، كاتێك لە دوا رۆژەكانی تەمەنی نزیك دەبووەوە، نامەیەكی بۆ لۆرا و ئالنۆر ئەو 2 كچەی كە لە ماركس بەجێمابوون نووسی ئاگاداری كردنەوە كە یەك لە سەر 8ی داراییەكانی خۆی بە هەركام لەوان داوە، ئەو بەو هەنگاوە دڵفراوان و خۆبەخشانەیە دواین هێمای دۆستی و ئەمەكداری خۆی بەرامبەر بە ماركس و خێزانەكەی دەربڕی!

یەكێك لە دواین نووسراوە تایبەتییەكانی ئەنگڵس نامەیەكە كە ئەو لە بەرواری 23ی تەمووزی 1895 لە شاری «ئیست بوورن» بە ئەدرەسی لۆرا ناردوویەتی:«لۆری خۆشەویست»(ئەنگڵس لۆرای بە لۆر بانگهێشت دەكرد)، سبەینێ من سەردانی لەندەن دەكەم. لە دەشتی پەتاتەكانی سەر ملی من (مەبەستی گرێی شێرپەنجەی قورگ و ملی بوو) حاڵەتی تەنگەتاو هاتووەتە ئاراوە كە پێویستە بە هاوارییەوە بڕۆم. سبەینێ دەیانەوێت نەشتەرگەری بۆ بكەن، هیوادارم لە ئەنجامی ئەو نەشتەرگەرییەدا ئاسودەییەكی بەرچاو بەدەست بێت، لەم رێگا دوور و درێژ و پڕ ئازارەدا ئاسایش و ئارامی دروست ببێت، من توانای نووسینی دوورو درێژ و تێرو پڕم نییە. ماڵ ئاوا! من ئەو پیاڵە كۆنیاكە كۆنە كە هێلكەی ئاوێتە كراوە بە خۆشی تۆوە دەخۆمەوە.»

ئەنگڵس كەمتر لە 2 هەفتە پاش نووسینی ئەو نامەیە رۆژی پێنجی ئاب كاتژمێر یازدەی شەو لە تەمەنی 75 ساڵیدا كۆچی دوایی كرد، لە سەر وەسیەتی خۆی هیچ جۆرە مەراسیمێكی ماتەمینی ئاینی بۆ دانەنرا. تەرمەكەی سوتێنراو خۆڵەمێشەكەی لە ناو ئێنجانەیەكدا و بە بەشداری هەشتا كەس لەوانە: ئالنۆری كچی ماركس و خزم و كەس و هاوڕێیانی لە نزیك شاری «ئیست بۆرن» خرایە ناو دەریاوە.

هاوكاری خۆبەخشانە و دڵكراوانەی ئەنگڵس بۆ خێزانەكەی ماركس تەنانەت دوای مردنیشی بەردەوام بوو، بە هۆی جوامێرییەكانی ئەنگڵسەوە لۆرا و هاوسەرەكەی لە میراتە بەجێماوەكەی ئەنگڵس خانوویەكی سێ نهۆمیان كە 3 ژووری هەبوو لە شاری بچووكی «دراڤال» لە نزیك«ژووڤیسی سور ئۆرژ» كڕی. ئەو خانووە لە راستیدا پاركێك بوو كە خاوەنی خانووی تایبەت بە باخەوان و چەند بینایەكی بچووكی دیكە بوو، درەختی زۆر كۆنی تێدا بوو و جاروبار ئاژەڵی راوكەریشی تێدا بوو. كاتێك ئالنۆر خوشكە بچووكەی لۆرا سەردانی لفارگی كرد ئەو دەزگا خنجیلانە و ئەعیان نشینەی بینی، بە هۆی نەفرەت و بێزارییەك كە لە ناخی خۆیدا بەرامبەر بە ئەشراف هەیبوو زۆر نیگەران و خەمناك بوو. ئەو لەو بڕوایەدا بوو كەسانێك كە خۆیان بە سۆسیالیست دەزانن نابێت لە شوێنێكی وەها رازاوە ژیان بە سەر بەرن و داهاتووی ماركسیزم لە فەرەنسا بخەنە مەترسییەوە. لە نامەیەكدا بۆ كارل كوتسكی نووسی:«گوڵخانەكەی ئەو ماڵە بە رادەیەكە كە دەتوانرێت بكرێتە هۆڵی كۆبوونەوەی حزبی، من هێلانە بچوكەكەی خۆمم لە لەندەن زۆر لەو كۆشكە پێباشترە.»

پاول و لۆرا ساڵانی كۆتایی تەمەنی خۆیان لەو خانووە گەورەیەدا تێپەڕاند تا رۆژانی كۆتایی،

**هاوكاری خۆبەخشانە و دلكراوانەی ئەنگلس بۆ خێزانەكەی ماركس تەنانەت دوای مردنیشی بەردەوام بوو، بە هۆی جوامێرییەكانی ئەنگلسەوە لۆرا و هاوسەرەكەی لە میراتە بەجێماوەكەی ئەنگلس خانوویەكی سێ نهۆمیان كە 3 ژووری هەبوو لە شاری بچووكی «دراڤال» لە نزیك«ژووڤیسی سور ئۆرژ» كڕی**

وەکو 2 خۆشەویست پێکەوە ژیان. لەوێدا پێشوازیان لە میوانانی جۆراجۆر کرد. لە ساڵی 1910 ژنو پیاوێکی روسی کە جل و بەرگێکی کۆن و دڕاویان لە بەردابوو، بە سواری پاسکیل لە پاریسەوە بەرەو

سەردانی کردنی لافارگەکان هاتبوون. ئەوان بە رێزگرتنێکی لە رادەبەدەرەوە پێشوازیان لە میوانەکان کردبوو. لە کاتێکدا پاول و پیاوە میوانەکەی سەبارەت بە فەلسەفە مشت و مڕیان دەکرد لۆرا هاوسەرەکەی

ئەوی بردە دەرەوە بە مەبەستی پیشاندانی گوڵ و باخچە و سروشتی ناوپارکی ماڵەکەیان. لەوێدا سەرقاڵی گفتوگۆ کردن بوون سەبارەت بە بارودۆخی ژنانی روسیا لە پەیوەندی بە شۆڕشەوە.

دواتر ئەو ژنە روسیە بە هەستێکی قووڵەوە سەبارەت بە بیرەوەریەکانی خۆی و گەڕان بە ناو باخەکە و قسە و باس کردن لەگەڵ کچەکەی کارل مارکسی بەناوبانگ وەها دەڵێت:« لە کۆتاییدا ئەوە کچەکەی مارکس بوو کە رووبەرووم راوەستابوو، من بەو پەڕی وردبینییەوە چاوم تێبڕی، روخساری باوکیم لەو ژنەدا بینی.»

ئەو دوو کەسە کە لە پاریسەوە بۆ دیدار لەگەڵ پاول و لۆرا هاتبوون،ڤلادیمیر ئیلی لیچ لینین، و هاوسەرەکەی ئەو «نادشدا کۆنستانیڤ نونا کروپس کایا» بوون.

ساڵێک دواتر، لە رۆژی 26ی نۆڤەمبەری 1911، کاتێک باخەوانی خانووەکە چووە ژووری میوانی خاوەن ماڵەکەی بە مردوویی خانم و هاوسەرەکەی لە سەرکورسیەکانیان بینییەوە!

پاوڵ و لۆرا شەوی پێشتر لە پاریس گەڕابوونەوە و هێشتا جلەکانیان نەگۆڕیبوو. لافارگ، دکتۆری خانەنشین کراو، لە رێگەی دەرزی «سی ئانید»ەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی و هاوسەرەکەی هێنابوو. لە بەردەم تەرمەکەیدا نامەیەکیان دۆزیەوە کە لە سەری نووسرابوو، ئەو ساڵانی پێشووتر بڕیاریداوە کاتێک گەیشتە تەمەنی 70 ساڵان کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت: چونکە لەو تەمەنە بەدواوە سەختیەکانی ژیان دەستپێدەکات، ئێستا لە بەر ئەوەی خۆی و لۆرا کەرەستەی پێویستیان بۆ درێژەدان بە ژیانێکی ئاسودە لە بەردەمدا نییە نایانەوێت لە رێگەی کەسانی دیکەوە خۆیان بەخێو



بکەن.»لۆراش پێشنیاری هاوسەرەکەی بۆ کۆتایی هێنان بە ژیانیان قبوڵ کردبوو. ئەو لەو کاتەدا تەمەنی 66 ساڵان بوو و هاوسەرەکەشی تەمەنی 69 ساڵ بوو. ئەوان ماوەی 43 ساڵ پێکەوە ژیان. لە مەراسیمی بەخاکسپاردنی ئەواندا، لینین وەکو نوێنەری پارتی سۆسیال دیموکرات وتەی پێشکەش کرد و لەفارگەکانی بە باشترین بانگەشەکارانی بیر و باوەڕەکانی کارل مارکس لە قەڵەمدا.

### هێلین و هانری فردریك دیموت

مارکس ساڵی 1850 ئاپارتمانێکی سێ نهۆمی بچووکی لە شەقامی دین ژمارە 28 لە گەڕەکی سوهۆ لە لەندەن بە کرێگرت، لە کاتێکدا یەك فلس پارەی لە باخەڵدا نەبوو، لە هەموو لایەکەوە قەرزدار بوو. لەو ڕۆژانەدا 2 ژن لە ماڵەکەی مارکس دووگیان بوون جێنی ژنی خۆی و ئەوی دیکەش هێلین دیموت، کە لە ماڵەکەی ئەودا خزمەتکار بوو لە ناو خێزانەکەیدا لین شن-یان پێدەوت! ڕۆژی 31ی ئازار لە نامەیەکدا بۆ ئەنگڵس وتی:»بەڕاستی من یەك فلسم لە باخەڵدا نییە و باروودۆخی دەروونی خانەوادەکەم زۆر ئاڵۆزو شێواوە.»

ڕۆژی 23ی تەموزی ساڵی 1851، 3 مانگ دوای ئەوەی جێنی کچێکی بوو کە ناوی «فرانسیسکا»یان لێنابوو، ساڵی دواتر کۆچی دوایی کرد، هێلینیش کە لەو کاتەدا تەمەنی 27 ساڵان بوو کوڕێکی بوو و بۆ ڕێزگرتن لە ئەنگڵس کە لە هەموو بوارێکەوە پارمەتیدەری خێزانەکەیان بوو ناوی نایە هێنری فردریك، بەڵام باوکی ئەو کێیە؟ لە ناو ناسنامەکەی ئەو کوڕەدا ناوی دایکی هێلین دیموت بوو، بەڵام ئەو شوێنەی کە ناوی باوکی تێدا دەنووسرێت بەتاڵی مابووەوە!

لەو ڕووەوە کە جێنی گومانی لە ویژدانی ئەنگڵس هەبوو لە پەیوەندی نێوان ئەو و ژنان، ڕازیکردنی بەوەی کە ئەنگڵس باوکی ئەو منداڵەیە کارێکی سەخت نەبوو. ئەو دەیتوانی بە ئاسانی قبوڵی بکات کە پیاوێك کە ساڵانێکی دووروودرێژ لەگەڵ ژنێك بە بێ هاوسەرگیری ژیان بکات (ئەگەرچی ئەنگڵس لەگەڵ ماری برنز لە شاری مانچستەر سەرقاڵی ژیان بوو) لەوانەیە کارێکی دیکەی لەو چەشنە لە ئەو ڕوویدات. (جێگەی سەرنجە لە کاتێکدا ساڵانێکی دوور و درێژ ئەنگڵس پارمەتیدەرێکی مادی گەورەی جێنی و هاوسەرەکەی و منداڵەکانی بوو، چەندین جار ئەوانی لە لێواری هەڵدێر ڕزگار کردبوو، جێنی ئامادە نەبوو هەرگیز ئەو بە ناوی فردریك یان «فرێد» بانگ بکات، بەڵکو بە بەردەوامی «بەڕێز فرێدی پێدەوت»

دوو مانگ بەر لە منداڵ بوونەکەی هێلین، مارکس ئەنگڵسی لە ڕووداوەکە ئاگادرکردەوە، بەڵام بۆ ئەوەی کە هەموو ڕووداوەکـەی بە تەواوەتی ئاشکرا نەکردبێت، مارکس سەرەتا ئاماژەی بە ڕووداوێکی سەیر و سەمەرەدا لە ناو ماڵەکەیدا کە بە ترازێدیۆ کۆمیکی وەسفکرد و لە نامەیەکدا بۆ ئەنگڵس، نووسی:» تێکڕای ئەم حیکایەتە کە تۆ خۆت لە ڕوودانیدا ڕۆڵی گرنگ دەگێڕیت دواتر لە چەند ڕستەیەکدا بۆت شیدەکەمەوە:»

دواتر ڕۆژی دووی نیسان مارکس بۆچوونەکەی گۆڕی و بڕیاریدا ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئـەنـگـڵـس دیدار بکات بابەتەکە بە شێوەی زارەکی لەگەڵیدا بهێنێتە ئاراوە، بۆ ئەو مەبەستە لە نامەیەکدا بۆی نووسی:»سەبارەت بەو بابەتە چاوەڕوانی وەرگرتنی نامە لەلایەن منەوە مەکە بە هەر نرخێك بێت کۆتایی مانگی نیسان دێم سەردانت دەکەم لەو کاتەدا لە بابەتەکە ئاگادارت دەکەمەوە. من بۆ هەشت ڕۆژ لێرەدا بە نەهاتوو هەژمار دەکرێم

ڕۆژی 17ی نـیـسـان مـارکـس سـەردانـی مانچستەری کـرد چەند ڕۆژێـك لـەوێ مایەوە ئەنگڵسی ڕازیکرد بەوەی کە لە پێناو ئەودا ئەرکی باوکایەتی منداڵەکەی هێلین بگرێتە ئەستۆ. کۆرپەیەك کە بە بۆنەی ئـەوەوە نـاوی هێنری فردریکیان لێنابووا لەگەڵ ئـەوەشـدا هێلین دایکی کۆرپەکە بە هـۆی ئـەو ئەمەکدارییەی

**مارکس ساڵی 1850 ئاپارتمانێکی سێ نهۆمی بچووکی لە شەقامی دین ژمارە 28 لە گەڕەکی سوهۆ لە لەندەن بە کرێگرت، لە کاتێکدا یەك فلس پارەی لە باخەڵدا نەبوو، لە هەموو لایەکەوە قەرزدار بوو**

که بەرامبەر بە مارکس و خانەوادەکەی هەیبوو، لە ناخی خۆیدا سوێندی خوارد هەرگیز ئەو نهێنییە ئاشکرا نەکات. رێگەیدا منداڵەکەی بە مەبەستی بەخێوکردن بە خانەوادەیەکی کرێکار بسپێردرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەنگڵس مانگانە بڕە پارەیەکی بۆ بەخێوکردنی منداڵەکە بەو خانەوادەیە دەدا. ئەگەر چێنی بەوەی دەزانی کە هاوسەرەکەی باوکی ئەو منداڵەیە، ئەو هەواڵە دەبووە هۆی لەناوچوونی ئەوا! یان لانیکەم بۆ هەمیشە لە مارکس جیا دەبووەوە. بەو هۆیەوە بوو سەرباری ئەوەی مارکس منداڵان بە تایبەت کوڕی زۆر خۆش دەویست، بەڵام هەرگیز رێگەی بە خۆی نەدا خۆشەویستی خۆی بەرامبەر بە هێنری فریدریك نیشان بدات، یان ئەو بە کوڕی خۆی بزانێت. دوای مردنی مارکس، لین شن چوو بۆ خانووی ژمارە 122ی ریجێنت پارك رۆدو لەوێدا وەکوو خزمەتکار دەستی بەکارکرد، کاتێك کە ئەنگڵس ماڵەکەی بۆ خانووەیەکی گەورەتر لەو گەڕەکە گواستەوە لین شنی بردە ماڵە نوێیەکەی خۆی، بە وتەی لۆرا لافارگ، «لین شن بە هەمان دڵسۆزی و وەفادارییەك کە بەرامبەر بە باوکی ئەو و خانەوادەکەی هەیبووە، خزمەتی ئەنگڵسیشی کردووە. بۆ ئەنگڵس وەکو سەرمایەیەکی گەورە بوو»لە راستیدا هێلین شن بۆ ئەنگڵس کە بە خواردنی بەتام و شەرابی جۆراوجۆر گرنگی دەدا و زۆرجار سفرەی رەنگاورەنگی بۆ هاوڕێکانی رادەخست یاریدەدەرێکی زۆر بەسوود بوو. لەو حاڵەتانەدا لین شن لە سەر مێزی میوانییەکان جێگەی خانمی ماڵەکەی دەگرتەوە. کوڕەکەی ئەوا(کە باوکی راستەقینەی کارل مارکسی بەناوبانگ بوو) هەفتەیەك یەك جار دەچووە ماڵی ئەنگڵس بۆ بینینی دایکی کوڕەکە. بەڵام بە هۆی ئەوەی ئەو کرێکارێکی ئاسایی بوو (بە گوێرەی رێوڕەسمی ئەو سەردەمە)لە دەرگای چێشتخانەکەوە دەچووە ژوورەوە.

لین شن رۆژی 4ی تشرینی دووەمی 1890 بە هۆی شێرپەنجەی ریخۆڵەوە، کە بووە هۆی کونبوونی ریخۆڵە و هەوکردنی ناوسکی کۆچی دوایی کرد. کۆچی دوایی ئەو خەمێکی قوڵی لە ناخی ئەنگڵسدا دروست کرد.

مارکس لە رۆژی 5ی تشرینی دووەمدا هەستی قوڵی خۆی لە پەیوەند بەو رووداوە ناخۆشە بۆ هاوڕێی هاوبەشی خۆی و مارکس، فردریش ئادلۆف زۆرگە کە لە شاری هۆبۆکن لە ویلایەتی نیوجەرسی لە ئەمەریکا ژیانی بە سەر دەبرد لەم نامەیەدا شیکردەوە:«ئەمرۆ هەواڵێکی دڵتەزێنت پێدەدەم، لین شینی بە ئەمەك و هەرەباشی من دوێنێ، پاش نەخۆشییەکی کورتخایەن تا رادەیەك کەم ئازار ئەم جیهانەی بەجێهێشت. ئێمە ماوەی حەوت ساڵ لەو پەڕی رێز و خۆشیدا لەم ماڵە پێکەوە ژیاین. لە سایەی سەری ئەو ژنە باوەفایەوە بوو! ئێستا لەمە بەدواوە چۆن دەبێت، نازانم؟ جگە لەوەش لە رێنوێنییە خێرەکانی ئەو کە دەربارەی کاروباری حزب دەیکرد بێبەش دەبم.»

دوای مردنی لین شن راستی ئەوەی کە کێ باوکی راستەقینەی کوڕەکەی بووە بە تێپەڕبوونی کات دەرکەوت. دوای ئەوەی رۆژی نۆی تشرینی دووەمی ساڵی 1890 لین شن لە گۆڕستانی های گیت بە خاك سپێردرا، ئەنگڵس لە نامەیەکدا بۆ خانمی «لویز کوتسکی» کە خەڵکی ڤیەننا و هاوسەرەکەی لە بانگەشەکارانی باوەڕەکانی مارکس بوو و لەو کاتەدا لە هاوسەرەکەی جیابووەوە، نووسی و داوای لێکرد کە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ماڵەکەی بێتە لای ئەو:«تۆ گەنجیت و داهاتوویەکی دوور و درێژت لە بەردەمدایە. من سێ هەفتەی دیکە تەمەنم دەبێتە 70 ساڵان و تەنها ماوەیەکی کورتم لەم دنیایەدا بۆ ماوەتەوە.»

لویز داواکارییەکەی ئەنگڵسی قبوڵ کرد و لە مانگی کانوونی یەکەمدا رۆشت بۆ لەندەن، لە ماڵی ئەنگڵسدا وەکو یاریدەدەری ئەو دەستی بە کارکرد. ئەو ژنێکی تەمەن سی ساڵانی جوان و دەم بە پێکەنین و هەمیشە سروشتێکی باشی هەبوو. هەرگیز پەیوەندییەکی دیکە لە نێوان ئەو ئەنگڵس نەهاتە ئاراوە. ئەنگڵس لەو بارەیەوە بۆ یەکێك لە هاوڕێکانی نووسی:«لویز ماڵدارێکی باشە و لەگەڵ ئەوەش لە هونەری چێشتلێنان باش تێدەگات. پێموانییە ماڵدار بوونی تەنها لەو رووەوە بێت کە من و ئەو ژن و مێرد نین. من زۆر خۆشحاڵم لەوەی کە پەیوەندی نێوان من و ئەو لەم ئاستەی ئێستادا دەمێنێتەوە، چونکە بە خۆی زۆری مەودای تەمەنی نێوانمان پەیوەندی سێکسی لە چوارچێوەی هاوسەرگیری یان بێ هاوسەرگیری شیاو نییە. لە وەها حاڵەتێکدا بیرکردنەوەیەکی دیکە جگە لە ماڵداری بۆ ئەو نامێنێتەوە.»

لویز تەنانەت دوای مردنی ئەنگڵسیش لە ماڵەکەی ئەو مایەوە و بە زوویی لەگەڵ یەکێك لە هاوڕێیانی ئەو بەناوی دکتۆر «لودویك فرای برگێر» کە پزیشکێکی خەڵکی شاری ڤیەننا بوو، پێشتریش چەندین جار هاتبووە ماڵی ئەنگڵس هاوسەرگیری کرد. هەردووکیان لەو ماڵەدا کە هی ئەنگڵس بوو درێژەیان بە ژیاندا. لەو ماڵەدا

بوو کە ئەنگڵس ئاستامەی باوکی کوڕەکەی لین شنی بۆ لویز ئاشکرا کرد ئەویش دوای مردنی ئەنگڵس ڕاستییەکەی لە ناو هاوڕێیانیدا باسکرد. (لەگەڵ ئەوەشدا ئەنگڵس «فـردی» کـوڕی لین شنی هاندا بۆ ئەوەی درێژە بە دیدارەکانی خۆی بۆ ماڵەکەی ئەنگڵس دوای مردنی دایکی و کاتی مانەوەی ئەنگڵس و ئێستاش) بدات، وەکو میوانەکانی دیکە لە دەرگای پێشەوە بێتە ژوورەوە .» (لە مانگی تەموزی 1894 کاتێك کە هاوڕێیانی ئەنگڵس لە ماڵەکەی ئەو کۆببوونەوە لە چاوەڕوانی هەواڵی ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەڵمانیا دانیشتبوون و بیرەیان دەخواردەوە«فرد دیمۆت» کە دایکی لین شن دیمۆت و باوکی کارل مارکسی بەناوبانگ بوو لە ناو ئامادەبووانیدا بووا!)

سـەبـارەت بـە چـارەنـووسـی «فـردی» بەڵگەنامەیەکی ئەوتۆ لە بەردەستدا نییە، لە ئەرشیڤی شاری ئەمستردام(ژمارە 280) نامەیەك ماوەتەوە کاتێك کە لە «ئاپر کالاپتۆن» ی لەندەن ژیانی کردووە نامەیەکی بۆ لۆرا لافارگی خوشکی نووسیوە. ئەو نامەیە کە لە بەرواری10ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1910 نووسراوە داڕشتەکەی دەریدەخات، کە کەسێك بووە ئاستی خوێندواری نزم بووە و ڕەنگە سەر بە چینی کرێکاران بووبێت. دەقی نامەکە ئاماژە بە دەستکورتی و نیگەرانییەکانی نووسەر بەرامبەر بە ژیانی خۆی و خێزانەکەی حیکایەت دەکـات، وەکو ئەو نامانەی کە کارل مارکس بە بـەردەوامـی بۆ ئەنگڵسی دەنـووسـی!:«لـۆرای خۆشەویستم، ئەو ماوەیەی کە ئاگام لێت نییە ئەوەندە دوور و درێژ بووەتەوە کە من خۆم ڕێگا بە خۆم دەدەم نامەیەکت بۆ بنوسم. شتێك کە لە ڕاستیدا پێویست بوو زۆر پێشتر لەمە ئەنجامم بدایە، بەڵام بە بەردەوامی نووسینی ئەم نامەیەم دواخست، بۆ ئەوەی کە بتوانم هەواڵی خۆش لە خۆم و کوڕەکەم و خێزانەکەی ئاراستەی تۆ بکەم، ئێستاش خۆشحاڵم لەوەی دەتوانم سەبارەت بە خۆم ئاگادارت بکەمەوە کە سەلامەتم.»

فـردی دواتـر لە درێـژەی نامەکەیدا دەڵێت سەرقاڵی کارکردنە و ئێستا لە ماڵێکی باشتردایە لە لەندەن. شتێك کە ساڵێکی دوورو درێژ لە هەبوونی بێبەشبووم. ئەو نووسیویەتی لەگەڵ یەکێك لە هاوکارانی کە ماوەیەکی دووردرێـژ پێکەوە ئاشنابوون لەگەڵ ژنەکەشی پێکەوە لە یەك خانوودان و ئـەوان ڕێـزی زۆری لێدەگرن وتوویشیەتی کـە کـوڕەکـەی شۆفێری تەکسی کۆمپانیایەکی فەرەنسییە و دەبێت شەوانیش کار بکات، لە کاتژمێر 8ی ئێوارەوە بۆ 6ی بەیانی و لە هەفتەیەکدا 6 ڕۆژ کار دەکات و لە هەفتەیەکدا 22 شلینگ وەردەگرێت، وتوویشیەتی ژنی کوڕەکەی و منداڵەکانی هەموویان باشن،بەڵام بەداخەوە پێویستە بڵێم کە کچێکی دیکە بە منداڵەکانم زیاد بووە.»

لێرەی نامەکەدا فردی دەربڕینێکی هەیە کە لە ڕونگەی سۆسیالیستی و زانستی کۆمەڵناسییەوە گرنگە (سەدبریا باوکی ڕاستەقینەی ئەو زیندوویوایە و بیخوێند بایەتەوە) :«من زۆر نیگەرانم کاتێك دەبینم ئەو باوك و دایکە گەنجە ڕووبەڕووی ئەو هەموو کیشەیە لە ژیانیاندا بوونەتەوە. بە بڕوای من خستنەوەی ئەم هەموومنداڵە جۆرێکە لە تاوان بەڵام پێموایە ئەم دۆخە هەر بەم شێوەیە ماوەیەکی زۆر بـــەردەوام بێت. تا کاتێك کە کۆرپەیەك لە ماڵێکدا هۆکاری خۆشبەختی بێت نەك بیێتە هۆی نەهامەتی و کوێرەوەری!» دواتر «فردی» لە کۆتایی نامەکەدا داوا لە لۆرا دەکات کە ئایا دەتوانێت خزمەتێکی بچووکی پێبکات؟ «لە یەکێك لە ڕۆژنامەکاندا خوێندوومەتەوە کە لەوڵاتی ئوستراڵیا کۆمپانیایەکی ئەنداژیاری بەناوی برایانی دیمۆت هەیە، چۆن دەتوانین بزانین ئایا ئەم کۆمپانیایە پەیوەندی بە دایکمەوە هەیە یان نا؟ ئەگەر وەها پەیوەندییەك هەیە، ئایا لە لەندەن لقی هەیە؟ ئەگەر لقی هەیە ئایا دەکرێت کارێکی باشتر بە کوڕەکەی من بدەن؟ زۆر داوای لێبوردن دەکەم کە لەم نامەیەدا ئەوەندە باسی مەسەلەی

**اول و لۆرا سالانی کۆتایی تەمەنی خۆیان لەو خانووە گەورەیەدا تێپەڕاند تا ڕۆژانی کۆتایی. وەکو 2 خۆشەویست پێکەوە ژیان. لەوێدا پێشوازیان لە میوانانی جۆراجۆر کرد**

تایبەتی خۆمم کردوەو سەرتم ئێشاندووە، بەڵم دەزانم کە تۆ هەوڵ دەدەیت پارمەتیم بدەیت، چونکە کورەکەی من و منداڵەکانی تەنها بوونەوەرانێکن لەم جیهانە کە لە خودی منن و هەر پارمەتییەکم لە دەست بێت دەبێتە هۆی خۆشحاڵی ئەوان.»

(لە دەفتەری تۆماری مردوانی لەندەندا ناوێك هەیە بەناوی فردریك لویی دیمۆث، پیشە، ئەندازیار، بەرواری مردن 28ی کانوونی دووەمی ساڵی 1929 لە تەمەنی 76 ساڵندا، بەڵم ئەگەری ئەوە لە ئارادایە ئەوە دیمۆتێکی دیکە بێت)

## ئالنۆر(تووسی)

ئالنۆر لە بەرواری 16ی کانوونی دووەمی ساڵی 1855، یەك مانگ پاش چل و یەکەمین ساڵیادی لەدایکبوونی دایکی لە شاری لەندەن لە دایکبوو. ئەو دواین منداڵی کارل مارکس بوو کە گەیشتە تەمەنی پیری(منداڵێکی دیکەی لە ساڵی 1857 لە دایکبوو، بەڵم زۆری نەخایاند کۆچی دوایی کرد)

بە رەواڵی پێشوو چەندین ناوی جۆراوجۆریان بۆ دانا کە لە نێوان خۆیاندا بەو ناوانە بانگیان دەکرد، بەڵم ناوی «تووسی» ناوێك بوو کە جێکەوت و هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە ئالنۆر پشیلەی زۆر خۆش دەویست و لە کاتی منداڵیدا کاتێك لەگەڵ پشیلەکان گەمەی دەکرد لە بری «پوسی» بە «توسی» بانگی دەکردن.

سەرباری ئەوەی کاتی لە دایکبوونی ئالنۆر مارکس زۆری پێناخۆش بوو کە کوڕ نەبووە، بەڵم وەکو دانیشتوویەکی تازەی جیهان خۆشحاڵیشی دەربڕی و پێشوازی و بەخێرهاتنی لێکرد! لە ناو خێزانی مارکسدا هەموو ئەندامان زۆر لە یەکتری نزیك بوون بە راستی وەکو گیانێك لە چەند جەستەدا پێکەوە گرێدرابوون. بە زوویی ئالنۆر کە بچووکترین بازنەی ئەو زنجیرە بوو شوێنێکی تایبەتی مسۆگەر کرد و «وەکو بوکەڵەیەکی گشتی، بە تایبەت خوشەکانی ئەو جێنی شن و لۆرا کە یەکێکیان پانزە ساڵ و ئەوی دیکەیان دە ساڵ لەو گەورە تر بوون ئەویان زۆر خۆش دەویست بە وتەی لیب کنێخت، هاورێی مارکس کە زۆرجار سەردانی ماڵی ئەوی دەکرد:« ئەو کچە خوێن شیرینەو وەکو گولۆڵەیەکی خڕە.»

دایکی ئالنۆر سەبارەت بەو وەها دەنووسێت:«ئەو کۆرپەیە کاتێك لەدایکبوو کە ئێنگار کوڕە خۆشەویستەکەی تازە مردبوو، ئەو هەموو عەشق و خۆشەویستییەی کە ئێمە بۆ ئەومان هەبوو لە سەر ئەو کچە بچکۆلەیە چڕ بووەوە، کە خوشکە گەورەکانی وەکو منداڵی خۆیان خۆشیان دەویست، لە راستیدا کەمتر منداڵێك وەها جوانییەکی هەیە، جوانی و ناسکی ئەو هاوشێوەی جوانی تابلۆیەکی نیگارکێشییە.

خوێن شیرین بوونەکەی ئەو بە هۆی زمان خۆشی و ئەو چیرۆکە خۆشانەوەیە کە دەیگوازێتەوە. ئەو حیکایەتەکانی لە براکانی گریم کە بە بەردەوامی و بە شەو رۆژ بونە هۆی سەرقاڵ کردنی ئەو فێر ببوو. ئێمە گەورەکان بە بەردەوامی کتێبی چیرۆکی براکانی گریم بۆ ئەو دەخوێنێتەوە، هاوار لەو رۆژەی کە ئێمە لە کاتی گێڕانەوەیدا وشەیەك یان رستەیەك تێبەڕێنین ئالنۆر کە دەقی چیرۆکەکانی وشە بە وشە لە بەرە، دەستبەجێ ناڕەزایی دەردەبڕێت و هەڵەکە راست دەکاتەوە.»(براکانی گریم لە چیرۆك نووسە بەناوبانگەکانی ئەڵمانیان کە زۆرێك لە حیکایەتەکانی ئەوان هێشتا لەناوخەڵکدا بەتایبەت لە ناومنداڵندا جێگەی تایبەتی هەیە)

لە کۆتاییدا جێنی دەنووسێت:« ئالنۆر خۆشەویستی راستەقینەی مارکسە. بە پێکەنین و قسە شیرین و خۆشەکانی خۆی خەمەکانی دەڕەوێنێتەوە» توسی لە راستیدا بووە سەرقاڵکەرێکی راستەقینە بۆ مارکس، مۆڵەتی ئەوەی پێدرابوو بەوجۆرەی کە پێی خۆش بێت لەگەڵ باوکی گەمە بکات ، نووسینەکانی ئەوی خەت خەتی دەکردەوە، لە کاتێکدا مارکس بە گوڵ پەرچەمەکانی ئالنۆری دەڕازاندەوە ئەوی سواری سەرشانی خۆی دەکرد و لە باخچەییەکی بچووکدا کە لە بەردەم ماڵەکەیاندا بوو لاسایی ئەسپەکانی دەکردەوە. توسیش وەکو خوشکەکەی ستایشی باوکی خۆیی دەکرد و بە راستی هەر ئەو خۆشەویستییەی ئەو بەرامبەر بە باوکی بوو، کاریگەرییەك کە هۆگری باوکی بەرامبەر بە ئەو هەیبوو بووە هۆی ئەوەی لە گەورەییدا ببێتە هۆی خەم و ناڕەحەتی ئالنۆر!

ئالنۆر لە بواری شێوە و سروشتەوە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ خوشکەکانی خۆی هەبوو، ئەو بە پێچەوانەی خوشکەکانی هەستێکی شۆرشگێرانەی تێدا بوو، سیفاتی تایبەت بە کچان و ژنانی کەمتر تێدا بەدیدەکرا، ئەگەرچی خوشکەکانی ئەو قژی ئاڵتونی و سروشتی جوان و ژنانەیان هەبوو، قژی ئالنۆر رەش بوو چاوانێکی بریقەدار و رەشی هەبوو لەو بارەوە هاوشێوەیەکی زۆری لەگەڵ باوکی هەبوو. بە تایبەت ئەستوری لووتی هاوشێوە بوونی ئەوی لەگەڵ باوکی کامڵ دەکرد. ئالنۆر سەبارەت بە خۆی دەیوت:«بەداخەوە لە بری ئەوەی لە بلیمەتبوونی باوکم شتێك بە من بگات لووتی باوکمم بە میراتی بردووە» توسی

لە ڕاستیدا لە هەموو بوارێکەوە هاوشێوەی باوکی بوو سروشتێکی هاوشێوەی سروشتی باوکی هەبوو، وەکو باوکی بەهێز و بە وزە بوو لە ڕادەبەدەر هۆگری سیاسەت هەبوو. مارکس هەمیشە دەیوت لە کاتی ژیینداا هەڵەیەك لە هاوسەرەکەیدا ڕوویداوە» لە بری کوڕ کچێکی بووە» ئالنۆر پاش مردنی دایك و باوکی دەیوت:»ئەگەرچی باوکم جێنی شن، خوشکە گەورەکەمی لە هەموان زیاتر خۆش دەویست، بەڵام هەمیشە دەیوت:»جێنی شن وەکو من نییە، ئالنۆر وەکو منە!»

لەو ڕووەوە کە ئالنۆر لە لەندەن لە دایکبووو خوێندنی لەوێ تەواوکردبوو، سروشتێکی بەریتانی هەبوو. زمانی ئینگلیزی زمانی سەرەکی ئەو بوو، بەڵام ئەو زمانەکانی دیکە بە تایبەت فەرەنسی و ئەڵمانی بە باشی دەزانی، بە جۆرێك کە دواتر وەکو وەرگێڕی ئەو 2 زمانە کاری دەکرد. دەنگی شێوازی ئەداکردنی وشەکانی ئەو وەکو ئەوە وابوو بۆ گۆرانی وتن و وتارپێشکەش کردن دروست کرابێت، وەکو دایکی زۆر حەزی لە سەیرکردنی شانۆ گەری بوو لە لایەنگرانی سەرسەختی »هنری ئێرڤینگە» ئەکتەری بەناوبانگی شانۆگەری نامەکانی شکسپیر بوو جاروبار خەیاڵی ئەوەی لە مێشکدا بوو کە ڕەنگە ڕۆژێك خۆی لە سەر سەکۆی شانۆ ببینێت، بەڵام لە هەموو شتێك زیاتر حەز و خولیای سیاسەتی لە سەردا بوو، سەباری ئەوەی کە کاتی دەستپێکردنی شەڕی ناخۆی ئەمریکا ئالنۆر تەنها شەش ساڵن بوو، ئەو بە درێژایی ئەو ماوەیە هەموو ڕۆژێك لە سەر نەخشە بەدواداچوونی بۆ ڕووداوەکانی ئەو جەنگە دەکرد، داوای لە باوکی دەکرد ڕووداو گۆڕانکارییە گرنگەکانی بەرەی جەنگی بۆ باس بکات. ئالنۆر ساڵانی دواتر لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا نووسی:»لەو سەردەمەدا من دڵنیا بووم لەوەی کە »ئابراهام لینکۆڵن» سەرۆکی ئەمریکا بە بێ ڕێنوێنییەکانی من هەرگیز ناتوانێت لەو جەنگەدا سەرکەوتوو بێت، هەموو ڕۆژێك نامەم بۆ دەنووسی و پێداگریم لە سەر ئەوە دەکرد کە »موهر» (ناوی باوکی لە ناو خێزاندا» ئەوانە ببات بۆ پۆستەخانە... و ساڵانێکی دواتر، ئەو نامانەی کە ئەو نەخستبووە سندوقی پۆستەوە و لە لای خۆی کۆی کردبووەوە نیشانی مندا و هەردووکمان زۆر پێکەنین»

ئالنۆر لە ساڵی 1876، لە تەمەنی بیست و یەکساڵیدا لە بەرژەوەندی خاتمی وێست لیك کە ژنێکی ڕۆشنبیر بوو و لەکاروباری کۆمەڵایەتیدا پێشکەوتوو بوو و پێشنیاری پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی مامۆستایانی پێکرابوو، لە دژی کاندیدی پارتی کڵێسەکان (کە داوای لەناوبردنی پەروەردەی ناچاری دەکرد) چالاکییەکی زۆری کرد و لە هەموو دەرگایەکی دەدا لەگەڵ خاوەنەکانی موناقەشەی دەکرد، لەو هەنگاوەش ئەزموونێکی زۆر سودمەندی بۆ چالاکییە سیاسیەکانی داهاتوو بە دەستهێنا:»لە یەکێك لە ماڵەکاندا پرسیاری ئەوەم لێکرا پێویستە کڵێسە چ ئایینێك پەسەند بکات؟ لە ماڵێکی دیکەدا پێیان وتم خوێندنی ناچاری دەبێتە هۆی نەهامەتی بۆ وڵات... و هتد لە ماڵی کرێکارێکدا خاوەن ماڵەکە وتی: من لەم بارەیەوە بۆچوونێکی تایبەتیم نییە. دەبێت لە گەورەکەم پرسیار بکەم.. بە ڕاستی چەندە گاڵتەجاڕانەیە و لە هەمان کاتدا جێگەی داخە کە خەڵك سەبارەت بە خوێندن و پەروەردە وەها بیر دەکەنەوە!»

## ئەنتەرناسیۆناڵی دووەم

دوای ئەوەی کە ئالنۆر چووە ناو پارتی سۆسیالیستەکانەوە، ئەو لەگەڵ ئەنگڵس لە ساڵی 1889»ئەنتەرناسیۆناڵی دووەم»یان پێکهێنا. ئالنۆر قسەکەر و وتاربێژێکی بەتوانا بوو و کاتێك کە ئەو (پاش »هێنری مایرس هیندمان» کە دامەزرێنەری فدراسیۆنی دیموکراتەکان بوو) وتەیەك سەبارەت بە ساڵیادی کۆمۆنی پاریس پێشکەش کرد، هیندمان ڕایگەیاند:»ئەمە یەکێك لە باشترین وتارەکانە کە من بە درێژایی تەمەنم بیستوومە. بە ڕاستی ئەم ژنە وەکو پێغەمبەرەکانی سەدەکانی ڕابردووی ڕەگەزی خۆی قسە دەکات و هاوشێوەی هەمان پەیامە خواوەندییەکانی ئەو سەردەمە لە ناخی ئەودا کۆکراوەتەوە.»

ئالنۆر هاوشێوەی باوکی جەنگاوەر بوو و تەنانەت لە پۆلیسیش نەدەترسا، کاتێك میشێل داڤیت سەرکردەی بزوتنەوەی ئێرلەندییەکان کە بۆ ڕزگارکردنی ئێرلەندا لە ژێر چەپۆکەیی بەریتانیا خەباتی دەکرد دەستگیر کرابوو و ڕەوانەی ئیدارەی پاولیسیان کرد، خەڵکانێکی زۆر بۆ پشتیوانیکردنی لە بەردەم بنکەی پۆلیس کۆبیوونەوە. ئالنۆر پرسیاری لە پۆلیسێك کرد کاتێك لە دەوروبەری بنکەکەی پاسەوانی بوو، ئایا میشێل داڤیت هێشتا لە ناو بنکەکەیە؟ کاتێك پاسەوانەکە بە لەهجەیەکی ئێرلەندییەوە وتی:» نا من بۆ خۆم ڕەوانەی زیندانم کردووە» ئالنۆر بەوی وت:»ئەگەر لە تەواوی لەندەن بەریتانییەك دەست نەدەکەوت کە تۆی ئێرلەندی دەبێت وەها کارێکی قێزەون جێبەجێ بکەیت؟ ئەو کە بۆ ڕزگارکردنی نیشتیمانەکەی تۆ دەجەنگێت بیخەیتە زیندانەوە!؟» لە وەڵامدا ئەو پۆلیسە تەنها

به گرژییەوە سەیرێکی ئالتۆری کرد! کاتێك ئالتۆر ئاوڕی دایەوە بۆ ئەوەی لە شوێنی رووداوەکــە دوور بکەوێتەوە، کەسێکی دیکە هاتە پێشەوە و دەستی ئەوی گرت و وتی: من ئێرلەندیم، رێگە بدە من لەلایەن خۆم و هەموو ئێرلەندییەکانەوە سوپاسی تۆ بکەم.»

ئالتۆر بە هەمان رادەی باوکی سەخت و چاونەترس بوو فرانسیسکا کچی دکتۆر کوگلمانی هاوڕێی مارکس لەو بارەیەوە نووسیویەتی:» ئالتۆر بە ئەندازەیەك چاونەترس و بوێر بوو ئەوەی کە لە بیر و زەینیدا بوو بە بێ هیچ تەشریفاتێك دەریدەبڕی!»

ساڵی 1872، لە تەمەنی 17 ساڵیدا توسی بە سەختی عاشقی رۆژنامەنووسێکی سی و چوار ساڵەی خۆویستی فەرەنسی بە ناوی «ئۆلیڤار لیساگاری» بوو. ئەو لە کۆمۆنیستەکانی فەرەنسا بوو کە بەرەو بەریتانیا رایکردبوو، بۆ ماوەیەکی کورت لە لەندەن رۆژنامەی «رەش و سووری» بڵاو دەکردەوە کە دوای چاوپێکەوتنێك سەرنجی توسی بۆ لای خۆی راکێشا. بەرواڵەت ئەو ئەوەندە سەرنجڕاکێش نەبوو، بەڵام ئەو لە نەجیب زادەکانی باسکی فەرەنسا بوو کە ئازناوی کنتی خۆی وەلانابوو چووبووە ناو بزوتنەوە کۆمۆنیستیەکانەوە، بەو بۆنەیەوە خێزانەکەی ئەویان ئاق کردبوو. بە رواڵەت ئۆلیڤار ئەوەندە سەرەنجڕاکێش نەبوو، سـەربـاری ئـەوەی مارکس سـەبـارەت بە کۆتایی هاتنی نووسینی کتێبێك کە ئۆلیڤار لە ژێر نـاوی» مێژووی شۆڕشی کۆمۆنی پاریس لە ساڵی 1871 بە دەستەوە بوو ئەوی هاندا لە وەرگێرانی ئەو کتێبەدا بە زمانی ئەڵمانی یارمەتییەکی زۆری بەو کرد.

ئەوە روون نییە کە بە چ هۆکارێك بەرامبەر بەو کەسە هەستی بە نەفرەت و بێزاری دەکرد بەتایبەت هەرگیز پێی خۆش نەبوو رۆژێك لە رۆژان ئەو ببێتە زاوای، سـەربـاری ئـەوەی مارکس نەیدەویست هەست و سۆزی لە رادەبەدەری کچەکەی لەبەرچاو نەگرێت، ئـەویـەڕی هەوڵی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی کچەکەی لەو بڕیارە پەشیمان بکاتەوە. لەو بارەیەوە لە نامەیەکدا لە بـەرواری سی و یەکی مانگی ئایار لە نامەیەکدا بۆ ئەنگڵس نووسی:» توسی، من بە نـادادپـەروەری بەرامبەر بە ئۆلیڤار تۆمەتبار دەکـات، لە کاتێکدا لە راستیدا ئـەوەی کە من لە ئۆلیڤاری چـاوەڕوان دەکــەم ئەوەیە کە لە بری وتار پێشکەش کردن لە کۆنگرە و بەرزە فڕییەکانی، بە کردەوە بیسەلمێنێت کە کەسێتی خۆی باشترە لەناوبانگەکەی و دەرییخات کە بە چ هۆکارێك دەبێت من متمانەی پێبکەم. ، ئەوەی کە زیاتر لە هەر شتێك ئازارم دەدات ئەوەیە کە لەبەر ئەوەی نامەوێت کچەکەم برەنجێت، ناچارم دەم و زمانی خۆم کۆنترۆڵ بکەم.»

لەو نێوەندەدا توسی خۆشی لە نێوان دوو هەستی ناکۆکدا مابووەوە: لە لایەك بە سەختی گرفتاری عەشق بەرامبەر بە ئۆلیڤار ببوو و لە لایەکی دیکەش، لە رادەبەدەر باوکی خۆش دەویست رێزی لە ویست و چاوەڕوانییەکانی ئەو دەگرت نەیدەویست بە بێ مۆڵەتی باوکی هەنگاوێکی گەورە لە ژیاندا هەڵبگرێت و هەستی باوکی بریندار بکات. سەرباری ئـەوەش توسی و ئۆلیڤار بـوون بە دەزگـیران! توسی لە شـاری «بـرای تـون» کە لەوێدا سەرقاڵی مامۆستایی بوو نامەیەکی بۆ باوکی نووسی و داوای لێکرد کە ئەو وئۆلیڤار یەکتری ببینن(ئەو نامە قوڵی هەستی عاشقانەی توسی و ئازاری دووری خۆشەویستەکەی دەردەخــسـت):»بـاوکــی خۆشەویستم: دەمەوێت بزانم کەی دووبـارە دەتوانین ئۆلیڤار ببینین؟ من بەرگەی نەبینینی ئەو ناگرم. من تا ئەو جێگەیەی کە لە توانامدا هەبووە دانم بەخۆمدا گرتووە. زۆر زۆر سەختە و پێموانییە لەمە زیاتر بەرگە بگرم و سەبر بکەم من چاوەڕوانی ئەوە لە تۆ ناکەم بەو بڵێیت بۆ بینینی من بێتە ئێرە. جگە لـەوە خۆشم وەهـا شتێکم ناوێت، بەڵام ئایا ئێمە دەتوانین جار و بار پێکەوە بچینە گەشت و سەیران؟ لە رابردوودا تۆ رێگات بە من دەدا لەگەڵ «ئوتلاین» و «فرانکل» بڕۆمە گەشت و سەیران، بەڵام بۆچی ناتەوێت لەگەڵ ئۆلیڤار هەمان کار بکەم؟ بەتایبەت هیچ کەس پێی سەیر نابێت ئەگەر ئێمە دوانی پێکەوە ببینێت، هەمووئەو کەسانەی کە ئێمە دەناسن دەزانــن ئێمە پێکەوە دەزگیرانین. لەو رۆژانەدا کە من لە «برایتۆن» نەخۆش بووم (لەو دوو هەفتەیەدا کە من رۆژانە دوو یان سێ جار دەبووراوەوە) ئەو هەموو رۆژێك سەردانی منی دەکرد و هەموو جارێك بە بینینی ئەو بەهێزتر و شادمانتر دەبووم، هەڵگرتنی ئەو بارە گرانەی کە لە سەر کۆڵی من بوو ئاسانتر دەکــرد، ئێستا ماوەیەکە ئەوم نەبینیوە و ئێستا ئیتر سەرباری ئەوەی دەمــەوێــت دانبەخۆدا بگرم و خــۆم بە دڵخۆش و شادمان نیشان بدەم، بەڵام ئەم هەوڵانە ئیتر کاریگەر نین! ئیتر زیاتر لەمە زیاتر توانام نییە!»


توسی لە کۆتاییدا دەڵێت:» باوکی خۆشەویستم، قبوڵی بکە، ئەگەر من دەمــتـوانـی جـاوربـار ببینم، بینینی ئــەو هــەمــووجــارێــك لــەو دەرمــانـە کـاریـگـەرتـرە کـە خـانـمـی ئـانـدرسـۆن بە

مەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشیەکەم دەپێووسێت!»

بە هۆی ئەوەی مارکس نیگەرانی تەندروستی ئالێۆر بوو، لە بەرامبەر داواکارییەکانی ئەودا خۆڕاگری نەکرد. لەو پەیوەندیەدا لە نامەیەکدا لە بەرواری 4ی ئابی 1878 بۆ دکتۆر کوگلمانی نووسی:« لەم بارەیەوە خۆڕاگری من زۆر کەمترە لە بابەتەکانی دیکە، دۆخی تەندروستی توسی و هەستی باوکایەتیم ڕێگەم پێنادات کە لەمە زیاتر سەختگر بم.» سەرباری ئەوەش مارکس ڕازی نەبوو ئۆلیڤار بێتە زاوای، جگە لەوەش ئەندامانی دیکەی خێزانەکەی مارکسیش دژی هاوسەرگیری نێوان ئالێۆر و ئۆلیڤار بوون، کاتێک بۆ بینینی ئالێۆر سەردانی ماڵی مارکسی دەکرد هەمووان بەرامبەر بەو روویان گرژ دەکرد(لە ساڵانی دواتردا کە هێشتا ئالێۆر دەزگیرانیەکەی خۆی لەگەڵ ئۆلیڤاتر هەڵوەشاندبووەوە، کاتێک کە ئەوان بۆ بینینی لۆرا سەردانی لەندەنیان دەکرد، خانەوادەکەی ئامادە نەبوون تەوقە لەگەڵ ئۆلیڤارەوە بکەن!)

توسی تا ئەو جێگەیەی کە گونجاو بوو بەرامبەر بە هەردووکیان باوکی و دەزگیرانەکەی وەفادار بوو. ئەو شانازی بە دەزگیرانییەکەی لەگەڵ ئۆلیڤار دەکرد و لە وەرگێڕانی کتێبەکەی دەزگیرانەکەیدا بە زمانی ئەڵمانی هاوکارییەکی زۆری کرد و دوای ئەوەی ئەو کتێبە بە زمانی ئەڵمانی چاپ کرا، بەرگێکیان بۆ «هاین ریش گرتس» مێژوو نووسی بەناوبانگ برد کە مێژووی نەتەوەی جولەکەی نووسیبوو و لە ساڵی 1867دا، کاتێک کە ئالێۆر لەگەڵ باوکی بە مەبەستی چارەسەری ڕۆشتبوون بۆ ئاوە کانزاییەکانی کارلسباد لەگەڵ ئەو ئاشنا ببوو) گرتس لە بەرامبەردا پیرۆزبایی لە دەزگیرانییەکەی نێوانیان کرد و رایگەیاند، کتێبی «مێژووی کۆمۆنی پاریس ساڵی 1871»، بە شێوازێکی زۆر گونجاو و لێبڕاوانە نووسراوە»(گرتس خۆی زیاتر لە 22 ساڵی تەمەنی تەرخان بە نووسینی مێژووی نەتەوەی جولەکە کردبوو، ئەو کتێبە لە ساڵی 1891 لە پێنج بەرگدا بە زمانی ئینگلیزی چاپ و بڵاوکرایەوە، لە ئێستادا یەکێک لە گرنگترین بەڵگەنامە مێژووییەکانە سەبارەت بە مێژووی جولەکە).

پەیوەندی نێوان توسی و لی ساگاری زیاتر لە 10 ساڵ و تەنانەت دوای ئەوەی کە ئەو دووبارە گەڕایەوە فەڕەنسا بەردەوام بوو. لەو نامانەدا کە ئۆلیڤار لە فەرەنساوە بۆ توسی دەنووسی تێیدا بە (ژنە بچکۆلەکەم) ناوی توسی هێناوە، توسی بە درێژایی ماوەی دەزگیرانییەکەی لەگەڵ ئۆلیڤار بە زۆری نەخۆش بوو. لەو ڕووەوە



کە ئەو بە زۆری لە ژێر فشاری دەروونیدا بوو روون و ئاشکرا بوو کە هۆکاری سەرەکی نەخۆشیەکەی ئەو دەروونی بوو، بە زۆری ئەو لە ئـازاری سك و ریخۆڵە بە تایبەت پاش خواردنی هەر جۆرە خواردنێك ئازاری زیاتر دەبوو(بە بـڕوای مارکس هۆکاری ئازارەکانی ئالنۆر نەخۆشیە خەیاڵیەکانی ژنانە بوو کە ئەو «هیستریك»ی پێدەوت.) مارکس لە کۆتاییدا لە رووبەڕووبوونەوەی هاوسەرگیری کچەکەی لە گەڵ «لی ساگاری» بـراوە بوو (بـەڵام بە نرخی تەندروستی کچەکەی). ئالنۆر لە هاوسەرگیری لەگەڵ خۆشەویستەکەی پاشگەز بـووەوە و لە بەرامبەر فەرمانەکانی باوکیدا سەری دانەواند، بەڵام ئەو تەسلیمبوونەی بە درێژایی تەمەنی ئەو زیانی بە تەندروستی گەیاند. کاتێك کە مارکس لە هاوینی ساڵی 1881 لە دوای بینینی کچە گەورەکەی جێنی شن لە فەرەنساوە گەڕایەوە لەندەن بینی کە ئالنۆر بە سەختی نەخۆش کەوتووە لە نامەیەکدا لە بەرواری 18ی ئابدا بۆ جێنی شن دەنووسێت:«توسی بە تـەواوی لاواز بووە و زۆردەهەڵگەڕاوە. ماوەیەکە خواردن ناخوات و هیچ خۆراکێك بە تەواوەتی بەکارناهێنێت. دۆخی دەروونی ئەو خراپە و لە باری دەروونییەوە تێکڕوخاوە. کەم خەوە و دەستەکانی دەلەرزێت. بە بێ ئیرادە سەرومڵی دەلەقێنێت.»

دژایەتی کردنی خانەوادەی مارکس لەگەڵ «لی ساگاری» تەنانەت پاش ڕۆشتنی ئـەو لە لـەنـدەنـەوە بـەرەو فەڕەنساش بەردەوام بوو. جگە لەوەش لە نێوان ئەو و لافارگ هاوسەری دووەمی کچی مارکس ناکۆکیی لە بواری ڕۆژنامەوانیدا پێکهاتبوو. لە کۆتاییدا لە ساڵی 1882 ئالنۆر بە دڵێکی شکاوەوە، وەکو سەرپازێکی دۆڕاو، بڕیاریدا لە بەرامبەر ئەو دژایەتییە هەمەلایەنەیەدا خۆی بە دەستەوە بدات، دەزگیرانییەکەی خۆی لەگەڵ ئۆلیڤار هەڵوەشاندەوە و رۆژی 15ی کانوونی دووەم لە نامەیەکدا کە سەبارەت بەو بڕیارە بۆ جێنی شنی نووسی داوای لە ئـەو و هاوسەرەکەی کرد کە سەرباری هەموو ئەو رووداوانەی کە هاتوونەتە ئاراوە لەگەڵ ئۆلیڤار وەکو هاوڕێیەك مامەڵە بکەن، « ئەو بەرامبەر بە من بە بەردەوامی باش و لەسەر خۆ و پڕ سۆز و موحیبەت بووە!»

جێنی شن ئـەو بـڕیارەی توسی بە هەنگاوێك بەرەو رێگای راست وەسفکرد، هـەر کـات بیری لە هاوسەرگیری خۆی لە گەڵ لێنگە دەکـردەوە، سەبارەت بە هاوسەرە فەرەنسیەکان دەیوت «باشترین پیاوانی فەرەنسی بۆ هاوسەرگیری کەسانی قۆڕ و بێکەڵکن»

ڕۆژی 24ی شوباتی ساڵی 1882 جێنی شن باوکی ئاگادر کردەوە لەوەی کە توسی دەزگیرانییەکەی خـۆی لەگەڵ ئۆلیڤار هەڵوەشاندوەتەوە، مارکس لە بەرامبەر ئەو ئاگادار کردنەوەیەدا لە رۆژی 16ی مارسدا لە وەڵامی کچەکەیدا رایگەیاند:«من زۆر خۆشحاڵم لەوەی کە توسی بەو پەڕی بوێرییەوە کۆتایی بەو کارەساتە هێناوە.»

بەڵام ئەو خۆشحاڵیەی مارکس زۆری نەخایاند. ئالنۆر بە زوویـی کێشەیەکی دیـکـەی بـۆ خـۆی نـایـەوە، ئـەم جـارە پەیوەندیەك بوو لەگەڵ پیاوێك بە ناوی «ئێدوارد ئاڤلینگ». پەیوەنییەك کە بە زوویـی بە کارەساتێکی گەورەتر کۆتایی پێهات!

ئێدوادر ئاڤلینگە سەرباری ئەوەی کە باوکی قەشەیەکی ئێرلەندی پرۆتستان بوو، خۆی دکتۆرێك بوو لە شوێنکەوتوانی داروین کە نکۆڵی لە بوونی خواوەند دەکردو ماتریالیست بوو. بە هۆی ئەوەی کە قسەکەرێکی لێهاتوو بوو لایەنگرانێکی زۆری هەبوو، یەکەمین چاوپێکەوتنی ئالنۆر لەگەڵ ئەو کەسە لە ساڵی 1873 لەو کاتەدا بوو ئەو 18 ساڵی بوو و ئاڤلینگ 24 ساڵن بوو. لەو کاتەدا بوو کە دکتۆر ئاڤلینگ لە هۆڵی قوتابخانەی منداڵە بێ سەرپەرشتەکان لە گەڕەکێکی لەندەن لە نزیك ماڵی مارکس سەبارەت بە هەڵبژاردنی سروشت وتاری پێشکەش دەکرد، دوای ئەو ئاشنایەتییە چەندین چاوپێکەوتنی دیکە لە نێوانیاندا هاتە ئاراوە کە پەیوەندیەکی نزیکی نێوان ئەوانی لێکەوتەوە.

ئالنۆر هەر لە منداڵیەوە حەزی لە ناوی ئێدوارد بوو و بۆ خاوەنانی ئەو ناوە لە ناخی خۆیدا چەندین پێگەی جیاوازی دیاریکردبوو، ئەو کەسانە لە ناو بازنەی وێناکردنی منداڵانەی ئەودا نوێنەری توانایی و بوێری بـوون! رێکەوت وابـوو لە کاتی وتارەکەی ناوبراودا دایك و باوکی ئالنۆر لە نێوان بەشداربووانی مەراسیمەکەدا بوون، دوای تەواوبوونی وتارەکە مارکس کە لەو سـەردەمـەدا کەسایەتییەکی بەناوبانگ بوو بە سەرێکی کەللە شێر ئاساوە چووە پێشەوە و پیرۆزبایی لە وتاربێژەکە کردا!

دواتر بە بۆنەی کۆچی دوایی مارکسەوە دکتۆر ئاڤلینگە کە لـەو سـەردەمـەدا سەرنووسەری گۆڤاری مانگانەی «پۆگرێس» بوو کە ئۆرگانی کۆمەڵەی سروشتییەکان بوو، داوای لە تووسی کرد بابەتێك سەبارەت بە باوکی بۆ گۆڤارەکەیان بنووسێت. ئەو هەنگاوە بـووە دەستپێکی دیـدار و چاوپێکەوتنەکانی دواتـری نێوان ئەوان. ئاڤلینگ کە پیاوێکی قسەخۆش و دڵڕفێن بوو لەو سەردەمەدا لە نێوان ئەو کەسانەی

که نکۆڵیان له بوونی خواوەند دەکرد و سروشتیان به سەرچاوەی هەرجۆرە بونەوەرێکی دنیایی دەزانی ناوبانگی هەبوو، جگە لەوەش شەیدای نووسینەکانی مارکس بوو)ئەو شەیدایەش بووە هۆی ئەوەی کە ئەو سەرەنجام بچێتە ناو جەرگەی سۆسیالیستەکانەوە)له ساڵی 1884دا له تەمەنی 29 ساڵیدا توسی سەرباری ئەوەی کە دەیزانی ئاڤلینگ پیاوێکی خێزاندارە لە ئێستادا لە هاوسەرەکەی جیابووەتەوە، تێکرای داب و نەریتەکانی ئەو سەردەمەی پێشێلکرد و بە مەبەستی ژیان کردن و مانەوە چووە ماڵەکەی ئەو.

له بەرواری 30ی حوزەیراندا ئەم نامەیەی بۆ «دۆلی میدلاند رادفۆرد»ی هاورێی نووسی:« من لەمە بەدواوە لەگەڵ ئاڤلینگ وەکو ژن و مێرد پێکەوە دەژین، هەڵبەت تۆ ئەوە دەزانی کە ئەو خێزاندارە، من ناتوانم ببمە هاوسەری یاسایی ئەو. بەڵام مانەوەی من له لای ئەو هاوسەرگیرییەکی راستەقینەیە. وەکو ئەوەی له نووسینگەی رەسمی حکومەتدا تۆمار کرابێت، ئەگەر عەشق و خۆشەویستی و هەماهەنگی له کار و چالاکییەکانی داهاتوودا مرۆڤ بەختەوەر دەکات، ئەوە چارەنووسی منە.»

دواتر توسی له نامەکەدا ئەوە شی دەکاتەوە: من لەوە تێدەگەم کە ئەو کەسانەی بە بیروباوەڕێکی کۆن و دەمارگرژانەوە لەم بارەیەوە دادوەری دەکەن من تاوانبار دەکەن. من ئامادەم ئەوەش قبوڵ بکەم. هێلین دیمۆت(لین شن) کە بۆ من و خوشکەکانم وەکو دایك بووە، ئەنگڵسی باشترین و کۆنترین هاورێی باوکم هەردووکیان ئەم کارەی من بە هەنگاوێکی ئاسایی و سروشتی لەقەڵەم دەدەن. ئەنگڵس ئیدواردی بردووەتە ناو جەرگەی سۆسیالیستەکانی خۆیەوە.»

له بەرواری 22ی تەموزی 1884 ئەنگڵس له نامەیەکدا بۆ لۆرا دەڵێت:« توسی و ئاڤلینگ بۆ سەفەری مانگی هەنگوینی رۆیشتوون، من ئیدواردم خۆش دەوێت و پێموایە ئەوە سودمەند تره کە له بری پیشەی هەمیشەیی کاری وتار پێشکەش کردن له ناو کۆڕو کۆمەڵەکاندا کار بکات و ئەوەش دەبێتە هۆی پەرەسەندنی پەیوەندی رۆژانەی لەگەڵ خەڵکدا.»

ئاڤلینگ بە مەبەستی پتەوکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ مارکسیستەکان، سەرباری ئەوەی ئەو زانیارییەکی ئەوتۆی لە سەر زانستی ئابوری نەبوو بە هاوکاری «ساموێل مۆر» بەشداری لە وەرگێڕانی کتێبی داس کاپیتاڵی کارل مارکسدا کرد، ئەنگڵس لەو بارەوە دەڵێت:«سەرباری ئەوەی ئاڤلینگ زمانی ئەڵمانی بە باشی نازانێت دەستی داوەتە وەرگێڕانی داس کاپیتاڵ بە زمانی ئینگلیزی.»

توسی و ئیدوارد ئاڤلینگ ساڵانێکی دوور و درێژ لە کاتێکدا لە بواری سیاسەتی کۆمەڵایەتیدا چالاکیان دەکرد وەکو ژن و مێردیش پێکەوە دەژیان. لەگەڵ ئەوەش ئاڤلینگ کاری شانۆگەریشی دەکرد، تەنانەت جاروبار له سەر سەکۆی شانۆ دەردەکەوت! هەروەها هەردووکیان بەشداری چالاکییەکانی فدراسیۆنی سۆسیال دیموکراتەکان و یەکێتییە کرێکارییەکانیان دەکرد. جگە لەوەش ئالنۆر ئەنجومەنێکی بۆ هاوکاریکردنی ژنانی جولەکە کە بە تەنهایی یان لەگەڵ هاوسەرەکانیان لە وڵاتانی دیکەوە روویان له بەریتانیا کردبوو له لەندەن دەژیان دروستکردبوو، بۆ ئەوەی کە خۆی بۆ ئەنجامدانی ئەو خزمەتگوزاریانە ئامادەتر بکات هەوڵی فێربوونی زمانی «یودیش»ی دەدا کە (تێکەڵەییەکە لەزمانی ئەڵمانی وعیبری کە جولەکەکانی ئەوروپای خۆرهەڵات بەکاری دەهێنن). سەباری ئەوەی ئاگاداربوو لەوەی کە باوکی چەندە نەفرەتی لە جولەکە بوو، زۆر حەزی لە مەسەلەی جولەکە و کێشەکانی پەیوەندیدار بەوان دەکرد ئەو تەنها ئەندامی خێزانەکەی کارل مارکس بوو کە وەها هەستێکی ئەرێنی بەرامبەر بەو نەژادە هەبوو.

ئالنۆر لەو بارەیەوە نامەیەکی بۆ «ماکس بیر» مێژوونووسی سۆسیالیستە جولەکەکان نووسی:«

**دژایەتی کردنی خانەوادەی مارکس لەگەڵ «لی ساگاری» تەنانەت پاش رۆشتنی ئەو لە لەندەنەوە بەرەو فەرەنساش بەردەوام بوو. جگە لەوەش لە نێوان ئەو و لافارگ هاوسەری دووەمی کچی مارکس ناکۆکیی لە بواری رۆژنامەوانیدا پێکهاتبوو**

خۆشترین ساتەکانی ژیانی من ئەو کاتانەیە کە لە گەڕەکەکانی خۆرهەڵاتی لەندەن لە ناو کرێکارە جولەکەکاندام.»

هەروەها ئالئۆر یەکێك لە رێکخەرانی سەرەکی مانگرتنەکەی کرێکارانی کۆمپانیای گازی لەندەن بوو. ئالئۆر بە بەردەوامی باوکی لە بەرامبەر چاوی دەروونی خۆیدا دەبینی، ئەو چەند ساڵ دوای مردنی مارکس لە بەرواری 14ی مارسی 1895 نامەیەکی بۆ لیب کنێخت نووسی:«ئەمڕۆ دوانزە ساڵ بە سەر کۆچی دوایی باوکمدا تێپەڕ دەبێت، من ئێستاش رۆژانە ئەو و دایکم و جێنی شن زیاتر لەو کاتەی کە لە ژیاندا مابوون خۆش دەوێت هەست بە نەبوونی ئەوان دەکەم.» لە راستیدا ئالئۆر تا ئەو شوێنەی کە دەیتوانی بە بەردەوامی هەوڵی بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی بیروباوەڕەکانی باوکی دەدا و هەوڵی دەدا پەیڕەوی رێبازەکەی مارکس بکات، ئەوانی دەکردە سەرمەشقی هەموو کارو چالاکییەکی خۆی. بە مەبەستی دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆی، وەکو باوکی لە مۆزەخانەی بەریتانیا دەستی بەکار کرد لە کاتێکدا لەوی دەستبەکار بیوو، دەستی بە توێژینەوەی جۆراوجۆریش کرد زۆربەی بەڵگەنامە و مسۆدەکانی وەرگێڕایەوە لەگەڵ ئەوەش نووسراوە جۆراوجۆر و پرشو بڵاوەکانی باوکی کۆکردەوە و کردی بە کتێب و هەندێکیان پاش کۆچی دوایی ئەو چاپکران.

لەو کتێبانەی کە دوای مردنی مارکس چاپکران یەکێکیان کتێبی «پرسی خۆرهەڵات»بوو. لەو کتێبەدا ئەو بابەت و نامیلکانەی کە مارکس بۆ رۆژنامەی «نیویۆرك دەیلی تریبوونی» ناردبوو کۆکرابوونەوە کە لە ساڵی 1896 چاپکرا. ئەوی دیکەش کتێبی «بەهای نرخ و سود» بوو کە لە ساڵی 1898 چاپکرا و سێهەمین کتێبیش بریتی بوو لە «بەڵگەنامەی نهێنی مێژووی سەدەی هەژدەهەم» کە ساڵی 1899 چاپکرا. یەکێك لەو کتێبانەی کە ئالئۆر بە ناوی باوکیەوە لە ساڵی 1896 چاپیکرد بریتی بوو لە : «ئەڵمانیا، شۆڕش و دژە شۆڕش». ئەو کتێبەش کۆمەڵە بابەتێك بوو لەو نامیلکەو بابەتانەی کە مارکس بۆ رۆژنامەی «نیویۆرك دەیلی تریبونی» ناردبوو. بەڵام بە داخەوە دواتر دەرکەوت کە نووسەری راستەقینەی ئەو بابەتانە ئەنگڵس بووە نەك مارکس!

ئالئۆر و ئاڤلینگ لە ئاپارتمانێکی بچووکدا لە گەڕەکێکی هەژارنشینی لەندەن دەژیان، تا ئەو کاتەی کە بە گوێرەی وەسیەتنامەکەی ئەنگڵس بڕی نۆ هەزار پاوەنی وەکو پشك بەرکەوت. توسی بەو پارەیە لە مانگی کانونی یەکەمی ساڵی 1895 خانوویەکی لە گەڕەکی جولەکەکان لە «سایدن هۆم» کڕی و ناوی نایە کولێنە(den) لەوەی کە لە خانووی خۆیدا دەژیا و ئیتر کرێی خانووی نەدەدا زۆر خۆشحاڵ بوو. لە بەرواری 10ی کانونی یەکەمی ساڵی 1895 نامەیەکی بۆ لۆرای خوشکی نووسی:«من جولەکە



ئاسا شانازی دەکەم بەوەی کە خاوەنی خانووییەکم لە گەڕەکی جولەکان.» (Voild): لە نهۆمی یەکەمدا ژوورێکی زۆر گەورە کە وەکو ژوورێکی کارکردنی ئبدوارد و شوێنی دانیشتنی رۆژانە بەکاری دەهێنین. ژوورێکی نانخواردن و چێشتخانەیەك کە دەرگاکەی دیکەی بەرەو باخچەیەکی بچووك دەکرێتەوە، کۆگا بۆ خەڵوز و ساردخانە بۆ دانانی شەراب و بەرهەمێکی سەر داپۆشراوی تا رادەیەك گەورە بۆ چوونە دەرەوە، نهۆمی دووەم کە دەتوانیت بە ئاسانی پێیدا سەرکەویت: ژوورێکی نووستنی دیکەیە بۆ ئێوەمانان ئەگەر بێن و ژووری خزمەتکار و حەمام و ژووری کارکردنی من، لە هەموو ژوورەکاندا کارەبامان هەیە بۆری غازیش راکێشراوە، ئیتر چیت دەوێت!

«بەڵام لە کاتێکدا کە دۆخی دارایی ئالنۆر بە شێوەیەکی بەرچاو رووی لە باشی کرد، پەیوەندی نێوان ئەو ئاڤلینگ رۆژبەڕۆژ خراپتر دەبوو، ئاڤلینگ دەستی بەخەرج کردنی داراییەکانی توسی بۆ خۆیی و ژنانی دیکە کرد، خەڵك وەکو پیاوێکی هەمیشە سەرخۆش ناویان دەهێنا! وەکو پیاوێکی سەرسەری و بێزراو! «جۆرج بێرنارد شۆ» (نووسەری بەناوبانگ) کە ئەوی دەناسی سەبارەت بەو وتی:»ئاڤلینگ لە بواری هەڵەخەرجییەوە تووشی هۆمیری(Homerie)بووە.»و«ڤیکتۆر ئادلیر» سیاسەتمەداری بەناوبانگی نەمسایی ئەوی بە پیاوێکی خراپ و بێزراو وەسف دەکردا!

ئاڤلینگ خیانەتی بە ئالنۆر دەکرد، نەك هەر داراییەکانی ئەوی تاڵان دەکرد، بەڵکو دەیدزی و خەرجی ژنانی دیکەی دەکرد، لە ساڵانی دواتردا هەر کاتێك توسی پارەی بەو نەدەدا، ئاڤلینگ هەڕەشەی ئاشکراکردنی باوکی راستەقینەوەی کوڕەکەی لین شئی لێدەکرد.! بەڵام سەرباری ئەوەش ئالنۆر تا دواساتەکانی ژیانی بەرامبەر بە ئاڤلینگ بە وەفاداری مایەوە و دەستی لێهەڵنەگرت و کاتێك ساڵی 1898 ئاڤلینگ بە سەختی نەخۆش کەوت بە هۆی دومەڵێك کە لە گورچیلەیدا بوو، ناچار بە نەشتەرگەری بوو توسی ئەوی بردە پێشکەوتووترین نەخۆشخانە و باشترین پزیشکی بۆ چارەسەرکردنی ئەو راسپارد پاش نەشتەرگەرییەکەش خۆی وەکو پەرستار شەوروژ بە دیارییەوە دەمایەوە! دەرەنجامی ئەو فێدرکاریانەش هەرەسهێنانی دارایی توسی لێکەوتەوە، لە بەرواری سێی کانوونی دووەمدا ئەو لە نامەیەکدا بۆ لیب کنێخت نووسی» زۆر جار تووشی تێڕامان دەبم لەوەی کە پشت بە چی ببەستم؟ هۆکاری داماوی من نەك هەر ئازاری دەرونی بەڵکو کێشەی داراییە، داهاتووی هەردووکی ئێمە بۆ ژیان لە لەندەن زۆر کەمە، لە بەرامبەردا خەرجیمان زۆر قورسە، پزیشك و دەرمانساز، کورسی بۆ گەڕانی نەخۆش لە دەرەوەی ماڵ، خەرجی ورد و دروشتی دیکە بۆ پاراستنی ناوماڵ، هەمووی ئەمانە بارێکی زۆر گرانیان دروست کرد.» توسی لە ساڵانی کۆتایی ژیاندا بە راستی تووشی رۆژ رەشی و داماوی ببوو و ناچار بە قەرزکردن لە «فردی دیموث» (کوڕی لین شن و زڕبرای خۆی» بوو، لە بەرواری 2ی ئەیلولی 1898دا نامەیەکی بۆ نووسی» ئەگەر دەتوانی ئەمشەو وەرە بۆ ئێرە، بەداخەوەم کە ناچارم ببمە هۆی بارگرانی و هیلاکی بۆتۆ، بەڵام چی بکەم تەنهام و رووبەرووی سەختییەکی زۆر بوومەتەوە، هەرەسهێنانی تەواوەتی، تا دوا فلسم لە دەست چووە. لە لێوای هەڵدێری ئابڕوچووندام لە ناو خەڵکدا!» بە تێپەڕبوونی کات هاوڕێیەتییەکی گەرم لە نێوان ئالنۆر و فردی( بەر لەوەی کە ئەو لە ناوی باوکی راستەقینەی ئاگادار ببێتەوە) دروست بوو، چونکە ئەو دڵنیا بوو لەوەی کە ئەنگڵس باوکی «فردییە» کە بە هۆی کەم تەرخەمی ئەنگڵسەوە (کە لە راستیدا ئەوی بە پیاوی خێر و دەست و دڵ کراوە دەزانی) بەرامبەر بە کوڕەکەی ببوە جێگەی سەرسوڕمان و بەداخەوە بوو. بە تایبەت سەبارەت بەو بابەتە لە بەرواری 13ی تشرینی یەکەمی 1888لە نامەیەکدا بۆ لۆرای نووسی:» بە درێژایی ژیانی بەرامبەر بەو پیاوە(فردی) ناهەقی کراوە! هەر جار کە دەیبینم بە هۆی ئەو ناڕەواییەی بەرامبەر بەو کراوە تووڕە دەبم و لە ناخی خۆمدا تووشی شەرمەزاری دەبم!» «فردی لە راستیدا پیاوێکی کرێکاری هەژار بوو کە لە ساڵی 1892 ژنەکەی تەواوی سامانەکەی لەگەڵ خۆی بردبوو و بەجێیهێشتبوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئالنۆر جار و بار بیری لەوە دەکردەوە کە لەوانەیە ئالنۆر کوڕی راستەقینەی ئەنگڵس نەبووبێت، بەڵام لەوبارەیەوە دڵنیا نەبوو تاکو ئەنگڵس رۆژێك بەر لە مردنی (کە بە هۆی شێرپەنجەی قوڕگەوە نەیدەتوانی قسە بکات) لە سەر پارچە کاغەزێك نوسی باوکی راستەقینەی فردی کارل مارکس بووە، نەك ئەو!

«لوییز فرای برگر خزمەتکاری ئەنگڵس کە لەو کاتەدا دانیشتبوو سەبارەت بە کاردانەوەی ئالنۆر سەبارەت بەو دەربڕینەی ئەنگڵس، لە نامەیەکدا لە بەرواری 2ی ئەیلولی 1898 کە بۆ ئاگۆست بیل سەرکردەی سۆسیالیستەکانی ئەڵمانیا لە

بەریتانیا نووسی:» ئاگۆستی خۆشەویست، ئەوەی کە »فردی« کوڕی مارکسە، من لە زاری خودی ژەنراڵم(کەسانی دەوروبەری ئەنگڵس ژەنراڵیان پێدەوت) بیستووە. توسی ئەوەندە پێداگری کردبوو ناچار بووم راستی ئەو پرسیارە لەو پیرە پیاوە بپرسم، ژەنـراڵ تووشی سەرسوڕمان بوو لەوەی کە توسی تا ئەو رادەیە لە گوماندا ماوەتەوە سەبارەت بەوەی کە ئایا ئەو باوکی فردییە یان نا! رێگای ئـەوەی بە منیدا ئەگەر پێویست بوو راستییەکە ئاشکرا بکەم، سەبارەت بەوەی کە فردی کوڕی کارل مارکس و هێلین دیمۆتە لەلایەن ژەنراڵەوە پشتڕاست کراوەتەوە. ئەو چەند رۆژێك بەر لە مردنەکەی ساموێل مۆری لەو بابەتە ئاگادار کردبووەوە، ئەو(مۆر) و »ئێۆر پینگتۆن« سەردانی توسیان کرد و بابەتەکەیان بۆ شیکردەوە، بەڵام توسی بە توندی لە گوماندا مایەوە و پێداگری کرد و وتەکەی ژەنراڵی بە ناڕاست وەسفکرد، بە تایبەت بەو هۆیەی کە ژەنـراڵ خۆی لە هەموو شوێنێك وتوویەتی باوکی فردییە. دواتـر مۆر چووە لای ژەنـراڵ و پێی راگەیاند کە توسی هەرگیز بڕوا بە راستی ئەو وتەیەی ئەو ناکات، لەو کاتەدا ژەنراڵ جارێکی دیکە ئەوەی کە وتبووی دووبارەی کردەوە لە سەر قسەکەی خۆی کە مارکس باوکی فردییە پێداگری کرد و سەبارەت بە گومانەکانی توسی وتی:» توسی دەیـەوێـت لـە بـاوکـی خـواوەنـد دروستبکات! رۆژی یەکشەممەی رابردوو، رۆژێك بەر لە مردنی، ژەنراڵ بە دەستی خۆی لە سەر تابلۆیەك نوسی کە مارکس باوکی فردییە. توسی تا رادەیەك تووشی حەپەسان و ئاڵۆسکان بوو کە دەستبەجێ ژوورەکەی بەجێهێشت. بەر لە رۆشتنی، سەرباری ئەوەی کە زۆر رقی لەمن بوو باوەشی پێمدا کرد و دەستی بە گریان کرد، ژەنراڵ داوای لە ئێمە(ساموێل مۆر، لۆدڤیك فرای برگر و من) کرد، تەنها کاتێك کە ئەو لەلایەن کەسانێکەوە بە ناپیاوەتی بەرامبەر بە فردی تۆمەتبار دەکرێت، مافی ئەوەیان هەیە بەرگری لێبکەن و راستیی ئەوە بڵێن کە باوکی راستەقینەی فردی مارکسە. ئەو وتی نایەوێت پاش مردنی بە خراپە باسی بکرێت. بە تایبەت وەها پرسێك سودی بۆ هیچ کەس نابێت. ئەو وتـی، قبوڵکردنی باوکایەتی فـردی لەو کاتەدا مارکسی لە زۆر گرفتی خێزانی و هاوسەرێتی پاراست.»

دواتـر لوییز لە نامەکەدا تەئکید دەکاتەوە کە بە وتەی ئەنگڵس هۆکاری ئـەوەی کـە مـارکـس ئـامـادە نـەبـووە کەسێك بزانێت ئەو باوکی فردییە چی بووە:»گەورەترین ترسی مارکس ئەوە بوو، جێنی کە ژنێکی زۆر حەسود بـوو لێی جیابێتەوە. ئەو فردی خۆش نەدەویست و زۆر دەترسا تووشی ئابڕوچوون بێت و ناوبانگی لە ناو خەڵکدا خراپ بێت.

بـە گشتی بـوێـری هەڵگرتنی هیچ هەنگاوێکی نەبوو کە ناوبانگی ئەو لە کۆمەڵگەدا بزڕێنێت، دەستبەجێ پاش لەدایکبوونی فردی ئەوی بۆ بەخێوکردن رەوانـەی لای ژنێك بە ناوی لوییز کرد، تا کاتێك هێلین زیندوو بوو، فردی ناوی ئەو ژنەی هەبوو تەنها پاش مردنی دایکی ناوی دیمۆتی هەڵگرت. ئەوەش لە کاتێکدایە فردی بە لووتێکی گـەورە و سیمایەکی رەشتاڵو و تووکی درێژ و رەش بە تەواوەتی لە کارل مارکس دەچـوو، تەنها کەسێکی کوێر ناتوانێت لەوە تێبگات کە ئەو هیچ لێکچوونێکی لەگەڵ ژەنراڵ نییە و تەنها دەتوانێت کوڕی مارکس بێت! من لە لای ژەنـراڵ نامەیەکم بینی کە مارکس ساڵی 1851 سەبارەت بە قبوڵکردنی باوکایەتی ئـەو کۆرپەیە بۆ ئـەوی نووسیبوو. لەو سەردەمەدا ژەنـراڵ هێشتا لە مانچستەر دەژیا و نەچووبووە لەندەن. گومانی ئەوەم هەیە کە ئەنگڵس ئەو نامەیەی لەگەڵ نامەکانی دیکە لەناو بردبێت. ئەو بابەتەی کە جێنی جارێك مارکسی بەجێهێشت و گەڕایەوە ئەڵمانیا، ئەوەی کە ماوەیەکی دوور و درێژ بوو کە ئەو ژن و مێردە لە یەکتری دووربوون ... بابەتگەلێکن کە توسی بە باشی دەیزانی و ئاگاداری بوو. بەڵام ئەو باوکی وەکو خواوەندێك دەپەرەستی و حەماسەی لەو دروستکردبوو!»

توسی هەرگیز لـەو راچڵەکین و تەکانەی کە تووشی ببوو پشتی راست نەکردەوە! شکستێکی گەورە تووشی ئەو وێنایە ببوو کە بەرامبەر بە باوکی لە ناخی خۆیدا دروستیکردبوو! ئەو لە ژیانی خۆیدا زۆر هەوڵیدابوو لۆمەی باوکی و ئافلینگ نەکات بە هۆی ئەو هەڵانەی کە تووشی ببوون. بە بـەردەوامـی دەیـوت داوەری کردن سەبارەت بە رەفتارەکانی ئەوان کاری ئەو نییە، لە یەکێك لە نامەکانی خۆیدا بۆ فردی لە بەرواری 5ی شوباتدا ئاماژەی بە کەسانێکدا کە لە رووی جەستەوە نەخۆشن و نووسی، مرۆڤ نابێت ئەو کەسانە بە تاوانبار بزانێت. بەڵکوو پێویستە هەوڵی چارەسەرکردنیان بـدات:» من لە ژیانی پڕ لە هەوراز و نشێو و جۆش و خرۆشی خۆمدا بەو ئەنجامە گەیشتووم و شتگەلێك دەزانـم کە تەنانەت ناتوانم بۆ تۆشی بنووسم!» کاتێك کە توسی لە هەموو لایەکەوە بە سەختی توشی گرفت ببوو، بڕیاریدا کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت و

ئیرەیی بە خوشکە گەورەکەی خۆی دەبرد، کە مـاوەی 15 سـاڵ بـوو کۆچی دوایـی کردبوو.

لەو بارەیەوە لە رۆژی 13ی شوباتدا بۆ فردی نووسی:« من لە زۆربەی کاتەکاندا وەکـو تـۆ بیر دەکـەمـەوە، بۆمن و تۆ هەرگیز هیچ رێگایەك بە دروستی نایەتە بەردەممان. هەڵبەت ئەوە راستە کە جێنی شن لە تەمەنی خۆیدا تووشی نەهامەتی و تەنگ و چەڵەمەی زۆر بووە، لۆراش یەك لە دوای یەك منداڵەکانی لە دەستدا، سەرباری ئەوەش جێنی شن بەختەوەر بوو بەوەی کە ئەم جیهانەی بەجێهێشت، هەڵبەت مردنی ئەو بۆ منداڵەکانی رووداوێکی دڵتەزێن بوو، بەڵام من مردنەکەی بە بەختەوەری دەزانم چونکە ئەوەی بەسەر مندا هاتووە بە سەر ئەودا نەهات!»

رۆژی 31ی مانگی ئازاری ساڵی 1898، دوو مانگ پاش یادی چل و سی ساڵەی لە دایکبوونی، دوایین گـورز بەر ژیانی ئەو کـەوت! لەو رۆژەدا ئەو نامەیەکی لە «ئـیـدوارد برنشتاین»ی هاورێیەوە پێگەیشت، کە یەکێك لە تیۆرسیۆنەکانی سۆسیالیستەکانی ئەڵمانیا بوو و تێیدا هاتبوو سەرباری ئەوەی کە ئاڤلینگ ژنێکی یاسایی دیکەی هەبووە، هێشتا بە رەسمی لێی جیا نەبووەتەوە بە نازناوەوە لەگەڵ خاتمی «ئێڤا فـرای» ئەکتەرێکی گەنج هاوسەرگیری کردووە! بۆ تووسی کە تا ئەو کات لە ژێر ناوی عەشقی ئازاد، پشتیوانی لە هاوسەرگیری نایاسایی دەکرد و شانازی بەوەوە دەکرد، کە خۆی بەو پەڕی بوێرییەوە وەها رێگایەکی هەڵبژاردووە، ئەو هەواڵە توندترین سوکایەتی بوو بە هەستی ژنانەی ئەو و ئایدیا ئازادیخوازانەکانی ئەوەی بە تەواوەتی تێکشکاند، پاش بە دەستهێنانی چەند حەبێکی «سیانید» لە سەر مێزەکە دانیشت و 2 نامەی نووسی یەکێك بۆ پارێزەرەکەی خۆی و ئـەوی دیکەش بۆ ئاڤلینگ(ناوی پارێزەرەکەی توسی، «ئارتۆر ویلسن کرووس» بوو)

لـە نـامـەکـەیـدا بـۆ ئاڤـلـیـنـگ نووسی:«ئازیزم: من ئیتر نایم و بە زوویی دوایین وشەیەك کە من لە بەرامبەر تۆدا دەیهێنمە سەر زمان هەر ئەوەیە کە من بە درێژایی ئەم چەند ساڵە بە بەردەوامی هەمبووە، عەشقـ ـە!»

دوایـن بیر و بـاوەڕی ئالئۆر لە دوا ساتەکانی ژیانیدا، سەبارەت بە باوکی بوو: بە «جۆن لۆنگا» خوشکە زا 21 ساڵانەکەی کە زۆری خۆشدەویست و بە سوگلی باپیری نووسی :«ئازیزم، «ئازیزتر لە گیانم»، دوایین وشەی منە بۆ تۆ: بە بەردەوامی هەوڵبدە شانازی ئەوەت هەبێت کە نەوەی کارل مارکسی» پوورت توسی.

توسی حەمامی کرد جلی سپی لەبەر کرد و حەبە سیانیدەکانی قوتدا!

رۆژی پێنجی نیسانی ساڵی 1898، لە «ویکینگ» لە بەردەم نوێنەرانی کرێکارانی نەمسایی، فەرەنسی، ئەڵمانی، روسی و پۆڵەندی تەرمەکەیان سوتاند. بەرێز «ویل ترن» سکرتێری یەکێتی کرێکارانی لەندەن، لـە کاتی ئەنجامدانی مەراسیمەکەدا بـاری جەستەیی تێکچوو بە جۆرێك کە نەیتوانی وتارەکەی کۆتایی پێبێنێت! چوار مانگ دواتـر، رۆژی دووی ئابی هەمان سـاڵ ئاڤلینگ کـە بـە سەختی تووشی هەوکردنی گورچیلە ببوو، لە کاتێکدا کە لەلایەن زۆربـەی دۆستان و ئاشنایان و ئەندامانی یەکێتی کرێکارانەوە بایکۆت کرابوو ... کۆچی دوایی کردا ئینجانەیەك کە خۆڵە مێشی تەرمی ئالئۆری تێدابوو لە نوسینگەی فدراسیۆنی سۆسیال دیموکراتدا دەپارێزرا، تاکو لە ساڵی 1920 ئەویان بۆ نووسینگەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی بەریتانیا گواستەوە، دواتـر ساڵی 1950 ئەو ئینجانەیان بۆ هایگیت شوێنێك کە ئەندامانی دیکەی خانەوادەکەی کارل مارکس، جگە لە لین شن (دایکی فردی) تێیدا بەخاك سپێردرابوون ئەسپەردە کرا. ئێستا لەو گۆڕستانەدا بەردێك دەبینرێت کە ئەم رستانەی لە سەر نووسراوە:

Jenny Von Westphalen

ژنە خۆشەویستەکەی کارل مارکس

لە دایکبووی دوانزەی شوباتی 1814

– رۆژی مردن 24ی کانوونی یەکەمی 1883

و Karl Marks

لەدایکبووی رۆژی 5ی مانگی ئایاری 1818 – مردن 14ی ئازاری 1883

وHarry Longuet

نەوەی ئەوان

لە دایکبووی 4ی تەموزی 1878 – مردن 20ی ئازاری 1882

و Helena demuth

لەدایکبووی یەکی کانوونی دووەمی 1923 – مردن 4ی کانونی دووەمی 1890

**سەرچاوە:**


**چاپ نخست**

**لس آنجلس (کالیفرنیا ، کشورهای متحده آمریکا)**

**زمستان 1375 – 1997 میلادي**

**ناشر: د. عبدالعلی مقبل**

**پخش: شرکت کتاب**


2015
ئاشنابوون بە
ئەرەستۆ
پڕۆژەی نوێی دەزگای ئایدیا
100 نامیلکەی فکری و فەلسەفی




کافکا شیعرو زیان.........................لە ئەلمانییەوە: یوسف مەنتیك - ئەلمانیا.......................237
چاوخشاندنێك بە زیان و.................لە فارسییەوە: لیزا عەبدولڕەحمان..................................247
دیوانی (( قەوارەی سەوز))ی..........لە فارسییەوە:  سەرهەنگ عەبدولرەحمان.......................255
ئیزابێل ئالێندە...............................لە فارسییەوە: ب. لیڤا...................................................261
فرانز کافکا....................................لە ئینگلیزییەوە:  شاسوار کەمال مەحمود.........................268

franz
# kafka

